# ڕێبازی سۆفیگەریی

## نەقشبەندی - خالیدی

## مەولانا خالید و تەریقەتی خالیدی

وەرگێـڕانـی لە ئینگلیزییەوە:

**محەمەد حەمەساڵح تۆفیق**

چاپی دووەم 2014

ناسنامەی کتێب: رێبازی سۆفیگەریی  نەقشبەندیی – خالیدی

بابەت: توێژینەوە

نووسەر: کۆمەڵێک توێژەر

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

چاپ: چاپخانەی کارۆ – سلێمانی

تیراژ: 1000 دانە

نۆبەتی چاپ : چاپی دووەم - *2014*

لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (483) ی ساڵی 2009ی پێدراوە

تێبینی: سەرجەمی ئەم بابەتانە بە ئینگلیزی لە"گۆڤاری مێژووی سۆفیزم،

ژمارە (5) ی ساڵی 2007" دا بلاّوکراونەتەوە.

***Journal of the History of Sufism, No. 5, 2007***

ئەو توێژەرانەی بەشدارن لەم کتێبەدا :

ـبوتروسئەبومەننە،مامۆستالەزانکۆیحەیفا

ـئیسحاقوایزمان،مامۆستالەزانکۆیحەیفا

ـتیریزارکۆن،لێکۆڵەرەوەلەمەڵبەندیلێکۆڵینەوەیزانستیلەفەرەنسا

ـحامیدئالگار،مامۆستالەزانکۆیکالیفۆرنیا / ئەمەریکا

ـمیشیلکەمپەر،مامۆستالەزانکۆیئەمستردام / هۆڵەندا

ـمارتنڤانبروینسن،مامۆستالەزانکۆیئوترێشت / هۆڵەندا

ـفلۆریانسۆبیرۆژ،مامۆستالەزانکۆیفەریدریکشیللەر / ئەڵمانیا

ـسامۆیلاپاگانی،مامۆستالەزانکۆیلێچیٚلەئیتالیا

ـئەرسەربوەلەر،لێکۆڵەرەوەلەویلایەتەیەکگرتووەکانیئەمەریکا

## پـــــــــــێـــــــــڕســــــــــت


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| وتەیەك | | 5 |
| دەرکەوتنی تەریقەتی خالیدی و بڵاوبوونەوەی لە جیهانی ئیسلامیدا | بوتروس ئەبو مەننە | 9 |
| بـــڵاوبـــوونـــەوەیتـــەریـــقـــەتـــی خـــالـــیـــدی بـــەرەو رۆژهـــەڵات | تێری زارکۆن | 17 |
| لە نێوان ئاوابوونیمەسەلە نەریتییەکان و بووژانەوەی کۆمەڵایەتیدا | تێری زارکۆن | 20 |

| | | |
|---|---|---|
| | | |
| چەند سەرنجێکی بیبلۆگرافی لە سەر تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی | حامید ئاڵگەر | 31 |
| تەریقەتی خالیدی و سەلەفییەت لە بەغدا، دوای شێخ خالید | بوتروس ئەبو مەننە | 46 |
| تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لە تالش(باکووری رۆژئاوای ئێران) | حامید ئاڵگەر | 90 |
| مەولانا خالید و شاه غولام عەلی | ئەرسەر بوهلەر | 153 |
| کاریگەریی تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لە ئاسیای ناوەڕاست لە سەدەی بیستەمدا بە ئەفغانستان و خینجیانگەوە | تێری زارکۆن | 186 |
| تەریقەتی خالیدی لە باکووری قەوقازو "موریدیزم: کێشە لە روانگەی رووداوەکانی مێژووەوە | میشێل کەمپەر | 213 |
| لە پاش رۆژگاری ئەبو قوبەیس: گۆڕانکاریی تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لە ئیندۆنیسیادا | مارتن ڤان برونەسن | 253 |
| نهێنیی کاری خودا: نامیلکەیەکی سۆفیگەری لە سەر پلە بە پلەی چەواشە کردنی خەڵکی گوناهکار (ئیستیدراج) | فلۆریان سۆبیرۆژ | 306 |
| دەستێکی شاراوە: هەماهەنگیی نێوان خالیدی و باوەڕدارە ئوسووڵییەکان لە حەڵەبدا | ئیسحاق وایزمان | 367 |
| نوێکردنەوە پێش ڕیفۆرمیزم: خوێندنەوەی عەبدولغەنی نابلوسی بۆ بیرو باوەڕی ئەحمەد سرهندیی لە سەر تەجدید | سامۆیلا پاگانی | 407 |


# وتـــەیـــەك

خوێنەری بەڕێز

هاوینی ساڵی 1998 بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك ڕێم کەوتە شام و سۆز و خولیایەکی دەروونی پەلکێشی کردم بۆ سەر مەزاری مەولانا خالیدی شارەزووریی نەقشبەندی و لای پەرژینی گردی گۆڕستانەکە پیاوێك بەرەو ڕووم هات و منیش بە عەرەبییەکی شێوە عێراقی پرسیاری ئەوەم لێکرد لە کوێوە هەڵکشێم بۆ سەر مەزارەکە، کەچی ئەو یەکڕاست بە کرمانجی لەگەڵ من دەستی پێکرد و وتی: "ئەز نەوەی شێرکۆی مامی سەلاحەدینم"، منیش لە

ئەستەوە ئەوەم بۆ هات کە بڵێم: "ئەزیش نەوەی ئەم مەولانا خالیدەم "، کە لەوێ بە شێخ خالید ناسراوە، بەو پێیەی هاونیشتمانمەو لە وڵاتە سەر بە دووکەڵەکەی هەردوکمانەوە پەڕیوەتە ئەم غەریبییەو ڕەنگە ئەگەر تاعوونی ساڵی 1827 نەیکوشتایە دەردی غەریبی زەفەری پێیبردایە و من هەزاران کوردی ئەمڕۆ و دوێنێش لەوەدا هاودەردی بووین.

گەلی برادەرینە

ئەز و سەدان کوردی تری ئەم وڵاتی کوردەوارییە کەوا چەردە خوێندەوارییەکمان هەیە لە ئاست زاتێکی وەك مەولانا خالیددا ڕەنگە هەر شتێکی گشتی لێ بزانین کەوا کەسێکی عەوداڵی تەریقەتی نەقشبەندیی بووە و لە وڵاتی شارەزوورو بابان و ئاشەکەی مەولاناوە وێڵی هندستان بووەو وێڵی دوای پەیامێك بووەو دواتر کە ئاشقانی پەیامی ئەم ڕوو لە ترۆقە بووە و کار وا کەوتووەتەوە ناکۆکیی کۆمەڵایتی و تا رادەیەکیش رەنگە ماکێکی سیاسەتی ئەو رۆژەی تێدا بووبێت، لە ناو میللەتەکەیدا پەرە بستێنێ، بەڵام ئەم پیاوە بە حیکمەت و دووربینیی خۆی ئاوی کردووە بە سەر ئاگری ناکۆکیداو رەنگە هەر لە پێناوی تێکنەچوونی ریزی قەومەکەیدا بووبێت کەوا سەری خۆی بۆ بەغداو پاشان بۆ شام هەڵگرتووە. لەوە بەولاوە ئیتر نازانین چۆن دنیابینی پەیامی ئەم پەرەیسەندووە و لە جوغزی بەرتەسکی شارێکی وەك ئەو دەمەی سلێمانی و وڵاتێکی وەك ئەو دەمەی کوردستان ترازاوە و ئاسۆی کار و چالاکیی نوێکردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندیی لە سەر دەستی خەلیفە و هەڵسووڕاوە کوردەکانی دوای خۆیدا سەرجەمی وڵاتی عوسمانیی سەدەی نۆزدەیەمی تەنیوەتەوە.

لێتان ناشارمەوە من لە شتە گشتییەکانی مەولانا خالید بەولاوە زانیارییەکی ئەوتۆم نەبوو تاوەکو چەند برادەرێکی ئامادەکار و هەڵسووڕاوی ئەم دیدارە کۆمەڵە بابەتێکیان بەرەوڕوو کردمەوە کە لە ژمارە ( 5)ی ساڵی 2007ی گۆڤاری مێژووی سۆفیزمدا بڵاوبووبۆوەو ئەم ژمارەیەی تەرخان بوو بۆ تەریقەتی نەقشبەندی و مەولانا خالید و یانزە نووسینی بەپێزی بە زمانی ئینگلیزی تێدابوو لەگەڵ شەش نووسینی تردا بە زمانی فەرەنسی (ئەڵبەتە گۆڤارەکە بەو دوو زمانە دەردەچێت).

بابەت و لێکۆڵینەوەکان لە لایەن پرۆفیسۆر و لێکۆڵیاران بوتروس ئەبومەننە، تێری زارکۆن، حامید ئالگەر، سامۆیلا پاگانی، ئەرسەر بوهلەر، میشێل کەمپەر، مارتن ڤان برونەسن، فلۆریان سۆبیرۆژ، ئیسحاق وایزمانەوە نووسرابوون و بەشە فەرەنسییەکەشی لە لایەن مامۆستایان هەڵکەوت حەکیم، ئەلیکساندەر پاپاس، ڕەمەزان موسڵو نووسرابوو.

پلان وابوو من بابەتە ئینگلیزییەکان و مامۆستا د. هەڵکەوت بابەتە فەرەنسییەکان بکەینە کوردی و بە کتێبێك چاپ بکرێت. بەڵام دواتر لە بەر هۆی تەکنیکی کرا بە دوو بەرگ، ئینگلیزییەکە و فەرەنسییەکە هەر یەکەیان بە بەرگێکی تایبەتی بەڵام بە هەمان ناو.

ڕاستێکەی من کە نووسینە ئینگلیزییەکانی ئەو لێکۆڵیارە بەڕێزانەم خوێندەوە بە دوو شت سەرسام بووم، یەکەمیان لەو وردەکارییەی ئەمانە کردوویانە و دووەمیش لە گەورەیی کۆششی مەولانا لە سەرخستن و پەرەپێدانی پەیامەکەیدا، ئەڵبەتە ئەگەر بە پێوەری زەمان و سەردەمی خۆی بڕوانینە مێژوو. تۆ کە ئەم بابەتانە دەخوێنیتەوە

هەست بە شكۆو شانازییەكی بێپایان دەكەیت كەوا كوردێكی ڕەشۆكی لە وڵاتێكی وەك ئەو دەمەی كوردەواری و لە "ئاشەكەی مەولانا" ی سەرچەمی تانجەرۆوە بە هەوڵ و كۆششی خۆی دوای زانست و قەناعەتی باوی زەمانی خۆی بكەوێت و بە پێودانگی ئەوچەرخ و رۆژگارە پەیامێك لە كۆڵ بنێت كە بۆنی تایبەتمەندییەكی كوردیی لێبێت و بتوانێت كاریگەرییەكی وا بەجێبێڵێت كە بۆ ماوەی چەندین دەیەی دوای خۆی بەردەوام بێت و تێكڕا ئیمپراتۆرێتی پان و بەرینی عوسمانی بتەنێتەوە.

كێ دەڵێ بە لێكۆڵینەوەی وردتر لە سەر كارو چالاكیی مەولانا و بارودۆخی ئەو سەردەمەو هەڵكردنی بای ناسیۆنالیستی و ڕزگاربوونی گەلان لە جەورو ستەم چەندین پەردەی ئەستوور لە سەر كاری ئەم پیاوە هەڵنادرێتەوە. كەسێك بەو ڕێبازو پەیامەو بەو كاریگەرییەوە كە دوای خۆی بەجێهێشت حەیفە بە سادەیی تەماشای بكرێت.

بەهیوام بەم كارە خزمەتێكم كردبێت و لە هەمان كاتیشدا پێش هەموو كەس هاندەرێك بێت بۆ خۆم و ئەوجا بۆ قەڵەم بەدەستانی هاوڕێم تا كاری زیاتر و وردتر بكەین بۆ مەولانا و مێژووە پرشنگدارەكەی.

لە گەڵ ڕێزم

محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

1

**بوتروس ئەبو مەننە**

# دەركەوتنی تەریقەتی خالیدی و

# بڵاوبوونەوەی لە جیهانی ئیسلامیدا

بە درێژایی سەدەی نۆزدەیەم دوو ڕێبازی ئاینی ئیسلام لە بەغدا بەرەنگاری یەکتر بووبوونەوەو ئەوانەش بریتیبوون لە بزووتنەوەی سەلەفی و ڕێبازی نەقشبەندیی خالیدی. لە کاتێکدا، کە سەلەفیەت تا دوایین دەیەکانی ئەو سەدەیە هەر لە بەغدادا مایەوە کەچی ڕێبازی خالیدی چالاکی و دینامیکیەتێکی گەورەی بەخۆوە بینی و لە سەرانسەری ئیمپراتۆریای عوسمانی و غەیری ئەویشدا بڵاوبووەوە. دەرکەوتنی بزووتنەوەی سەلەفیەتی نوێ لە بەغدادا لە دوادوایی سەدەی هەژدەیەمدا بوو، لە ژێر کاریگەریی راسپاردەو بۆچوونی وەهابیداو بە رابەریی شێخ عەلی ئەلسوەیدی بوو، کە زانایەکی بەناوبانگ و لە بنەماڵەیەکی خاوەن ڕێزی گەورەی زانایانی سوننە بوو لە بەغدا. ئەم ڕێبازە بەهۆی ئەوەی هیچ بەرهەڵستییەك نەدەكرا لە لایەن فەرمانڕەوا مەملووکەکانی ویلایەتەوە، گەلێ موریدی بۆخۆی پەیدا کرد لە نێو زانایان و خەڵکانی تری چینە باڵاکانی شاردا، وەك لە بابەتێکی تازە بڵاوکراوەدا باسم لێوە کردووە . بەڵام فرەی نەخایاند سەلەفییەت بەرەوڕووی بەرهەڵستیی ڕێبازی خالیدیو دواتریش سیاسەتێکی داپڵۆسێنەرانەی دەوڵەت بووەوە. بە هەر حاڵ، ئێمە لەم پێشەکییە کورتەدا سەرنج دەخەینە سەر مەولانا خالید و نەوەکانی دوای ئەو، کە ناویان هەڵگرتووەو بابەتی باسەکانی ئەم کتێبە پێکدەهێنن. مەولانا خالید خەڵکی شارەزووری کوردستانی عێراق لە دەلهی و لە سەر دەستی شاە غوڵام عەلیدا تەمەسسوکی بە تەریقەتی نەقشبەندیی موجەددیدییەوە کردووەو ئەمیش بە جێگر و خەلیفەی خۆی داناوە.

پاشان لە ساڵی 1811دا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، کە زێدی خۆی بووەو لە پێش سەفەرەکەیدا بۆ هندستان خوێندنی تێدا تەواو کردووە. سەرەتا بەو نیازەوە دەستی پێکرد، کە ئامۆژگاریی خۆی لە شارەکەدا بڵاو بکاتەوە، بەڵام دژایەتیکردنی لە لایەن شێخێکی قادریی خۆوڵاتییەوە ناچاری کرد لە شار دوور بکەوێتەوەو لە بەغدا بمێنێتەوە، ئەمەش بوو بە هەنگاوێك بە قازانج بۆی شکایەوە. لە بەغدا سۆفییە پایەبەرزەکانی، کە موفتیی حەنەفی ئەسعەد سەدرەدینی حەیدەری رابەرایەتیی دەکردن بە ئاشکرا روانییان کەوا بانگهێشت و ئامۆژگاریی نەقشبەندی ـ موجەددیدی کاریگەرن لە بەرەنگاربوونەوەی سەلەفییەکاندا. ئەوان لەم سۆنگەیەوە باوەشیان بۆ خالید کردەوەو ئەویش چالاکانەو دڵگەرمانە کەوتە کار. لە ساڵی 1815 دا توانییان قەناعەت بە سەعید پاشای حاکمی گشتیی ویلایەت بکەن (مەبەست لێرەدا والییە ـ وەرگێڕ) بۆ تازەکردنەوەی مەدرەسەیەکی چۆڵو ببەخشرێتە مەولانا خالید. ئەم مەدرەسەیە بوو بە یەکەم تەکیە خانەقاو تەریقەتی خالیدی تێیدا لەدایك بوو.

شێخ عەلی ئەلسوەیدی، لە هەوڵدانیدا بۆ پێشخستنی مەزهەبی سەلەفی باسێکی نووسی و تێیدا هانی گەڕانەوە دەدا بۆ سەرەتاکانی ئیسلام "بۆ پەیڕەوکردنی قورئان و سوننەت، چونکە دوو کۆڵەکەی ئیمانن کەوا پێغەمبەر فەرمانی پێکردووین پەیڕەوییان بکەین" . هەروەها دەبێ پەیڕەوی گفتارو کرداری پێغەمبەر بکرێت و هاوەڵانی وەك نموونە چاو لێ بکرێن. بێجگە لەوەش، ئەلسوەیدی بەرهەڵستیی "زیادەڕۆیی لە ئایندا" دەکرد،

چەشنی زیارەتی قەبرو پەرستنی چاکان و هەر دیاردەو دەرکەوتەیەکی ئاینیی میللی. ئەم کتێبەی سوەیدی پشتگوێ خرابوو تا ئەو کاتەی موریدێکی مەولانا خالید، بە ناوی محمد بن سلێمان کە هەندێ جار البغدادیشی پێدەوترێت، باسێکی نووسی، کە بەزۆری خالید خۆی ڕێنمایی نووسینی کردبوو . لەم باسەدا بۆچوون و ئامۆژگاریی بنەڕەتی شێخ و تەریقەتی خالیدیی نەقشبەندیی جێگیر کراوە.

ئیبن سلێمان لە پێشەکیی باسەکەیدا ڕوونی دەکاتەوە کەوا ئەوەی پاڵی پێوەناوە بۆ نووسینی ئەم باسە ئەوەیە کەوا هەندێ کەس نکووڵی لە پێویستبوون دەکات بە ڕێبازێکی سۆفیگەری و بە ئیدیعاکردنی ئەوەی گوایە"هیچ شتێك نامانگەیەنێتە خوا جگە لەو یاسا و ڕێسا ئاینیەی، کە دەڤاودەق لێی تێگەیشتووین و پەیڕەوی دەکەین" . بێجگە لەمە داوای ئەوەش دەکات، کە "بۆ تەئکید کردن لەمە ئەوانەی، کە دڵێکی خاوێن و بێگەردیان پێ نەبەخشراوە دەبێ بکەونە سەر ڕێگەی عیلمی باتینی  ئاین و داوای ڕابەریی ڕۆحی بکەن لە سەر دەستی شێخێکی پڕو کامڵدا" .

لە کاتێکدا کە وەك ڕاستییەکی بەڵگە نەویست پێ لە سەر ئەوە دادەگیرا کە دەبێ موسڵمانان دەڤاودەق شوێنکەوتەی ئامۆژگاریی قورئان و سوننەت بن، بەڵام سۆفییەکان دەیانوت هەر ئەوە بەس نیە و هەموو کەسێك پێویستی بە ڕابەرێتیی ڕۆحیی شێخێکی سۆفی هەیە. باسەکە جەخت لەوە دەکات کەوا ڕێبازی نەقشبەندییە موجەددیدەکان پڕاوپڕ لە گەڵ فەرمانی شەریعەت و ئەسحابەکاندا یەك دەگرێتەوە. هەروەها ئیبن سلێمان دەنووسێت "ئەوانەی ئاگاداری نەریت و هەڵسوکەوتی پێغەمبەرن دەیسەلمێنن، کە پێغەمبەر ئەو ڕێبازەی هەڵیبژاردبوو، لێرەدا مەبەستی نەقشبەندییە...و خەڵکی خۆی هان دەدا بێنە سەری‌و هەر ئەمەشە، کە ئەسحابەکان پەیڕەوییان کردووە..." . بۆ سەلماندنی تەواوی ئەم خاڵە فەرموودەیەکی شێخ موراد ئەلبوخاری دێنێتەوە، کە دەڵێ "ڕێبازی نەقشبەندی ڕێبازی ئەسحابەو شوێنکەوتووانەو... پێکهاتووە لە خۆگەیاندنێکی بەردەوام بە خوداوەند، بە شێوەیەکی باتینی و زاهیری و لە هەمان کاتیشدا پەیڕەوکاری تەواوی سوننەتەو جێبەجێکاری پڕاوپڕی شەریعەتەو دوو بنەمای مەحکەمی هەیە، کە لە ملکەچیی تەواو بۆ پێغەمبەرو دڵسۆزی بۆ شێخی تەریقەت خۆی وێنا دەکات.

مەولانا خالید مەبەستی ئەوەیە کەوا جیاوازیی کەم هەیە لە نێوان ئامۆژگاریی ئەم و سەلەفییەکاندا سەبارەت بە پەیڕەوکردنی پێغەمبەرو ڕەفتاری نموونەیی ئەسحابەکان و جێبەجێکردنی یاساو فەرمانەکانی شەریعەت. ئەو تەنانەت جارێکیان ئەوەشی نووسی بوو، کە لە ڕاستیدا مەزهەبەکەی ئەم هەمان مەزهەبی سەلەفەو ڕێبازەکەشی هەمان ئەوەی ئەسحابەکان و شوێنکەوتووە دڵسۆزەکانیانە . مەولانا خالید باوەڕی وابوو، کە پەیامەکەی ئەم لە ئامۆژگاریی سەلەفی باڵاترە چونکە لە هەردوك سۆفیزم و زانین (مەعریفە) پێکدێت. ئیبن سلێمان دەنووسێت، پێویستە موسڵمان لە پاش فێربوونی عیلمی زاهیر، عیلمی باتینیش بەدەست بێنێت لە سەر دەستی شێخێکی سۆفیدا . ڕابەریی ڕۆحیی پێویست بوو چونکە دڵ و دەروونی خەڵکی پاك دەکاتەوە.

ئەم ئامۆژگارییە بە گرێدان لە گەڵ پێداگریی بڵاوکردنەوەیاندا لە هەموو شوێنێکی دنیا وای لە مەولانا خالید کرد بەربەستێك بخاتە رێی بەرفراوانبوونی سەلەفییەت لە بەغداو کەمەنکێش کردنێکی گەلێك لە شوێنکەوتووان، بە تایبەتی لە نەوەی نوێ، لەهەردوك بەغداو ناوچە کوردییەکاندا. لە راستیدا ئەرك و پەیامەکەی سەرکەوتنێکی گشتگیری سەلماند. شێخ لە ساڵی 1822 عێراقی بە تەواوەتی جێهێشت و لە دیمەشق نیشتەجێ بوو . گۆڕینی چالاکی لە بەغداوە بۆ دیمەشق بەڵگەی وەرچەرخان بوو لە ئەرك و پەیامەکەیدا. دیمەشق لە سەر رێگای حەج بوو و لە بەغدا نزیکتر بوو بۆ ئەستەمبووڵ و مەککەو لە دیمەشقەوە دەیتوانی بە شێوەیەکی باشتر سەرپەرشتیی بڵاوبوونەوەی تەریقەتی خالیدی بکات. ئەمە شوێنگۆڕکێیەکی زیرەکانە بوو لە لایەن مەولانا خالیدەوە و بەمە تەریقەتی خالیدی لە گرووپێکی ناوچەیی عێراقەوە گۆڕییە بزووتنەوەیەك بۆ سەرانسەری وڵاتی عوسمانی.

ساڵی 1819، ئەو دەمەی، کە مەولانا خالید هێشتا لە سلێمانی بوو پەیکێکی نارد بۆ ئەستەمبووڵ. بەڵام ئەوە یەکەم جار نەبوو، کە نەقشبەندییەکی ـ موجەددیدی بچێتە پایتەختی وڵاتی عوسمانی، چونکە لە دوادوایی دەیەکانی سەدەی حەڤدەیەمدا شێخ موراد ئەلبوخاریی بۆی چووبوو. لە سەدەی هەژدەیەمدا شێخ ئەحمەدی جوریانی، ناسراو بە یەکدەست وەك موریدێکی موجەددیدی لە مەککەوە هاتبووە ئەوێ. دۆخی خالیدیی جیاواز بوو لەوەی موجەددیدییەکان. لە دیمەشق و دوور لە فەرمانڕەوا ناوخۆییەکان، وەك ئەوانی بەغداو سلێمانی، ئەرك و پەیامەکەی خالید مۆرکێکی چالاك و جیاکاری بەخۆوە بینی چونکە لەو دوو شوێنەی باسکران بە ئاشکرا نەیدەتوانی هەڵسووڕێت و ئیرشادکردنی شێخ و بنەماکانی کارکردنی تەریقەتی نەقشبەندیی خالیدی سنووردار کرابوو و هەمیشە لە گەڵ سەلەفییەتدا لە ناکۆکی و ململانێدا بوو.

بەهەرحاڵ، ئەو لە دیمەشقداسەربەستییەکی زیاتری بوو بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ بابەتە کۆمەڵایەتی ـ سیاسییەکاندا. بەمجۆرە، لە نامەو نامەکارییەکانیدا لە گەڵ جێگرو خەلیفەکانیدا، بیدعەو لادان لە ئیسلام مەحکووم دەکات و ناموسڵمانیش نەعلەتشۆ دەکات. سەبارەت بە دەوڵەتی عوسمانیش وەك دوا قەڵای ئیسلام ئەو داوای لە شوێنکەوتووانی دەکرد "کە شەو و رۆژ دەستیان بە دۆعاوە بێت و لە خودا بپارێنەوە دەوڵەتی عوسمانی بپارێزێت و سەری بخات بە سەر دوژمنانی ئایندا". بێجگە لەوەش دۆعایان بۆ پشتگیریی سوڵتان دەکرد، وەك پارێزەری ئیسلام، کە ئەمەیان بە زۆری لە نامە نووسراوەکانیدا دووبارە دەبۆوەو هەندێ جاریش بەم دۆعایە کۆتایی پێدەهێنا "خوایە سوڵتان پایەدار بکەیت بۆ بەرزراگرتنی ئاڵای شەریعەتی پێغەمبەر".

کارێکی گران نەبوو بۆ تەریقەتی خالیدی کەوا کاربکاتە سەر چینە باڵا دەستەکانی ئەستەمبووڵ و مورید لە نێو ریزی دەستەبژێری فەرمانڕەوادا پەیدا بکات. کاریگەری لەم چەشنە رۆڵی لە زۆربەی ئەو بڕیارە سیاسییانەدا دەگێڕا، کە لە لایەن بابی عالییەوە دەردەچوون، چەشنی تێکشکاندن و لەناوبردنی یەنگیچەرییەکان (ئینکیشاری) و هەڵوەشاندنەوەی رێبازی بەکتاشی، لە ساڵی 1826دا، چونکە بە لەڕێلادەرو هۆکاری لاوازبوونی کۆمەڵی موسڵمانان و دەوڵەت تۆمەتبار دەکران.

**بەهەرحاڵ، ساڵێك لە پاش ئەم ڕووداوانە مەولانا خالید لە دیمەشق بە نەخۆشیی تاعوون کۆچی دوایی کردو زۆرێك لە ئەندامانی خێزانەکەی و گەلێکیش لە خەلیفە ڕابەرەکانی، کە لە عێراقەوە یاوەرییان کردبوو بەم دەردە تیاچوون و ئەم مەرگی ناوادەیەی زیانێکی گەورەی بە تەریقەتی خالیدی ڕاگەیاند. ئەو، کە کۆچی دوایی کرد تەمەنی پەنجاو یەك ساڵ بوو و هێشتا لە سەرەتادا بوو، تەریقەتی خالیدیش تازە تەمەنی پانزە ساڵی تێپەڕاندبوو. بەڵام خالید خۆی ڕێکخەرێکی بە تواناو ڕابەرێکی سۆفیی جیاواز بوو. ئەو توانی لە ناو کورددا گەلێ کەسی نەوەی نوێ ڕابکێشێت بۆ ڕێبازەکەی، کە وەك خۆی لەو مەدرەسانەدا، کە میرە کوردەکان دروستیان کردبوو، خوێندبوویان. بەم ڕەنگەو لە ماوەی شانزە ساڵی چالاکیی لە تەریقەتەکەیدا توانی ژمارەیەکی زۆر مورید بۆ ڕێبازەکەی کێش  بکات و لانی کەم حەفتا خەلیفە پێبگەیەنێت، کە زۆربەی زۆریان کوردبوون و ناردنی بۆ شارو شارۆچکە جۆراوجۆرەکانی وڵاتی عوسمانی و شوێنانی تر. ئەوانە دڵسۆزانە پەیامەکەیان جێبەجێ دەکرد، بەڕادەیەك، کە لە میانەی یەك پشت (جیل، نەوە) لە دوای مەرگی، تەریقەتی خالیدی زۆر بە بەرفراوانی بڵاو بووەوە، بە تایبەتی لە شارەکانی ئەنەدۆڵدا و لە نێو عەشیرەتە کوردەکاندا. دواجار بانگهێشتی بە تەواوی پەیڕەو کردنی شەریعەت و بە توندی پاڵپشتیکردنی ڕاستەڕێی ئیسلامی مۆرکی خۆی بە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئاسیاوە بەجێهێشت لە سەدەی نۆزدەیەمدا. لە ئەستەمبووڵ، سوڵتان مەحمودی دووەم، کە دەرکەوتن و تەشەنەکردنی تەریقەتی خالیدی پێخۆش نەبوو، لە ساڵی 1828دا خەلیفەکانی خالیدی دەرکردو ژمارەیەك لە ڕابەرەکانی تەریقەتەکەی دوورخستەوە. بەڵام فرەی نەخایاند و سەرەڕای ئەم کۆسپ و ڕێگرییەش کەچی خالیدییەکان چالاکییان لەو شارە دەست پێکردەوەو لای گەلێك لە ئەندامانی چینی باڵادەست بە پەسەندیی مایەوەو بەم پێیەش کاریگەریی بەرچاوی بەجێهێشت لە سەر کارو کردەوە ڕیفۆرمخوازەکان لە ماوەی یەکەم قۆناخی تەنزیماتدا.**

**مەولانا خالید کاتێ، کە لە دیمەشق بوو لە ساڵی 1826دا حەجی مەککەی کردو ئەو هەلەی قۆستەوە بۆ ڕێکخستنی چالاکیی تەریقەتەکەی لەوێ. تەریقەتی خالیدی توانی لە مەککەوە تا جاوا لە ئیندونیسیا ـ و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بڵاو بێتەوەو لەوێش لە تەریقەتەکانی تر پەسەندتر بێت و موریدێکی زۆر بۆ خۆی پەیدا بکات.**

تێری زەرکۆن

# بـــڵاوبـــوونـــەوەی
# تـــەریـــقـــەتـــی خـالـیـــدی بـــەرەو ڕۆژهـــەڵات

مێژووی تەریقەتی خالیدی لە پاش مەرگی مەولانا خالید مۆرکی دوو ڕووداوی لەخۆی گرتووە. یەکەم بڵاوبوونەوەیەکی خێرا بە شێوەیەکی سەرەکی بەرەو وڵاتە ئیسلامییەکانی ئاسیا. دووەم ڕووداو ئەوەیە، کە لە میانەی سەدەی بیستەمدا ستەمکردنێکی سیاسی و ئاینی لە لایەن ڕژێمە مۆدێرنیست و وەهابییەکانەوە کاریگەرییەکی درێژخایەنی بە سەر خالیدییەکانەوە بەجێهێشتووە.

بە هەر حاڵ لەسەدەی نۆزدەیەمدا تەریقەتەکە لە زێدو نیشتمانی کوردی خالیدیدا بەهێزتر بوو، لەوێشەوە بە وڵاتە دراوسێکاندا بڵاوبووەوە، بە تایبەتی لە ئەنەدۆڵدا، پێش ئەوەی بگاتە ئەستەمبوولۆ بەشەکانی تری ئیمپراتۆریای عوسمانی بەرفراوانبوونی خەتەکە بەردەوام بوو لە ماوەی هەمان سەدەداو تا تەتارستان و ئیندۆنیسیا ڕۆیشت و ڕێبازی خالیدی جێگەی موجەددیدی و تەنانەت هەندێ لق و پۆی تریشی گرتەوە لە گەڵ وڵاتدا. تەریقەتی خالیدی لە کوردستانەوە گەیشتە ناوچەی تالش لە باکووری ئێران و هەروەها وڵاتانی قەوقازیش. شارە پیرۆزەکانی حیجاز مەککە و مەدینە، کە تەکیەکانی ڕێبازی خالیدیی تێدا دروستبوو ڕۆڵی سەرەکییان بینی لە نێو حاجیەکانداو، کە دەڕۆیشتنەوە لە وڵاتەکانی خۆیاندا بانگەشەیان بۆ دەکرد، بە تایبەتی لە وڵاتی قەوقازدا وەك داغستان و چیچان لە ساڵانی 1820کانداو لەوێشەوە دواتر گەیشتە ئازەربایجان پاشانیش کۆمەڵە دوورگەکانی ئیندۆنیسیا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا شێخە کوردە خالیدییەکانی لە حیجاز جێگیر بووبوون بە شێوەیەکی سەرەکی بانگەشەکاری تەریقەتەکە بوون و تەکیەی جەبەل ئەبو قوبەیسی تەریقەتەکە لە مەککە، کە خەلیفەیەکی مەولانا خالید دایمەزراندبوو تەمەسسوکی بە گەڵ لە موریدانی ئیندۆنیسیا کرد. تەریقەتی خالیدی لە داغستان، کە لە لایەن ڕووسەکانەوە موریدیزمی پێدەوترا، ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا لە ماوەی جەنگی پیرۆزدا لەژێر سەرکردایەتیی سێ ئیمامدا 1828 ـ 1859و لەو سیانە دوانیان سەر بەم تەریقەتە بوون غازی محەممەد، کە ساڵی 1832 کۆچی دوایی کردووەو شامیلی بەناوبانگ، کە لە ساڵی 1871دا کۆچی دوایی کردووە . هەرچەندە ڕێبازی خالیدی ڕۆڵی وردی لەم جەنگە پیرۆزەدا گێڕاوە بەڵام تاوتوێی زیاتری گەرەکە. لە گەڵ ئەوەشدا، کە ڕێبازی خالیدی چووەتە هەندێ ناوچەی جیهانی عەرەبەوە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی بەرەو ڕۆژهەڵات بڵاوبووەوە و تا ئێستاش لەو ناوە لەنێو خەڵکدا برەوی هەیە.

تەریقەتی خالیدی، بە بڵاوبوونەوەی لە ئەستەمبووڵدا لە یەکەم دەیەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا لە لایەن مورید و شوێنکەوتووانی مەولانا خالیدەوە، وردە وردە هەموو تەکیەو خانەقاکانی تەریقەتی موجەددینی پێشووی لەخۆگرت، کە لە دوا دوایی سەدەی حەڤدەیەمەوە لە پایتەختی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا دامەزرابوون و تەنانەت هەندێ تەکیەو خانەقای نەقشبەندیش، کە لە سەدەی شانزەیەمەوە دامەزرابوون. بایەخدارترین تەکیەی خالیدیی، کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا دامەزراو کاریگەریی هەبوو لە سەر ژیانی فەرهەنگی و سیاسی لە ئیمپراتۆریادا، تەکیەی گویمیوشهانێڤی بوو *Gumushanevi* 1859، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەحمەد زیائەدین گویمیوشهانێڤ ساڵی 1894 کۆچی دوایی کردووە. ئەم پیاوە ژمارەیەکی زۆر خەلیفەی هەبوو، کە دەیناردن بۆ چەندین شوێنی ئیمپراتۆریا بۆ بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکە. بێجگە لەمەش، بەرپرسیارێتیی تەریقەتەکەی لە میسرو ناوچەکانی ئورالْ ـ ڤۆلْگا لەئەستۆ گرتبوو، کە بە تواناترین و زیرەکترین زانای بۆ نارد بەناوی زەینەڵلا رەسوولۆڤی ترۆتسك ساڵی 1917 کۆچی دوایی کردووە. دواتر شێخە خالیدییەکانی ئەم ناوچەیە بەناوی "گویمیوشهانێڤی ئیشانلەر *Gumushanevi Ishanler*" دەناسران. ژمارەیەکی بەرچاوی نووسین لە سەر تەریقەتی خالیدی، کە لە قازان چاپکراون ناوچەی ئورالْ ــ ڤۆلْگای کردووەتە سەنتەرێکی بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی تەریقەتی خالیدی، شـــان بە شـــــــانی تـــورکیاو ئیندۆنیسیا. موریدەکان لای رەسوولۆڤ تەریقەتەکەیان تا بانی کازاخ و سیبریاو شارەکانی سنووری چین برد. یەکێکیان ساڵی 1905 مەدرەسەیەکی لە ئەستراخان کردەوە.

## لە نێوان ئاوابوونی

## مەسەلە نەریتییەکان و بووژانەوەی کۆمەڵایەتیدا

لە یەکەم دەیەکانی سەدەی بیستەمدا تەریقەتی خالیدی تووشی ململانێ و بەرەنگاربوونەوەیەکی دراماتیکی بووەوە لە گەڵ رژێمە مۆدێرنیست و ئیلحادییەکاندا بوو بە هۆی لاوازبوونی لە تورکیای کۆماریدا، کە لە ساڵی 1925دا هەموو تەریقەتە سۆفییەکانی تێدا قەدەغە کرا. هەمان شت دوای ساڵی 1917 لە قەوقازی سۆڤێتدا روویدا و بەشێوەیەکی کردەیش لە تەتارستاندا شوێنەواری نەما. بە هەمان شێوە تەریقەتی خالیدی ساڵی 1924 دوای گرتنی مەککەوە لە لایەن ئیبن سعوودەوە بە دەست وەهابیەکانەوە گرفتار بوو، کە دەسەڵاتیان گرتە دەست و ئەوانیش تەواوی تەریقەتە سۆفییەکانیان قەدەغە کرد و تەکیەکەی جەبەل ئەبوقوبەیسیان رووخاند و هەموو شێخەکانی تەریقەتی خالیدی ناچارکران لە حیجاز هەڵبێن.

بە هەر حاڵ، لە پاش ساڵی 1925 تەریقەتی خالیدیی تورکیا فێری ئەوە بوو، کە بە نهێنی پارێزگاری لە نەریت و رێوڕەسمی خۆی بکات و کەوتە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی بەجێمابوو لە هەڵوەشاندنەوەی مەدرەسەکان و پەرش و بڵاوبوونەوەی زاناکان و دەسکەوتنی کتێبە ئاینیەکان. وەچەیەکی یەکەمی شێخە ناودارەکانی وەك محەمەد عیزەت 1930 مردووە، عەبدولحەکیم ئەرڤاسی 1943 مردووە، عەبدولحەی 1957 مردووە، ئەحسکەلی عەلی حەیدەر 1960 مردووە، کە هەموو لە کۆتایی سەردەمی عوسمانیدا خوێندوویانە، بەردەوام بوون لە گواستنەوەی تەریقەتی خالیدی. هەندێك لەوانە وازیان لە رێوڕەسمە تایبەتەکان هێنا بۆ نموونە سازدانی کۆڕی زیکر لە پێناوی فێرکردنی شێوازی رەسەن و بنەڕەتی ئیسلام. ئەحسکەلی عەلی حەیدەر یەکێك بوو لەو زۆر پایە بەرزانەی خالیدی لە تورکیای نوێداو ئوستادی رۆحیی چەندین شێخی هاوچەرخ بوو. دواتر وەچەیەکی نوێی شێخەکان تەریقەتی خالیدییان بەهێز کردووە پاش ئەوەی دابەش بووبوو بە سەر گەلێ لق و پۆدا، کە هەندێکیان بوون بە رێکخراوی ئاینیی بەهێزو بەتوانا و بووژاندنەوەی ئاینی، سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی ئیسلامیان لەخۆگرت. ئەمانی شێخانی وەك زاهید کۆکتو 1979 مردووە، عیززەت جۆشان 2000 مردووە، مەحمود ئوستا عوسمان ئۆغلۆ، لەخۆگرتووە. هەرچەندە رێ و رەسمی ئاینی و چالاکیی تەریقەتی خالیدی بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردبوو، بەڵام لە ساڵی 1950وە وردە وردە لە تورکیادا بووژایەوەو لە قەوقازیشدا پاش ساڵی 1990و دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤییێت. لە تورکیادا تەریقەتی خالیدی نەك تەنها بوو بە یەکێك لە ئەکتەرە سەرەکییەکان لە بووژانەوی ئیسلامدا، بەڵکو ئەو چوارچێوەیەشی رەخساند بۆ سەرهەڵدانی رێکخراوە ئاینیە نوێیەکان کەوا کەم تا زۆریان میراتی نەریتی تەریقەتی خالیدین وەك بزووتنەوەکانی سولێمانجی و ئیشکچی و ئەزمەندی، یان لادانە لەو تەریقەتە وەك بزووتنەوەکانی نورجو، فەتحوڵڵاهجی. خاسییەتێکی تایبەتی تەریقەتی خالیدی، کە لە رێبازەکانی تری سۆفیگەری جیای دەکاتەوە پەرۆشییەتی بۆ چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسەت. تەریقەتی خالیدی سەرکەوتوو بوو، بە تایبەتی لە تورکیادا بۆ نموونە لە پارتی

برایەتیی نیشتمانیدا 1971 ـ 1970 و لە ئیندۆنیسیادا بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە گەڵ حیزبە سیاسییەکانداو بۆ دامەزراندنی حیزبی سیاسی خۆیان.

بوارێکی تری جیاکەرەوەی خالیدییە دروستکردنی "گوندەکانی نەقشبەندی، کە بە شێوەیەکی گشتی لە دەوری تەکیە / مەدرەسەیەکدا چڕ دەبنەوەو دەخرێنە ژێر سەرپەرشتیی بەڕێوەبردن و ئیرشادی رۆحیی شێخەکانەوە. لە ئیندۆنیسیاو بابوسسەلام گوندێك لەو جۆرە هەیە لە ساڵی 1883 وە دروست کراوەو تا ئێستاش هەر ماوە. لە تورکیا گوندێك لە پشتی یالۆڤاوەیە، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دروست کراوە لە لایەن ئاوارە خالیدییەکانی داغستانەوەو لە جەنگی سەربەخۆییدا لە لایەن سوپای یۆنانەوە رووخێنرا . لە هەردوو حاڵەتدا تەریقەتی خالیدی جێبەجێکردنی یەك لە یانزە بنەمای نهێنی رێبازەکە ئەنجام دەدا، کە "خۆ دابڕانە لە کۆمەڵ" خەلوەت دەر ئەنجومەن، کە بەشداریکردنە لە بەهارمۆنییکردنی پێداویستیی رۆحی و تێڕامان و سیاسەت. تەریقەتی خالیدیی شام لقێکی کوردیی هەیە، کە لە لایەن ئەحمەد کوفتارۆ 1915 ـ 2004 لە دیمەشق دامەزراوەو هەزاران ئەندامی هەیەو کەرتێکی زۆر چالاکی ئافرەتانیشی هەیە. ئەمان بەرهەڵستیی وەهابی دەکەن و دەچنە دیالۆگ و مشتومڕی ئاینیەوە لە گەڵ مەسیحی و جوولەکەدا. زۆرێك رەخنە لە پەیوەندی نزیکی دەگرێت لە گەڵ سەنتەری دەسەڵاتی سووریدا . لقی سەرەکی تەریقەتی خالیدیی کوردی بە شێخەکانی سیراجەدینی هەورامان پێناسە دەکرێت، لە بەشی باشووری کوردستانی عێراق، کە لە ساڵانی 1830کانەوە لە کوردستانی عێراق و تورکیادا کاریگەر بوون تاساڵی 1997، کە عوسمان سیراجەدین لە ئەستەمبووڵ کۆچی دوایی کرد. لە بەر ئەوەی دوای ئەو هیچ جێگرەوەیەك دانەنرا ئەوە رەنگە مانای کۆتایی هاتنی ئەم لقە بگەیەنێت. کەمبوونەوەی چالاکیی لقێکی تری تەریقەتی خالیدیی کوردیی، لە ساڵانی 1970کانەوە، کە بنکەکەی لە (نۆرشین *Norshin*)ە لە رۆژهەڵاتی تورکیا بە شێوەیەکی خراپ کاری کردووەتە سەر مەدرەسەکەی. بە هەر حاڵ تەریقەتی خالیدی تا ئێستا لە لایەن چەندین لقی تریەوە لە بەشە کوردییەکەی تورکیاو سووریاو عێراق و ئێران بوونی خۆی دەنوێنێ.

لە پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیێت، خالیدییەکانی تورکیا گەلێك لەو خەلیفانەی موریدو شوێنکەوتوویان زۆرە لە ئۆزبەکستان و داغستان نارده ئەوێ و لەوێ لقە ناوخۆییەکانی تەریقەتی خالیدی چالاکیی خۆیان نوێکردەوە. بارودۆخی نەقشبەندی لە قەوقازدا هیچ ئارامییەکی تێدا نیە، چونکە خالیدی و وەهابییەکان بە توندی شەڕی یەکتر دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە خالیدی و وەهابییەکان سازشیان لە گەڵ یەکتر کردووەو "گوندی تێوکراتی" جیاوازیان دامەزراندووەو پێکەوە کاروباریان بەڕێوەدەبەن.

لە بەشی دووەمی سەدەی بیستەمدا رێبازی خالیدی گەیشتە ئەوروپا و ئەمەریکا و لەوێ لە نێو دیاسپۆرای موسڵماندا بڵاوبووەوە و بە هەمان شێوە لە نێو تازە موسڵمانیشدا. چەندین لقی رێبازی خالیدی لە ئەوروپادا هەیە (بە شێوەیەکی سەرەکی لە فەرەنسا و ئەڵمانیادا)، کە بۆ نموونە لقەکانی مەنزلکۆیی (محەمەد رەشید) و ئەسکەندەر پاشا (ز. کۆکتۆ، عیزەت جۆشان) و هەروەها تەریقەتی سولێمانجی. لقی ئەسکەندەر پاشا لە نێو دیاسپۆرای تورکیشدا لە ئوسترالیا دامەزراوە. شێخ نازم قوبرسی (ساڵی 1922 لە دایك بووە) کە کەسایەتیی دامەزرێنەری رێبازی خالیدی ـ هەققانی یە، موریدو شوێنکەوتووی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بریتانیاو

**فەرەنساو ئەڵمانیا هەیە. تەریقەتی خالیدی ـ هەققانی تەنها هەر لە ناو دیاسپۆرای موسڵمانداو لە ئاین وەرگەڕاوەکانی رۆژئاوادا (کە بوون بە موسڵمان ـ و) بڵاونەبووەتەوە، بەڵکو لە ناوچە ئیسلامییەکانی تریشدا بڵاوە، وەك داغستان، ئیندۆنیسیا، ئۆزبەکستان. بە هەر حاڵ لقەکەی قوبرسی زۆر جێگەی گومانە لای دەستەو تاقمی شێخە خالیدییە تورکییەکان، کە وەك خراپییەکانی دادەنێن بەرامبەر بە تەریقەتی خالیدیی رەسەن و گونجاندنێکی زیانبەخشە بۆ ژیانی مۆدێرنەی رۆژئاوا.**

***ئەمرۆ تەریقەتی خالیدی کۆمەڵێك لقی بەهێزی هەیە بە هەزاران ئەندامەوە لە تورکیاو ناوچە کوردییەکان و ئیندۆنیسیا و سووریا و قەوقاز. ئەمە لە رێکخراوێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی ئەولاترە وەك بەردەوام لە لایەن ناحەزانییەوە وێنا دەکرێت، کە خالیدییەکان هێشتا هەر خەریکی بەجێهێنانی کۆڕی تێڕامانی رۆحین چەشنی کۆڕی زیکر. هەروەها تەریقەتی خالیدی لە سەر راهێنانی خەڵوەت بەردەوامە، کە بە پێویست دەزانرێ لای خالیدییەکانی ئیندۆنیسیاو بیرکردنەوەیەکی رەمزییە لە مەرگ (تذکّر الموت). بە هەر حاڵ، زیادبوونی مورید لە هەندێ رێبازی خالیدیدا لە تورکیاو ئیندۆنیسیاو شوێنانی تر شان بەشانی وابەستەیی داراییە بە رێکخراوی دارایی گەورەترەوە (وەقف). ئەمە وای لە فرە رێبازی سۆفیگەری کردووە، کە بە گومان و دوودڵییەوە لە بیرۆکراتییەتی پەیوەندییەکان و تەمومژاویی شتەکان بڕوانن. بەم چەشنە، لە تورکیا گەلێك لە خالیدییەکان سکاڵای ئەوە دەکەن، کە پەیوەندیی شەخسیی نێوان شێخ و موریدەکان گۆڕاوە بە پەیوەندییەکی رەسمی و ئیداریی وشك و برینگ. ئەم بیرۆکراتییەتە لە ئایندەدا دەبێتە یەکێك لە گەورەترین ئاستەنگەکانی، کە بەرەوڕووی تەریقەتی خالیدی دەبێتەوە لە دەیەکانی داهاتووداو هەڕەشەیەك دەبێت، کە رەنگە لە سیاسەتی حکومەتە عەلمانیەکان و هێرش و پەلاماری وەهابییەکان کاریگەرتر بێت.***

---

## پەراوێز:

[1]"سەلەفییەت وپەیدابوونی تەریقەتی خالیدی لە بەغدا لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا". گۆڤاری جیهانی ئیسلام 43:3، ساڵی 2003، ل 349 ـ 372، *Die welt des Islam*، هەروەها بڕوانە"رێبازی خالیدی و سەلەفییەت لە بەغدادا لە پاش مەولانا خالید"، ل 21 ـ 40.

[2]بڕوانە ئارسەر بوهلەر: "مەولانا خالیدو شاه غولام عەلی لە هندستان"، لەم بەرگەدا لاپەڕە 199 ـ 213.

[3]"العقد الثمین فی بیان مسائل الدین"، 1799، القاهرة: المطبعة المیمنیة، 1907.

[4]"الحدیقة الندیة فی أدب الطریقة النقشبندیة والبهجة الخالدیة، 1817 ـ 1818"، طبعت علی هامش عثمان بن سند الوائلی، "أصفی الموارد من سلسال أحوال الإمام خالد"، القاهرة: المطبعة العلمیة 1895 ـ 96.

[5]"الحدیقة الندیّة"، ل4.

[6]هەمان سەرچاوە.

[7] "الحدیقة الندیّة"، ل13.

[8]"الحدیقة الندیّة"، ل14.

[9] أسعد صاحب "بغیة الواجد من مکتوبات حضرة مولانا خالد"، دمشق 1915 ـ 1916، ل 96.

[10]"الحدیقة الندیة"، ل 17 ـ 18

[11] هۆکاری ئەم شوێن گواستنەوەیە بە وردی باسکراوە لە کتێبی "ڕێبازی خالیدی و سەلەفییەت لە بەغدادا لە پاش مەولانا خالید"، ل 21 ـ 22.

[12] بڕوانە ئەم بابەتەمان "تێڕوانینێکی نوێ لە دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی تەریقەتی خالیدی" لە کتێبەکەی یەشار ئوجاکدا بە ناوی "سۆفیگەری و سۆفییەکان لە کۆمەڵگای عوسمانیدا"، *Ankara: Turk Tarih Kurumu, 2005* ، ل 299.

[13] هەمان سەرچاوە ل 312 ـ 313

[14] بڕوانە ئەم بابەتەمان "ڕەگە ئیسلامییەکانی خەتی گوڵخانە"، کە لە: "جیهانی ئیسلام، 4:2، *1994Die welt des Islam*" دا بڵاوبووەتەوە، ل 173 ـ 203.

[15] بڕوانە ئەم بابەتەمان: "تێڕوانینێکی نوێ بۆ سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی لقی تەریقەتی خالیدی"، ل 307ـ 308، هەروەها بابەتەکەی مارتن ڤان برونەسن: "کاریگەریی عولەمای کورد بە سەر ئیسلامەوە لە ئیندۆنیسیا"، لە کتێبەکەی برونەسن خۆیدا: "مەلاکان و سۆفییەکان و نەریتەکان: ڕۆڵی ئاین لە کۆمەڵگای کوردیدا"، ئەستەمبووڵ، 2000، ل 111 ـ 113.

[16] بڕوانە هەڵکەوت حەکیم "یادی مەردان یان کوردە نەقشبەندییەکان"، ل 61 ـ 68. سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی تەریقەتەکە لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا بڕوانە: عەبدوڕەحمان مەمیش "خالیدی بەغدادی و خالیدییەت لە ئەنەدۆڵدا"، ( *Istanbul: Kitabevi, 2000*)

[17] بڕوانە حامید ئالگەر، "تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لە تالش باکووری ڕۆژئاوای ئێران". هەروەها بڕوانە: مۆشێ گەمەرو داڤید وەسەرشتاین، "داغستان و جیهانی ئیسلام"، (هیلسنکی: ئەکادیمیای زانیاریی فینلەندی، *2006*).

[18] بڕوانە ڕەمەزان موسلۆ،"شێخێکی خالیدی لە ئازەربایجان: محەمەد ناسیح 1907 ـ 1996"، ل 135 ـ 149.

[19] بڕوانە مارتن ڤان برونەسن "لە پاش ڕۆژگاری ئەبوقوبەیس: گۆڕانی ئیندۆنیسیەکان بۆ ڕێبازی خالیدیی نەقشبەندی"، ل 225 ـ 251.

[20] ئەم خاڵانە لە لایەن میشێل کێمپەرەوە گفتوگۆی لێوەکراوە، لە کتێبی" تەریقەتی خالیدی لە باکووری قەوقازدا: کێشە مێژوویی و جوگرافییەکان"، ل 151 ـ 167.

[21] لە بارەی بڵاوبوونەوەی تەریقەتی خالیدی لە جیهانی عەرەبدا، بڕوانە بابەتە تازەکانی ئەبو مەننە، "سەلەفییەت و سەرهەڵدانی خالیدی لە بەغدا، سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم"، گۆڤاری جیهانی ئیسلام، ژمارە *43:3*، ساڵی *2003*. هەروەها ئیسحاق وایزمان "شێخی لەبیرکراو: عیسای کوردی و گۆڕانی تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لە سوریای سەدەی بیستەمدا"، ل 373 ـ 393 . لە بابەتی "دەستی نهێنی: تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی و هاوکاریی فەندەمێنتاڵیستی نەریتی لە حەڵەب"، ل 41 ـ 59.

[22] دانەری یەکێك لە کارە نایابەکانی ئەدەبی تەریقەتی خالیدی "جامع الأصول"، (القاهرة: الجمالية، 1910) و دامەزرێنەری چەندین کتێبخانەی سۆفیگەری لە ئەنەدۆڵ. لە بارەی مێژووی ئەم تەکیەیەوە بڕوانە بەها تانمان، "تەکیێ گویمیوشهانێڤی لە ئەستەمبوڵ، مێژوو و پێکهاتەی تەکیێ خالیدیی نەقشبەندی". ل 87 ـ 106.

[23] بۆ نموونە بڕوانە چیرۆکی شێخێك و ئیسماعیل قەرەی نەوەی ڕۆحیی"شێخ عوسمان نیازی ئەفەندی و لقی گویمیوشهانێڤیی دەریای ڕەش لە سەدەی نۆزدەیەمدا"، ل107 ـ 134.

[xxiv] زەریف موزەفەری، "ئیشانلەر دەرێشلەر"، (قازان: یانگەلیف، 1931)، ل 103 ـ 107.

[25] بڕوانە تێری زارکۆن، "تەریقەتە سۆفییەکان لە سیبیریادا لە سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا"، لە گۆڤاری ئیسلام لە سیبریادا ـ لاپەڕەکانی جیهانی رووسیا، 41: 2 ـ 3، ساڵی 2003، ل 291 ـ 293.

[26] ئالن جەی فرانك، "مێژووی پیرۆزی موسڵمان و شۆڕشی 1905 لە مێژوویەکی سۆفیگەریی ئەستراخاندا"، لە کتێبەکەی دێڤن دی ویز "لێکۆڵینەوە لە مێژووی ناوەڕاستی ئاسیا لە سەر شەرەفی یوری برێگێڵ، (برومینگتۆن، ئیندیانا: زانکۆی ئیندیانا، 2001)، ل 308.

[27] بڕوانە برونەسن "ڕەگ و ڕیشە و پەرەسەندنی تەریقەتی نەقشبەندی لە ئیندۆنیسیا"، ل 174.

[28] لەو بارەوە بڕوانە جەمال بایاك، "حەیدەر ئەفەندیی ئەحسکەلی"، ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی، (ئەستەمبووڵ: دەزگای وەقفی ئاینی، 1998)، بەرگی 17، ل *28* ـ *27* ، هەروەها بڕوانە: محەمەد فاتسە، " *Tasavvufta Mekki Kolu*"، (ئەستەمبووڵ: ماڤی ی. ، ساڵی 2000)، ل 99 ـ 101.

[29] کارێکی پێشەنگانە لە سەر مێژووی تەریقەتی خالیدی لە ژێر رکێفی کۆماری تورکیادا، نووسینەکەی ئالگەرە بە ناوی "تەریقەتی نەقشبەندی لە تورکیای کۆماریدا"، لە راپۆرتی جیهانی ئیسلامی *Islamic World Report*، ژمارە 1:3 (1996)، ل 51 ــ 67.

[30] بڕوانە زارکۆن "گواستنەوەی تەریقەتە سۆفییەکان لە کۆماری تورکیاداو مەسەلەی سۆفیگەریی نهێنی"، لە کتێبەکەی ج. ل. وارنەر "ئاسۆ فەرهەنگییەکان: یادەوەرییەك لە سەر شکۆی تەلعەت حالمان"، (نیو یۆرك و ئەستەمبوول: زانکۆی سیراکۆس، یاپی کرێدی، 2001)، ل 198 ـ 209. هەروەها هەکان یاوز "ناسنامەی سیاسیی ئیسلام لە تورکیادا"، (ئۆکسفۆرد: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد، 2003)، ل 233 ـ 150. هەروەها زارکۆن "تورکیای مۆدێرن و ئیسلام"، (پاریس: فلاماریۆن، 2004)، ل 210 ــ 224، 272 ــ 289.

[31] ئالگەر "ڕووە سیاسییەکانی مێژووی نەقشبەندی"، لە کتێبەکەی م. گابۆری، ئە. پۆپۆڤیچ، ت. زارکۆن "نەقشبەندییەکان: پەرەسەندنی مێژوویی و بارودۆخی ئێستای تەریقەتێکی سۆفیی ئیسلامی"، (ئەستەمبوول ـ پاریس: ئیزیس، 1990)، ل 123 ـ 152. زارکۆن "نەقشبەندی و کۆماری تورکیا: چەوساندنەوە و گێڕانەوەی دۆخی ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی 1925 ـ 1991"، گۆڤاری لێکۆڵینەوەی تورکی ژمارە 24، 1992، ل 133 ـ 151. ئورالْ مانچۆ "تەریقەتە سۆفییەکان و بارودۆخی پەیوەندییان لە تورکیادا. گریمانەی پاڵپشتی کۆمەڵگەی تورکی"، لە کتێبی مایکڵ بۆزدەمیر "ئیسلام و پەیوەندییەکانی لە ئاستی جیهانی و هەرێمایەتیدا"، (پاریس: هەرماتان، 1996)، ت 337 ـ 360 کتێبەکەی برونەسن، ل 232 ــ 237.

[32] بڕوانە دینیس لۆمبارد "تەریقەتەکان و پرۆژەیان لە سۆمەتەرەدا: نموونەی شێخ عەبدولوەهاب رۆکان 1830 ـ 1929"، لە کتێبی "نەقشبەندییەکان"، ل 707ـ 715. هەروەها ئالگەر"تەریقەتی نەقشبەندی لە تورکیای کۆماریدا"، ل 57.

[33] ئەنەبێڵ بۆچەر "دەستەبژێری ژنانی کورد لە تەریقەتی کۆفتارییەدا ـ کە رێبازێکی نەقشبەندیی دیمەشقییە"، لە کتێبی "ئیسلامی کورد جۆرێکی ترە لە مێژووی ئیسلام، 1998"، ل 125 ـ 139. هەروەها لێف شتێنبێرگ "تەریقەتی نەقشبەندی لە دیمەشقدا: ستراتیجی دامەزراندن و بەهێزکردنی تەریقەتەکە لە کۆمەڵگەیەکی روو لە گۆڕانکاریدا"، لە کتێبی ئێلێزابێس ئۆزدالگەدا "نەقشبەندییەکان لە رۆژئاواو ناوەڕاستی ئاسیادا" بلاوبووەتەوە، (ئەستەمبوول: ئینستیتیوتی لێکۆڵینەوەی سوێدی، 1999)، ل 101 ــ 116.

[34] فەرهاد شاکەلی، "شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان و میراتی رێبازی خالیدی ـ موجەددیدی لە کوردستاندا"، لە کتێبەکەی ئۆزدالگەدا، "نەقشبەندییەکان لە رۆژئاواو ناوەڕاستی ئاسیادا" بلاوبووەتەوە، ل 89 ــ 100.

[35] موفید یۆکسەڵ "کوردستاندە دەغەشم سوریچ"، ئەنکەرە: سۆر، 1993، ل 161 ـ 188.

[36] بڕوانە زارکۆن: "کاریگەریی تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لە ئاسیای ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، بە ئەفغانستان و خیانجانگیشەوە"، ل 215 ـ 224. تەریقەتی خالیدیی ـ هەققانی لە قوبرس لە دوادوایی ساڵانی 1990کاندا لە ئیندۆنیسیا و داغستان گەڵ خەلیفەی پەیداکردووە. هەروەها بڕوانە بابەتە نووسینی جۆرگن نیلسن، مستەفا دراپەر، گالینا یێمیلیانۆڤا "سۆفیزمی بان نەتەوەیی"، لە کتێبەکەی جەمال مالیك و جۆن هیننێلسدا "سۆفیزم لە رۆژئاوادا"، (لەندەن: رۆتلیج، 2006)، ل 109 ـ 110 و کتێبەکەی برونەسن، ل 225 ــ 228.

[37] بۆ نموونە لە گوند یان کیرۆڤۆڵدا، لە رۆژئاوای مەحەج قەلاوە لە داغستان، بڕوانە دیمتری ماکارۆڤ، "سەپاندنی یاساکانی شەریعەت لە گوندێکی داغستاندا"، گۆڤاری هەواڵنامە، ژمارە*1:98*، 1998، ل 19. لە بارەی ئەو رۆڵەوە، کە خالیدییەکان لە قەوقازدا گێڕایان لە پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤییێت، بڕوانە بابەتی عەلی ئەکبەر ك. عەلی ئەکبەرۆف، "چالاکی و کاریگەرییەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزم لە ناوچەی قەوقازدا"، لە کتێبەکەی مارێتا ستێپانیانت "سۆفیزم و رێکخراوەکانی لە ئیسلامی هاوچەرخدا: قورسیی هاوتا راگرتنی نێوان سۆفیگەری و سیاسەت"، تورین: دەزگای ئەگنێللی، 2003، ل 161 ــ 179.

[38] بڕوانە بەشی دووەمی کتێبەکەی بیرۆڵ کەیمەز: "بزووتنەوە ئیسلامییەکانی تورکیا لە پاریس"، (پاریس: دەزگای هارماتان، 2002)، کە پێشکەشی سولێمانجییەکانی پاریس کراوە. هەروەها بڕوانە گێردن جۆنکەر، "پەرەسەندنی تەریقەتی نەقشبەندی موجەددیدی و سولێمانجییەکانی ئەڵمانیا"، لە "سۆفیزم لە رۆژئاوادا"، ل 71 ــ 85.

[39] دێڤید دەبلیو دەمرێڵ: "ڕوخسارەکانی تەریقەتی نەقشبەندیی ـ هەققانی لە باکووری ئەمەریکادا لە سۆفیزم لە رۆژئاوادا" ل 115 ـ 126.

[40] تەیفون ئەتای، "سۆفییەکانی نەقشبەندی لە شێوازێکی رۆژئاواییدا"، نامەی دکتۆرا، زانکۆی لەندەن، 1994 ، کە لە ژێر ناوی "*Bati'dabir Nakshi Cemaati Shekh Nazim Kibrisi Ornegi*" بە وەرگێڕانی تورکی بڵاوکراوەتەوە. (ئەستەمبووڵ: ئیلێتێشم، 1996).

[41] هەمان سەرچاوە.

# 2

**حامید ئاڵگەر**

## چەند سەرنجێکی بیبلۆگرافی
## لە سەر تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی

ئەمەی نووسراوە هەوڵدانێکی ڕێخۆشکەرو بێگومان ناتەواوە بۆ لیستکردن وهەڵسەنگاندنی ئەو نووسینە بەرز و بەپێزانەی لە سەر نەقشبەندی ـ خالیدی و پەرەسەندنی تەریقەتەکەیە. نووسینە زۆرو پڕ بڕشتەکانی خالیدییەکان خۆیان بە عەرەبی و فارسی و کوردی و تورکی و مەلایۆ شیاوی تاوتوێی جیاواز و وردن. تا ئێستا ژیاننامەیەکی تەواو و گونجاوی مولانا خالید بڵاوبونەتەوە، سەرەڕای زۆرێك لە سەرچاوەی بەردەست. عبّاس العزّاوی پێشەکییەکی کورتی لە سەر ژیانی نووسیوە لە "مەولانا خالیدی نەقشبەندی"دا [(1)]. لێکۆڵینەوەکەی ئەلبێرت حۆرانی یەکەم کارە بە زمانێکی ئەوروپی بە ناوی "شێخ خالید و تەریقەتی نەقشبەندی" [(2)]، کە دووبارە وەك "سۆفیزم و ئیسلامی مۆدێرن: مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی" [(3)] چاپکرایەوە. ئەمە گریمانەی ئەوەی لەخۆگرتبوو کە پێکهاتەی پەرەسەندنەکان لە دنیای ئیسلامی سەدەی نۆزدەیەمدا زیاتر "کاردانەوەی کاریگەریی ڕۆژئاوا" بوون وەك لەوەی لە جیهانی ئیسلام خۆیەوە هاتبن. لە گەڵ ئەوەشدا ئەم کتێبە شیاوی متمانەیە وەك پێشەنگی میانڕەو. کتێبەکەی بوترس ئەبو مەننە "سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی تەریقەتی

نەقشبەندیـ خالیدی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا"، کە لە بنەڕەتدا بەشێکە لە دکتۆرانامەیەکی ئۆکسفۆرد بەسەرپەرشتی حۆرانی و هەمان جەخت کردنی بابەتەکەی حۆرانیی تێدایە [4]. ئەمە ژیاننامەیەکی کورتی مەولانا خالیدی تێدایە لە گەڵ باسێکی بڵاوبوونەوەی تەریقەتەکەی بۆ دیمەشق و ئەستەمبوڵ و ڕەشنووسێکی ئامۆژگاریی مەولانا خالید و تەئکیدێك لە سەر مۆرکی سیاسییەکانی. کتێبەکەی مەهین دوخت موعتەمەدی "نەقشی ئەز مەولانا خالیدی نەقشبەندی وە پەیڕەوانی تەریقەتی"، لە گەڵ ئەم ناونیشانەشیدا کەچی تەنها نزیکەی دە لاپەڕەی بۆ مەولانا خالیدو لقی سیراجەدینی خالیدییە تەرخان کردووە [5]. بەڵام ئەودوای ئیشەکە بریتییە لە باسی سیلسیلەی نەقشبەندی بە پەخشان و هۆنراوە. کتێبەکەی نزار ئەبازە: "الشیخ خالد النقشبندی العالم المجدَد: حیاته وأهم مخلَفاته"، لە کاتی نووسیندا لەبەردەستمدا نەبوو[6]. هەڵکەوت حەکیم باس لە مامەڵەی مەولانا خالید دەکات لە گەڵ فەرمانڕەوایانی میرنشینی بابان و عوسمانی و فارسدا لە کتێبی: "توانا و دەسەڵاتەکانی مەولانا خالید *Mawlanakhalid et les pouvoirs* [7]. کورتە دەروازەکانی ئیسکلۆپیدیا لە سەر مولانا خالید هی ئەم نوسراوانەن "بەغدادی، خالید زیائەدین"[8] و "خالید ئەلبەغدادی" [9]. لانی کەم دوو دکتۆرانامەش بۆ مەولانا خالید تەرخان کراوە، یەکێکیان: سیریڵ شۆدکۆفسکی، "شێخ خالید (1780 ـ 1827) و تەریقەتی نەقشبەندیی لە سوریا[10]". ئەویتریان: سین فۆلی، "شێخ خالید و تەریقەتی نەقشبەندیـ خالیدی، 1776 ـ 2005" وەك ناونیشانی هەردوو نامەکە کە دەریدەخەن، کەوا هەردوکیان بە وردی لە پەرەسەندنەکانی دوای مەولانا خالیدیان کۆڵیونەتەوە.

پێداچوونەوەیەك بە جێگرەوەکانی مەولانا خالیددا لە لایەن عەبباس ئەلعەززاوییەوە نووسراوە بە ناوی "خلفاء مولانا خالد" [12]، بەڵام ڕووپێوییەکی گشتگیری بڵاوبوونەوەی تەریقەتی خالیدی لە ئارادا نیە. قۆناخە بەراییەکانی بڵاوبوونەوەی ئەم تەریقەتە لە بەغدا، دیمەشق، ئەستەمبوڵ و کوردستان بە کورتی لە لایەن ئەبو مەننەوە ئەنجامدراوە لە کتێبی "تێڕوانینێکی نوێ بۆ سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی تەریقەتی خالیدی"[13]. ئەڵبەتە "خالیدییە" و "نەقشبەندییە" ی نووسەر تەنها سکێچی زەمینەسازییە[14].

لە نێو ئەو ناوچانەدا کە تەریقەتی خالیدی تێیدا ڕەگی داکوتابوو کوردستانی زێدی مەولانا خالید گەورەترین سەرنجی دراوەتێ و بە تایبەتی زۆرینەی خەلیفەکانی کورد بوون. کتێبەکەی مارتن ڤان بروونەسن، "ئاغاو شێخ و دەوڵەت: لە بارەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستانەوە" یەکەمینی چەندین هەوڵ و بەشداریی نووسەرە لە بواری لێکۆڵینەوەی نەقشبەندیدا لە کوردستان و شوێنانی تر [15]. لە سەرەتاوە بایەخدانی ئەم بەم کارە بە شێوەیەکی سەرەکی لە گەڵ شێخەکانی دووڕووە (بۆ نموونە خەتی سیراجەدین کە لە بیارەی کوردستانی عێراقەوە سەرچاوەی گرتووە) و جزیرە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ، بەڵام زانیاریی زۆریشی لە سەر ڕێبازەکانی تری خالیدی بڵاوکردوەتەوەو بە درەختی سوودبەخشی نەسەب تەواوی کردووە. کتێبەکەی موفید یۆکسەڵ *Kurdistan ‘da DegisimSureci* تیشکی خستووەتە سەر شێخە کوردەکانی خالیدییە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵداو بە تایبەتی ئەوانە نۆرشین[16].

ئەو بە قەناعەت هێنانەوە وایدەگەیەنێت کەوا بەهۆی دەستاودەست کردنی سەرکردایەتی تەریقەتەکەوە لە ڕێگەی ڕەچەڵەکەوە، ئەوە وەچەکان هاتوون "ئەریستۆکراتییەتی شێخە کوردەکانی نەقشبەندییان" پێکهێناوەو بەم ڕەنگەو بەزۆریی لە بەرگی عەلمانیدا ماونەتەوە، لە سەردەمی تورکیای کۆماریدا. شێخەکانی نۆرشین لەنێو ئەو خالیدییە زۆرانەدا بوون کەوا تا ڕادەیەك کاریگەرییان هەبوو لە سەر سەعیدی نوورسی لەماوەی ساڵانی خۆسازدانیداو ئەمەش بوارێکی جێی بایەخی نووسەرانی ئەم سەردەمەیە "سۆفیزم و تەریقەت لە ژیان و کاری بەدیعولزەمان سەعیدی نوورسیدا[17] ". ئەو ڕۆڵەی کە شێخە خالیدییەکان گێڕایان لە پشتگیری کردنی هەستێکی کوردیی شوناسی نەتەوایەتیدا لە لایەن (ڕۆبەرت ئۆڵسن)ەوە بایەخی پێدراوە لە پێشەکیی باس و خواسە وردەکەیدا لە بارەی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پالۆدا، بەناوی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی و یاخیبوونی شێخ سەعیددا، 1880 ـ 1925[18].

دوا لاپەڕەکانی نامەی دکتۆراکەی هەڵکەوت حەکیم: "تەریقەتی نەقشبەندیی لە کوردستان لە سەدەی نۆزدەیەمدا "، وێنەی چالاکییە سیاسییەکانی شێخ عوسمانی سیراجەدینی دووەم ڕووندەکاتەوە، کە شۆڕشی ئیسلامی ئێران ناچاری کرد ساڵی 1979 دووڕووە بەجێبێڵێ وسەربنێ بە گەڵێ شاری یەك لە دوای یەکی بێگانەوە، کە یەك لەو شارانە پاریس بوو کەوا حەکیم تێیدا چاوی پێکەوت[19]. حەکیم ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی کورت کردەوە لە بارەی مێژووی بەرایی تەریقەتی خالیدی لە کوردستاندا لە ژێر ناوی "أبعاد ظهور الطریقة النقشبندیة فی کوردستان فی أوائل القرن التاسع عشر" [20]. هەروەها بنەماڵەی سیراجەدین مایەی بایەخدانی بنەڕەتیی لێکۆڵینەوەیەکی فەرهاد شاکەلییە بە ناوی"شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان و میراتی تەریقەتی خالیدی ــ موجەددیدی لە کوردستاندا"[21]. بە هەمان شێوە لە نێو ئەو ڕێبازانەشدا باسیان هاتووە کە لە لایەن عەبدولڕەئوف تەوەککولییەوە خراونەتەڕوو لە کتێبەکەیدا "تاریخ تەسەووف دەر کوردستان"[22] (بە فارسی ـ و) ئەوەی کە پەیوەندی بە کوردستانەوە هەیە، کورتە ژیاننامەی ژمارەیەکی زۆری شێخی خالیدی باسی لێوە کراوە لە لایەن بابا مەردۆخی ڕۆحانییەوە لە یەکەم بەرگی کتێبەکەیدا "تاریخی مەشاهیری کورد"[23].

پەیوەندیی خالیدییەکان لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانی و قەدەری نوێنەرە بەراییەکان لە ئەستەمبووڵ بابەتی چەندین نووسینی بوترس ئەبو مەننەیە، کە لە سەرەوە باسکراوە، وەك "تەریقەتەکانی نەقشبەندی ـ موجەددیدی و خالیدی لە ئەستەمبووڵ لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا" [24]، "تەریقەتەکانی نەقشبەندی ـ موجەددیدی و بەکتاشی لە ساڵی 1826"[25] و "بابی عالی و ئاڕاستەی سوننیی ئوسووڵی لە دوادوایی سەردەمی تەنزیماتدا"[26]. شێخ ئەحمەد زیائەدین گویمویشهانێڤی، کە یەکێکە لە شێخە خالیدییە سەرەکییەکانی سەردەمی حەمیدی لە ئەستەمبووڵ، لە لایەن ئەبو مەننەوە لێکۆڵینەوەیەکی کورتی لە سەر نووسراوە بەناوی "تەریقەتی شێخ ئەحمەد زیائەدین گویمویشهانێڤی و زیائیی ـ خالیدی"[27]و بە دوورودرێژییش لە لایەن عیرفان گویندزەوە لە کتێبەکەیدا بە ناوی "ئەحمەد زیائەدین گویمویشهانێڤی" [28]. ژمارەیەکی زۆری ڕێبازە خالیدییەکان کەوا لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە ئەنەدۆڵ ڕەگیان داکوتابوو بەکورتی لە لایەن مستەفا قەرەوە قسەیان لە سەر کراوە لە کتێبی "خالیدییەو خالیدییەکانی ئەنەدۆڵ"[29] و زۆر بە دوورودرێژیش لە لایەن عەبدولڕەحمان مێمیشەوە لە

---

کتێبی "خالیدی بەغدادی و خالیدییەت لە ئەنەدۆڵدا" [30]. خالیدییەکانلە تەریقەتە سۆفییەکانی تر زیاتر سەرکەوتنیان بەدەستهێنا بۆ مانەوە لەژێر ئەو کۆت و بەندانەی کەوا کۆماری تورکیا خستبوویە سەریان. ڕەهەندە سیاسیەکانی ئەم سەرکەوتنە و بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەندیدار بوو بە پەیڕەویکردنی ئەم دواییەی محەمەد زاهید کۆتکو، کە جێنشینی ڕێبازی گویمویشهانێڤی بوو، ئاگادارکردنەوەیەکی بەرچاوی وەرگرت کە بە زۆری دوژمنکارانە بوو.

ڕەنگەیسەرچاوەیسوودبەخشزیاترهە لێنیاوزبێتبەناوی: "پەیدابوونیبزووتنەوەئیسلامییەتورکییەمۆدێرنەکان : تەریقەتیسۆفیگەریینەقشبەندی " [31]، هەروەها کتێبە پەیوەندیدارەکەی ڕەوشەن چاکیر، " *Ayetve slogan*" [32]. کتێبی "تەریقەتی نەقشبەندی لە تورکیای کۆماریدا" ی هەمان نووسەر هەوڵدانە بۆ وێناکردنی ڕێبازە بنەڕەتییەکانی خالیدی لە سەردەمی کۆمارییدا [33]. بە پلەی جیاوازی سەرکەوتن هەوڵێك درا بۆ هەناردە کردنی دوو لقی تورکیی تەریقەتی خالیدی بۆ ئاسیای هەوڵێك درا بۆ هەناردە کردنی دوو لقی تورکیی تەریقەتی خالیدی بۆ ئاسیایناوەڕاستی دوای چەرخی سۆڤیێتی، یەکێکیان لە کۆتکۆوە سەرچاوە دەگرێ و ئەویتریش لە ڕەشید ئیرۆڵی مەنزڵکۆییەوە، کە لە لایەن تێری زەرکۆنەوە باسکراون بۆ "پڕکردنەوەی بۆشایی لە نێوان سۆفیگەریی پاش و پێش سۆڤیەت لە دۆڵی فەرغانە (ئۆزبەکستان)، واتە تەریقەتی نەقشبەندی لە نێوان نەریت و نوێکردنەوەدا" [34].بەشداریی پەیوەندیداری تری زەرکۆن ئەمانەی خوارەوەیە: "سەرنج لە سەر ڕۆڵی کۆمەلایەتی ـ سیاسیی شێخە نەقشبەندییەکان لە تورکیای هاوچەرخدا" [35]،"تەریقەتی نەقشبەندی و کۆماری تورکیا: چەوسانەوەو گەڕانەوەی دۆخی تیۆلۆجی و سیاسی و کۆمەلایەتی (1925ـ 1991)" [36] ، "هەندێ شێخی سۆفیی کوردی هاوچەرخ و خەلیفەکانیان لە ئەستەمبوڵ" [37].

تەریقەتی خالیدی لە ڕۆژگاری مەولانا خالید خۆیەوە بەردەوام لە سوریادا بوونی هەبووە و هەر لە دیمەشقیش بوو کەوا کۆچی دوایی کرد پاش نەخشەکێشان بۆ ڕابەرایەتییەکی یەکگرتووی تەریقەتەکە  لە دوای خۆی. ئەو پارچە پارچە بوونەی کە بە پێچەوانەی هیوای مەولانا خالیدەوە ڕوویدا بە دوور و درێژی لە لایەن ئیسحاق وایزمانەوە باسکراوە لە کتێبی "تاقیکردنەوەی مۆدێرنیتە: سۆفیزم و سەلەفییەت و عەرەبیزم لە سوریای دوادوایی حوکمی عوسمانیدا." [38] لەم لێکۆڵینەوە تۆمارکراوەدا، وایزمان زیرەکانە بەلأم نەك بە قەناعەتی تەواوەوە مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات کە کێبەرکێی داواکاریی ڕابەرایەتیی تەریقەتی خالیدییە لە دیمەشق لە گرژی و ناکۆکییەکی بنەڕەتیی دوو تەئکیدکردنی مەولانا خالیدەوە پەیدابوو: خۆبەستنەوە بە رابیتەوە (وێناکردنی ئەقلّیی شێخ وەك زەمینە خۆشکەرێك بۆ زیکر)و هاندان بۆ خەلّوەت وەك مێتۆدێکی سەرەتایی، بە تایبەتی بۆ مەقام و پایەی بەرز. وایزمان دیسان پرسیارێك لە بۆچوونەکەی دەئالێنێ کەوا گۆڕانێك لە بیری ئەکبەریدا لە وردبوونەوەیەکدا لە سەر "وحدة الوجود"  بۆ یەکێك لە سەر  "الحقيقة المحمّدية"  لە سەدەکانی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا و کاری کردبووە سەر پلەیەکی تایبەتمەندیی لەگەڵ دیدی تەریقەتی خالیدیدا [39]. گریمانەکەی لە سەر ئەوە بوو کە شێوازێکی لە چەشنە بەتەواوی ناوبانگی "سۆفیگەریی نوێ" دەزرێنێ. ئەو باسەی کە ئەو دەیهێنێتەوە لە سەر سێ "ئاڕاستەی ڕیفۆرمی"یەك لە دوای یەکی(خالیدییە و ئەکبەرییە و

سەلەفییە) لە سوریادا هاوکات لەگەڵ خاڵەکانی چونیەك و ناکۆك و تێهەڵکێش لە کەسەکانیدا، سەرەڕای هەموو شتێك، کارێکی سوودبەخشە.

هەندێك لە هەمان بنەما، ئەگەرچی بە وردەکارییەکی کەمترەوەیە، لە کتێبەکەی دێڤید کۆمینسی، "ڕیفۆرمی ئیسلامی: گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە سوریای دوادوایی سەردەمی عوسمانیدا"[40]، کەوا کارێکە بە شێوەیەکی بنەرەتی بۆ سەلەفییەت تەرخانکراوە. ئەبو مەننە وایدەبینێ کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا سەرهەڵدانی تەریقەتی خالیدی تا ڕادەیەك وا لێکدەدرێتەوە کە کاردانەوەیەك بێت بۆ ئاراستە سەرەتاییەکانی سەلەفییەت "سەلەفییەت و سەرهەڵدانی تەریقەتی خالیدییە لە بەغدا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە" [41]. هەروەها باسێکی کورتی تەریقەتی خالیدی لە سوریا و میسردا لە دوای سەردەمی عوسمانی لە لایەن فەریدریك دی جۆنگەوە نووسراوە بە ناونیشانی "تەریقەتی نەقشبەندی لە میسر و سوریادا: بوارەکانی مێژوویی و چاودێری کردن سەبارەت بە بارودۆخی ڕۆژگاری ئەمڕۆی"[42] هەروەها دەکرێ ناوی دوو ڕێبازی کوفتارییە بهێنرێت، کە خەتێکی میراتگریی شێخە کوردەکان بوو و زیاتر بەوە ناوبانگی ڕۆیشتووە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ شێخ ئەحمەد کوفتارۆ موفتیی کۆماری سوریا بووە وەك لە کتێبەکەی ئەنەبێڵ بۆتچەردا هاتووە: "دەستەبژێری ئافرەتی کورد لە کوفتارییەدا. کە تەریقەتێکی نەقشبەندییە لە دیمەشقدا" [43]. هەروەها لیف شتێنبێرگ، "نەقشبەندییە لە دیمەشق: ستراتیجییەتی دامەزراندن و بەهێزکردنی تەریقەتەکە لە کۆمەڵگایەکی پڕ گۆڕانکاریدا" [44]. ڕۆڵی تەریقەتی خالیدی لە وزە بەخشین و بەردەوامی پێدانی گیانی بەرەنگاری دژ بە داگیرکردنی باکووری قەوقاز لە لایەن رووسیاوە بە وردەکارییەکی جۆراوجۆرەوە لە زۆربەی ئەو نووسینانەی لە سەر شێخ شامیلی داغستانە باسی هاتووە، لەوانە کتێبەکەی موشێ گرامەر "بەرەنگاریی موسڵمانان بۆ تسار: شامیل و داگیرکردنی چیچنیا و داغستان" [45] و ئاننا زێلکینا لە کتێبی "گەڕان بە دوای خودا و ئازادیدا: کاردانەوەی سۆفی بۆ پێشڕەویکردنی ڕووسیا لە باکووری قەو قازدا [46]. زاراوەی "موریدیزم" کە لە لایەن دەسەڵاتی تسارییەوە بۆ ئەو بەرگریکارانە داتاشرابوو کە تەریقەتی خالیدی ڕابەریی دەکردن وەك میراتێك لە لایەن نووسەرانی سەردەمی سۆفییێتیشەوە مایەوە، لەوانە ن. ئە. سمیرنۆڤ دانەری کتێبی "موریدیزم لە قەوقاز" [47]، هەروەها لە کاری غەیرە سۆڤییێتیەکانیشدا دەردەکەوێت، وەك کتێبەکەی ئایتەك کوندوخ، "موریدیزمی قەوقاز: مێژووی غەزەوات" [48]. تەریقەتی خالیدییە لە چیچنیا بە گەورەیی لە کتێبەکەی ئە. د. یاندارۆڤدا دەردەکەوێت بە ناوی "سۆفیزم و ئایدیۆلۆجیا لە بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانیدا" [49]. گەمەر مەسەلەکە لە سەرەتاوە تا ئێستا دەهێنێت لە لێکۆڵینەوەیەکی کورت و بەڵگەداردا بە ناوی "گورگی تەریك و ورچ : سێ سەدە لە بەرەنگاربوونەوەی حوکمی ڕووس" [50]. هەروەها باس و خواسی تری پەیوەندیدار بە تەریقەتی خالیدییەوە لە باکووری قەوقازدا لە کتێبێکی ئەلێکساندەر بێنیگسندا بەرچاو دەکەوێت بە ناوی "سۆفیزم لە یەکێتیی سۆڤێتیدا: بیبلۆگرافیایەکی سەرچاوە سۆڤێتییەکان" [51].

خاڵی ئەوپەڕی باکووری بلاّوبوونەوەی خالیدی ناوچەکانی ڤۆلگا ـ ئوراڵە کەوا تەریقەتەکە بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن شێخ زەینولاّی ڕەسوولۆفەوە، کە موریدێکی گویمیوشهانێڤی بوو، بلاّوبووەوە. ڕەنگە لە بارەی

ئەم پیاوەوە ڕاوێژ بە نووسەری کتێبی "شێخ زەینولاّی ڕەسوولۆف: دوا شێخی گەورەی نەقشبەندیی ناوچەکانی ڤۆلگا ـ ئورالّ" کرابێت [52].

بلاّوبوونەوەی تەریقەتی خالیدی لە ولاّتانی مالیزیا ـ ئیندۆنیسیادا ڕەنگە کەمترین لێکۆلّینەوەی میژووی تەریقەتەکەی لە سەر کرابێت. یەك لە مامەلّە بەراییەکانی ئەم بوارە کارەکەی (سید نجیب العطّاسی) ە کە لە سەرەتای سالاّنی 1960کاندا ئاشنای حاجی عوسمان بووە، کە یەکێکە لە شێخە خالیدییەکان و سەرپەرشتیی کۆڕێکی تەریقەتی کردووە (*Pesantren*) لە نزیك باتوپەهات لە جۆهۆرو ئەم کتێبەی لە سەر داناوە "هەندێك لایەنی سۆفیزم بە پێی تێگەیشتن و پراکتیزە کردنی لە ناو مەلایۆکاندا [53]. ئەو سیلسیلەیەی عەتتاسی لەلاپەڕە (65)ی کارەکەیدا دەیهێنێتەوە، دەیگێڕێتەوە بۆ خەلیفەیەکی ئیندۆنیسیی مەولانا خالید بە ناوی "شێخ عەبدوللاّ ئەفەندیی مینانگکاباوە"، کەوا دانیشتووی مەککە بووە. لێرەدا دوو کەسایەتی تێکەلّ دەبن. شێخ عەبدولاّی ئەرزنجانیی خەلیفەی مەولانا خالید لە مەککە و شێخ ئیسماعیل مینانگکاباوە کە لە ڕێگەی ئەمەوە چووەتە سەر ڕێبازی خالیدی. ئەمەی دواییان بابەتی کتێبێکی کورت بەلاّم سوودبەخشە لە لایەن محەمەد شاغر عەبدولاّوە بە ناوی: "شێخ ئیسماعیل ئەلینانگکاباوی: مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندیی خالیدی [54]". هەمان کۆکردنەوە و ڕیزبەندیی ئەو نووسەرە بە ناوی:

*penyebaranThariqat – ThariqatshufiyahMu'tabara di duniaMelayu* [55]. باسی ژمارەیەك ڕێبازی مالیزی یان ئیندۆنیسی دەکات. بە هەمان شێوە هەواش عەبدولاّ دلّسۆزیی خۆی دەردەبڕێت بۆ ئیسماعیل مینانگکاباوی لە کتێبەکەیدا:

*"PerkembanganIlmuTasawufdanTokohTokohnya di Nusantara"*[56]

ناونیشانی نووسینێك لە لایەن وێرنەر کراوسەوە کە بەم جۆرەیە "چەند سەرنجێك لە سەر بلاّوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندیی خالیدی لە ئیندۆنیسیادا" [57]، لە خۆی دەدوێت. هاوبەشی کردنی کراوس بە نووسینی "تەریقەتە ئیسلامییە باتینییەکان لە ئیندۆنیسیای هاوچەرخدا [58]"، باسوخواسەکە دەباتە پێشەوە بەرەو سەدەی بیستەم و وای وەسف دەکات کە تەریقەتی خالیدی ڕووکاری هەردوو سەلەفییەت و دەسەلاّتی کۆلۆنیالّییەتی هۆلّەندییە (کە ئەودەمە ئەو ولاّتانەی باشووری ڕۆژهەلاّتی ئاسیای داگیرکردبوو)و بەرەنگاریی دەکرا. بابەتەکەی دینیس لۆمبارد بە ناوی: "تەریقەت و پرۆژەکانی لە سۆمەترەدا: نموونەی شێخ عەبدولوەهاب رۆکان (1830 ـ 1926)"، لەگەلّ یەکێك لە کاریگەرترین سەنتەرەکانی خالیدییەدا مامەلّە دەکات کە کۆمەلّگەی بابولسەلامە و نزیك بە مێدان لە باکووری سۆمەترەدا [59]. لە نوێترین کاریشدا، مارتن ڤان برونەسن رووپێوییەکی گشتگیر و سیستماتیکی بلاّوکردووەتەوە لە سەر تەریقەتی خالیدی لە ئیندۆنیسیادا، کە دەکرێت ببێتە بناغەیەك بۆ لێکۆلّینەوەی زیاتر بە ناوی "تەریقەتی نەقشبەندی لە ئیندۆنیسیادا" [60]. کاری زۆر کەم کراوە لە سەر ئەو بوارانەی تایبەتن بە کۆڕی خواپەرستیی خالیدییە و بێجگە لە سێ هەلاّواردن لەم ڕووەوە ئەبو مەننە لە سەر "خەلّوەت و رابیتە لە تەریقەتی خالیدیدا" [61] نووسیویێتی و هەر کام لەم ڕاهێنان و کردارانە بووە بە مۆرکی خالیدییە، هەر هیچ نەبێ لە سەروەختی گەشەکردنیدا. تێری زەرکۆن بە کۆنتێکستێکی

بەراوردكاریی بەرفراوان، لە سەر ڕاهێنانی تەریقەتی خالیدی دواوە بە تێڕامانێكی مەجازی بۆ مەرگ، كە بە "تذكّر الموت" یان "ڕابیتەی مەوت" ناودەبرێن لە كتێبی "تاقیكردنەوەی مەرگ و خۆ ئامادەكردن بۆ مەرگ: مەسەلەی نەقشبەندی لە توركیادا" [61]. هەمان ڕاهێنان لە كتێبێكی نوێی نووسەردا دەردەكەوێت بە ناوی"ڕاهێنانەكانی خوداپەرستی لای خالیدییە نەقشبەندییەكانی توركیای عوسمانی[63]".

## پـــــــەراوێـــــز:

[1]مجلة المجمع العلمی الكردی (بغداد)، ژمارە (1) 1973 ل 696 ــ 727.

[2] س. م. شتێرن، "فەلسەفەی ئیسلام و نەریتی كلاسیكی"، (ئۆكسفۆرد: چاپی زانكۆی ئۆكسفۆرد، 1972)، ل 89 ــ 103.

[3] حۆرانی، "دەركەوتنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مۆدێرن"، (لەندەن، ماكمیلان، 1981)، ل 75 ــ 89.

[4] لە ل 13 ـ 26 ی بابەتە كۆكراوەكانی "توێژینەوە لە سەر ئیسلام و ئیمپراتۆریای عوسمانی لە سەدەی نۆزدەیەمدا"، (ئەستەمبووڵ: ئیزیس، 2001).

[5] تاران، پەژەنگ، 1990.

[6] دیمەشق: 1994

[7] م. گابۆری، أ. پۆپۆڤیچ، ت. زاركۆن، "نەقشبەندییەكان: پەرەسەندنە مێژووییەكان و باری ئێستای تەریقەتە باتینییەكانی ئیسلام"، (ئەستەمبووڵ ـ پاریس، 1990)، ل 361 ــ 370.

[8] ئینسكلۆپیدیا ئیرانیكا (لەندەن: ڕۆتلیج ـ كێگان پۆڵ)، ل 410 ــ 412.

[9]*Islam Ansiklopedisi, Turkiye Diyanet Vakfi, (Ankara: DiyanetVakfi), XV, pp. 283 - 285*

[10]*Memoire de Maitrise, Universite Paris – IV-1980*

[11] نامەی دكتۆرا، زانكۆی جۆرج تاون، 2005.

[12]مجلة المجمع العلمی الكردی (بەغدا) ژمارە (2) 1974: 182 ــ 221.

[13] لە كتێبی ئەحمەد یەشار ئۆجاك "سۆفیزم و سۆفییەكان لە كۆمەڵگای عوسمانیدا"، *(Ankara Turk Tarih, Kurumu, 2005), p. 279 - 314.*

[14] "ئینسكلۆپیدیای ئیسلام"، د مزگای وەقفی ئایینی توركی، ژمارە ( 15)، ل 295ـ296، جەی ئێل ئێسپۆسیتۆ لە "ئینسكلۆپیدیای ئۆكسفۆرد لەمەڕ جیهانی ئیسلامی مۆدێرن"، (نیویۆرك: چاپی زانكۆی ئۆكسفۆرد، 1995)، ژمارە ( 3)، ل 226 ــ 229.

[15] ئوتریخت: زانكۆی ئوتریخت، 1978، (لەندەن: زەد بووكس، 1992).

[16]*Ankara: Sor Y.* 1993،

[17] گۆڤاری مێژووی سۆفیزم، *Journal of the History of Sufism* ژمارە (3)، 2001، ل 199 ــ 221.

[18] ئۆستن ـ تەكساس: زانكۆی تەكساس، 1989.

[19]نامەی دكتۆرا، پاریس *IV*، 1983.

[20] گۆڤاری لێكۆڵینەوەی كوردی (پاریس)، ژمارە (1) 1984: ل 55 ـ 67

(21) ئێلیزابێس ئۆزدالگە ، "نەقشبەندییەکان لە ڕۆژئاواو ناوەڕاستی ئاسیا"، (ئەستەمبووڵ: ئینستیتیوتی لێکۆڵینەوەی سوێدی، 1999)، ل 89 ــ 100.

(22) تاران: ئینتیشاراتی تەوەککولی، 1999.

(23) تاران، سرووش، 1985.

(24) ئەبو مەننە، "لێکۆڵینەوە لە سەر ئیسلام"، ل 41 ــ 57.

(25) هەمان سەرچاوە، ل 59 ــ 71.

(26) هەمان سەرچاوە، ل 125 ــ 140

(27) هەمان سەرچاوە، ل 125 ــ 140

(28) ئەستەمبووڵ، سەها، 1984

(29) دەزگای وەقفی ئاینیی تورکیا، ئینسلۆپیدیای ئیسلام، ژمارە (15)، ل 296 ــ 299.

(30) ئەستەمبوولْ: کیتابەڤی، 2000.

(31) ئۆزدالگە، "نەقشبەندییەکان لە ئاسیای ڕۆژئاواو ناوەندا"، ل129 ـ 146.

(32) ئەستەمبووڵ: مەتیس، 1991.

(33) گۆڤاری ڕاپۆرتی جیهانی ئیسلام، ژمارە 1:3 ، ساڵی 1996، ل 51 – 67 ، *Islamic World Report*

(34) ماساتۆشی کیسایچی "بزووتنەوە میللییەکان و دیموکراتیزە لە جیهانی ئیسلامدا"، (لەندەن: ڕۆتیلج، 2006)، ل 43 ــ 56.

(35) گابۆری "نەقشبەندییەکان"، ل 407 ــ 420.

(36) گۆڤاری لێکۆڵینەوەی تورکی، ژمارە (24)، ل 133 ـ 151 ، *Turcica XXIV (1992)*.

(37) "ئیسلامی کوردەکان ــ مێژوویەکی تری ئیسلام" ، 1998، ل 109 ــ 123.

(38) لایدن: بریل، 2001.

(39) وایزمەن "تاقیکردنەوەی مۆدێرنیتە"، ل 146 ـ 147.

(40) ئۆکسفۆرد: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد، 1990.

(41) گۆڤاری جیهانی ئیسلام، ژمارە 3:43، ساڵی 2003، 372 ـ 349 ، *Die welt des Islam*

(42) گابۆری "نەقشبەندییەکان"، ل 589 ــ 601.

(43) "ئیسلامی کوردەکان ــ مێژوویەکی تری ئیسلام" ، 1998، ل 125 ــ 139.

(44) ئۆزدالگە "نەقشبەندییەکان لە ئاسیای ڕۆژئاواو ناوەندا"، ل101 ـ 115

(45) لەندەن: فرانك كاس، 1994.

(46) لەندەن: هێرست، 2000.

(47) *1963Moscow: Izdate.l'stvo Akademii Nauk SSSR*

(48) *Istanbul: Gozde Kitaplar Y.1987*

(49) ئەڵما ـ ئاتا: بنکەی بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیی ناووکا ـ کۆماری کازاخستان، 1963.

(50) لەندەن: هێرست ، 2006.

(51) گۆڤاری ڕووپێویی ئاسیای ناوەند، 2:4، دیسەمبەری 1983، ل 81 – 107، *Central Asian Survey*

(52) جۆ ئان گرۆس، "ئیسلامەکان لە ئاسیای ناوەندا: گوزارشکردن لە شوناس و گۆڕانکاریدا"، (دورهام: چاپی زانکۆی دۆك، 1992)، ل 112 ــ 113.

(53) سینگاپوور: ئنیستیتیوتی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسیی مالیزیا، 1963.

(54) سۆلۆ: ڕەمەزانی، 1985.

[55] کوالالامپور، خەزانەی فەتحانییە، 2000.

[56] سورابایا: "ئەلئیخلاس"، 1980

[57] گابۆری: "نەقشبەندییەکان"، ل 297 ــ 706.

[58] هامبورگ: ئینستیتیوتی لێکۆڵینەوەی ئاسیایی، 1990، ل 17 ــ 74.

[59] گابۆری، "نەقشبەندییەکان"، ل 707 ــ 715.

[60] باندۆنگ: میزان، 1992، ساڵی 1994 یش جارێکی تر چاپکراوەتەوە.

[61] ئەبو مەننە، "لێکۆڵینەوە لە سەر ئیسلام"، ل 27 ــ 40.

[62] گیل ڤینشتاین، "عوسمانییەکان و مەرگ: مانەوە و گۆڕان"، (لیدن: بریل، 1996).

[63] ڕەیمۆند لیفشێز، "تەکیی دەروێش"، (بێرکلەی و لۆس ئەنجلس: چاپی زانکۆی کالیفۆرنیا، 1992)، ل 209 ــ 227.

# 3

**بوترس ئەبو مەننە**

# تەریقەتی خالیدی و سەلەفییەت لە بەغدا، دوای شێخ خالید

## پــێــشــەکــی

لە بابەتێکدا کە پێش چەند ساڵێکی کەم بڵاوکراوەتەوە بە ناونیشانی "سەلەفییەت و سەرهەڵدانی تەریقەتی خالیدی لە بەغداد لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا" [1] ، ئاماژەم داوە بە سەرهەڵدان و فراوانبوونی ئاڕاستەیەکی سەلەفی لە بەغدا لە دەوروبەری سەدەی نۆزدەهەمدا. ئەم ڕێبازە یەکەمجار لە لایەن شێخ عەلی ئەلسوەیدییەوە بانگەشەی بۆ کرا، کە حەدیس گێڕەوەیەکی ڕابەر بوو لە بەغدا و کتێبەکەی بە ناوی "العقد الثمین فی بیان مسائل الدین" کە ساڵی 1799 نووسراوە دەکرێ بە یەکەم فۆرمەلەی بیروبۆچوونی ئایینی ئەم ڕێبازە دابنرێت لە سەردەمی نوێدا جیا لە نووسینەکانی محمد بن عبدالوهاب. ئەم بیروبۆچوونە تاڕادەیەك لەهەمان کاتدا لە لایەن عبدالعزیز الشاوی یەوە گەیشتە بەغدا،کە دەمڕاستی بنەماڵەیەکی ناودار و ڕەسەنی ئەو شارە بوو [2]، من لەو بابەتە پێشتر بڵاوکراوەدا ئەوەم پیشان داوە کە دیدو بۆچوونی هەردوك سوەیدی و شاوی لەژێر کاریگەریی مەزهەبی وەهابیدا بووە. بێجگە لەوەش، من لەو بابەتدا وایبۆچووم کە ئامۆژگاری و بۆچوونە تایبەتەکانی شێخ خالید (کە وەك زانراوە سەرەتاکەی بە تەریقەتی نەقشبەندی ـ موجەددیدی دامەزراند لە لایەن شاە غولام عەلیی دەهلەوییەوە)و بەتایبەتی دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی تەریقەتی خالیدی لە بەغدا لە دەیەی دووەهەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، بە شێوەیەکی بەرچاو وەك کاردانەوەیەك هات بۆ تەشەنە کردنی بیروباوەڕی سەلەفی لە ناو زانایان و خەڵکی تری پایەبەرزی شاردا [3]. تەریقەتی خالیدییە، وەك دواتر بەم ناوە ناوبانگی ڕۆیشت، وەچەی نوێی گەنج و گەلێك لە زانایانی غەیرە عەرەبی بەغدای خستە سەر بیروباوەڕێکی ئاینی ئەڵتەرناتیڤ بۆ سەلەفییەت و بە مانایەکی تریش بە شێوەیەکی بەربڵاوتر.

## کۆچکردنی شێخ خالید بۆ دیمەشق

بەڵام شێخ خالید پاش نزیکەی یانزە ساڵی هەوڵ و کۆشش بۆ بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکەی لە سلێمانی و بەغدا بە شێوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە لە هاوینی ساڵی 1822 دا بە دڵشکاوی بەغدای جێهێشت و بە یاوەریی خانەوادەکەی و زۆرێك لە خەلیفەو جێگرەکانی ڕۆیشت بۆ دیمەشق [4]. ڕاستییەکەی شێخ خالید سەرەڕای تەرخان کردنی تەمەنی

خۆی بۆ بلاَوكردنەوەی بیروباوەڕی نەقشبەندی ـ موجەددیدی بە شێوەیەكی زۆر سەرسوڕهێنەر بە پێویستی زانی بەغدا جێبهێڵێ. ئەدەبی نووسراوی خالیدی بێدەنگە لە هۆكارەكانی ئەو بەجێهێشتنەی بەغدا، بەلاَم هاوشێوەییەكی تەواو هەیە لە نێوان بەجێهێشتنی بەغدا و دوو ساڵیش لەوەوپێش بەجێهێشتنی سلێمانیدا. چونكە واباوە كە بە كتوپڕی لە پایزی 1820 دا شێخ خالید سلێمانیی بەجێهێشتووە، كەوا خانەقای سەرەكیی هەرێمی كوردنشینی لەوێ بووە، بێ دۆعاخوازی لە فەرمانڕەواكەی كە یارمەتیدەری بووە. نووسەری كورد شێخ محەممەدی خاڵ كەوا ژیاننامەی شێخ مارفی نۆدێی بلاَوكردووەتەوە كە ڕكابەری شێخ خالید بووە لە سلێمانی، نووسیوێتی كەوا شەعبیەتی خالید لە ناو كورددا، مەحمود پاشای فەرمانڕەوایی بابانی شارەكەی تووشی نیگەرانی كردبوو بۆیە هەڵوێستی لە بەرانبەریدا گۆڕا. شێخ خالید لای خۆیەوە "كەوتە هەستكردن بەوەی كەوا پاشا خۆی لێ لادەداو ڕووی لێ وەرچەخاندووە"، بۆیە لە ترسی ئەوەی نەوەك شتێك ڕووبدات بە باشی زانی شارەكە جێبێڵێت[5]. بەلاَم هێندە لە خانەقاكەی خۆیدا نەمایەوە لە بەغدا و عەبدولڕەحمان ئاكرێی خەلیفەی خۆی نارد بۆ دیمەشق تاوەكو بزانێ ئاخۆ گونجاوە بگەڕێتەوە ئەو شارە. پاشان دووەم نوێنەری خۆری نارد، كە (أحمد الخطیب الأربیلی) بوو، كە پێدەچێت زەمینەی ڕۆیشتنی بۆ ئەوێ سازكردبێت[6]. بەدوای ئەمەدا و لە هاوینی 1822 دا شێخ خالید بەغدای بەجێهێشت بەرەو هەورامان، كە ناوچەیەكی شاخاوییە لە باشووری كوردستان و نیشتەجێی یەكێك لە گەورە خەلیفەكانی بوو، كە عوسمانی تەوێڵەیە. ئەوجا پاش ماوەیەكی كورت لەوێوە بە باكووری سوریادا چوو بۆ دیمەشق و بە ئاشكراش خۆی بە دوور گرت لە دۆعاخوازیی داود پاشای والی، وەك چۆن پێشتر هەمان هەڵوێستی لەگەڵ مەحمود پاشادا نواند.

بە واتایەكی تر دەكرێ گریمانەی ئەوە دابنێین كەوا بەغدا وەك پێشتر باوەشی بۆ نەكردووەتەوەو میوان پەروەریی نەنواندووەو هەڵوێستی داود پاشاش لە ئاستیدا وەك جاران نەبووە. بەهەرحاڵ، پاش ئەوەی شێخ خالید شارەكەی بەجێهێشت، دەنگوباس بلاَوبووەوە كەوا بڕی سێ هەزار لیرەی زێڕ قەرزاری بازرگانەكانی بەغدا بووە و داود پاشا لە خەزێنەی گشتی بۆی بژاردووە[7]. بەلاَم ناگونجێ لەگرێژەنەچوونی ئەم دۆخە بووبێتە هۆی كۆچكردنی یان هۆكاری راستەقینە بووبێت. كەوابوو پرسیارەك ئەوەیە كە چ شتێك بووە هۆی كۆچكردنی لە بەغدا؟ ئاخۆ هیچ شتێك لە هەڵوێستی داود پاشای والی بەغدا لە بەرانبەریدا هەبووە؟ ئاشكرایە كەوا داود پاشا وەك غولاَمێك لە گورجستانەوە هێنراوەو لە بەغدا گەورە بووەو ماوەی چەندین ساڵ لەو شارەدا زانستە ئیسلامییەكانی لەگەڵ ژمارەیەك زانای بەناوبانگدا خوێندووە.لە ماوەی فەرمانڕەوایی داود پاشادا (1817ـ 1832) بە پێی گێرانەوەی سلێمان فایەقی مێژوونوس، كە باوكی كەتخودای *Ketkhuda* پاشا بووە، كەوا هەوڵی زۆری داوە بۆ دروستكردنی مزگەوت و مەدرەسە (حوجرە) بەلاَم "مەیلی بەلای تەریقەتەكانی سۆفیگەرییەوە نەبووە"[8]. بەم پێیە وادیارە ئەم تەریقەتانە تووشی پشتگوێخستن و فەرامۆشكردن بوون لە ژێر دەسەلاَتی ئەمداو جا ئەگەر مەسەلەكە وا بووبێت لەوە تێدەگەین كە بۆچی خالید ئەو هەستانەی لادروست بووە كە چیتر مانەوەی لە بەغدا باش نیە.

ڕاستیەکەی خودی خالید خۆیشی ئاماژەی بەوە کردووە لە چەندین نامەدا کە لە دیمەشقەوە ناردوویەتی بۆ عوبەیدوڵای حەیدەریی گەورە خەلیفەی خۆی لە بەغدا. حەیدەری لە بنەماڵەیەکی ڕابەری سوننە مەزهەب بوو لەو شارەداو کوڕە گەورەی موفتیی حەنەفی بوو و وەك زۆربەی زۆری خەلیفەکانی خالیدیش بە بنەچە کورد بوو[9]. خالید یەکەمجار کە نامەی بۆ عوبەیدوڵا نووسی لە سەر پشتگوێ خستنی بنەماکانی تەریقەت سەرزەنشتی کردو بە "عدم المبالاة بشروط الطريقة" لە قەڵەمی دا[10] و ئاگاداری کردەوە کەوا پێویستە "ملکەچی شێخەکانی بێت (مەبەست لە خۆیەتی) و ڕێز لە پایەو مەقامیان بگرێت و..گوێ لەوانە نەگرێت کە کار بۆ ڕووخاندنی بناغەی خۆیان دەکەن، (من يهدمون أساسهم)[11]. بەهەرحاڵ نامەکە بێدەنگ بوو لەبارەی ئەوانەوە کە تۆمەتبار بوون بە هەوڵی "ڕووخاندنی" شێخ. کاتێ کە عوبەیدوڵا وەڵامی نەدابووە، خالید جارێکی تر بۆی دەنووسێتەوەو پرسیاری لێدەکات کە بۆچی "ماوەیەکی دوور و درێژە هیچ نامەیەکی لەوەوە پێنەگەیشتووە" [12].دواجار کە عوبەیدوڵا لە سەر داوای داود پاشا ئەوەی قبوڵ کرد کە جێی باوکی‌نەخۆشی بگرێتەوە وەك موفتی حەنەفی بەغدا بێئەوەی خالید ئاگادار بکاتەوە یان مۆڵەتی لێوەربگرێت ئەم زۆر تووڕە و نیگەران بوو و فەرمانی دا بە خەلیفەکانی لە بەغدا کە پەیوەندیی لەگەڵ ببچڕن بەو پێیەی کە لە ڕێی تەریقەت لایداوە و بەو پێیەش "بە تەواوی لەبەرچاوی کەوتووە"[13]. سەرەرای ئەوەش بۆی نووسین و فەرمانی پێکردن "کە تێکەڵی میرو ئاغاو پیاوەکانیان نەبن و هیچ کامێك لەوان و یاریدەدەرەکانیان ڕانەهێنن لە سەر ڕێوڕەسمی تەریقەت"[14]. ئەم نامەو نامەکاریانەی خالید لەگەڵ خەلیفەکاندا لە بەغدا ئەوە دەگەیەنێت کەواپەیوەندیی لەگەڵ داود پاشاو چینی فەرمانڕەوا لە شاردا تووشی قۆرتێکی وا هاتبوو کە چیتر مانای تێدا نەمابوو کە لەو شارەدا بمێنێتەوەو پێدەچێت ئەمە هۆکاری سەرەکی بوو بێت کەوا لە بەغدا کۆچ بکات، ئەو بەغدایەی کە لەوەوپێش باوەشی بۆ کردەوە و تەریقەتەکەی تێدا لەدایکبوو[15].

هەرچۆنێك بێت ساڵانی دواتر کارەکە بۆ تەریقەتی خالیدی لە بەغدا ڕووی لە خراپتر کرد. لە هاوینی ساڵی 1831 دا سوڵتان فەرمانی دا بە عەلی ڕەزا پاشای لاز، کە ئەو دەمە والیی حەڵەب بوو، کە بە لەشکرەکەیەوە بدا بە سەر بەغداداو داود پاشاو ڕژێمی مەملووکی لە سەر تەختی والییەتی ئەو ویلایەتە لابدات. عەلی ڕەزا گەمارۆی شاری بەغدای داو لەو ماوەیەدا تاعوون داکەوت و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکەکەی و بەرگریکاران تێداچوون. بەمجۆرە بەرگریی داود پاشا تێکشکاو پاش ئەوەی عەلی ڕەزا بەغدای داگیرکرد لە پاداشتی ئەوەدا کرا بە والیی ئەوێ [16]. لەولاشەوە داود بە دەستبەسەری برا بۆ ئەستەمبووڵ و ئیتر بەغدای نەبینییەوە. بۆ تەریقەتی خالیدی ئەم ڕووداوانە لە سەر دوو ئاست کۆسپی گەورەیان لێکەوتەوە. یەکەمیان، هەموو ئەو گەورە خەلیفانەی کە شێخ خالید لە دوای ڕۆیشتنی خۆی بە جێیهێشتن تاعوون لەناوبردن، بە عوبەیدوڵڵای حەیدەریشەوە کە لەو دەمەدا بووبووە موفتیی حەنەفی. لە نێو ئەم خەلیفانەدا مردنی شێخ محەمد ئەلجەدیدی، کە باشترین و جێمتمانەترین موریدو پۆستنشینی شێخ و سەرۆکی خانەقای خالیدی بوو لەو شارەدا[17]. ئەو کەسەی کە مایەوە ناوی عبدالغفور المشاهدی بوو و وەك ئەوانیتر کە کۆچی دواییان کردبووکارامەو بەتوانا نەبوو [18]. دووەمیان نەمانی ئامادەگییەکی بەهێزو بەرچاوی خالیدی‌لە شاردا هەل و دەرفەتی ڕەخساند بۆ باوەڕی متبووی سەلەفی کەوا جارێکی تر خۆی دەربخات و ببووژێتەوە.

## سەردەمی حوکمی عەلی ڕەزا لە بەغدا1831 ـ 1842

لە لایەکی ترەوە، ڕووخانی ڕژێمی مەملووك و کارەساتی تاعون دەستی عەلی ڕەزا پاشای والیی تازەی والآ کرد لە حکومەتەکەیدا. ئەم پیاوە بە حوکمی ئەوەی "لە سەر بیروباوەڕی بەکتاشی و دڵسۆزی ئەهلی بەیت بوو" (واتە نەوەی پێغەمبەر [19])، بۆیە بە ئاشکرا حەزی بە تەریقەتی خالیدی نەدەکرد و بەزۆری پێدەچێت ئاگای لەوە بووبێت کە پەیرەوانی نەقشبەندیی موجەددیدی و خالیدی چ ڕۆڵێکیان گێڕاوە بۆ لێدان و لەناوبردنی یەنگیچەری و تەریقەتی بەکتاشی تەنها پێنج ساڵ لەوەوپێش لە ئەستەمبووڵدا [20]". بێجگە لەوەش عەلی ڕەزا خیارێکی کەمی لەدەستدابوو سەبارەت بە ئەولەوییەتە سیاسییەکانی. سەردەمی حوکمی ئەم لە بەغدا کە ساڵانی 1830 گرتەوە هاوکات بوو لە گەڵ داگیرکردنی سوریادا لە لایەن هێزەکانی محەمەد عەلیی میسرەوە، کە ناچاری کرد هەمیشە سڵ و گوێقوڵاخ بێت بە درێژایی ئەو دە ساڵە و نەتوانێ هاوپەیمانیی ببەستێت لە گەڵ زانایان و پایەدارەکانی شاردا.بە پێی ئەم باکگراوندە دەکرێ لە سیاسەت وئەولەوییاتەکانی بگەین.

عەلی ڕەزا لە سەرەتاوە هەوڵی ئەوەی دەدا دڵسۆزیی دەمڕاستەکانی عەرەب و زاناکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و ئەمەش تاڕادەیەك هەوڵەکانی سلێمان پاشای گەورەمان بیردێنێنەوە، کە لە ساڵانی ( 1779ـ 1802) والییەکی مەملووکی باڵادەستی ئەم ویلایەتە بووە [21]". یەك لەم پیاوماقووڵانە عبدالباقی العمری بوو، کە لە بنەماڵەیەکی عەرەبی ناوداری مووسڵ و مەدەنی بوو نەك سەربازی و عەلی ڕەزا بە جێگری خۆی دایناوو "واتە کوێخا یان کەتخودا"، بەڵام تەنها بۆ ماوەیەکی کەم [22]، چونکە لە ڕژێمی مەملووکییەکاندا کەتخوداکان بە عادەت هەر لە ناو دەستە و تاقمی خۆیاندا هەڵدەبژێران. هەرچەندە لە ژێر فەرمانڕەوایی مەملووکەکانی ئەم دواییەدا زانایەکی کورد لە پۆستی موفتیی حەنەفیدا بوو، بەڵام عەلی ڕەزا زانایەکی عەرەبی لە شوێن دامەزراند پاش چۆڵبوونی ئەو شوێنە بە مردنی عوبەیدوڵا حەیدەری بە تاعوون. هەڵبژاردنی عەلی ڕەزا کەوتە سەر عبدالغنی الجمیل کە زانایەکی کارامەی بەغدا بوو [23].کاتێ ئەم بەرەنگاری پیاوەکانی حکومەت بووەوە کە لە هەندێ بنەماڵەی دیاری بەغدا بوون، ڕەزا بە زانایەکی تری بەغدا گۆڕی، کە ناوی محمد سعید الطبقحلیبوو لە ساڵی 1832 دا. پاشان لە ساڵی 1834دا و لە سەر ئامۆژگاری العمری زانایەکی گەورەی لەم پۆستەدا دانا کە محمود شهاب الدین الآلوسی بوو [24]. بێجگە لەوەش بە سەرۆکی مورشیدی قوتابخانەی مەرجانی دانا، کە پۆستێکی تەرخان بوو بۆ کارامەترین زانای بەغدا [25].

ئەم دامەزراندنە مەیلی عەلی ڕەزای دەگەیاندا بەلای چینی باڵاو ناوەنجیی عەرەبی بەغدادا. بە واتایەکی تر، دوابەدوای ئەم دامەزراندنانەو بە دیاریکراویش تاعوون وسیاسەتەکانی عەلی ڕەزا، پێدەچێت تەریقەتی خالیدی لە پاش ساڵی 1831 تووشی پاشەکشەیەك بووبێت لە بەغدا، بەڵام بارودۆخەکە لە ناوچە کوردییەکاندا وا نەبوو. چونکە لەم ناوچانەدا خەلیفەکانی خالیدی بێ ڕکابەریان بۆ بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکە دەکرد بە تایبەتی شێخ عوسمانی تەوێڵە لە هەورامان [26] و شێخ تەهای نەهری لە هەکاریدا [27]. بەڵام ئەمە لە چوارچێوەو مەودای ئەم بابەتەدا نیە.

## سۆفیزم و سەلەفییەت لە سەردەمی حوکمی عەلی ڕەزادا

بەم ڕەنگە، شتێکی کەم لە سەر چالاکیی تەریقەتی خالیدی دەبیسترێ لە ماوەی حوکمی عەلی ڕەزادا لە بەغدا. عبدالغفور المشاهدی، کە تاقە خەلیفەی گەورەیە لەو شارەدا مابێتەوە، لە بەر گەلێ هۆکار نەیتوانی هێزو گوڕی پێشتر بگێڕێتەوە بۆ ئەم تەریقەتەو[28] کاتێ لە ساڵی 1838 دا بێ وەچە خستنەوە کۆچی دوایی کرد شێخێکی گونجاوی خالیدی نەبوو جێگەی بگرێتەوە وەك ڕابەری خانەقای خالیدی لەو شارەدا. دواجار ئیبراهیمی برای چووە شوێنەکەی بەڵام خاسیەت ڕابەر و مورشیدێکی سۆفیی تێدا نەبوو[29]. سەبارەت بە تەریقەتی تریش و بە تایبەتی قادری کە دەبوو چالاك بوایە بەڵام بە دوای تەشەنەکردنی بیروباوەڕی سەلەفییەتداو هەڵوێستی هەندێ لە فەرمانڕەوا مەملووکەکان لە ئاست تەریقەتەکانی سۆفیگەریدا ئەم تووشی پەراوێزخستن هات و نەچووەوە دۆخی جارانی تا ساڵانی 1840کان وەك دواتر دەیبینین[30]. تەریقەتی سێهەم کە ڕەفاعی بوو و دەمێك بوو لەو شارەدا دامەزرابوو لەو دەمەدا چالاکییەکی کەمی هەبوو[31]. خاوبوونەوەی چالاکیی سۆفیگەری لە بەغدا، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کاتیش بوو، هەل و دەرفەتی ڕەخساند بۆ باوەڕی سەلەفییەت کە بێ مێملێ و ڕکابەر خۆی تەیار بکاتەوە. لەم دەمەدا سەرنجی ئەوە دەدرێت کەوا گەلێ لە عولەمای عەرەب و کەسایەتییە ڕابەرەکانیان و لەوانەش محمود الآلوسیی موفتی و محمد أمین الواعظی موریدی و چەندی تر بیروباوەڕی سەلەفێتی خۆیان دەردەبڕی چ لە نووسینەکانیاندا یان لە تەعالیم و وەعزو ئیرشادەکانیاندا[32]. سەبارەت بەو دەوروبەرەی کە عەلی ڕەزا بەرەوڕووی دەبووەوەو بە تایبەتی"ئەقڵ و مێشك کراوەیی ئەو خۆدوورگرتن لە دەمارگرژی[33]"، بە ئاشکرا لە بیروباوەڕی بەکتاشییەکەیدا ڕەگی داکوتابوو. لە بەر ئەوە کۆسپی نەدەخستە ڕێگەی چالاکییان. ئەم چالاکییە لە سەر دوو ئاست گوزارشی لە خۆی دەکرد: ئاستی ئایینی و بووژانەوەی ئەدەبی عەرەبی[34]. لەم نووسینەدا ئێمە تیشك دەخەینە سەر یەکەمیان هەرچەندە هەردوو بزووتنەوەکە یەکتریان تەواو دەکرد.

## سەلەفییەت و سۆفیزم و ئیسلامی باو لە بیر و هزری ئالووسیدا

ئالووسی یەکەمجار کە دەستی کردە خوێندنی کاروباری ئیسلامی، لە سەر دەستی عەبدوڵای باوکیدا بوو کە لە بەغدا مامۆستا بوو و بە تایبەتی تریش لە سەر دەستی علی علاءالدین الموصلی، کە ڕابەر و واعیزێکی پایەبڵند بوو و لە سەر دەستی ئەم ئیجازەی عیلمیی وەرگرت. بەڵام دیسان لە گەڵ شێخ عەلی ئەلسوەیدیشدا خوێندوویەتی، کە پێشتر باسمان کرد کەوا بیروباوەڕی سەلەفێتیی لە بەغدا بڵاوکردەوەو لە کتێبەکەیدا "العقد الثمین" دەریدەبڕێت. سوەیدی، وەك دواتر دەبینن، پێدەچێت کاری کردبێتە سەر ئالووسی و سەلەفێتی لا چەسپاندبێت. لە گەڵ ئەوەشدا، ئالووسی لە تەمەنی گەنجی و هەرزەکاریدا چووەتە حوزووری شێخ خالیدو داوای لێکراوە بێتە ناو تەریقەتی خالیدییەوە، بەڵام وەك خۆی دەیگێڕێتەوە، شێخ بەڵێنی داوە ئەو تەمەسسوکەی پێبکات وەلێ دواتر خۆی لاداوە لە

جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی [35]. بە هەر حاڵ، ئالووسی وەك زانایەکی گەنج، ئەو دەمە بە گومانەوە بۆچوونە سەلەفییەکانی وەرگرتبوو. بەم چەشنە، لە ناوەڕاستی ساڵانی 1820کاندا ئەسعەد حەیدەریی موفتیی حەنەفی لەو کاتەداو براکەی کە موفتیی شافیعی بوو و کەسایەتییەکی پایەبەرزی سێهەمیش، کە هەرسێکیان هەواداری تەریقەتی خالیدی بوون چوونە لای داود پاشای والی بەغداو شکاتی ئەوەیان لە ئالووسی کرد کە لە وەعزدادانێکی گشتیدا نەفرەتی لە إبن حجر الهیثمی (یان الملکی) کردووە، بەڵام داود پاشا گوێی لە تۆمەتبار کردنی لەو چەشنە نەگرت و بە کینە لەدڵ لە قەڵەمیدان[36]. بە هەر حاڵ، ئالووسی پابەندیی خۆی بە سەلەفییەتەوە لە چەندین نووسیندا دەربڕیوە و بە تایبەتی لە کتێبی لێکدانەوە و سەرنجدان لە قورئان بە ناوی "روح المعانی" کە لە دوادوایی ساڵی 1836 دا دەستیدایە نووسینی و نزیکەی دوو ساڵ دوای ئەوەی بە موفتی دامەزرا [37]. بەم چەشنە لە سەرنجدانیدا سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ خودا "الحیّ" لە ئایەتەلکورسیدا "آیة الکرسی" دەنووسێت "ڕەنگە درك بەوە بکەیت کە من دەیڵێم هەوادارییەکە بۆ مەزهەبی سەلەف و .. با ئاوها بێت[38]". وەك دواتر دەبینین ئەو پشتگیری لەم دیدە دەکات سەرباری گەلێ کۆسپ و تەگەرەش. کاتێ لە ساڵی 1851 ئالووسی سەفەری ئەستەمبووڵ دەکات، دەکەوێتە چەندین گفتوگۆ و مشتومڕەوە لە گەڵ عارف حیکمەت بەگی شێخ و ئیسلامدا، کە زانایەکی ئاینیی پایەداری گەورە دەبێت. ئالووسی لەو بارەیەوە لە سەری دەڕوات و دەڵێ: "تەزووییەك لە خۆشی سەرتاپا گیانمی داگرت و بوێرییەکم هاتێ کە بیروباوەڕی خۆمی بۆ دەربخەم [39]. لە گەڵ ئەوەشدا ئالووسی بیروباوەڕی خۆی بەئاشکرا دەردەبڕێ لە "مەقاماتەکەیدا"و تێیدا ئامۆژگاریی منداڵەکانی دەکات کەوا "لە مەسەلەی باوەڕدا دەبێ پەیڕەوی مەزهەبی سەلەفی بکەن...."[40]، وەك زانراویشە تەنها یەك لە منداڵەکانی بە ناوی نوعمان خەیرەدین و کوڕەزایەکی بە ناوی مەحمود شوکری پەیڕەوی ئەم ئامۆژگارییانەیان کردووە. ڕاستیەکەی، بە پێی گێڕانەوەی عەززاوی کەوا ژیاننامەیەکی کورتی بۆ نووسیوە، ئالووسی "لە ڕێگەی تێبینی و سەرنجەکانیەوە کەوتە بانگەشە کردن بۆ بیروباوەڕی ئیبن تەیمییە.. بەڵام، بێ سڵکردنەوە، ئیشارەتیشی بۆ ڕای دژواری إبن حجر الهیثمی دەکرد دژ بە ئیبن تەیمییە و مەسەلەکەی بۆ خوێنەر خۆی جێدەهێشت کە بڕیار بدات[41]. بەڵام لە دوو بەرگی دواییدا ( 8 و 9) بەشیر م. نافیع لە بابەتێکی لێکۆڵینەوەی تۆکمەدا دەنووسێت کەوا ئالووسی "بێگوێدانە کۆسپ و تەگەرەی سیاسی و ئایدۆلۆجی. بێ ترس لە گەڵ زۆربەی کەسایەتییەکاندا پێناسەی بیری قوتابخانەی سەلەفییەت دەکەن"[42].

ئێمە ئەگەر بێینە سەر پێناسەکردنی بنەماکانی "بیری قوتابخانەی سەلەفی"، وەك چۆن لە لایەن ئالووسی یەوە ڕوونکراوەتەوە، دەکرێ لە سێ بنەمای سەرەکی بگەین: یەکەم، باوەڕی باڵایی خودا "الفوقیة" . ئەو دەنووسێت کە "مەزهەبی سەلەف سەلماندن وجەختکردنە لە باڵایی خواوەند وەك لە لایەن ئیمامی تەحاوییە باسی لێوە کراوە[43]. ئەوجا زیاتر لە سەری دەڕوات ودەڵێت، بێجگە لەوەش "زاتی خودا خۆی ئامادەیە و تێکەڵ بەم دنیایە نابێت [44]. سەبارەت بە سیفەتەکانی خوداش دەڵێ "سەلەف و ئەشعەری باوەڕیان وایە کە ئەمانە سیفەتی جێگیرن "صفات ثابتة" و لە ئیدراکی ئێمە بەدەرن" بێ باسکردنی کاراکتەری بنیادەم بۆ زاتی خوداوەند، بۆ نموونە ڕەتکردنەوەی

تەشبیە یان تەجسیم "واتە پێدانی سیفەتی بنیادەم بۆ زاتی خوداوەند، بۆ نموونە ڕەتکردنەوەی تەشبییە یان تەجسیم "واتە پێدانی سیفەتی بنیادەم بە خودا *anthropomorphism*" و ئەوەش دەخاتە سەری کەوا "کەس لەو ناچێت "کەس یان هیچ شتێ لەو ناچێت ـ لیس کمثله شیء" [45]. دووەم، سەلەفییەکانی ئێستا وەك وەهابییەکان، کە کاریگەرییان لە سەریان هەیە، بە توندی پابەندی قورئان و سوننەن. هەروەها بانگەشە بۆ ئیجتیهاددەکەن "واتە بەکارهێنانی ئەقڵ و ئاوەز" و تەقلید ڕەتدەکەنەوە، "واتە کوێرانە شوێن دەسەڵاتی پێش خۆت بکەویت". ئالووسیش هەروایکرد بەڵام خاڵی جیاوازیی لە گەڵ ئیبن عەبدولوەهاب و موریدە بەراییەکانیدا ئەوەبوو کە ئەم ئیجماعی یەکەم سێ نەوەی قبووڵ کرد، وەك لە حەدیس وەریگرتووە "باشترین سەدە و سەردەم ئەوەی منە و پاشان ئەوی دواترو دواتر"[46]. سێیەم، سەلەفییەت دەقاودەق قورئان لێکدەداتەوە "المعنى الظاهر" لە بەرانبەر غەیرە سەلەفییەکاندا کە مەیلیان بە لای لێکدانەوەی تەئویلەوە هەیە. ئالووسی دەنووسێت "سەلەفییە ڕابەرەکان خۆ لە تەئویل لادەدەن و دەیانەوێت دەقاودەق لە تێکستەکە بگەن و ماناکەی سپاردەی خودا دەکەن ـ واتە تفویض"[47]. چوارەم، مەسەلەکانی پەرستنشەخس و پیرو شەفاعەتکردنی پێغەمبەرو پیاوچاکان و سەردانی مەرقەدو مەزارەکان و هەموو ئەم خاسییەتانە چەمك و تێگەیشتنی ئالووسی پێکدێنن لە سەر سەلەفییەت.

هەرچەندە کاری ئێمە لێرەدا شیکردنەوەی هەموو ئەوانە نیە، بەڵام لە خاڵی چوارەمیان دەکۆڵینەوە کە پەیوەندییەکی بە باسەکەمانەوە هەیە. ئالووسی سەرلەبەر سۆفیگەریی ڕەتنەکردووەتەوە و تەنانەت وەسێتی بۆ کوڕەکانی کردووە کە دڵ و دەروون پاك بن لە گەڵ سۆفییەکاندا (حسن ظنّ) [48]. ساڵی 1853 لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا لە ئەستەمبووڵەوە بۆ بەغدا، والیی دیاربەکر پرسیار لە ڕاوبۆچوونی دەکات لە بارەی شێخەکانی سۆفیگەرییەوە، ئەویش لە وەڵامدادەڵێ "ئەوانەی کە لە جونەید (کە 910 مردووە) دەچن لۆمەیان لە سەر نیە" و ڕێزی زۆریشی بۆیان هەبووە. بەڵام ئەوانەی وەك ئیبن عەرەبی بوون "کە مانای دەقاودەقی درۆ و دەلەسە یان (باطل) ی بۆ بەکاردەهێنان"و ڕەتیدەکردنەوە [49]. سەرەڕای ئەوەش جارێکی تر لە سەرنج و تێبینییەکانیدا دەچێتەوە سەر ئەو چەمك و تێگەیشتنەو دەڵێ پیاوچاکانی تەواو (الأولياء الكاملون) ئەوانەن کە بە پێی شەریعەت ڕەفتار دەکەن و ئەوانەی بە پێچەوانەوە دەجووڵێنەوە "دۆستی شەیتانن"، (أولياء الشيطان) [50]. بە واتایەکی تر سۆفیگەریی ڕێك و ڕاست کەوا پێچەوانەی قورئان و سوننەت نەبووە لای ئەم پێی قایل بووە. بەڵام تیۆسۆفیی ڕەتکردووەتەوە "واتە خواناسی لە ڕێگەی کەشفی سۆفی و تێڕامانەوە ـ وەرگێڕ"، هەروەها دژایەتیی بیروباوەڕ و ڕاهێنانی سۆفیگەریی میللی و باوی دەکرد.

ئالووسی کارو کردەوە تایبەتەکانی هەندێ تەریقەتی ڕۆژگاری خۆی بە "بیدعەی خراپ" [51] لەقەڵەمدەدا و دەنووسێت کەوا "هەندێك لە سۆفییەکانی ئەم سەردەمە، کافرانی زەندیق لەچاویاندا خواناسن"[52]. ئەم پەیڕەوانی تەریقەتی ڕەفاعی جیادەکاتەوە و بە خوا نەناس تۆمەتباریان دەکات و لە نووسینێکیدا دەڵێ ئەوەی کە ئێمە دەیبینین و لە لایەن هەندێ لە ڕەفاعییەکانەوە دەکرێت "لە بیدعەت و زەندەقەوە دوور نیە". ئەمانە خۆیان فڕێدەدەنە ناو تەنووری پڕ لە گڕ و کڵپەوە و خۆ لەتوپەت دەکەن بە تیغی جۆراوجۆر بە دەنگی بەرز و

خوتبەئاسا ناوی مانا تەمومژ دێنن. ئەو شتانە بەو شێوەیە نەبوون لە سەردەمی شێخ ئەحمەدی ڕەفاعیدا، کە دامەزرێنەری تەریقەتەکە بووە. ئەوەش دەڵێ کەوا ڕەفاعی بە تەواوی پابەندی ئەحکامی سوننە بووە و خۆی لە بیدعەت پاراستووە، بەڵام ئەو کارو کردەوە ناپەسەندو خراپانە لە دوای داگیرکردنی مەغۆلەوە بۆ عێراق لە ناو تەریقەتی ڕەفاعیدا بلاوبووەتەوە[53].

بێگومان گەلێ لە موسڵمانانی باوەڕدار هاوڕان لە گەڵ ئالووسیدا سەبارەت بەم مەسەلەیە. بەڵام ئەمە هەموو شتێك نیە. پرسیارێك كە مشتومڕێکی زۆری بەرپا کردووە، وەك لە خوارەوە دەیبینین، مەسەلەی شەفاعەت و پاڕانەوە بووە لە پیاوچاکان. ئەو ئایەتە قورئانییەکە (بە دوای ئەو هۆکارانەدا بگەڕێ کە پێیبگەیت ـ وابتغوا اليه الوسيلة )، (قورئان سوورەتی 6، ئایەتی 36) وا لێکدەداتەوە کە پاڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت لە خودا و نەك لە ڕێگەی شەفاعەتی هیچ مەخلووقێکەوە.وەك نموونەیەك بۆ ئەمە، فەرموودەیەکی پێغەمبەر دەهێنێتەوە کەوا عوسمانی کوڕی حەنیف دەگێڕێتەوە کە پیاوێکی نابینا هاتووەتە خزمەتی پێغەمبەرو داوای لێکردووە لە جیاتی ئەم لە خودا بپاڕێتەوە:

"خودایە ڕوومکردە قاپیی تۆ و بۆ خاتری پێغەمبەری خۆت بەزەییت پێمدابێتەوە" [54]. مەبەستی ئالووسی لە هێنانەوەی ئەم فەرموودەیە ئەوەبوو کە تەنانەت پێغەمبەر خۆیشی لەبری پیاوە نابیناکە نەکەوتە نێوانەوەو فەرمانی پێکرد ڕاستەوخۆ خۆی لە خودا بپاڕێتەوە. کەواتە ئەگەر پێغەمبەر لە ژیانی خۆیدا ئەوەی کردبێت ئەی چۆن پاش مردنی ئێمە داوا بکەین شەفاعەتمان بۆ بکات؟ بە هەمان شێوە ئەمە بۆ ئەولیا و پیاوچاکانیش هەروایە. کەواتە ئەنجامگیریی ئەوەیە کە "حیکمەت و ئەقڵ لەوەدایە لە کەسێك نەپاڕێیتەوە کە نە دەبینێ و نە دەبیستێ و نە دەتوانێ زیان لە خۆی دوور بخاتەوە[55]، بە واتا کەسێکی مردوو. ئالووسی ئەوەی ئیدانەو مەحکووم دەکرد کە سۆفییەکان دەیانکردو لە نێو ڕەشەخەڵکەکەشدا بە بەربلاوی تەشەنەی کردبوو، چەشنی پاڕانەوە لە سەر گۆڕی پیاوچاکان و دۆعاو نزاکردن بۆ شەفاعەتیان[56]. ئەو بەمانەی نەدەوت ئەولیا (واتە دۆستی خودا)، بەڵکو پێیدەوتن "أهل القبور"، (واتە مردووی گۆڕستان) و سەری لەوە سوڕدەما کە چۆن موسڵمانان لەمانە دەپاڕێنەوە "کە نە زیانیان هەیە و نە قازانج و (داوایان لێدەکەن) نەخۆشی چاك بکەنەوەو هەژار دەوڵەمەند بکەن و.. خەم بڕەوێننەوە"[57].

ئالووسی دەنووسێت کەوا خەڵك لە مەترسی و تەنگانەدا هاوار بۆ خدر و ئیلیاس و عەباس یان شێخێکی تایبەت دەبەن و ڕاستەوخۆ هانا بۆ خوا نابەن. هەروەها دەڵێ "ئێمە بەداخەوەین بۆ ئەم سەردەم و زەمانە کە جەهل پەرەیسەندووەو خەتاو گوناه لە ترۆپکدایەو شەریعەت پشتگوێ خراوە..."[58]. بە مانایەکی تر، ئالووسی بە گشتی سۆفییەکانی زەمانی خۆی لە ڕووی ئاکار و ئاینەوە بە هەڵە دەزانێت و بە توندی سەرزەنشتیان دەکات لە تێبینی یەکان و نووسینەکانی تریدا. هەروەها نووسیویشێتی "دەوترێت کەوا پێوەری جۆراوجۆری (هەڵسوکەوت) هەیە لەم جیهانەدا و گەورەترینی ئەم پێوەرانە شەریعەتە ... بەڵام لە ڕۆژگاری ئێستادا سۆفییەکان ئەم پێوەرەیان لە کارخستووە، خوا پەنامان بدات و بە خەتاو گوناهی ئەوانمان لە گەڵ نەکات"[59].

ئالووسی، ڕوون و ئاشکرا لە دیدێکی سەلەفییەوە زۆر داخ لەدڵ بوو بەرانبەر بە سۆفییەکانی سەردەمی خۆی. لەڕاستیدا ئەو تەنها لە بارودۆخی تەریقەتەکانی سۆفیگەری پەست و نیگەران نەبوو، بەڵکو جەختی لەوەش دەکردەوە کە شێخەکانی ئەم تەریقەتانە دوورن لەوەی پیاوچاك و خواناس بن. بە بەراوردیش لە گەڵ زانایانی ئاینیی "أهل الشريعة"دا پلە و پایەی زۆر نزمی بۆ دادەنان[60].

بە هەر حاڵ، ڕەنگە ئەو هۆکارێکی شەخسیشی بووبێت بۆ ڕق هەڵگرتن لەو شێخانە و ڕەنگە بە هۆی نزیکییانەوە بووبێت لە دەسەڵاتەکانی عوسمانی لە بەغدادا کە ئالووسی بە ستەمکاری دادەنان. سەیر نیە کە لە دوا بەرگی "تێبینییەکانی"دا، کە پاش لە موفتێتی خستنی نووسراوە، تەماشا بکرێ ئەوانەی ئیدیعای سۆفێتییان کردووە "خۆیان کردووە بە دۆستی ستەمکاران و پشتگیرییان کردوون لە کارە خراپەکانیاندا و ملکەچیی خۆیانیان بۆ دەردەبڕن، لە بەر ئەوە پێویستە باوەڕداران خۆ دوور بگرن لەم چەشنە کەسانە"[61].

عبّاس العزّاوی، لە کتێبی کورتە بایۆگرافیای ئالووسیدا و بە ئاگابوونیەوە لە دیدو بۆچوونەکانی هاوشانی ئەو زانا ئاینییە بەناوبانگانەی کردووە، وەك ئەلبیقاعی، کە هێرشی کردووەتە سەر سۆفیزم و علی القاریءو ئیبن کەمال[62]. ڕاستیەکەی باسەکەی جیب لە بارەی ڕەشید ڕەزا و ئەلەنارەوە کەوا سەرلەنوێ "ناکۆکی و ململانێ کۆنەکەی دەستپێکردووەتەوە لە نێوان یەکتاپەرستیی توندو سۆفیگەریدا"، بە تەواوی یەکدەگرێتەوە لە گەڵ ئالووسیی گەورەداو بە سێ پشت لە پێش ڕەشید ڕەزاوە[63].

## سۆفیگەری و سەلەفییەت لە ژێر سایەی نەجیب پاشای گورجیدا

لە عەلی ئەلسوەیدی بەدواوە لە کتێبەکەیدا "العقد الثمين"هێرش و پەلامارێکی وا بۆ سەر بیروباوەڕی سۆفیگەریی نەریتی و ئاکارو کرداری لە ئارادا نەما. ئەڵبەتە ئەمە ڕۆڵی خۆی هەبوو لە بنکۆڵ کردنی پایە و مەقامی شێخە سۆفییەکان و تەریقەتەکانیان لە بەغدا. بەڵام لە سەروو هەموو شتێکەوە ئەمە پێچەوانەی سیاسەتی ئاینیی دەوڵەت و ڕۆڵی ئیسلام بوو لە کۆمەڵگەی عوسمانی و ڕێکخستنی سیاسیدا. یەکەم، ئەو ئیسلامەی کەوا میللەتانی تورکی ئاسیای ناوەڕاست وەریانگرتبوو "ئیسلامی زانا و لێکۆڵیارە گەورەکان نەبوو بەڵکو ئیسلامی گەڕیدە و دەروێشە میللییەکان و بازرگانی پلەی جۆراوجۆری کولتوور و فەرهەنگ و سەربازە "غازییەکانی" سنوور و وڵاتان بوو"، وەك کلۆد کەهێن گوزارشی لێوە دەکات [64]. بە واتایەکی تر، ئەو ئیسلامەی کە خێڵە تورکەکانی لە گەڵ ڕاهاتبوون ئیسلامی ئەم سەردەمەی دوایی بوو بە بیروباوەڕ و پراکتیکی سۆفیانەی زۆریەوە. شتێکی سەیر و نامۆ نیە کەوا زۆرێك لە سوڵتانە عوسمانیەکان و سەرەتا لە عوسمانیشەوە، کە دامەزرێنەری بنەماڵەکەیە شێخێکی سۆفییان لە نزیکەوە بووبێت. بە هەر حاڵ، مایەی شانازی و سەروەری بووە بۆ ئەم سوڵتانانە کەوا لە هەمان کاتدا ئەوان ئیسلامی سوننی ئوسووڵییان پاراستووە بە دەزگا و دامەزراوەکانیەوە بەدرێژایی مێژووی دوور و درێژی ئەم دەوڵەتە. بەڵام ڕاشکاوانەش بە پەرۆش بوون بۆ نەشونما کردنی سۆفیزم و پشتگیریی تەریقەتە سۆفییەکان بە

شێوەیەك كەوا فەرمانڕەوا موسڵمانەكانی تر نەیانكردووە. ئەستەمبووڵ نەك تەنها پڕ بوو لە مزگەوتی گەورە گەورە بەڵكو بە هەمان شێوە پڕ بوو لە تەكیە و خانەقاش. بۆ نموونە لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا ئەم شارە لە دوو سەد و پەنجا تەكیە و خانەقای چالاكی سۆفیی كەمتری تێدا نەبوو، كە هەر هەموویان بە هاوكاریی وەقفی پارەی كەسانی بنەماڵەی فەرمانڕەوا و پیاوانی دەوڵەت و دەوڵەمەندان بەڕێوە دەچوون [65]. بێجگە لەوەش سەدان تەكێ و خانەقای تری لەم چەشنەش لە شارو شارۆچكەكانی ئیمپراتۆریاكەدا هەبوون. بەم جۆرە هێرشكردنە سەر بیروباوەڕ و دابونەریتی سۆفیگەریی باو سوڵتانەكانی دەخستە بارودۆخێكی ناسكەوە وەك پارێزەرانی درۆینە یان خراپی ئیسلامەتی[66].

بێجگە لەوەش، بە درێژایی سەدەكانی سەردەمی عوسمانی ڕێبازە سۆفییەكان و شێخەكانیان بە گەڵ شێوەو ڕێگە خزمەتی دەوڵەتی عوسمانی و كۆمەڵگەی موسڵمانیان كردووە و لە پێش هەموو شتێكەوە وەك بڕبڕە پشتێكی سیستەمی كۆمەڵایەتی ـ سیاسی خزمەتی كردووە. ئەوە باش دەزانرێت كەوا شێخەكانی سۆفیگەری پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆیان لە گەڵ موریدەكانیان هەبوو و ئەمانیش گوێرایەڵی كوێرانەیان بوون. بەم پێیە ئەوان سوودبەخش بوون وەك بریكاری نێوان دەوڵەت و كۆمەڵگەی موسڵمانان و بە زۆریش وەك كەناڵی كاریگەری بەكاردەهێنران بۆ بەرژەوەندیی فەرمانڕەوایان. بەو پێیە، دامودەزگای عوسمانی زۆر شتی لەدەستدەدا ئەگەر بۆچوونەكانی سەلەفییەت بەرپەرچ نەدرایەتەوە و ڕێز لە شێخە سۆفییەكان نەگیرایە. لە بەر ڕۆشنایی ئەم پاشخانە دەكرێ لەوە تێبگەین كە بۆچی بابی عالی سوور بووە لە سەر بەگژداچوونەوەی باوەڕی سەلەفیدا لە لایەك و لەولاشەوە برەودان بە سۆفیگەری و لەوانەش ڕێبازەكانی سۆفیگەریی میللی و ئەوانیتر. لە واقیعدا، ئەو ڕاستییەی كە لە دوا دەیەكانی سەدەی نۆزدەیەمدا وایكرد كەوا بیروباوەڕی سەلەفی لە بەغداوە بۆ دیمەشق و لەوێشەوە بۆ قاهیرە تەشەنە بكات[67] و ئەدەبیاتی سەلەفی لەم شارەی دواییان چاپ و بڵاوبكرێتەوە[68]، ئەو سیاسەتە ئاینییە ڕووندەكاتەوە كە بە ئاشكرا لە ویلایەتە عەرەبیەكانی ئیمپراتۆرییەتدا پەیڕەوی دەكرا لە ساڵانی دوایی سەدەی نۆزدەیەمدا و بە تایبەتی لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا (1876ـ 1909) وەك بە چاكی دەزانرێت[69]. دەركەوتنێكی زووی ئەم سیاسەتە لە بەغدا لە سەردەمی حوكمی والیی نەجیب پاشای گورجیدا بوو، كە جێی عەلی ڕەزا پاشای گرتبووەوە دوای ئەوەی لە والێتی خرا بە بیانووی چاككردنی بەڕێوەبردنی ویلایەتەكە [70]. نەجیب پاشا سەر بە بنەماڵەیەكی دەستەبژێری ئەستەمبووڵ بوو و باوەڕێكی بەهێزی بە شێخ خالید هەبوو[71]، كە پێدەچێت كاری بۆ كردبێت لە بڕیاری ناردنیدا بۆ بەغدا، وەك لە ئیرادەی سوڵتانیدا تۆمار كراوە كەوا "دانانی نەجیب پاشا لە بەغدا لە بەر هۆی بەجێ قوبووڵ كرا"[72]. بە ئاشكرا ئەرك و پەیامەكەی نائاسایی بوو و ئەم والییە نوێیە دەسەڵاتێكی زۆری پێبخشرابوو و پشتی بە "ئەدای تەنزیمات" بەستبوو لە حوكمكردنی مەركەزی و ڕاستەوخۆی ویلایەتەكەدا[73]. بەڵام ئەو لە بەغدادا بەوە ناسرابوو كە پشتیوانیی هەندێك تەریقەتی سۆفیی دەكرد و بە گژ هەڵگرانی بیروباوەڕی سەلەفیدا دەچووەوە. لە ماوەی حوكمڕانی بەغدادا كە تا حەوت ساڵ درێژەی كێشا 1842 ـ 1849، نەجیب هەوڵی زۆری دا بۆ بووژاندنەوە هەردوو تەریقەتی قادری و خالیدی لەو شارەدا. لە هەمان كاتدا كاری بۆ ئەوە دەكرد كۆسپ و تەگەرە بخاتە بەردەم مەحموود ئالووسیی موفتی، كە وەك پێشتر باسمان كرد لە گەڵ

ژمارەیەك دۆست و موریدیدا لە سەر باوەڕی سەلەفی بوون. سەنتەری تەریقەتی قادری لە عێراق و هەروەها مەزاری قادری کە لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامدا پیرۆزە هی مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە (کە ساڵی 1166 کۆچی دوایی کردووە) لە بەغدا و پاشان تەریقەتەکە بە ناوی ئەوەوە ناسراوە. ئەم شوێنە کۆمەڵگایەکە بریتییە لە مەرقەدەکەی و تەکێیەك و مزگەوتێك و ژمارەیەك هۆدەی زۆر بۆ ئەو میوان و دەروێشانەی لە پاڵ مەرقەدەکەدا خەڵوەتیان دەکێشا بۆ راهێنانی ڕۆحی[74]. چاودێران و سەرپەرشتیکارانی مەزارەکە، کە نەوەی شێخ عەبدولقادر خۆین و ناوی بنەماڵەی گەیلانییان هەڵگرتووە و بێجگە لەوەش پۆستی نەقیب ئەشراف بەغدادیان هەیە (واتە دەمڕاستی نەوەی پێغەمبەر)[75]، بەڵام ناچنەوە سەر دەستە و تاقمی زانایان. پاش ماوەیەکی کورت لە گەیشتنی والیی نوێ سەرپەرشتیاری ئەو مەزارەی لە سەرەوە باسکرا، کە ناوی سید محمود بن زکریا بوو بێ وەچە کۆچی دوایی کرد. گورجیی نەجیب پاشای والی عەلی بن سلێمانی لە جێگەی دانا، کە ئەندامی لقێکی تری بنەماڵەی گەیلانی بوو. سەید عەلی بە ناوی بنەماڵەی قادرییەوە دەناسرا (هەروەها بە گەیلانی و دواتریش بە ئەلنەقیب ناویان دەرکردبوو)[76]. ئەم پۆستە سێ ئەرکی لەخۆگرتبوو، یەکەم هەموو ئەوانەی ئەم پێگەیەیان هەبوو چاودێر و زێوانی مەرقەدەکە بوون، دووەم ئەو کە "نقیب الأشراف"یان پێدەوت، سێیەمیش وەك ئەمینداری (متولی) پارەی وەقفی مەرقەدەکە کاری دەکرد، کە بریتی بوو لە مڵکێکی فرە و فرەوانی زەوی و زارو خانووبەرە لە عێراقداو ئەم ئەرکانە ئەو کەسەی دەکردە کەسێکی زۆر ناودارو پایەبەرز لە شاردا. بێجگە لەوەش پایەی نەقیبی ئەشراف دەیکردە ئەندامێکی ڕەسمیی ئەنجومەنی ئیدارە کە والی وەك بەشێك لە جێبەجێکردنی تەنزیمات دایمەزراندبوو.
نەجیب لە سەرەتای سەردەمی حوکمڕانییەوە لە بەغدا کە حەوت ساڵی خایاند (1842ـ 1849) زۆر خاتری سەید عەلیی دەویست، بە ڕادەیەك لە بەغدا خەڵك وایدەزانی کە پاشا خۆی موریدێکی تەریقەتی قادرییە[77]. لە خۆشبەختیی سەید عەلی و مەزاری قادری، پاشا پشتی گرت لە گێڕانەوەی وەقفێکی زۆر و بەرفراوانی مەزارەکە. هەروەها نەجیب تکای لە وەزیری وەقف کرد لە بابی عالی کە بە ئیرادەیەکی سوڵتانی فەرمانی گێڕانەوەی مەزارەکە جێگیر بکرێت. بێجگە لەوەش، ساڵی 1845 "فەرمانێکی گشتگیر" لە بابی عالییەوە دەرچوو کەوا وەقف مەزارەکەی چەسپاند[78]. بەم ڕێگەیە سەید خۆی و بنەماڵەکەی گەیلانی کردە یەك لە دەوڵەمەندترین بنەماڵەکانی شار[79]. بە پێی درووبی کە وەسفێکی بنەماڵەکەی نووسیوەتەوە ئەو سامانەی کە بە دەست هات وای لە سەید عەلی کردبوو کە دەستبڵاوانە لە بەهێزکردن و فراوانکردنی تەریقەتی قادری و مەزارەکەدا خەرجی بکات. درووبدەنووسێت کەوا "چۆن تەریقەتی قادری، بە شێوەیەك لە شێوەکان، تەریقەتێکی ڕیفۆرمیست بوو، بۆیە ئەو کاری بۆ فراوانکردنی دەکرد و هەردەم لە هەوڵی بەرزکردنەوەی شکۆی مەزاری قادری دابوو[80]. سەید عەلی بوو بە بڕواپێکراوترین ڕاوێژکارانی پاشاو بە درێژایی سی ساڵی لەوەوپاش (لە ساڵی 1872دا کۆچی دوایی کردووە) ناودارترین و کاریگەرترین کەسایەتیی شار بوو، دوای خۆیشی سەلمانی کوڕە گەورەی جێی گرتەوە[81].
بێجگە لەوەش، تەکیەکی تری قادری هەبوو لە بەغدا جیا لەوەی مەرقەدەکە ئەم تەکێیەیان بە زۆری کوردەکانی دانیشتووی بەغدا هاتوچۆیان دەکرد[82]. لەو دەمەدا شێخی ئەم تەکێیە عەبدولقادر بەرزنجیی سەر بە بنەماڵەی

ناوداری کوردی شێخەکانی قادری بوو لە کوردستان. نەجیب پاشا داوای لە بابی عالی کرد کەوا یارمەتییەك ببڕێتەوە بۆ ئەم شێخەش و خێرا وەڵامی ڕەزامەندی بۆ هاتەوە[83].

## نەجیب پاشا و تەریقەتی خالیدی لە بەغدا

بەڵام بایەخدان بە تەریقەتی قادری و برەوپێدانی لە بەغدا تەنها ڕوویەکی ئەم سیاسەتی بەهێزکردنی سۆفیزم و بەگژداچوونەوەی بیروباوەڕی سەلەفی بوو لە بەغدا. هەوڵەکانی نەجیب پاشا لە هەمان بایەخدا بوو بۆ بووژاندنەوە و چالاککردنی تەریقەتی لەو شارەدا، کە لە ساڵی 1831وە چالاکییەکانی تووشی پاشەکشە هاتبوو. پلانی پاشا بۆ بوژاندنەوەی خانەقا سێ قۆناخی لەخۆگرتبوو:

ڕەچاوکردنی مەسەلەی پێداویستییەکانی کاراکردنی خانەقا خالیدی، دامەزراندنی شێخێکی قابیل وەك سەرۆکی تەریقەتەکە کە توانای تەواوی هەبێت بۆ بوژاندنەوەی ئەرك و پەیامی سۆفێتییەکەی و هەروەها جێبەجێکردنی چاککردن و نوێکردنەوەی بیناکەی. بەڕێوەبردنی تەکێ یان یان خانەقایەك خەرج و مەسرەفێکی بەرچاوی گەرەك بوو. ئەڵبەتە پێش هەموو شتێك یەکەمجار دەبوو خەرجی ژیان و گوزەرانی شێخ و ئەو موریدانەی سەروەختێك لە خانەقادا دەمانەوە دابین بکرێت.

یەکەم هەنگاو کە نەجیب پاشا نای بۆ دابینکردنی داهاتی تەکێ (یان خانەقاکان) بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی بابی عالی بوو بۆ بەخشینی مانگانە 828 قوروش لە خەزێنەی ویلایەت بۆ خەرج و مەسرەفی خواردن (تەعامییە)، کە بە هەموو پێوەرێك بڕە پارەیەکی زۆر بووە[87]. دووەم هەنگاو، کاتێ شێخی پۆستنشین إبراهیم المشاهدی لە ساڵی 1847دا کۆچی دوایی کرد، پاشا توانی عبدالفتاح العقری قەناعەت پێبکات کە بەرپرسیارێتیی تەکێکە لەئەستۆ بگرێت. ناوبراو یەکێك بوو لەو خەلیفە گەورانەی دوای شێخ خالید لە ژیاندا مابوونەوە و ناوبانگێکی گەورەی هەبوو. ئەڵبەتە بۆ ئەوەی هانی عەقری بدەن کە نیشتەجێی بەغدا بێت ماوەیەکی کەم لەوەو پێش پارچە زەوییەکی گەورەی مڵکیان پێبەخشی بۆ خەرج و مەسرەفی خۆی[88]. ئێمە نازانین تا چەند عەقری بە سەرۆکی ئەو تەکێیە ماوەتەوە، بەڵام دواتر بە ماوەیەکی کەم لە ئەستەمبوولّ دەیبینین و گەڵێ دۆست و پەیڕەوانی تەریقەتی خالیدیی لە دەورە. ئەم پیاوە لەوێ بە سەرۆکی تەکێی نەقشبەندی ـ موجەددیدی ئەلەکە منارە دامەزرابوو لە ئۆسکودارو دواجار لە ساڵی (1862، یان 1863؟) هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد[89]. بەڵام کاتێ هێشتا لە بەغدا بوو داوای لە زانایەکی گەنج کرد، بە ناوی داودی کوڕی سلێمانی کوڕی جەرجیس، کەوا پەیڕەوێکی دڵگەرمی خالیدی بوو و لە سەر دەستی شێخ عەبدلغەفوور تەمەسسوکی کردبوو و پاشان بووبووە خەلیفەی، کەوا "خەتمولخواجەگان ــ ختم الخواجکان" بخوێنێت و ئەمەش دۆعایەکە لە تەریقەتی خالیدیدا بۆ دوای کۆڕی زیکر. پاش ئەوەش بە ماوەیەکی کەم ڕێگەی پێدا لە شوێنی ئەو دانیشێت بۆ "تەوەجوه"[90]. پاش ئەوەی شێخ عبدالفتاح العقری چوو بۆ ئەستەمبوولّ ئیبن سولێمان ماوەیەکی زۆر لە تەکێکەی بەغدا مایەوە. لە ساڵانی 1860کان و 1870کاندا داود بن سلێمان گەڵێ راگەیاندنی بڵاوکردەوە و تێیاندا هێرشی دەکردە سەر ئالووسی و

سەلەفییەت و وەهابییەت[91]. ئەم بڵاوکراوانە سەرلەنوێ ناکۆکی و مشتومڕی بەرپا کردەوە لە نێوان سەلەفی و خالیدیدا لە بەغدا[92]. هەنگاوی سێهەم کە نەجیب پاشا نای تازەکردنەوەی تەکێی خالیدی بوو لە بەغدا. لە دەوروبەری ساڵانی 1740دا مەدرەسەی ئەحسائییە کەوا کرابووە تەکێیەك بۆ شێخ خالید لە ساڵی 1815دا، پێویستی بە تازەکردنەوەیەکی تەواو هەبوو. نەجیب پاشا چەند بەشێکی ڕووخاندو لە کاتی فراوانکردنیدا سەرلەنوێ دروستی کردەوە[93]. زیاد لە پشتێك دوای سەفەرەکەی شێخ خالید هیچ کەس بە ئەندازەی نەجیب پاشا خزمەتی تەریقەتی خالیدیی نەکردووە، ڕەنگە ڕێکەوت نەبێت کە لە هەمان ئەو ساڵانەدا دامەزراوێك و تەکێیەکی گەورە لە سەر مەرقەدی شێخ خالید لە دیمەشق دروستکرا بە فەرمانی سوڵتان[94].

بێجگە لەوەش، ڕەنگە هەروا لە گۆترە نەبووبێت کە نەجیب پاشا لای لە ڕازاندنەوەی مەزارو مەرقەدەکانی تری بەغدا و شارەکانی تری عێراق کردبێتەوە. بەم چەشنە پێشنیاری کرد بۆ بابی عالی کە شەمعدانی ئاڵتوون و زیو لە یانزە مەرقەد و شوێنی پیرۆزدا (مشاهد ومراقد) دابنرێت، کە شەشیان بۆ شوێنە پیرۆزەکانی سوننە لە بەغدا وەك مەرقەدی شێخ عەبدولقادرو جونەید و ئەبوحەنیفە و هیترو پێنجی تریش بۆ شیعەکانن وەك مەزاری هەردوو ئیمامی عەلی و حوسەین لە نەجەف و کەربەلاو شوێنانی تر[95]. ئەڵبەتە بابی عالی بە خۆشحاڵییەوە هات بە دەم ئەم دیارییانەوە و بە ناوی سوڵتانەوە نێردران. هەروەها نەجیب داوای سەرپۆشی گۆڕیشی کرد بۆ چەند مەرقەدێك کە ئەمیشیانی پێبەخشی و بە تایبەتی لە ئەستەمبووڵەوەو بە کوڕی پاشادا ڕەوانەیان کرد[96]. لە لایەکی ترەوە ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان لە بەردەستدا نیە کەوا نەجیب پاشا هیچ دیاری یان یارمەتییەکی بەخشیبێتە مزگەوت یان مەدرەسەیەك. ڕاستیەکەی ئەو بایەخی بە خوێندنی ئیسلامی نەدەدا، جگە لە بایەخدان بە تەریقەتە سۆفییەکان و مەزار و مەرقەدەکان.

## نەجیب پاشا و موفتی مەحموود ئالووسی

هەنگاوی سێهەمی نەجیب پاشا بەگژداچوونی شوێنکەوتووانی سەلەفی بوو، کەوا کەسی سەرەکییان، وەك بینیمان، موفتی شهاب الدين الآلوسي بوو. ئالووسی وەك موفتیی حەنەفی، بە حوکمی پلەو پایەکەی بە ئەندامێکی ئەو ئەنجومەنی ئیدارەیە دانرابوو کە نەجیب پاشا دایمەزراندبوو وەك ئیجرائاتێك بۆ جێبەجێکردنی تەنزیمات. ئەم دامەزراندنەی ئالووسی وایکرد پەیوەندی و هاتوچۆی بەردەوامی هەبێت لە گەڵ پاشادا. فرەی پێنەچوو ئالووسی کەوتە هەستکردن بەوەی کە والی هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی هەیە بەرانبەری، وەك خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە:

"هەندێ جار بە شێوەیەکی دۆستانە مامەڵەی لە گەڵ دەکردم وجاروباریش زۆر بە رق و قینەوە، بێئەوەی لە هۆکەی تێبگات و لە هەموو بارێکدا من هەر ملکەچ و گوێڕایەڵی بووم..."[97]. بە هەر حاڵ، ئەو دواتر تێگەیشت کە ئەوەیان هەڵوێستی شەخسیی پاشا نەبووە سەبارەت بەو بەڵکو ڕاسپاردەو ئامۆژگاریی بابی عالی بوو[98]. ئەم پیاوە بە هۆی سەرقاڵبوونیەوە بە سەرنج و لێکۆڵینەوەکانی، بە هەر شێوەیەك بووە پێدەچێت ئەم مامەڵەیەی پێ

قووتچووبێت. بە هەر حاڵ، مەبەستی نەجیب پاشا خراپ مامەڵەکردنی ئالووسی نەبووە بەڵکو هەوڵدان بووە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەم و هەوادارانی تری ڕێبازی سەلەفی بووە.

لە ساڵی 1845دا ئالووسی بانگهێشت کراوە بۆ ئەستەمبووڵ لە گەڵ ناوداران و پیاوماقووڵانی دیکەی و ویلایەتەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا بۆ بەشداری کردن لە "کۆبوونەوەی پیاوماقووڵانی ویلایەتەکاندا"و بۆ چاوپێکەوتنی سوڵتان. بەڵام، وەك ئالووسی خۆی دەیگێڕێتەوە، پاشا نەیهێشتووە بڕوات و بە ماناوە هەڕەشەی لێکردووە و ئامۆژگاریی کردووە کە پۆزش بێنێتەوە کەوا ناتوانێ بانگهێشتەکە قوبووڵ بکات و بچێتە کۆبوونەوەکە[99]. پاش ماوەیەکی کەم مستەفا بەگی روبێعی، کە لە بنەماڵەیەکی ناوداری بەغدا بوو و هەڵگری بیروباوەڕی سەلەفی و دۆستێکی نزیکی ئالووسی بوو، لە پۆستی بەڕێوەبەری فەرمانگەی وەقفی بەغدا دەرکردو ئەمیش هەر بە بێ هۆیەکی ڕوون[100]. پاشان، لە ساڵی 1847دا وشکەساڵی و گرانیی نرخ و سیاسەتی تاڵان و بڕۆ و داگیرکاری بوون بە هۆی ناڕەزاییدەربڕینی گەلێ لە بازرگانان و خۆپیشاندانێك لە بابولشێخ کرا، کەوا گەڕەکێکی هەژاری شار بوو نزیك بە مەرقەدی شێخ عەبدولقادر. خۆپیشاندانەکە ڕوویکردە بارەگای پاشاو لە ڕێگایدا بەرەو ئەوێ گەلێ لە خەڵکی شاری چووەتە پاڵ [101]. بە ئاشکرا ئەم ناڕەزاییە هیچی لێنەکەوتەوە، بەڵام نەجیب پاشا تۆمەتی هاندانی خەڵکی بۆ خۆپیشاندانەکە دایە پاڵ ئالووسی و محمد أمین الواعظیدۆست و موریدی، کە وتاربێژی مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بوو، لە گەڵ خەتتابی برایدا. پاشا ئالووسیی لە پۆستی موفتی دەرکرد و دوو برای واعیزیشی دوورخستەوە بۆ بەسرە[102]. هەروەها زۆریشی نەبرد ئالووسیی لە پۆستی سەرۆکی وەعزدادەرانی مەدرەسەی مەرجان و ئەمینداری وەقفەکەی دەرکرد، کە تاقە سەرچاوەی ژیان و گوزەرانی بوو [103]. ئەنجام وا کەوتەوە کە ئالووسی تووشی دەستکورتی و هەژاری ببێت و نەتوانێت بژێویی خێزان و پێنج منداڵەکەی دابین بکات. نەجیب پاشا لە جێگەکەی ئەو وەك موفتیی حەنەفی محەمەد ئەمین زەندیی دانا کە زانایەکی کورد بوو. شەش ساڵیش لەوەوپاش محمد فیضی الزهاوی،جێیگرتەوە، کە زانایەکی بلیمەت و ئەمیش هەر بە بنەچە کورد بوو. زەهاوی، کە بە ئاشکرا هەواداری تەریقەتی نەقشبەندی ـ موجەددیدی بوو و کتێبی "مەکتووبات" ی سرهندیی کردبووە عەرەبی، ماوەی سی و هەشت ساڵ لەم پۆستەدا مایەوە تا کۆچی دوایی لە ساڵی 1890 ـ 1891[104].

سەرەڕای ئەوەی کە نەجیب پاشا بە بیانووی جۆراوجۆرەوە ساڵانە هەزاران قورۆشی دابەش دەکرد بە سەر "شێخ و پیرو پەککەوتەو دەروێش" و تەکێ و خانەقاکانی سۆفیگەریدا، بەڵام هیچ یارمەتییەکی بۆ ئالووسی نەبڕیبووەوە، ئەگەرچی ماوەی چواردە ساڵیش وەك موفتی خزمەتی کردبوو[105]. لەڕاستیدا ئالووسی سکاڵایەکی تاڵی لەم چەشنە مامەڵەیە دەکرد[106]. دوو ساڵ دواتر، پاش ئەوەی ئالووسی دوو بەرگی دواینی لە "تێبینییەکان"ی تەواو کرد، ڕۆیشت بۆ ئەستەمبووڵ بۆ تکاکردنی یارمەتی و هاوکاری لە بابی عالی. وەك لەم گفتوگۆیاندا دەردەکەوێت کە بۆیە نەجیب پاشا نێردراوە بۆ بەغدا بۆ ئەوەی بە ئاسانی چاکسازییەکانی تەنزیمات جێبەجێ نەکات. بێجگە لەمەش، پێدەچێت کە لە لایەن بابی عالییەوە ڕاسپێردرابێت بە گژ ڕێبازی سەلەفییەتدا بچێت، کە پەیڕەوانی لە نێو گەلێ لە زانایانی ناودارو دەرکەوتووی شاردا پەیداکردبوو بە مەبەستی سەرکوتکردنی. نەجیب پاشا بە درێژایی ماوەی حوکمکردنی حەوت ساڵی لە بەغدا، بەزۆریی مەیلی بە لای تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندی خالیدی و شێخەکانیان و تەکێکانیانەوە بوو. لە لایەکی تریشەوە ئێمە بەڵگەی ئەوەمان لە بەردەستدا نیە کە بایەخی بە

مەدرەسە و مزگەوتەکان و کارڕانانی دابێت. ئەو کەسانەشی کە لە دوای ئەم هاتن و پەیڕەویی هەمان سیاسەتیان کرد، ڕەنگە بە شێوازێکی کەم یان زۆر ستەمکارانە بووبێت. مێژوونووسێکی عێراقی لە سەرەتای سەدەی بیستدا سەرنجی ئەو حاڵەتە دەدات و دەڵێ "لە پاش عەلی ڕەزا ئەو حوکمدارە گشتیانەی کە دادەنران پێیاندەوتن وەزیرو بە درێژایی ماوەی حوکمڕانییان پایتەختی ویلایەت (واتە بەغدا) شتێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینی لە بواری زانست و خوێندنی (ئیسلامیدا).."[107].

## ئـــەنـــجـــام

پاش ساڵانی کارگەری پێکهاتنی ئیسلام و سەرهەڵدانی سۆفیگەری، گەلێ لە زانایانی سوننە مەزەب ڕەخنەیان لە پەیڕەوانی سۆفی دەگرت کە زیادەڕۆییان لە سۆفیزم بیروباوەڕیاندا دەکرد. ڕێبازەکانی وەك "وحدة الوجود"(یەکێتی بوون) و "حلول" (وێناکردنی خودا لە شێوەی مرۆڤدا)، یان "إتحاد" (واتە یەکگرتنی مرۆڤ و خودا)، کە لە لایەن ئەم پەیڕەوانەوە بانگەشەیان بۆ دەکرا بووبووە هۆی بەرپاکردنی ناڕەزایی و تووڕەیی لە لای گەلێك لە زانایان. ئەم ڕێبازانە بووبوونە مایەی ناکۆکی و مشتومڕ لە نێوان زانایانی ئاین و سۆفییە پەڕگرەکاندا بۆ ماوەیەکی زۆر. بە هەر حاڵ، هێرشی سەلەفییەت بۆ سەر بیروباوەڕو کرداری نارێکوپێکی تەریقەتە میللیەکانی سۆفیگەری لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم بەولاوە جیاواز بوو. ئەم هێرشە قۆناخێکی نوێ و کایەیەکی نوێی ناکۆکی و مشتومڕی کردەوە لە نێوان زاناکانی سوننەو سۆفییەکاندا. لە سەرەتادا، وەك هەندێك لە زاناکانی سەدەکانی ناوەڕاست، زاناکانی سەلەفی تیۆسۆفیی ئیبن عەرەبییان ڕەتکردەوە (تیۆسۆفی: خواناسین لە ڕێگەی تێڕامان و کەشفی سۆفیگەرانەوە و). بەڵام لە سەدەی نۆزدەیەمدا ڕەتکردنەوەو ئیدانەکردنیان زیاتر ئاڕاستەی ئەو ڕێوڕەسم و باوەڕانە دەکرد کە لە سەدەکانی ئەم دواییەدا خرابوونە ناو سۆفیگەرییەوە، چەشنی پەرستنی شەخس و پیر، سەردانی گۆڕ و مەرقەدەکان، شەفاعەت کردن و کار و کردەوەی تر. ئەم بۆچوونە لە کۆتاییەکانی سەدەیهەژدەداو لەژێر کاریگەریی بیری وەهابیدا گەڵاڵە بوو[108].

بەم چەشنە و کاتێ کە یەکەم مشتومڕ هاتە ئاراوە لە نێوان باوەڕدارانی موسڵمان و سۆفیگەریی توندڕەودا، پەیوەندییەکی نەبوو بەکۆمەڵ و سۆفیگەریی میللی و پاکژکردنەوەی ئیسلام لەو بیروباوەڕانەی بەمدواییە برەویان پەیداکردووەو دواجاریش چاوی بڕیبووە بووژانەوەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کۆمەڵگاکانی موسڵمانان. ڕاستێکەی ئەمە بزووتنەوەیەك بوو دژوارو ڕێبازە سۆفییەکانەوە بوو. لە بەر ئەوەش کەوا دیدو بۆچوونی سەلەفی هەروا لێنەدەگەڕا بێ بەرەنگاربوونەوە بچێتە سەر لە لایەن دەوڵەتەوە. ئەگەر سەلەفییەت بێ جڵەوکردن بمایەتەوەوە ئەوە بێگومان دڵسۆزی و ملکەچیی موسڵمانانی نەدەهێشت بۆ سوڵتان وەك پارێزەری ئاین و دەوڵەت. لێرەوە "سیاسەتی ئیسلامیی حەمیدی" کە جەختی دەکردەوە لە سەر ڕۆڵی سوڵتان وەك خەلیفە و وەك فەرماندەی باوەڕداران (أمير المؤمنين) لە لایەك و هەروەها پارێزەری تەریقەتەکانی سۆفی و پشتگیریی شێخەکانیان لە لایەکی ترەوە، بە تایبەتی لە ویلایەتە عەرەبیەکاندا. سوڵتان عەبدولحەمید ئەوەی لە سوڵتانەکانی تری عوسمانی زیاتر کرد [109]. لەم نووسینەدا من باسی شەپۆلی دووەمی سەلەفییەتم کردووە لە بەغدا و هەوڵی بابی عالی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم شەپۆلە و سەرکوت کردنی. سێیەم شەپۆل شێخ داود بن سلێمانی نەقشبەندی ـ خالیدی لە

بەغدا بە ڕوویاندا تەقییەوە و هێرشەکەی بۆ سەر موفتیی پێشوو مەحموود ئالووسی لە لایەن نوعمان خەیرەدینی کوڕی ئالووسییەوە وەڵام درایەوە. بەڵام نوعمان تووشی سەرکوتکردن هات لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەغداوە، چونکە لە وەڵامدانەوەدا بە تەنها داکۆکیی لە باوکی نەکرد، بەڵکو هەوادارییەکی توند و بەهێزی پیشاندا بۆ سەلەفییەت. لە پاش دەرکەوتنی کتێبەکەی "جلاء العينين فى محاكمة الأحمدين"ساڵی 1881 لە قاهیرە، لە ئەرکی وانە وتنەوە لە قوتابخانەی مەرجان دەرکرا[110]. بۆیە دواجار سەفەری ئەستەمبووڵی کرد بۆ تکاکاری بەڵکو بیگێڕنەوە سەر کارەکەی. لە ڕێگەی ئەم سەفەرەیدا ماوەیەك لە دیمەشق مایەوەو پاش ئەم سەردانەی تێبینی دەکرێت کەوا دیدو بۆچوونی سەلەفی دەستیکردووەتە بڵاوبوونەوە لەم شارەدا[111]. بە واتایەکی تر، سەلەفییەت کەوتە پەیداکردنی پەیڕەوان لە شارەکانی تری ئیمپراتۆریادا بێجگە لە بەغدا. بە فراوانبوونیچاپکردن بە عەرەبی، ئەم چەشنە بیرو بۆچوونانە کەوتنە بەردەستی خوێنەرانێکی موسڵمانی بەربڵاوترو بووە هۆی تەشەنەکردنی بیروباوەڕی سەلەفی. چوارەم شەپۆل کە ڕەنگە گرنگترینیان بێت ڕوون و ئاشکرا لە دەوروبەری کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا لە ڕێگەی شامەوە گەیشتە قاهیرە. ئەمە شێوەی بانگەشەیەکی وەرگرت لە لایەن کەواکیبی و عەبدە و ڕەزاوە بۆ ڕیفۆرمی ئیسلامی بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی "سەلەف" و پاككردنەوەی ئیسلام لە خەوش و خاڵی سەردەمانی دواتر. چونکە وا لە قەڵەم دەدرا کە چاکسازی کردن لە ئیسلامدا مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ بووژاندنەوە و نوێکردنەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگەی موسڵمانان. بە واتایەکی تر، بزووتنەوەی سەلەفیی دوادوایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم پاڵنەری سەرەکی گرژی و ناکۆکیی ناو ئیسلام خۆی بوو و ڕەنگە زیاتر لەوەی کاردانەوەیەك بێت بۆ فراوانبوون و پەرەگرتنی ڕۆژئاوا. بەجێهێشتنی کاریگەرییەکی بەهێز لە سەر هەست و هۆشی عەرەب بانگەشەی ئەم بیرمەندە عەرەبە موسڵمانانە کاری کردبووە سەر پەیوەندییەکانی نێوان تورك و عەرەب لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا و ئەمەش مەسەلەیەکە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە[112].

## کـــــــــورتـــــەیـەك

### تەریقەتی خالیدی و سەلەفییەت لە عێراقدا لە پاش شێخ خالید

لەکاتێکدا کە تەریقەتی خالیدی قۆرت و کۆسپی ڕێکخراوی تووشبوو لە بەغدا لە ساڵانی بیستەکان و سییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، کەچی سەلەفییەت گەشەکردن و بووژانەوەی بەخۆوە بینی لەو ماوەیەدا. خالیدی ڕابەرێکی زۆر خوێندەوارو زانایەکی خۆشەویستی هەبوو، کە مەحمود شیهابەدین ئالووسیبوو، کەوا لە نێوان ساڵانی 1834 ـ 1846 وەك موفتیی سەرەکیی حەنەفی خزمەتی کرد. فەرمانڕەوا عوسمانییەکان ئیسلامی سوننی ڕەسمییان دەپاراست و پاڵپشتی دامودەزگاکانیان دەکردو بەردەوام پشتیوانییان لە سۆفیزم و ڕێبازەکانی سۆفیگەری دەکرد. لە هەمان کاتدا سەلەفییەت کە بانگەشەی گەڕانەوەی دەکرد بۆ سەرەتاکانی ئیسلام ڕەخنەی لە بیروباوەڕی سۆفی و ئەوەی پێیاندەوت ئەنجامدانی کارو کردەوەی نابەجێ، کە بە بۆچوونی ئەوان پێچەوانەی شەریعەت بوو. بەم ڕەنگە، لە ساڵی 1842دا بابی عالی نەجیب پاشای گورجیی لە پۆستی والیی بەغدادا دامەزراندو ڕایسپارد کە بەرەنگاری

سەلەفییەت بێتەوە و ئەڵبەتە ئەم پیاوە پشتیوانێکی بەهێزی تەریقەتی خالیدی بوو. ستراتیجییەتی ئەوە بوو کە ژیانی سۆفیگەری لە شاری بەغدادا بیووژێنێتەوە و بەهێزی بکات. بەو پێیە پاڵپشتی تەریقەتی قادریی دەکردو لە هەمان کاتیشدا کاری بۆ بووژاندنەوەی چالاکیی خالیدییەکان دەکرد. لە سەرووی هەموو شتێکەوە ئەو دواجار ئالووسیی لە سەر کار لابرد و بە هەمان شێوەش هەموو دۆست و پەیڕەوانی لە کارەکانیان دەرکران. بەم جۆرە سەلەفییەکان بە ترس و تۆقاندن کپ و بێدەنگ کران. بەڵام نەوەیەك لەوەودوا سەرلەنوێ و بۆ جارێکی تر مشتومڕ لە نێوان سەلەفییەکان و خالیدییەکاندا سەریهەڵدایەوە.

(1) گۆڤاری جیهانی ئیسلام*Die welt des Islam* 43:3 (ساڵی 2003)، ل 349 ـ 372.

(2) لە بارەی عەلی ئەلسویدییەوە، بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل 354 ـ 356 و لە بارەی عبدالعزیز الشاوی یەوە بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل 361 ـ 363.

(3) لە بارەی شێخ خالیدەوە بڕوانە هەمان سەرچاوە ل 364 و سەرنجەکانی 73 و 74.

(4)محمّد بن سلیمان "الحدیقة الندیة"، لە پەراوێزی عثمان بن سند الوائلی "أصفی الموارد من سلسال أحوال الإمام خالد"، (القاهرة: 1895 ـ 1896)، ل 46 ـ 47. هەروەها عبدالمجید الخانی، "الحدائق الوردیة فی حقائق الجلّة النقشبندیة"، (القاهرة: دار الطباعة العامرة، 1890 ـ 1891)، ل 42. هەروەها بروانە إبراهیم فصیح الحیدری "المجد التالد فی مناقب الشیخ خالد"، (إسطنبول: المطبعة العامرة، 1875)، ل 37.

(5) كلۆدیۆسی جیمس ریچ "باسی گەشتێك بە کوردستان و شوێنەواری نەینەوای کۆندا" (لەندەن، جەیمس دۆنکان، 1836)، ژمارە(1)، ل 140 ـ 141 و 320 ـ 321. هەروەها محمد الخال، "الشیخ معروف النودهی البرزنجی"، (بەغدا، 1961)، ل 42.

(6)"الحدائق الوردیّة"، ل 242 ، 259 .

(8) عبّاس العزّاوی، "مولانا خالید النقشبندی"، مجلة المجمع العلمی الکردی ، العدد 1، 1974"، ص 720.

(9) لە بارەی عوبەیدوڵای حەیدەرییەوە بڕوانە "المجد التالد"، ل50.

(10)أسعد صاحب "بغیة الواجد فی مكتوبات مولانا خالید"،(دمشق، مطبعة الترقی،1915ـ 1916)، ص 218.

(11)هەمان سەرچاوە، ل 202.

(12) هەمان سەرچاوە، ل 246.

(13) هەمان سەرچاوە، ل 115.

(14) هەمان سەرچاوە، ل 112.

(15) بڕوانە ئەو بابەتەم "تێڕوانینێکی نوێ بۆ سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی تەریقەتی خالیدی"، لە کتێبەکەی ئەحمەد یەشار ئۆجاکدا "سۆفیزم و سۆفیگەری لە کۆمەڵگەی عوسمانیدا" *Ankara: Turk Tarih Kurumu, 2005, p.295.*

(16) لە بارەی کەوتنی بەغدا بە دەستی عەلی ڕەزا، بڕوانە عبّاس العزّاوی "تاریخ العراق بین إحتلالین"، (بغداد، مطبعة بغداد 1954)، بەرگی 7 ، ل 10. هەروەها ستیف هیمسلی لۆنگریگ "چوار سەدە لە مێژووی عێراقی نوێ"، (ئۆکسفۆرد: کلاریندۆن پرێست، 1925)، ل 276.

(17) الحیدری "المجد التالد"، ل 56، هەروەها إبراهیم فصیح الحیدری "عنوان المجد فی بیان أحوال بغداد والبصرة ونجد"، (لندن: دار الحکمة، 1998)، ل 136. لە بارەی مردنی عوبەیدوڵلاوە بڕوانە ل 132: (ئەو لە تەمەنی 45 ساڵیدا بە تاعوون مردووە).

(18) لە بارەی عبدالغفورەوە بڕوانە الحیدری "المجد التالد"، ل 56 ، هەروەها أسعد صاحب "بغیة الواجد"، ل 248 و عبّاس العزّاوی "خلفاء مولانا خالد"، مجلة المجمع العلمی الكردی، ژمارە (2) ساڵی 1974، ل 189.

(19) محمد سعید الراوی "تأریخ الأسر العلمیة فی بغداد" (بغداد: دار الشؤون الثقافیة العامة، 1997)، ل 194. هەروەها بڕوانە عباس العزّاوی، "تاریخ العراق"، المجلد 7، ل 63 و علی الوردی، "لمحات إجتماعیة من تأریخ العراق الحدیث"، (بغداد: مطبعة الأرشاد، 1971)، الجزء 2، ل 85.

(20) بڕوانە بابەتەكەم "تێڕوانینێكی نوێ بۆ سەرهەڵدان و تەشەنەكردنی لقی تەریقەتی خالیدی"، ل 303 ــ 304.

(21) بڕوانە سلێمان فائق بێگ "تاریخ بغداد" كە موسی كاظم نورس لە زمانی توركیی ـ عوسمانییەوە وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی. (بغداد: مطبعة المعارف، 1962)، ل 182، ناونیشانی سەرەكی "مرآة الزوراء" بوو. هەروەها بڕوانە لۆنگریگ: "چوار سەدە لە مێژووی نوێی عێراق"، ل 195 ـ 220. هەروەها العزّاوی: "تاریخ العراق"، الجزء 6، ل 84 ــ 152.

(22) بڕوانە كورتە ژیاننامەی عبدالباقی العمری، "الترياق الفاروقی من منشآت الفاروقی"، (القاهرة: مطبعة محمد مصطفی، 1898 ـ 1899)، ل 448 ـ 453، المجلد 1، ل 813. م.م. بشیر "نهضة العراق الأدبیة فی القرن التاسع عشر"، (بغداد: مطبعة المعارف، 1946)، ل 89 ـ 113.

(23) لە بارەی عەبدولغەنی ئەلجەمیلەوە، بڕوانە الراوی "تاریخ الأسر"، ل 287 ـ 293. هەروەها محمد شكری الآلوسی "المسك الأصفر" (بغداد: المكتبة العربیة، 1930)، ل 126. هەروەها إبراهیم الدروبی "البغدادیون: أخبارهم ومجالسهم"، (بغداد: مطبعة الرابطة، 1958) ل 30.

(24) العزّاوی "ذكری أبی الثناء الآلوسی" (بغداد: شركة التجارة والطباعة، 1958)، ل 51 ـ 52. هەروەها بشیر نافع "أبو الثناء الآلوسی وەك زانایەك و موفتیی عوسمانی و لێكدەرەوەی قورئان"، (گۆڤاری لێكۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)، ژمارە (34) ساڵی 2002، ل 477. عەلی ڕەزا یەكەمجار داوای لە ئالووسی كرد تێبینی و سەرنجێك بنوسێت لە سەر كتێبێكی بچكۆڵەی شیخ الأسلام عبدالوهاب یاسینچی زادە بە ناوی "البرهان فی إطاعة السلطان" ، (ئەستەمبووڵ، 1831 ـ 1832)، كە توانج و تەشەر بوو دژ بە محەمەد عەلیی میسر.

(25) العزّاوی "ذكری أبی الثناء الآلوسی"، ل 27 ـ 28. الراوی "تاریخ الأسر"، ل 195. لە بارەی مزگەوت و مەدرەسەی مەرجانەوە بڕوانە محمود شكری الآلوسی "تاریخ مساجد بغداد"، (بغداد: مطبعة دار السلام، 1927 ـ 1928)، ل 60 ـ 72.

(26) لە بارەی شێخ عوسمانی تەوێڵەوە بڕوانە عبدالكریم محمد المدرّس "علماؤنا فی خدمة العلم والدین"، (بغداد: دار الحریة للطباعة، 1983)، ل 376 ـ 380. هەروەها بڕوانە فەرهاد شاكەلی "شێخە نەقشبەندییەكانی هەورامان و میراتی تەریقەتی خالیدی موجەددیدی لە كوردستاندا"، لە كتێبەكەی ئیلیزابێس ئۆزدالگەدا "نەقشبەندییەكان لە ئاسیای ڕۆژئاوا و ناوەندا. گۆڕان و بەردەوامی"، (ئەستەمبووڵ: ئینستیتوتی لێكۆڵینەوەی سویدی، 1999)، ل 89 ــ 100.

(27) لە بارەی شێخ تەهای نەهرییەوە بڕوانە مارتن ڤان برونەسن "ئاغا و شێخ و دەوڵەت"، (لەندەن: زەد بوكس، 1992)، ل 230. هەروەها العزّاوی "خلفاء مولانا خالد"، مجلة المجمع العلمی الكردی، ژمارە (2)، 1974، ل 206 ــ 207.

(28) لە بارەی ئەلمەشاهیدییەوە بڕوانە العزّاوی "ذكری أبی الثناء الآلوسی"، ل 189. هەروەها الحیدری، "المجد التالد"، ل 56. الدروبی "البغدادیون"، ل 77 ــ 78.

(29) لە بارەی إبراهیم المشاهدیەوە بڕوانە العزّاوی "خلفاء مولانا خالد" ل 193. الحیدری "المجد التالد"، ل 56.

(30) بڕوانە ئەم بابەتەم "نەجیب پاشای والی و تەریقەتی قادری لە عێراقدا"، گۆڤاری مێژووی سۆفیزم، بەرگی 1 ـ 2 ساڵی 2000، ل 117. هەروەها الراوی "تاریخ الأسر"، ل 306 ــ 307.

(31) عماد عبدالسلام رؤوف، "حضارة العراق"، (بغداد: دار الحرية للطباعة، 1985)، بەرگی 10، ل 140 ـ 142، هەروەها بڕوانە إبراهيم الوائلى، "الشعر السياسى فى العراق فى القرن التاسع العشر"، (بغداد، 1961)، ل 83 ــ 87.
(32) پەند و ئامۆژگاریی ئاینی بە عادەت لە مزگەوتەکانی بەغدادا و لە مانگی ڕەمەزاندا ئەنجامدەدرا، بڕوانە الدروبى "البغداديون" ، ل 377 ـ 378 و شوێنانی تر. ئەم پەندو ئامۆژگارییانە جیاوازن لە وتاردانی ڕۆژانی هەینی. لە بارەی محمد أمين الواعظ كە لە مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانیدا وەعزی دەدا، بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 333، مصطفى نورالدين الواعظ "الروض الأزهر" (الموصل: مطبعة الأتحاد، 1988)، ل 74. هەروەها بڕوانە الآلوسى، "المسك الأصفر"، ل 26، 109، 133 ــ 134.
(33) لۆنگریگ "چوار سەدە لە مێژووی نوێی عێراق" ل 282، هەروەها بڕوانە على الوردى "لمحات اجتماعية"، ل 110.
(34) لە بارەی بووژانەوەی ئەدەبییەوە بڕوانە البشير "نهضة العراق الأدبية".
(35) محمود الآلوسى "غرائب الأغتراب ونزهة الألباب" (بغداد: مطبعة الشابندر، 1909)، ل 18. سەبارەت بە ژیانی ئالووسی بڕوانە العزاوى "ذكرى أبى الثناء". محمود شكرى الآلوسى "المسك الأصفر" ل5 ـ 25. بشير نافع "أبو الثناء الآلوسى".
(36) العزاوى، "ذكرى أبى الثناء"، ل 25.
(37) "روح المعانى فى تفسير القرآن"، (القاهرة: المطبعة الكبرى الأميرية 1883 ـ 1884، 1892 ـ 1893)، 9 بەرگ (لەم نووسینەدا كە لە دار النشر المنيرية لە قاهیرە دەرچووە، لە بەرواری 1935 ـ 1936، لە 30 بەرگدا چاپکراوەتەوە، لە لایەن دار إحياء التراث العربى، بيروت، بێ مێژوو...). هەروەها بڕوانە محسن عبدالحميد "الآلوسى مفسرًا"، (بغداد: مطبعة المعارف، 1968)، ل 158.
(38) روح المعانى، بەرگی 3، ل 11.
(39) الآلوسى "غرائب الأغتراب"، ل 384.
(40) وەك لە ئەلعەززاوی "ذكرى أبى الثناء"، ل 39، وەرگیراوە.
(41) هەمان سەرچاوە.
(42) بشير نافع، "أبو الثناء الآلوسى..."، ل 485. هەروەها بڕوانەمحمود شكرى الآلوسى "المسك الأصفر"،ل 16، 19.
(43) "روح المعانى"، بەرگی 7، ل 114. لە بارەی شێخ ئەحمەدی تەحاوییەوە، بڕوانە "الطحّاوى"، بەرگی 10،ل 101 ــ 102.
(44) "روح المعانى"، بەرگی 7، ل 115.
(45) هەمان سەرچاوە، بەرگی 1، ل 60، بەرگی 3، ل 11، 87 ــ 88.
(46) الآلوسى "غرائب الأغتراب"، ل 384 ــ 385.
(47) هەمان سەرچاوە، ل 385.
(48) العزاوى،"ذكرى أبى الثناء"، ل 42 ــ 43.
(49) محمود الآلوسى، "نشوة المدام فى العود الى مدينة السلام"، (بغداد: مطبعة الولاية، 1867)، ل 74.
(50) "روح المعانى"، المجلد 14، ل 53 ـ 54. هەروەها عبدالحميد "الآلوسى مفسرًا"، ل 308.
(51) الآلوسى "غرائب الأغتراب"، ل 71 ــ 72.
(52) "روح المعانى"، بەرگی 14، ل 53 – 54 و بەرگی 22، ل 101. محسن عبدالحميد "الآلوسى مفسرا"، ل 308.
(53) هەمان سەرچاوە، بەرگی 17، ل 69 ــ 70.
(54) م. الآلوسى "الطراز المذهب فى شرح قصيدة الباز الأشهب" (مطبعة الفلاح، الملفّات 98 ب ـ 99 أ). محسن عبدالحميد، "الآلوسى مفسراً"، ل 292.
(55) م. الآلوسى، "الطراز المذهب"، الملف 99 ب.

(56) هەمان سەرچاوە. هەروەها عبدالحمید، "الآلوسی مفسرا"، ل 293.
(57) "روح المعانی"، بەرگی 11، ل 98 و عبدالحمید "الآلوسی مفسَراً" ل 293.
(58) "روح المعانی"، بەرگی 11، ل 98.
(59) هەمان سەرچاوە بەرگی 17، ل 57 و بەرگی 9، ل 110.
(60) الآلوسی، "غرائب الأغتراب"، ل72، 85.
(61) "روح المعانی"، بەرگی 28، ل 35.
(62) العزّاوی، "ذکری أبی الثناء"، ل 44.
(63) ئە. ئێچ. ئار. جیب، "ئاراستە مۆدێرنەکان لە ئیسلامدا"، (شیکاگۆ: چاپی زانکۆی شیکاگۆ، 1974)، ل 35.
(64) کلۆد کەهێن، "تورکیای پێش عوسمانی"، (لەندەن: سیجویك و جاکسۆن، 1968)، ل 8. کارتەر ڤ. فیندلی، "تورکەکان لە مێژووی جیهاندا"، (ئۆکسفۆرد: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد، 2005)، ل 60 ـ 61. هەروەها بڕوانە ئەحمەد یەشار ئۆجاك، "ئیسلام لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا: چوارچێوەیەکی کۆمەڵناسی بۆ لێکدانەوەیەکی نوێ". گۆڤاری نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەی تورکی، ژمارە 9 ، 1 ـ 2، هاوینی 2003، ل 193 ــ 195. تیم وینتەر، "ژیانی ڕۆحی لە تورکیای عوسمانیدا، بەندۆڵی کاتژمێرەکە دەگەڕێتەوە دواوە"، ڕاپۆرتی جیهانی ئیسلامی، ژمارە (1 :3)، 1996، ل 32 ــ 41.
(65) کلاوس کرایزەر، "مەدرەسە و خەڵوەتی دەروێش لە ئەستەمبووڵدا: لە ڕووی ژمارەوە"، لە کتێبەکەی هەمان نووسەردا بە ناوی "ئەستەمبووڵ و ئیمپراتۆریای عوسمانی". هەروەها ئەحمەد مونیب باندرمالیزادە "مەجمووعەیی تەکایا"، (ئەستەمبووڵ: 1889 ــ 1890).
(66) لە نەوەی دووەمی دوای ئالووسیدا بڕیارە موسڵمانەکان باسیان لە پەیوەندیی نێوان لادانی ئیسلام و کۆمەڵگەی موسڵمان و تەریقەتەکانی سۆفیگەریی باودا کردووە. بۆ نموونە بڕوانە بەشی "جمود المسلمین وأسبابە" لە کتێبەکەی محەممەد عەبدەدا: "الأسلام والنصرانیة مع العلم والمدنیّة" (القاهرة: دار المنار، 1954)، ل 101 ـ 105. هەروەها عبدالرحمن الکواکبی،"أمّ القری"، إصدار جدید من قبل *M. J. Tahnan* (دمشق: 2002، الناشر غیر مذکور)، ص 135 ـ 137. هەروەها بڕوانە چارڵس ئادامز، "ئیسلام و مۆدێرنیزم لە میسر" (لەندەن: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد، 1933)، ل 188 ــ 189.
(67) بڕوانە ئیسحاق وایزمان، "لە نێوان ڕیفۆرمی سۆفیگەری و ئەقڵانی یەتی مۆدێرنەدا: هەڵسەنگاندنەوەیەك بۆ ڕەگ و بنەمای سەلەفییەت لە گۆشەنیگای دیمەشقەوە"، گۆڤاری جیهان ئیسلام *Die Welt des Islam*، ژمارە 2: *41*، ساڵی 2001، ل 206 ـ 237. هەروەها داڤید کۆمینس، "چاکسازی ئیسلامی: سیاسەت و گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە سوریای دوادوایی سەردەمی عوسمانیدا"، (نیویۆرك: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد، 1990).
(68) لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە قاهیرە بووبوو بە سەنتەری چاپ و بڵاوکردنەوەی دەقە عەرەبی و ئیسلامییەکان. گەلێ لەو بڵاوکراوانەی تایبەت بوون بە مەزهەبی سەلەفی لەوێ چاپکران وەك ئەوەی سوەیدی "العقد الثمین" یان ئالووسی "روح المعانی" ، کە لەم نووسینەدا ئیشارەتیان بۆ کراوە. من لە ئێستادا سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیاریم لە سەر ئەم بوارە بۆ بابەتە نووسینێکی داهاتوو.
(69) بڕوانە بابەتەکەم "سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و شێخ ئەبولهودا ئەلسەییادی"، گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژمارە (15)، 1979، ل 131 ــ 153.
(70) ئەرشیفی سەرەکیی عوسمانی، ئیرادەی داخیلییە، ژمارە 2749، 24 ی سەفەری 1258، 6 ی نیسانی 1842.

(71) له بارەی نەجیب پاشای گورجییەوە بڕوانە: سجلی عوسمانی*Sicilli Osmani* ، بەرگی 4، ل 545 ـ 546. هەروەها لۆنگریگ، "چوار سەدە لە مێژووی نوێی عێراق"، ل 238. علی الوردی، "لمحات إجتماعیة"، ل 112. العزّاوی، "تأریخ العراق"، بەرگی 7، ل 64.

لە بارەی پابەندبوون بە تەریقەتی خالیدییەوە بڕوانە أسعد صاحب، "بغیة الواجد"، ل 144، 181 ـ 182.

(72)"*zihnileri muvafik gelmis*"، ئیرادەی داخیلییە، ژمارە 2749، 24 ی سەفەری 1258، 6 ی نیسانی 1842.

(73) بڕوانە ئەرشیفی سەرەکیی عوسمانی، موهیمە دەفتەرلەری، ژمارە 255، ل 34، ئەواسیت شەعبان 1258، سێپتەمبەر 1842. هەروەها مەجلیسی ڤالا ئیرادەلەری، ژمارە 2330، 15 ی شەووالی 1263، 26 ی سێپتەمبەری 1847. لە پلە بە پلەی جێبەجێ کردنی تەنزیمات و دامەزراندنی ئەنجومەنی بەڕێوەبردندا بڕوانە: مەسایلی موهیمە ئیرادەلەری ژمارە 2046، جەمادەی 1262/ مایسی 1846، هەروەها ئیرادەی داخیلییەی ژمارە 4906.

(74) لە بارەی مەزاری قادرییەوە لە بەغدا بڕوانە هاشم الأعظمی "تاریخ جامع الشیخ عبدالقادر الکیلانی"، (بغداد: مطبعة العانی، 1971)، هەروەها محمود شکری الآلوسی "تاریخ مساجد بغداد وآثارها"، (بغداد: مطبعة دار السلام، 1946)، ل 48 - 52.

(75) لە بارەی مێژووی ئەم خێزانەوە بڕوانە إبراهیم الدروبی، "المختصر فی تاریخ عبدالقادر الکیلانی وأولاده"(کەراچی: بێ ساڵی چاپ و دەزگای بڵاوکردنەوە). لە بارەی مشتومڕی ئێستاوە بڕوانە ل 166. بۆ یەکەمجار کە پۆستی نەقیبی ئەشرافی بەغدا کرا بە نازناوی سەرپەرشتیارانی مەرقەدی گەیلانی لە هەمان بنەماڵەدا لە لایەن سوڵتان سولێمانی گەورەوە، کە لە ساڵی 1535دا بەغدای گرت و لەو دەمەوە ئیتر بوو بە سیفەتی بنەماڵەکە. بڕوانە ل 46 ـ 47 لە کتێبەکەی إبراهیم الدروبی "الباز الأشهب فی حیاة السید عبدالقادر الکیلانی"، (بغداد:ناوی بڵاوکەروە نیە،1955)، هەروەها بڕوانە م. صالح السهرودی، "لبّ الألباب"، (بغداد: مطبعة المعارف، 1933)، بەرگی 2، ل 14 ـ 127. سعید الراوی، "تاریخ الأسر"، ل 306.

(76)الدروبی، "الباز الأشهب"، ل 168 و هەر ئەویش، "البغدادیون"، ل 5. هەروەها بڕوانە بابەتەکەی من بە ناوی "نەجیب پاشای والی و تەریقەتی قادری لە عێراقدا"، لە گۆڤاری مێژووی سۆفیزم، ژمارە (1 ـ 2)، ساڵی 2000، ل 115 ـ 122.

(77)العزّاوی، "تأریخ العراق"، بەرگی 7، ل 32، 83.

(78)بڕوانە ئەرشیفی سەرەکیی عوسمانی، ئیرادەی داخیلییە ژمارە 4717، 24 ی زیلقەعدەی 1260، 5 ی دیسەمبەری 1844. هەروەها الدروبی، "المختصر فی التأریخ"، ل 104 ـ 105، 168 ـ 170. هەروەها بڕوانە ل 119ی بابەتەکەمان، "نەجیب پاشای والی و تەریقەتی قادری لە عێراق"، ل 119.

(79)الدروبی، "البغدادیون"، ل 5 - 6، العزّاوی، "تأریخ العراق"، بەرگی 8، ل 16.

(80)الدروبی، "المختار فی التاریخ"، ل 168.

(81)لە بارەی سەلمانەوە بڕوانە: السهرودی، "لبّ الألباب" بەرگی 2، ل 128 ـ 132. هەروەها بڕوانە پێیر جان لوزار، "تەریقەتە سۆفییەکان لە عێراقی سەدەکانی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا، شان بە شانی شیعەی دوانزە ئیمامی و وەهابییەتدا"، لە کتێبەکەی ف. دی جۆنگ و بێرنار راتکە، "سۆفیگەریی ئیسلامی لە ململانێدایە، سیانزە سەدە لە ناکۆکی و مشتومڕ"، (لیدن: بریلّ، 1999)، ل 292.

(82)م. شوکری الآلوسی، "تأریخ مساجد بغداد"، ل 144.

(83)بڕوانە ئەرشیفی سەرەکیی عوسمانی " فەرمانەکانی ناوخۆ، *Dahiliyye Iradeleri*" ژمارە 7904 لە ڕۆژی 25 ی سەفەری 1263 ی هیجری، ڕێکەوتی 12 ی شوباتی 1847 و ژمارە 8721 لە ڕۆژی 15 ی ڕەبیعولئەووەلی 1264، ڕێکەوتی 20 ی شوباتی 1848.

(84)الدروبی، "البغدادیون"، ل 324.

(85)هەمان سەرچاوە، ل 323 ـ 324.

(86) هەمان سەرچاوە، هەروەها بڕوانە عماد عبدالسلام رؤوف، "معالم بغداد فی القرون المتأخرة"، (بغداد: بیت الحكمة، 2000)، ل 107، 173.

(87) بڕوانە ئەرشیفی سەرەكیی عوسمانی ، فەرمانەكانی ناوخۆ، *Dahiliyya Iradeleri*، ژمارە ( 7359)، 20 ی ڕەبیعولئاخەر 1263، 7 ی نیسانی 1847.

(88) هەمان سەرچاوە ژمارە (5011)، 9 ی ڕەبیعولئەووەل 1261 ڕێكەوتی 18ی مارتی 1845.

(89) ئەسعەد ساحێب لە باس و سەرنجدانیدا بۆ ئیبن سولێمان "الحدیقة الندیة" ، ل 78 ـ 79. هەروەها ك. كرایسەر، "مەدرەسە و خەڵوەتی دەروێش لە ئەستەمبووڵدا: لە ڕووی ژمارەوە"، ل 27. الحیدری، "المجد التالد"، ل 85.

(90) لە بارەی داود بن سلێمانەوە بڕوانە: السهروردی، "لبّ الألباب"، بەرگی 1، ل 90 ـ 95. الدروبی، "البغدادیون"، ل 168 ـ 170. علی علاءالدین الآلوسی، "الدرّ المنتثر فی رجال القرن الثانی عشر والثالث عشر"، (بغداد: دار الجمهوریة، 1967)، ل 174 ـ 177.لە بارەی تەوەججوهەوە، بڕوانە ئیبن سلێمان،"الحدیقة الندیة"، ل 90.

(91) بڵاوكراوەكان ئەمانە بوون،"رسالة فی الرّد علی المرحوم السید محمود أفندی الآلوسی"، (بومبای: مطبعة نخبة الأخبار، 1888ـ 1889)، "المنحة الوهبیة فی ردّ الوهابیة"، (هەمان چاپخانەی سەرەوە، 1887)، "أشدّ الجهاد فی إبطال دعوی الأجتهاد" ، (هەمان چاپخانەی سەرەوە، 1887)، "صلح الأخوان من أهل الأیمان وبیان الدین القیّوم فی تبرئة إبن تیمیة وإبن القیّم" ، (هەمان چاپخانە 1888 ـ 1889). هەموو ئەم نامیلكانە لە یەك بەرگدا لە ئەستەمبووڵ چاپكرانەوە، لە خانەی *Hakikat Kitabevi*، لە ساڵی 1986دا.

(92) لە سەر ئەم بابەتە بڕوانە ئیسحاق وایزمان، "تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی و بەرەنگاربوونەوەی سەلەفییەت لە عێراق"، گۆڤاری مێژووی سۆفیزم، ژمارە (4)، 2003 ـ 2004، ل 229 ـ 240.

(93) بڕوانە ئەرشیفی سەرەكیی عوسمانی، فەرمانەكانی ناوخۆ، ژمارە ( 7298)، 6 ی جمادی الأول 1263 ڕێكەوتی 22 ی نیسانی 1847. الحیدری، "المجد التالد"،ل 53. محمود شكری الآلوسی، "تاریخ مساجد بغداد"، ل 27.

(94) إبن سلیمان، "الحدیقة الندیة"، ل 80 ـ 81. عبدالرزاق البیطار، "حلیة البشر فی تاریخ القرن الثالث عشر"، (دمشق: المجمع العلمی العربی، 1961 ـ 1963)، الجزء 1، ل 589.

(95) بڕوانە ئەرشیفی سەرەكیی عوسمانی ، *Mesail Muhimme Idareleri*، س ژمارە 2055 لە 23 ی موحەڕەم 1263، ڕێكەوتی 11ی كانوونی دووەمی 1847و ژمارە 2056 لە 25 ی موحەڕەمی 1264/ 2 ی كانوونی دووەمی 1848و ژمارە 2065 لە 8 ی شەووالی 1263 / 19 ی ئەیلولی 1847 و بۆ گەیشتنە بەغداشیان بڕوانە داخیلییە ئیرادەلەریی ژمارە 8610 لە 13ی موحەڕەمی 1264/ 21 ی دیسەمبەری 1847 و لە سوپاسنامەیەكدا كە بیست كەس لە ئەشراف و پیاوماقووڵانی بەغدا ئیمزایان كردووەو ئیرادەی مەسایلی موهیممە ژمارە 2071 لە 27 ی سەفەری 1264/ 3ی شوباتی 1848 و لە هەمان ئیرادەدا لیستێك ناوی مەزارو مەرقەد هەیە كە دیارییان بۆ ڕۆیشتووە.

(96) العزّاوی، "تاریخ العراق"، بەرگی 7، ل 78 و پشتی بەستووە بە "تەئریخی لوتفی"، (ئەستەمبووڵ، چاپخانەی سەباح 1873 ـ 1875)، بەرگی 8، ل 133. هەروەها محمود شكری الآلوسی، "تأریخ مساجد بغداد"، ل 23، 51

(97) محمود الآلوسی، "غرائب الأغتراب"، ل 24. هەروەها بڕوانە علی الوردی "لمحات إجتماعیة"، بەرگی 2، ل 146. العزّاوی "ذكری أبی الثناء الآلوسی"، ل 75.

(99)"تەئریخی لوتفی"، بەرگی 8، ل 15. هەروەها بیرنارد لویس، "پەیدابوونی تورکیای نوێ"، (لەندەن: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد، 1961)، ل 110 ـ 111. هەروەها علی الوردی، "لمحات اجتماعیة"، بەرگی 2، ل 149. هەروەها محمد بهجت الأثری، "أعلام العراق"، (القاهرة: المطبعة السلفیة 1926 ــ 1927)، ل 24.

(100)لە بارەی مستەفا بەگی روبێعی یەوە بڕوانە محمود الآلوسی، "غرائب الأغتراب"، ل 43 ــ 45، لە بارەی دەرکردنیەوە لە پۆستی بەڕێوەبەری فەرمانگەی وەقفی بەغدا بڕوانە ئەرشیفی سەرەکیی عوسمانی،فەرمانەکانی ناوخۆ، ژمارە (6038)، 22 ی ڕەبیعولئەووەل 1262 ڕێکەوتی 20 ی مارتی 1846. لە بارەی بنەماڵەی ڕوبێعی یەوە بڕوانە الدروبی، "البغدادیون"، ل 69.

(101)مصطفی ن. الواعظ، "الروض الأزهر فی تراجم السید جعفر"، (الموصل: مطبعة الأتحاد، 1984)، ل 85.هەروەها العزّاوی، "ذکری أبی الثناء الآلوسی"، ل 54 ـ 56.

(102)مصطفی ن. الواعظ، "الروض الأزهر"، ل 87، 89. هەروەها علی الوردی "لمحات اجتماعیة"، بەرگی 2، ل 150 ــ 151. الراوی، "تاریخ الأسر"، ل 273.

(103)محمود الآلوسی، "غرائب الأغتراب"، ل 24 ــ 26.

(104)لە بارەی محمد فیضی الزهاویبڕوانە محمد الخال "محمد فیضی الزهاوی مفتی بغداد"، مجلة المجمع العلمی العراقی، ژمارە ( 5) 1958، ل 124 ـ 140. هەروەها عبدالکریم المدرس، "علماؤنا"، ل 517 ــ 522. الراوی، "تاریخ الأسر"، ل 378 ــ 381.

(105)بڕوانە ئەرشیفی سەرەکیی عوسمانی، داخیلییە ئیرادەلەری، ژمارەکانی 5016 و 5330 لە 9 ی ڕەبیعولئەووەلی 1261 ڕێکەوتی 18 ی مارتی 1845 و 20 ی ڕەبیعولئەووەلی 1262 ڕێکەوتی 18 ی مارتی 1846 و گەڵێ فەرمان (ئیرادە) ی تر.

(106)العزّاوی "ذکری أبی الثناء الآلوسی"ل 53 ـ 54. البشیر "نهضة العراق الأدبیة"، ل 224. محمود الآلوسی "غرائب الأغتراب"، ل25.

(107)علی شریف الأعظمی، "مختصر تاریخ بغداد" (بغداد: مطبعة الفرات، 1926)، ل 238.

(108)بڕوانە بابەتەکەمان، "سەلەفییەت و سەرهەڵدانی تەریقەتی خالیدی لە بەغدا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا".

(109) بڕۆرە دەروازەی "عەبدولحەمیدی دووەم" لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، دەزگای وەقفی ئاینیی تورکیا، ژمارە ( 1)، ل 216 ــ 224. هەروەها بڕوانە بابەتەکەی من "سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و شێخ ئەبولهودا ئەلسەییادی". هەروەها إبراهیم الویلحی، "ما هنالك"، (القاهرة: 1896).

(110)لە بارەی نوعمانەوە بڕوانە محمود شکری الآلوسی "المسك الأضفر"، ل 51 ـ 56. هەروەها الأثری "أعلام العراق"، ل 57 ـ 68. هەروەها د. کۆمینس، "سیاسەتەکانی ڕیفۆرمی ئیسلامی"، ل 24 ــ 26.

(111) بڕوانە نووسینەکەی ئی. وایزمان، "لە نێوان ڕیفۆرمیزمی سۆفی و مەزهەبی ئەقڵیی مۆدێرنیستدا: سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەیەکی ڕیشەی سەلەفییەت لە گۆشەنیگای دیمەشقەوە".

(112) دەبێ بگەڕێینەوە سەر س. ئەرنست دۆن بۆ سەرنج راکێشانمان بۆ ئەم بوارە لە نووسینەکەیدا: "لە عوسمانیزمەوە بۆ عەرەبیزم: بناغەی ئایدۆلۆجیایەك"، کە لە کۆی بەرهەمەکانیدا بڵاوبووەتەوە، بە ناوی "لە عوسمانیزمەوە بۆ عەرەبیزم. چەند بابەتە نووسینێك لە سەر ڕەگ و ڕیشەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی"، (ئوربانا: چاپی زانکۆی ئیلینۆی، 1973)، بڕوانە ل 132 ــ 140.

4

حـامـیـد ئـاڵـگـەر

# تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لە تاڵش

# (باکووری ڕۆژئاوای ئێران)*

## تاڵش و سەفەوییەکان

لە ناو ئەو تۆڕە ئیتنۆ ـ جوگرافییە ئاڵۆزەی باکووری ڕۆژئاوای ئێران و باشووری قەوقازدا، تاڵش، کە ناوچەیەکی ئوستانی گەیلانە لە درێژبوونەوەی تیلماسکێکی بە قەراخ دەریای قەزوێندا لە کۆماری ئازەربایجاندا ناسنامەی خۆی لە تێکەڵەیەك خاسییەتی جیاکار وەرگرتووە لەڕووی ئیتنیکی و زمان و تۆپۆگرافی و کولتووری و مێژووییەوە. ([illegible]) ئەڵبەتە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش فۆلکلۆرو جوگرافیاو زمانی تاڵش سەرنجی زۆر بۆ خۆیان ڕادەکێشن.([illegible]) بە گشتی مێژووی تاڵش پشتگوێ خراوەو ڕەنگە مایەی سەرسوڕمان نەبێت کەوا دووریی ناوچەکەو دابڕانی خەڵکەکەی و نەبوونی کۆڕو کۆبوونەوەی شارستانی و دووریی لە ڕێگاوبانە سەرەکییەکانی بازرگانی پێکەوە هۆکاری ئەو دۆخەی تاڵش بن. تەنانەت بارتۆڵد رای وایە کە تاڵش لەڕووی مێژووییەوە بە بێبایەخ ماوەتەوە تا جەنگەکانی روسیاو ئێران لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا کە بوون بە هۆی لەدەستدانی هەمیشەیی ئێران بۆ

قەوقاز. [□□□] ئەم بۆچوونە پەیوەندیی نزیك و دژواری تاڵشییەکان دەگەیەنێ بە بنەماڵەی فەرمانڕەوای سەفەوییەکان و بە تایبەتی لە ساڵانی فەرمانڕەوایی بەراییاندا، چونکە لەلایەك ئەوان تاقە هێزی غەیرە تورکیان بۆ شا ئیسماعیل دابینکردبوو بۆ پشتگیری کردنی لە کاتی چوونە سەر حوکمیداو لەڕووی ڕێزلێنانەوە بە قزڵباشی شەرەف دانران. لەلایەکی ترەوە دڵسۆزییان بۆ ماڵی سەفەوی بە گشتیی دلگەرمیی ئایینی تێدانەبوو، لەو جۆرەی کە پاڵنەری قزڵباش بوو، چونکە لەگەڵ نزیکیی تەواوی شوێنی ئەمان لە ئەردەبیلەوە کە جێگەی لەدایکبوونی بزووتنەوەی سەفەوی بوو، زۆربەی تاڵشییەکان ناسنامەی سونی و وردتر بڵێین شافیعیی خۆیان پاراست لە سەرتاپای سەردەمی سەفەوی و دوای ئەوەشدا.

وەك بەشێك لە هەرێمی گەیلان کە بە بیا. پاش ناسراوە، بۆنموونە ئەو ناوچانەی دەکەونە ڕۆژئاوای سفیدڕوودەوە، تاڵش لە پێش سەردەمی سەفەوییەکاندا بە دوای یەکدا ژمارەیەك لە میرەکانی سونە مەزەب حوکمیان کردووە، یەکەمجار لە فومانەوەو پاشان لەڕەشتەوە. لە سەرتاپای ناوچەکەدا، مەزهەبی شافیعی دەستباڵا بووە، هەرچەندە قوتابخانەی باو وەك باسدەکرێت حەنبەلی بووە تا سەدەی چواردەهەم (حەوتەمی هیجری) [□□□]. ناوچەی بیاپیشی ڕۆژهەڵاتی سفیدڕوود، بەپیچچەوانەوە شیعەی زەیدی و ئیسناعە شەری بوون. سەفەوییەکان بەردەوام لەهەوڵ و خۆکۆکردنەوەدا بوون و لە سەرەتادا بە ناو ملکەچی فەرمانڕەوایانی ناوخۆیی گەیلان بوون ـ بە هەردوو بیاپاش و بیاپیشەوە و. باج و خەراجیان دەدانێ و نزیکەی سەدەیەك تێپەڕی پێش ئەوەی ویلایەتەکە بەتەواوی بخرێتە ناو حوکمی سێنترالەوەو لەگەڵ قەوارەی "خاسە"دا لێکبدرێت بۆ وڵاتێك کە وەزیرەکان بەڕێوەیانبردووە [xli]. ئەم وڵاتە تا ئەو دەمە بە شێوەیەکی سەرەکی مێژووەکەی بریتیبوو لە ناکۆکی و بەگژداچوونەوەی نێوان بیاپاش و بیاپیش، ڕکابەری و ململانێی سەخت لە بارەگای فەرمانڕەواییدا لە بیاپیش، هەوڵدانی پچڕپچڕ لە لایەن سەفەوییەکانەوە بۆ لێکجیاکردنەوەو چارەسەری ئەم دوژمنکارییە جۆراوجۆرانەو ناوبەناویش لەشکرکێشیی سزادان و بەرپەرچدانەوە لە لایەن قزڵباشەکانەوە بە سروشتی دڕندەیانەوە. لە میانەی ئەم سەدە پڕ لە خوێنڕێژییەدا، بەلای کەمەوە دوو فەرمانڕەوای بیاپاش پەیوەندییان لەگەڵ عوسمانیەکاندا سازدابوو. یەکەمیان ئەمیرە دوبباج بوو کە لە ساڵی 1518 (924ی هیجری)دا لەگەڵ سوڵتان سەلیم نامەیان لە نێواندا بووەو هەشت هەزار پیاوی خستووەتە ژێر ڕکێفی سوڵتان سولێمانەوە کاتێ لە ساڵی 1548 (955 ی هیجری) دا ئازەربایجانی داگیرکرد. بەڵام پاش ئەوەی هێزەکانی عوسمانی کشانەوە ئەمیرە دوبباج دەسگیرکراو برا بۆ تەبرێزو لەوێ خستیانە قەفەزێکەوەو بە زیندوێتی سووتاندیان [xli]. دووەمیش خان ئەحمەد بوو کە لە ساڵی 1591 (1000ی کۆچی)دا پەیوەندیی کردبوو بە سوڵتان موڕادی سێهەمەوە، کە بەردەوام دانەرۆی بۆ دەکرا بە ئەگەری هاوپەیمانیەك لەگەڵ دەوڵەتی بەهێزو دەسەڵاتداری عوسمانیدا [xli]. عوسمانیەکان بەرژەوەندییەکی ئاشکرایان هەبوو لە بەدەستهینان و نزیکبوونەوەیان لە ناوچەکانی بەرهەمهێنانی ئاورێشم لە گەیلانداو ڕەنگە پاڵنەری ئارەزووشیان هەبووبێت بۆ یارمەتیدانی سونە مەزهەبە ئابلۆوقەدراوەکانی بیاپاش [xli]. ئەو کاتەی کە سەفەوییەکان حوکمدارەکانی ناوخۆیان ناچار کرد مل بدەن بە لکاندنی گەیلان بە قەڵەمڕەوی "خاسە"وە، سوننەگەری لە بیاپاشدا نەمابوو، لێبواردنێکی بایەخدارو بەرچاوی ناوچەکانی نیشتەجێی تاڵشییەکان نەبێت[xli].

لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیی تاڵشییەکان بە بنەماڵەی سەفەوییەوە کۆن بوو. شێخ ئیبراهیم زاهیدیی گەیلانیی (کە ساڵی 1301ی زاینی و 700ی کۆچی مردووە) و مورشیدی سەفیەدینی باپیرە گەورەی دامەزرێنەری فەرمانڕەوایی بنەماڵەکە بووەو نازناوی سەفەویش بۆ ئەم دەگەڕێتەوە زۆربەی ژیانی لە تاڵشدا بەسەربردووە، کە یەکێك بوو لەو دوو گوندەی بۆ چەندین ساڵ ئەمسەرو ئەوسەری تێدا دەکردن و لەو ماوە دوورودرێژەی پێش یەکتر بینینی یەکلاکەرەوەی لەگەڵ شێخ سەفیدا ـ ئەو ساڵانەی کە بە "تاریکیی دێهاتنشین"و "ماوەی نە باش نە خراپ" ژیا ـ پێدەچێت شێخ زاهید لەڕاستیدا شوێنکەوتووەکانی خەڵکی تاڵش بووبێتن [xli]. بەشێکی بەرچاوی پەیڕەوانی شێخ سەفی ڕێکوڕەوان لە تاڵشییەکان پێکهاتبوون و وا باسدەکرێت کە تاڵش لەگەڵ ساراب شوێنی کۆبوونەوەی دڵسۆزانی بووبێت [xli]. بە هەر حاڵ، هەندێك لە تاڵشییەکان بەگومان بوون و بەو پێیە هاتن بۆ ئەردەبیل بۆ تاقیکردنەوەی تواناو دەسەڵاتی شێخ سەفی "بزانن ڕاست دەکات یان نا" وەك دەیانوت ـ بەڵام هەستکردنی بەم نیازە خراپەیان پەندێکی باشی دادان و لەدواییدا ئەمانیش بوون بە موریدو دڵسۆزی [xli]. بە هەمان شێوە تاقمێك لە "دزو جەردەی تاڵش ـ حەرامیهای تاڵش" پەشیمانیەکی زۆریان دەربڕی بۆ فڕاندنی کۆمەڵێك لە موریدو شوێنکەوتووانی شێخ، چونکە دووربەدوور تێکەوتنی شێخ بوو بە هۆی نەك هەر بەرەڵابوونی موعجیزە ئاسای موریدەکانی و کەلوپەلەکانیان، بەڵکو سەرشۆڕی و ئابڕووچوونی جەردەکانیش[xli].

دڵسۆزی و ملکەچیی تاڵشییەکان بۆ سەفەوییەکان بەردەوامییەکی زۆری خایاندو زیاد لە جارێك زێدو وڵاتیان بوو بە پەناگەی ئەو بنەماڵەیە لە کاتی ئەو گۆڕانکاریانەی هاتنە سەر ڕێی دەسەڵات بەدەستهێنانیان. ئەم حاڵەتە یەکەمجار لەگەڵ سەدرەدین و پاشان لەگەڵ عەبدولڕەحمانی کوڕی خواجە عەلی و دوای ئەویش لەگەڵ حەیدەر (هەرچەندە دایکی خانەخوێ تاڵشییەکەی تەفرە درابوو کە لە کاتی ڕاوەماسیدا تووشی بکات) و دواجاریش و لە هەمووی بەرچاوتر لەگەڵ شا ئیسماعیلدا [xli]. تاڵشییەکان درەنگوەخت چوونە بەر خزمەتی سەربازیی سەفەوییەکان و لە سەردەمی حەیدەردا، ئەو فەوجەیان لە سوپادا کە هێرشی کردە سەر داغستان بە (فەوجی پەرپووت) ناسرابوو (جەماعەتی ژولیدە)[xli]. تاڵشییەکان زیاتر سەلماندیان کە لە جەنگدا بە شێوەیەکی جیاکار بەدەستوبردن کاتێ، لە شەڕی چاڵدیراندا، کەوتنە شەڕی دەستەویەخەی سەختەوە تەنها بە کوتەکی ئەستوور و گاڵتەیان بە خوودە و زرێ دەهات و بە باری قورس و بێکەڵکیان دادەناو ئەسپی سرك و تیژڕەویان لەگەڵ بوو کە دەیانتوانی خۆیان لە دەست عوسمانیەکان دەربازبکەن[xli].

ئەم دڵسۆزییەی تاڵشییەکان بۆ سەفەوییەکانی بەرایی هەندێجار گریمانەی هەیە کە هاوزەمان بێت لەگەڵ باوەڕهێنان بە شیعەگەری (یان تەگبیرێکی گەوجانە بووەو بە شێوەیەکی سەرەتایی بەلای شیعیزمدا ڕۆیشتووە). تەنانەت ئیدیعای ئەوەش دەکرێت کەوا تاڵشییەکان بوون بە دلگەرمی جەختیان لە سەر مەسەلەی شیعەگەریی کردووە لە بەر ڕق هەڵگرتنیان لە دراوسێ ئازەرییەکانیان[xli]. مەسەلەیەکی ڕاستە کەوا بە پێی گێڕانەوەی فەزلوڵڵا خونجی (کە ساڵی 1521 مردووە) زۆرێك لە خەڵکی تاڵش و هەروەها خەڵکی ڕۆمیش "شێخ حەیدەریان بە خوای خۆیان داناوەو ئەرك و فەرمانی (نەماز)و نوێژو پاڕانەوەی ئاشکرایان پشتگوێ خستووەو وا تەماشای شێخیان کردووە کە قیبلەیانەو سوجدەیان بۆ ئەو بردووە"[xli]. بەهەرحاڵ، ئەم حەیدەر پەرستانە ناکرێ ببن بە نوێنەرو نموونەی

هەموو تاڵشییەکان، چونکە خەڵکی چونیەك نین، بەڵام وەك ملدان بە تاقە یەك دەسەڵات، دڵسۆزیی تاڵشییەکان بۆ سەفەوییەکان دەکرێ بە سانایی بوترێت مەسەلەیەکی دابونەریت بووە وەك لەوەی شەیداو کەمەنکێشی حەیدەرو ئیسماعیل بن. هەندێك لە تاڵشییەکان بەڕاستی هاتبوون بۆ ئەوەی بچنە سەر مەزهەبی شیعە و لە هەمووی گرنگتر لە هەرێمی باکووردا کەوا شاری لانکورانی تێدابوو، کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا لەدەستچوو و بەر روسیا کەوت، بەڵام گەڕانەوەی بە شێوەیەکی بەرچاو درەنگ کەوتەوەو لە کاتێکدا بوو کە دەکەوتە نیوەی دووەمی سەردەمی سەفەوییەوە[19]. لە ناوچەکانی خوارووشدا دیسان شیعەگەری باڵادەستیی بەدەستهێنا لە نێو تاڵشییەکانی شاندرمان و ماسالدا لە بارودۆخ و سەردەمێکی نەزانراودا، بەڵام وادیارە لە ئاخروئۆخری سەدەی نۆزدەیەمدا بووە[20]، بەڵام خەڵکی تاڵشی ناوەندو باکوور ـ کە ناوچەکانی تاڵش دولاب و ئاسالم و کەرگانڕوود بوون ـ بە بەردەوامی پارێزگارییان لە ناسنامەی سوننێتیی خۆیان دەکرد لە زەمانی سەفەوییەکانەوە، چونکە لەدەستیان بچوایە بە زەحمەت بەدەستیان دەهێنایەوە.

ئەم مەزهەب پاراستنە تا رادەیەك بە هۆی بواردنێکەوە بوو لە چەوساندنەوەی دڵگەرمانەی سەفەوییەکان. کاتێ کە شا ئیسماعیل بەرەو داگیرکردنی بانی ئێران پێشڕەویی کرد، ئەوە کاروباری تاڵش لەگەڵ ئەودوای ناوچەکانی گەیلاندا پێدەچێت زۆر بایەخدار نەبووبێت بۆ ئەم، چونکە سەفەوییەکان بە نیاز بوون ئەو شارە گەورانەی ئێران خاپوور بکەن کە مۆڵگەی فەرهەنگی سونی بوون. بەپێچەوانەوە تاڵش وڵاتی شوانکارەو دێهاتنشینی بێبایەخ و بە جۆگەو رووبار تەنراو بوو کەوا فرەجار لافاو دایدەپۆشی و خەڵکەکەشی ژیانێکی کۆچەرییان دەگوزەراند. لە ساڵی 1888 (1305ی کۆچی)دا حوسامولسەڵتەنەی والیی قاجاریی گەیلان، سەرنجی ئەوەی دابوو کە بە هۆی نەبوونی رێگاوبانەوە تاڵش بە شێوەیەکی کاریگەرانە لە ناوچەکانی تری ویلایەتەکەو بەڵکو لە سەرتاپا ئێرانیش دابڕاوە[21]. ئەم ناوچەیە هیچ شارێکی وای تێدا نەبوو کە دامودەزگایەکی فێرکردن لەخۆ بگرێت و ببێتە مایەی هەڕەشە یان بەرەنگاربوونەوە بۆ سیاسەتە ئاینیەکانی سەفەوییەکان [22]. بەپێچەوانەوە ئەم نەبوونی دەزگا رەسمیانە رەنگە کارئاسانیی بۆ پاراستنی ناسنامەی سونی کردبێت، بێجگە لەوەش تاڵشییەکان لە سنووری هەرێمێکدا نیشتەجێبوون کە بەردەوام لە لایەن عوسمانیەکانەوە هەڕەشەی لێدەکراو قوبووڵکردنی بەردەوامبوونیان لە سەر ناسنامەی سوننێتی لەوانەیە نرخێك بووبێت بۆ مسۆگەر کردنی دڵسۆزییان وەك هێزێکی شەڕکەری بەئەزموون. شتێك لەمە لە داب و نەریتی سەرزارەکیی ئێستای تاڵشییەکاندا رەنگدەداتەوە کە ئیشارەت بە شا عەباس دەدات لە سەردانێکیدا بۆ ناوچەکە، کەوا ویستوویەتی بەزۆر ناچاریان بکات بچنە سەر مەزهەبی شیعە. بەڵام دواجار ئەوەی نەکرد بەو حیسابەی کە چۆن خزمەتی سەفەوییان کردووە لە بەرانبەر راگرتنی هەستی ئاینییان [23]. راستیەکەی نەك هەر سەفەوییەکان، بەڵکو مەغۆل و قاجارەکانیش بایەخیان داوە بە تواناو کارامەیی جەنگیی تاڵشییەکان[24].

بەهەرحاڵ، شا عەباس بڕیاری دابوو هیچ لێبووردەیی نەبێت لە ئاست سوننەکانداو کاتێ لە سەردانێکی ساڵی 1611دا بۆ سەر مەزاری شێخ زاهید لە سیاە ڤارود خێرو سەدەقەی بەجێهێشت بۆ ئەوەی لە نێو خەڵکە زیارەتکەرەکاندا دابەشبکرێت و مەرجی ئەوەی دانابوو کە زیارەتکەرە سونیەکان لەم بەخششەی بێبەری بن [25].

ئەڵبەتە لێرەدا دەبێ سونییەکان تاڵشی بن، چونکە رێتێناچێت سونییەکان لە شوێنێکی دوورەوە بێن کە تەنانەت

بۆ ئێستاش جێگەیەکی دووره[26]. ڕاستێکەی مەرجەکەی شاعەباس ئەوە دەگەیەنێت کەوا شێخ زاهید هێشتا بە شێوەیەکی بەرفراوان وەك سونیەك ڕێزی لێنراوەو ئەگەری ئەوەش هەیە کە دوو ڕێبازی ناوچەیی لەوەوە سەرچاوەیان گرتبێت. بە لای کەمەوە دوو مەزاری تر پەیوەستبوون بە خەتی ڕۆحیی شێخ زاهیدەوە لە سەرانسەری سەردەمی سەفەوییەکان و دوای ئەوانیش مابوونەوە. یەکێکیان ئارامگەی جەمالەدین بوو مورشیدی شێخ زاهید، کە لە ناوچەی مەلەڤانی نزیك ئەستارە نێژراوەو ئەویتریش هی سەید نیکیی کوڕی جەمالەدینی مورشیدی شێخ زاهیدە کە لە گوندێکی نزیك هەشتپاردا نێژراوە[27]. مەزارگەلی لەم شێوەیەو ڕێبازە لەبیرکراوەکانی پەیوەست بوون پێیانەوە پێدەچێت یارمەتیدەر بووبن لە مانەوەی شوناسی سونی لە سەردەمی سەفەویدا. هەروەها ڕێی تێدەچێت کە تالش پەیوەندیی بە هێزی بووبێت لەگەڵ کوردستاندا لە ساڵانی سەدەی نۆزدەهەم و دواتریش بەردەوام بووبێت لە ڕۆژگاری سەفەویدا، بەڵام دیسانەوە ناتوانرێت هیچ تۆمارێك بەدەستبهێنرێت. مەسەلەکە هەرچۆنێك بێت، پارێزگاریی سونی بووەو بە تایبەتی ناسنامەی شافیعی لە ناوچە بایەخدارەکانی تالشدا کە بوو بە زەمینەیەکی لەبار بۆ چەکەرەکردنی تۆوی تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لەوێ، لە سەدەی نۆزدەهەمدا.



## عوسمان سیراجەدینی یەکەم و خەلیفەکانی

هەندێك پێشینە هەیە بۆ پەیوەستبوونی تالشییەکان بە تەریقەتی نەقشبەندییەوە لەم ڕووەوە ناوی مەولانا ئیسماعیل تالشییەك دێت کە هیچی لەبارەوە نازانرێت جگە لەوەی کەوا موریدێکی مەولانا ئیسماعیل شێروانی بووە (کە ساڵی 1527 یان 1535 کۆچی دوایی کردووە). شێروانی وەك خەلیفەیەکی خواجە عوبەیدوڵڵای ئەحراری گەورە، لە پاش مردنی ڕابەرەکەی لە ساڵی 1490دا سەمەرقەند بەجێدێڵێت و وەك موهاجیرێك لە مەککە نیشتەجێدەبێت، ئیسماعیلی تالشیش یان یاوەریی کردووە بۆ مەککە یان لەوێ چووەتە لای، چونکە ئەویش لە مێژوویەکی نەزانراودا لەو شارە پیرۆزە کۆچی دوایی کردووە. ڕەنگە نزیکیی هەردوو وڵاتەکەیان ـ تالش و شێروان ـ لە یەکترەوە بووبێتە هۆکارێك بۆ پتەوبوونی پەیوەندیی نێوان هەردوو ئیسماعیل.[28] بێگومان هیچ بەڵگەیەك نیە کەوا ئیسماعیل تالشی تەریقەتی نەقشبەندیی لە وڵاتی خۆی بڵاوکردبێتەوە، یان بگرە گەڕابێتەوە بۆ ئەوێش پاش ئەوەی لە سەردەستی ئیسماعیل شێروانی تەمەسسوکی کردووە.

بوونی بەڵگەداری نەقشبەندی لە تالشدا تەنها لەگەڵ پەیدابوونی لقی خالیدیی ڕێبازەکەدا دەرکەوت لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا (سیانزەیەمی کۆچی). ئەمە بەتەواوی دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕێبازە میراتگرییەی کەوا لە لایەن شێخ عوسمانی سیراجەدینەوە دامەزرا لە ناوچەی هەورامان کە ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدایە. شێخ

عوسمان پەیوەندیدارێکی نزیك بوو بە مەولانا خالیدی بەغدادییەوە، کە خاوەنی تەریقەتی نەقشبەندیی خالیدی بوو، هەروەها بڵاوکەرەوەی سەرەکیی تەریقەتەکە بوو لە کوردستاندا.

شێخ عوسمان کە ساڵی 1781 لە تەوێڵە لەدایکبووەو زۆر دوور نیە لە هەڵەبجەوە، هەر لە سەرەتای تەمەنیدا بەڵگەی تەقواو خواپەرستیی تێدا دەرکەوتووە و ئەمەش نەریتێکە بۆ باسکردنی لە بایۆگرافیای سۆفیدا. لە پاش خوێندنی لە گەڵ شوێنی جیاوازی کوردستان لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا روویکردووەتە بەغداو مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانیی کردووەتە نیشتەجێی خۆی. لەوێ خۆی سەرقاڵی رێ و رەسمی زیکر کردووە و بەردەوام بووە لە سەر خوێندن لەو مەدرەسەیەی کە سەر بە مەزارەکە بوو. وادیارە شێخ عوسمان ئاشنایی لەگەڵ مەولانا خالیددا پەیداکردووە لەو دەمەدا کە هەردوکیان هێشتا لە کوردستان بوون، لەکاتێکدا کە ئەمی دواییان لە ساڵی 1811دا گەیشووەتە بەغداو هەردوکیان لێکگەیشتن و پەیوەندییەکی تۆکمەیان لە نێواندا بووە. وا ئێستا مەولانا خالید کەوتووەتە بانگەشە بۆ بڵاوکردنەوەی لقەکەی خۆی لە تەریقەتی نەقشبەندیداو بە خوایشتی خۆی دەسەڵاتی بەخشییە شێخ عوسمان بۆ رابەری کردن. کاتێ مەولانا بەغدای بەجێهێشت بەرەو سلێمانی عوسمان دڵسۆزانە یاوەریی کردو دوو ساڵ دواتر مەولانا خالید کردی بە یەکەم خەلیفەی خۆی. لە هەمان کاتدا هەردوکیان گەڕانەوە بۆ بەغدا، بەڵام کاتێ مەحموود پاشای بابان لە ساڵی 1815دا خانەقایەکی گەورەی لە سلێمانی دامەزراند بۆ مەولانا خالید و وەقفێکی باشی خستە سەری ئەمە هانیدان بۆ ئەوەی دووبارە بگەڕێنەوە. لەوێ هەردوکیان تا ساڵی 1820 مانەوەو ئیتر لەوە بەدوا پیلانی جۆراوجۆری ناوخۆ بوو بە هۆی ئەوەی بۆ جارێکی تر مەولانا خالید دووربکەوێتەوە بۆ بەغداو ئەمجارەیان بە بێ یاوەریکردنی شێخ عوسمان، کە لەجیاتیدا گەڕایەوە بۆ هەورامانی زێدو مەڵبەندی و لەوێ بیارەی کردە سەنتەری چالاکیی خۆی، کە شارۆچکەیەکی بچووکی نزیکە لە تەوێڵەی شوێنی لەدایکبوونی. مەولانا خالید بۆ دواجار بەغدای جێهێشت بۆ دیمەشق لە ساڵی 1823دا، پاش ئەوەی تەواوی بەرپرسیاریی پەیڕەوانی لە کوردستاندا بۆ شێخ عوسمان بەجێهێشت. پاشان خانەقای سلێمانیش بەم سپێردرا کاتێ کە ناکۆکییەکی ناجۆر لە سەر بەڕێوەبردنی هانی مەحموود پاشای دا بیسپێرێت بە شێخ عوسمان. بۆ دواجاریش شێخ لە ساڵی 1867دا لە تەوێڵە کۆچی دوایی کرد.[29]

رێبازی خالیدی لە لایەن شێخ عوسمانەوە دامەزراو هەر لە سەرەتاوە مۆرکێکی کوردیی جیاکاری پێوە بوو کە سەرکردایەتییەکەی لە باوکەوە بۆ کوڕ بوو، بە جۆرێك کە لەگەڵ شێوازی شێخەکانی قادری لە کوردستاندا یەکیدەگرتەوە. ئەمە خاسییەتێك بوو کە بە شێوەیەکی حەتمی بەرەو لادانێکی جۆریی دەچوو. بازنەی چالاکیەکانی تەنها لە کوردستانی عراق و ئێراندا مایەوەو هەموو خەلیفەکانی شێخ عوسمانیش هەر کورد بوون[30]. بەڵام لەڕاستیدا کاریگەریی شێخ عوسمان و نەوەکانی رۆڵی خۆیان لە تاڵشدا هەبوو، ناوچەیەکی غەیرە کورد بوو و ئەوە دەگەیەنێت کەوا لە کاروباری ئاینیدا تاڵش پشتی بە کوردستان دەبەست. ئەڵبەتە سەرکەوتنی تەریقەتەکە لە تاڵشدا نابێ بیری لێبکرێتەوە بێ رەچاوکردنی پەیوەندیی بەهێزو پێشوەخت بە کوردستانەوە[31]. چوار خەلیفە لە تاڵشدا نوێنەرایەتیی شێخ عوسمانی سیراجەدینیان دەکرد کە یەك لەوانە کوردێك بوو بە ناوی حاجی مەحموودی کوردستانی. کاتێ رابەرەکەی ئەم پیاوەی نادرووە بۆ تاڵش لەوێ گیراوەو تا ئێستا کات و هۆکاری گرتنەکەی

نەزانراوەو پاشان نێردراوە بۆ تاران و لەوێ مردووە[32]. بە هەر حاڵ، ئەم پیاوە لانی کەم پەیڕەوێکی پەیداکردووە بە ناوی محەمەد سدیق لە ناوچەی پونیلی تاڵش ـ دولاب و ماوەی بەندکردنەکەی بە هاوبەشی لەگەڵ حاجی مەحمووددا گوزەراندووە و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ تاڵش[33].

ئەم ئەزموونی دەرکردن و بەندکردنە بەزیادەوە بەشی شیهابەدینی تاڵشی بووە، کەوا خەلیفەیەکی تری عوسمانی سیراجەدین بوو. ئەڵبەتە کرۆنۆلۆجیای ژیانی ئەم پیاوە زۆر روون نیەو لە لیستی خەلیفەکاندا وەك دانیشتووی گوندی دەشەی کوردنشین تۆمارکراوەو رەنگە دوای ئەو بەسەرهاتە ناخۆشەی لەتاراندا لەکوردستان نیشتەجێبووبێت[34]. بەپێچەوانەوە، کوڕەکەی سەید عەبدولقادر حوسەینی کە لە ساڵی 1883دا لە پارەـ ساری تاڵش لەدایکبووە گومانی تێدا نیە کە لە کوردستان نەماوەتەوە، هەرچەندە لەوێ لەگەڵ باوکی و زانایانی تردا خوێندوویەتی. عەبدولقادر حوسەینی، پاش ئەوەی تەمەسسوکی سەرەکیی نەقشبەندی لە شێخ نەجمەدینی بیارەی کوڕەزای شێخ عوسمانی سیراجەدین وەرگرت و یەکێك لە کچەکانی مارە کرد، گەڕایەوە بۆ تاڵش و خۆی تەرخانکرد بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێبازی نەقشبەندیی خالیدی لەوێ تا لە ساڵی 1942 کۆچی دوایی کرد [35]. حاجی سەید مەحموود شەرەڤ کوڕی، کە لە ساڵی 1913دا لە گوندی ڤاسکای شاخاویی ناوچەی تاڵش دولابدا لەدایکبووە، بوو بە پەیڕەوکاری هەمان ڕێباز. لەپاش قۆناخی یەکەمی خوێندنی لەگەڵ باوکیدا، چوو بۆ کوردستان بۆ تەواوکردنی ریازەت و راهێنان و پاشان گەڕایەوە بۆ تاڵش و لەوێ کەوتە ئیرشاد کردن و بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکە تا لە ساڵی 1991دا کۆچی دوایی کردو وەك دەوتریێت بوو بە یەکێك لە گەورەترین زاناکانی رۆژگاری خۆی [36]. شیهابەدین لانیکەم جێنشینێکی بووە بێجگە لە کوڕەکەی خۆی، کە ئەویش سۆڤی بابای رەوشەندیی خەڵکی گوندێکی نزیك ریزوانشار بووە بەو ناوەوە. تەمەسسوکی ئەم پیاوە بە تەریقەتی نەقشبەندییەوە لە سەر دەستی شیهابەدین پێدەچێت لە تاڵش بووبێت پێش ئەوەی لە ساڵی 1873دا بۆ ماوەیەك بێتە کوردستان بۆ بەدەستهێنانی "تەحسیلی عیلمیی" بەرز. ئەم پیاوە بێجگە لەوەی کە ئەو پلە زانستییەی بەدەستهێنا لە گەڕانەوەیدا بۆ تاڵش بەردەوام بوو لە سەر کشتوکاڵ کردن و ئاژەڵ بەخێوکردن و لە هەمان کاتیشدا سەرقاڵی کاروباری ئاینیی خۆی بوو، تا لە ساڵی 1902دا کۆچی دوایی کرد[37].

ئەڵبەتە شتێکی ئەوتۆش نازانرێت لەسەر خەلیفەیەکی تری شێخ عوسمانی سیراجەدین کە زۆر چالاك بووە لەتاڵشداو ناوی حاجی خەلیفە بووە، هەروەها کوڕەکەشی بە ناوی حاجی ئەحمەد جەلیلی هەندێ ناوبانگی بەدەستهێنا. ئەم پیاوە لە ساڵی 1883دا لە ناوچەی ئەڵلابەخشی ریزوانشار لە تاڵشـ دولاب لەدایکبووەو رابەرێتیی رۆحیی لە تەمەنێکی زۆر زوودا لە باوکیەوە بۆی ماوەتەوەو موریدو پەیڕەوانێکی زۆری هەبووەو لە ساڵی 1951دا کۆچی دوایی کردووە[38].

# شێخەکانی عەنبەران

ژیاننامەی شێخ عەلی عەنبەرانی و نەوەکانی زۆر باشتر زانراوە لە ژیانی خەلیفەکانی تری عوسمان سیراجەدین کەوا چالاك بوون لە تالشدا. ئەمەش تا رادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و کۆششی یەکێك لە کوڕەزاکانی شێخ عەلی، کە ناوی هاروون شەفیقی بووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا رەنگدانەوەی ئەو کاریگەرییە گەورەیە بوو کە لە لایەن شێخ عەلی و جێگرو میراتگرەکانیەوە بەکاردەهات[39]. لەڕاستیدا تا ئێستاش عەنبەرانی زێدو وڵاتیان بە قەڵای مەحکەمی تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی دەژمێردرێت لە تالشدا[40]. عەنبەران شارەدێیەکە لە باکووری ئەردەبیلەوەو بووە بە دوو بەشەوە: بەشی باڵاو بەشی پاین و تێکڕا نزیکەی هەزارو پێنجسەد ماڵ تێیدا نیشتەجێن و هەر بەشەی نیوەی دانیشتووانی بەردەکەوێت. ئەم شوێنە نەك هەر تەنها لە ئەردەبیلەوە نزیکە، بەڵکو لە عەنبەرانی باڵاوە پاڵیداوە بە شاخێکی بەردینی رووتەنەوە لە بەرانبەر دارستانەکانی تالش ـ دولابدا کە پشت بە باراناو دەبەستن و چیاکانی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤێتیی پێشوو بە ڕوونی لە دۆڵێکەوە بەرچاو دەکەون . عەنبەرانی باڵا بەشی کۆنتری گوندەکەیەو ژمارەی زۆری گۆڕو مەزارو شوێنەواری دێرین باشترین بەڵگەن. ئەڵبەتە شتێکی زۆر کەم لەبارەی دانیشتوانە کۆنەکەیەوە دەزانرێت و بۆ نموونە لە یاڵەکەی رۆژهەڵاتیەوە گۆڕی کەسێکی تێدایە بە ناوی پیری عەسکەر، کەوا گریمانەی ئەوە هەیە خەڵکی شارۆچکەی عەسکەری ناوچەی بیاپاش بووبێت، هەروەها لە لاپاڵەکانی رۆژئاوایەوە شۆرەتی دوو مەزاری عەزیزێك و زوبێرێك هەیە گوایە لەو ئەسحابانەی پێغەمبەرن کە ئاینی ئیسلامیان گەیاندبێتە ئەم قوژبنەی وڵاتی ئێران. مەزارەکانی تر دەبرێنەوە سەر کەسایەتییە تەمومژەکانی وەك بابە هەمزە و بابە مەنسوور و بابەخوڕەم و ئەم ناوەی دوایی پێدەچێت لەو سەیدانە بێت کەوا چەند بنەماڵەیەك لە عەنبەراندا دەڵێن گوایە دەچنەوە سەر ئەو. سەبارەت بە بابەخزری عەنبەرانیش دەڵێن کەوا موریدێکی شێخ زاهیدی گەیلانی بووەو سەروەختێك لەگەڵ شێخ سەفیەدینی گەورەو دەمسپیی بنەماڵەی سەفەوییەکاندا لە حوجرە پێکەوە خوێندوویانە. پەیوەندییەکی ئیزافیی تر بە زاهیدی گەیلانییەوە ئەو خانووە سادەیەیە کەوا باوە لە گەشتیدا بۆ ئەردەبیل شەوی لەوێ بەسەربردبێت و بیناکە ئێستاش ماوەو بە تەکێ دەناسرێت[41].

شێخ عەلی عەنبەرانی کە نەوەی حەوتەمی ئەبو مەنسووری بەغدادی بووەو نازانرێت چی بووە بە هۆی ئەوەی باوباپیرانی بەغدا بەجێبێڵن بۆ ئەم گوندە شاخاوییە دوورەدەستە. عەلی منداڵترین کوڕی مەلا عەبدولحەققێك بووەو نازناوی مەلا بە لای کەمەوە هی چوار نەوەی بنەماڵەکە بووەو ئەمەش بە ئاشکرا ئاماژەیە بۆ هەندێ پلەی خوێندەواریی بنەماڵەکە، بەڵام باوکی عەلی هیچ کاتێ پسپۆری کاروباری ئاین نەبووە، بەڵکو لەگەڵ کوڕەکەیدا پێکەوە بەشێوەیەکی سەرەکی خەریکی مەڕداری و زەوی کێڵان بوون، بەڵام بە پێچەوانەوە کاتێ ئەم تەمەنی

هەڵگشا عەلیی لاو ئارەزوویەکی بەهێزی خوێندنی لا پەیدابوو بۆیە بە پەرۆشەوە دەستیکردە خوێندن لە سەر دەستی مامۆستایەکی خۆولاتی کە ناوی بابا ئەفەندی بوو، وەك خوێندنی قورئان و گولستان و پەندنامەی سەعدی، کە ئەمی دواییان بە هەڵە بە هی عەتتار دەزانرێت. پاشان کتێبەکانی شەرحی ئەمسیلەو کیتابی بیناو عەوامیلی تەواوکرد[42]. کاتێ تەمەنی گەیشتە نزیکەی شانزە ساڵ زانی کەوا بازرگانانی ئەسپی کوردی بەردەوام هاتوچۆی ئەردەبیل دەکەن بۆ فرۆشتنی ئەسپەکانیان و کڕینی کووتاڵ و کەلوپەل بۆ بازاڕەکانی ساوجبلاغ (کە ئەمڕۆ مهابادی پێدەوترێت)و بڕیاری دا لەوێ درێژە بە خوێندن بدات لە مەدرەسەیەکدا. بۆ ئەم کارە هەر ئەم پێشەنگ نەبوو، چونکە لە بەر کەمیی یان نەبوونی ئەم مەدرەسانە لە تالش، کە نزیك بوو لە کوردستانەوەو فیقهی شافیعی لە هەردوو ناوچەکەدا بالادەست بوو، چونکە تاڵشییەکانی تریش پێش ئەم کەوتبوون بۆ مەدرەسە کوردییەکان. ئەم یەکەمجار بەپێیان لە عەنبەرانەوە چوو بۆ ئەردەبیل بۆ دڵنیابوون لەوەی بازرگانی ئەسپ لە گەڕانەوەیاندا لەگەڵ خۆیان دەیبەن، پاشان رۆیشتەوە بۆ ماڵ بە مەبەستی ماڵئاوایی کردن لە خێزانەکەی و مامۆستاکەی و ئەوجا هاتەوە بۆ ئەردەبیل و دواجار زۆربەی رێگەی لە ئەردەبیلەوە بۆ ساوجبلاغ بەپێیان بڕی [43]. پاشان کە گەیشتە مەنزڵ بە هەمان گوڕو تینەوە خۆی تەرخان کرد بۆ خوێندن و ساڵانێکی بەسەربرد لە خوێندنی مەنهجی نەریتیی چەشنی "شەرحی شەممسییە" کە سەرنج و وردەکارییە لە سەر "الكافية" ی جەمالەدینی مالیکی و هەروەها "المطوّل" کە سەرنج ووردەکارییە لە سەر "تلخيص المفتاح" ی جەلالەدین ئەلقەزوینی و باسوخواسە گەورەکەی تاجەدین ئەلسوبکی لە سەر "أصول الفقه" ی شافیعی و "جمع الجوامع" [44]. زۆربەی خوێندنە قووڵ و پێشکەوتووەکانی لە سەر دەستی مەلا عەبدوڵای قزڵجیدا بوو، کە لانیکەم لە ناوخۆدا "بە ئیمامی شافیعیی سەردەمی خۆی" دەناسرا. قزڵجی یەکەم و بایەخدارترین "ئیجازەی" رەسمیی خوێندنی دایە. بەلام ئەو زانست و زانیارییە بەرفراوانەی کە نازناوی مەلای پێبەخشی خستیە سەر رێی گۆڕان و دواتر کردیە شێخێکی سۆفی. بە رەچاوکردنی ئەو شێوازەی باو بوو لە ژیاننامەی گەلێ سۆفیدا، ئەمیش لە مەدرەسەوە گواستیەوە بۆ خانەقاو لە ساوجبلاغەوە بۆ بیارەو لەوێ "هەرچییەکی خوێندو فێربوو خستیە تاقی لەبیرچوونەوەوە"[45].

لە ماوەی دوورکەوتنەوەی درێژخایەنی شێخ عەلی لە عەنبەران، ئەوەی کەوا خزم و کەسوکاری لەبارەیەوە زانییان ئەوە بوو کە چووەتە لای شێخ عوسمانی سیراجەدین لە بیارە و لە سەر دەستی ئەو تەمەسسوکی بە تەریقەتەوە کردووە. لێرەش دیسان مانەوەی درێژەی کێشاو وایبۆچوون ئەو داڕووخانە مۆراڵی و ئاینییە چارەسەر دەکات کەوا کۆمەڵگەکەیان گرفتاری بووبوو. بەو پێیە دوان یان سیان لە براکانی رۆیشتن بۆ بیارە و تکایان لە شێخ عوسمان کرد ئامۆژگاریی بکات کەوا لەگەڵیان بگەڕێتەوە بۆ عەنبەران. ئەمیش بڕیاری خستە دەست شێخ عەلی خۆی و چونکە هێشتا هەرسەرسامی بیارە بوو بە ئەدەبەوە داواکاریی براکانی رەتکردەوە. ئەمانیش نزیکەی دوو ساڵ دواتر گەڕانەوەو بە قەناعەت بەخشینێکی زیاترەوە مەسەلەکەیان خستە بەردەمی شێخ عوسمان و ئەنجام شێخ فەرمانی دا بە عەلی کە بگەڕێتەوە بۆ عەنبەران و نامەیەکی دامەزراندنی دایە وەك خەلیفەی خۆی بۆ تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لەگەڵ کۆمەڵێك ئامۆژگاری و رێنماییدا کە چۆن هەڵسوکەوت بکات لە کاروباری پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی مۆراڵدا [46]. بەلام لێرە بە ئاشکرا ئەم بەرپرسیارییە مانایەکی نەدەبەخشی، چونکە خەڵکی

عەنبەران وەك باسدەكرا "دڵیان ڕەق بوو و نوقمی كاروباری دنیایی بووبوون" و لەگەڵ ئەوەشدا كە خاك و ئاو و هەوایان نالەبارو سەخت بوو، سەرت سوڕدەمێنێ كە چ دەرگایەكی ڕەحمەتیان بۆ كرایەوە. سەرباری ئەوە، شێخ عەلی بە زەحمەتی زانی جارێكیتر رابێتەوە لەگەڵ ولاّتە ساكارو دوورەدەستەكەیدا و یادەوەری و پەرۆشیی بۆ ژیانی پڕ لە جەنجاڵی و قەرەباڵغیی خانەقای بیارە وایكرد كە لە ساڵی 1860دا بگەڕێتەوە بۆ ئەوێ. شێخ عوسمان لە ساڵی 1867 دا كۆچی دوایی كردو بە پێی وەسێتنامەكەی شێخ محەمەد بەهائەدینی كوڕی جێگەی گرتەوە [47].

ئەمیش بە حوكمی پەیڕەوكردنی ڕێ وڕەسمی باوك و فەرزەندی دووبارە شێخ عەلیی ناردەوە بۆ عەنبەران و لەوێ كۆڕی زیكری نەقشبەندی و نوێژی جومعە و جەماعەتی دامەزراند، بەلاّم هێشتا هەر ئاسوودە نەبوو. پیاوماقوولاّنی عەنبەران و گوندەكانی دەوروبەری و شارۆچكەی نزیكی نامین نیگەرانی ئەوە بوون كە جارێكیتر بەجێیانبهێڵێتەوە بۆیە هەموو پێكەوە ڕێككەوتن و بڕیاریاندا شێخ لە ناو خۆیاندا ببەستنەوەو ژنی بۆ بێنن، بۆ ئەم مەبەستەش دەسەلاّتی شێخی بەهائەدینی لێ بخەنە كارو ئەو دوو نامەیەی ناردیان بۆ شێخ لە بیارە ئەنجامی چاوەڕوانكراوی دا بەدەستەوە. شێخی بەهائەدین دەسەلاّتی دا بەوانەی ئیمزایان لە سەر دوو نامەكە كردبوو كەوا ژنێك بۆ شێخ عەلی بدۆزنەوە، ئەگەرچی داوا و ئارەزووی خۆیشی نەبێ "بی خاهیش وە تەلەبی ئەرجومەندی عەلی ئەفەندی"، بەلاّم لە بەرانبەر ئەوەدا ئاگایان لێبێت: "چونكە ئەوە یوسفی ئێمەیەو ئاوارەی میسری ئێوە بووە". لە سەروو هەموو شتێكەوە بەڵێنیان دایە كە بە دڵی خۆیی لەگەڵدا بكەن بە ڕەچاوكردنی تەواوی روكنەكانی سوننەت و بە هەموو شێوەیەك خۆلابدەن لە پەست كردن و تووڕە كردنی و نەبنە مایەی ناخۆشی بۆ گشت پیرانی نەقشبەندی[48].

بەم ڕەنگە شێخ عەلی بە پێچەوانەی خواست و ئارەزووی خۆی و لە تەمەنی شەست ساڵیدا ژنی هێنا، كەوا كچێكی گەنجی سەید مەحموود ناوێك بوو، كە زانایەكی ئاینیی گوندی میناباد بوو. ڕوون نیە ئەو ژنهێنانە كەی بووە، چونكە شێخی بەهائەدین لە ساڵانی 1863 ـ 1864دا فەرمانی داوە ژن بێنێ، بەلاّم ساڵانی 1867 ـ 68 یان 1868 ـ 69 ئەم ژنهێنانە یەكەم وەچەی لێكەوتووەتەوە. ئەم منداڵە بە كۆرپەیی مرد، بەلاّم لە ساڵی 1871 ـ 72 یان 1872 ـ 73دا كوڕێكی تری بوو ناوی محەمەد سەعید. پێدەچێت بە هۆی حاڵەتی ژن وماڵەوە بووبێت كەوا شێخ عەلی ئەودەمە ڕازی بووە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە عەنبەران و دەوروبەریدا بمێنێتەوەو خۆی تەرخان بكات بۆ بلاّوكردنەوەی ڕێبازی نەقشبەندی ـ خالیدی و ئیرشادی ئاینیی بە گشتی. بۆ رزگاربوون لە زستانی سەخت و بەستەڵەكی عەنبەران، شێخ بەشێكی ساڵی لە گەیلان بەسەردەبرد، لەو ناوچانەی كە تاڵشییە شافیعی مەزهەبەكانیان تێدا نیشتەجێ بوون، هەروەها لەو بەشەی تاڵشیش كە لە ژێر دەسەلاّتی ڕووسیادا بوو. كاتێ دەسەلاّتی ڕووسیا كەوتە دەستێوەردانی كارەكانی، ئەم چالاكیەكانی گواستەوە بۆ گوندێك بە ناوی قەلاّ لە بەری ئێرانی سنوورەوە، كە زۆر دوور نەبوو لە ئاستاراوە و لەوێ پەیڕەوانی زەوییان دایە و نیشتەجێ بوو، بەلاّم بەردەوام هەموو هاوینێك سەردانی عەنبەرانی دەكردەوە [49]. لە دواییدا پەرۆشیی سەردانەوەی كوردستان سەریهەڵدایەوە و گەڕانەوەی شێخ عەلی هاوزەمان بوو لەگەڵ مەرگی شێخ محەمەد بەهائەدین لە ساڵی 1881دا. دوای ئەمیش شێخ عومەر زیائەدین، كە كوڕێكی تری عوسمانی سیراجەدین بوو، جێگەی گرتەوەو ماوەی بیست ساڵی ڕەبەق تا كۆچی دوایی لە ساڵی 1901دا مورشیدی خانەقای بیارە بوو[50]. لە پاش بەینێك شێخ عەلی شێخی

زیائەدینی بەجێهێشت و جارێکی تر بە نابەدڵی گەڕایەوە بۆ عەنبەران و بە نامە و نامەکاری بەردەوام بوو لە سەر پەیوەندیی خۆی بە رابەرەوە و چەند ساڵێك دوای ئەوە ژیا و لە 23 ی تەموزی 1902دا کۆچی دوایی کرد و لە عەنبەران لە پاڵ مەرقەدی پیری عەسکەر و بابا هەمزەدا ئەسپەردەی خاك کرا[51]. شێخ عەلی نزیکەی دە ساڵێك لە پێش مەرگیدا داواکارییەکی نووسراوی لە شێخ عومەر زیائەدینەوە پێگەیشت کە محەمەد سەعیدی کوڕی بنێرێتە خانەقای بیارە بۆ خوێندنی پێشکەوتوو و ڕاهێنانی ڕۆحی. هەروەها زیائەدین راستەوخۆ نامەیەکیشی نارد بۆ خودی محەمەد سەعید خۆی و بە گەرمی بانگهێشتی کرد بۆ بیارە بۆ ڕاهێنانی لە سەر ڕێبازی نەقشبەندی بەو پەیڕەوەی کەوا شێخ عوسمان سیراجەدینی باوکی شێخ عەلیی راهێناوە [52]. بە هەر حاڵ، نەخشەو پلانەکانی محەمەد سەعید بیارەی تێدا نەبوو. لە ماوەی سێ ساڵێکی خوێندندا، کە لە ساڵی 1890دا دەستی پێکرد، لە سەر دەستی محەمەد ئەفەندی ناوێك، کە دانیشتووی گوندی سیاە کۆ بوو لەو بەشەی تاڵشدا کە لە ژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ڕوسیادا بووە. محەمەد سەعید خولیای خوێندنی ئەستەمبوولی کەوتووەتە سەر، چونکە هێشتا هەر سەنتەرێکی شکۆداری خوێندن بووە شانبەشانی ئەوەش کە پایتەختی خیلافەتی عوسمانی بووە. بەو پێیە ساڵی 1892ـ 93 یان 1893 ـ 94 گەیشتووەتە ئەستەمبووڵ و یەکەمجار لە تەبعخانەو پاشان لە مەدرەسەی فاتیح خۆی تۆمار کردو لەمەیان "ئیجازەی" لە حاجی حیفزیی عوسمان حیلمی وەرگرتووە پاش نزیکەی چوار ساڵی خوێندن[53]. محەمەد سەعید ئەو دەمە ئامادە نەبوو بگەڕێتەوە بۆ عەنبەرانی دوورەدەست و لە ئەستەمبووڵەوە ڕۆیشت بۆ حیجاز و تێکڕا دوو ساڵ خوێندی لە مەککەو مەدینە. یەك لە مامۆستاکانی بە ناوی عەبدولکەریم بن حەمزە ئەلدەربەندی، کە مودەڕیسێك بوو لە مەسجیدی حەرام و ساڵی 1899 ئیجازەی پێدا. زمانی داڕشتنی ئیجازەکە بە سروشتێکی "عارفانە" داڕێژرابوو، کەوا پێدەچێت دەربەندی بەشێك بووبێت لە کۆمیونیتییە گەورەکەی داغستانی لە حەرەمەیندا کەوا پابەندی نەقشبەندی ــ خالیدی بووبوون[54]. وێستگەی دواتری محەمەد سەعید قاهیرە بوو کە لەوێ وەك باسیدەکان لە نێو کۆمەڵێك زاناو خوێندەواری ئەزهەردا دەرکەوت و بووبووە مایەی سەرسوڕمان کە چۆن خوێندەوارێکی سوننی لەم چەشنە زیرەکی و بلیمەتییە لە ئێراندا هەڵدەکەوێ. بێجگە لەوەش بە ڕێکەوت تووشی کەسێکی تاڵشی بوو کە نزیکەی چل ساڵ دەبوو لە قاهیرەدا دەژیا. ئەم کەسەش حاجی عەبدوڵا سوکوتی ئیسماعیلی بوو، کە ئەو دەمە لە دەرباری خدێوی عەباس حیلمیدا پشکنەری پەروەردە بوو [55]. محەمەد سەعید خێرا پەیوەندییەکی گیانی بە گیانی لەگەڵ بەست و بەو رەنگە پێیخۆش بوو ببێتە یاوەری هاوڵاتییەکی خۆی و لە هەمان کاتیشدا هاوەڵی سەرچاوە مونەوەرەکانی ئەزهەریش بێت. لە بەر ئەوە مەسەلەیەکی سەرسامکەر نیە کە لەم بارودۆخە ئایدیاڵەدا کەوا محەمەد سەعید تکا لە باوکی بکات کە ڕێگەی بدات بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو لە قاهیرە بمێنێتەوە. بەڵام ڕێگەپێدان ڕەتکرایەوە، چونکە وەك شێخ عەلی ئیشارەتی پێدەدات خوێندەواران و زانایان لە قاهیرە زۆر و زەبەند بوون و لە عەنبەرانیش دەگمەن، پاشان بێگومان ئاگاداری هەڵکشانی تەمەنی خۆیشی بوو. محەمەد سەعید ملی بە فەرمانی باوکی داو ساڵی 1900 بەرەو وڵات کەوتەڕێ و بە ئەستەمبووڵ و تەفلیس و باکۆدا گەیشتە ئاستارە. یەکەمجار لە قەڵا لەنگەری گرت پێش ئەوەی بچێتەوە بۆ عەنبەران ـ کە گوندێکی نزیك ئاستارە بوو و لێرە پەیڕەوانی باوکی زەوییان تەرخانکردبوو بۆ دروستکردنی

خانەقایەك. وا ئێستا گەشت و گەڕانەکانی هیچ نەبێ بە شێوەیەکی کاتی کۆتایی هات و شێخ عەلی ژنی بۆ هێنا، ڕێك وەك ئەوەی کاتی خۆی پەیڕەوانی لە گەڵ ئەمدا کردیان و ویستیان لە ناو خۆیاندا دایکوتن و لە ڕێگەی ژنهێنانەوە بیبەستنەوە. محەمەد سەعید لەم قۆناخە نوێیەی ژیانیدا خۆی تەرخان کرد بۆ وەعزو ئیرشادو بلاوکردنەوەیرێبازینەقشبەندیـخالیدینەکتەنهالەعەنبەرانداپەلکولەسەرانسەریتالش،بەوبەشەشیەوەکەلەژێردەسەلاتیرووسیادابوو،لەگەڵخالخالدا[56]. لە ساڵی 1906 دا کارێکی تری ئیزافیشی گرتە ئەستۆ وەك موفتیی تەواوی گوندە سونییەکانی تالش و تۆڕێك قازیی بەڕێوەبرد، کە ملکەچی و دڵسۆزییان بۆ دەردەبڕی[57].

پاش تاقیکردنەوەی شارە گەورەکانی وەك ئەستەمبوول، مەککە، مەدینەو قاهیرە لە لایەن محەمەد سەعیدەوە، بێگومان ژیانی وڵاتەکەی بە ناخۆش و ناڕەحەت دەبینێ. ماوەیەك پاش مەرگی باوکی و کاتێ بەدەستهێنانی مۆڵەتدان چیتر لەئارادا نەما، جارێکی تر بۆی دەرچووەوە، بەڵام ئەمجارەیان بەرەو ڕۆژهەڵات و یەکەمجار بۆ باکۆ و ئەشقاباد، پاشان ساڵ و نیوێکی بەسەربرد لە سەردانی هەموو شارە گەورەکانی ئاسیای ناوەندەدا وەك بوخارا، تەشقەند، سەمەرقەند، خۆجەند، خۆکەند، نەمەنگان، مارغیلان و ئەندیجان. لەم گەشت و سەفەرەیدا برایەکی لەخۆی بچووکتری بە ناوی مەزهەر شەفیقی یاوەریی کردووەو باسێکی زۆری لەسەر گەشتەکەیان کۆکردووەتەوە[58]. وەك باسدەکرێت کەوا محەمەد سەعید سەردانی هەر شوێنێکی کردبێت هەمان ئەو پێشوازییە گەرمەی میسر کراوەو سەردانی مەرقەدە سەرەکییەکانی نەقشبەندی کرد لە ئاسیای ناوەندیدا، کە زێدو نیشتمانی بنەڕەتیی تەریقەتەکە بووەو بە هەمان شێوەش نیشتمانی ڕابەرە زیندووەکانی بوو و لە هەموو شوێنی وەعزو ئیرشادی دەدا کە خەڵکی باشی لێ کۆدەبووەوەو لەگەڵ زانایان و خوێندەوارانی وەك قازیی نیازی بوخارادا دەچووە مشتومڕی دۆستانەوە[59]. ئەم گەشتە دوورودرێژە ئەو کاتە هاتە کۆتایی کەوا پەیڕەوانی لە تالشدا ناچاریان کرد بگەڕێتەوە.

دوو گەشتی تری ژیانی لەوانی تر کەمتربوون ئەگەر بەراورد بکرێن. لە ساڵی 1917 دا، گەشتێکی کرد بۆ باکۆو لەوێ کەوتە مشتومڕێکی دۆستانەوە لەگەڵ میر محەمەد کەریمی کوڕی میر جەعفەر عەلەوی، کەوا کتێبێکی "تەفسیر" ی پێبەخشی کە تازە تەواوی کردبوو بە ناوی "كشف الحقائق عن نقاط الآيات والدقائق". چوار ساڵ دوای ئەوە سەفەری کوردستانی کرد و دیارە بۆ یەکەمجاری بوو و لەوێشەوە سەردانی کەرکوك و بەغدای کرد. بارودۆخی گەشتی مەودا دوور لەو سەردەمە بەدواوە ڕوو لە باش نەبوو، چونکە لە پاش شۆڕشی بەلشەفیك ئاسیای ناوەڕاست بە تەواوی داخرا بە ڕووی هەر گەشت و سەفەرێکدا و پەیوەندی کردن بە شافیعییەکانی تالشی زمانەوە ڕێك لە باکوری سنووری ئێرانەوە بە تەواوی بوو بە حاڵەتیکی مەحاڵ. بەمجۆرە محەمەد سەعید ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ ئامۆژگاری و فێرکردن بە دەم گەشت و گەڕانەوە لەگەڵ بانگەشەو بلاوکردنەوەی تەریقەتدا لە بەری ئێرانی ناوچەکانی عەنبەران و تالش و خالخالدا و لە ساڵی 1949دا و لە تەمەنی هەشتاو یەك ساڵیدا کۆچی دوایی کردو بە تەنیشتست شێخ علی باوکیەوە نێژرا[60]. چەندین ساڵ لەوەوپاش جەمیلە خاتوون (ساڵی 1992 کۆچی دوایی کردووە) کە کچێکی محەمەد سەعید بووەو بە خواپەرستێکی گەورە ناسراوە، گومەتێکی لە سەر هەردوو مەزارەکە دروستکرد[61]. بە تەنیشت مەرقەدەکەوە هۆدەیەك دروستکراوە بۆ بەجێهێنانی ئەو ڕێوڕەسمی دۆعاو پاڕانەوەیە کە

به "خەتمی خواجەگان" ناسراوە و خانوویەکی تر وەك كتێبخانەیەك بەكاردەهێنرێت كە بریتییە لەو كتێب و كۆكراوانەی محەمەد سەعید لە میانەی گەشت و گەڕانە ئاینییەكانیدا. ئەڵبەتە مەرقەدەکە تەنها هەر لە عەنبەراندا كاریگەر نیە، بەڵكو بووە بە رووگەی سەرەكیی زیارەتكەرانی سوننی لە تەواوی تاڵشداو چواردەوریشی وەك گۆڕستان خەڵك بە شوێنێكی پیرۆز و گونجاوی دەزانن بۆ ناشتنی مردوو.

تاقە میراتی نووسراوی محەمەد سەعید ـ یان بە لای كەمەوە بەشێك لەوەی كە مابێتەوە ـ بریتییە لەو نامەو نامەكاریانەی لەگەڵ هەندێك لەوانەی چاوی پێیانكەوتووە لە گەشتەكانیدا. بۆ نموونە، نامەیەكی نووسیوە بۆ زانایانی ئاینیی توركمان لە گونبەدیی قابووس و ڕایاندەسپێرێت كەوا بایەخ بە رابەریی مەلا عەبدولكەریمی قازی و شێخ عەبدولخالیق ئیشانی بوخاریی بدەن، كە ئەمی دواییان شێخێكی نەقشبەندی بوو، بە پێی دەسنیشانكردنی "ئیشان". چونكە تەنها لە بوخاراوە نەبوو كە شێخە نەقشبەندییەكان بێن بە دەم ئیرشادی توركمانەكانی خۆراسانی ئێرانەوە، بەڵكو دانیشتوویەكی تری گونبەدی قابووس، كە محەمەد سەعید نامەی بۆ دەنارد شێخێكی خالیدیی خەڵكی داغستان بوو، بە ناوی شێخ عەبدولقادرەوە [62]. بوونی كەسانێكی بوخاراییی و داغستانی لە گونبەدی قابووسداو لە هەمان كاتیشدا ئاشنایی محەمەد سەعید لەگەڵیان و (بێگومان لە پاڵ گەلێ شێخی تردا)، بە روونی ئاماژەیە بۆ بوونی تۆڕێكی نەقشبەندی لە دوادوایی سەدەی نۆزدەهەمدا، بێ ڕەچاوكردنی گەل و نەتەوەو وڵات، كە بە هۆی گەشتەوە دامەزراوەو بە هۆی نامە گۆڕینەوەوە بەردەوامی پێدراوە[63].

وەچەی نێرینەی محەمەد سەعید تەنها یەك كوڕە، بە ناوی محەمەد عاكیف. وەك باوبوو لە توركیای عوسمانیدا ناوی "محەمەد عاكیف" لە تاڵشدا نەبوو. پێدەچێت هەڵبژاردنی ئەم ناوە لە لایەن محەمەد سەعیدەوە ڕەنگدانەوەی یادو پەرۆشیی ئەو بێت بۆ ئەستەمبووڵ [64]. محەمەد عاكیف، كە لە ساڵی 1912 دا لەدایكبوو مەنهەجی لەبەركردنی قورئان و ڕێزمانی عەرەبی و ڕاڤەكردنی و حەدیس و تەفسیرو فیقهی شافعی لای باوكی خوێندو لە تەمەنی بیست و سێ ساڵیدا تەواوی كرد. عاكیف بە تایبەتی بلیمەت بوو لە حیسابكردن و دابەشكردنی مڵك و ماڵی مردوو بە سەر خزم و كەسوكاری میراتگریدا. بێجگە لەوەش بەهرەی هۆنراوە دانانی هەبوو بە زمانەكانی عەرەبی و فارسی و توركیی عوسمانی، كە ئەمەی دواییانی لە باوكیەوە فێربووبوو. بۆ شیعرەكانیشی نازناوی "فەوزی" بەكاردەهێنا كە ئەویش ناوێكی عوسمانی بوو. یەك لە بەهرە شیعرییەكانی ئەوە بوو كە زیرەكانە بەیتە شیعرە عەرەبیەكانی لەگەڵ سەید محەمەد تاهیر قورەیشیی ئامۆزایدا دەگۆڕییەوەو كێبڕكێیان بە شیعر دەكرد[65].

ئەم قۆشمە ئەدەبییەی نێوان زانایان و خوێندەواران نەیتوانی ڕێگە لە محەمەد عاكیف بگرێت كە هەمان ئەزموونی گەشت و سەفەری باوك و باپیری دووپات نەكاتەوە لە پشت سنوورە تەسكەكانی عەنبەران و تاڵشدا. ساڵی 1935 محەمەد سەعید بە نابەدڵی ڕێگەی پێدا بڕوات و ئەویش بە یاوەریی ئامۆزایەكی تری كە ناوی شێخ بورهانەدین كەمالی بوو یەكەمجار چوو بۆ ئەردەبیل و لەوێ بوو بە میوانی یەحیا خانی ئەمیر چوپانی، سەرۆكی دەزگای دادوەریی ناوخۆ و پاشان ڕۆیشت بۆ تەبریز. لەوێ پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ زانایانی ئاینیی ئەوێدا دامەزراندو لەگەڵیاندا كەوتە گفتوگۆی خاڵە دیارەكانی جیاوازیی نێوان سوننی و شیعە، چەشنی ئەوەی كە باوكی لە باكۆدا دەیكرد. لە پاش ستایشكردنی تەبریز لە قەسیدەیەكدا كە وەك "نەزیزەیەك" نووسراوەتەوە لە سەر غەزەلە

بەناوبانگەکەی حافز لە ستایشی شیرازدا، دواتر ڕۆیشت بۆ ورمێ و لەوێ مانگێکی بەسەربرد لە مشتومڕی لەگەڵ عولەما سوننیەکان (کورد)و شیعەکان (ئازەربایجانی)ی شارەکەدا و دوای ئەوەش بۆ ساوجبلاغ و لەوێ هەردوکیان، خۆی و ئامۆزاکەی، لەپڕو بە شێوەیەکی تەمومژاوی نەخۆش کەوتن. لەوێ لە نەخۆشخانە پشکنینیان بۆ کردن بەلام لەوەبەدوا ئیتر هەرگیز هیچیان لەبارەوە نەبیسترا و نەبینرانەوە. ئەم بێسەروشوێن بوونەی تاقە کوڕ ەکەی، محەممەد سەعیدی نوقمی نیگەرانی و پەژارەیەك کرد کە هەرگیز بەتەواوی چاك نەبووەوە، هەروەها ئەمە ئەوەی گەیاند کە ئاڕاستەی خانەقای عەنبەران بە شێوەیەکی ئاسایی و باو لە باوکەوە بۆ کوڕ نەڕۆیشت، بەڵکو تەنها لە براوە بۆ برا بوو[66].

لە ئاخرو ئۆخری ژیانیدا، شێخ عەلی بوو بە باوکی دوو کوڕی تر. یەکەمیان ، ئەحمەد سەید کامیلی، لە ساڵی 1877 دا لەدایکبوو، کەوا بە شێوەیەکی تایبەتی خۆی تەرخان کردبوو بۆ ڕێبازی نەقشبەندی کە باوکی خستبوویە سەری و نموونەی باشترین پراکتیزەکردنی کۆڕی زیکرو کەشف و کەرامات بوو. ئەمیش وەك ئەندامانی تری بنەماڵەکەی بەهرەی هۆنینەوەی شیعری هەبوو بە عەرەبی و فارسی و تورکی، بەلام بە پێچەوانەی ئەوانەوە هەرگیز گەشتی شوێنە دوورەکانی نەکرد. ئەم پیاوە ساڵی 1943 کۆچی دواییکردو بەم ڕەنگە نزیکەی شەش ساڵێك دوای محەممەد سەعیدی برا گەورەی مایەوە. یەك لە دوو کوڕەکەی ناوی بورهانەدین کەمالی بوو، کە نزیکەی هەشت ساڵ پێشتر لە سابلاغ دیارنەما. کوڕەکەی تری نوعمان کامیل قورئان خوێن و وەعزدادەرێکی کەموێنەبوو و لە ساڵی 1976 دا کۆچی دوایی کرد[67].

دوا کوڕی شێخ عەلی مەزهەر شەفیقی بوو، کە هێشتا ساوا بوو کاتێ باوکی لە ساڵی 1902 دا کۆچی دوایی کرد[68]. بەو پێیە ئەرکی پێخوێندنی کەوتە ئەستۆی محەممەد سەعیدی برا گەورەی و لەمەوە نەك تەمەسسوکی بە تەریقەتی نەقشبەندی خالیدییەوە بەدەستهێنا بەڵکو شارەزاییش لە دابەشکردنی ملك و ماڵی میراتیدا بە پێی شەریعەت. کاتێ مەزهەر شەفیقی یاوەریی محەممەد سەعیدی کرد لە گەشتەکەیدا بۆ ئاسیای ناوەڕاست. نەك هەر تۆماری ڕۆژانەی گەشتەکانی پاراست بەڵکو شیعریشی دەنووسی کە دەربڕینی پەرۆشی و یادکردنی عەنبەران و ڕقلێبوونەوەی ئەو شارە گەورانە بوو کە سەردانیان دەکردن: "دڵم گەرم و بەپەرۆشە بەلام نەك بۆ جوانیەکانی خوجەند و سەمەرقەند"[69]. نزیکەی دە ساڵێك دواتر مەزهەر کارێکی ئەدەبیی گەورەی ئەنجامدا کە پەیوەندیی بە جیهانی بەرفراوانی ئیسلامەوە بوو، بە "موخەممەسی" تورکی و بە ناونیشانی "مەرسییەی ئیسلام". ئەم کارە ڕاستەوخۆ دوای جەنگی جیهانیی یەکەم نووسراو بە پێی هاروون شەفیقی پاڵنەری پەیدابوونی بەلشەفیزم بووە لە قەوقاز و پێشێلکردنەکانی لە گەیلاندا، کە پەرەسەندنەکانی جاڕدانی جیهادی بەدوای خۆیدا هێنا لە لایەن زانایانی سوننەی ناوچەکەوە. نیگەرانیی تایبەتی شێخانی عەنبەران لەبارەی چارەنووسی هاوئاینەکانیان ڕاستەوخۆ لە باکووری خۆیانەوە، بێگومان بە قورسی کاری کردبووە سەر مەزهەر شەفیقی. بۆیە شیعرەکانی مەودا فراوان بوون و خەمەکانی میسر و عێراق و سوریاو حیجازی دەوروژاند و لەبارەی هەستێکی گشتیی قەیرانێکی ناهاوتاوە دەدوا[70]. مەزهەر شەفیقی جێی محەممەد سەعیدی گرتەوە وەك مورشیدی خانەقای عەنبەران، پاش مەرگی ئەمیان لە ساڵی 1949 دا و کاتێ ئەمیش لە ساڵی 1981دا کۆچی دوایی کرد لە تەنیشت برا گەورەکەیەوە نێژرا [71].

ئەمیش بە ڕۆڵی خۆی کوڕەکەی جێی گرتەوە، کە ناوی شێخ سابت شەفیقی یە و (ساڵی 1918 لەدایکبووە). لە کاتی سەردانی نووسەری ئەم باسە، لە ساڵی 1994دا، ئەم هێشتا هەر ڕابەرێتیی ئەو پێگەیەی پێشەوەی تەریقەتی نەقشبەندی ــ خالیدی دەکرد.

## دوو سـەردان لـە بـیـارەوە

ساڵی 1921، تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لە تاڵشدا هێزو گوڕێکی بەخۆیەوە بینی بە گەیشتنی شێخ کەمالەدین لە بیارەوە (کە بە شێخی کامیلیش دەناسرێت). ئەم شێخە لە ساڵی 1897دا لەدایکبووە و کوڕی عومەر زیائەدینە، کە دەکاتە کوڕەزای عوسمانی سیراجەدین. لە ڕووی تەریقەتەوە ئەم موریدی نەجمەدینی برای بووە، کە لە ساڵی 1901 وە سەرۆکی خانەقای بیارە بووە تا کۆچی دوایی لە ساڵی 1918دا[72]. سێ ساڵ لە پاشی کۆچی دوایی نەجمەدین، شێخی کامیل کوردستانی بەجێهێشت بە گریمانەی نیازی کۆچکردن بۆ هندستان لە پاش سەردانی تاڵش، بەڵام ڕەنگە دۆخی نالەباری بیارە پاڵنەرێك بووبێت بۆ ئەوە. کاتێ کە گەیشتە تاڵش، یەکەمجار چووە عەنبەران وەك میوانێکی شێخ محەمەد سەعید و پاشان بۆ ماوەیەك لە گوندە سوننی نشینەکانی نزیك ئەردەبیل مایەوە. وەك باسدەکرێت ڕەزا شا لە ماڵی سەید هیدایەت ئەشرەفدا کە پیاوێکی ناوداری ناوچەی کەرگانڕوود بووە، دەسبەسەری کردووە. ئەم جەختکردنەوەیە لە ڕووی کرۆنۆلۆجییەوە پڕ لە گرفتە[73]. هەرچۆنێك بێت ڕوون نیە کە بۆچی ڕەزا شا ڕێی لە تێپەڕبوونی ئەم گرتووە بە خاك و ناوچەکانی ئێرانداو ئەو تێبینییە بایۆگرافییەی لە قەسیدەیەکی هەڵدەهێنجرێت کە لە "گەنجینەی تاڵش" ی جەنگیز شاکووریدا جێگیر بووە و بە سادەیی باس لە "هۆکاری جۆراوجۆر" دەکات[74].ئەم تێهەڵکێش بوونە لەگەڵ جموجووڵی شێخی کامیلدا لە گێڕانەوەی یادەوەریی ڕاگوێزانی حاجی محەمەد کوردستانی و محەمەد سادق و شەهابەدین تاڵشی، نزیکەی حەفتا ساڵێك لەوەوپێش لە وڵاتی تاڵش و ڕەنگە لە هەردوو بۆنەکەدا چالاکیی ئەو شێخە خالدییانەی لە کوردستانەوە هاتوون بە ئەگەری تێکدەرو ڕووخێنەر وێنا کرابێت. مەسەلەکە هەرچییەك بووبێت، کاتێك کە شێخی کامیل ئەو دەڤەرەی ڕووناك کردەوە بە مارەکردنی کچی ئەو خانەخوێیەی کە حکومەت دەسنیشانی کردبوو، بە جێگیر بوونی لە تاڵش کۆتایی هات و زیاتر لە بەر ڕەزامەندیی کۆڕ و کۆمەڵی نەقشبەندییە خالیدییەکانی ناوچەکە بوو[75].

شێخی کامیل ئاهەنگی تێپەڕبوون بە "مەشرەبی مەلامەتی" بۆ سازکرا، کە واتای ئەوە دەگەیەنێت کەوا بە سادەیی ژیاوەو خۆی لەو ڕواڵەت و شێوازە بە دوور گرتووە کە لە دەوری پایەو مەقامی شێخ دەئاڵێت[76]. ئەو هەرگیز خانەقایەکی دانەمەزراندو ئیدیعای شان و شکۆی بۆ خۆی نەدەکرد وەك شێخێك و بە ئاشکرا ناڕەزایی لەوانە دەردەبڕی کە پێشنیاریان دەکرد دەبێ وا بکات، "بۆچی بازاڕێك بۆ شەیتان بکرێتەوە؟" ـ (بازاڕی شەیتان چاکونەم؟). کەواتە مایەی سەرسوڕمان نیە کاتێ داواکاریی بەرپرسیارێتیی بیارەی لێکرا وەختێ کە شێخ

عەلائەدینی برای شێخ نەجمەدینی جێگرەوەی لە خانەقادا، لە ساڵی 1954دا کۆچی دوایی کرد [77]. داواکاری و بانگهێشتەکە لە کوڕێکی شێخ عەلائەدینەوە هات، کە ناوی عوسمان سیراجەدینی دووەم بوو و لە ڕێگەی دوو کەسی ناوداری تاڵشەوە پێیگەیشت، کە سەید نووروڵڵای میر فەزلی و سەید حەسەن حوسەینی نەژادی پوونیلی بوون. ئەمە تێکەڵ نەبوونی شێخی کامیل بوو لە کاروباری بیارەدا و تەنانەت ئەوەشی ڕەتکردەوە کە ناوی کاندیدێك لە جێی خۆی دەسنیشان بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خۆی تەرخان کردبوو بۆ پراکتیزە کردنی تەریقەت بەو شێوەیەی کە خۆی لێی تێگەیشتبوو. ئەو سەرپەرشتیی کۆڕەکانی زیکری دەکرد لە شوێن و ناوچەی جۆراوجۆری تاڵشدا، تاوانکاران و گوناهبارانی دەهێناو تۆبەی پێ دەکردن لە گوناهەکانیان و خۆی خستبووە خزمەتی هەموو ئەوانەی بە دوای ئامۆژگارییەکانیدا وێڵبوون، سوننی بوونایە یان شیعە. وا باسدەکرێ کە لە بواری شیمیادا (کیمیای کۆن) هەوڵی بەرچاوی هەبووە و لە بەرانبەر سەرقەڵەمانەیەکی زۆر کەمدا دۆعاو نووشتەی کردووە. لە ساڵی 1928 دا شەیدایان و پەیڕەوانی خانوویەکیان لە هەشتپار پێبەخشیوە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی خۆی بچێتە ناوی داوێتی بەخێزانێك کە لەو ماوەیەدا خانووەکەیان سووتاوەو دە ساڵ دوای ئەوەش ئەوجا بووە بە خاوەنی خانوویەکی نیشتەجێی خۆی. کاتێ لە ئاخرو ئۆخری ژیانیدا نەخۆش کەوتووە شا نوێنەرێکی خۆی ناردووەتە لای بە دیارییەکی پارەی زۆرەوە بۆ خەرج و مەسرەفی داودەرمانی، بەڵام شێخی کامیل بە تووڕەییەوە ڕەتیکردووەتەوەو وەك باسی لێوە دەکرێت وتوویەتی: "باشە ئەم کابرا مازندەرانییە وادەزانێ من تەواو شێت بووم؟ ئەمە پارە نیە پێی بەخشیوم، ئەمە ئاگرە!" [78]. شێخی کامیل لە ساڵی 1977 دا کۆچی دوایی کرد و لەدوای خۆی یەك کوڕی لێ بەجێماوە بە ناوی شێخ جەمالەدین (ساڵی 1933لەدایکبووە) و ئەمیش وەك باوکی خۆی بە دوور دەگرێت لە رواڵەتی شێخایەتی و زیاتر "شێخ" بووە بە بەشێك لە ناوەکەی وەك لەوەی ناونیشانی بێت. ئاشکراشە کە لەگەڵ ئەوەشدا بووە بە میراتگری ئەو کاریگەری و ڕێزەی کە باوکی هەیبوو. هەروەها ئەو نەریتەشی پاراستووە کە شیعری ناسك دابنێت بە زمانی فارسی و تاڵشی، بە نازناوی "خانی"[79].

ساڵی 1958، مێژووی تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لە تاڵشدا چووە قۆناخێکی تەواو نوێوە بە گەیشتنی شێخ عوسمان سیراجەدینی دووەم، کە برازای شێخی کامیل بوو، بۆ ئێران و ئەم ناولێنانەش بۆ ئەوەبوو کە جیابکرێتەوە لە ناوی دامەزرێنەری خەتی بیارەی شێخە نەقشبەندییە خالیدییەکان. شێخ عوسمان پیاوێك بوو بە مۆرکێکی تەواو جیاوازەوە لە مامی. کاتێ شێخی کامیل ساڵی 1954 نەیویست سەرپەرشتیی بیارە بکات، شێخ عوسمان بێ دوودڵی خۆی وەریگرت[80]. وەك بنەماڵە شێخ عوسمان پەیوەندییەکی نزیکی دروستکرد لەگەڵ پاشایەتیی عێراقدا و پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی بە حیکمەتی زانی بیارە بەجێبێڵێت و لەودیوی سنوورەوە لە دووڕوودی کوردستانی ئێران (دووڕووە) نیشتەجێ بێت، کە باوکی مڵك وماڵێکی زۆری هەبوو لەوێ و لە سەرەتای سەدەی بیستدا خانەقایەکی تێدا دروستکردبوو. شێخ عوسمان بە شێوەیەکی گشتی مەیلی بە لای پاشایەتییەوە بوو و کاتێ گەیشتە ئێران نەیویست وەك مامی ناتۆرەی مازندەرانی لە شا بنێت، بەڵکو مەرایییەکی زۆری بۆ دەکرد و بە "ئیسلام پەنا" ناوی دەبرد[81].

ئەم پەیوەندییە کۆکەی کە ئێستا سەری هەڵداوە لە نێوان شێخ عوسمان و بنەماڵەی پەهلەویی فەرمانڕەوادا تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو پێشوازییەی ڕۆژگاری قاجاردا بۆ خەلیفەکانی عوسمان سیراجەدینی یەکەم، کە وەك دەگێڕنەوە لە تالشدا دەگیران و بە شێوەیەکی کاتی دووردەخرانەوە بۆ تاران، هەروەها هاوبەشییەکیشی تێدا نیە لەگەڵ فەرمانی ڕەزا شادا کە شێخی کامیلی دەسبەسەری ناومالْ کردبوو پاش ئەوەی ساڵی 1921 گەیشتبووە تالش. ڕەنگە ئەوەی بە شێوەیەکی میانڕەو پێیدەوترێ پێکەوەهەڵکردنی دوو لێکنەچووی وەك شێخ و شا تا ڕادەیەك بێ پێشینە نەبووبێت. چونکە وەك دەگێڕنەوە ناسرەدین شا دە هەزار تومەنی بەخشیوەتە شێخ عومەر زیائەدین بۆ خانەقای بیارە، ئەگەرچی ئەم بەخششەی دراوەتە دوواوە لەبەر دژواری و پێچەوانە بوونی لەگەڵ یاسا و ڕێسای دەروێشیدا (ڕەنگە بۆ ئێرە سۆفیگەری شیاوتر بێت - وەرگێڕ) [82]. هیچ بەڵگەیەك بوونی ئەم بەخشینە ناسەلمێنێ هەرەها ڕەتکردنەوەشی، بەڵام ئاشکرایە کەوا شێخ عومەر پەیوەندیی هەبووە لەگەڵ موزەفەرەدین شای جێگرەوەی ناسرەدین شادا، چونکە لە 7 ی تەمووزی 1897 دا نامەیەکی بۆ ناردووە پڕبووە لە شێوە ئاساییەکانی ڕێزو ملکەچی نواندن.[83]

ئەندامێکی تری بنەماڵەی بیارە، کە شێخ حوسامەدینە (ساڵی 1939 کۆچی دوایی کردووە) و کوڕی محەمەد بەهائەدینی دووەم جێگرەوەی عوسمان سیراجەدینە پێستی ئاژەڵێکی لابووە کە دامەزرێنەری ئەم خەتی تەریقەتە (واتە نەقشبەندی خالیدی) شێوە دۆعایەکی بە سەردا خوێندووە کە بە "دۆعای تیغبەند" ناسراوە (واتە دۆعای کار نەکردن یان وەستانی شمشێر)، کە باوەڕ وابووە هێزی تەوتەمی هەبووە بۆ پاراستنی ئەو کەسەی پێیەتی دژ بە هەر زیانێکی جەستەیی. بەمجۆرە وەك دەڵێن، شا گوێبیستی ئەم چەرمە بووەو بە تێکەوتنی ئەمیر ئەسعەد موکریی کاروباری ئەوە ڕێکخراوە کە ئەم چەرمەی بۆ بنێردرێت لە ساڵی 1943 دا.[84]

پەیوەندیی نێوان شێخ عوسمان و ڕژێمی پەهلەوی بەرفراوان و بەسوود بووە بۆ هەردوولا، چونکە شێخ عوسمان بۆ شا ئامرازێکی بەکەڵك بووە بۆ ڕاییکردنی سیاسەتەکانی سەبارەت بە عێراق و لای وابوو هێشتا کاریگەریی باشی هەیە لەوێ و وایدەبینی کە لە واقیعدا باشترین پەنابەری عێراقییە لە ئێراندا تا ئەو دەمەی سەرۆکەکانی هۆزی جاف لە ساڵانی 1960 دا گەیشتنە ئەوێ.[85] شێخ بەو ڕیزو شکۆیەوە کە بە ڕەسمی و بە بەرچاوەوە پشتگیری دەکرا، بە زامنکاری جێمتمانەی دڵسۆزی کوردەکانی ئێران تەماشا دەکرا بۆ ڕژێمی پەهلەوی. دواجار باوەڕ وابوو کە لەتوانایدایە پشتگیریی دابین بکات یان بەهێزی بکات بۆ ڕژێم لە ناو دانیشتوانی کەمینەی سوننە مەزهەبدا کە تەریقەتی نەقشبەندییان تێدا بلاوە - وەك تالش و تورکمان سەحرا. [86] سەبارەت بە شێخیش، خۆی بە خاوەن پلەو پایەیەك دەزانی کە ڕێگەی دەدا پێگەی یەکەمین شێخی نەقشبەندی هەبێت نەك تەنها بۆ کورد یان سوننەکانی ئێران بەڵکو بۆ هەموو موسڵمانانی دنیا. ئەو بەردەوام خۆی وا دادەنا کە "پیری تەریقەتی نەقشبەندیی دەر کیشوەرهای ئیسلام"ە [87]. هەروەها پێگەی دابین کردبوو بۆ گەلێك لە کوڕەکانی لە دەرباری شاهەنشاهی و دامودەزگاکانی تری دەوڵەتداو بەردەوام بوو لە سەر فراوانکردنی سەروەت و سامانی لە دووڕووە و ناوچەکانی دەوروبەریدا.[88]

سالّی 1967 شێخ عوسمان گەشتێکی بەرفراوانی دەستپێکرد بە چاودێریی دەوڵەت، بەرەو تاران، مەشهەد، گەیلان، مازندەران و تورکمان سەحرا. ڕۆژی پاش گەیشتنی بۆ تاران، شا پێشوازی لێکردو بە شێوەیەکی ئاشکراو بەرچاو خۆشحالّ بوو بەم یەکتربینینە لەگەلّ "پاشای پیرۆزدا کە بالّی هەق و دادوەریی کێشاوە بە سەر هەموو لایەکدا"، بە پێی باس و گێڕانەوەی موریدێك لەبارەی گەشتەکەیەوە. پێش ئەوەی بەرێبکەوێت بۆ مەشهەد لەگەلّ داروودەستەو ئاپۆڕەیەکی کاربەدەستانی مەدەنی و سەربازیدا بۆ دانانی تاجەگولێنەیەکی هێجگار گەورە لە سەر مەزاری ڕەزا شاو دۆعاو نزا بۆ "ڕۆحی پڕ فتووح" ی یەکەم کەسی پەهلەوی بکات. لە گەڕانەوەیدا ماوەیەك بۆ حەوانەوە لە تاران مایەوە پێش ئەوەی بەرەو گەیلان بکەوێتەڕێ و لە 8 ی ئۆکتۆبەری 1967 دا گەیشتە ڕەشت. لەوێش دۆعای خێرو خۆشی و سەلامەتیی کرد بۆ "ئەعلاحەزرەت شاهەنشاهی ئاریامیهرو پەناگەی ئیسلام"، ئەوجا لە هەمان ڕۆژدا چوو بۆ پونیل، کە وەك باس دەکرێ ئاپۆرەیەکی هێجگار زۆر لە موریدانی نەقشبەندی لە پێشوازیدا بوون. شێخ ڕێگەی پێدان دەستی ماچ بکەن و لەو کاتەدا دۆعای خێری بۆ شاو حکومەتەکەی دەکرد. بەلاّم شێخی کامیل لەم پێشوازییەدا نەبوو، ئەمیش بۆ دووبارە یەکگرتنەوەو تەبابوونەوە لە ژێر ڕێژنەی باراندا ڕێی دا لە بەر بۆ ئەو گوندە دوورەدەستەی ئەوی لێ دەژیا. لە پاش بەسەربردنی پێنج ڕۆژ لە پونیل، بە ڕێگای ریزواندا چوو بۆ ئەنزەلی (کە دواتر ناوی لێنرا بەندەر پەهلەوی).[89]

بێگومان نوێنەرانی ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی نەقشبەندی ـ خالیدی کە لە تالّشدا دروستبووبوون دلّسۆزیی خۆیان بۆ شێخ عوسمان دەردەبڕی لە ماوەی بیست سالّی مانەوەیدا لە ئێران. چونکە پێش هەموو شتێك ئەو لە بیارەوە هاتبوو، کە سەرچاوەی تەریقەتەکە بوو بۆ موریدە تالّشییەکانی. بێجگە لەوەش نەوەی ڕاستەوخۆی شێخی دامەزرێنەری بنەڕەتیی ئەم ڕێبازەیەو تەنانەت ناوەکەشی هەلّگرتووە و ئەمیش کە هاتووە ڕیزی کاربەدەستانی ڕەسمیی دەولّەت لە دەوری ئالاّون. بەمجۆرە کاتێ لە پونیل بوو، سەید محەمەد شەرەفی "شەو و ڕۆژ" لە خزمەتیدا بوو، بە هەمان شێوەش "پیاوانی دیکەی ئاینی نەقشبەندی" یان (سایری روحانییونی نەقشبەندییە). هەروەها هاروون شەفیقیی خەلّکی عەنبەران هەمیشە حازربەدەست بوو بۆ خوێندنەوەی قەسیدەکانی لە سەر ستایشکردنی شێخ. شێخ جەمالەدینیش هەمیشە خانەخوێیەکی دەست و دلّ فراوان بوو. خەلّکە سادەکەش شەپۆل شەپۆل دەڕژانە ئەو ناوە بۆ ئەوەی بۆ چاوتروکانێکیش بووە ببینن و بە دەم سۆزی هەلّچوونەوە دەگریان.[90] بازنەکانی کۆڕی زیکری نەقشبەندی کە لە گەلێ شوێنی تالّشدا دەبەستران لەمەودوا "بە مۆلّەتدانی ئەوبوون". ئەلّبەتە ئەمە یەکەم سەردانی شێخ نەبوو بۆ تالّش، بەلّکو جارێکیتر لە سالّی 1971دا هاتەوەو ماوەیەکی کورت مایەوەو پاشانیش لە سالّی 1977 دا سەردانێکی تری کردەوە.[91]

لە سالّی 1979 دا شۆڕشی ئیسلامی "پەناگەی ئیسلام" ی ڕامالّی و دۆعا و پاڕانەوە گەرمەکانی شێخ عوسمان بۆ شا سوودی نەبوو و جارێکیتر بێ چاودێریی شاهانە بەجێما. بە پێی گێڕانەوەی شێخ خۆی نوێنەرێکی ناردووە بۆ لای ئیمام خومەینی و داوای لێکردووە کە لێبوردنێکی گشتی دەربکات بۆ هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بە ڕژێمی شاوە هەبوو، هەروەها دەست بەسەرداگرتنی مالّ و ملّکی خەلّك ڕابگیرێت و واز لە مەبدەئی "ویلایەتی فەقیە" بهێنرێت وەك بنەمایەکی دەستووریی سیستەمی حوکمی نوێ.[92] ئەلّبەتە بێ هیچ سەرسوڕمانێك هەرسێ

داواكارييەكە درايەدواوەو پاش ئەوە شێخ عوسمان گەڕايەوە بۆ عێراق و كەوتە هەوڵدانی خەڵك ڕێكخستن لە كوردستانی ئێراندا، بە پشستگیریی حكومەتی عێراق، لە میلیشیایەكی دژە شۆڕشدا كە ناوی سوپای ڕزگاریی لێنرا و مادیح نەنقشبەندی، كە یەكێك بوو لە كوڕەكانی شێخ، بوو بە سەركردەی میلیشیاكە (مادیح ئێستا لە لەندەن پزیشكی چاوە). ئەم سوپایە لە ماوەی دوو ساڵی پێكهێنانیدا هەرگیز نەبوو بە هێزێكی ئەوتۆ و ژمارەی خۆی دا لە هەزار جەنگاوەرێك و كەوتە شەڕو پێكدادان نەك هەر لە گەڵ هێزەكانی كۆماری ئیسلامیدا، بەڵكو لە گەڵ گرووپە چەپە جۆراوجۆرەكانیشدا كە ئەودەمە لە كوردستانی ئێراندا چالاك بوون. [93] پێناچێت ئەم سوپایە خەڵكی خۆبەخشی لە تاڵشەوە چووبێتە پاڵ.

لە بەر هەر هۆیەك بووبێت شێخ عوسمان نەیتوانی لە بیارە خۆی كۆبكاتەوەو ڕۆیشت بۆ بەغدا. لە نۆڤەمبەری ساڵی 1982دا سەردانی فەرەنسای كرد، نەك هەر تەنها بۆ چارەسەری پزیشكی بەڵكو بۆ ورووژاندن و كاركردنیش بوو دژ بە حكومەتی ئێران و تا توانی بە شێوەیەكی بەرفراوان نامیلكەیەكی بە زمانی عەرەبی بلاٌوكردەوە و تێیدا داوای ڕووخانی دەكرد. [94] بە هەرحاڵ، دواتر توركیا بوو بە دوا وێستگەی شێخ عوسمان بۆ بانگەوازەكەی. ساڵی 1989 (ئەگەری ئەوەش هەیە ساڵی 1990 بێت)، حكومەتی توركیا ڕێگەی پێدا شوێنێكی نیشتەجێ و خانەقایەك دابمەزرێنێت لە خادمكۆیی، كە شوێنێكی گوێ چەم و كەندرێكی باگرەوە بوو لە نزیك بیوك چەكمەجە لە سەر ڕۆخی باكووری دەریای مەڕمەڕە لە دووریی نزیكەی سەعاتێكی ئوتومبیل لە ئەستەمبوولەوە. چاودێری كردنی رەسمیی شێخ عوسمان لەم شوێنە تەریكەدا ئاسان بوو و لەگەڵ ئەوەشدا روون نیە بۆچی دەسەلاٌتدارانی ئاسایشی توركیا، كە هەمیشە سڵ و بەپارێز بوون لە مەترسی راستەقینە یان خەیاڵیی تەریقەتەكان بۆ سەر رژێمی عیلمانی، دەبێ رێگە بە شێخ عوسمان بدەن بێتە ولاٌتەكەیان. روونكردنەوەی ئەم كەین و بەینە ڕەنگە لەو سۆنگەیەوە بێت كە بوونی ئەم لە توركیادا، چەشنی حاڵەتەكەی پالێزبان، كە جەنەراڵێكی جارانی شا بوو و لە كاتی خۆیدا وەك ئەگەری سەرچاوەیەكی بەكەڵك بۆ فشار خستنە سەر حكومەتی ئێران بەكارهات. شێخ عوسمان لە 30 كانوونی دووەمی 1997 دا لە خادمكۆیی كۆچی دوایی كردو لە ناو خانەقاكەدا بە ئامانەت ئەسپاردەی خاك كراوە. چەند ساڵێك دواتر دەسەلاٌتدارانی توركیا خانەقاكەیان ڕووخاندو تەنها مەزاری شێخیان هێشتووەتەوە. [95]

## ئـــەنـــجـــام

كۆچكردنی شێخ عوسمان وەك هەلاٌتوویەكی جەنگ لە دەست دەسەلاٌتدارانی ئێران وادیارە هیچ شتێكی لە بارودۆخی نەقشبەندییەكانی تاڵش نەگۆڕی و وەك چاوەڕوان دەكرا هیچ بارێكی ئەوانی قورس نەكرد. بە ئاشكراش بڕیارێكی ڕەسمی دەركرا كەوا كەس لە دژی موریدو پەیڕەوانی شێخ عوسمان نەوەستێتەوە لە تاڵش بن یان لە هەر شوێنێكی تر، چونكە لەگەڵ ئەوەشدا كە ڕووداوەكانی سوپای رزگاری لە كوردستانن بەلاٌم ئەوان بە گشتی حەز بە كارو كردەوەی میلیشیایی ناكەن. لە هەمان كاتیشدا پەرۆشیی دژە شۆڕشی شێخ عوسمان بە ئاشكرا سست دەڕۆیشت

کاتێ کە ڕژێمی نوێ وردە وردە کەوتە ئەوەی کە بە ڕاستی ڕەگ داکوتێ لە ئێراندا. لە ساڵی 1993دا، شێخ لە لایەن ئایەتوڵڵا خامنەئی یەوە بانگهێشت کرا بگەڕێتەوە وڵات، بەڵام ئەم ڕەتیکردەوە. [96] ئەڵبەتە هیچ هەستێکی تەنگپێهەڵچنین بە نەقشبەندییەکانی تاڵشەوە دیار نەبوو کاتێ کە نووسەری ئەم بابەتە ساڵێك لەوەوپاش سەردانی ئەم ناوچەیەی کرد. "بە مۆڵەتدانی" شێخ عوسمان، سەید عوسمانی زەبیحی خەریکی چاککردنەوەی خانەقایەکی سادە بوو لە قەراخ شاری ئاسالم و شێخ بەختیار، کە کوڕەزای شێخ عوسمانە، دامەزراوە یەکی هاوشێوەی هەیە لە هەشتپار.[97] هەرچەندە شێخ سابت شەفیقیی عەنبەران میراتگری ڕێبازی شکۆداری خۆیەتی بەڵام ئەمیش بە هەمان شێوە شەرعییەتی کاروباری تەریقەتەکەی خۆی بە مۆڵەتدانی شێخ عوسمان وەرگرتووە. ڕاستیەکەی شێخ سابت ئەگەری لێکدانی ئینتمای ڕۆحی بۆ شێخ عوسمان و ئاشکرا کردنی دڵسۆزیی بۆ کۆماری ئیسلامی
بەرجەستەکردووە و حاڵی حازر لە ناوچەکەدا بەوە ناوبانگی دەرکردووە کە پشتگیریی شۆڕشی ئیسلامی دەکات و پاش ڕاوەستانی بۆ ماوەیەك و سەرکەوتنی شۆڕش لەگەڵ ئیمام جومعەی ئەردەبیلدا وەك خەتیبی میوان سەردانی یەکتر دەکەن.[98] بە شێوەیەکی بنەڕەتی نیاز وابوو جێگەکەی شێخ عوسمان بدرێتە شێخ خالید عەلایی برای کە دانیشتووی سنە بوو.[99] بەڵام لەڕاستیدا ئەو بۆ خۆی ڕەتیکردەوەو بۆ هیچکام لە کوڕەکانیشی ڕازی نەبوو تا بە فراوانی و بە وردی لە سەر دەستی براکەیدا فێری ئادابی تەریقەت نەبن. ئەگەر شێخ خالید یەکێکیانی دەسنیشان بکردایە بۆ سەرکردایەتیی تەریقەتەکە ئەو دەمە جێی ڕەزامەندیی شێخ عوسمان دەبوو. [100] بە هەرحاڵ، شێخ خالید تەنها دوو ساڵ لە شێخ عوسمان منداڵتر بوو و هەردوو براکە نزیکەی لە یەك کاتدا کۆچی دواییان کرد ـ یەکێکیان لە ئەستەمبوڵ و ئەویتر لە سنە و کەسیان بە مەرگی ئەویتریانی نەزانیبوو. [101] وا دیارە هیچکام لە کوڕەکانی شێخ عوسمان لە کاتی خۆیدا ئامۆژگاریی باوکیان بە دڵ وەرنەگرتووە بۆ میراتیجێگرتنەوەی و بەو پێیە لە پاش کۆچی دوایی شێخ بنەماڵەکە بڕیاریانداوە یەکێکیان بە ئەمیندار یان چاودێری خانەقاو ماڵ و مڵکەکانی دابنێن، ئەویش ناسیحی کوڕیەتی، بەڵام نەك وەك شێخێك. [102] بەم جۆرە پێدەچێت شێخەکانی بیارە هاتبێتنە کۆتایی ئەم ڕێبازەی تەریقەت، یان بە شێوەیەکی تر بڵێین جێگرتنەوە بازنەی تەواوی خۆی کێشاوەو دوایین شێخ ناوی یەکەم شێخی تەریقەتەکەی هەڵگرتووە، واتە بازنەکە داخرا.[103]
پێدەچێت ئەنجامەکە حەتمی بێت تەنانەت بێ ئەو پشێوییەش کە بە هۆی مێژووی تازەی عێراق و ئێرانەوە هاتووەتە کایەوە. وەك چۆن لە بنامالەی پاشایەتیدا ڕوودەدا دەکرێ ئاڕاستەی ڕابەرایەتیی ڕێبازێکی سۆفیگەری لە تاقە خێزانێکدا نەمێنێت، چونکە گەرەنتیی درێژخایەنی ئیمتیاز یان تەنانەت تواناو شیاویی نیە. شێخ عوسمان سیراجەدینی یەکەم بە ئاشکرا پیاوێکی خوێندەوارو شیعر ناسك بوو، وەك نامە و نووسینەکانی شایەتیی دەدەن، ئەمە بێجگە لەوەش کە ژمارەیەکی زۆری زانا و خوێندەوار لە دەوری ئاڵابوون. شێخ عەلائەدینی باوکی شێخ عوسمان سیراجەدینی دووەم کتێبێکی گەورە و بەناوبانگی نووسیوە لە سەر سۆفیزم بە گشتی و تەریقەتی نەقشبەندی بە شێوەیەکی تایبەتی. [104] نووسینەکانی عوسمان سیراجەدینی دووەم، بەپێچەوانەوە، کاریگەر نین[105] و درێژترین کاری نووسینی "سیراجولقلوب"ە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە چیرۆکی موعجیزە ئاسا لە بارەی خۆی و باوباپیرانیەوە. ئەم کتێبە هەندێ بایەخی هەیە وەك هەوڵێك لە نووسینەوەی ژیاننامەی

کەسێك بە قەڵەمی خۆی، بەڵام بە تەواوی دوورە لە کەڵکی مەزهەبی و باوەڕ. [106] ڕاستێکەی وادیارە بە ساکاری شکۆی ڕێبازی عوسمان سیراجەدین دەخاتەڕوو، بە تایبەتی دوارابەری و دواجاریش بریتییە لە توخمێکی ناساندنی ئەم لقەی تەریقەتی نەقشبەندیی خالیدی.[107]

کوژانەوەی بنەماڵەی بیارەی تەریقەتی نەقشبەندی تەمەندرێژیی خەتەکەی تاڵشیشی خستووەتە مەترسییەوەو ئەگەرچی شێخەکانی عەنبەران خەتی تایبەتیی خۆیان پەرەپێداوەو بە شێوەیەکی بەرچاو محەمەد سەعید لە ئەستەمبووڵ و قاهیرە وحیجاز خوێندوویەتی بێجگە لە کوردستان، بەڵام هەمیشە وادەردەکەون کە خۆیان بە پاشکۆی شێخەکانی بیارە دابنێن و لە شەرعییەتدان بە خۆیان پشت بەوان دەبەستن. ئێستا وا ئەم خەتەی بیارە بە شێوەیەکی کاریگەرانە بەرەو کۆتایی دەڕوات و بەو پێیە مانەوەو گەشەکردنی عەنبەران کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە. پێشتر، لە ساڵی 1984 ەوە هاروون شەفیقی ئەوەی ڕاگەیاند کە خۆشترین شوێنی لەدایکبوونی لە سەر شوێنی مردنێتی، کە تاقە ئاماژەی بووژانەوە ئاپۆرەی ئەو خەڵکەیە کەوا هەموو ڕۆژانێکی هەینی و بە شێوەیەکی تایبەتی تر لە جەژنی ڕەمەزاندا دێنە سەر مەزاری شێخ عەلی و نەوەکانی. [108] بەهەرحاڵ، ئاشکرایە شکۆ و خوداپەرستیی مردوو ناتوانێ لەخۆیدا زەمانەتی بەردەوامیی یان کاریگەریی تەریقەت بێت. گەلێ ڕێبازی جۆراوجۆری نەقشبەندی بێجگە لەوەی بیارە لە هەردوو کوردستانی عێراق و ئێراندا چالاکن، بەڵام وادیارە هیچ کام لەمانە شارەزا و بلیمەتەکانی تاڵشیان ڕانەکێشاوە. هەندێ لە تاڵشییەکان لە ئێستادا دڵسۆزی و پەیوەستبوونی ڕۆحییان نەداوەتە هیچ نەقشبەندییەك بەڵکو داویانە بە شێخێکی ئەفغانی ڕابەری تەریقەتی چیشتی بە ناوی سەید ئەحمەد (یان ئەحمەد شاە) مەودوودی، کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك لە شوێنی نیشتەجێی خۆیەوە لە هیرات سەردانی مەشهەد دەکات بۆ ئەوەی چاوی بکەوێت بە موریدو پەیڕەوە ئێرانیەکانی. [109] عەلی عەبدەلی، کە لە ساڵی 1990وە دەنووسێت و نووسەری لێکۆڵینەوەیەکی گشتییە لە سەر تاڵش و فەرهەنگی، هێشتا دەتوانێ جەخت لە سەر ئەوە بکات کە هەموو دانشتووە سونییەکانی تاڵش "شوێن شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندی کەوتوون". [110] تەنانەت ئەگەر "شوینکەوتن" وا تەماشا بکرێت کە کەمێك زیاترە لە بە ناو پێزانینی دەسەڵات و دەستباڵاییان، ئەوە ئەم ڕاگەیاندنە هەر زوو پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە. لاوازبوون و بەرەو ژاکان چوونی تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لە تاڵشدا ئەگەر لەڕاستیدا پرۆسەیەکی لەم چەشنە کاری خۆی بکات. ئەوە بە زەروورەت هەڕەشە لە ناسنامەی سوننی ناکات کە ڕۆڵی دەربڕین و پشتگیریی هەبووە. ئەڵبەتە شێخە نەقشبەندییەکانی ناوچەکە نەك هەر وەك بڵاوکەرەوەی ڕێبازە سۆفییەکەی خۆیان کاریان کردووە بەڵکو بە شێوەیەکی گەورەتر وەك مامۆستایانی ئایینی دانیشتوانیش هەڵسوکەوتیان کردووە. دڵسۆزە سونییە تاڵشییەکان بە زەحمەت پشت بە توێژێکی دیاریکراوی شارەزایانی ئاینی دەبەستن، ئەمە فاکتەرێکی تەواو جیاوازە کەوا ڕەنگە کاریگەریی خۆی هەبێت لە گۆڕانێکی چوونە ناو مەزهەب یان تەریقەتێکدا. وەك مارسیل بازن سەرنجی دەداتێ پاش سەردان کردنەوەی بۆ تاڵش لە ساڵی 1992دا، کەوا هیچ بەڵگەیەك لەئارادا نیە ئەوە بگەیەنێت کە هاتنی کۆماری ئیسلامی فشاری لەگەڵ خۆی هێنابێت بۆ سەر تاڵشییەکان بۆ ئەوەی هەواخوایی و دڵسۆزیی خۆیان بگۆڕن بۆ شیعەگەری.[111] بەڵام بە شێوەیەکی تایبەت و جیاکار لە ناو هەرێمە سوننی نشینەکانی ئێراندا، ژمارەیەکی زۆر گەورەی کۆچبەرانی شیعە دەچنە تاڵش و ئەمە تا ڕادەیەك گلەکییەکان و بە شێوەیەکی بەرچاویش تورکە ئازەرییەکان دەگرێتەوە، کە هەردوو گرووپەکە کرێکاری کشتوکاڵی و دووکاندارن. ئەم پەرەسەندنە تازە نیەو بە تایبەتی لە ناوچەی دەوروبەری ئاستارادا و لە شارەکە خۆیدا تورکیی ئازەری بووە بە زمانێك کە بەردەوام لە شەقام و بازاڕدا گوێت لێدەبێت.[112] لێرە هەمیشە لە ڕووی

زمانەوە بە توركی بوون شانبەشانی پلە بە پلەی شوێنی سونیزم گرتنەوە لە لایەن شیعیزمەوە بەرێوەدەچێت و ئەمەش پرۆسەیەكە بە هۆی ژن و ژنخوازیی نێوان ئازەری و تاڵشییەكانەوە وردە وردە سەردەگرێت و منداڵانی ئەم ژن و ژنخوازییە "تێكەڵە" لە زماندا بە لای توركی و لە ئاینیشدا بە لای مەزهەبی شیعەدا دایدەشكێنن. لكاندنی ئیداریی هەندێ لە ناوچەكانی تاڵشی زمان بە ئەردەبیلەوە لە ماوەی سەدو پەنجا ساڵی رابردوودا هەمان ئەنجامی داوە بە دەستەوە [113]. دۆڵەكانی تاڵش ـ دولاب و ئاسالم كەوا كەمتر ئازەربایجانیەكان روویان تێكردووە، بە پێچەوانەوە، لە زماندا بە تاڵشی و لە مەزهەبدا بە سوننی بە نەگۆڕاوی ماونەتەوە. [114] بەو پێیە ماوەتەوە بزانرێت ئاخۆ گۆڕینی دیموگرافی ئەو گۆڕانە دروست دەكات لە پابەند بوونی بە پەرۆش و دڵگەرمانەیاندا بە ناسنامەی خۆیانەوە، گۆڕانێك كە سەفەوییەكان نەیانتوانی بیكەن، بەڵكو تەنانەت بەتەماش نەبوون بیسەپێنن بە سەر تاڵشدا.

## پـــــــــــەراوێـــــــز:

*

نووسەرسوپاسوپێزانینیخۆیدەردەبڕێتبۆئەندامانیبنەماڵەیشەفیقیورەحمانییەكانیهەشتپاربۆهاوكاریومیواننەوازشیانلەماوەیسەردانەكەیدابۆتاڵشلەتەمووزی 1994دا. هەروەهانووسەرخۆیبەبەرپرسیاردەزانێلەهەمموودیدوبۆچوونودەربڕینێككەلەمبابەتەدابڵاودەبێتەوە.

(1) كۆیناویتاڵش "تاڵشان " و "تەواڵش "ە. شوێنەكەلەبەرانبەرناوی (تاڵشستان )یشدادەوەستێتەوە،هەروەهاتاڵشوەكوەسفیناویكەسانیشبەكاردێت . ئێستاتاڵشبووەبەناویرەسمییشاریهەشتپار،بەڵامناوەكۆنەكەهەربەفراوانیبەكاردێت . تاڵیشبەگشتییخزمەتیئەوزمانەدیاریكراوەدەكاتكەلەلایەندانیشتوانیناوچەكەوەقسەیپێدەكرێت . بەهەرحاڵ،بۆخۆلادانلەتەمومژلەمنووسینەداتاڵشوەكراناوبەكاردێتبۆوەسفیخەڵكەكەی. بەپێیتیۆرییەكیتایبەتخەڵكیتاڵشبەرەچەڵەكدەچنەوەسەرتاڵشیكورپیئەمیرچۆپانكەلەسەروەختیداگیركردنیمەنگۆلداكۆچیانكردووەبۆئێران . تیۆرییەكەزۆرجێیمتمانەنیە،چونكەتاڵشییەكانبەلایكەمەوەلەسەرەتاكانیچەرخیئیسلامییەوەلەوشوێنەدانیشتەجێبوون. بەبۆچوونیج . ل. رابینۆ "ئەگەرتاڵشییەكانیگەیلانئەومێژووەیكۆچكردنیانانزانن " ئەوەرێكورەوانلەبەرئەوەیەكەهەرگیزئەوكۆچەرووینەداوە. ("ویلایەتەئێرانییەكانیقەزوێن "،گۆڤاریپێداچوونەوەیجیهانیئیسلام،ژمارە (32)، 1916 ـ 1917)،ل 30. تەنانەتپێدەچێتڤلادیمیرمینۆرسكیشكەوتبێتەژێركاریگەریی‌ئەفسانەیبنەچەیمەنگۆلچونكەپێیوایەكەتاڵشییەكان "رەگوریشەیانتێكەڵە " ئەگەرچیبەدیالێكتێكی‌ئێرانیشقسەدەكەن، "تژكرەالملوك،چەردەیەكلەسەرفەرمانڕەوایی‌سەفەوییەكان "، (لەندەن : ی. جیبزنجیرەی‌یادەوەرییەكان، 1943 )،ل 14.

(2) بڕوانەعەلیعەبدەلی "تاڵشیهاكیستاند؟ " (ئەنزەلی : كتابفرۆشیدیهخودا، 1990). هەروەها "متالبدرزمینەیتاریخ،فرهنگوجمعییەیتاتهاوەتاڵشان "،بەفارسی، (تهران : إنتشاراتقفنس، 1990). هەروەها "چهاررسالەدرزمینەیتاریخوجغرافییەیتاڵش " (رەشت : لەلایەنبلاوكەرەوەوەچاپكراوە، 1999). مارسلبازن "تاڵش : هەرێمێكی‌ئەتنیكی‌لەباكووری‌ئێران "، 2 بەرگ (پاریس : چاپەمەنیەكانی‌لێكۆڵینەوەلەسەرشارستانیەتەكان، 1980). هەمانووسەر "دووبارەسەردانیتاڵش "،گۆڤاری‌لێكۆڵینەوەئێرانییەكان،ژمارە (25)، 1996،ل 115 ـ 134.

لەبارەیزمانیتاڵشییەوە،زمانێکیباکووریرۆژئاوایئێرانوهاوشێوەیگیلەکیومازندەرانییە،بڕوانەب . ڤ. میللەر "زمانیتاڵش " (بەڕووسی ) (مۆسکۆ : بنکەیبڵاوکردنەوەیناووکا، 1953) وئیحسانیارشاتر "زمانیتاڵش 2"، (لەئینسکلۆپیدیاییئیسلامی 2) بڵاوبووەتەوە،ژمارە (*10*)،ل 166 ــ 167. بەتایبەتیئەوباسەبەپەسەنددەزانرێکەلەفرەلاوەچووەتەنێوژیانیتاڵشەوە،لەنووسینی "دانشنامەییجەهانیئیسلام " لەلایەنبهرامأمیرأحمدیانلەگۆڤاری (تاڵش،ژمارە (4)،ل 284 ــ 297). بابەتەکەیگارنیکئەساتریانوحەبیبیبورجیان (تاڵشوتاڵشییەکانــلێکۆڵینەوەیەکیرەسمییە )،لەگۆڤاری (ئێرانوقەوقاز ) ژمارە (9): 1 (2005)،ل 43 ــ 72،بەزۆرییبابەخیبەمەسەلەیزمانداوە.

[3] ڤ. ڤ. بارتۆڵد "تاڵش"، (مۆسکۆ: بنکەیبڵاوکردنەوەیئەدەبیرۆژهەڵات، 1965)،ل 494.

(وەرگێڕانیئەمبابەتەیلەیەکەمبەرگیئینسکلۆپیدیاییئیسلامدا ).

ئەمەتارادەیەکتاقەکاریوردەلەسەرمێژوویتاڵشکەسەردەمیسەفەوییبەخاڵیجیابوونەوەداناوە .

حوسەینئەحمەدی "تاڵشانئەزدەورەیسەفەوییەتاپایانیجەنگیدووەمیئێرانوەرووس "، (تەهران : مەرکەزیئەسناد،تاریخیدیپلۆماسی، 2001).

[4] ج. ل. رابینۆ "ویلایەتەئێرانییەکانیقەزوێن"، (گۆڤاریپێداچوونەوەیجیهانیئیسلام،ژمارە (32)،ساڵی 1916 ــ 1917)،ل 35.

رووننیەچپەرەسەندنێکرووبداوەوبۆچیئەوخەڵکەلەمەزهەبیحەنبەلییەوەچوونەتەسەرشافیعیلەسەدەیپازدەهەمدا

(هەشتەمیهیجری ).

گریمانەیئەوەشهەیەبەهۆیلێکترنزیکیناوچەکانیانەوەبووبێتکەمەزهەبیشافیعیتیایاندابالادەستبووبێتوئەگەریئەوەهەیەئازربایجانیپێشس ەفەوییەکانبووبێت،بەلامرەنگیشەبەهۆیکوردستانەوەبووبێتلەرۆژئاواوەیاندوورنیەبەهۆیداغستانەوەبووبێتلاباکووریانەوە .

ویلفێردمادیلەنگجەختلەوەدەکاتکەواگەیلانیرۆژئاواماوەیەکپێشئەوەوازیانلەحەنبەلیهێناوە،لەزەمانیمەنگۆلەکاندا،

"ئاراستەئاینییەکانلەئیسلامیبەراییدالەئێران "، (ئەلبانی،یویۆرك : دەزگایفەرهەنگوکەلەپووریئێران، 1988)،ل 27.

سەیرلەوەدایەزێدیلەدایکبوونیعەبدولقادریگەیلانی،کەرۆژگارێکمەڵبەندیمەزهەبیحەنبەلیبووە،ئێستاپڕاوپڕشیعەیە،بەلامهاتنیشافیعیبوونا وئەمدوومەزهەبەشتێکیئەوتۆیلێنازانرێت،بڕوانەمەنوچهیرسوتوودە "ئەزئاستارەتائەستراباد " (تەهران : ئینتیشاراتیبونیادیفەرهەنگیئێران، 1971)،ل 216.

[5] بیاــپیشساڵی 1592 خرایەسەردەوڵەتوبیاــپاشیشساڵی 1595. بڕوانەکلاوسمیشێلرۆهربۆرن "ویلایەتەکانیناوەندیئێرانلەسەدەکانیشانزەیەموحەڤدەیەمدا"، (بەرلین: دیگرویتەر، 1966)،ل 83.

[6] ج. ل. رابینۆ "بنەماڵەناوخۆکانیگەیلانودەیلەم"،جۆرناڵئاسیاتیك،ژمارە (*CCXXXVII*)،ساڵی 1949،ل 333.

بزوێنیکۆتاییناوئەمیرەرەنگدانەوەیشێوەیناوچەییبەکارهێنانیگەیلانەوبزوێنیکۆتاییناویمێینەنیە.

[7] لەبارەیمێژوویگەیلانەوەلەسەردەمیسەفەویدابڕوانەمەنوچیهریکاشیف "گەیلان : مێژوولەژێردەسەڵاتیسەفەوییەکاندا "،ئینسکلۆپیدیاییئێران،بەرگی (10) ل 635 ـ 642. هەروەهاعەبدولفەتاحفومانی "تاریخیگەیلان "،ساغکردنەوەیمەنوچیهرسوتودە (تهران : ئینتیشاراتیبونیادیفەرهەنگیئێران، 1970)ولەبارەیتاڵشیشەوەبەتایبەتیبڕوانەئەحمەدی "تاڵشان"،ل 17 ــ 88).

[8] خەلیلئینالجیك "ئیمپراتۆرێتیعوسمانی: چەرخیکلاسیکی، 1300 ـ 1600"، (نیویۆرك: ئەریستیدد . کاراتزاس، 1989)،ل 38، 125.

[9] رابینۆ "ویلایەتەئێرانیەکانیسەردەریایخەزەر"،ل 35 ــ 36.

[10] ئەمدەربڕینانەلەلایەنجینئۆبن "شێبخئیبراهیمزاهیدگەیلانی (1218؟ ـ 1301"،گۆڤاریلێکۆڵینەوەیتورکی *XXIII* - *XXI*، (1991)،ل 39 ـ 53. قەسیدەکانیشێخسەفیرەنگەلە "تاڵشیسەدەکانیناوەڕاست دانووسرابێت" (بەپێیب . ڤ. میللەر،کەلەلایەنمینۆرسکییەوەوەرگیراوەلە "تژکرەالملوك"دا،ل 191).

(11)إبنالکربلائی "روچەالجنانوجنەالرچوان"،ساغکردنەوەیجعفرسلگانالقرّائی، (تەهران: بونگاهیتەرجومەونەشریکیتاب، 1970)،ل 204.

(12)إبنبزّاز "صفوەالصفا "،ساغکردنەوەیغولاّمرەزاتەباتەباییمەجد، (ئەردەبیل : لەلایەنبلاّوکەرەوەوەچاپکراوە، 1994)،ل 700 ـ 701.

(13)إبنبزّاز "صفوەالصفا"،ل 323 ـ 324.

(14)ئەحمەدی "تالّشان"،ل 19 ـ 20.

(15)هەمانسەرچاوە،ل 19 ـ 20.

(16)بڕوانەمحەمەدکەریمیوسفجەمیل "تەشکیلیدەولّەتیسەفەویوەتەعمیمیمەزهەبیتەشەییوعیدەوازدەئیمامیبەعینوانیتەنهامەزهەبیرەسمی"،بەفارسی، (تەهران : ئەمیرکەبیر، 1993). ئەمەئاماژەیەکیسەرنجڕاکێشەکەچۆنخەلّکێکیکەمیتالّشبەجەدارەتەوەناسراونلەئێرانداکەئەمنووسەرەبەمجۆرەوەسفیاندەکاتکەوا (تائێستابەزمانەتورکییەکەیخۆیانقسەدەکەن).

(17)ئێدیعاکەلەماڵپەڕیئاژانسیزانیارییتالّشدایەلەمەکتەبیمۆسکۆیرێکخراوێککەکاربۆسەربەخۆیی "تالێشتان" دەکات،واتەناوچەکانیتالّشیکۆماریئازەربایجان*www.talinf.4t.com*.

(18)ڤ. مینۆرسکی "ولاّتیفارسلەسالاّنی 1478 ـ 1490دا: کورتەیوەرگێڕانێکیتاریخیعالەمئارایئەمینیکەفەزلولّلا یکوڕیروزبەهانخونجینووسیویّتی"، (لەندەن: لوزاك، 1957)،ل 67 ـ 68.

(19)بازن "تالّش"،ل 199.

(20)رابینۆ : "ویلایەتەئێرانییەکانیقەزوێن"،ل 114، 122 (لەلاپەڕە 36داوایمەزەندەدەکاتکەواتالّشەکانیئێرانکەموزۆربوونبەدووبەشیوەکیەکیسوننەوشیعەوە )،عەبدەلی "تالّشیهاکیستاند؟"،ل42. لەبارەینەخشەیەکەوەبۆدابەشبوونیتەقریبییسوننیوشیعەلەهەرێمەجۆراوجۆرەکانیتالّشلەمسەدەمەدا،بڕوانەبازن "تالّش" بەرگیدووەم،ل 198. بەشێوەیەکیباوجەختلەوەدەکرێتەوەکەدانیشتووانیباکووریتالّشئەوناوچەیەلەسالّی 1813داکەوتەبندەستیروسیاوئێستاکەوتووەتەکۆماریئازەربایجانەوەـشیعەبن،بۆنموونە،بڕوانەبۆسوێرس "تالّش"،ئینسکلۆپیدیایئیسلام،$X$،ل 166. هەروەهاشیرینئەکینەر "گەلانیموسلّمانییەکێتییسۆڤێیت" (لەندەن: *KPI*، 1983)،ل 263. هەروەهائەلیکساندەربێنیکسنوویمبوش "موسلّمانانیئیمپراتۆرێتیسۆڤێتی"، (بلومینگتنوئیندیاناپۆلّس : 1986)،ل219. بەهەرحالّ،تۆماریبلاّوبوونەوەینەقشبەندیلەلایەنمحەمەدسەعیدەوە،لەپشتسنووریباکووریئێرانیرۆژگارێپێشبەلشەڤیکداخۆیلەخۆیدابەلّگەیەبۆئەوەیسوننەگەریلەنێوتالّشییەکانیسنووریباکووریئێراندامایوەتەوە . بێجگەلەوەشنووسەربەرەوڕوویشافیعییەکانیتالّشیپێشسۆڤیێتبووەتەوەلەسەردانێکدابۆئاستارالەتەمووزی 1994دا.

(21)ئەبولنەسرمیرزاحوسامولسەلّتەنە "سەفەرنامەییتالّش"، (تەهران: چاپخانەیشەرق، 1967)،ل44.

(22)هەروەهالەدوادواییسەدەینۆزدەیەمداناودارانیوەکنیعمەتولّلا یگەڕیدەوزەینولعابدینشێروانیبەخراپیباسیخەلّکیتالّشیانکردووەکەوا "بەگشتییخەلّکیگەوجونەفامن"،بڕوانە "بستانالسیاحە"، (تەهران: کیتابخانەییسەنایع، 1897)،ل 325.

(23)ئەمنەریتەپەیوەستبووبەمنەوەلەماوەیگەشتەکەمدابۆعەنبەرانلەتەمووزی 1994دا. بەپێیگێڕانەوەیرۆبینۆ،هەمووئەوەیلەخانەکانیتالّشداواکراپاشملکەچبوونیانبۆدەسەلاّتپێکهێنانیهێزێکیمیلیشیابووکەبتوانێپارێزگارییلەبەرژەوەندییسەفەوییەکانبکاتلەلێوارەکانیدەریایقەزوێندا. بڕوانە "ویلایەتەئێرانییەکانیقەزوێنـگەیلان"،ل 31.

(24)شەهابەدینئەحمەدتالّشوەکمتمانەپێکراوێکخزمەتیئورانگزەبیئیمپراتۆریمەغۆلیکردووەولەهێرشوپەلامارێکیناسەرکەوتووداسالّی 1663 بەشداربووەدژبەئاسام،کەوابەرەخنەوەباسیلێوەدەکاتلەکتێبەبلاّونەکراوەکەیدابەناوی "فەتحییەیعیبرییە". هەروەهابڕوانەنەبیلهادی "فەرهەنگیئەدەبییهندییـفارسی"، (دەلهی : بلاّوکراوەکانیئەبهناڤ، 1995)،ل 570.

نزیکەیدووسەدەدواتر،لەساڵی

1835دا،محەمەدشاەحاجیمیرزاخانیمەقسوودلوویگورگانیئاگادارکردەوەکەیارمەتییبداتلەسەرکوتکردنییاخیبووندا،کەواهێزێکیکردبوونە

سەرکەبریتیبوونلە

"سوارەیتاڵش،کەوڵاتەکەیانوەکئەوەیتۆسنوورییەوئەوانهەرلەشاخوپێدەشتەوەتادەگاتەدارستانوبێشەلاَنرهاتوون "،هەروەهابڕوانەمەنوچیهـ

ریسوتوودە "ئەزئاستاراتائەستراباد"،بەرگی 4 ، (تەهران: ئینتیشاراتیبونیادیفەرهەنگیئێران، 1971)،ل 141 ـ 142.

(25)نەسروڵلاَفەلسەفی "زیندەگانییشاەعەبباسیئەووەل"، (تەهران: کەیهان، 1960)،ل 38.

(26)مەزاریشێخزاهیدکەبریتییەلەبینایەکیسادەوبەداروپەردووسەریگیراوەتائێستاهەربەپێوەیە .

بۆبینینیوێنەیەکیبڕوانەمەنوچیهرسوتوودە "ئەزئاستاراتائەستراباد "،ل216. بۆزانیاریزیاتریشبڕوانەسەیدئەحمەدمووسەوی

"مەدفەنیشێخزاهیدیگەیلانیکوجاست؟"، (گۆڤاریهونەرومەردوم) ژمارە (145)،ساڵی 1974،ل 82 ـ 86.

(27)سەبارەتبەمەزاریدووەملەممەزارەسادەوساکارانە،کەبووبێتەئامانجێکبۆحەجیسوننیەکانتائێستاش،بڕوانەسوتوودە

"ئەزئاستاراتائەستراباد "،ل 48 ـ 49 وتابلۆی 26. لەبارەیجەمالەدینتەبرێزییەوەبڕوانەعلیعبدلی "مشاهیرتالش "، (ریزوانشەهر :

لەلایەنووسەرەوەبلاَوکراوەتەوە، 1999)،ل 59 ـ 61. جەمالەدینموریدیشیهابەدینیتەبرێزیبووە،کەلەئاهاربەخاکسپێردراوە .

بڕوانەمحەمەدعەلیتەربیەت "دانشمەندانیئازەربایجان"، (تەهران: چاپخانەیمەجلیس، 1925)،ل 209 ـ 210.

(28)محەمەدحوسەینیقەزوێنی "سیلسیلەنامەیخواجەگانینەقشبەند ". لەبارەیئیسماعیلشێروانییەوەبڕوانەمحێدینلاری

"فتوحالحرمین "،ساغکردنەوەیکەلیموڵلاَیحوسەینی (حەیدەرئابادـدەککان : دارالکتبالکلیمیه، 1986)،ل 66.

دیسانهەمانبابەتساغکردنەوەیعەلیموحەدیسی، (تاران : ئینتیشاراتیئیتیلاعات، 1987) ل 70. نجمالدینالغزّی "الکواکبالسائرە "

،ساغکردنەوەیجبرایلجبّور (بیروت : دارالآفاقالجدیده، 1979)،ل 123. هەروەهامەجدیمحەمەدئەفەندی "حدائقالحقائق "،

(ئەستەمبووڵ : چاغرییانیلەری، 1853)،ل 359 ـ 360.

بێجگەلەئیسماعیلتاڵشی،شێروانیلانیکەمپەیڕەوێکیتریبووەلەمەککە،بەناویزەکەریابەهەماوی،کەلەمەوەختەتێکینەقشبەندیپەرەیسەندووەول

ەرێگەیغەزەنفەرنەهەروالیوئەحمەدشنیناوییەوەگوازراوەتەوەبۆئەحمەدقوشاشی (بڕوانەئیبنولعوجەیمیئەلمەککی

"خبایاالزوایا"،دەسنووس،دارالکتبالمصریه).

(29)وردترینسەرچاوەبۆژیانیشێخعوسمانونەوەکانیدوایخۆیعەبدولکەریمئەلمودەڕیس "یادیمەردان،بەرگی 2:

شێخەنەقشبەندییەکانیهەورامانوهەندێلەموریدومەنسووبەدیارەکانیان "، (بغداد : المجمعالعلمیالعراقی، 1983).

منسوپاسگوزاریشاییخانەقامکەواکورتەیەکیوەرگێڕدراویهەندێبەشێئەمکتێبەیدامێکەبەکوردینووسراوە،هەروەهابڕوانەئبراهیمفصیحالحید

ری "المجدالتالدفیمناقبمولاناخالد "، (إستانبول : المگبعهالعامره، 1875)،ل 14. هەروەهاعبدلکریمالمدرّس "علماۆنافیخدمهالعلموالدین "،

(بغداد : دارالحرّیەللگباعه، 1983)،ل 376 ـ 380. بابامەردۆخرۆحانی "تاریخیمەشاهیریکورد " (تاران : سروش، 1985)،ل425 ـ

427. ئەبوبەکرسەفیرودین "زیندەگینامەیشەمسەددینیبورهان "، (ئورومییە،مەرکەزینەشریفەرهەنگوئەدەبیاتیکوردی )، 1990،ل

145 ـ 210. هەروەهافەرهادشاکەلی

"شێخەنەقشبەندییەکانیهەورامانوکولتووریتەریقەتیخالیدییەـموجەددیدییەلەکوردستان "،لەکتێبەکەیئەلیزابێسئۆزدالگە

"نەقشبەندییەکانلەئاسیایرۆژئاواوناوەندا"، (ئەستەمبووڵ: ئینستیتیوتیلێکۆڵینەوەیسویدیلەئەستەمبووڵ، 1999)،ل 92 ـ 93.

(30)لیستی 86 خەلیفەلەکتێبەکەی "یادیمەردان "یمودەڕیسدا،بەرگیدووەم،ل 21 ـ 24

هاتووەکەتەنهاسیانیانغەیرەکوردنوئەمناوانەن: عەلیئەفەندیحەکیمزادەیئەنتاکییە،سەیدحوسەینیئەستەمبوولۆشیهابەدینیتاڵشی.

(31)بەدڵنیاییەوەرێکەوتنیەکەواقادرییەکانیتاڵش،کەبەژمارەزۆرکەمترنلەنەقشبەندییەکان،هەمانرێوڕەسمیخواپەرستییانهەیەوەککونك

ردنیرووومەتبەزەرگوزێکردنلەسەرخەلۆوزیگەشاوە .. تاد . چەشنیهاوبابەتەکوردەکانیان .

سەرباریئەوەشوەکدەڵێنلەرێوڕەسمیزیکرداماەدەیژەهریانقووتداوە، (گفتوگۆلەگەڵزاهیرشەفیقی،هەشتپار،تەمووزی 1994).

لەکاتێکداکەبەیاوەرییئەمنووسەرەپیاسەمانبەعەنبەرانداەکرد،شێخسابتشەفیقیشێخێکیقادرییتووشبووپاشسلاولەیەکترکردن،شێخەکەکە وتەباسکردنیرێورەسمەکەیانبۆمنووتی : "ئێمەنەپەیوەستینبەوکارەوەونەنکوولێشیلێدەکەینـمائانکارنەمیکونیم،ئینکارنەمیکونیم ". ئەمشێوازەلەلایەنخواجەبەهائودینینەقشبەندەوەبەکارهاتووە،کەباوکیئەمتەریقەتەیە،ئەوەیپەیوەستەبە "سەماع"ەوە.

[32]عەلیعەبدەلیبەکورتیباسلەگرتنودەرکردنیدەکاتکەهۆکاری "بەشداریکردنبووەلەچالاکییەسیاسییەکاندا ". ئەوشیعریفارسیدادەناوناوناویعارفیبەکاردەهێنا. بڕوانەعەبدەلی "مەشاهیریتالش"،ل 155 ـ 159.

[33]جەنگیزشەکوری "گەنجینەیتالش: شەرحیحالۆگولچینیئەشعاریشوعەرایتالش"، (ڕەشت: نەشریگیلەکان،مێژوویچاپینیە )،ل 12 ـ 14. محەمەدسادقشیعریداناوەونازناوی "سیدقیی" بەکارهێناوە.

[34]مودەرپس "یادیمەردان"،بەرگی 2،ل 21.

[35]شەکوری "گەنجینەیتالش "،ل 20 ـ 21. عەلیعەبدەلی "تالشیهاکیستاند؟ "،ل 148 ـ 150. عەبدولقادربەنازناوی "نەقشی " گەلێقەسیدەیداناوەولەناوچەکەدابایەخێکیباشیپێدراوە.

[36]شەکوری "گەنجینەیتالش "،ل 28 ـ 31.

شەرەفیشاعیرێکبووەکباوکیوژمارەیەکچوارینەیبەزمانیتالشینووسیوەوبەهەمانشێوەشهەندێقەسیدەیدرێژتریبەفارسینووسیوەونازناوی "قودسی" بووە. بەهەرحال،عەلیعەبدەلینازناوەکەیبە "شەوقی" داوەلە "مەشاهیریتالشدا"،ل 161 ـ 163.

[37]شەکوری، "گەنجینەیتالش "،ل 22 – 23. عەلیعەبدەلی، "تالشیهاکیستاند؟ "،ل 141 ـ 144. عەبدەلی، "مەشاهیریتالش "،ل 35 ـ 38. سۆفیباباشیعریبەفارسیوبەتالشینووسیوەونازناوی "فانی" بەکارهێناوە.

[38]شەکوری، "گەنجینەیتالش "،ل 17 – 18. عەلیعەبدەلی، "تالشیهاکیستاند؟ "،ل 150 – 153.

جەلیلیبەهاوبەشیلەگەلشێخەنەقشبەندییەکانیتریتالشدا،بڕێکیزۆرشیعریداناوە.

[39]هارونشەفیقیبێجگەلەکارەشیعرییەکانیبابەتێکیلەسەرکۆنینەکانیعەنبەرانیشنووسیوە ("عەنبەران " گۆڤاریی‌یەغما *Yaghma* بەرگی: *VXX* 5 ،مورداد 1351/ تەموزی 1972)،ل 281 ـ 286 وکتێبی "عورەفاوعولەمایعەنبەران "، (هەشتپار : لەلایەننووسەرەوەبلاوکراوەتەوە، 1986). ئەمپیاوەلە 23یتەموزی 2001داکۆچیدواییکردووە.

[40]بەسەلماندنیهەموولایەك،عەنبەرانئێستالەڕوویئیدارییەوەکەوتووەتەئوستانیئازەربایجانیرۆژهەلاتەوە،بەلاملەڕوویفەرهەنگەوەبەشێکەلەتالش . هەموودانیشتوانەکەیشافیعینوبەهەمانشێوەشگوندەکانیدەوروبەریوئەوزمانەیقسەیپێدەکەندیالێکتێکیزمانیتالشییە . شێخەکانیعەنبەرانگەشتیبەردەوامیناوچەتالشینشینەکاندەکەنوبازنبە (پوازێکیتالشی)دادەنێتلەکتێبی "تالش" دا،ل 199.

[41]هاروونشەفیقی "عورەفاوعولەمایعەنبەران" ل27 ـ 29. (لێرەبەدواوەوەکشەفیقی، "عەنبەران" ناویدێت).

[42]شەفیقی، "عەنبەران "،ل 34. مەبەستلە "کیتابیبینا " زیاترپێدەچێت (بناوالفعال ) بێتکەلەلایەنکاتبچەلەبییەوەوەك "کورتەیەکیبەتەواویئاشناوزانراویئەوفەرمانانە (فیعلانە ) دێتکەلەلایەنمندالانەوەدەخوێنرێن "، (کشفالڤنون،لەبلاوکراوەییالتکایاوبیلکەئەستەمبوول، 1971)،هەروەهالە "عەوامیلیشدا " دەخوێنرێن،کەلەسەرریزمانیعەرەبییەولەلایەنعەبدولقاهیرجورجانییەوەنووسراوە. (بڕوانەکشفالڤنون 1179 ـ 1180).

[43]شەفیقی، "عەنبەران"،ل 31 ـ 33.

[44]بۆلیستیئەودەقانەیکەلەورۆژگارەدابەشێوەیەکیباولەمەدرەسە (حوجرە ) کوردییەکاندادەخوێنران،بڕوانەبابەتەکەیزەینەلعابیدینزنار "خوێندنیمەدرەسەلەکوردستانیباکووردا "،لەکتێبەکەیمارتنڤانبروونەسنوجۆیسبلۆ "مێژوویەکیتریئیسلامـئیسلامیکوردەکان "، (پاریس: ئینالکۆ، 1998)،ل 39 ـ 58.

[45]شەفیقی، "عەنبەران"،ل 34 ـ 35.

[46]شەفیقی، "عەنبەران"،ل 35 ـ 38.

(47) لەبارەیژیاننامەیبەهائەدینەوەبڕوانە : مودەڕیس "یادیمەردان "،بەرگیدووەم،ل 75 ـ 98 و "علماۆنا "،ل 523 ـ 525. هەروەهامەردۆخرۆحانی "تاریخیمەشاهیریکورد"،بەرگییەکەم،ل 447 ـ 449.

(48) شەفیقی، "عەنبەران"،ل 40 ـ 42.

(49) شەفیقی، "عەنبەران"،ل 43 ـ 44.

(50) لەسەرژیاننامەیعومەرزیائەدینبڕوانەمودەڕیس "یادیمەردان "،بەرگی 2،ل 49 ـ 274 و "علماۆنا "،ل 410 ـ 413 ومەردوخرۆحانی "تاریخیمەشاهیریکورد "،بەرگی 2،ل 69 ـ 71. ئەمپیاوەبەوەناویدەرکردووەکەوازیکریبەدەنگیخستووەتەرێوڕەسمیئەملقەینەقشبەندییخالیدییەوە،کەرەنگەسەلماندنیکاریگەریوبەردەوامییهێزیقادریبوو بێتلەکوردستاندا.

(51) شەفیقی، "عەنبەران"،ل 44 ـ 57

(52) لەبارەیفاکسمێلۆدەقیئەودوونامەیەوە،بڕوانەشەفیقی، "عەنبەران"،ل 45 ـ 49.

(53) مامۆستاکەیمحەمەدسەعید،کەحافیزعوسمانحیلمیکوڕیحاجیحافیزعەلیوەسفیلەهەزارگرادلەدایکبووەلەساڵی 1852 ـ 53داوئەمڕۆئەوشوێنەلەبولگاریادایە . ئەمپیاوەلەسەرەتایگەنجێتیداهاتووەتەئەستەمبوولۆئەمیشوەکمحەمەدسەعیدئیجازەیبنەڕەتییلەتەمەنیسیساڵیداوەرگرتووەلەزانکۆیمحەمەدسەلیمئەفەندیودوایئەوەدەستیبەدەرسوتنەوەکردووەلەمەدرەسەیفاتیحدا . لەپاشدوانزەساڵ،واتەلەساڵی 1900دالەمەدرەسەیمحەممەدییەلەمەدینەتەدریسیکردووەودواجارگەڕاوەتەوەسەرپۆستەکەیپێشوویلەئەستەمبوولۆساڵی 1927 لەوێکۆچیدوایکردووە. بڕوانەسادقبەیرەق "سۆندەڤیرئوسمانلایعولەماسی"، (ئەستەمبوول: غەزەتەیاینەلەریمیللی، 1981)،بەرگی 4 ـ 5،ل 311 ـ 312.

(54) شەفیقی، "عەنبەران".

(55) لەبارەیژیانیسەرنجڕاکێشیحاجیعەبدولاسوکووتیبڕوانەشەفیقی، "عەنبەران "،ل 104 ـ 107 سوکووتیشوێنمحەمەدسەعیدکەوتلەگەڕانەوەیدابۆعەنبەرانوژنەمیسرییەکەشیکەوتبووەتەکی،کەئەقڵیتێکچووبوولەوجیاوازییەگەورەیەینێوانقەڕەوقەرەباڵغیقاهیرەوچۆڵیوکشوماتییعەنبەراندا . لەبەرئەوەفرەیپێنەچووهەڵاتوگەڕایەوەبۆمیسر . پاشانسوکووتیتەڵاقیداوخوشکێکیمحەمەدسەعیدیمارەکرد.

(56) شەفیقی، "عەنبەران "،ل 56. هەندێگوندیتاتیزمانلەناوچەیخاڵتائێستاشهەربەسوننیماونەتەوە . لەبارەیپەیوەندییخاڵوتاڵشەوە(بەشێوەیەکیسەرەکیئاسالم)،بڕوانەبازن "تاڵش"،بەرگی 2،ل 199.

(57) ئیوجینئۆبین "ئێرانیئەمڕۆ"، (پاریس: ئە. کۆلن، 1908)،ل 119.

(58) ئەوجۆرناگەیلەلایمەزهەرشەفیقیهەلگیرابوو،نەوەکانیپاراستبوویانوبەلامکەسلەئەندامانیبنەماڵەکەنەیتوانیدەرییبخاتلەوکاتەداکەمنسەردانیتاڵشمکردلەتەمووزی 1994 دا.

(59) قازینیاز "فەتوایەکی " دەرکردکەواگۆشتیئەوئاژەڵەیجوولەکەیانمەسیحیسەریدەبڕێترێگەیپێدەدرێتکەموسڵمانبیخوات،بەلامحەمەدسەعیدقوبوولێنەکرد . بڕوانەشەفیقی، "عەنبەران"،ل 59.

(60) شەفیقی، "عەنبەران"،ل 59

(61) هەمانسەرچاوە،ل 286.

(62) شەفیقی، "عەنبەران"،ل 60 ـ 63.

(63) ئەڵبەتەتەوەریسەرەکییئەمتۆڕەحیجازبوو . بڕوانەئەولیکۆڵینەوەیەیکەمنبەمنزیکانەبلاوێدەکەمەوەبەناوی "نەقشبەندییەلەحەرەمەیندا،لەسەدەینۆزدەهەمدا (سیازدەیهیجری)"

[64]محەمەدسەعیدلەناونانیکوڕەکەیدارەنگەشکۆدانانێکبێتبۆمحەمەدعاکیفئەرسۆی (ساڵی 1936
مردووە)،کەناوبانگیلەتۆمارکردنیدەستووریعوسمانیداپەیداکردلەدەورییاتیوەك "سیراتولموستەقیم" و"سەبیلوڕەشاددا".

[65]شەفیقی، "عەنبەران"،ل 65 ــ 70.

[66]شەفیقی، "عەنبەران"،ل 71 ــ 74 .

[67]شەفیقی، "عەنبەران"،ل 75 ــ 77.

[68]شەفیقی، "عەنبەران "،ل 84 ،ساڵی 1268 بەساڵیتەقریببیلەدایکبوونیمەزهەردادەنێ،ئەگەربەساڵیقەمەریدابنێینئەوەدەکاتە
1851 ــ 52،ئەگەربەهەتاویبێتئەوەدەکاتە 1889 ــ 90،بەوپێیەئەمەشمێژوویتەواونیەئەگەربەراوردبکرێلەگەڵساڵیمردنیباوکیدا.

[69]شەفیقی، "عەنبەران"،ل 84.

[70]شەفیقی، "عەنبەران"،ل 80 ـ 82. بۆنموونەیزیاتریبەیتەشیعرەکانیمەزهەرشەفیقی،بڕوانەشەکوری "گەنجینەیتاڵش"،ل 32.

[71]شەفیقی، "عەنبەران،ل 84.

[72]لەبارەینەجمەدینەوەبڕوانەمودەڕیس "یادیمەردان "،بەرگی 2،ل 281 ــ 307 وکتێبی "علماۆنافیخدمەالعلموالدین "،ل 602 ــ
603.

[73]تاساڵی 1925 ڕەزاشانەهاتبووەسەرحوکمولەوساڵەبەدواوەبنەماڵەدووکەسییەکەیحوکمیدامەزراند .
شێخیکامیلبەمپێیەبێتدەبێدرەنگترلەساڵی 1921
سەردانیتاڵشیکردبێت،یانئەوەیەمانەوەیلەدەورووپشتیعەنبەرانچوارساڵیخایاندبێت،یانئەوەیەڕەزاشافەرمانیدەستبەسەرکردنیداوەکاتێك
کەهێشتارەزاخانبووەوسەرقاڵبووەبەدامرکاندنەوەیبزووتنەوەیجەنگەڵیلەگەیلاندا.

[74]شەکووری، "گەنجینەیتاڵش"،ل 37.

[75]سەیدهیدایەتئەشرەفتۆمارێکیتێکەڵبوونیمەسەلەسەربازیوسیاسییەکانیهەیەلەسەردەمیشۆڕشیمەشرووتەدا
(شەڕیدەستوور)،بڕوانەعەبدەلی "مەشاهیریتاڵش"،ل 11 ــ 13.

[76]لەبارەیوێکهاتنەوەیجیهانبینییمەلامەتیلەگەڵنەریتیبەراییتەقشبەندیدا،بڕوانەئەمبابەتەنوێیەینووسەر
"توخمەکانیرەگوڕیشەیمەلامەتیلەنەریتەسەرەتاکانینەقشبەندیدا "،لەکتێبەکەین . کلەیەر،ئە . پۆپۆڤیچوت . زەرکۆندا
"مەلامیسبایرامیس: لێکۆڵینەوەلەسەرسێبزووتنەوەباتینییەکەیئیسلام"، (ئەستەمبووڵ: ئیزیس، 1998)،ل 27 ــ 36.

[77]لەبارەیعەلائەدینەوەبڕوانەمودەڕیس "یادیمەردان"،بەرگی 2،ل 308 ـ 340،هەروەها "علماۆنافیخدمەالعلموالدین"،ل 404 ـ 406.
هەروەهامەردۆخرۆحانی "تاریخیمەشاهیریکورد"،بەرگی 2،ل 323 ــ 324.

[78]باسوخواسیشێخیکامیلپشتبەچاوپێکەوتنێکیئەمماوەیەدەبەستێلەگەڵشێخجەمالەدینلەکارمون (یایلاقێکەنزیکپونیل )،لە 14
یتەمووزی 1994دا.
مەبەستلەناتۆرەیمازندەرانیبۆشا،خراپباسکردنیهەموومازندەرانییەکاننیە،بەڵکومەبەستبیرهێنانەوەیبنەچەینزموسادەیبنەماڵەیپەهل
ەوییە.

[79]بڕوانەشەکووری، "گەنجانیتاڵش"،ل 56 ــ 57.

[80]وەکلەزۆرحاڵەتیجێگرتنەوەیرابەرایەتیلەتەریقەتیسۆفیدا (یانهەرلقێکی )
بەدیدەکرێت،ئەوحاڵەتوبارووزرووفەیلەجێگرتنەوەیشێخعوسمانئالأبووتاڕادەیەکتەمومژاوییە .
ئێمەوەکبینیمانووەکجەمالەدینینەقشبەندیدەڵێ،دەبووئەوجێگەیەبدرایەتەشێخیکامیل،بەلأمئەمگێڕانەوەیەپێدەچێتکاریگەریباوکوك
وڕیبەسەرەوەبێت،چونکەشێخعوسمانخۆیئیدیعایئەوەدەکاتکەشێخعەلائەدینیباوکیبەئاشکراوبێهیچتەمومژێکلەجێیخۆیدایناوە .
بەهەرحاڵ،ژمارەیەکنامەیزۆرپشتگیرییئەمجێگرتنەوەیەیدەکەنوئەویشبەپێویستیزانیجارێکیترلەکتێبەکەیدا "سیراجولقولووب "

(بێمێژوووشوێنیبلاوکردنەوە)،ل 318 ـ 325،بلاویانبکاتەوەولەگەڵئاگادارکردنەوەیەکدادژبەوناکۆکییەینێوریزەکانیتەریقەت،ل 329 ـ 331،کەئەوەدەگەیەنێتگوایەجێگرتنەوەکەناکۆکیلەسەربووە،لانیکەملەسەرەتایدا.

[81] تێرمیمەیلداریانپەرۆشرەنگەدەقاودەقبەشێوەیەکیرەمزیلێکبدرێتەوە .

هەڵکەوتحەکیملەورووەوەدەڵێشێخعوسمانلەسەردانەکەینۆڤەمبەریساڵی 1982
یدابۆپاریسوێنەیەکیخۆیپیشانداوەکەبەتەواویلەبەردەممەلیکفەیسەڵییەکەمیعێراقدانووشتاوەتەوەوئەودەمەتەمەنیهەژدەساڵبووە .
هەروەهابەحەکیمیشیوتووەکەئەسپێکیبەدیاریناردووەبۆمەلیکمحەمەدیپێنجەم،مەلیکیمەغریب،کەبەپێیمەزەندەیخۆینرخەکەیدووملیۆنت
ومەنبووە . بەلامباسیلەوەنەکردووەکەئەسپێکیلەوچەشنەیناردبێتبۆشا .
بڕوانەهەڵکەوتحەکیم"تەریقەتینەقشبەندیلەکوردستانیسەدەینۆزدەیەمدا"، ( تێزیدوکتۆرا،پاریس، 1983)،ل 239 ـ 271.

[82] ئەمەیانشێخمەعسوومینەقشبەندیی،کوڕەزایعومەرزیائەدینبۆیباسکردووم (چاوپێکەوتنلەدونکانڤیل،تەکساس،ئەیلوولی 1995).

[83] بۆدەقینامەکەبڕوانەمودەڕیس "یادیمەردان"،بەرگیدووەم،ل 334 ـ 336.
لەبەرئەوەینامەکەبەکارێکیگەورەوپڕلەکەشوفشدەزانرێتومانایتەمومژاویونادیاردەگەیەنێت،بۆیەزەحمەتەدڵنیابینلەبۆنەینووسینوڕەوانە
کردنی .
بەهەرحاڵ،وادیارەشێخپیرۆزبابییلەشاکردووەبۆچوونەسەرتەختوتاجلەسەرنانودەربڕینیسوپاسگوزارییەبۆپێشوازیکردنییەکێکلەپەیڕوانیلە
دەرباریخۆیدا.

[84] چاوپێکەوتنلەگەڵشێخجەمالەدیندا،پونیل، 14 یتەمووزی 1994. شێخجەمالکۆپییەکیشڕودڕاویبابەتێکیپیشاندامەلەرۆژنامەی
"دونیا "،ساڵینۆیەم،ژمارە (391)، 8 یبەهمەنی 28/1334 یکانوونیدووەمی 1954)
بلاوبووەتەوە،کەبەدووروردرێژیباسلەچیرۆکیموعجیزەئاسایچەرمەکەدەکاتوچۆنبەهۆیەوەشالەهەولێکیکوشتندەربازبووە .
مندەرفەتیئەوەمنەبووکەبەتەواویبابەتەکەبخوێنمەوەیانکۆپییەکیلێوەربگرموهەروەهانەمتوانیشوێنیهەڵگرتنیئەورۆژنامەی "دونیا "
یەدیاریبکەمئاخۆکتێبخانەکانیئێرانەیانئەمەریکا .
بەهەرحاڵ،دۆعاونووشتەکردنلەلایەنشێخانیبیارەوە،لەشێخعوسمانسیراجەدینخۆیەوەرێگەیپێدراوە. مارتنڤانبرووینەسن،کەلەسەرەتایساڵانی 1970
داسەردانیخانەقایدووروودیکردووە،سەرنجیئەوەیداوەکەشێخکۆمەڵێکنووشتەیلایخۆیەوەداناوەبۆئەوەیلەنێوسەردانیکەرانیدادابەشیبکات .
لەنێوئەوانەداگوللەبەندبەشێوەیەکیتایبەتیدەکرایەدیاری،بەگریمانەیئەوەیتەنهاخودیشێخخۆیدەیزانیچۆنیبکات .
بڕوانەمارتنڤانبرووینەسن "ئاغاوشێخودەوڵەت "، (ئوتریخت : زانکۆیئوتریخت، 1978)،ل 322 ـ 323.
لەبارەیحیسامەدینەوەبڕوانەمەردۆخرۆحانی "تاریخیمەشاهیریکورد،بەرگی 2،ل 228 ـ 230.
هێزیدیاریکردنیچارەنووسیئەمشێخەزۆرسامناکبووەوپەیوەندییبەورووداوەوەهەیەکەجارێکیانئاڕاستەیملائیکەتیمەرگیگۆڕیوەلەکچیموری
دێکەوەبۆماڵێکیدراوسێیان . بڕوانەعەلیئەفەندیحوسامی "سیراجالگالبین "، (کرکوك : محمدجلیلالڕبیلی، 1913)،ل 147.
ئەوەیشیاویسەرنجەکەبنەماڵەینیعمەتوڵلاییەکانیشئیدیعایئەوەدەکەنگوایەشایانلەکوشتنپاراستووەبەهۆیهێزینهێنیوشاراوەیانەوە،بڕوانەم
ەتیجڤاندێنبۆس "رژێمەتەمومژەکان : سۆفیزمودەوڵەتلەئێراندا،لەچەرخیدوادواییقاجارەوەبۆسەردەمیجمهوریئیسلامی "، (لیدن : بریل، 2002)،ل 244.
بەتەواویڕوونوئاشکرایەکەنیازومەبەستیهەردوومەسەلەینەقشبەندیونیعمەتوڵلاهینەکتەنهاڕاگەیاندنیملکەچیودڵسۆزییەبۆتەختیشاهانە،
بەڵکوداواکارییجۆرەبالادەستییەکیشەبەسەریداوبەگریمانەیئەوەیکەواپارێزگارییلەکسییەکەمیرژێمیپاشایەتیبەندەبەدەستێوەردانیئەمانە
وە.

[85] حەکیم "تەریقەتینەقشبەندی .."،ل 238.

[86] ڕاپۆرتێکیساواکدەستبەجێدوایگەیشتنیشێخعوسمانبۆئێراننووسراوەوئەمئەنجامگیرییەیکردووە
:"دەتوانێلەهەمووڕوویەکەوەسوودبەحکومەتبگەیەنێتــئیشانقابیلیەهەرگونەئیستیفادەبەراییدەوڵەتمیباشەد ". فاکسمیلۆدەقیراپۆرتەکەلە
"کوردستان: ئیمپریالیزموگرووهایوابەستە"دایە،کەواکتێبەکەلەلایەندەفتەریسیاسییپاسدارانیئینقلابیئیسلامییەوەبلاوکراوەتەوە (تاران :
1980)، ل 117 ـ 118.

ئەونهێنیانەیلەمراپۆرتەدادەرکەوتووەکەبەڕوونیلانیکەملەحاڵەتێکداهەندێکلەموریدەکانیشێخعوسمانهەوڵیانداوەوەکپیاوکوژبۆشاکاربکەن
. ئامانجەکەتەیمووربەختیاربوو،کەلەساڵی 1956 ـ 1961 سەرۆکیساواکبوووڵەپاشجیابوونەوەیلەشالەعێراقخۆیگرتەوە .
ئەسەدوڵلاّیعالەم،کەلەساڵی 1966 ـ 1977 وەزیریدەرباربوولەیاداشتیرۆژانەیدابۆ 11 یمایسی 1970
ئەمەیخوارەوەدەگێڕێتەوە :"پێموت (واتەبەشا )
کەژمارەیەکلەکوردەنەقشبەندییەکانخۆیانئامادەدەکەنبۆجێهێشتنیئێرانوهەلاّتنبۆعێراقوەکپەنابەرولەوێپاشئەوەیبەختیاروەریاندەگرێبی
کوژن . ئەویشلەوەلامداوتی
"ئێمەلەمبەینەدائەمکارەمانکردووەوهەندێکەسیهەمانگرووپئێستالەماڵەکەیدانبەلامناتوانینهیچشتێکئەنجامبدەن
(یاداشتیعالەملەکتێبەکەیعەلینەقیعەلیخاندابلاوبووەتەوە (Bethesda: New World,1993) بەرگی 2،ل 44.
بەهەرحاڵ،واپێدەچێتمەسەلەکەیانوازلێنەهێناوە،چونکەلەوەرگێڕانەئینگلیزییەکەیئەمبڕگەیەدائەمرستەیەیخوارەوەیخراوەتەسەر :
"لەگەڵئەوەشداڕازیبوولەسەرپرۆژەکەیمنلەڕێگەیکوردەکانەوە"، (ئەسەدوڵلاّعالەم "شاهومن"
کەلەلایەنعەلینەقیعەلیخانییەوەوەرگێڕدراوە،نیویۆرك : سانتمارتن، 1992) ل 151 ـ 152.
لێرەداهیچناویشێخعوسماننەهاتووە،بەلامئەمتاقەگرووپەرێکخراوی "کوردەنەقشبەندییەکان"
بووەکەپەیوەندییبەدەربارییپەهلەوییەوەبووبێت . لەدواییدابەختیارلە 12 یئابی 1970
داتیرۆرکراپاشئەوەیدانەڕۆیبۆکرالەسنووریئێراننزیکبکەوێتەوە.

[87] بەعەرەبی "مرشدالگریقەالنقشبندیّەفیالبلدانالإسلامیّە "رابەرێکیتریسۆفیهەیە،کەڕەنگەباشترناسرابێت،ئەویششێخنازمقوبرسی
"حەققانی " یە،کەئەمیشئێدیعایباڵادەستییدەکاتبەسەرنەقشبەندییەکانداولەلایەنموریدوشوێنکەوتووەئینگلیزیزمانەکانیەوەنازناوی
"شێخیگەورە Shaykh Grand"یانداوەتێ .
واباسدەکرێکەسەردانیشێخعوسمانیکردبێتلەتورکیا،بەلامئاخۆگفتوگۆیانکردبێوگەیشتبنەڕێککەوتنلەسەرئەوەیدەسەلاّتیهاوبەشیانهەبێتبە
سەرسۆفییانیدنیادا،کەهەریەکەیانلایخۆیەوەداوایدەکرد،ئەوەیاننازانرێت .
لقەجۆراوجۆرەکانینەقشبەندیی،بێگومانخودموختارنورێکخراوێکیناوەندییاننیەکەرێگەبەشێخێکیداریکراوبداتداوایدەسەلاّتیبالاّبکات.

[88] ڕاستیەکەیدەبێتتێبینیئەوەبکرێتکەشێخعوسمانبەرەهاییتاقەسەرکردەیسۆفیبووەکەوابەروونوئاشکراچووبێتەریزیرژێمیپەهلەوییەوە .
بەلامگەلێلەنوێنەرانیرێبازینیعمەتوڵلاّهیەهەمانسیاسەتیانگرتووەتەبەر. بڕوانەڤاندێنبۆس "رژێمەتەمومژەکان"،ل 112 ـ 141.

[89] بۆباسوخواسێکیوێنەگیراویئەمگەشتەوگەشتەکانیتربڕوانە "نەقشبەندونەقشبەندییە"، (تاران: شوێنیبلاوکردنەوەدیارنیە، 1967)،ل
10 ـ 101. (ئەوبەشەیپەیوەندییبەتاڵشەوەهەیەدەکەوێتەل 27 ـ 51).
یەکەمبەشیئەمکۆکراوەیەکەورووژاندنیلەسنووربەدەریگەشتیشکۆداریشێخعوسمانەبەناوئێراندا،سەرچاوەکانینادیارن .
بەشیدووەمیلەکورتەژیاننامەیەکیشێخعوسمانوهەشتکورەکەیپێکدێت (ل 104 ـ 116).
بەشیسێیەمبریتییەلەکورتەیەکوسکێچێکیمێژووینەقشبەندیلەلایەنهارووننشەفیقییەوە،چوارەمیشیوەرگێڕانێکیفارسی
"گبّالعلوم "ەکەنامەیەکیکورتەبەزمانیعەرەبیکەلەلایەنشێخعەلائەدینەوەنووسراوە (ل 135 ـ 153).
سوپاسیزۆرمبۆهەڵکەوتحەکیمکەواکۆپییەکیئەمکتێبەیپێدام.

[90] بڕوانە "نەقشبەندونەقشبەندییە"،ل 45 ـ 51.

[91] محەمەدرەئوفتەوەککولی "تاریخیتەسەووفدەرکوردستان"،چاپیدووەم، (تاران: ئینتیشاراتیتەوەککولی، 1999)،ل 302.

[92] حەکیم "تەریقەتی‌نەقشبەندی ..."،ل 239 ـ 240. ئەونوێنەرەیلێرەداباسیهاتووەوادیارەشێخموعتەسەمحوسامەنەقشبەندیبووەـکەکورێکیشێخحوسامەدینەوبەوپێیەئامۆزایشێخعوسمانەـکەل ەتارانسەردانیئیمامخومەینیکردووەلە 15 یشوباتی 1979 دا،بەنیازیئەوەیدڵنیاییبکاتەوەلەدڵسۆزیبۆشۆڕشیئیسلامی،ڕێکچوارڕۆژدوایسەرکەوتنیولەوکاتەدالەرۆژنامەکانیئێراندائاوەك "سەرۆکیتەریقەتینەقشبەندی " هاتبووەناساندن . بڕوانەئانۆن "مەحزەرینوور : فیهرستیدیدارهاییئیمامخومەینی "، (تاران : موئەسسەییتەنزیمونەشریئاساریئیمامخومەینی، 1994)،ل 17. هیچبەڵگەیەکنیەکەواشێخموعتەسەمداوایسەرۆکایەتییتەریقەتیکردبێتوئەموەسفەرەنگەلەئارەزوویدەسەڵاتدارانیئێرانەوەسەرچاوەی گرتبێبێتبۆپشتگیریکردنیوەکئەڵتەرناتیڤیشێخعوسمان . بەپێیفەرهادشاکەلیشێخعوسمانکاتێئەویناردووەبۆتارانکەخۆیلەئانوساتیبەجێهێشتنیئێراندابووە "بۆمسۆگەرکردنیژیانوسەلامەتیئەوخێزانەنەقشبەندییانەیلەساڵی 1958 ەوەنیشتەجێیکوردستانیئێرانبووبوونوبەتەمابوونهەرلەئێراندابمێننەوە "، (پەیوەندیکردنلە 16یمارتی 2004دا). شێخموعتەسەمساڵی 1989 لەسنەکۆچیدوایکرد.

[93] بڕوانەحەکیم "تەریقەتی‌نەقشبەندی ..."،ل 239 ـ 240 و "کوردستان : ئیمپریالیزموەگروههایوابەستە "،ل 111 ـ 114. سەرچاوەیدوایجەختلەوەدەکاتەوەکەبەپێچەوانەوەسوپایرزگاریهاوئامانجبووەلەگەڵگەریلایگرووپەچەپەکاندا.

[94] بۆکۆپییەکیئەمنامیلکەیە،بڕوانەحەکیم "تەریقەتی‌نەقشبەندی ..."،ل 243 ـ 245. وەکحەکیمتێبینیدەکاتنامیلکەکەبەعەرەبییەکیخراپنووسراوە . هەروەهاشێخعوسمانچاوپێکەوتنێکیلەگەڵگۆڤاری "ئەلمەجەللە "داکردووەکەگۆڤارێکیعەرەبیزمانەبەچاودێریوپشتیوانیسعودیەلەلەندەندەردەچێت . بۆباسکردنورەخنەگرتنلەسەرناوەرۆکیبڕوانەعزالدینإبراهیموأحمدصادق "أربعةأعوامعلیانتصارالپورەالاسلامیە "، (الگلیعەاڵسلامیە، 2:1،شوباتی 1983)؛ ل 48 ـ 50. لەمیانەیحەسرەتدەربڕیندالەبانگەوازی "پەیمانیعولەمایسوننەلەئێراندا "،ڕێکخراوێکناویخۆیناوەئەنسارئەلسوننەدەڵێکەواشێخعوسمان "بەماوەیەکیکەملەدوایشۆڕشناچاریئاوارەبوونکرا " وهەمووەمەسەلەیەکیدەستتێکەڵکردنیلەگەڵشاوسوپایرزگاریپشتگوێخستبوو . بڕوانەماڵپەڕیرێکخراوەکە*www.allahuakbar.org*کەخۆیبە "بانگەوازێکبۆدۆزینەوەیئیسلامیراستەقینە" ناساندووە.

[95] رووخاندنیخانەقاکەڕەنگەبەهۆیئەوەوەبووبێتکەوەکسەنتەرێکبۆچالاکییتەریقەترۆڵیبینیبێتلەلایەنئەوئەلبانیانەوەکەلەسکۆبجەوەدە هاتن، (گفتوگۆلەگەڵموفیدیوکسەڵ،کەناوبەناوسەردانیخانەقایکردووە،ئەستەمبووڵ،تەموزی 2003).

[96] چاوپێکەوتنلەگەڵهاروونشەفیقی،هەشتپار، 10 یتەموزی 1994.

[97] بۆهەندێنموونەلەقەسیدەکەیزەبیحیبەفارسیوتاڵشی،بڕوانەشەکووری، "گەنجینەیتاڵش"،ل 34 ـ 35.

[98] شەفیقی، "عەنبەران "،ل 85. چاوپێکەوتنلەگەڵسابتشەفیقی،عەنبەرانیباڵا،تەمووزی 1994. سابتشەفیقیتێبینییەکیزیاتردەخاتەڕووکەلەتەواویناوچەکەدالەئەردەبیلەوەتائەنزەلیهیچکێشەیەکنیەلەنێوانسوننەوشیعەدا.

[99] دەستنیشانیناوەکانلەلایەنشێخعەلائەدینەوەکراوەبەگریمانەیئەوەیبەپێیتەمەنمەرگیعوسمانسیراجەدینپێشبراکەیدەکەوێت . بڕوانەمحەمەدعوسمانسیراجەدینئەلنەقشبەندی "سیراجولقولووب "،ل 93. هەرچەندەئەمکتێبەناویعوسمانسیراجەدینیهەڵگرتووەوەکدانەر،بەڵامزۆربەیلەلایەنکەسانیترەوەنووسراوە. بڕوانەپەراوێزی (106).

[100] تێبینییەکانهیشێخعوسمانەلەساڵی 1995 داولەلایەنعەبدولڵامستەفاساڵح "فەنایی "یەوەنووسراوەلەپێشەکیبەشەفارسییەکەدابەناوی "دیوانیحەزرەتیشێخمحەمەدعوسمانسیراجەدیننەقشبەندییدووەمەوە"، (ئەستەمبووڵ: لەلایەندانەرەوەبڵاوکراوەتەوە، 1995)،ل 57 ـ 58.

[101] شاکەلی، "شێخەنەقشبەندییەکانیهەورامان"،ل 94 ـ 95.

[102] پەیوەندییەکلەفەرهادشاکەلییەوەلە 28 یئەیلولی 2003 دا.
هەروەهاشاکەلیئاگاداریکردمەوەکەوامەلاحوسەینناوێك،کەبەبنەچەخەڵکیکوردستانیئێرانە،ئیدیعایجێگرتنەوەیشێخعوسماندەکاتوچەندنا مەیەکیئەویپێیەوەکپشتگیرییەکبۆداواکەی .
کوڕەکانیشێخعوسمانهاوهەڵوێستنلەئیدانەکردنیدا،بەلاٌمئەوژمارەیەکخانەقایهەیەوسەرەکییەکەیانلەدەربەندیخانیکوردستانیعێراقدایە .
سەبارەتبەمولکومالێبنەماڵەکە،دەبێقەبەوزۆربێت،سەرباریئەوزەرەروزیانانەیتووشیبووەبەدرێژاییساڵانێکیزۆرلەعێراقوئێراندا .
شێخعوسمانلەبارەیباوباپیرانیەوەدەڵێت "ئەوانهەمیشەخۆشگوزەرانودەوڵەمەندبوون ...
هەرچەندەهەژاریوگوزەرانیمامناوەندیهەندێجارلەناوپێداویستییرێبازیسۆفیگەریودەروێشیدایە" (سیراجئەلقولووب) ل 159.
[103] ئەمئەنجامەبەماوەیەکیکەملەپێشمەرگیشێخعوسمانسیراجەدیندالەلایەنمحەمەدرەئوفتەوککولییەوەپێشبینیکراوە،کەمێژوونووسیسۆف یزمەلەکوردستاندادەڵێ "هیچکاملەکوڕەکانیشێخپەیڕەوییباوباپیرانیاننەکردووەلەبوارپەیوەندیداربەتەریقەتەوە .
ئەوانزیاترمەیلیانبەلایئەوەوەیەکەپۆستەحکومییەکانیاندەستبکەوێتلەگەڵرێگەیخۆشگوزەرانیژیانداوئەگەرلەسەرئەمرەوتەبڕۆنئەگەر یئەوەهەیەلەپاشمەرگیشێخعوسمانچیتررابەرایەتییتەریقەتینەقشبەندیلەبنەماڵەیئەواندانەمێنێت "،
(تاریخیتەسەووفدەرکوردستان)،ل 287 ـ 288.
[104] "تەسەووفچیە؟ "بەکوردی (بغداد : دارالحرّیەللگباعە، 1985)،بەفارسی "حەقیقەتیتەسەووفوەبەحسیئەزتەریقەیینەقشبەندیە "،وەرگێرانیبەهائەدینبەها (پیشاوەر : مەهازیمیللییئیسلامییئەفغانستان، 1992).
[105] "دیوان "یشێخعوسمانلەدووبەرگدابلاٌوبووەتەوەوهەردوکیانلەلایەنعەبدولاٌمستەفاسالحفەنایی (ئەستەمبووڵ : 1992 ـ 1995).
قەسیدەفارسییەکانیشێخعوسمانامناوەندنوهەندێجارلەڕوویڕێزمانەوەهەڵەوتەمومژاوین،تەنانەتئەگەرواشبیریلێبکەیتەوەکەهەوڵدەداب ۆلاسایکردنەوەیئوستادیشێوازیناداروناشەفاف،بەدیلیشاعیریهیندۆفارسی .
ئەڵبەتەمنناتوانمحوکملەسەرجۆریقەسیدەکوردییەکانیشێخعوسمانبدەم.
[106] هەرچەندەتەنهاناونیشانی "سراجالقلوب "
وناویشێخعوسمانسیراجەدینینەقشبەندیلەسەربەرگیکتێبەکەدەبینرێت،بەلاٌمکتێبەکەگەلێبابەتیتریتێدایەکەبەقەڵەمیئەونین،لەناویا نداباسێکیرێبازیبیارەیەلەلایەنعەبدولاٌمستەفاسالح "فەنایی "یەوەلەگەڵتەئکیدیتایبەتلەسەرکارەموعجیزەئاساکان،ل 57 ـ 99.
سەرجەمیبابەتەکۆکراوەکانلەلایەنیەحیاهەکویکلەکوردییەوە (کەوازمانیرەسەنیکتێبەکەیە )
کراوەتەئینگلیزییەککەبەزەحمەتلێیتێدەگەیتبەناوی *Sirag al - Quloub "Lantern of Hearts"*(ئێدمنتۆن،ئەلبێرتا : خانکاەکەنەدا، 1992). وەرگێڕانێکیتورکی *ulKulub – Sirac*لەلایەنسەلاحەدینئەلپەیەوە،ساڵی 1991 لەئەستەمبووڵبلاٌوکراوەتەوە . هەروەهابڕوانەتێریزەرکۆن
"سەرنجلەسەرچەندشێخێکیسۆفییهاوچەرخیکوردوخەلیفەکانیانلەئەستەمبووڵدا "،لەکتێبیمارتنڤانبرووونەسنوجۆیسبلۆ
"مێژوویئیسلامێکیترــئیسلامیکوردەکان"،ل 122.
[107] مارتنڤانبرووونەسنباسلەوەدەکاتکەلەماوەیمانەوەیدالەخانەقایدووڕووە "هیچکاتێکیتایبەتیبۆرێنماییوئامۆژگارییڕۆحیی " نەبینیوەبۆموریدانینیشتەجێیئەویۆئەمەشبووبووبەنائومێدییەکیزۆرلایکابرایەکیئەمەریکیکەبووبووبەئیسلامموئومێدیبەشتێکیزیاترجە وهەریبووەوەکلەوەیبەئاسانیلەنزیکشێخەوەبێت .
زۆربەیکاتەکانیعوسمانسیراجەدینبەپێشوازیکردنیمیوانەوەدەرۆیشتوئەولەوییەتیشبۆخەڵکیدەوڵەمەندوکاریگەربوو . بڕوانە
"ئاغاوشێخودەوڵەت "،ل 321. هەڵکەوتحەکیمیشبەهەمانشێوەباسلەوەدەکاتکەزۆربەیوەعزەکانیشێخعوسمانلەپاریسلەدەوری

"کاروکردەوەیخاریقیباوباپیرانی " سووڕاوەتەوە ( "تەریقەتینەقشبەندی ..")،ل 242.

دواجارتێریزرکۆنتێبینییئەوەدەکاتکەبیروبۆچوونیبنەڕەتیوجیاکارلەنووسینەکانیشێخعوسماندابەدیناکرێت .

("سەرنجلەسەرچەندشێخێکیسۆفیهاوچەرخیکوردوخەلیفەکانیانلەئەستەمبوولدا"،ل 122).

[108]شەفیقی، "عەنبەران"،ل 110 ـ 111.

[109]گفتوگۆلەگەڵزاهیرشەفیقی،هەشتپار، 12 یتەموزی 1994.

ئەمشێخەباسێکیدەستاودەستکردنیرۆحیوبنەچەیخۆیاندەکاتلەرابەرییەکەمیچیشتیاوەتادەگاتەخۆیلەکتێبی

"زیندەگینامەیقایدیکەبیریتەریقەیچیستیحەزرەتیئیمامئەلعاریفینشەمسئەلوحەقفقیقینسەیدقوتبەدینخواجەمەودوودیچیشتیهیر اوی"، (مەشهەد: لەلایەندانەرەوەبلاوکراوەتەوە، 1984) (بەفارسی).

[110]عەبدەلی "تالشیهاکیستاند؟"،ل 42. وەکلەپەراوێزیژمارە (31) داهاتووەتەریقەتیقادرییشلەتالشداهەیە.

[111]بازن "دووبارەسەردانیتالش"،ل 127.

بەهەرحال،لەناوسونییەکانیهەشتپارداگوێبیستیسکالایزیادبوونیبەرچاویرێورەسموبۆنەکانیموحەرەمدەبیتلەشارەکەیاندا.

[112]بازن "تالش "،بەرگی 2،ل 199. هەرهەمانووسەر "دووبارەسەردانیتالش "،ل 127. دیسانهەمانکەسلەگەلکریستیانبۆمبێرگەر "گەیلانوئازەربایجانیرۆژهەلات : نەخشەوبەلگەنامەئیتنۆگرافییەکان "، (پاریس : چاپەمەنیەکانیلێکۆلینەوەلەسەرشارستانیەتەکان، 1982)،ل 14 ـ 15.

[113]سەیدعەلیبورادگاهی "جەواهیرــنامەیلانکوران"،لەکتێبەکەیعەبدەلیدابلاوبووەتەوەبەناوی "چەهارریساله"،ل 35.

[114]بازن "دووبارەسەردانیتالش"،ل 127.

پەیوەندینێوانزمانوئاینلەلایژمارەیەکیزۆرینەقشبەندییەکانرەنگیداوەتەوەکەلەمنووسینەداناویانهاتووەوبەزمانیتالشیشیعریاننووسی وە.

## ئەرسەر بوهلەر

# مەولانا خالید و شاه غولام عەلی

"مەولانا خالید ئێرەی زۆر پێباش بوو لە سۆنگەی پایە و توانای رۆحییەوە، بەهرەوتوانای ئەو سەروو ئەوی خولیادارانی تر بوو بەرەو شکۆمەندی و گەوهەرێکی گرانبەهابوو لەناوماندا! بێگومان ئەو زێد و خاکی خۆیی پیرۆز کرد و سوودیشی گەیاند بەوانەی لەحوزووریدابوون.
پێش بینینی ئەو هیچ کەسێکی ترم نەبینیوە بەم چەشنە بەرەکاتی خودای بەسەردا رژابێت، ئەڵبەتە دەبێ هەموو کەس سوود لە یارمەتیو دڵسۆزی و خۆشەویستی ئەو وەربگرێت، ئەحمەد سرهندی (ساڵی 1924 مردووە) پیرۆزترین یاوەری باقی بیللابوو (ساڵی 1603 مردووە) و ئەحمەد سرهندی بەختەوەر بوو بەوەی کەوا ئادەم بانووریی (ساڵی 1644 مردووە) بە یەکەمین خەلیفەی خۆی دانابوو.[1] ئەوە گەورەترین فەڕ و بەختەوەری بوو کە مەولانا خالید لەنێو یاوەر و هاوەڵانی مندا بووە، هەرگیز کەسێك نەبووە هێندە فەیزی رۆحانی بنوێنێت لەیاوەریی رۆحیدا لەنێو ناودارانی (وەك مەولانا خالید). سوپاس و ستایش بۆ تۆ خودایە و ئەمجارەش
سوپاس و ستایش و خودایە دوورمان بگرە لە دوژمنایەتیی ئەوانەی بەغیلی بە خزمەت و پیرۆزیی مەولانا خالید دەبەن".[2]
ئەوە بایەخی بەرزی شێخەکەی مەولانا خالیدە، شاه غولام عەلی (ساڵی 1824 لە دەلهی کۆچی دوایی کردووە) بۆ خەلیفەی یەکەمی خۆی، چیرۆکی ئەم پەیوەندییە پڕ فەڕ و بەختەوەرییە لە ساڵی 1806 دا دەستی پێکرد کاتێ زیائەدین خالیدی شارەزووری، کە بە شێوەیەکی باو بە مەولانا خالید ناسراوە ساڵی 1827 لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە، لەکاتی حەجکردندا دەروێشێك تووشی دەبێت، مەولانا خالید داوای لێدەکات ئاخۆ دەتوانێ ببێتە خەلیفەی بەڵام دەرویش پێیدەڵێت کەوا ڕابەرەکەی لە هندستان چاوەڕێیەتی.
نزیکەی چوارساڵ دواتر لە شاری سلێمانی ـ عێراق (کە شاری سەرەکیی شارەزوورە)، مەولانا خالید میرزا ڕەحیم ئەڵلابەگ دەبینێ، کە یەکێك بووە لە خەلیفەکانی غولام عەلی و بە محەمەد دەروێش عەزیمابادی ناسراوە.[3]
بەگوێرەی سەرچاوەیەکی[4] غولام عەلی، میرزا عەبدولڕەحیم دەنێرێت بۆ ئێران و عێراق بۆ ئەوەی سێ کەس لەگەڵ خۆی بێنێتە دواوە بۆ دەلهی.یەکەمیان مەلا نودشاهی (رەنگە نۆدشەیی بێت ـ و) کە نەیدەزانی چیبکات و بۆیە ڕاوێژی بە"دیوانی" حافیز کرد بە خوێندنەوەی پەیامی نیگەرانی، میرزا عەبدولڕەحیم رۆژی دواتر بەجێیهێشت بۆ گوندی سەیید عوبەیدوڵڵای نەهری، بەڵام سەیید زۆر پیر و بەتەمەن بوو و بەکەڵکی سەفەرکردن نەدەهات وبەم ڕەنگە میرزا عەبدولڕەحیم بەرەو مەنزڵی مەولانا خالید بەڕێکەوت.لە هەردوو گێڕانەوەکەدا مەولانا خالید دەستبەجێ سلێمانیی بەجێهێشتووە و بەرەو دەلهی بەڕێکەوتووە لە پاش چاوپێکەوتنی میرزا عەبدولڕەحیم و دوای نزیکەی ساڵێك دەگاتە دەلهی و لە ڕێگای نێوان لاهوور و دەلهیدا دەچێتە خزمەتی قازی سەنائوڵڵای پانیپاتی (کە لە

ساڵی 1810دا مردووە).[5] مەولانا خالید یەکەمجار بیروباوەڕیئەحمەد سرهندیی بەدڵ نەبوو، بەڵام پاش ئەوەی تەجەللیی خواوەندی لەرابەری موجەددیدی وەرگرت بەپەرۆشەوە کۆپییەکی (مەکتووبات)ی سرهندیی بەدەستهێنا کە وەرگێڕدرابوو بۆ عەرەبی[6]. کە تێکڕا نۆیان دە مانگی خەلیفەییدا لە دەلهی لەگەڵ غولاَم عەلیدا.[7] لەپاش پێنج مانگ گەیشتە پلەی "ئاشنابوونی بچووك لەگەڵ خودادا"، (ویلایەتی سوغرا)[8] کاتێ چووە نێو قۆناخی "ئاشنابوونی گەورە لەگەڵ خودادا" (ویلایەتی کوبرا)غولاَم عەلی مۆڵەتی بێ قەیدو شەرتی دایە بۆ رێنمایی خەلیفەکانی تەریقەتەکانی، نەقشبەندی، قادری، چیستی، سوهرەوەردی وکوبراوی.[9] سەرچاوەیەك ئیدیعای ئەوە دەکات کە مۆڵەتدانێکی (ئیزافی؟) هاتووە پاش ئەوەی مەولانا خالید گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و کاتێ غولاَم عەلی هێمایەکی رۆحیی بۆ هاتووە لە شێخە نەقشبەندییەکانەوە بۆ بەخشینی مۆڵەتدانی تەواو و بێقەیدو شەرت بۆ فێرکردن و رێنمایی کردنی ئەو پێنج رێبازەی لە پێشەوە باسکران، بێجگە لە مۆڵەتدانی گواستنەوەی حەدیس و تەفسیری قورئان و سۆفیزم و دۆعاو پاڕانەوەی (ئەحزاب و ئەوراد).[10] کاتێ کە مەولانا خالید لە دەلهی بوو، پێدەچێتکوڕی شاە وەلیوڵڵا، شاە عەبدولعەزیز موحەددیس (کە ساڵی 1823 لە دەلهی مردووە)، تاقە کەسایەتییەکی تری ئاینیی بووبێت کە ئەم لای خوێندبێتی. مەولانا خالید ئیجازەی لەم وەرگرتووە بۆ گێڕانەوەی حەدیس لە شەش کەسی سوننەی کۆکەرەوەی حەدیسی قودسی.[11] ئەمەی خوارەوە بڕوانامەی رێنماییەکە لەلایەن شێخەکەیەوە دراوەتە مەولانا خالید:

"سوپاس و ستایش بۆ خوداو سلاَوات لە دیاری پێغەمبەر، ئەم عەبدی هەژارە، عەبدوڵلاَی نەقشبەندیی موجەددیدی بەداوای بەخشینەوە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە یەکێك لە زانایانی پڕو تەواو، گەوهەرێك لەوانەی بەدوای ڕاستی و دڵنیاییدا وێڵە، کە مەولانا خالیدە (خوای پەروەردگار دەست بە باڵیەوە بگرێ) تەریقەتی نەقشبەندیی تەواو کردووە. ئەو لە کوردستانەوە هاتووە بۆ لای ئەم عەبدە هەژارەو لێرە دە مانگی لە خەڵوەتدا بەسەربردووە و تەبەڕای لە ئاوی مەرگ کردووە و بە ڕێکی ڕاهێنانەکانی تەواوکردووە لە پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر.سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگارو بە فەزڵی خواوەند و شەفاعەتی شێخە گەورەکان (قدّس سرّهم جمیعاً) ، هەنگاو بە هەنگاو ڕێگای تەریقەتی بڕی و گەیشتە حوزووری دڵ و یادداشتی خواوەند و سەنتەرە خراپەکانی دنیای فەرمانی پاکژ کردەوە و لە زاتی خوداداتوایەوەو لە حوزووریدا مایەوە ( الفناء و البقاء) و ئەودیو سنووری زاتی تاقیکردەوە (بیخودیها). هەروەها پەی بە ڕووناکیی تێپەڕبوون بە چەقە خراپەکانی جیهانی ماددە برد (النفس و القلب) بێجگە لەو حاڵەت و خاسییەتانەی تاقیکردوونەتەوە کاتێ تەواوی سەنتەرە خراپەکان یەکیانگرت و ئەمیش بە رێگای تەریقەتدا گوزەری کرد بە حوزووری شێخی نوێکەرەوە (ئەحمەد سرهندی)، بەرەکەت و پیرۆزیی خودای لەسەربێت. ناخی ئەم زاتە پڕ لە نوور بووەو گۆڕانی بەسەرداهاتووە لە پڕی و کەماڵی تەریقەتەوە بۆ پڕی و کەماڵی بەخشین. وا من ئیجازەی رابەری و رێنمایی‌م پێبەخشی بۆ فێرکردنی ئەوانەی بەدوایدا عەودالَن. هەروەها روخسەتم دا بە گواستنەوەی ئامۆژگاری و ڕێنمایی تەریقەتەکانی قادری و چیستی و سوهرەوەردی و کوبرایی ـ خودا فەیزی رەحمەت و بەرەکەتیان بەسەردا ببارێنێ، لەبەرئەوەی ئەمە نەریت و عورفی ئەم تەریقەتەیە (واتە نەقشبەندیی موجەددیدی)، دەستی ئەو دەستی منە، ئەو جێگری دڵسۆز و نەوەی شێخەکانی منە، رەزامەندیی ئەو

ڕەزامەندیی منەو هەرکەس بەرهەڵستی ئەو بکات، بەرهەڵستیی منی کردووە.[12] داواکارم بەردەوام ناوی خودای لە سەر زار بێت (زیکر)، تەئکیدی تاك و تەنیایی خودا بکاتەوە، بەئاگابێت لە دنیای سەرەوە (موراقەبەت)، پەیڕەوی سوننەتی پێغەمبەر بکات، خۆ لە بیدعەت بپارێزێت و ئارام و بەپشووبێت کاتێ باوەڕی بەخوایە و قەناعەتی بەوە بێت کاتێ کە ملکەچی فەرمان و خواستی دەبێت.هەروەها داواکارم خۆی تەرخان بکات بۆ ڕێنمایی‌ی عەودالانی تەریقەت، بەوانەشەوە کە لە سەرەتادان، بۆ فێرکردنی بنەماکانی تەفسیری قورئان و حەدیس و سۆفیگەری و ئەو ئامرازنە کە خوای تەعالا فەرمانی پێکردووە، خوا دەوامی سەرکەوتنت بدات".[13]مەولانا خالید لە ساڵی 1811 دا هندستانی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ سلێمانی پێش ئەوەی مەڵبەندێکی سۆفیگەریلەبەغدا دامەزرێنێت. ساڵێك زیاتر لەوەوپاش (لە 1813 دا) سەد زانای ناودار ئیجازەی ڕێنمایی و فێرکردنیان وەرگرت [14] و لە میانەی چەند ساڵێکدا توانی وا لە پێنجسەد زانا بکات تەمەسسوك بە ئادابی تەریقەتەوە بکەن و سەد هەزار کەسیش هاتنە سەر ڕێبازەکەی.[15]"سەدان هەزار کەس دڵی خۆیان پاراو کرد بە فەیزی ڕۆحانی و بەرەکەتی مەولانا خالید. ئەلقازاقی دەڵێ کەوا بیدعەتی رابردوویان چارەسەرکردووە و بەم ڕەنگە هەزاران کەس سوودیان لە حوزووری دڵی (مەولانا خالید) و کەمەنکێشی خودا بینیوە". [16]مەولانا خالید دووکەسی نارد بۆ لای غولام عەلی، کە یەکێکیان سەید ئەحمەدی نەوەی عەبدولقادری گەیلانی و ئەویتریان سەید ئیسماعیلی مەدەنی بوو. [17] بەگشتی، هەمووﻻ بە غوﻻم عەلیی شێخەکەی مەوﻻنا خالید و زانایانی ئاینیی مۆدێرنەوە کۆکن لەسەرئەوەی کە ڕێبازی تازە گەڵاڵەبووی خالیدی زۆر بەخێرایی تەشەنەی کردووە لەکاتێکدا کە مەولانا خالید خۆی هێشتا لە ژیاندا مابوو.

بوتروس ئەبومەننە باس لەوە دەکات کە چۆن مەولانا خالید بەئاگاییەوە ڕێبازەکەی بڵاوکردووەتەوە بەداهێنانی پێشەنگانەی خەڵوەتی چل ڕۆژ و فشارکردن بۆ سەرنج خستنەسەر بیروبۆچوونی لەڕووی ڕۆحییەوە "ڕابیتە".

ئەمانە ئیجرائاتی ڕاهێنانی چڕو کاریگەر بوون، چونکە نەیدەویست ماوەیەکی دوورودرێژ عەودالان و خولیاداران بهێڵێتەوە لەنێو گومانەسیاسی و ئابوورییەکاندا. لەوکاتەدا کە مەولانا خالید لە ساڵی 1827 دا کۆچی دوایی کرد، واتە پێنج ساڵ دوای کۆچکردنی بۆ دیمەشق، خالیدی ڕێبازێکی گەشەکردووی تەواو جیاواز بوو لەهاوشێوە موجەدیدییەکەی لەمەڵبەندە سۆفیگەرییەکەی غولام عەلی خۆیدا لە دەلهی.

لێرە بەدواوە ئەم نووسینە بەدوورودرێژی دەدوێ لەبارەی غولام عەلی و بیروبۆچوونی سۆفیگەریی ئەم و ئەو ژینگەو کەش و هەوایەی مەولانا خالید تێیدا ڕێنماییەکانی وەرگرت، هەرچەندە تایبەتمەندیی ڕێبازی خالیدی لە جوغزی ئەم نووسینەدا نیە، بەڵام ئامانجی من لەنووسینی ئەم بابەتە بۆ ئەوەیە کەوا خوێنەر باشتر ئاگادار بێت لە گۆڕانکاری و بەردەوامییە جۆراوجۆرەکانی نێوان تەریقەتی نەقشبەندیی موجەدیدیی هندستان و نەقشبەندیی خالیدیی لە وڵاتی عوسمانیدا.

## چەردەیەك لە ژیاننامەی غوڵام عەلی

شاه عەبدوللەتیفی باوکی غولاّم عەلی، نەوەی عەلی کوڕی ئەبوتالیبە و خەلیفەی شاه نەسیرەدین قادریی دەهلەوی بووە کەوا لە سەر تەریقەتەکانی قادری و چیستی و شەتتاری رایهێناوە. بنەماڵەکە لە باتالاّی پەنجاب لە نزیك دەلهی نیشتەجێ بووە، هەروەها پابەندییەکی بووە لەگەڵ شاه فەزڵەدینی قادریی باتالاّویدا.[19] غولاّم عەلی لەساڵی 1743 (1156ی کۆچی) لە باتالاّ لەدایکبووە. [20] باوکی ویستوویەتی ناوی بنرێت عەلی و دایکیشی ویستوویەتی ناوی بنرێت عەبدولقادرو مامیشی گەرەکی بووە ناوی بنرێت عەبدوڵلاّ.[21] غولاّم عەلی بەزۆری لە نووسینەکانیدا "فەقیر عەبدوڵلاّی ناسراو بە غولاّم عەلی" بەکاردەهێنا، بەلاّم بەگشتی لە نیمچە کیشوەری هندستاندا بە شاه غولاّم عەلی دەهلەوی ناسراوە. کاتێ تەمەنی دەگاتە هەژدە ساڵباوکی داوای لێدەکات لەسەردەستی مورشیدەکەی خۆیدا، شاه نەسیرەدینی قادریی دەهلەوی، تەمەسسوك بکات بەلاّم وەختێ غولاّم عەلی دەگاتە دەلهی تەماشا دەکات کە لە هەمان رۆژدا نەسیرەدین کۆچی دوایی کردووە.[22]

غولاّم عەلی لە تەمەنی هەژدەی تا بیست و دوو ساڵ دەستدەکات بە خوێندنی بنەڕەتیی ئایین و هەندێك لە مامۆستاکانی ئەمانە بوون: زیائوڵلاّو عەبدولعادیل کە هەردوو خەلیفەی گەورە گەورە کوڕەزای محەمەد مەعسووم، محەمەد زوبێر سرهندیی موجەددیدی (کە ساڵی 1740 لە سرهند کۆچی دوایی کردووە) و میردارد (کە ساڵی 1785 کۆچی دوایی کردووە) و فەخرەدین چیستی (کە ساڵی 1784 کۆچی دوایی کردووە) و شاه نانو مەجزووب و غولاّم سادات چیستی بوون.[23] لە پاش خوێندنی سەحیحی بوخاری لای عەبدولعەزیزی کوڕی وەلیوڵلاّ شاه،[24] میرزا جانی جانان (کە ساڵی 1781کوژراوە) غولاّم عەلیی لە تەمەنی 22 ساڵیدا هێناوەتە ناو تەریقەتەوە. پاشان بەردەوام بووە لە سەرخوێندنی حەدیس و تەفسیری قورئان بۆ ماوەی شانزە ساڵی دواتر لای رابەرە سۆفییەکەی. [25] ئەمە تەمەسسوكێكی نائاسایی بوو، چونکە غولاّم عەلی یەکەمجار لە سەر دەستی میرزا جانی جانان‌دا تەمەسسوکی تەریقەتی قادریی کرد، بەلاّم راهێنانی تەریقەتی نەقشبەندیی موجەددیدی پێکرد. [26] دواتر غولاّم عەلی روونیکردەوە کەوا شێخەکەی بۆیە ئەمەی کردووە چونکە زۆربەی باوباپیرانی ئەم (واتە غولاّم عەلی) پەیوەستی تەریقەتی قادریی بوون و هەر کەسێك دەتوانێ بچێتە سەر هەر رێبازێکی سۆفی و رێورەسمی موجەددیدیش پراکتیزە بکات.[17] لە پاش پانزە ساڵ غولاّم عەلی مۆڵەتی بێ قەید و شەرتی رێنمایی و فێرکردنی وەرگرت (واتە ئیجازەی موتڵەق).

بۆ ساڵی دواتر رابەرەکەی کۆچی دوایی دەکات و غولاّم عەلی بوو بە جێگرەوەی یەکەم (سەججادەنشین). نەعیموڵلاّ بارایچی (کە ساڵی 1803 مردووە) ئەم جێگرتنەوەیە دەگێڕێتەوە بۆ هەندێ هۆکاری داواکاریی قازیی سەنائوڵلاّ پانیپاتی بۆ جێگرتنەوەی میرزا جانی جانان.

شاه غولاّم عەلی خانەقایەکی سۆفیی دروستکرد لە شوێن مەزاری پیرەکەیداو لەو جێگەیەدا کە تائێستاش بە چیتلی قەبر دەناسرێت و مەزاری میرزا جانی جانان بنەمایەکی رەخساند بۆ تواناو دەسەلاّتی و شاه غولاّم عەلی بەتەواوی ئاگای لەم بارودۆخە بوو. [29] شیاوی باسە نزیکەی دووسەد بەردەوام نیشتەجێی ئەو مەڵبەندی سۆفیگەرییەن و ئەڵبەتە لە رۆژانی هەینی و بۆنە تایبەتیەکاندا ئەم ژمارەیە دەگاتە دوو ئەوەندە.[30] سەرچاوەکان غولاّم عەلی وەك موسڵمانێکی خواپەرستی تایبەت باس دەکەن. سێر سەید ئەحمەد خان کە بەردەوام لە سەردانی مەڵبەندەکەدا بووە

تێبینی دەکات کەوا:"ئەوە راستییەکە کە هیچ شێخێکی تر هێندە خۆشەویستیی بۆ خودا نەبووە ... ئەو بە موو لە شەریعەت لاینەداوە و خۆ دەپارێزێ کە شتی گوماناوی وەك دیاری وەربگرێت و ئەوپەڕی تووڕە دەبێت لە کەسێك ئەگەر تەواو پابەند نەبێت بە شەرع و سوننەتەوە و رێگە نادات بچێتە لای".[32]

پێدەچێت غولاّم عەلی بە سەر نەعیمولڵاّدا سەرکەوتبێت لەبەرئەوەی توانیوێتی پشتگیریی سەدان کەس بکات لەوانەی لە مەڵبەندی سۆفیدا دەژیان یان بە رأگوزار رێیان دەکەوتە ئەوێ. ئەمە بە شێوازێکی زۆرجیاواز دەکرا لەوەی بە ئاسانی دەچێتەخانەی "پارە پەیداکردنەوە". سەرچاوەکان تێبینی شێوازی ورد دەکەن کە تێیدا غولاّم عەلی بەخششی قوبووڵ کردبێت بۆ بەردەوامی پێدانی مەڵبەندی سۆفیگەری. هاوکاری و پارەبەخشین نارێکوپێك بوو (بەدەر لە ئەگەری دارایی وەقف)، بێ هیچ ئیغراکردنێك یارمەتیی لەو کەسانە وەردەگرت کە ماڵ و سامانیان لە رێگای یاسایی و شەرعییەوە پێکەوەنابوو.[33] هەموو کات کە پارە بەدیاریی دەگەیشت ئەو حیسابی ئەو بڕەی دەکرد کە وەك زەکات دەبێ بدرێتە خەڵکی هەژار و دواجار ئەوەی دەمایەوە لەنێو دانیشتوانی خانەقای سۆفیدا دابەشی دەکرد و خۆیشی وەك یەکێك لەوان بەری دەکەوت.[34]

غولاّم عەلی کردبووی بەعادەت شەوانە شەونوێژی دەکرد (تەهەجود) و خەریکی تێڕامان و قورئان خوێندن بوو. لەپاش نوێژی بەیانیش رێنمایی رۆحیی کۆڕو کۆمەڵی خوداپەرستانی دەکرد (موراقەبەت) تا نوێژی ئیشراق[35] واتە: (نوێژی پاش خۆرهەلاّتن)، ئەوجا تا نیوەڕۆ کۆڕی بچووك بچووکی لەگەڵ خەلیفەکانیدا دەبەست و پاشانیش وانەی تەفسیری قورئان و حەدیسی بە کۆڕی گەورەتری ئامادەبووان دەوتەوە. دواتر نانی نیوەڕۆی دەخوارد و نیوەڕۆ کەمێك دەخەوت و دوای ئەوە دەستی دەکرد بە خوێندنەوەی "نفحات الأنس" ی جامی یان "آداب المریدین" ی ئەبو نەجیبی سوهرەوەردی و پاشان جارێکی تر دەگەڕایەوە سەر تەدریسی تەفسیر و حەدیس. لە پاش نوێژی عەسریش دەستی دەکرد بەخوێندنی کتێبە کلاسکییەکانی سۆفیگەریی چەشنی "مکتوبات" ی ئەحمەد سرهندی و "عوارف المعارف" ی شیهابەدین سوهرەوەردی و "الرسالة القشیریة " ی ئەلقوشەیری.[36] دواجار رابەریی دۆعای "ختم الخواجەگان"ی دەکرد لە کۆڕێکی زیکری گەورەدا تا نوێژی ئێوارە، پاش ئەوەی لەگەڵ هەندێ خەلیفەی تایبەتدا کۆدەبووەوە.[37] غولاّم عەلی لە پێش مردنیدا وەسێتی کردبوو کە دارعاساکەی پێغەمبەر کەوا لە مزگەوتی گەورەی دەلهیدا بوو لە ڕێ و ڕەسمی ناشتنیدا بیهێنن و بیخەنە سەر تەرمەکەی.[38]

ئەبوسەعید (لە ساڵی 1835دا مردووە) کە یەکێکە لەنەوەکانی ئەحمەد سرهندی، جێی شاە غولاّم عەلی گرتەوە وەك (سەججادەنشین) لە چیتلی قەبردا.[39] لە لوکناو بوو کاتێ لە غولاّم عەلییەوە نامەیەکی بە پەلەی پێگەیشت و داوای لێدەکات واز لە کاروباری خۆی بێنێت و بیسپێرێت بە ئەحمەد سەعیدی کوڕی و بەزووترین کات بگەڕێتەوە بۆ چیتلی قەبر. نامەکە باس لەوە دەکات کە لەم رووەوە رۆحی ئەحمەد سرهندی غولاّم عەلی راسپاردووە بۆ ئەم کارە.ئەبو سەعید دەبوو سەرپەرشتیی دامودەزگایەك بکات و سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە بەند بوو بە کۆی دەنگی زانا ئایینیە ناودارەکانەوەو لە ناویشانیاندا خەلیفەکانی غولاّم عەلی بوون وەك ئەحمەد یار، ئیبراهیم بەگ، میرکورد، مەولەوی عەزیم، مەولەوی شێرمحەمەد و عەبدولعەزیزی کوڕی شاە وەلییولڵاّ و مامۆستایەکی ناوداری حەدیس.[40]

## غولاّم عەلی و بارودۆخی سیاسی لە دەلهیدا

لە دوادوایی سەدەی هەژدەدا ناوچەی دەلهی دۆخێکی سیاسیی شێواوی بەخۆوەگرتبوو و زنجیرەیەك كاری توندوتیژیی بەرپابوو بۆ كۆنترۆڵكردنی ئیمپراتۆری لاوازی مەغۆل و لە ساڵی 1803دا بەوە كۆتایی پێهات كە بەریتانیا ناوچەكەی كۆنترۆڵی سەربازی كرد پاش شكستهێنانی میهراجاكان. لە ماوەی بیست و پێنج ساڵی دوای ئەوەدا بەریتانیا هەوڵیدەدا بەتەواوی دەلهی كۆنترۆڵ بكات و ئیدارەكەشی بگرێتە دەست بە ناوی ئیمپراتۆری مەغۆلەوە.ئەمە ئەزموونی بەریتانیابوو كاتێ حوكمی ناوچەیەكی دەكرد، نەریت و یاسای ئیسلامیی بەكاردەهێنا لەبری بەكارهێنان و سەپاندنی یاسای كۆمپانیای هیندستانی رۆژهەلاّت كە لە ناوچەكانی تری هندستانی ژێر دەسەلاّتی بەریتانیادا كاری پێدەكرا. ساڵی 1807 سیتۆنی جێنشینی بەریتانی چاوی بە شاه عەبدولعەزیز كەوتووە، كە رابەری ئایینی سەرەكی بووە لە دەلهیدا و كوڕی شاه وەلیوڵلاّ و مامۆستا حەدیسی هەردوك غولاّم عەلی و مەولانا خالید بووە. ئەم پیاوە ویستوویەتی پێگەی سیاسیی خۆی بەكاربێنێت بۆ یارمەتیدانی عەبدولعەزیز.(41) لەم كەش و هەوا سیاسییە نوێیەدا غولاّم عەلی هێشتا هەر سەركردەیەكی رۆحی بوو *rohilkhandpathans*،بەلاّم ئەمانە لەمەودوا چیتر كاریگەرییان بە سەر دۆخی سیاسییەوە نامێنێت وەك چۆن رۆژگارێك هەیانبوو بە سەر پێكهاتەی سیاسیی مەغۆلەوە. ئەڵبەتە شێخە سۆفییەكانی وەك میرزا جانی جانان و غولاّم عەلی خۆیان لە هاودەمی و هەڵسوكەوت لەگەڵ دەوڵەمەند و دەسەلاّتداردا دەپاراست و رێكوپەوان ئەم سەربەخۆییە بوو كەوا هەل و دەرفەتی چاككردنی كۆڕ و كۆمەڵی موسوڵمانانی بۆ رەخساندبوون و دەیانتوانی ئامۆژگاریی فەرمانڕەوایان بكەن. هەرچەندە بەریتانییەكان لە ساڵی 1803دا ئەم رێگەیەیان لە غولاّم عەلی بڕی، بەلاّم ئەو هەرتوانی بەردەوام بێت لە رابەری كردنی كۆڕ و كۆمەڵەكەیدا و ئەوانە فێربكات كە دەهاتنەلای.

كاتێ شا عالەمی دووەمی بەناوفەرمانڕەوای مەغۆل لەژێر چەتری بەریتانیەكاندا ساڵی 1803 هاتە سەرحوكم ، غولاّم عەلی كە ئەو دەمە تەواو بوو بووە دوژمنی بەریتانیەكان فەتوای شاه عەبدولعەزیزی رەتكردەوە كە رێگە بەموسوڵمانان دەدا بچنە خزمەتی دامودەزگای بەریتانیەكانەوە. غولاّم عەلی ناڕەزایی توندی دەربڕی لەسەر رێگەپێدانی عەبدولعەزیز بە مەولەوی عەبدولحەیی كوڕەزای كە وەك موفتی كار بۆ بەریتانیەكان بكات، بیروبۆچوونی غولاّم عەلی وابوو كە پێویستە ژیانێكی هەژارانە بژیت و لەبەرخاتری خودا قوتابیان فێربكات و بەبیركردنەوە و تێڕامانەوە خودا پەرستیی خۆی بكات.(42)

لە ماوەیەكی نێوان ساڵی 1811 و 1819دا، غولاّم عەلی بانگهێشت كرابوو بۆ خوێندنی "فاتیحا" لە ئاهەنگێكدا كە سازدرابوو بۆ نەوواب نیزامەددین كە سەرۆكی پۆلیسی دەلهی بوو "كۆتوال". كاتێ چارڵس مێتاكالفی نوێنەری

بەریتانی لە دەلهی، گەیشت هەموو خەڵکەکە بەرزەپیٚراوەستانبۆسلاٚولێکردنیبەتەنهاغولاٚمعەلی‌نەبێت،باسوگێڕانەوەیەکی‌واهەیەگوایەمێتکاڵفویستوویەتی‌هەردووپ ێی‌غولاٚمعەلی‌ماچبکاتوئەمیشبەتووڕەییپاڵی‌پێوەناوەلەبەرئەوەی‌بۆنی‌مەی‌لەدەمی‌هاتووە .

کاتێ‌مێتکاڵفگەڕاوەتەوەماڵبەیەکێکلەخزمەتکارەکانی‌وتووەکەوالەسەرانسەری‌هندستانداتاقەیەکموسوڵمانهەیە،ئەویشغو لاٚمعەلییە .[43]بەلاٚمفوسفیڵدبەتەرەفدارییەوەتێبینی‌ئەوەدەکاتکەوا "کەسایەتیی‌مێتکاڵفوەکمەسیحییەکووەکنوێنەرێکی‌حکومەتی‌بەریتانیا،بەهیچشێوەیەکرێگەی‌ئەوەی‌پێنادەنکارێکی‌لەو چەشنەبکات .

ئەومامەڵەیەی‌کەلەگەڵی‌کراوەهیچجیاوازییەکی‌نیەلەوەی‌کەئاڕاستەی‌هەرئەندامێکی‌گەندەڵی‌دەستەبژێری‌حوکمدەکرێت ".[44]

لەحیکایەتێکی‌دانسقەی‌تردا‌سەبارەتبەبەریتانیەکان،غولاٚمعەلی‌کەمێکتەندروستیی‌باشنەبووەوداوای‌ئاوی‌ساردی‌کردووە، کەسێککەواکاری‌بۆئینگلیزەکانکردووەسەرنجی‌داوەکەمەکینەی‌بەفردروستکردنلەبەریتانیاهێنراوە .

شاەغولاٚمعەلی‌ئەمەی‌پێ‌پەسەندنەبووەووتوویەتی‌دەتوانی‌ئاوساردبکەیتبەئاڕاستەکردنی‌دوابەشی" النفیوالإثبات"وەکئی للەڵلاٚ (إلاُاللّٰە )،ژمارەی‌دووسەدجاربەرەوئاوەکە .

پاشانحەسەنچیشتییمەودووی‌توانیوێتی‌بەمرێگەیەئاوەکەبۆغولاٚمعەلی‌ساردبکات.[45]هەندێ‌بۆنەهەبووەکەواغولاٚمعەلی بەئاشکراهەڵوێستی‌ڕاستەوخۆی‌تێداوەرگرتووەولەنامەیەکیدابۆمحەمەدئەکبەرشای‌دووەم،فەرمانڕەوایدەلهی،غولاٚمعەلی باسی‌لەوەکردووەکەسەییدێکلەمەدینەوەسەردانی کردووەو بەدوای یادگارییەکەی پێغەمبەردا گەڕاوە کە لە مزگەوتی گەورەی دەلهیدا پارێزراوەو ئەمیش زۆر پەشۆکاوە کاتێ سەید گەڕاوەتەوە و سکاڵای لەبارەی ئەو وێنانەوە کردووە کە هی کەسانی ئەولیا و پیرۆزن و خراونەتە ناو یادگارییەکانی پێغەمبەرەوە. غولاٚم عەلی حاکمی لەمە ئاگادار کردووەتەوەو ئەوانیش لایانبردوون. [46] هەندێ جار غولاٚم عەلی ئامۆژگاریی دەسەلاٚتدارانی کردووە و لە نامەیەکیدا بۆ حاکمێك بە ناوی شمشێرخانەوە، ناوەکەی وەك تەوریە بەکارهێناوە و ئامۆژگاریی دەکات "من زۆر جار وایدەبینم کە دەمی تیغ دوو لە یەك دروست دەکات. شمشێری خۆشەویستی دوو کەس یەکدەخات، شمشێری خودا دوو ئێگۆ (من) بە شمشێری خۆشەویستی دەبڕێت و ئەنجام یەکگرتن دەبێت".[47] کاتێ شمشێرخانی بەهادۆری نەووابی بوندیلکەند هاتە خزمەتی غولاٚم عەلی و شەبقەی ئینگلیزی لەسەردابوو، غولاٚم عەلی بەتوڕەییەوە سەرزەنشتی کرد، نەووابیش بەوپەڕی تووڕەبوونەوە بەجێیهێشت، بەلاٚم دواتر گەڕایەوە و بوو بە یەکێك لەخەلیفەکانی.[48]وەك ئەو نموونانەی پێشەوە ئاماژەیان پێدەدات، غولاٚم عەلی پەیوەندیی خۆی هێشتبووەوە لەگەڵ خەڵکی دەوڵەمەندو دەسەلاٚتدار و لەهەمان کاتیشدا بە سڵ و گومان بوو لێیان و سەربەخۆیی خۆی پاراستبوو، ئەو زۆربەی لە بارودۆخێکی ناسکدا بوو، چونکە گەڵێ کەسی دنیایی، کە پەیوەندی لەگەڵیان ئاسایی نەبوو ونەوەی خەڵکی گەورە بوون لەڕووی ڕۆحییەوە و بەوپێیە شیاوی ڕێزلێگرتن بوون.

بەم ڕەنگە کاتێ نەوواب محەمەد میرخان نەوەی عەبدولقادریگەیلانی و کوڕەزای باقی بیللا، هاتنە خزمەتی غولاٚم عەلی و ئەمیش هەندێ شیرینیی خستە بەردەمیان و پاشان روخسەتی ڕۆیشتنی دان، بەلاٚم نەوواب نەڕۆیشت و

ئەوجا غولاّم عەلی خزمەتکارێکی بانگ کرد شتەکان لە ماڵەوە بێنێت و بیاندا بە نەوواب و پاشان غولاّم عەلی بە ئەدەبەوە چووە دەرەوە و ئەمەش وایکرد نەوواب دەسبەجێ بڕوات. [49] ڕەفتارێکی لەم چەشنەی شێخێکی سۆفی بەڵگەی نموونەی پڕبایەخە بۆ خەڵکی تریش و نموونەیەکە لە سەر بنەمای سوننەتی پێغەمبەر. لەڕووی رابەرییەوە شێخێکی سۆفی دەکرێ کاریگەریی خۆی بنوێنێ لە سەر بنەمای باڵادەستیی خۆی لە مۆراڵدا.

## غولاّم عەلی: دید و بۆچوونی سۆفی و مێتۆدەکانی تێڕامان

غولاّم عەلی بە ڕوونی لە چوارچێوەی یاساو ڕێساکانی موجەددیدیی سرهندیدا ڕێنمایی دەکرد و بە دووبارەکردنەوەی ناوی "ئەڵلا" لە هەر برِگەیەکدا و بەدوای یەکدا (زیکری ئیسمی زات)، پاشان راهێنانی هەناسە لەخۆبڕین "النفی و الإثبات" و دواجاریش راهێنانی بیست و شەش جار تێڕامان (موراقەبەت). [50] لە (أداء الطریقة) دا وەك دوو لە سێی ڕێگەی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت بۆ گەیشتنە باری کۆیلەیی.
یەکەم ڕێگا: بە ئەنجامدانی بەردەوام ناوهێنانی خودا دەست پێدەکات (زیکر) لە حەوت ناوەندی راهێنانەوە کە بە دڵ (قەلب) دەستپێدەکات تادەگاتە جەستە، پاشان بە دووپاتکردنەوەی (لا إله إلا الله) دەست پێدەکەیت و رەچاوی شەش حاڵەت دەکەیت، بە هەناسە راگرتن و ژماردنی ئەو جارانەی رستەکەی تێدا دەڵێیتەوە. دووەم ڕێگا: تێڕامانی (موراقەبەت)ە و ئەمەش بە شێوەیەکی نائاسایی تەرکیز کردنە سەر خوایە. لەبیرکردنەوە و تێڕاماندا هەست دەکەیت نزیکتر و نزیکتر بەکێشدەبێت بۆلای خودا و ئەمە بەرهەمی راهێنانێکی تۆکمەی زیکر و (نەفی و ئیسپاتە). سێهەم ڕێگا: بە گریمانەی ئەوەی ئاسانترینیان بریتییە لە گرێدانی دڵ بە شێخەوە بەدڵسۆزی و خۆشەویستی (ڕابیتە). زۆر خەڵك بەم ڕێگەیە دەگەنە ئامانج وەك لە دوانەکەیپێشتر. [51] شاە غولاّم عەلی ئەم راهێنانەی بەوە وەسفکردووە کە سەرنج خستنەسەر شێخە کەوا بە جەستە دەبینرێت لە کاتی گفتوگۆی ڕۆحیدا (سوحبەت). بە دیارنەمانی شێخ موریدی خولیادار دەبێ وێنەیەکی لە دڵی کەسێکدا بپارێزێت. [52] وزەی ڕۆحی لەسەر موریدێکی خولیادار چڕدەبێتەوە لەم پرۆسەیەدا و دەتوانێ بە گەورەیی خێرایی بدات بەم پەرەسەندنە و لەجیاتی ئەوەی دە ساڵ بخایەنێت بۆ تێپەڕاندنی وێستگەکان، وزەی ڕۆحیی (تەوەججوهـ) ی شێخەکەی گوڕوتین دەداتە غولاّم عەلی بۆ جێبەجێکردنی لە دە ڕۆژدا. [53]
غولاّم عەلی لە سیاقی خۆیدا ڕێبازی نەقشبەندیی ـ موجەددیدی دەخاتە چوارچێوەی بەراوردەوە لەگەڵ ڕێبازەکانی تردا و تەریقەتی چیشتی مەیلی بەلای ئەوەوەیە کەوا دڵ بێنێتە کوڵ لەکاتێکدا قادرییەکان پەرە بە وابەستەگی دەدەن بەرەو خۆشەویستی "مەحبوبییەت". نەقشبەندییەکان جەخت لە سەر حوزووری دڵ، کێشکردن بەرەو خودا، کپی و ئارامی، گەیشتن بە ڕۆح دەکەن (سەنتەری هەست پێنەکراوی نەفس). لە سیاقێکی تردا غولاّم عەلی دەڵێ کەوا ڕێگەی نەقشبەندی لەچوار بناغە پێکدێت:

1) نەبوونی بیری چەواشە، [54] 2) حوزووری بەردەوامی دڵ، 3) بەكێشكردن بەرەوخودا و 4) وەرگرتنی پەیوەندیی لە خوداوە (واریدات). [55] موجەددیدەكان پاش پەرەپێدانی پەیوەستبوون بە دڵەوە دەبێ هەمان پەیوەستبوون لەگەڵ ناوەندەكانی جیهانی فەرماندا بەدەستبێنن، بۆ نموونە: رۆح، نادیاری و نهێنی وغەیب و ئەودیوی غەیب و ناوەندەكانی جیهانی مادییات، بۆ نموونە: رۆح و چوارچێوەی فیزیكی و ماددی.[56]

لەو فەرموودە و نامانەی غولاّم عەلیدا كە ماون بە ڕوونی دەردەكەوێت كەوا ئەو شێخێكی چالاك بووە لە ئاڕاستەكردنی خەلیفەكانیدا بە پێی مێتۆدەكانی نەقشبەندیی ـ موجەددیدی داڕێژراو. [57] بەشێك لە رۆڵی پەروەردەیی وەرگێڕانی بیروبۆچوونی سۆفیگەریی بەراییە، بۆ نموونە "ئیحسان، ویلایەت، عیلمی یەقین، عەینی یەقین، حەققی یەقین"، بۆ تێگەیشتن و حاڵیبوونی نەقشبەندیی هاوچەرخ.[58] هەروەها شاە غولاّم عەلی بە ڕوونی نەخشەی جیاوازیی زنجیرەكانی رێنمایی كێشاوە لەئیدراكی رۆحیدا، بۆ نموونە، مۆڵەتدانی مەرجدار بۆ فێركردن و رێنمایی "ئیجازەی موقەییەد" حوزووری دڵ و حوزووری نەفس لە ناخدا دەگرێتەوە (رۆح نەك ئیگۆ) [59] ، لەكاتێكدا كوشتنی نەفس پێویستە بۆ ئەنجامدانی ئولفەت و دۆستایەتیی گەورەتر لەگەڵ خوادا (ویلایەتی كوبرا)و دواتر وەرگرتنی مۆڵەتی بێمەرج بۆ رێنمایی و فێركردن (ئیجازەی موتڵەقە). [60] گەلێ سیفەت و خاسییەتی تر بێجگە لەمانە لەكایەدان و غولاّم عەلی تێبینیی ئەوە دەكات كە چۆن دەبێ شێخ رەچاوی ئەوە بكات كەلەلای خەلیفەكانی بەردەوامیی حوزووری خوا لەدڵدا، كپی و ئارامی، تاقیكردنەوەی گەلێ حاڵەت كاری گەورە و بەئاگابوون لە كاریگەرییان پێش ئەوەی ئیجازەی رێنماییان بداتێ.[61]

بۆ غولاّم عەلی دابەشبوونی زانستی بوون، مەولانا خالید لە نێوان مۆڵەتدانی رێنمایی مەرجدار یان بێ مەرجدا یان لە نێوان "وحدة الوجود"و "وحدة الشهود"دا، لە نێوان پەرەسەندنی سەنتەری ناسكی دڵ و (سەنتەرە ناسكەكانی تری جیهانی فەرماندا، بۆ نموونە: رۆح، سیڕ، خەفی، ئەكفا) و سەنتەری ناسكی "نەفس" و (سەنتەری ناسكی جیهانی مەتیریاڵ، واتە دڵ). وەك ئەو روونیدەكاتەوە چەمكی یەكێتیی بوون (وحدة الوجود) لە كاتی یاوەریدا دەرناكەوێت. هیچ چەمك و ئایدیایەكی سۆفیگەری نەبووە لە پێش سەدەی دووەمی ئیسلامدا، پاشان ئایدیای "جیهادی ئەكبەر" هاتەكایەوە بە تێهەڵكێشكردنی یادەروەریی راهێنانەكان و ملكەچی بۆ شێخ و پاكبوونەوە لە خەتەرەی خراپی دڵ و نەفس و زاڵبوونی خۆشەویستی. ئەم پەرەسەندنەی دوایی، بەپێی غولاّم عەلی بەتەواوی گرێدراوی خەتەرەی خراپی دڵ بووە، سەنتەرەكانی تری خەتەرەی جیهانی فەرمان راهێنانی جیاوازی خۆیان هەیە، بۆ نموونە: رۆح بریتییە لە راهێنان و تاقیكردنەوەی نكووڵی كردن لە خود، گەشتكردن بەناو نهێنیەكاندا بریتییە لەتواندنەوەی خودی كەسێكدا لە ناو زاتی خودادا، گەشت بە ناو نهێنیی غەیبدا (خەفی) جوداكردنەوەی خودایە لە هەموو روخسارێك و گەشت و گوزەر كردنیش بە ناو نهێنیدا (ئەخفا) جیاكردنەوەی مەخلووقە لە خالیق. ئەمە تەنها گەشتكردن بە ناو رۆحدایە كەوا دەكات كەسێك یەكبوونی تێڕامان تاقیبكاتەوە (تەوحیدی شهوودی). بۆ غولاّم عەلی ئەمە گەشتكردنە بە ناو جیهانی خەلقدا ـ كەوا كۆیلایەتیی راستەقینە ئەوەیە كە كۆیلە كۆیلەبێت و راستیش راستی. [62] ئەم گەشتەی دواییان چوونە ئەودیوی "لێكدانەوەی نهێنییەوەیە و بەندە بە تێفكرین و خەیاڵەوە"، (كە ئەمەش ئاماژەیەكی روونە بۆ ئیبنولعەرەبی). لەجیاتیدا ئەمە پەیڕەوی پەنددادانی تێكستە ئاینییە دەرەكییەكان دەكات وەك ئەوەی موسوڵمانان لە سەدەی یەكەمی ئیسلامدا بژین.[63] غولاّم عەلی بەئاشكرا باس لەوە دەكات كەوا شاە وەلییوڵلاّ (كە

سالی 1762 مردووە) هەڵە بووە لە هەوڵدانیدا بۆ گونجاندنی نێوان یەکێتیی بوون و یەکێتیی تێڕامان لە سەر بنەمای جیاوازیی لەفزیی. شاه غولام عەلیش وەك ئەحمەد سرهندی و موجەددیدیەکانی تری پێش خۆی بە ڕوونی درك بەوە دەكات كە تاقیکردنەوەو ڕاهێنانی "وەحدەتی وجوود" لە قۆناخێکی خوارتری ڕاهێنانی "وەحدەتی شهوود" دایە لە گەیشتن بە ئامانجدا.[64]

## غولام عەلی و ئەحمەد سرهندی

بەپێی غولام عەلی، هەر کەسێك ئولفەتی بە خوداوە گرتبێت لە هەزارەی دووەمدا، واتە: هەزار ساڵی قەمەری لە دوای ساڵی 622 ی زاینییەوە، ڕێگەی بۆ ناکرێتەوە بەبێ شەفاعەتی ئەحمەد سرهندی.[65] لە بڕگەیەکی تردا، عەبدولقادر گەیلانی غولام عەلی ئاگادار دەكاتەوە كەوا ئەحمەد سرهندی یەکەمین جێگری عەبدولقادر گەیلانییەو لە پێش ئەحمەد سرهندیدا کەس نەگەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی ئولفەت و نزیکی لە خوداوە بێ شەفاعەت و تێکەوتنی عەبدولقادر گەیلانی، ئێستا لە هەزارەی دووەمدا شەفاعەتی هەردوك ئەحمەد سرهندی و عەبدولقادر گەیلانی پێویستە.[66] غولام عەلی ئەوەی ئاشکرا کردووە کە ڕۆحی ئەحمەد سرهندی دێتە مەڵبەندە سۆفییەکەیەوە و هەموو کەس هەستی پێدەكات.[67] لەڕاستیدا ئەو پیرۆزی و وزەی ڕۆحیی لەم چەشنە لە مەزاری ئەحمەد سرهندی وەردەگرێت و ناتوانێ ئەم ڕاهێنان و کردارە بە وشە دەربڕێت.[68] ئەحمەد سرهندی میراتگری عەرشی خودا و جێگری پێغەمبەرە بۆ غولام عەلی.[69] غولام عەلی بەشێوەیەکی بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆ ئەحمەد سرهندی کە ڕابەریی جۆرێکی نوێی سۆفیزمی لەگەڵ ژمارەیەك کەشف و کەراماتی جیاکاردا، کە ئەمانەن:

1. دۆزینەوەی نهێنیەکانی سەنتەری ناسکیی دڵ (قەلب).
2. ئەو نهێنیانەی پەیوەستن بە ڕاهێنانی نەفسەوە.
3. هەر سێ قۆناخەکەی تەواوی "کەماڵ" (ئەوانی پێغەمبەرێتی، سرووش و گەورە پێغەمبەران).
4. هەرسێ پلەکەی نزیکبوونەوە لە خوا (ویلایەتی سوغرا، ویلایەتی کوبرا، ویلایەتی عولیا)
5. گەیشتنە قۆناغە نوێکان و ڕاستییەکانی پەیوەستن بە سەنتەرەکانی ناسك و هەستەوەرەوە.[70] بە مەزەندەو بۆچوونی غولام عەلی، سرهندی نوێگەرییەکی گەورەی لە سۆفیگەریدا داهێناو ڕێبازێکی کاریگەری بەخشییە مرۆڤایەتی کە وای لە هەزاران زاناو خەڵکی تر کرد بگەنە ئامانج.[71]

غولام عەلی بە ڕێکوپێکی لە "مکتوبات" ی سرهندییەوە ڕێنمایی و ڕابەریی دەکردو تەجەللای خواوەندی لێوەردەگرت، وەك خەلیفەیەك کە ڕێنمایی ڕۆحیی مورشیدەکەی وەربگرێت و بە شێوەیەك دەچووە سەر پەرەگراف و بڕگەکانی "مەکتووبات"، چەشنی کەسێك کە دەچێتە سەر ئایەتە قورئانییەکان (مەکتووباتی قودسیات).[72] دەڵێت: "درووود بۆ خوا کە ئاوها پیرۆزییەکی لەباسکردن نەهاتووی حەقیقەتی خۆی دەرخستووە و وتەکانی ئەو سەرووی ئیدراکی مرۆڤە.

لەڕووی حەقیقەتەوە "مەکتووبات" هاوتایە لەگەڵ ئیلهام و سرووشی خوداوەندا (لێرەدا مەبەست ئیلهامە نەك وەحی)، دەبێ من چی بڵێم؟ وەسفکردنی ئەم پیاوە پایەبڵندە لە دەربڕین نایەت، ئەو پەیامبەر نیە، بەڵام کتێبی هەیە".[73] پێدەچێت غولام عەلی لەو سۆنگەیەوە پشتگیریی لە ئەحمەد سرهندی کردبێت و ئاوها حاڵەتێکی بەرزی داوەتێ، کەوا بە ئاشکرا کۆمەڵێك رەخنەی توند بەرەوڕووی بیروبۆچوونی ئەم رابەرەی بووبووەوە.

"مەولانا خالیدو مەولەویی هیراتی و مەولانا قەمەروددین پیشاوەری لە سەرتاوە رێنمایی و ئامۆژگاریی ئەحمەد سرهندییان رەتدەکردەوە تا هاتنە لام و لەبەردەممدا دانیشتن و فەیزی ئیلاهیی رێبازی موجەددیدییان وەرگرت پاشان هاتنە ناو موجەددیدییەوە. ئەم فەیز و ئیلهامە دەگرێ لە کتێبەکان و شێخە زیندووەکانەوە بەدەستبهێنرێت نەك لەو شێخانەوە کەوا کۆچی دواییان کردووە".[74]

وادیارە رەخنەو رەخنەکارییەکانی عەبدولحەق موحەددیسی دەهلەوی (کە ساڵی 1642 مردووە) سەبارەت بە هەندێ بڕگەی تایبەتی نامەکانی سرهندی تا دووسەد ساڵی دواتر لە دەلهیدا برەوی خۆیان هەبووە، وەك ئەنجامێك غولام عەلی لە نامەکانیدا هەستی بە پابەندییەکی ئەخلاقی کردووە کە بەرگریی لە ئەحمەد سرهندی بکات دژ بە عەبدولحەق.[75] ئەو دەمە لەرۆژگاری سەرهندیدا مشتومڕ لەسەر ئەو واقیعە بووە کە تاچەند لەخوا نزیك دەبیتەوە وەك لەپێغەمبەر لە ئەنجامی تێڕامان و بیرکردنەوەدا لەبواری زاراوەسازیی ئادابی زمانداو دیارە غولام عەلی یەکەم کەس بووە کە راهێنانی (ئیجتیهادێکی سۆفییانەی) کردووە و حەقیقەتەکانی پێغەمبەرایەتی بەرزتر داناوە لە حەقیقەتە ئیسلامییەکان.[76]

## میراتی غولام عەلی: جێگرەوەکانی

غولام عەلی ئیلهامێکی بۆ هاتووە کەوا دەبێ خەلیفەکانی بە جیهاندا بلاوە پێبکات رێك وەك چۆن نیزامووددین ئەولیا جێگرەوەکانی ناردە دەرەوە.[77] لە ساڵی 1815دا رەئووف ئەحمەد لە سەمەرقەند و بوخارا خەڵکی دۆزییەوە (خەلیفە شاگوڵ محەمەد)، غەزنی (خەلیفە مەلا گوڵ محەمەد)، تورکستان (خەلیفە مەلا خودابوردی و مەلا عەبدولکەریم)، تەشقەند و قەندەهار (خەلیفە مەولەوی نور محەمەد)، کابووڵ و پیشاوەر (خەلیفە مەلا عەلائەددین)، مولتان، کەشمیر، لاهوور، سرهند، بۆپاڵ، سەنبهال، بێرلی، رامپور، لوکناو (میان محەمەد ئەسغەر)، بەنگال، حەیدەرئاباد (خەلیفە شاە عەبدولا)، پاتنا (خەلیفە محەمەد دەروێش)، زابد، یەمەن (خەلیفە مەولەوی عەبدولغەفار)، مەککە (خەلیفە مەولانا محەمەد جان) و گشت ئەمانە لە بازنەی رابەرایەتیی شاە غولام عەلیدا بوون.[78]

هەرچەندە موسوڵمانەکانی دەلهی زوو ئەوەیان بۆ دەرکەوت کەوا دەسەڵاتی سیاسییان سست بووە و بەندە بە گونجاندنی پلانەکانیان لەگەڵ بەریتانیەکاندا، بەڵام ئەو دەزگایەی غولام عەلی دایمەزراندبوو بەردەوام بوو لە سەر گەشەکردن، ئەگەرچی ئەو رۆژگارە بەسەرچووبوو کەوا شێخێکی سۆفی بتوانێ دەسەڵاتی ئەخلاقیی خۆی بە سەر کاربەدەستانی حکومەتدا بسەپێنێ و لەم دەورو زەمانەدا دەبوو شێخەکانی چیتلی قەبر پەنا ببەنە بەر شوێنی تر (بەتایبەتی لەدوای یاخیبوونی ساڵی 1857) ەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەزگاکە خۆی گونجاندبوو لەگەڵ ئەو زەمان

و سەردەمەدا.یەك لە شێوەكانی خۆگونجاندن بۆ سۆفییەكان دەبوو بە تاك كار لە سەر ئەوە بكەن كەوا گەورەترین ئاشتی و ئاسوودەیی ناوەكی (باتینی) بەدەستبێنن لەجیهانێكدا كە تا دەهات زیاتر بەرەو گۆڕانكاری و مۆدێرن دەچوو، ئەبولخەیر و ئەبولحەسەن زەید فارووقی، كە دوو شێخی دەسەلاتدار و كاریگەر بوون لە چیتلی قەبردا و هەردوكیان نووسەری بەبڕشت و بەرهەم زۆر بوون و لە سەر داب و نەریتی سۆفێتی بەردەوام بوون لەو خانەقایەدا كە غولام عەلی دروستیكردبوو، بەو پێیە یەك لە میراتە گرنگەكان ئەوە بوو كە غولام عەلی دەزگایەكی لە چیتلی قەبر دروستكردبوو كەوا سەركەوتوانە لەگەڵ گۆڕانكارییە چاوەڕوان نەكراوەكاندا دەگونجا. سۆفیگەریی نەقشبەندیی ئێستا لەوێ بەردەوامله سەر یاساو نەریتی خۆی لە ژێر چاودێریی شێخ ئەبو نەسر ئەنیس فارووقی ساحێبدا.[79]كاریگەرترین میراتی غولام عەلی لە دنیای پان و بەرینتری ئیسلامیدا رێبازی خالیدییە كە لە سەر دەستی مەولانا خالیدی باشترین خەلیفەیدا دەستپێكرد و تەعالیمی نەقشبەندیی لە بارێكی سروشتی، فەرهەنگی، سیاسیی تەواو جیاواز لەوی شێخەكەی بلاوكردەوە و پەرەی پێدا.

## كـــورتـــەیـــەك


ئەم بابەتە وردەكاریی كارو راهێنانی مەولانا خالیدە (ساڵی 1827 كۆچی دوایی كردووە) لەگەڵ شێخەكەیدا، غولام عەلی (ساڵی 1824 كۆچی دوایی كردووە)، بە تەركیز كردن لە سەر دید و بۆچوونی سۆفیانەی غولام عەلی. بابەتەكە باس لە تێكەڵبوونی غولام عەلی دەكات، بە سیاسەت و نزیكبوونەوەی لە ڕێ و ڕەسمی ئەنجامدانی تەئەممول و سیاقی مەولانا خالید لەمەڕ راهێنان لێكدەداتەوە لەگەڵ پەیوەندیی بە رێنماییەكانی ئەحمەد سرهندیی دامەزرێنەری رێبازی موجەددیدییەوە (كە ساڵی 1624 مردووە). هەرچەندە تایبەتمەندیی تەریقەتی خالیدی لەم نووسینەدا جێی نابێتەوە، بەلام هێندەی زانیاریی تێدایە كەوا كەسێك بتوانێت لە سەر گۆڕانكاری و بەردەوامییە جۆراوجۆرەكان بوەستێ و بەراوردی نێوان تەریقەتی نەقشبەندیی ـ موجەددیدی هندستان و نەقشبەندیی ـ خالیدیی ولاتی عوسمانی بكات.


پـــــــــەراوێـــــــز:

(1) سەرنجی ئەوە بدە کە دەوترێت ئادەم بانووری (فنا في القلب) ی ئەنجامداوە لە هەمان ساتی تەمەسسوکیدا، غولاّم عەلی دیهلەوی "شرح درّ المعارف: منهاج الراغبين إلى مكتوبات إمام المتقين، إمام ربّاني مجدّد الألف الثاني ِ"، بلاّوکردنەوەی ئەیوب گەنجی (سنندج، إیران ــ إنتشاراتی کوردستان، 1997)، ل 138.

(2) غولاّم عەلی دیهلەوی (مکاتیبی شەریفە) بلاّوکردنەوەی محەمەد رەئووف ئەحمەد رەئفەت موجەددیدی، ئەستەمبولّ دەزگای ئیخلاّس،1989، ل227، غولاّم محیّدین قوسووری، وەرگێڕانی بۆ ئۆردو: ئیقبالّ ئەحمەد فاررووقی، (لاهوور: مەکتەبەی نەبەوییە 1978 )، ل113.

(3) عبدالمجید محمد بن محمد الخانی "الحقائق الوردیة في إجلال السادات النقشبندیة"، (دمشق: دار البیروتی، 1997)، ل658.

(4) لە پەیوەندییەکیدا لەگەلّ شێخ مەعسووم نەقشبەندی، ئەریزۆنا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، 30 دیسەمبەری 2004.

(5) عبدالمجید محمد بن محمد الخانی "الحدائق الوردیة" ،ل660، دەقەکە ناوی مەولەوی سەنائوللاّی نەقشبەندی دێنێ.

(6) غولاّم عەلیی دەهلەوی (مەکتووباتی شەریفە)، ل 88. نازانرێت چ وەرگێڕانێکی بەکارهێناوە، دەسنووسێکی وەرگێڕانی عەرەبی لە کتێبخانەی ئەوقافە لە بەغدا بە ناوی "تعریب المکتوبات الصوفیة" وەرگێڕانی یونس نەقشبەندی. وەرگێڕانێکی تر هەیە لەلایەن محەمەد موراد شامییەوە (سالّی 1132 مردووە). بڕوانە ئیقبالّ موجەددیدی کە پێشەکییەکەی محەمەد سەعید ئەحمەد موجەددیدا بە ناوی "ئەلبەینیات : شەرحی مەکتووبات" بەرگی (گوجرانوالا، پاکستان: بلاّوەکراوەی تەعزیمولئیسلام، 2002 )، ل58ـ61. مەکتووبات بەتەواوی لە دواسالّەکانی سەدەی نۆزدەدا تەرجەمەی عەرەبی کراوە (لە مەککە سالّی 1898) لەلایەن محمد مراد المنزلاوی القازانی "مکتوبات (درر المکنونات النفیسة)، بەرگی 2 ، (إستنبول: المکتبة المحمدیّة، بێ مێژوو).

(7) عبدالغنی مجدّدی "حالاتی حضرت شاه غلام علی دهلوی"، گۆڕینی بۆ زمانی ئۆردو، محەمەد ئیقبال موجەددی، پاشکۆی یەك لە غولاّم عەلی دهلەوی "مەقاماتی مەزهەری" گۆڕینی بۆ ئۆردو محەمەد ئیقبال موجەددیدی (لاهور: دەستەی زانیاری ئۆردو 1983، ل 615) دەلّێ نۆ مانگ ماوەتەوە و لە غولاّم عەلی دەهلەوی "مەکتووباتی شەریفە"،ل 88، غولاّم عەلی دەلّێ دە مانگ ماوەتەوە.

(8) إبراهیم فصیح البغدادی: (المجد التالد فی مناقب الشیخ خالد) لە لاپەڕە ( 7) دا لە بڕگەیەکی دوای لاپەڕە ( 248) لە غولاّم عەلی دەهلەوی "مەکاتیبی شەریفە"، بە دەق دەلّێ کەوا گەیشتووەتە "مقام الحضور و المشاهدة".

(9) هەمان سەرچاوە . هەروەها محمد امین الکردی: "المواهب السنیة في أجلّة السادات النقشبندیة"، (دمشق: دار الحراء، 1996)، ل 229 ــ 232.

(10) إبراهیم فصیح البغدادی "المجد التالد" ، ل7ـ8 و الخانی "الحدائق الوردیة"، 665 ـ 667.

(11) هەمان سەرچاوە.

(12) لێرەدا دوو وشە لەتێکستەکە پەڕیوە و (ڕەزایی ئیحسان) هاوواتایەکی گونجاو دەگەیەنێت.

(13) حەسەن شوکری (مەناقیبی شەمسول شومووسی) (ئەستەمولّ/ بلاّوکەرەوە دیارنیە، 1302، ل141 ـ 144) وەرگێڕان لە نێوان فارسی وەك ئۆریجینالّ و تورکیی عوسمانیدا ورياییەکی تایبەتی دەوێت، بۆ نموونە "بیسەر ئامەد عولەما" لە دووەم خەتی سەرەوەدا هەروا بە گۆترە لە وەرگێڕانی ئینگلیزیدا کراوەتە (تەواوترین کەسێك لە عولەما) و بەم شێوەیە تەرجەمە کراوەتە "جەمسەری بازنەی رابەری" (قوتبی دائیرەتول ڕێنمایی)، ئەمەش "جەمسەری رابەریی" داوەتە مەولانا خالید. لەڕووی هونەرییەوە سەرنج بدە وشەی "رابیتە" وەك میتۆدێکی ڕۆحیی ئیزافەی وەرگێڕانە عوسمانیەکە کراوە، بەلاّم لە دەقە بنەڕەتیەکەدا نیەو وەرگێڕەکە ئیزافەی کردووەتە نێوان وشەی (زیکر) و (موراقەبەتەوە). پرۆفیسۆر ئەبومەننە بە سوپاسەوە فۆتۆکۆپییەکی ئەم سەرچاوەیەی دامێ.

(14) غولاّم عەلی دەهلەوی "شەرحی دوڕەتلمەعاریف"، ل152.

(15) غولاّم عەلی دەهلەوی "مەکاتیبی شەریفە"، ل50.

(16) هەمان سەرچاوە، ل228.

(17) هەمان سەرچاوە، ل25.

(18) بوتروس ئەبومەننە "خەلوەت و ڕابیتە لە لقی تەریقەتی خالیدیدا"، لە کتێبەکەی لە مارك گابۆری، ئەلیکساندەر پۆپۆڤیچ، تێری زەرکۆن "نەقشبەندییەکان: مامەڵەیەکی رەسمی و بارودۆخی راستەقینەی تەریقەتێکی باتینیی ئیسلامی"، (ئەستەمبووڵ / پاریس، بلاّوکراوەکانی ئیزیس، 1990)، ل 291 ــ 293.

(19) محەمەد رئووف ئەحمەد رەئفەت موجەددیدی "جەواهیری عەلەوییە"، (تەرجەمەی ئۆردو)، (لاهور: کاری چاپی نەوال کاشورکین، 1914)، ل139 ــ 140.

(20) بڕوانە غولاّم عەلیی دەهلەوی "مەقاماتی مەزهەری"، ل 217 تـا564، کە ئیقبال موجەددیدی لە سەر مێژووی لەدایکبوونی غولاّم عەلی شاە ناکۆکە، فاسفێڵد لەمەدا هاوڕایەو لە تێزی دوکتۆراکەیدا کە داوێتی بە زانکۆی پەنسلڤانیا لە ساڵی 1981دا لە لاپەڕە (193 پەراوێزی 2 باسی دەکات "سیستەمی رابەرایەتیی سۆفی لە دەلهیدا: تەریقەتی نەقشبەندیی موجەددیدی، 750 ــ 1920).

(21) رەئووف ئەحمەد رەئفەت موجەددیدی "جەواهیری عەلەوییە"، ل140.

(22) هەمان سەرچاوە.

(23) عەبدولغەنیی موجەددیدی "حاڵەتی حەزرەت شاە غولاّم عەلیِ"، ل571.

(24) عەبدولحەی ئەلحوسنا "نزهة الخواطر"، بەرگی 7، ل365.

(25) رەئووف ئەحمەد رەئفەت موجەددیدی "جەواهیری عەلەوییە"،ل141.

(26) عەبدولغەینی موجەددیدی "حاڵەتی حەزرەت شاە غولاّم عەلی"، ل572.

(27) غولاّم عەلی دەهلەوی "شەرحی دورەتلمەعاریف"، ل 126. غولاّم عەلی لە قسەکانیدا دەڵێ "چوار رووبار بە ناو تەریقەتی نەقشبەندیی موجەددیدا رێدەکەن، دوانیان لە نەقشبەندییەوە سەرچاوە دەگرن و یەك لە قادرییەوە و چوارەمیش دەبێ بە دوو بەشەوە، بەشێکیان لە چیستی و ئەویتریان لە سوهرەوەردییەوە)، هەمان سەرچاوە، ل 236. لە نامەکانیدا: غولاّم عەلی دەهلەوی "مەکاتیبی شەریفە"، ل91، تێبینیی دەکرێ کە چ خۆشەویستییەکی تایبەتی هەیە بۆ تەریقەتی چیستی، هەروەها سەرنج دەدرێ کە میتۆدەکانی موجەددیدی سەرکەوتووانە بەکارهێنراون بۆ ئاڕاستەکردنی هندۆس، بڕوانە ر.ك گوپتا "یۆگیس لە بێدەنگیدا: رابەرە گەورەکانی سۆفی"، (*Delhi: B-R publishing corporation, 2001*)، هەروەها تۆماس داهنهارت "گۆڕان و بەردەوامی لە سۆفیگەریی هندستاندا: لقێکی نەقشبەندیی – موجەددیدی لە ژینگە و کەش وهەوای هندۆسدا"، (*Delhi: D.K. Printworld, 2002*). یەك لە رێبازە هندییەکان کە لە سەر دەستی مهاتماسری ساکسینا مەهاراج دروستبوو (ساڵی 1931مردووە)، خەلیفەی فەزڵ ئەحمەد خان راهپوری بووە (ساڵی 1907 لە راهپوور مردووە). (ئیرینا تویدیی دانەری کتێبی " کچانی ئاگر" *Rockport, MA: Element Books, 1993*) لەگەڵ سری رادا موهان لال جی (کە ساڵی 1966 لە کانپور خوێندوویەتی) و خەلیفەی عەبدولغەنی خان بووە (1867 ــ 1953) و شێخەکەشی فەزڵ ئەحمەد خان راهپووری بووە.

(28) غولاّم عەلیی دەهلەوی "مەقاماتی مەزهەری"، ل159. بەڵگەنامەیەك هەیە لە کتێبخانەی خالیق ئەحمەد نیزامی جۆرە ئاماژەیەك بە کینەبەرایەتیی نێوان غولاّم عەلی و نەعیمولڵا دەکات و لەلایەن فوسفێڵدیشەوە لە کتێبی "شێوازبەندیی رابەرایەتیی سۆفیگەریی لە دەلهی"، ل153، باسکراوە.

(29) غولاّم عەلیی دەهلەوی "شەرحی دورەتلمەعاریف"، ل 91، کە تێیدا غولاّم عەلی چەندین گەڕیدە باسدەکات لە سەمەرقەندەوە هاتوون بۆ سەردانی چیتلی فەبر بەو پێیەی کە ئەم شیاوی ئەو بایەخ پێدانە نیە و لەڕاستیدا ئەوان بۆ داوای تەبەرووك دێن لە خزمەتی میرزا جانی جاناندا.

(30) لە عەبدولغەنیی موجەددیدی "حاڵەتی حەزرەت شاە غولاّم عەلی"، ل573، سەرنجی ئەوە دەدرێ کەوا دووسەد کەس بە بەردەوامی لە خانەقای سۆفیدا ژیاون. ژمارەکە لە کتێبەکەی رئووف ئەحمەد رەئفەت موجەددیدی "جەواهیری عەلەوییە"، ل 141، سەلمێنراوە. ئەحمەد خان باس لەوە دەکات کەوا پێنجسەد خەلیفە بە بەردەوامی لەوێ ژیاون و غولاّم عەلی مشووری ژیان و پێداویستییانی

خواردووە. ئەحمەد خان "آثار الصنادید"، ل465، لە کتێبەکەی محەمەد عومەر وەرگیراوە بە ناوی "ئیسلام لە باکووری هندستاندا لە ماوەی سەدەی هەژدەدا"، دەلهی، 1993،ل87. پێدەچێت پێنجسەد زیادەڕۆیی بێت.

(31) ئەم پەرەگرافە پشت بە عەبدولغەنی موجەددیدی دەبەستێ "حاڵەتی حەزرەت شاە غولاّم عەلی"، ل 573ــ 575.

(32) ئەحمەد خان "آثار الصنادید" ، ل467، وەرگێڕان و گواستنەوەی لە محەمەد عومەر "ئیسلام لە باکووری هندستاندا"، ل 148 و پەراوێزی 361.

(33) رەئووف ئەحمەد رەئفەت موجەددیدی "جەواهیری عەلەوییە"،ل144 ـ 146، ئەم ئەو رووداوە باسدەکات کە بووە بەهۆی دابارینی هاوکاریی داراییەوە (فتوح) لە هەمان سەرچاوەدا، ل 141ـ142، ئەگەر کەسێك خواردنی بەخشیبێت لەنێو هەژارانی گەڕەکەکەدا دابەشکراوە.

(34) غولاّم عەلیی دەهلەوی "مەلفووزاتی شەریفە"، ل161 ــ 162.

(35) تێڕامانی موجەددیدی لە کتێبی ئەرسەر بوهلەر "سۆفیگەری وەك میراتی پێغەمبەر. تەریقەتی نەقشبەندی و سەرهەڵدانی کەوتنە نێوانی شێخ"، (کۆلۆمبیا: بلاّوکردنەوەی زانکۆی باشووری کارۆلاینا، 1908).

(36) ئەو کتێبانەی تری سۆفیگەری کە لە وەعز و نامەکانیدا هاتوون ئەمانەن: "إحیاء علوم الدین" ی غەزالی و "التعرّف لمذهب أهل التصوّف"ی أبوبکر محمد الکلاباتي. بڕوانە غولاّم عەلیی دەهلەوی "مەکاتیبی شەریفە"، ل22 ـ 26. غولاّم عەلی شاە تەئکید دەکاتەوە لە سەر مەنهەجییەتی زانیاریی سۆفی، کەوا دووەمە لە گرنگیدا لە پاش تەفسیرو حەدیس. هەمان سەرچاوە، ل99 .

(37) فریتز مایەر ئەم دۆعایەی لە کتێبەکەیدا موناقەشە کردووە بە ناوی "دوو نامەی لێکۆڵینەوە لە سەر نەقشبەندییەکان"، (ئەستەمبوڵ: فرانز شتێنەر، 1994).

(38) عەبدولغەنی موجەددیدی "حاڵەتی حەزرەت شاە غولاّم عەلی"، ل597.

(39) پێش ئەوەی لە ساڵی 1810دا بگاتە چیتلی قەبر (سەججادە نشینێکی) نائومێد بوو لە خانەقای سۆفێتی لە شاە دەرگاهی و ئیجازەی بێ قەیدوشەرتی بۆ رێنمایی لە ساڵی 1815 دا وەرگرت. مەولانا خالید سوودی لە "تەوەججوهی" بینی پێش ئەوەی ئەم مۆڵەتدانە وەربگرێت. ئەبوسەعید "هدایة الطالبین" تەرجەمە ئۆردووەکەشی لەلایەن غولاّم مستەفاخانەوەیە (کەراچی : چاپخانەی پەروەردە، 1965، ل74، 132 ــ 134.

(40) هەمان سەرچاوە، ل 126 ــ 130.

(41) هەرچەندە عەبدولعەزیز وەڵامی دابووەوە کە پێداویستیی کەمە، بەلاّم سیتۆن چەند رێگەیەکی دۆزیبووەوە بۆ یارمەتیدانی خێزانەکەی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ. بڕوانە فوسفێڵد "شێوازبەندیی رابەرایەتیی سۆفی لە دەلهیدا"، ل27ـ28. دانیشتوانی دەلهی لەو دەمەدا نزیکەی 35 ـ 40٪ یان موسوڵمان بوون. هەمان سەرچاوە، ل35 پەراوێز.

(42) سەید ئەسەر عەبباسی ریزڤی "شاە عەبدولعەزیز: پیوریتانیزم و مشتومڕی مەزهەبی و جیهاد"، *printing press, 1982, p. 239Lucknow: prem*

(43) غولاّم عەلیی دەهلەوی "مەلفووزاتی شەریفە"، ل83 ــ 84، 127 ــ 128

(44) فوسفێڵد "شێوازبەندیی رابەرایەتیی سۆفیگەری لە دەلهیدا"، ل166. فوسفێڵد نیزامووددین ئەولیای چیشتیی بەناوبانگی (کە ساڵی 1325 مردووە)، تێکەڵ کردووە لەگەڵ نیزامووددینی (کۆتواڵ) دا کە لەلایەن شاە عالەمی دووەمەوە ئەو شەرەف و رێزەی پێبەخشراوە، شاە عالەم لە ساڵی 1789 دا بەحاکمی دەلهی دامەزراوە.

(45) هەمان سەرچاوە، ل 111.

(46) غولاّم عەلیی دەهلەوی "مەکاتیبی شەریفە"، ل 66.

(47) هەمان سەرچاوە، ل57 ــ 58.

(48) عەبدولغەنی موجەددیدی "حاڵەتی حەزرەت شاە غولام عەلی دەهلەوی"، ل 576. هەروەها سەرنج بدە نامەیەك كە بۆ نەوواب نوسراوە لە كتێبی "مەكاتیبی شەریفە"دا، ل 216.

(49) عەبدولغەنی موجەددیدی "حاڵەتی حەزرەت شاە غولام عەلی"،ل572 ـ 573. نەوواب محەممەد میرخان كوڕی (كۆتواڵ) نیزامووددین، لە سەرەوە باسكراوە.

(50) ئەمانە لە بوهلەر "میراتی سۆفیگەری" دا، ل98ـ146 باسكراون. غولام عەلی بڕوای بە هەمان رێگا هەیە لە پانزە بازنەدا، بڕوانە "مەكاتیبی شەریفە"، ل 206ـ 209، یان شانزە بازنە لە "شەرحی دوڕەتلمەعاریف" دا، ل 64 ـ 70. سەرلەنوێ پێناسەكردنەوەی تێرامانی موجەددیدی لە "میراتی سۆفیگەریدا"، ل 247 باسی لێوە كراوە و لە خواریشەوە زیاتر مشتومڕی لە سەر دەكرێت.

(51) غولام عەلیی دەهلەوی "إداء الطریقة" كە لە كتێبێكی غولام رەسوڵ ئەزهەردا بلاوبووەتەوە (دانكاستەر، بەریتانیا: س.م چۆدری، 1983، ل 26 ـ 30). ئەمە بلاوكراوەیەكی جووت زمانە (ئۆریجیناڵەكەی فارسی و تەرجەمە ئۆردووەكەی) و نامەی ژمارە نەوەتە لە غولام عەلیی دەهلەوی "مەكاتیبی شەریفە"، ل134 ــ163.

(52) هەمان سەرچاوە، ل191.

(53) غولام عەلیی دەهلەوی "شەرحی دوڕەتلمەعاریف"، ل234.

(54) ئەم تەركیزكردنە وردە لە سەر خودا پێیدەوترێت "وقوفی قەلبی" و بریتییە لە هەناسە راگرتن، سەد جار داواكردنی بەخشین و لێبوردن، پاشان ڕاگرتنی وێنەی مورشید لە بەردەمی دڵدا، دوای ئەوە دەتوانی زیكر بكەیت، هەمان سەرچاوە، ل31.

(55) رەئووف ئەحمەد رەئفەت موجەددیدی "جەواهیری عەلەوییە"، ل149، بڕوانە پەراوێزی دوای ئەمە كە پەیوەندیی بە حوزوری دڵەوە هەیە.

(56) هەمان سەرچاوە، ل33 و 84، سەرنج بدە كەوا ئامادەبوونی دڵ (حوزوور) دووجۆری هەیە : حوزووری زیكر كە ناوەندەكان چالاك بن (رێگەی یەكەم) و حوزووری "مع الله" كە ناوهێنانی خوا بەئاگایی و جەزبی خوا تەواودەبێت (رێگەی دووەم)، بڕوانە غولام عەلیی دەهلەوی "شەرحی دوڕەتلمەعاریف"، ل46.

(57) گریمانە میتۆدۆلۆجییەكان و نموونەكانی حاڵەتەكانی لەم چەشنە بەكورتی لە بوهلەر"میراتی سۆفی"دا باسكراوە، ل224 ــ 230.

(58) بەوجۆرە (ئیحسان) واپێناسە دەكرێت كە حاڵەتی كێشكردنی بەردەوامە بۆ خوا و حوزووری دڵی تێدایە، بڕوانە پەراوێزی 38 لە سەرەوە و لە "مەكاتیبی شەریفەی" غولام عەلیی دەهلەویدا، ل12. "ویلایەت" بریتییە لە دەربڕینی نواندنی شێخ بۆ توانای رۆحی (تەوەججوه) و ئەویش وەك ویلایەت هێمایە بۆ ئولفەت یان نزیكیی لە خواوە كە لە "شەرحی دوڕەتلمەعاریف" ی غولام عەلی دەهلەویدا هاتووە، ل 57. غولام عەلی شاە مشتومڕی دوورودرێژ و تەكنیكیی (تەوەججوه) دەكات لە "مەكاتیبی شەریفە" ی غولام عەلیی دەهلەویدا، ل25، هەروەها گفتوگۆیەكیشی لە سەر "عیلمی یەقین، عەینی یەقین، حەققی یەقین" لە هەمان سەرچاوە، ل 67دا هەیە.

(59) هەمان سەرچاوە، ل 218. هەرچەندە ئیجازەنامەكەی غولام عەلی شاە بۆ محێدین قوسووری (كە ساڵی 1854 مردووە) بەدەسنیشانكراوی ئەوە نالێت، "مەلفووزاتی شەریفە"ی غولام عەلیی دەهلەوی، ل 52ـ 53، كاتێ بەراورد دەكرێ لەگەڵ رێگەپێدانی مەولانا خالید بۆ رێنمایی و لەگەڵ هەردوو مۆڵەتدانەكەی ئەبو سەعیدیشدا لە "هدایة الطیبین" ی ئەبو سەعید خۆیدا، ل 80 ـ84، 132 ـ134. مۆڵەتدانی قوسووری پێدەچێت زیاتر مەرجدار بێت (تەنانەت لە یەكەم مۆڵەتدانی رێنمایی ئەبو سەعیدیش).

(60) هەمان سەرچاوە، ل 143، بەپێچەوانەوە مەولانا خالید تاقە قوتابیی غولام عەلی شا بووە كە مۆڵەتی موتڵەق و بێ مەرجی وەرگرتووە بۆ ئیرشادی. ئەو دیاری كردنە لە لایەن غولام عەلی شاوە بۆ مەولانا خالید لە چەشنی "خەلیفە تاممە موتڵەقە ــ خلیفة تامة مطلقة" ــ واتە جێگرێك كە بێ هیچ مەرجێك بەتەواوی رێنمایی بكات، كە بەمە پێدەچێت بە شێوەیەكی تایبەتی زیاتر رێز و شكۆبێت بۆ مەولانا خالید وەك لەوانیتر بۆ رێنمایی كردنی بێ مەرج. بڕوانە بوترسی ئەبومەننە "لێكۆڵینەوە لە سەر ئیسلام و

ئیمپراتۆرێتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەدا 1826 ــ 8761"، (ئەستەمبوڵ، ئیزیس پرێس، 2001)، ل16. هەروەها بڕوانە گفتوگۆی ئەبو سەعید لە سەرەوە، کە بە شێوەیەکی تر ڕێزی لێنراوە.

(61) هەمان سەرچاوە.

(62) هەمان سەرچاوە، ل 76 ــ 77 و پەراوێزەکانی لاپەڕە، 37، 79، 144.

(63) هەمان سەرچاوە، ل46ــ 47، 68

(64) غولاّم عەلیی دەهلەوی "شەرحی دوڕەتلمەعاریف"، ل221.

(65) هەمان سەرچاوە، دوو شەفاعەتکەری ناوداری تر، کە غولاّم عەلی ناویان دێنێ عەبدولقادر گەیلانی و بەهائوددینی نەقشبەند، غولاّم عەلیی دەهلەوی "مەکاتیبی شەریف"، ل171.

(66) غولاّم عەلی دەهلەوی (شەرحی دوڕەتلمەعاریف)، ل245.

(67) هەمان سەرچاوە ل141، هەروەها غولاّم عەلی باس لە خەونێکی خۆی دەکات کە تێیدا لەگەڵ باوکی و ئەحمەد سرهندیدا بووە، هەمان سەرچاوە، ل162.

(68) هەمان سەرچاوە، ل91.

(69) غولاّم عەلی دەهلەوی (مەکاتیبی شەریفە)، ل90.

(70)غولاّم عەلیی دەهلەوی "شەرحی دوڕەتلمەعاریف"، ل233. نموونەیەك لە "نهێنیەکی دڵ" بریتییە لە "خۆشەویستی و بەکێشبوون بۆ خودا (کە بەو چەشنە لە وێستگەی دڵدا لێکدەدرێتەوە)و دیسانیش وەك تاقیکردنەوەی شکۆدارترین حەقیقەتە (لە وێستگەی دڵدا)، بەهەرحاڵ جیاوازییەکە ئەوەیە کە خۆشەویستی و بەکێشبوون بەرەوخودا پەیوەستە بە گەیشتنە توانەوە لە خودادا (فنا فی الله) کە لە پاش گەشتکردن بەرەوخودا (السیر إلی الله) ڕوودەدا". ئەحمەد سرهندی "مەکتووباتی ئیمامی ڕەببانی"، کەوا نور ئەحمەد بە 3 بەرگ بلاّویکردووەتەوە (کەراچی، چاپی پەروەردە، 1972، 1، 287 : 56 "واتە ژمارەی بەرگ، نامە، لاپەڕە).

(71) غولاّم عەلیی دەهلەوی "مەکاتیبی شەریفە"، ل102.

(72) هەمان سەرچاوە، ل135، 181.

(73) هەمان سەرچاوە، ل135.

(74) غولاّم عەلی دەهلەوی "مەکتوباتی شەریفە"، ل 288. پشتکردنە شێخە کۆچکردووەکان بەم شێوەیە پێچەوانەی ئەزموونی غولاّم عەلی خۆیەتی (وەك لە سەرەوە باسکراوە) و ڕۆڵی بنەڕەتیی شێخە کۆچکردووەکان دیار و ئاشکرایە لە ڕێبازی نەقشبەندیدا، وادیارە کە سروشتی والاّی ئەم نامەیە (بۆ خوێندەواران و زانایان و ناوداران و سەرکردەکانی ڕۆم) و ڕووی دەم کردنە نەیارەکانی ئەحمەد سرهندی لە مەدینە، وەك محەمەد عەبدوڕەسوڵ بەرزنجی (کە ساڵی 1962مردووە) هەردوك سیاقێك دەداتە ئەم ڕەتکردنەوە ناسروشتییە. هەڵوێستی بەرزنجی دژ بە سرهندی لە کتێبەکەی یۆهانان فرێدمان باسی لەسەرکراوە بە ناوی "شێخ ئەحمەد سرهندی: بەرەنجامێکی بیروبۆچوون و لێکۆڵینەوەیەکی خولیاو دیدی لە چاوی وەچەکانی دواترەوە"، (دەلهی: چاپی زانکۆی ئۆکسفۆرد، 2000، ل7ـ 97،8ـ 101). سەرنج بدە ئەو ناوبانگەی غولاّم عەلی هەیبووە لە نواندنی هێز و توانایەکی ڕۆحیدا (تەوەججوه)، کەوا هەمیشە بیری خەڵکی دەهێنایەوە، بڕوانە فۆسفێڵد "ڕابەرایەتیی سۆفی"، ل 188.

(75) ئەم ڕەخنە و ڕەخنەکارییانە ئەو ئیدیعایانەی سرهندی دەگرنەوە کە دەڵێ گوایە عەبدولقادری گەیلانی لە هەر دۆستێکی تری خودا پلەی هەڵکشاوترە، بەلاّم ڕۆژانە دابەزینی بۆ دنیا (نزول) کەمەو ئەحمەد سرهندی هاوتا یان گەورە تر بووە لە محەمەد یان ئەبوبەکر و بەم ڕەنگە ئەحمەد سرهندی وەك تازەگەر لە ئیسلامدا خۆی ناساندووە. غولاّم عەلیی دەهلەوی "مەکاتیبی شەریفە"، ل13، 74، 87 و بەزۆری مامەڵەی هەمەلایەنە، ل122 ــ 132.

(76) دیاریکردنی ئەم مشتومڕە و بەوپێیەش سەرچاوەکانی لەکتێبەکەی بوهلەردا شیکراوەتەوە بە ناوی (میراتی سۆفی)، ل 246ـ247. زۆر زەحمەتە لەم ڕووەوە هەڵوێست یان کرداری ڕاستەقینەی غولاّم عەلی بزانرێت، چونکە هەردوو بارەکە لەنامەکانیدا ڕەنگردەداتەوە.

تەریقەتە بنەڕەتییەکەی سرهندی لەمەر تێڕامان لە (عەلی دەهلەوی) ریسالەیی سلووك لەکتێبی (مەجمووعەی رەسائیلی سلوکی تەریقەتی نەقشبەندییە)، حەیدەر ئاباد، دەکانچاپخانەی موفید، بێ مێژوو،ل 59ـ 68 و بەتایبەتی 64 ـ 65، تەریقەتەتازەکەی غولاٚم عەلی لەکتێبی شەرحی دوڕەتلمەعاریف ەکەیدا، ل67ـ72 و مەکاتیبی شەریفەکەیدا، ل 176 بەوردی باسی لێوەکراوە پێدەچێت غولاٚم عەلی هەردووشێوازی تێڕامانی لەگەڵ قوتابیە جۆراوجۆرەکانیدا بەکارهێنابێت، سەرنجی مەولانا خالید بدە لە (رسالە فی تبیان المراقبە) لەکتێبەکەی عەبدولکەریم مودەڕیسدا یادی مەردان مەولانا خالیدی نەقشبەندی بەرگی بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، 1979، ل458ـ459، ڕێبازەکەی سرهندی بەکارهێناوە بۆ تێڕامان (تەئەممول) وەسفی ئەدەبی میتۆدە رۆحییەکان، بێ بەڵگەی ئاوێتەبوونی رابەر و مامۆستا، ئەوە ناگەیەنێ کە نووسەر لەراستیدا ئەم میتۆدانەی بەکارهێناوە، راستیەکەی لەحاڵەتی مەولانا خالیددا ئەو جۆرێکی تایبەتی (رابیتە) ی بەکارهێناوە، نەك ئەو مێتۆدانەی کەوا غولاٚم عەلی لەتەئەممولاتدا کاتێکی زیاتر پێوەی خەریکبووە، بڕوانە بوتروس ئەبو مەننە (خەڵوەت و رابیتە لە لقی تەریقەتی خالیدیدا).

(77) غولاٚم عەلی دەهلەوی (شەرحی دوڕەتلمەعاریف)، ل142.

(78) غولاٚم عەلی دەهلەوی (مەقاماتی مەزهەری)، ل164. بۆ زانیاریی سەبارەت بەجێگرەوەکانی (خەلیەفەکانی) غولاٚم عەلی (بەوانەی سەریشەوە کە لەنێوکەواندا ناویان دەهلەوییە) بڕوانە عەبدولغەنی موجەددیدی حاڵەتی حەزرەت شاە غولاٚم عەلی دەهلەوی، ل 599ـ 623.

(79) سوپاس و پێزانینم بۆ شێخ ئەبونەسر ئەنیس فاروقی شەهاب کە لە سەردانەکەمدا بۆ چیتلی قەبر زۆر یارمەتیدام.



**تێـری زارکـۆن**

# کاریگەریی تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لە ئاسیای ناوەڕاست لە سەدەی بیستەمدا

## بە ئەفغانستان و خینجیانگەوە

بلاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی ــ خالیدی لە ناوچەی تاتار ڤۆلگالە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا بە باشی زانراوە، بە پێی کتێبێك کە لە لایەن رەزائەدین کوڕی فەخرەدینەوە دانراوە، بێجگە لەوەش نووسینە هاوچەرخەکانی حەمید ئەلگەر و ئیبراهیم مەراچ، تیشکیان خستووەتە سەر ژیان و چالاکییەکانی شێخ زەینوللاَ رەسولۆڤ (1833 ــ 1917).[1] بێجگەلەوەی کە رەسولۆڤ تاتارێکی خەلکی ترۆیسك و سۆفییەکی رێبازی نەقشبەندیـ موجەددیدیی بوخارا بوو، لە هەمان کاتیشدا بوو بە خەلیفەیەکی شێخ ئەحمەد زیائەدینی گویمیوشخانۆڤ [2] (کە سالی 1893 مردووە) و شێخێکی رابەری تەریقەتی نەقشبەندی ــ موجەددیدی بوو لە ئەستەمبوڵ. ئەم خەلیفەیە تەریقەتی خالیدیی هێنایە ناوچەی ڤۆلگاوە و گەلێ لە پەیڕەوانیبە ناوی (گویمیوشخانێڤی ئیشانلاَر) نارده دەشتی کازاخ و باکووری سیبریا. [3]هیچ بەلگەیەك لەئارادا نیە کەوا خەلیفەکانی رەسولۆڤ نێردرابێتنە ئاسیای ناوەڕاست و هیچ باسێکیشیان نیە کەوا ئیرشاد و فێرکردنی یاساو ڕێسای خالیدییان کردبێت، بە تەنها سەرچاوەیەك نەبێت، کە دەسنووسێکی بێ مێژووە لە ئینستیتیوتی رۆژهەلاَتناسی بیرونی لە تەشقەند، کەوا باسی لە رێبازی خالیدی دەکات لە ئاسیای ناوەڕاستدا.[4] ئەمە ئاماژەیەکە کەوا لانی کەم هەندێك لە سۆفییەکانی ئاسیای ناوەڕاست ئاگایان لە رێبازی خالیدی و رێنماییەکەی بووە. ئەم کتێبە کاریگەریی هەبوو لە سەر لقی ساقیبییەی ( ثاقیبیە ) نەقشبەندی (لە دۆلی فەرغانەدا) لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، چونکە لە نامەیەکدایە کە لە لایەن شێخ ئەییوب قارییەوە لە خینجیانگ نووسراوەو لەوێش رێبازی ساقیبی بلاَوبووبۆوە [5]. هەروەها لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا محەمەد سەعید (سالی 1949 مردووە)، کە شێخێکی خالیدی بوو لە تالش (باکوری رۆژئاوای ئێران) سەردانی شارە سەرەکییەکانی ئاسیای ناوەڕاستی کرد وەك (بوخارا، خوجەند، دۆلی فەرغانە) و لەوێ وەعز و ئیرشادی دەدا و لەگەلێ زانا ئاینیەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا کۆدەبووەوە. [6] دەکرێ ئێمە سەرکێشی بکەین و بلێین کە رابەری کردن و پێشکەشکردنی ئامۆژگاریی خالیدی لە لایەن ئەم پیاوەوە بۆ موسولمانەکانی ئاسیای ناوەڕاست بوو بە یەکێك لەو کەنالانەی کە بیروباوەڕی نەقشبەندی ـ خالیدی لێوەی چووە ئاسیای ناوەڕاستەوە. ئاشکرایە کەوا مێژووی نەقشبەندیی خالیدی لە ولاَتی" ما وراء النهر ـ *Transoxiana*" درەنگتر لەو کاتە دەستی پێکرد کەوا رووسیا میرنشینەکانی ئاسیای ناوەڕاستی داگیرکردو دوای ئەویش رژێمی سۆڤیێت و پاشانیش رووسیای دوای رووخانی یەکێتیی سۆڤیێت. من لە میانەی گەلێ گەشتمدا بۆ ئاسیای ناوەڕاست و خینجیانگی دوای قۆناخی سۆڤیێت (لە نێوان سالانی 1994 و 2005) داو ماوەی نیشتەجێبوونی دوو سالم لە ئۆزبەکستاندا ( 1995 ـ 1996)، ئەوەم بۆ دەرکەوت کە تەریقەتی خالیدی لە تورکیاوە گەیشتووەتە ناوچەکەو هەندێ لە شێخەکانی ناوخۆ لە ئاسیای ناوەڕاست و خینجیانگدا چاویان بە شێخە خالیدییەکان کەوتووە کاتێ کە لە رێگەیاندا بەرەو مەککە لە ئەستەمبووڵ لایانداوە.

## بڵاوبوونەوەی ڕێباز و ڕێنمایی خالیدیی کوردی و تورکی لە ئۆزبەکستاندا

لە ساڵی 1991 وە و بە دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیێت و ئاوەڵابوونی ئاسیای ناوەڕاست بۆ موسڵمانانی تری دنیا، هەندێك لە ڕێبازە سۆفییە دەرەکییەکان لەوێ بڵاوبوونەتەوە. شێوازی کارکردنو ئاوێتەبوونی سۆفییە دەرەکییەکان لە ئاسیای ناوەڕاستدا بەندە بەوەوە کە ئاخۆ ئەوان لە ژێر چاودێریی نزیکی دەزگاسیاسی و هەوالگرییەکانی رژێمی دوای سۆڤیێتدان یان نە. نموونەیی ترین و ڕێکخراوترینی ئەم گرووپە سۆفییە دەرەکییانە لە تورکیاوە هاتوون. لێرە تەریقەتی بەهێزو دەسەڵاتداری ئەسکەندەر پاشا (کە بە جەماعەتی ئەسکەندەر پاشایش ناودەبرێت) گرێدراوی تەریقەتێکی ینەما نەقشبەندی ـ خالیدییە لە ئەستەمبووڵ و تائەم دواییە لە لایەن شێخ عیززەت جۆشانەوە (کە ساڵی 2000 کۆچی دوایی کردووە) بەڕێوەدەبراو ئێستاش لە لایەن کوڕەکەیەوە.[7] یەکەم پەیوەندیی ڕێبازی ئەسکەندەر پاشا لەگەڵ سەرکردە ئاینییەکانی ئۆزبەکدا لە ساڵی 1991 دا دەستی پێکرد بە دوای یەکەم گەشتی دیبلۆماسیی ئیسلام کەریمۆفی سەرۆکی ئۆزبەکستان بۆ تورکیا. لەم گەشتەی سەرکۆماردا موختارخان یاوەریی دەکرد کە مەلای مزگەوتی بەهائەدین بوو لە بوخارا و موفتیی سەرەکیی ئۆزبەکستان بوو. لە ئەنقەرە موختارخان بە ڕۆژنامەنووسانی تورکیای ڕاگەیاند کەوا سەر بە تەریقەتی نەقشبەندییە و ئەمەش زیاتر پێدەچێت ڕاگەیاندنێك بێت کە پاڵنەری سیاسیی هەبووێت.[8] دواتر موختارخان بۆ ڕۆژنامەنووسانی ئۆزبەکی ڕوونکردەوە کە تۆرگۆت ئۆزالی سەرکۆماری تورکیاش نەقشبەندییە.[9] سەرۆك کەریمۆڤ، لە بەرخاتری سەرۆکی تورکیا، کە مەیلی بە لای تەریقەتی نەقشبەندی و پەیوەندیی تەریقەتی ئەسکەندەر پاشاییەوە زانیارییەکی باوبوو لە تورکیادا، کۆبوونەوەیەکی سازکرد لە نێوان نەقشبەندییەکانی ئۆزبەك و تورکدا، ئەمە بوو بە یەکتربینینێکی مێژوویی و ناوازە لە نێوان نەقشبەندییەکانی تورك و ئۆزبەکدا، کاتێ نۆرگۆت ئۆزال یەکەم گەشتی دیبۆماسی خۆی بۆ ئۆزبەکستان جێبەجێ کرد لە ساڵی 1993دا، موختارخان پێشوازیی لێکرد و پێکەوە سەردانی مەزاری بەهائەدین نەقشبەندییان کرد لە بوخارا. بەم بۆنەیەوە عیززەت جۆشان بە هاوەڵی خەلیفە تورکەکانی تەمەسسوکیان بەچەند شێخێکی ئاسیای ناوەڕاست کرد و بەوپێیە کەوتنە بڵاوکردنەوەی تەریقەتی ئەسکەندەر پاشایی لەوێ.

ئەڵبەتە تەنها خوێندەواران وخەڵکی ئایینی ڕەسمی بوون بە خەلیفەی عیززەت جۆشان، پاشان ئەمانە فەلسەفەی تەریقەتەکە لە کتێب و نوسیندا دەردەبڕن وەك ڕێگایەکی دەرەکی و نوێ بۆ پەیوەندیکردنی سۆفیزم لەکەش و بارێکی ئۆزبەکیانەدا، کەشتێکی نامۆیە پەیوەندیی ئەنجام بدرێت بێ ڕەچاوکردنی یاساو ڕێسای باو. بەکورتی کاریگەری ڕێبازی ئەسکەندەر پاشایی لە سەر ڕابەرە ئاینیەکانی ئۆزبەك بایەخێکی ئەوتۆی نیە، ئەمە بە تەواوی نیازو مەبەستی سەرکردەکانی حکومەتە، چونکە ئەوان نایانەوێ

سۆفیگەرییەکی دەرەکی کاریگەر لەوڵاتەکەیاندا تەشەنە بکات، هاتنی شێخ جۆشان بۆ ئۆزبەکستان بەزەرووەت سێمبۆڵێکە لەنێو ئەوانی تردا، بۆ نوێکردنەوەی ئاڵوگۆڕی کولتووری و ڕۆحی لەنێوان ئۆزبەکستان و وڵاتانی ئیسلامیی تردا و بەتایبەتی تورکیا. ئەڵبەتە ناتوانرێ سۆفیزم بە هەند وەرنەگیرێت لە لایەن سەرکردەکانی ئۆزبەکەوە، چونکە مەسەلەیەکی سێنتراڵە بۆ ناسنامەی ئۆزبەك و بێجگە لەوەش وەك بەهایەکی رۆشنبیریی ـ کولتووریی لێهاتووە کەوا گەلێ لە تورك و موسڵمان لە سەرانسەری دنیادا هاوبەشن تێیدا.[10] لەڕاستیدا کەسایەتیی دامەزرێنەری تەریقەتی نەقشبەندی، بەهائەدینی نەقشبەند (کە ساڵی 1389 کۆچی کردووە) تا ئێستاش وەلییەکی چاودێرو پارێزەری تەواوی ئاسیای ناوەڕاستەو بەتایبەتی میرنشینی جارانی بوخارا (تەنانەت لەپێش ئەحمەد یەسەویی پیاوچاکی بەناوبانگیشدا).

لێرەدا مەسەلەی سۆفیزم بە گشتی و تەریقەتی نەقشبەندی بە تایبەتی، بەو مەبەستە بەکارهێنراوە کە دەوڵەتی ئۆزبەك پەیوەندییە  دیبلۆماسی و ئابورییەکانی خۆی پێ فراوان بکات لەگەڵ تورکیادا، شێخە نەقشبەندییەکانی ئاسیای ناوەڕاست وا لە موختارخان تێگەیشتوون کە "سۆفییەکی درۆزن و مەلایەکی کۆمۆنیست بێت" و دەسکەلای دەستی سیاسییەکان بێت.[11] ئەمە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بۆچی ئەندامانی تەریقەتی ئەسکەندەر پاشا ڕێگەیان پێنادرێت پەیوەندیی ئاڵوگۆڕ بکەن لەگەڵ نەقشبەندییەکانی ناوخۆدا کەوا ئیشان ئیبراهیمجان رابەرایەتییان دەکات و پێگەیان لە کۆکەندە (لە فەرغانە) و خەلیفەکانی لە سەرانسەری ئۆزبەکستان و باشووری کازاخستاندا بلاوبوونەتەوە و تا تەتارستان و رووسیای فیدراڵیش رۆیشتوون. خەلیفەی سەرەکیی ئیبراهیمجان ئیشان قوربان عەلی یە لە تەشقەند کە سەر بە بنەماڵەیەکی سۆفییە. سۆفیگەریی لە ئاسیای ناوەڕاستدا لە دێرزەمانەوە و تا ئێستاش لە نێوان هەردوو لقی خەفی (یان خوفی)و جەهری دا دابەشبووە، لقی یەکەمیان ڕێوڕەسمی زیکر بە بێدەنگی بەجێدێنێت و دووەمیشیان زیکر بە دەنگی بەرزو    جووڵە و هەڵپەڕینەوە ئەنجامدەدات. بێجگە لە ڕێبازەکەی ئیبراهیمجان کە ڕەنگە تەنها رێباز بێت لە ئۆزبەکستاندا گرێدراوی نەریتی خەفی بێت، چەندین لقی ناوخۆیی جەهری لە سەرانسەری ئاسیای ناوەڕاستدا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەرییان هەر ناوچەییەو (بۆ نموونە لە چەند گوندێکی کەمدان). ئەم تاقمانە ئەو تۆڕانەیان نیە کە لە جوغزی هەرێمێك یان وڵاتێك تێپەڕن وەك گرووپەکەی ئیبراهیمجان.[12]

سیاسەتی جێبەجێکردنی ئەرك و مەبەستی دەوڵەت لای سۆفیگەری بەردەوام وەك خۆیەتی، بە تایبەتی لە دوای ساڵی 1997 ەوە کاتێ بزوتنەوەیەکی ئیسلامی بەهێز لە دۆڵی فەرغانەدا پەیدابوو. ئەم بزووتنەوەیە کە لە ژێرکاریگەریی راستەوخۆی بیروباوەڕی وەهابیدایە، بە توندیی رەخنە لە حکومەتی ئۆزبەك دەگرێت وەك دەسەڵاتێکی چەواشەکار. بە هەمان شێوەش داکۆکیی لە گەڕانەوەی نەریت و یاسای سەردەمی پێغەمبەر دەکات و زۆر بە توندی حەنەفیزم و شەفاعەتی پیاوچاکان و سۆفیزم و تەریقەتەکانی سۆفی

ڕەتدەکاتەوە و بە بیدعەیان دادەنێت.[13] وەڵامی حکومەت بۆ ئەم هەڕەشەیە ئەوەبوو کە "شەڕی ئوسوولێیەت بە سۆفیگەریی دەکات"، ئەمەش ستراتیجێکی نوێیە بۆ: یەکەم دابینکردنی پشتگیریی لە دەوڵەت لە لایەن موسوڵمانە نەریتی و ئاساییەکانەوە کە وەهابیەکان رەخنەیان لێدەگرن و لێیان دڕدۆنگن، دووەمیش: دەبوو ئەم وەهابیانە لە موسوڵمانەکانی تری ئۆزبەك دابڕێن و پاڵپشتی دید و بۆچوونێکی ئایینی میانڕەو بکرێت چەشنی ئەوەی کە سۆفی کاری لە سەر دەکات. ئەمە هۆکاری سەرەکییە کەوا دەوڵەتی ئۆزبەك چالاکانە بڕیاریداوە پشتیوانی لە بیروباوەڕی نەقشبەندی بکات لە کۆنفرانسەکان و بڵاوکردنەوەی کتێبدا، لە هەمان کاتیشدا بەرهەڵستیی هەر تەریقەتێك دەکات کە دەسەڵاتی زۆر پەیدا بکات. نەجمەدین کامیلۆڤ، کەوا کاربەدەستێکی باڵای ئۆزبەکە و گەڵێ کتێب و نووسینی لە سەر سۆفیزم بڵاوکردۆتەوە، چەق و تەوەری ئەم سیاسەتەیە.[14] ئەو بە ئاشکرا باس لەوە دەکات کە چۆن سۆفیزم دەتوانێ لە دژی وەهابیزم بوەستێتەوەو تازە پێشەکیی بۆ کتێبێك لە سەر نەقشبەندیی نووسیوەکە لە لایەن شێخ محەمەد نوروڵلا سەیدەی کوردەوە دانراوە.[15] لەم کتێبەدا بەشێك هەیە بە ناوی "نامەیەکی نۆ خالّی دۆقز نوقتە ریسالەسی"، کە وەڵامی نەیارانی دژە تەریقەتی بزووتنەوەی نوور دەداتەوە (کەوا نوورجوشیان پێدەڵێن).[16] ئەم گرووپەو بە تایبەتیش بزووتنەوەی نووری نوێی فەتحوڵلا گویل (فەتحوڵلاهجی) زیاتر لە ئۆزبەکستاندا هەن و بەرچاون وەك لە کۆمارەکانی تری ئاسیای ناوەڕاست و تەتارستانی رووسیادا.

بزوتنەوەی نوور بزوتنەوەیەکی مۆدێرنەو لە لایەن سەعید نوورسی یەوە (ساڵی 1960 مردووە) دامەزراوەو تیشکی خستووەتە سەر گونجاندنی ئەنجامە زانستییەکان لەگەڵ ئیسلامداو ڕێبازەکانی تەریقەت بە بزووتنەوەی کۆن و بەسەرچوو دەزانێ کەوا بێکەڵکەن و لەگەڵ رەوتی رۆژگاری نوێی ئەمڕۆدا ناگونجێن. بزووتنەوەی نووریی نوێی فەتحوڵلا گویل، کە لە نێو کەش و ژینگەیەکی میللیدا لە تورکیا لە دوای ساڵی 1983 وەدەرکەوت، زیاتر خۆی خەریك کردووە بە پەروەردە و تۆڕێکی بایەخدار قوتابخانەی هەیە لە ئاسیای ناوەڕاستداو بە وردی و لە سەرخۆ کار لە سەر ئیسلامەتی دەکات.[17]

کتێبەکەی محەمەد نوروڵلا سەیدە بە وردی و پوختی لە لایەن حکومەتی ئۆزبەکەوە وەرگێڕدراوە و بڵاوکراوەتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەشەنەکردنی بزووتنەوەی فەتحوڵلاهجی. ئەو ئایدیایانەی لەم کتێبەداگەلاڵە کراون ڕێگە بە حکومەت دەدات کە بە سۆفیزم شەڕی وەهابیەکان و نوورجوو بکات.[18]

محەمەد نووروڵلا سەیدە لە پرسیارەکانیدا قورسایی خستووەتە سەر ڕستە بەناوبانگەکەی سەعید نوورسی کە تەریقەتەکانی پێ ڕەتدەکاتەوە: "ئەم سەردەمە سەردەمی تەریقەت نیە، بەڵکو سەردەمی حەقیقەتە ـ بو زەمان تەریقەت زەمانی ئێماس، هەقیقەت زەمانیدر". هەروەها گەڵێ وەرگێڕانی ئۆزبەکی هەیە بۆ کتێبەکانی ئەمدواییەی عیززەت جۆشان لە لایەن خەلیفە خۆولاتییەکانیەوە.[19] دەکرێ سۆفیزم راستەوخۆ خزمەتی پشتگیریی سیاسیی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی سۆفی بکات، بەڵام ڕێگە بە سۆفیزم نادات

لەڕووی‌ڕۆحی و سیاسییەوە کاریگەریی ببێت. بە هەرحاڵ ئەم چاپەمەنیانە هەرچۆنێك بن هەر دەچنە خانەی بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی و راسپاردەی خالیدییەوە.

## لقی مەنزڵکۆیی تورکیی خالیدی لە ئۆزبەکستاندا

بە شێوەیەکی تایبەتی شیاوی باسە لەو رۆڵە بدوێین کە هەندێ دەستەو تاقمی نەقشبەندیی تر دەیگێڕن، ئەوانەی کە بێ ڕێکەوتن و هاوکاریی دەوڵەت هاتوونە ناو ئۆزبەکستانەوە. بەرچاوترینی ئەمانە لقێکی تری زۆر ناسراوی خالیدیی تورکییە، کە پێیدەوترێ تەریقەت یان جەماعەتی مەنزڵکۆیی و شێخ رەشید ئەفەندی رابەریی دەکردن (واتە رەشید ئیرۆڵ کە ساڵی 1993 کۆچی دوایی کردووە) و ئێستا کوڕەکانی شوێنیان گرتووەتەوە. ئەم تەریقەتە کە بنکەی لە ئەنەدۆڵی ناوەنددایە، کاریگەریی بە سەر تورکیاو دیاسپۆرای تورکە ئەوروپاییەکانیشەوە هەیە. [20] تەریقەتەکە لە دوای ساڵی 1992 وە لە ڕێگەی ئەو قوتابیانەوە کە لە تورکیا دەیانخوێندو پێوەی پابەند بوون چووەتە ئۆزبەکستانەوەو ئێستا لە فەرغانەوە تەشقەندو بوخارادا بڵاوە. [21] ئەمە یەکەم دەزگاو دامەزراوەی ئازادە بۆ ڕێبازێکی سۆفیی دەرەکی لە ئاسیای ناوەڕاستدا لە پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیێت. عبدوالباقی کوڕە گەورەی شێخ رەشید ئیرۆڵ کە یەکێکە لەڕابەرە تورکەکانی تەریقەتی مەنزڵکۆیی، لە ساڵی 1994دا سەردانی ئۆزبەکستانی کردو پەیوەندیی کردبوو بە نەقشبەندییە نەریتییەکانی ئۆزبەکەوە، ئەگەرچی ئەمڕۆ دووتەریقەت رکابەریی یەکتر دەکەن و تەنانەت رەخنەش لە یەکتر دەگرن.[22] تەریقەتی مەنزڵکۆیی لە ئۆزبەکستاندا چاك خۆی ڕێکخستووە و نوێنەرانی ئۆزبەك و تورکی هەیە کە "وەکیل" یان پێدەوترێت و نامیلکەی خۆیان هەیە (کە لە تورکیا چاپکراوە) و بە سەر خەلیفەکاندا دابەش دەکرێت.

ئەم کتێبانە هەشت بنەما یان "ئاداب" ی تەریقەتەکە بڵاودەکەنەوەو لە شێوەی نامیلکەدا دەستاودەست دەکات لە نێوان ئەندامانی گرووپەکەدا لە تورکیا. ئەمانە بەعادەت هەڵبژاردەی نووسینەکانی شێخ فەتحوڵڵای ڤێرکانیسییە (کە ساڵی 1922 کۆچی کردووە) و کاریگەرترین رابەری ئەم ڕێبازە بووە.[23] شێخ فەتحوڵڵا ئاشنایە بە سەرکردە ئایینیەکانی ئۆزبەك، چونکە تێکستێکی کورتی لە گۆڤاری بۆردی رۆحانیی موسوڵمانانی ئاسیای ناوەڕاستدا بڵاوبووەتەوە و بۆردەکەش ڕێکخراوێکی ڕەسمیی دەوڵەت بوو کە مامەڵەی لەگەڵ ئیسلام و مزگەوتەکاندا دەکرد لە ئۆزبەکستاندا. [24] تێکستەکەی شێخ فەتحوڵڵا لە سەر هەشت بنەماکە، لە سیرەتنامەیەکی بەناوبانگی نەقشبەندییەوە وەرگیراوە کە بە تورکییەو لە ساڵی 1994 دا لە

لایەن خوێندەوارێکی کاربەدەستەوە وەرگێڕدراوە (بۆ ئۆزبەکی ـ و). [25] هەشتەم یاسا یان بنەما باس لە "رابیتە" دەکات ـ کە پەیوەستبوونی خەلیفەیە بە شێخەکەیەوەو توخمێکی سەرەکیی ڕێنمایی خالیدییە. لێرەش وەك تورکیا ئەندامە نوێیەکان ئیجازەنامەیان دەدرایە، کە لەڕاستیدا دۆکیۆمێنتێکی ئەندامێتی بوو. تەنانەت وێنەی فۆتۆگرافی شێخەکانی ئەمدواییەی ڕێبازی مەنزلکۆیی لە ناو ئەندامە ئۆزبەکەکانیدا دەستاودەستی دەکرد.[26] ئەندامە ئۆزبەکەکانی تەریقەتی مەنزلکۆیی بەرهەڵستیی ڕێبازی حوسەینییەی ئیبراهیمجان و قوربان عەلیی خەلیفەی دەکەن لە ئاسیای ناوەڕاستدا.

تەریقەتی نەقشبەندی ـ حوسەینی بەشێك لە باڵادەستیی خۆی لەکیسچووە لە ئۆزبەکستاندا. نوێنەری ڕێبازی مەنزلکۆیی لە فەرغانەدا کە پیاوێکی گەنجی تەمەن 46 ساڵە، پێیوتم کەوا هەرچەندە ئیبراهیم جان و قوربان عەلی و عادیل خان باش دەناسێت، بەڵام بەشداری ناکات لە کۆڕی زیکریاندا، ئەو زۆربە توندی ڕێبازی نەقشبەندی ـ جەهریی عادیل خانی ڕەتدەکردەوە لەبەرئەوەی بە دەنگی بەرز زیکر دەکەن. ئەم جۆرە زیکرە بەرەهایی لە لایەن خەتی‌خالیدیی تورکییەوە ڕێگەپێنەدراوە و زیکری بێدەنگ لای ئەوان باوە، ئەم ئاماژە بە هەشت بنەماکەی شێخ فەتحوڵڵا ڤێرکانیسی دەدات "سەکیز ئاداب" کە چوارچێوەیەکە ڕۆژ بە ڕۆژ قبووڵکراوە "*modusvivendi*" لە خەتی مەنزلکۆییدا و ئێستا بە گومانەوە تەماشا دەکرێت لە لایەن پەیڕەوانی ئۆزبەکییەوە.[27] ڕەخنەو ڕەخنەکاریی ئەم پیاوە بۆ خەتی نەقشبەندییە ـ خەفییەی ناوخۆ و بەتایبەتی ڕێبازەکەی قوربانی عەلی، ئەوەیە کەوا ئەو زیکرە لەسەرخۆیەی قوربان عەلی ئیرشادی لە سەردەکات بە تەنها تاقەیەك راهێنان و ڕێوڕەسمە، لەکاتێکدا زیکری ڕێبازی مەنزلکۆیی، بە پێی "هەشت بنەماکەی" شێخ فەتحوڵڵا بە کۆمەڵ نمایش دەکرێت. ئەڵبەتە بە پێچەوانەی ئەو قسانەوە کە بۆیکردم، من بە شەخسی بەشداری کۆڕێکی زیکری خەتی نەقشبەندی ـ خەفی بووم کە قوربان عەلی بەڕێوەیدەبرد و سەرنجمدا کەوا هەموو دەروێشەکان (راستتر بڵێ سۆفییەکان وەرگێڕ) پێکەوە لە بازنەیەکدا نمایشی زیکری لەسەرخۆیان دەکرد. بەم ڕەنگە روون و ئاشکرایە کە بەرهەڵستیی ڕێبازی مەنزلکۆیی بۆ لقی خەفی ـ نەقشبەندی و حوسەینی لەبەر جیاوازیی بەجێهێنانی ڕێوڕەسم نیە، چونکە هەردوو تاقمەکە تەنها زیکری بێدەنگ ئەنجامدەدەن و بەکۆمەڵیش و لە هەمان کاتیشدا پابەندی راسپاردە و ڕێنمایی ئەحمەد سرهندین (کە لە ساڵی 1624دا لە هندستان کۆچی دوایی کردووە). بەرهەڵستی بە دەوری مەوداو ڕەهەندە "مۆدێرنەکانی" خەتی مەنزلکۆییدا دەسووڕێتەوە، کە بە میرات لە تورکیای کۆمارییەوە بۆی بەجێماوە و ئەمەش زیاترجێی سەرنجی لاوە ئۆزبەکەکانە. بۆئەوان، خەتی نەقشبەندیی ئاسیای ناوەڕاست وادەردەکەوێت کە مەسەلەیەکی نەریتیی کۆمەڵگەی دێهاتنشینەو بێکەڵك و نەگونجاوە لەگەڵ جیهانی نوێدا. ئەم کۆمەڵگە دێهاتییە هیچ پاشەڕۆژێك دابین ناکات بۆ گەنجی زانکۆ تەواوکردوو، بەڵام بەپێچەوانەوە ڕێبازی مەنزلکۆیی تێکەڵ بە کۆمەڵگەی نوێ بووە و سوود لە تەکنەلۆجیای نوێ وەردەگرێ و تۆڕێکی ئاینی،

کۆمەلآیەتی، ئابووری دەبەخشێتە ئەندامە گەنجەکانی لە ئاسیای ناوەڕاستدا. ئەلْبەتە هێشتا زۆر زووە بوترێت کەوا ئەم ڕێبازە دەرەکییە لە سەرانسەری ئۆزبەکستان و ئاسیای ناوەڕاستدا بلآودەبێتەوە. لە ئۆکتۆبەری 1997 دا، نوێنەرەکەیان لە فەرغانە ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە شەش سەد پەیڕەوکاریان هەیە.

## ڕێنمایی خالیدی لە ئەفغانستان و هەرێمی خینجیانگ و ویغوری ئۆتۆنۆمی

### ئەفغانستان:

سۆفیگەریی خالیدیی کوردی لە ئەفغانستاندا نەناسرابوو لەپێش وەرگێڕانی فارسیی ڕاسپاردە و ڕێنمایی خالیدیدا کە لە سالْی 1992 دا دەرکەوت. [28] بەگوێرەی پێشەکی بەهائەدین بەهای وەرگێڕی دەقی ئۆریجینالْی ئەم کتێبەی لە سەید محەمەد گەیلانیی سەرۆکی قادریی ئەفغانییەوە دەستکەوتووە، کاتێ هەردوکیان پێکەوە لە شاری پیشاوەری پاکستان پەنابەر بوون.[29] سەید محەمەد گەیلانی ئەم کتێبەی لە عێراقەوە هێنابوو پاش ئەوەی سەردانی مەزاری شێخ عەبدولقادری گەیلانی کردبوو و لە ئەفغانستان وەرگێڕانێکی فارسیی بلآوکردبووەوە کاتێ کە حکومەتێکی هاوپەیمانی حیزبە بەرهەلستیکارەکانی موجاهیدین شوێن حوکمی کۆمۆنیستەکانی گرتەوە. کتێبی"حەقیقەتی تەسەوف" لە لایەن (موهادی میلیی ئەفغانستان) ەوە بلآوکرایەوە کە حیزبی دوڕانیە ئەفغانیەکان بوو و لە لایەن پیری گەیلانییەوە سەرکردایەتی دەکراو سالْی 1978 لە سەر کار لابرا. کتێبەکە هەولْدەدات ڕێوڕەسمی نەقشبەندی و قادری پێکەوە گرێبدات و بیری خوێنەری دەهێنێتەوە کە رابەری بەناوبانگی نەقشبەندی لە هندستاندا، شێخ ئەحمەدی سرهندی لە هەمان کاتدا ڕابەری تەریقەتی قادرییش بووە. بەو پێیە کتێبەکەی باسێکی دوورودرێژی ڕێبازو ڕاهێنانەکانی خالیدی دەخاتەڕوو (بۆ نموونە، رابیتە، کەلیماتی قودسییە، لەتایف و زیکر).

### خینجیانگ

هەندێ ئایدیای خالیدی لە ڕێبازی نەقشبەندی ـ ساقیبیدا دەردەکەوێت، کە ڕێبازی سەرەکیی نەقشبەندییە لە خینجیانگی سەدەی بیستداو لە پێش ڕاپەڕینی سالْی 1949 دا لە فەرغانە دروستبووە. [30] ئەم گرووپە وەك لقی موجەددیدی حوسیەنیی تەریقەتی نەقشبەندی خۆی دەناسێنێ (چونکە کاریگەریی ئەحمەد سرهندی بەهێزە لەم ڕێبازەدا). لە نامیلکەیەکی سۆفیگەریدا کە سالْی 1937 نووسراوە و بە هی رابەرێکی ساقیبییە دەنرێت بە ناوی قەمەرەدین (کە سالْی 1937 ـ 1938 کۆچی دوایی کردووە)، ئیشارەتێکی روون هەیە بۆ شێخ محمّد أبو عبدالله الخانی الخالدي النقشبندي لە سوریا و نۆ مەرجەکەی (شەرائیت) بۆ ڕێبازی سۆفیگەری.[31] نۆ مەرجەکەی محەمەد ئەبو عەبدوللآ ئەلخانی ئەلخالیدی بوون بە ڕێنمایی و ئامۆژگاریی ئەندامانی ڕێبازی نەقشبەندیی ساقیبی.[32]

هەرێمی ئۆتۆنۆمیداری خینجیانگ و ویغۆر تا ئێستاش ئاوەلاّ نیە بۆ شێخە خالیدییە تورك و عەرەبەكان و بەو پێیە هیچ لقێكی ڕێكوپێكی خالیدی بوونی نیە لەوێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە شێخەكانی ویغۆر جۆرە پەیوەندییەكیان بەستووە لەگەڵ شێخە خالیدییەكانی ئەستەمبووڵدا و هەندێ كتێب كە لە لایەن شێخە خالیدییە عەرەب و توركەكانەوە نووسراون لە كەش و باری نەقشبەندیی ویغۆردا دەخوێنرێنەوە. ئەڵبەتە لەم كاتەی نووسینی ئەم بابەتەدا، هێشتا زۆر زووە بیرو بۆچوونێك گەلاّڵە بكەین لەبارەی مەودای تەعالیمی خالیدییە لە رۆژهەلاّتی توركستاندا.

لەوێ پەیوەندیی نارەسمی هەیە لە نێوان نەقشبەندییەكانی ویغۆر و توركدا. ئەمە شێخ مەحموود وەستا عوسمان ئۆغلۆ دەگرێتەوە كە یەكێك لە موحافزەكارترین ڕێبازی نەقشبەندیی توركی بەڕێوەدەبات لە مزگەوتی ئیسماعیل ئاغادا، كە دەكەوێتە گەڕەكی فاتیحی ئەستەمبوولەوە. ویغۆرێك كە لە سەر ڕێبازی نەقشبەندیی ساقیبییە و زیاد لە 25 ساڵ لە سعوودیەو توركیا ژیاوە لقی سێخ مەحمودی هەڵبژارد بەو پێیەی زیاتر گونجاوە بۆ ئەو لە دەستە و تاقمە نەقشبەندییەكانی تری ئەستەمبووڵ (بە لقی ئەسكەندەر پاشاییشەوە). ئێستا ئەم كەسە بەردەوام سەردانی خینجیانگ دەكات و پەیوەندیی خۆی نوێ دەكاتەوە لەگەڵ نوێنەرانی ئێستای ڕێبازی ساقیبیدا.[33]

من لە خۆتەن چاوم بە رابەرێكی (ئیشان) بەساڵداچووی سۆفی كەوت، كە ناوی عەبدولحەمید مەحسووم حاجی ئیشان بوو (ساڵی 2002 مردووە)و ئەندامی دوو لقی نەقشبەندی بوو، یەكەمیان بە ناوی ئیسلامییە و ئەویتریش نەقشبەندییە ـ جەهرایيە و سەرۆكی كۆمەڵێكی ناوخۆیی گرنگی سۆفی بوو كە هەفتانە كۆڕی زیكریان رێكدەخست بە بەشداربوونی سەدان كەس. لە ساڵی 1984 لە ڕێگای حەجدا بەرەو مەككە، عەبدولحەمید مەحسووم لە ئەستەمبووڵ لایداوەو چاوی بە شێخ مەحمود كەوتووەو خۆی دوور گرتووە لە هەر سەردانێك بۆ دەستەو تاقمە نەقشبەندییە توركییەكانی تر.[34] ئەم پیاوە گرووپی نەقشبەندیی شێخ مەحموودی لە ڕووی نۆرمە ئەخلاقیەكانەوە زیاتر پێ پەسەند بووە و وایبینیوە كە هاوشێوەی شێوازی ئیسلامەتی خۆی و لێكدانەوەی تایبەتییەتی بۆ راسپاردە و ڕێنمایی نەقشبەندی. یەك لەنموونە بەرچاوەكانی ئەمە ئەوەیە كە پەیڕەوانی شێخ مەحموود ریشیان درێژە و جلێكی نەریتیی پانوپۆڕ لەبەردەكەن كە پێیدەوترێت "جبە".

ڕێنمایی و راسپاردەی خالیدییە لە خینجیانگیش بە هۆی كتێبە عەرەبییەكانەوە بلاّوبووەتەوە. من ساڵی 2001 ئەندامێكی ویغۆری ڕێبازی نەقشبەندی ـ ساقیبیم بینی خەریكی وەعز و ئیرشاد بوو لە مەدرەسەی رەسمیی ئورمچی (نانجوو)، كە دوو كتێبی نەقشبەندیی لەلابوو: "جامع الأصول " ی ئەحمەد زیائەدینی گویمیوشخانێڤی و "الحدائق الوردية في حقائق أجلاء النقشبندية" ی عەبدولەجید ئەلخانی (مێژووەكەی 1886 ـ 1887 بوو). هەردوو كۆپییەكە چاپی بەردینی سەدەی نۆزدەهەم بوو (لیتۆگراف) و پێدەچێت كەسێك لە مەككە و لە كاتی حەجدا، یان لە توركیا ئەم دوو كتێبەی دەستكەوتبێت.

**ئـــەنـــجـــــام**

بلاّوبوونەوەی بیروباوەڕی خالیدی لە ئاسیای ناوەڕاستی دوای قۆناخی سۆڤییێت و خینجیانگ و ئەفغانستان بە هۆی سەردانی شێخەکانی ولاّتانی دەرەوە بووە یان بە هۆی گەڕانەوەی خەڵکانی ئاسیای ناوەڕاست بووە کە لە دەرەوە چوونەتە سەر ئەو ڕێبازانە لە کاتی سەفەریاندا بۆ حەج و گوزەرکردنیان بە ئەستەمبووڵ و بەغداو مانەوەیان لە مەدینەو مەککەدا. ئەو ڕۆڵەی کە مەککە و سەفەری حەج گێڕاویێتی تا ئێستاش هەر کارئاسانی بۆ بلاّوبوونەوەی بیروباوەڕی سۆفیگەری دەکات لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامیدا، وەك چۆن لەرابردوودا گێڕاویێتی، سەرباری سەرکوت کردن و چەوساندنەوەی سەختی سۆفیزم لە عەرەبستانی سعوودیدا.(35) لە هەمووی گرنگتر ڕۆڵی تورکیایە لە بلاّوبوونەوەی ڕێبازی خالیدیدا و بە تایبەتی لە ئۆزبەکستانی دوادوایی سەدەی بیستەمدا. لە پاش هەڵوەشانەوەی سۆڤییێت و کرانەوەی خینجیانگ بە ڕووی دنیادا، ئەستەمبووڵ بەردەوام بەو شوێنە بایەخدارەی پێکەوە گرێدانی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا مایەوە.

## کورتەیەك

### کاریگەریی تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لە ئاسیای ناوەڕاستله سەدەی بیستەمدا بە ئەفغانستان و خینجیانگەوە

راسپاردە و تەعالیمی خالیدی لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە هەرێمی تەتاردا بلاّوبووەوە بە هۆی ئەوەوە کە شێخەکانی تەتار لە ئەستەمبووڵ تەمەسسوکیان بەم تەریقەتەوە کرد لە سەردەستی ئەحمەد زیائەدین گویمیوشخانێڤی. ئەم ڕێنمایی و راسپاردانە زۆر بە کەمی و بە دەگمەن گەیشتبوونە ئاسیای ناوەڕاست، بەڵکو تەنها لە کۆتایی سەدەی بیستەم و بەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤییێتدا، دەبینین شێخە خالیدییە تورکەکان خەریکی ئیرشادن لە ئۆزبەکستان. ئەڵبەتە دوو ڕێبازی تورکی ئەم مەسەلەیەیان لەئەستۆ گرتووە.

1 ـ ڕێبازی ئەسکەندەر پاشا کە بنکەی لە ئەستەمبووڵە و (راستێکەی هەر بەردەوامبوونی تەکیەی گویمیوشخانێڤییە).

2 ـ ڕێبازی مەنزڵکۆیی، لە ئەدیامان، ناوجەرگەی ئەنەدۆڵ (کە ئەمیش ڕێبازێکی خالیدیی کوردییە).

ئەم نووسینە باس لەوە دەکات کە چۆن ئەم دوو ڕێبازە چوونەتە ئۆزبەکستانەوە و سەرکەوتنیان و شەڕو ململانێیان لەگەڵ ئەو ڕێبازە نەقشبەندییە نەریتییەی کە پێشتر لەوێ بووە و (گرێدراوی ڕێبازی موجەددیدی بووە). ڕێبازە خالیدییەکان هەرگیز نەچوونەتە خینجیانگەوە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك ڕێنمایی خالیدی ڕێگەی خۆیان دۆزیوەتەوە بۆ ناوچەکە بە هۆی:

1. ئەو کتێبانەی لە سەدەی نۆزدەدا لە لایەن شێخە خالیدییەکانەوە نووسراون.

2. ئەو شێخە ویغۆرانەی دەهاتنە ئەستەمبووڵ و چاویان بە شێخە خالیدییە تورکییەکان دەکەوت، لە ڕێگەیاندا بەرەو مەککە بۆ حەج.

## پـــــــەراوێـــــز:

[(1)]بڕوانە تێری زەرکۆن"ڕێبازی سۆفیگەری لە سیبریا لە سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا"، (گۆڤاری لاپەڕەکانی لێکۆڵینەوەی رووسیا، ژمارە (41)، 2000، ل 279 ــ 296.

[(2)] "البهجة السنية في آداب الطريقة النقشبندية"، لە لایەن محمّد بن عبدالله بن مصطفى الخانى الخالدي النقشبندي یەوە (ساڵی 1885 ـ 1886 لە دار الطباعة العامرة لە قاهیرە چاپکراوە)، ئەم کەسە، کە سەرۆکی تەریقەتی خالیدی بووە، مامی عبدالمجید الخانی بووە کە شێخێکی بەناوبانگی خالیدی بووە لە شامدا و دانەری کتێبە بەناوبانگەکەی "الحدائق الورديّة في حقائق أجلاء النقشبنديّة "، (القاهرة: دار الطباعة العامرة، 1890 ـ 1891). من ئەم دەسنووسەم نەبینیوە کە ناوی هاتووە لە بەختیار باباجانۆف، ئەننێتا کرامەر، جیۆرگن پۆڵ "لیستی دەسنووسەکانی سۆفیگەریی سەدەکانی هەژدەیەم بۆ بیستەم"، لە گەنجینەی ئینستیتیوتی رۆژهەڵاتناسی، ئەکادیمیای زانیاری کۆماری ئۆزبەکستان، بیرونی پارێزراوە، (بەرلین: کتێبە عەرەبییەکان، 2000)، دەسنووس 225، ل 77. ئەم دەسنووسە لە ساڵی 1885 ـ 1886 لە دار الطباعەی قاهیرە چاپکراوە. لەبارەی محمد إبن عبدالله الخانی، بڕوانە ئیسحاق وایزمان "تاقیکردنەوەی مۆدێرنیتە و سۆفیزم و سەلەفییەت و عەرەبیزم لە دیمەشقی دوادوایی سەردەمی عوسمانیدا"، (لیدن: بریڵ، 2001)، ل 122 ـ 123.

[(3)]بڕوانە خوارەوە، ل 222.

[(4)]بڕوانە حامید ئالگەر "تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لە تاڵشدا"، (دەریای قەزوێن)، لەم بەرگەدا.

[(5)]ڕەزائەدین بن فەخرەدین، "تەرجەمەی حاڵی حەزرەتی شێخ زەینوڵلا"، (ئۆرێنبورگ: تیپوگرافیا، 1917). هەروەها حەمید ئەلگەر "شێخ زەینوڵلا ڕەسولۆڤ، دوا شێخی مەزنی نەقشبەندی لە هەرێمی ڤۆلگا ـ ئوورالدا"، لە کتێبەکەی جۆ ـ ئان گرۆسدا بە ناوی "موسوڵمانان لە ئاسیای ناوەڕاستدا، ڕوخساری ناسنامە و گۆڕان"، (دورهام و لەندەن: زانکۆی دیوك، 1992)، ل 112 ـ 133. ئیبراهیم مەرەچ" ................. ......" 1998، ل 76 ــ 92.

[(6)]لەبارەی ئەم شێخەوە بڕوانە عیرفان گویندز "زیائودینی گویمیوشهانێڤی: ژیانی و ئەسەری .........." ، (ئەستەمبوڵ: سەها ن، 1984). هەورەها بوتروسی ئەبو مەننە، "شێخ ئەحمەد زیائەدینی گویمیوشخانێڤی و لقی تەریقەتی زیائیـ خالیدی"، لە کتێبەکەی فریدریك دی جۆنگ "ئیسلامی شیعە، تایفەکان و سۆفیگەری، ڕەهەندە مێژوویی و ئاینیەکان و ڕەچاوکردنە میسۆدۆلۆجیەکان"، (ئوتریخت: بڵاوکراوەکانی هۆتسماستیگتنیگ، 1992)، ل 105 ـ 117.

[(7)]لە بارەی ڕێبازەکانی سۆفیگەرییەوە لەتورکیا، بڕوانە ت. زەرکۆن "سۆفیگەری و کوڕ و کۆمەڵ لە سدەی بیستەمدا لە تورکیا"، لە کتێبی مارێتتا ستێپانیانتس "سۆفیگەری و ڕێکخراوەکانی لە ئیسلامی هاوچەرخدا"، بڵاوبووەتەوە، (توورین: بڵاوکراوەکانی دەزگای جیۆڤانی ئەگنیللی، 2003)، ل 123 ــ 160.

[(8)]بڕوانە ڕۆژنامەی "جمهورییەت" ی تورکی لە 18/ 12 /1991 دا، موختار جان عەبدوڵلا کە ساڵی 1928 لە کۆکەند لەدایکبووەو لە مەدرەسەی میر عەرەب لە بوخاراو لە مەدرەسەی باراق خان لە تەشقەند 1957 ــ 1958 و پاشان لە دیمەشق 1961 ــ 1963 خوێندوویەتی، لە ساڵی 1963 ـ 1984 سەرۆك مامۆستا بووە (باش مودەڕیس) لە مەدرەسەی میر عەرەب لە بوخارا و لە ساڵی 1988 ـ 1991 سەرۆکی ئەم مەدرەسەیە بووە. لە ساڵی 1993 بە ئیمام و خەتیبی مزگەوتی بەهائەدین دامەزراوە لە نیسانی

1993 دا بە موفتی ئۆزبەکستان هەڵبژێراوە و بوو بە بەرپرسی ڕێکخستنی ئاهەنگی یادکرنەوەی ( 675) مین ساڵەی کۆچی دوایی بەهائەدینی نەقشبەندی. بۆ زیاتر وردەکاریی ژیانی بڕوانە بایۆگرافیای ژیانی لە (گۆڤاری نووری ئیسلام) دا (تەشقەند)ژماە 28 ساڵی 1993، ل 94.

[9]سەرکۆماری تورکیا: ................................ زمانی ئۆزبەکی.

[10] بڕوانە زەرگۆن "مۆسۆلیۆمی بەهائەدین لە بوخارا (ئۆزبەکستان)"، گۆڤاری لێکۆڵنەوەی تورکی، ژمارە 19، 1995، ل 231 ـ 244. هەروەها "ئەحمەد یەسەوی: قارەمانانی کۆمارە تازەکانی ئاسیای ناوەڕاست"، (گۆڤاری پێداچوونەوەی لێکۆڵینەوەکانی لە سەر جیهانی ئیسلام و ناوچەی دەریای ناوەڕاست کراون)، ژمارە 89 ـ 90، 2000، ل 297 ــ 323.

[11]پەیوەندی کردنێکی شەخسی لە لایەن خەلیفەیەکی عیززەت جۆشانەوە و چەند شێخێکی تری فەرغانە (بوخارا، 1994 ـ 1995). هاتنی عیززەت جۆشان بۆ بوخارا و سەردانیکردنی بۆ چەندین مەرقەدو مەزاری نەقشبەندی و وانە وتنەوەی لە مەدرەسەکاندا، لە کتێبەکەی سەدرەدین سەلیم بوخاریدا باسکراوە بە ناوی "دلدە یار ـ واتە یاری دڵ"، (تەشقەند: غەفوور غولاٚم، 1993) ل 71.

[12]لەبارەی ئەم ڕێبازانەوە بڕوانە بەختیار باباجانۆڤ "نوێکردنەوەی کۆڕو کۆمەڵی سۆفی لە ئۆزبەکستاندا"، (گۆڤاری چەند لاپەڕەیەك لە سەر ئاسیای ناوەڕاست)، ژمارە 5 ـ 6، 1998، ل 285 ـ 312. هەروەها: ت. زەرگۆن "ڕێبازە سۆفییەکان و شەفاعەتی پیاوچاکان لە تەتارستان و ئاسیای ناوەڕاستی سەردەمی ڕووسیاو سۆڤییێت و پاش سۆڤییێتدا"، لە کتێبی تورکەکان *The Turks*، (ئەنقەرە: یەنی تورکییە، 2000)، ل 93 ــ 100. هەمان نووسەر "پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان سۆفیزمی پێش سۆڤییێت و پاش سۆڤییێت لە دۆڵی فەرغانەدا (ئۆزبەکستان): تەریقەتی نەقشبەندی لە نێوان نەریت و نوێگەریدا ـ بیدعەت"، لە کتێبی ماساتۆشی کیسایچی: "بزووتنەوە میللییەکان و دیموکراتیزەبوون لە جیهانی ئیسلامیدا"، (لەندەن: ڕۆتلیج، 2006)، ل 43 ــ 56.

[13]بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی سەرکردە و چالاکییەکانی ئەم گرووپانە، بڕوانە بەختیار باباجانۆڤ "دۆڵی فەرغانە، سەرچاوە یان قوربانیی دەستی ئوسووڵێتی ئیسلامییە؟"، لە کتێبەکەی لینا جۆنسن و موراد ئیسینۆڤدا "ئیسلامی سیاسی و ناکۆکی و ململانێکان لە ڕووسیاو ئاسیای ناوەڕاستدا"، (ستۆکهۆلم: ئینستیتیوتی سوێدی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی، 1999)، ل 112 ـ 123 و نووسینەکەی تری "مشتومڕ لە سەر ئیسلام لە ئۆزبەکستانی هاوچەرخدا، دیدێك لە ناوەوە"، لە کتێبەکەی ستێفان ئە. دۆدۆینگۆن دا "کۆمەڵگەخواپەرستەکان لە بەرامبەر دەوڵەتە چەواشەکاندا، گواستنەوەی خوێندنی ئیسلامی لە ڕووسیا و ئاسیای ناوەڕاست و چیندا لە میانەی سەدەی بیستدا"، (بەرلین: کلاٚوس سکوارز ڤێرلاج، 2004)، ل 39 ــ 60.

[14]بۆ نموونە "تەسەوف ئێکی کامیل ئینسان ئەخلاقی" ، (تەشقەند: ئۆزبەکستان......) بە زمانی ئۆزبەکی

[15]کتێبەکە وەرگێڕدراوی لێکۆڵینەوەیەکی محەمەد نوروللاٚ سەیدەی جزیرییە، کە کوردێکی نەقشبەندیی بەناوبانگەو (ساڵی 1985 مردووە) و چاپی چوارەمی ئەم کتێبە ساڵی 1991 لە تورکیا بلاٚوبووەتەوە. محەمەد نووروللاٚ سەیدۆی جزیری "تەسەوف شیعرلەری"، تەشقەند: سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەی ئیسلامی لە ئۆزبەکستان، 2000)، ئۆریجیناڵەکە بە تورکییە و لە عەرەبییەوە وەرگێڕدراوە، "تەسەوفن شیعرلەری"، (چاپی چوارەم، ئەستەمبوڵ: زەمان، 1991)، سەنتەری نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوەی ئیسلامی لە ئۆزبەکستان دامەزراوەیەکی ئەکادیمییە و چەند ساڵێك لەمەوپێش حکومەت دایمەزراندووە.

[16] تێکستە ئۆزبەکییەکەی "تەسەوف شیعرلەری"، ل 91. 98. تێکستە تورکییەکەی "تەسەوف شیعرلەری"، ل 156 ــ 166.

[17]بڕوانە حامید ئالگەر "سۆفیزم و تەریقەت لە ژیان و کاری بەدیعوززەمان سەعید نوورسیدا"، (گۆڤاری مێژووی سۆفیزم، ژمارە (3)، ساڵی 2001 ـ 2002)، ل 199 ــ 221. هەروەها بەیرام باڵچی "قوتابخانە مژدەدەرەکانی فەتحوللاٚ گویل لە ئاسیای ناوەڕاستداو ڕۆڵیان لە بلاٚوکردنەوەی تورکیزم و ئیسلامدا"، گۆڤاری ڕوپێویی ئاسیای ناوەڕاست *CentralAsian Survey .21:2(2003):p 151-177.*

[18] لەبارەی پەیوەندیی نوورجو ( *Nurcu* ) بە تەریقەتی نەقشبەندیی ئۆزبەکەوە، بڕوانە زەرکۆن "پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان سۆفیزمی پێش سۆڤییێت و پاش سۆڤییێت لە دۆڵی فەرغانەدا"، ل 51 ــ 52.

[19] بڕوانە مەحموود ئەسعەد جۆشۆن "تەسەوفی ئیسلام و ئەخلاق" لە لایەن سەیفەدین سەیفوڵلاوە وەرگێڕدراوە، (تەشقەند: ئیستقلال، ساڵی 2000).

[20] لەبارەی ئەم تەریقەتەو رەشید ئیرۆڵەوە، بڕوانە حەمید ئەلگەر "ڕێبازی نەقشبەندی لە تورکیای کۆماریدا"، گۆڤاری راپۆرتی جیهانی ئیسلامی، ژمارە (1 ـ 3)، 1966، ل 59. هەروەها رۆشن چاکر "........"، (ئەستەمبوول: مەتیس، ساڵی 1996)، ل 65 ـ 72. م. شەفیق کۆکوسوز "ساداتی نەقشبەند"، (مەنزڵکۆیی ـ کاهتائەدیامان: مەنزیل ی. 1995)، ل 165 ـ 174. ئە. سەلاحەدین کیناجی، "ژیاننامەی شێخ سەید محەمەد رەشید ئیرۆڵ"، (مەنزڵکۆیی، 1996) . سەید عبدوڕەقیب ئیرۆڵ *"Yüce Naksbandi Tarikat"*، (مەنزڵکۆیی، کاهتا ـ ئەدیامان: مەنزیل، بێ مێژوو). زەرکۆن "سەرنج لە سەر چەندین شێخی سۆفیی هاوچەرخی کورد و خەلیفەکانیان لە ئەستەمبووڵدا"، گۆڤاری مێژووی ئیسلامی تر، ژمارە (5)، ساڵی 1998، ل 109 ــ 123.

[21] ئەو قوتابییە ئۆزبەکییەی تەریقەتەکەی لە فەرغانە بلاوکردەوە، لە ساڵی 1992 دا لە بورسە چاوی بە رەشید ئیرۆڵ کەوتووە.

[22] پەیوەندییەکی شەخسی لەو کەسەوە کە ڕێبازی مەنزڵکۆیی لە فەرغانەدا بلاوکردەوە، (ئەندیجۆن: ئۆکتۆبەری 1997).

[23] بۆ نموونە: من ئەم کتێبانەی خوارەوەم لە یەکێك لە نوێنەرانی تەریقەتەکە لە فەرغانە دەستکەوت. سەید عبدوڕەقیب ئیرۆڵ *"Yüce Naksbandi Tarikat"* ، (مەنزڵکۆیی، کاهتا ـ ئەدیامان: مەنزیل، بێ مێژوو)، لە گەڵ شێخ فەتحوڵلا "رابەری تەسەوف و ئەدەب و ئەخلاق"، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە لە لایەن ئەحمەد شاهینەوە (تورکیا) شوێنی بلاوکردنەوە و مێژووی چاپی نیە.

[24] لەگەڵ نمایشکردنێکی تەریقەتی نەقشبەندیدا بلاوکراوەتەوە " نووری ئیسلام" 22 (1993)، ل 2.

[25] وەرگێڕانی لە لایەن ئولوغ بەگ عەبدولوەهاب لە کتێبەکەی زورفارجۆن جوراییف "غەیبلەر خایلیدەن ئێنگان چراکلەر"، (تەشقەند: ئۆزبەکستان، 1994)، ل 317 ـ 334، تێکستە تورکییە ئۆریجیناڵەکەی هی: ساڵح ئوچان "نەقشبەندی شێخلەرینن موقەددەسی سۆزلەری"، (ئەستەمبووڵ، 1983).

[26] پەیوەندییەکی شەخسی لەو کەسەوە کە تەریقەتی مەنزڵکۆیی لە فەرغانەدا بلاوکردەوە، (ئەندیجۆن، ئۆکتۆبەری 1997).

[27] ئەم هەشت بنەمایە لە لایەن شێخ فەتحوڵلاوە تێبینی و لێکدانەوەی بۆ کراوە لە کتێبی "تەسەوف رابەری ئەدەب و ئەخلاقە"، ل 6 ــ 13. زۆربەی ئەم بنەمایانە دوعا و پاڕانەوەی تۆبە کردنن لەگەڵ تێڕامان لە مردن "تفکّر الموت" و پەیوەستبوون بە شێخەوە "رابیتە".

[28] شێخ ئەمین عەلائەدین نەقشبەندی "حەقیقەتی تەسەوف وە بەحسی ئەز تەریقەتی نەقشبەندییە"، (کابوڵ: موهادیی میللیی ئیسلامیی ئەفغانستان، 1992). ناوە بنەڕەتییەکە لە عەرەبیدا بەم شێوەیە "ماهو التصوّف" أو "ماهي الطريقة النقشبندية".

[29] لەبارەی بنەماڵەی گەیلانیی ئەفغانەوە، بڕوانە هیلینا مەلیکیار و ئەمین تەرزی "بنەماڵەی گەیلانی لە ئەفغانستان"، (گۆڤاری مێژووی سۆفیزم 2001 ـ 2002)، ل 93 ــ 102.

[30] لەبارەی ئەم ڕێبازەوە بڕوانە زەرکۆن "تۆڕەکانی سۆفیگەریی لە باشوری خینجیانگدا لە سەردەمی ڕژێمی کۆماریدا ( 1911 – 1949) چاوپێداخشاندنەوەیەك"، لە کتێبەکەی س. دۆدۆیگنۆن و هـ. کۆماتسو "ئیسلام و سیاسەت لە رووسیاو ئاسیای ناوەڕاستدا لە سەرەتای سەدەی حەڤدەوە بۆ کۆتایی سەدەی بیست"، (لەندەن: کیگان پۆڵ، 2001، ل 119ـ 132. هەروەها "ڕێبازە سۆفیگەرییەکان و شەفاعەتی پیاوچاکان لە سەدەی بیستەمی تورکستانی رۆژهەلات و خینجیانگدا"، لە گۆڤاری *The Turks* (ئەنقەرە: یەنی تورکییە، 2002)، بەرگی 6، ل 534 ــ 541.

[31] ئەم دەسنووسە هی کۆکراوەیەکی تاکەکەسییە لە یارکەند. لە ساڵی 1937 وەتا ئێستا، ئەم دەسنووسە و چەندین بەشی نوێ، گەلێ جار دابەشکراوە، یەکمجار بە کۆپیکردن (میمۆگراف) و پاشان بە چاپکردن، لە ناو ئەندامانی تەریقەتی ساقیبیەدا لە ژێر ناونیشانی

"کیتاب مەنبەعول ئەسرار ریسالەسی دورڕ". دانەری ئەم کتێبە عومەر عەلائەدینی جێگری زیائەدینی یارکەندییە (کە ساڵی 1952 لە یارکەند مردووە) و وەك باو بە شێخ ئەییوبی قاری ناسراوە. ئەو بەشەی مەرجی نۆیەم لەم کتێبەدا نیە.

(32) بناغەی ئەم سەرچاوە پێدەچێت ئەمانەبن: "البهجة السنيّة فی آداب الطريقة النقشبندية"، لە لایەن محمد بن عبدالله بن مصطفی الخانی الخالدي النقشبندی، کە لە رۆژئاوای ئاسیای ناوەڕاستدا دەستاودەستی کردووە، (القاهرة: دار الطباعة العامرة، 1885 ـ 1886) لە ناو ئەمانەدا مەرجی نۆیەم بریتییە لە (حەبسی نەفس، زیکری لا إله إلاّ الله مولاحەزەی نەخش، جەزبی إلاّالله بە قەلب، وقوفی قەلب، وقوفی عەدەدییە نیتاق زیکری ئێتماق، زیکری محەمەد رەسولوڵا ".. تاد.

(33) پەیوەندییەکی شەخسی لە ئورووەچی لە کۆبوونەوەیەکی ئەندامانی تەریقەتی نەقشبەندی ـ ساقیبیدا، ئۆکتۆبەری 2001.

(34) ساڵح ئوچان "نەقشبەندی شێخلەرینن موقەددەسی سۆزلەری"، (ئەستەمبووڵ، 1983).

(35) بڕوانە ستێفان رێشمووس "کاریگەریی پەرەسەندنە ناوخۆییەکان و ئەو پەیوەندییانەی لە جوغزی ولاتێك تێدەپەڕن لە سەر یەکتری، لە جیهانی ئیسلامیدا: بیروباوەڕ و بۆچوونەکان"، لە کتێبی ئە. ڤۆن کۆکلگەن و ئە. ج. فرانك "فەرهەنگ و کولتووری ئیسلامی لە رووسیا و ئاسیای ناوەڕاستدا، لە سەدەی هەژدەیەمەوە بۆ سەدەی بیستەم"، بەرگی 2 (بەرلین: کلاوس شوارز ڤێرلاج، 1998) ل 21 و ت. زەرکۆن "تۆڕی تەکێ و خانەقاکانی ئاسیای ناوەڕاست و هندستان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا سەدەکانی 17 ـ 20".

# 7

## میشێل کەمپەر

# تەریقەتی خالیدی لە باکووری قەوقاز و "موریدیزم": کێشە لە روانگەی رووداوەکانی مێژووەوە

بە شێوەیەکی گشتی باوەڕ وایە کە وا لقی خالیدیی تەریقەتی نەقشبەندی هێزێکی بڕیاردەر بووە لە مێژووی باکووری قەوقازی سەدەی نۆزدەیەمداو کەم تا زۆرێکیش لە سەدەی هەژدەیەم و بیستدا.[1] لە دیدی حەمید ئەلگەرەوە، مێژووی دوورودرێژی بەرهەڵستکاریی ئیسلامیی دژە کۆڵۆنیاڵ لە داغستان و چیچنیادا بەرچاوترین و

گونجاوترین حاڵەت بووە لەگەڵ گیانی خەباتگێڕیی خالیدیدا.[2] وەك ئاماژەیەك کەوا بەرگریی قەوقاز بەرەنجامی سروشتیی ڕێنمایی و ستراتیجی خالیدی بووە، بەپێی ئەم دیدو بۆچوونە، ئەو بیرو ئایدیایانەی لە لایەن مەولانا خالید و خەلیفەکانی لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا پەرەی پێدراوە، ئەو ئایدیایانەن کەوا مۆرکی بووژانەوەی سوننەیان پێوە لکاوە و ئوسوولییەکی توندن و"گیانی شەڕەنگێزییان تێدایە"و ئامانجیان بەرگری کردنە لە بەرژەوەندیی موسوڵمانان دژ بە دەس تدرێژیی ئەوروپاییەکان و گرێدراوە بە هەستی بەرپرسیاریی سیاسی و داشکاندنێکە بە لای "ئەکتیڤیزم"دا[3] و لە لایەن خەلیفەکانی خالیدەوە گواستراونەتەوە بۆ باکووری قەوقازو لەوێ زەمینەیەکی بەپیتیان بۆ ڕەخساوە. ئەلگەر ئەمە وادەبینێ کە بەرگریی ئیسلامی دژ بە ئیمپریالیزمی رووسی "بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ژێر سەرکردایەتیی شێخە نەقشبەندییەکاندا بەڕێوەچووە، وەك شێخ ئیسماعیل و جێگرەوەکانی".[4] لە دیدی ئەوەوە "دەکرێ جەخت لەوە بکرێت کە تەریقەتی خالیدی لە پاکژترین و تەواوترین شێوەیدا لە قەوقازدا ماوەتەوە".[5]

ئەم ئایدیایە زیاتر لە لایەن لێکۆڵەرانی وەك ئاننا زەلکیناوە پشتیوانیی لێدەکراو پەرەی پێدەدرا، کەوا تەریقەتی نەقشبەندییان وەك "هێزێکی ئاڕاستەکاری سەرەکی" لەقەڵەمدەداو کەوا لە پشت گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئاینی و سیاسیی چیچنیاو داغستانی سەدەی نۆزدەیەمەوەیەو بۆ ئەویش (واتە ئاننا زەلکینا) و "پێکهاتەیەکی ئاینی" لە شێوەی تەریقەتی سۆفیگەریی خالیدیدا گۆڕاوە بە "بزوتنەوەیەکی سیاسی و پێکهاتەیەکی دەوڵەتی".[6] ئەم لێکدانەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە سەرچاوە رووسییەکان دەبەستێ، بە تایبەتی گێڕانەوەو باسوخواسی ئەفسەران و شیکارانی سەدەی نۆزدەیەم کەوا "موریدیدزم" یان بە دوژمنی سەرەکیی خۆیان دەزانی و بەمجۆرە بەرگریی ئیسلامییان لەگەڵ سۆفیزم پێناسە دەکرد. ئەڵبەتە روون و ئاشکرابوو بۆ هەموو کەسێك کە ئاگادار یان بەشداری شەڕی قەوقاز بوو کەوا بەرگریکردنی ناوخۆیی سوپای رووسیا بەندبوو بە قەناعەتی چەسپاوی ئاینیەوە تاڕادەی (دەمارگرژی) و کەوا نهێنیی سەرکەوتنی هەر سێ ئیمامەکە: غازی محەمەد ( 1830 ـ 1832)، هەمزەت بەگ (1832 ـ 1834) و شامیل ( 1834 ـ 1859) ئەو پەیوەندییە چەسپاوەی نێوان سەرکردەیەکی کاریزمییە وەك (ئیمام یان شێخ) و شوێنکەوتوانێتی بۆ نموونە (مورید و شێخ) لێرەدا تێرمی ئایدیۆلۆجیی "موریدیزم" بووە بە کاڵایەك و بە باڵای تەواوی بەرگریی ئیسلامیدا بڕاوە.

ئەم بابەتە بەنیازە چەند پرسیارێك گەڵاڵە بکات سەبارەت بەم لێکدانەوەیەی مێژووی تەریقەتی خالیدی لە باکووری قەوقازدا. بۆ دڵنیابوون نکوولی لەوە ناکرێت کەوا تەریقەتی خالیدی رۆڵێکی زۆر گرنگی بینیوە لە داغستان و چیچنیا یان (چیچانستانی) سەدەی نۆزدەهەمدا. بەهەرحاڵ، بە پشتبەستن بە سەرچاوە ناوخۆییەکانی داغستان بە زمانی عەرەبی، من قەناعەتم هەیە کە پەیوەندیی لە نێوان ڕێبازی سۆفیگەری لەلایەکەوە و بەرگریی ئیسلامی و ئیمامەتی پەرەسەندوو لەلایەکی ترەوە پێدەچێت زۆر لەوە ئاڵۆزتر بێت کە تا ئەمرۆ پەی پێبرابێت. بە تایبەتی من دەمەوێ بەرەنگاری ئەو دیدو بۆچوونە باوانە ببمەوە کەوا جیهاد بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن ڕێنمایی خالیدییەوە بەرپاو رابەریی کرابێت و کەوا شێخە خالیدییەکان بەشدار بووبێتن لە سەرکردایەتیی بزووتنەوەکەدا

یان تەنانەت لە شەڕ و کوشتاری چالاکدا، یان کەوا هەرسێ ئیمامەکە خۆیان بە شێخی تەریقەتی خالیدی لەقەڵەم دابێت.
لێرەدا دەبێ ئەوە رەچاو بکرێت کە تەریقەتی خالیدی لە بارودۆخێکی زۆرتایبەتدا لە باکووری قەوقاز سەریهەڵداو پەرەیسەند، بۆ ئەم بارودۆخە نەك تەنها دەسدرێژیی کۆلۆنیالی هێزێکی ئەروپایی دەگەڕێتەوە، بەڵکو لە سەرووی هەموویەوە سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی ئەکتیڤیستی شەریعە، جیهادە کەوا رەنگی خۆی لە داب و نەریتێکی ناوچەیی بەهێزدا داکوتابوو لە مامەڵە کردنی یاساو دەستووری شەریعەت و عورف و عادەتدا.
سەرەڕای ئەوەش، مەسەلەی دروستبوونی حاڵەتێکی بە ئاشکرا ئیسلامی لەئارادا بوو بە سەرکردایەتی هەر سێ ئیمامەکە، کەوا میللەتانی جۆراوجۆری باکووری قەوقازی یەکخستبوو و بەرهەڵستیی داگیرکردنی سەربازیی ولاتەکەی دەکرد بۆ ماوەی زیاد لە سی ساڵ و دواجار ئابلۆوقەی کاریگەری رووس کە ماوەی چەندین ساڵ ولاتەکەی خستبووە باری دابڕانەوە. بەوپێیە لێکدانەوەیەکی نوێ دەبوو بە شێوەیەکی تایبەتی چاو ببڕێتە نەریتە ناوخۆییەکانی داغستانی و چیچانیەکان لەمەڕ هێز و دەسەلات و بەرگری لەجیاتی باسکردنی جیهاد بەو ئاسانیە و بە گەڕانەوە بۆ هێز و دەسەلات و بەرگری لەجیاتی باسکردنی جیهاد بەو ئاسانیە و بە گەڕانەوە بۆ کاریگەریی تەریقەتی خالیدی نەقشبەندیی "هاوردە".

## لقی داغستانی تەریقەتی خالیدی

نەقشبەندی لەگەڵ هەرێمی موسوڵمان نشینی ئیمپراتۆرێتی رووسیادا ئامادەگیی هەبوو، بە تایبەتی لە ئاسیای ناوەڕاست و هەرێمی ڤۆلگا ـ ئوورال و قەوقازدا، ئاسیای ناوەڕاست، بە سەنتەرەکانیەوە لە بوخارا و سەمەرقەند لە ترانسۆخانیا (ماوراء النهر) لانکەی رێبازی نەقشبەندی بوون لە سەدەی چواردەداو لێرەوە تەریقەتەکە بلاوبووەتەوە بۆ هندستان و ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و لەوێشەوە بۆ ناوچەکانی ڤۆلگا ـ ئوورال. لە میانەی سەدەی هەژدەیەمدا لقی موجەددیدیی تەریقەتی نەقشبەندی جێگەی رێبازەکانی تری نەقشبەندیی گرتەوەو دەستبالایی پەیداکرد لە ولاتی ترانسۆخانیادا لە ماوەی تەواوی سەدەی نۆزدەیەمەمدا.[7] داگیرکردنی تورکستان لە لایەن رووسیاوە و بەزینی میرنشینەکانی خیڤا و بوخارا (کە بەدوای یەکدا لە ساڵانی 1868 و 1873 دا خرانە ژێر پارێزگاریی رووسیاوە) کاری نەکردە سەر کاریگەریی و دەستبالایی کۆمەلایەتی و سیاسیی شێخە نەقشبەندییەکان. ئاسەوار و فەرهەنگی نەقشبەندی لە گەشەیەکی باشدا بووە لە رۆژگاری سەرەتای سۆڤیەتدا.[8]پێدەچێت کە تەنها لە یەك تاقە نموونەدا شێخێکی ناوداری نەقشبەندی لە راپەڕینێکی دژە کۆلۆنیەوە ئالاوە، ئەویش یاخیبوونی ساڵی ( 1898) ی دۆڵی فەرغانە بووە بە سەرکردایەتیی دوقچی ئیشان، کەوا سوپای رووسیا بەخێرایی سەرکوتی کردووە. [9] لە زۆربەی حاڵەتەکاندا شێخە نەقشبەندییەکان خۆیان لەگەڵ حوکمی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی رووسدا گونجاندووە لە ناوچەکەدا.

نەقشبەندییەکانی ئاسیای ناوەند پەیوەندیی نزیکیان هەبووە لەگەڵ تەتار و باشکیرەکانی ڤۆلگا ـ ئووراڵدا، کە لە ناوەڕاستی سەدەی شانزەوە لە ناو ئیمپراتۆریێتی رووسیادا دەژیان. بە زیادبوونی کاروانی بازرگانی لە دەشت و بانی کازاخدا لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا، فەقێ و قوتابیانی ناوچەکانی ڤۆلگا ـ ئوراڵ بە ژمارەی گەورە دەهاتن بۆ بوخارا و سەرمەرقەند بۆ دەرس خوێندن لای مودەڕیسەکانی ئەوێ، کەوا زۆربەیان سەربەتەریقەتی نەقشبەندی بوون. ئەم قوتابی و لێکۆڵەرانە کاتێ دەگەڕانەوە بۆ زێد و مەڵبەندی خۆیان تەریقەتی نەقشبەندییان بلاوەکردەوە و (بەزۆریش لقی موجەددیدی) لە هەرێم و ناوچەکانی ناوەڕاستی ڤۆلگا ـ ئووراڵدا. لەبەر ئەو هۆکارە پەرەسەندنی رێبازی نەقشبەندی لەم ناوچانەدا زۆر بەستراوە بە چالاکییەکانی چەندین کەس لە شێخە ناودارەکانی موجەددیدی لە بوخارادا (بە تایبەتی نیازقولیی تورکمان لە ساڵی 1821 دا کۆچی دوایی کردووە و عوبەیدوڵلای کوڕی و گەلێکی تریش)، هەروەها لە کابولیش (فەیزی خانی کابولی کە ساڵی 1802 کۆچی دوایی کردووە و خەلیفەکانی). لە سەدەی نۆزدەیەمدا کازان و ئووفا و ستێرلیباشیفۆ و چەند سەنتەرێکی تری هەرێمی ڤۆلگا ـ ئووراڵ بوون بۆ خوێندنی ئیسلامی، کەوا زۆربەی مامۆستایان و سۆفییەکانی چووبوونە سەر رێبازی نەقشبەندیی موجەددیدی.[10] دیسان هیچ یاخیبوونێکی ئاشکرای شێخانی سۆفی بەدینەکراوە لەم ناوچانەدا و لە سەدەی نۆزدەیەمدا لەبری ئەوە شێخە نەقشبەندییەکان بەتەواوی چووبوونە نێو دەستەی رۆحانیی ئیسلامییەوە و زۆرێك لە موفتییەکانی دەستەکە قوتابی شێخە نەقشبەندییەکانی ئاسیای ناوەڕاست بوون.[11] بەلام لە واعیزەکانی دێهات کە پەیوەندیداری نەقشبەندی بوون (وەك عەبدولڕەحیمی ئۆتس ئیمامی بولغاری، کە لە 1834 دامردووە) لەم پرۆسەی چوونەناو دەستەیەوە بەشدار نەبوون و بەرگریی ئەوان بۆ نەگونجان لە گەڵ حوکمی نائیسلامیدا بەتەنها بەند نەبوو بە ئێتیکی نەقشبەندییەوە، بەڵکو پێش هەموو شتێك بەندبوو بە لێکدانەوەی جیاجیای یاسا و دەستووری حەنەفییەوە.[12]

لە کۆتایی سەدەی دوانزەهەمدا، رێبازی خالیدی لە ناوچەکانی تەتارو باشکیردا بلاوبووەوە لە سەر دەستی شێخانی وەك زەینوڵلا رەسوولیی خەڵکی ترۆیتسك (لە ساڵی 1917 دا مردووە و خۆیشی خەلیفەی زیائەددینی گویمشخانەویی بووە) و جێگرەکانیشی کەسانی وەك محەمەد موراد ئەلەنزیلاوی ئەلرەمزی بووە (کە لە ساڵی 1934دا مردووە).[13] لە هەمان سەردەمدا، شێخێکی نەقشبەندیی موجەددیدی بەناوی بەهائەدین وەیسی (ڤایسۆڤ) هاوکاری و هەماهەنگیی رەتکردەوە لەگەڵ دەسەلاتدارانی دەوڵەت و ئەو شێخ و زانایانەشدا کە پەیوەستی دەوڵەت بوون. بزووتنەوەکەی ڤایسۆڤ بە ئاشکرا وابەستەی چاوەڕوانی و پێشبینیی هەزارە بوو، لە دەوروبەری ساڵی 1882 / 1883 دا و گریمانەی ئەوە هەیە خۆی بە مەهدیی چاوەڕانکراو دانابێت. ڤایسۆڤ ئەو شێخ و زانایانەی بە کافر دادەنا کە پەیوەندییان بە دەوڵەتەوە هەبوو، بەلام نەیدەویست نە لە دژی ئەوان و نە لە دژی دەوڵەت دەست بداتە چەك، ئەگەرچی ئامۆژگاریی یاخیبوونی مەدەنی و بەرهەڵستکاریی ناسەربازیی دەکرد بەرانبەر بە هەموو دەسەلاتداران. لەڕاستیدا ئەو کۆڕ و کۆمەڵی خۆی هەبوو لە کازان و چەندین گوندی تاتاردا، (بەهەمان شێوە لە هەندێ گوندی تورکستانیشدا) و زۆربەیان لە ساڵی 1884دا لە لایەن دەسەلاتدرانی رووسیاوە هەڵوەشێنرایەوە.[14] لێرەش دیسان جیهاد دروست نەبوو.

وەك ئەنجامگیرییەك، تۆڕێكی بەربلاوی شێخانی نەقشبەندی و قوتابیان كە لە ئاسیای ناوەڕاستەوە گەیشتبوونە ناوچەكانی ڤۆلگا ـ ئوورال و ئێمە دەتوانین شوێن گواستنەوەی زانیاری بكەوین لەڕێگەی تۆڕەوە لە سەدەكانی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا تادەگاتە سەردەمی سۆڤیەت و دواتریش، لێشاوێكی بەردەوامی تاكەكەس و كتێب و ئایدیا گرێدراوی ئەم ناوچانەن لەكاتێكدا ڕێنمایی سۆفی و لێكدانەوە نوێیەكانی (وەك ئەوەی ڤایسۆڤ) بە هەردوولادا بلاودەبوونەوە و تەنانەت لە ژێر حوكمی رووسیاشدا.

لەباكووری قەوقازدا، وێنەیەكی تەواو جیاواز سەریهەڵدا سەرچاوە داغستانیەكانی وەك فەرهەنگی ژیاننامە ئاسای نازر ئەلدورگیلی [15] و نووسینەكانی شێخە نەقشبەندییەكانی وەك محەمەد ئەلیەراغی و جەمالەدین ئەلغازی غوموقی باس لە هیچ بوونێكی نەقشبەندییەكان ناكەن لەداغستان یان لەشیچنیادا لەپێش سەرەتاكانی سەدەی نۆزدەیەمدا.

هەندێ لێكۆڵەرەوان وایبۆدەچن كە بزووتنەوەی شێخ مەنسوور لە چێچنیاو كەبەرداو و باكووری داغستان ئیلهامبەخشی نەقشبەندییە.[16] بەلاّم ئەم گریمانەیە هیچ سەرچاوەیەكی ناوخۆیی پشتگیریی لێناكات، راستێكەی بزووتنەوە كورتخایەنەكەی مەنسوور كە لە دەوروبەری ساڵی 1785 ـ 1786 دا بەرپابوو زیاتر پشتی بە چاوەڕوانیی رزگاركەر دەبەست وەك لە هەر ڕێنماییەكی سۆفییانە. [17] رەنگە لە داغستاندا نەقشبەندیی بووبێتن لەپێش تەریقەتی خالیدیدا، بەلاّم شوێنەواریان ونبووە، یان خالیدی جێی گرتوونەتەوە.[18]

بەپێی سەرچاوەكانی نەقشبەندی لە داغستان، خەتی خالیدی لە سالاّنی 1820كانەوە لە داغستاندا كەوتووەتە بلاّوبوونەوە. هەموو كارەكانی ژیاننامە نووسینەوە و كارەكانی تر كۆكن لە سەرئەوەی كەوا ئیسماعیلی كوردەمیریی خەڵكی شیروان (كە ئەمڕۆ باكووری ئازەربایجانە) ڕێنمایی خالیدیی گواستووەتەوە بۆ داغستان. ئیسماعیل خەلیفەیەكی مەولانا خالید بووە و بە فەقێیەتی پێكەوە لە كوردستان لە شاری سلێمانی خوێندوویانە. لە شیروان ئیسماعیل قوتابییەكی دەبێت بە ناوی خاس محەمەدی شیروانی، ئەمیش لەگەڵ محەمەد یەراغی پێكەوە خوێندوویانە و پسپۆڕێكی ناسراو بوو لە فیقهـ و زانستە ئیسلامییەكانی تردا و لە گوندی لەزگێنی ناوچەی یەراغدا ژیاوە لە باشووری داغستان. خاس محەمەد پاش ئەوەی ئیجازە لە ئیسماعیل وەردەگرێ هەردوكیان دەچنە سەردانی ئیسماعیل لە شیروان و دواجار یەراغیش ئیجازەی لە ئیسماعیل وەردەگرێت[19] و كە دەگەڕێتەوە بۆ داغستان دەبێتە كەسێتییەكی گەورە و چەقی بلاّوكردنەوەی تەریقەتی خالیدی لەوێ. جەمالەدین ئەلغازی ـ غوموقی یەكێك بوو لە خەلیفەكانی و دواتر بوو بە شێخێكی زۆر بەناوبانگ، پاشان دوان لە قوتابیەكانی كە هەردوو ئیمام (غازی محەمەد و شامیل)ن، بوون بە دوو ڕابەری ناوداری جیهاد [20] و زنجیرەیەك تەمەسسوكی نەپچڕاویان لە مەولانا خالیدەوە گواستەوە بۆ شێخ شامیل. هەروەها شێخی تریش دەڵێن كەوا ئیجازەیان لە یەراغی وەرگرتووە، بەلاّم سەرچاوەكان جیاوازیی بەرچاویان تێدایە لەو رووەوە. بەلاّم لە حاڵەتی شێخ عەبدولڕەحمانی سوغووریدا (كە لە ساڵی 1882دا كۆچی دوایی كردووە)، زۆر بەناوێ و كاریگەر بوو، هەندێ سەرچاوە باس لەوە دەكەن، كەوا ئیجازە لە محەمەد ئەلیەراغی و بێجگە لەو ئیسماعیلی كوردەمیریش وەریگرتووە.[21] بەلاّم ركابەرەكانی خالیدی ئیدیعای ئەوە دەكەن كە هەرگیز ئیجازەی وەرنەگرتووە. [22] ئێمە كاتێ ئەم پەرەسەندنەی ناوچەی قەوقاز بەراورد دەكەن لەگەڵ

بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندیی لە ئاسیای ناوەڕاست و هەرێمەکانی ڤۆلگا ـ ئووراڵدا، مەسەلەکە سەیر و سەرسامکەرە کەوا نەقشبەندی زۆر دەمێك نەبوو چووبووە داغستانەوەو لە ماوەیەکی کورتدا لە سەر دەستی تاقە کەسێکدا بڵاوبووەوە، کە ئەویش ئیسماعیل ئەلکوردەمیری ئەلشیروانی بوو. باشە ئەم گواستنەوەیە لە شیروانەوە بۆ باشووری داغستان چۆن دروستبوو؟ ئایا ئیسماعیل ڕێنمایی و ئامۆژگاریی تایبەتی پێبوو بۆ ڕاکێشانی داغستانیەکان؟ بیروبۆچوونی گشتی وەك لە زۆربەی کاری ئێستای ڕۆژئاواییەکاندا دەردەکەوێت لە سەر بڵاوبوونەوەی خالیدی لە داغستاندا ئەوەیە کە ئیسماعیل بیروبۆچوونی "جەنگاوەریی" مەولانا خالیدی بڵاوکردەوە و پەرەی پێدا و لە ئەنجامی زیادکردنی فشاری ڕووسیا لە سەر میرە موسوڵمانەکانی داغستان و کۆڕ و کۆمەڵی داغستانیەکان، بیروباوەڕی خالیدی کەوتە زەمینەیەکی بەپیت و وەرچەرخا بۆ بزووتنەوەیەکی جیهادی.[23] ئەم ئایدیایە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە کارەکانی پروشانۆڤسکیی ئەفسەری سوپای ڕووسیا (کە لە ساڵی 1843دا نووسراوە) و شاعیر و نووسەری ئەڵمانی فەریدریك بۆدێنشت (1848)[24] دەبەستێت. هەردوو دانەرەکە بە وەسفێکی سەرنجڕاکێش باس لەوە دەکەن کە چۆن ئیسماعیل ڕێنمایی و ئامۆژگاریی قوتابیەکانی کردووە (بەتایبەتیش بۆ یەراغیی خەڵکی داغستان) کە چەند پێویستە ڕووس لە خاکی موسوڵمانان دەرپەڕێنن و جاڕی جەنگی جیهاد بدەن. وەك دەوترێ ئەم قسە و باسانە لە باخەکەی ئیسماعیلدا لە کوردەمیر کراون. بۆندێنشت ئیدیعای ئەوە دەکات کە دەسنووسێکی عەرەبیی کۆنی لەژێردەستدا بووە کەوا هەموو ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکی ئیسماعیل و یەراغیی تێدابووە. بەهەرحاڵ، ئەم دەسنووسە تائێستا نەدۆزراوەتەوەو بەزۆری لەوە ناچێت کورتەیەکی لەو چەشنەی قسەو باسی ناوبراوان هەر بوونی هەبووبێت. ئەم شێوازی وەسفکردنی بۆندێنشتە ئەوە دەگەیەنێت کە گێڕانەوەکەی لەمەڕ تکاو داواکاریی کوردەمیری خەیاڵێکی شیعریی بووبێت و بە بنەمای خەیاڵ و تێڕامان درووستکرابێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت گێڕانەوەکەی هێشتا هەر بەهایەکی بەرچاوی هەیە لای توێژەران.[25]

جەنەراڵەکانی ڕووسیا و تەنانەت ڕۆژهەڵاتناسانیش بیروبۆچوونێکی ڕوونیان نەبوو لە سەر ئەوەی لەڕاستیدا چ تەریقەتێك "موریدیزم"ی دنە دەدا. لە دیدی پروشانۆڤسکییەوە بزووتنەوە جیهادییەکەی شامیل و بەرپاکردنی حاڵەتی پشێوی بریتیبوو لە "ڕاسپاردەو ڕێنمایی تەریقەتێکی نوێ و لادەر"، بەڵام ئەو نەیدەویست بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی هیچ تەریقەتێکی تایبەتی. ئەڵبەتە ڕۆژهەڵاتناسی ڕووس نیکۆلای خانیۆکۆڤ لە ساڵی 1847دا پەیوەندیی نێوان "موریدیزم" و نەقشبەندیی دۆزییەوە.[26] ئەودەمە زاراوەی خالیدیی بە هیچ شێوەیەك لە باس و شیکردنەوەکانی ڕووسیای سەدەی نۆزدەیەمدا بەدیار ناکەوێت.کەواتە سەرچاوە عەرەبیەکانی خالیدیی ئێستا لەبارەی ئیسماعیلی کوردمیرییەوە چیمان پێدەڵێ؟ زۆربەی زۆر ژیاننامە نووسە ناودارە سووری و عێراقیەکان (کە لەڕادە بەدەر پەسن و ستایش دەهۆننەوە) باسی ئەم لەنێو ئەو خەلیفانەدا دەکەن کەوا (ئیجازەی موتڵەقە) ی لە مەولانا خالید وەرگرتبێت لە سلێمانی. ئیسماعیل وا لە قەڵەم دەدرێ کە لە ڕیزی نزیکترین خەلیفەکانی مەولانا خالیدەو گەڵێ زیرەکی و بلیمەتیی لەو تەریقەتەدا بەرجەستە دەکات. هەروەها ژیاننامە نووسەکان ئیشارەت بەنامەیەکی زۆر توندی مەولانا خالید دەدەن کەوا سەرزەنشتی ئەم خەلیفەیەی دەکات لەبەرئەوەی "ڕابیتە" ی موریدەکانی بەخۆیەوە دەبەستێ نەك بە مەولانا خالیدەوە و بەو ڕێوڕەسمەی کە ئەم دایناوە.[27] پاشان لەمە زیاتر

ئەنجام و دەرکەوتەکانی ئەم شەڕ و ناکۆکییەی نێوان سەرۆکی تەریقەتی خالیدی و جێگرەی باسی لێوە نەکراوە. سووربوونی مەولانا خالید لە سەر ئەوەی کەوا "رابیتە" بە خودی خۆیەوە گرێبدرێت بەگشتی والێکدەدرێتەوە کە بۆ مسۆگەرکردنی پلەو پایەی ناوەندیی خۆی و لە هەمانکاتیشدا یەکێتیی لقی تەریقەتەکەی و وا لە خەلیفەکان بکات پشت بەو ببەستن.[28]

بەمجۆرە هەموو ئەوەی لەبارەی ئیسماعیلەوە دەیزانین لەم سەرچاوانەوە ئەوەیە کەوا ملکەچی مورشیدەکەی نەبووە وەك مەرکەزیەتێکی خالیدی لە هەڵسوکەوت و رەفتاری سۆفییانەدا.

نامەکە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم ناکۆکییە لەکاتێکدا بووە کە ئیسماعیل لەوپەڕی جموجووڵ و چالاکیدا بووە نەك هەر لە قەوقازدا بەڵکو لە رۆژهەلأتی ئەنەدۆڵیشدا لەبەرئەوەی مەولانا خالید لە سەر ئەوەش سەرزەنشتی کردووە کەوا رکابەریی لەگەڵ خەلیفەکانی تردا کردووە لە ناوچەکانی ئەزرنجان و بەتلیسدا. بەهەرحاڵ، زۆربەی سەرچاوەکانی تەریقەتی خالیدی لە ویلایەتە عەرەبیەکانی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا تەنانەت باس لەوەش ناکەن کە ئیسماعیل چالاك بووە لە قەوقازداو کەوا ئەو بووە کە خالیدیی لە باکووری قەوقازدا بلأوکردووەتەوە. [29] باشەرێی تێدەچێ کە خالیدییەکان لە ولأتانی عەرەبدا ئاگایان لە رۆڵی تەریقەتەکەیان نەبێ لە جەنگی باکووری قەوقازدا دژ بە رووسەکان؟ دەزانین کەوا شامیل و بەرگریی داغستانی و چیچانی دژ بە رووسەکان زۆر بەناوبانگ بوون لە ناو دانیشتوانی موسوڵمانی دیمەشق و شارەکانی تردا. بەڵگەی ئەمەش نامەو نامەکاریی ماوەیەکی کورت، بەلأم گەرمی نێوان شامیل و عەبدولقادر جەزائیریدا بووە، لەو ماوەیەدا کە ئەمی دووەمیان لە دیمەشق ئاوارە بووە لە سالأنی 1860 کاندا.[30] ئەی کەواتە بۆچی سەرچاوە خالیدییەکانی سەدەی نۆزدەیەم باس لە ئیمامەکانی داغستان ناکەن وەك برای خۆیان لە تەریقەتەکەدا؟

یەکەمین ناوهێنانی روون و ئاشکرا لەبارەی جیهادی قەوقازەوە لەئەدەبی ژیاننامە نووسی خالیدیدا ئەوەی محمد إبن سليمان البغدادی یە بە ناوی "الحديقة الندية" کە لە ساڵی 1895 دا چاپکراوە.[31] بە پێی ئەم نووسینە بێت، هەردوو ئیمام و موجاهید "شێخ قازیی ـ مەلا (کە بە ئاشکرا ئاماژەیە بۆ غازی محەمەدی یەکەمین ئیمام) و "شێخ" شامیل، کە خەلیفەی ئیسماعیلی کوردەمیری بوون. لەبەرئەوەی نووسەری بنەڕەتیی ئەم کارە ئەدەبییە، محمد إبن سليمان البغدادی، وەك دەوترێ لە ساڵی 1818 ـ 1819دا مردووە[32]، کەوابوو بڕگەی باسکراوی سەرەوە لە سەر شامیل (کە لە سالأنی نێوان 1834 و 1859 دا حوکمی کردووە) ناکرێ لە لایەن ئەلبەغدادیی خۆیەوە نووسرابێت بەڵکو دەبێ دواتر خرابێتە سەری، کەوا ئەگەری ئەوە هەیە لە لایەن ئەسعەد ئەلساحێبی نووسەری "الحديقة..." وە بووبێت لە ساڵی 1895دا. ئەسعەد ئەلساحێب کوڕی مەحموود ئەلساحێبی برا بچووکی مەولانا خالیدە (کە لە ساڵی 1866 دا کۆچی دوایی کردووە) و بەم رەنگە برازایەکی خالید بە گەرمی چووەتە ململانێی دەسەلأتدارییەوە لە لقی شامی تەریقەتی خالیدیدا. بلأوکراوەکانی أسعد الصاحب لە نێو ئەو نووسینە سەرەکییانەدان لەبارەی لقی تەریقەتی خالیدییەوە کەوا لە لایەن زۆربەی دانەر و نووسەرەکانی دواترەوە ئاماژەیان پێدەکرێت. سەبارەت بە تێهەڵکێشکردنەکەی: أسعد الصاحب لە سەر ئیسماعیل و هەردوو ئیمامەکە لە کتێبی "الحديقة" ی بەغدادیدا، ئەوە دەگەیەنێت کە تاڕادەیەك نامە گۆڕینەوە بووە و سوود لە کۆمێنتەکانی ئەسعەد وەرگیراوە لە سەر ئیسماعیل لە

كۆكراوە بەناوبانگەكەی نامەكانی خالیدیدا "بغية الواجد في مكتوبات حضرة مولانا خالد" كە لە ساڵانی 1915 ـ 1916 دا لە لایەن ئەسعەد ئەلساحێبەوە بلاَوكراوەتەوە، هەرچۆنێك بووە لە هەردوو "الحديقة..." و "بغية..." دا نووسەر بە ئاشكرا بێئاگابووە لە دوو یان سێ پەیوەندیی "سیلسیلە" لە نێوان ئیسماعیل و شامیلدا و (بە تایبەتی هەردوو شێخە داغستانیەكە محەمەد ئەلیەراغی و جەمالەدین ئەلغازی ـ غموقی)، ئەو پەیوەندییانەی كەوا هەمیشە حازرن لە كارەكانی رێبازی خالیدیدا لە داغستان. بەم پێیە دەبێ رەچاوی ئەوە بكەین كە نووسەری ئەم بڕگەیە سەرچاوە داغستانیەكانی لەبەردەستدا نەبووە.ئەم لێكدانەوەیە ئەو راستییە پشتگیریی لێدەكات كەوا ناوی غازی محەمەد كراوە بە (مەولانا ئەلشەیخ قوزی ـ موللا) كە بە ئاشكرا گواستنەوەیەكی شێواوی شێوە (قازیی ـ موللا) یەو لە سەدەی نۆزدەیەمەمدا نووسەرەرووسەكان بۆ غازی محەمەد بەكاریانهێناوە [33] ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی كەوا أسعد الصاحب ئەم زانیاریانەی كە لە سەر پەیوەندیی سۆفیگەریی نێوان ئیسماعیل و هەردوو ئیمامەكە لە سەرچاوەیەكی رووسی یان رۆژئاواییەوە بەدەستهێناوە.

پێدەچێت لەپێش كۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەمدا خالیدییەكانی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی زۆر ئاگایان لەو رۆڵە نەبووبێت كە تەریقەتەكەیان لە بزووتنەوەی جیهادی باكووری قەوقازدا گێڕاوێتی و تەنها لەوەوپاش زانیارییان دەستكەوتووە لەبارەی ئەم پەیوەندییەی سۆفیگەرییەوە لە رێگەی سەرچاوە ئەوروپییەكانەوە.

تەریقەتی خالیدی رێك لەو كاتەدا داغستان بلاَوبووەوە كەوا "لقی سەرەكی" یان لە دیمەشق تووشی قەیرانێكی قووڵ هات. كۆچی دوایی مەولانا خالید لە ساڵی 1827 دا و مردنی ئیسماعیلی هەنارانیی جێگرەوەی خالید لە هەمان ساڵدا، تەریقەتی خالیدی دیمەشقی پێكهاتەی مەركەزی خۆی لەدەستدا، هەروەها بە شێوەیەكی روو لەزیاد تووشی دەستێوەردانی تەمومژاویی دەوڵەت بوو بە شێوازێكی رێكخراوی یەك لە دوای یەك بە هۆی گومانی سوڵتانی عوسمانی، مەحموودی دووەمەوە.[34] باری ركابەری و ناكۆكیی چەندین بنەماڵە و تاقم بۆ سەركردایەتی كردنی تەریقەتەكە بە درێژایی چەندین ساڵ پێدەچێت وایكردبێت كە پەیوەندیی دەرەكیی بە ناوچەكانی چەشنی باكووری قەوقازەوە بچڕابێت.

بە گشتی دەتوانین وایدابنێین كەوا لقی نەقشبەندیی داغستان بە شێوەیەكی دابڕاو لە هاوڕێبازە سووری و عێراقی و كوردەكانی پەرەیسەندبێت. هەروەها ئەم دابڕانەش لەئەنجامی ئابلۆوقەدانی رووسیاوە بوو بۆ سەر داغستان و چیچنیا، چونكە قەوقازی باشوور (ئازەربایجان) و بە هەمان دەستوور قەوقازی رۆژئاوا لەگەڵ جۆرجیا و لێوارەكانی دەریای رەش، لە لایەن هێزەكانی رووسیاوە كۆنترۆڵ كرابوو. هیچ ئاماژەو بەڵگەیەك لە سەرچاوە مێژووییەكاندا نیە، چ رووسی بن یان عەرەبی، كەوا هیچ شێخێكی تەریقەتی خالیدی لە خاكی عوسمانیدا (بە خودی ئیسماعیلی كوردەمیریی خۆیشیەوە، كە واباسدەكرێت لە شاری ئەماسییەی ئەنەدۆڵ كۆچی دوایی كردبێت لە ساڵی 1860 یان 1861 دا) چووبێتەی داغستانەوە لە سەردەمی جیهاددا و پەیوەندیی بە لقەكانی ترەوە بووژاندبێتەوە.[35]

ئەم مۆرك و تێگەشتنە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئەدەبی خالیدیی بە ئەسڵ عوسمانی یان عەرەبی لە كتێبخانەكانی داغستاندا، من ناتوانم هیچ كتێبێك یان دەسنووسێكی خالیدییەكانی غەیرە داغستانی لە داغستاندا بدۆزمەوە. تەنانەت ئەوەی بە كتێب و كۆكراوەی شامیل ناودەبرێت و لە كتێبخانەی زانكۆی پرینستۆنە (لە ئەمەریكا ـ و)

نووسینی هیچ خالیدییەکی تێدانیە لە دەرەوەی داغستان.[36] بێجگە لەوەش، لە نووسینی مێژوویی و بایۆگرافی و هاگیۆگرافیی داغستان خۆیدا هیچ بەڵگەو ئیشارەتێك نیە بۆ تاقە كارێك یان تەنانەت نامەیەك كە لە لایەن مەولانا خالید یان خەلیفەكانیەوە نووسرابێت، بگرە خودی ئیسماعیلی كوردەمیری خۆیشی كار و نووسینێكی جێنەهێشتووە، وەسێتێكی گشتی نەبێت "پەیمانی رۆحی" لە بارەی بەها رەوشتییەكانەوە، بێ هیچ ئیشارەتێك بۆ جیهاد.[37]
ئەڵبەتە مەولانا خالید و ئیسماعیل ناویان هاتووە لە هەموو "سیلسیلە" خالیدییە داغستانیەكانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا.[38] بەهەرحاڵ، لەم "سیلسیلە" و دۆعایانە و كارەكانی تریشدا مامەڵەیەكی تایبەت نەكراوە نە لەگەڵ خالید و نە لەگەڵ ئیسماعیلدا و تەنها وەك گوێزەرەوەی "بەرەكەتی" نەقشبەندی تەماشا كراون، رێك وەك لێكدەرانی تری سیلسیلەی پێش خۆیان. ئەمە بەو ئەنجامەمان دەگەیەنێ كەوا رێك وەك خالیدییەكانی ولاَتی عوسمانی هیچ شتێكیان لەبارەی خالیدییەكانی داغستانەوە نەزانیوە، بەهەمان شێوە شێخەكانی داغستانیش رەنگە وێنەیەكی روونی رۆڵی خالید و پەیڕەویكارانیان لانەبووبێت لە بەشەكانی تری جیهانی ئیسلامیدا.بۆ دڵنیایی، كارەكانی محەمەد ئەلیەراغی و جەمالەدین ئەلغازی ـ غموقی بەشێكی باشیان لە سەر رێوڕەسمی تەریقەتی خالیدییە وەك (زیكر و رابیتە و موراقەبە و سوحبە و.. تاد)، بەلاَم هەمدیس بێ گەڕانەوە بۆ مەولانا خالید خۆی، لە هەرچەمكێكی سیاسیی تەریقەتی خالیدیی گەڕێ.
ئەڵبەتە ئەم سەرنج و مشتومڕانەی كە هێجگار نێگەتیڤن بەندن بە ئەدەبێكی نووسینی سنووردارەوە و شوێنەواری دۆزراوەی نوێ، رەنگە راستەوخۆتر تیشك بخاتە سەر پەیوەندییەكانی نێوان لقەكانی تەریقەتیخالیدی،مەسەلەكە روونە كەوا جیهاد لە داغستاندا ناكرێ هەروا یەكسەری بە هاتنە ئاراى رێنمایی مەولانا خالید لێكبدرێتەوە هەر لەبەرئەوەی شێخەكانی داغستان خۆیان بردووەتەوە سەر تەریقەتی خالیدی.

## سەرەتاكانی بزووتنەوەی شەریعە / جیهاد و تەریقەتی خالیدی

سەرچاوە داغستانیەكان ئەوە پیشاندەدەن كەوا رێبازی سۆفیگەریی خالیدی و ئایدیای جیهاد لە ساڵانی 1820كانەوە لە داغستاندا بلاَوبووەتەوە، هەروەها سەرچاوەكان ئیشارەت بەوەش دەكەن كەوا سەرهەڵدانی تەریقەت و جیهاد بناغەی جیاوازیان هەبوو. سەرەتا جیهادی هەر سێ ئیمامەكە یەكەم جیهاد نەبوو لە داغستاندا، چونكە لەوێ نەریتێكی دوور و درێژی بەرگریی پاڵنەری ئیسلامی هەبوو دژ بە داگیركەرانی بێگانە، كەلانیكەم مێژووەكەی دەگەڕایەوە دواوە بۆ سەرەتای ساڵانی 1740كان كاتێ كەوا میرەكانی داغستان و كۆڕ و كۆمەڵی خەڵك پێكەوە چوون بەگژ نادر شادا وەك وەخۆكەوتن و ئاگاییەكی سونیەكانی داغستان دژ بە سەركردەی لەشكرێكی شیعە مەزهەبی "رافزی". هەرچەندە نامە و نووسراوەكانی ئەم رووداوە یەكلاكەرەوەیە تا ئێستاش بە وردی تاوتوێ نەكراوە، بەلاَم وادیارە خوێندەوارەكانی ناوخۆ (عولەماو فوقەها) رۆڵێكی گرنگیان بینیوە لەم بەرگرییەدا. یاخیبوونەكە لە لایەن ئیمامێكەوە رابەریی نەدەكرا، بەڵكو لە لایەن چەندین میری داغستانەوە بوو.[39] هیچ ئاماژە و بەڵگەیەكیش لەئارادا نیە كەوا گرووپێكی سۆفی تێكەڵ بە بەرگری كردن بووبێت دژ بە نادرشا.بارودۆخەكە هەمان شت بوو بۆ جیهادی

هەرسێ ئیمامەکە، چونکە لە تەواوی ئەو ماوەیەی نێوان سالآنی 1830 و 1859دا گوتارو ئامۆژگارییە ئیسلامییەکانی غازی محەمەدو شامیلی سەرکردەو رابەرانی جیهاد هیچ باسێکیان لەبارەی رێنمایی‌و تەعالیمی سۆفییەوە نەکردووە. لەبری ئەوە بە کاروباری شەرع و دەستووری ئیسیلامەوە گرتوویانە، بە تایبەتی جێبەجێ کردنی یاسای ئیسلامی و هەڵوەشانەوەی مەسەلەکانی "عادات"، هەروەها ئەم گوتارە مۆرکی نەریتێکی دورودرێژی خۆ ولآتی پێوەبوو. لە داغستاندا، "عادات" تەنها "یاسای باو" نیە بەڵکو یاساو رێسای شەریعەت و بە رێککەوتنی "ئیتیفاقی" تەواوی کۆڕ و کۆمەڵی گوندنشین دادەنرێت و خەڵکە بەتەمەن و دەم سپییەکە "روئەسا" رابەریی دەکەن. رێککەوتنی تاکە تاکەی "عادات" نووسراونەتەوە و یەك خراوەتە سەر ئەویتر تا "کتێبی عادات" یان لێپێکهاتووە، کەوا هەندێ جار تا سەدو پەنجا رێککەوتننامەی تاکی تێدایە. چەمکی "عادات" بەم رەنگە چارەسەری تەواوی رەهەندە یاسایی و شەرعییەکان دەکات وەك ئەوەی رەزامەندیی لە سەر دەربڕاوە و لە لایەن کۆمەڵەوە هەلومەرجی بۆ دانراوە، بەو پێیە کۆمەڵگەی داغستان بنچینە و زامنکار و ئامانج و جێبەجێکاری رێکخستن و سەروبەرگرتنی "عاداتی" خۆی بووە.[40]

گەلێ جار کتێبەکانی "عادات" ئەو یاسا و رێسایانەی تێدایە کە لە یاسا و شەریعەتی ئیسلامیشدا هەیە و لە فرە حاڵەتیشدا نەریت و دەستوورە ئیسلامییەکە بڕیارەکانی "عادات" بەڕێوەیدەبات، بۆ نموونە سەپاندنی پارەیەکی سزا بە سەر ئەو کەسانەدا کە نوێژ ناکەن یان رۆژوو ناگرن (کە ئەمە سزایەکە یاسا و دەستووری ئیسلامی داوای ناکات). بە گشتی وا هەست دەکرێت کە "عادات" بەرهەڵستیی یاسای خواوەند دەکات و "دەستکردی بنیادەمە" و لە لایەن ئەو کەسانەوە جێبەجێ ناکرێت کەوا کاروباری ئیسلامییان لەئەستۆیە، بەڵکو لە لایەن کەسانێکی دەستەبژێری کۆمەڵگەی گوندەکانەوەیە. مشتومڕێك هەیە لە ناو خوێندەوارانی داغستاندا لە سەر ئەوەی کە ئایا پێویستە یاسای ئیسلامیی بەکاربێت لەبری یاسای "عادات" کە ئەوی ئیسلامیکە بەلای کەمەوە لە دوادوایی سەدەی حەڤدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەمەوە تۆمارکراوە، یەك لە داکۆکیکارانی یاسای ئیسلامی لە داغستاندا قازیی محمد بن موسی القودوقی بوو (1652 ـ 1708/ 1709 یان 1716/ 1717) کە خەڵکی گوندی چیایی کودوتلی ناوچەی ئاڤار بوو. ئەلقودوقی پێی لە سەر ئەوە دادەگرت کە دەبێ تەواوی "عادات" بگۆڕدرێ بە یاسای شەریعەت و لانیکەم توانی گەلێ یاساو رێسای ئیسلامی بسەپێنێ لەبارەی میرات و شتی ترەوە لە ژمارەیەك کۆڕ و کۆمەڵی گوندنشینی داغستاندا. سەیر لەوەدایە کەوا ئەم "گۆڕانانە" بۆ یاسای ئیسلامی دیسان کۆمەڵگەی گوندەکان دایانڕشت لە فۆرمی "ئیتیفاقاتدا"[41]. بەهەرحاڵ خوێندەوارانی تر مشتومڕیان لە سەر بنەماکانی "عادات" دەکرد و بەرگرییان لە نوێنەرایەتیی دەسەڵاتە نەریتییەکانی گوند دەکرد و (بە تایبەتی پیرەکان) لە بڕیاردان و سەپاندنی سزادا. یەك لەو خوێندەوارانەی کە بە ئاگاییەوە بەرگریی لە رێوڕەسمە تایبەتەکانی "عادات" دەکرد داود ئەلئووسیشی بوو (کەساڵی 1759 مردووە) و خەڵکی گوندی ئوسیشای ناوچەی دارگین بوو، ئەم پیاوە بەخۆی قوتابیی محمد القودوقی بووە.ئەم قسەو باسە لە سەر پەیوەندیی نێوان "عادات" و یاسای ئیسلامی چەقی بانگەشە سەرەتاکانی غازی محەمەدی یەکەمین ئیمام بوو کە ئەگەری ئەوە هەیە لە ناوەڕاستی سالآنی 1820 کاندا جاڕی لێدرابێت. غازی محەمەد لەم نامەو قەبالآنەدا هەڵوێستی محمد بن موسی القودوقیی وەرگرت لەپێناوی شەریعەتداو کەوتە

هێرشکردن بۆ سەر ئوسسیشی و خوێندەوارانی تر. ئەم پیاوە بە لایەنگرتنی مشتومڕەکانی قودوقی، یەکەمین ئیمام بوو موسوڵمانانی ئیرشاد دەکرد کەوا بگەڕێنەوە بۆ ئیسلام و پەیڕەویی ئەحکامەکانی قورئان و سوننە بکەن و "عادات" مەحکووم بکەن وەك یاسای باوباپیران و یەکسان لەگەڵ بێباوەڕیدا "کوفر".[42]

لەم نامانەداو بەهەمان شێوەش لەتەواوی نامە و نووسراوی ئیمامەکاندا، [43] بە زەحمەت هیچ باسێك لە بیرو بۆچوونی سۆفی و سۆفیگەری هاتووە، بوارە سیاسییەکانی تەریقەتی خالیدیی لێ بخەرە ئەولاوە، روون و ئاشکرایە ئەو بزووتنەوە ئاینییەی بەرەو"موریدیزم" پەرەیسەند بە تەواوی بەندبوو بە مەسەلە شەرعی و یاساییەکانەوە. ئەمە لە داب و نەریتی گوتارێکی شەرعیی داغستان خۆیدا مایەوە و بە شێوەیەکی سەرەکی دژ بە رووسەکان ئاڕاستە نەکرا، بەڵکو دژ بەو برا موسوڵمانانەی خۆیان بوو کە بەرهەڵستیی هەوڵ و کۆششی غازی محەمەدیان دەکرد بۆ جێبەجێکردنی شەریعەت.[44]

غازی محەمەد لە ناوەڕاستی ساڵانی 1820 دا چالاکییەکانی وەك وتارخوێنێك دەستپێکرد لە کۆیسوبوی هەرێمی ئاڤار و هەڵبژاردنی یان جاڕدان لەخۆی وەك ئیمام، پێیدەچێت لە دەوروبەری ساڵانی 1829 یان 1830 دا بووبێت.[45] غازی محەمەد زۆربەی پەیڕەوە دلگەرمەکانی لە نێو لاوانی کۆمەڵگەی گوندەکانی هەرێمی ئاڤاردا هەڵبژاردبوو، ئەم گەنجانە وادیارە بێزاربوون لە هەڵبژاردە نەریتییەکانی گوندەکان و بە هەمان شێوەش لە میر و ئاغاکان کە تۆمەتباری خۆگونجاندنی سیاسی بوون لەگەڵ بێباوەڕان و شێوە ژیانێکی نائیسلامییان دەگوزەراند. غازی محەمەد ویستی جڵەوی دەسەڵات لە گوندەکانی ئاڤاردا بگرێتە دەست بە رابەریکردنی پەیڕەوانی دژ بە پیرو پیاوچاکانی گوندەکانی کەوا دژ بە داواکارییەکانی وەستابوونەوە بۆ بڵاوکردنەوە و سەپاندنی شەریعەت. ئەم ناکۆکیانە بە شەڕ و دەمەقاڵە دەستپێکرد، بەڵام خێرا بە ئاقاری کوشت و کوشتارو هێرشی سەربازیی توندو سەختدا پەرەیسەند.

لەکاتێکدا کەوا بزووتنەوەکەی غازی محەمەد لە ناوچەکانی ئاڤاردا دەستی پێکرد، کە دەکەونە ناوەڕاستی داغستانەوە، بەڵام تەریقەتی خالیدی یەکەمین سەنتەرەکانی لە باشووری وڵاتدا بوو و دواتر لە کاتی گونجاودا بەرەو باکوور تەشەنەی کرد. وەك دەریشدەکەوێ کەوا ئیسماعیلی کوردەمیریی خەڵکی شیروان تەمەسسوکی بە محەمەد ئەلیەراغی کردووە لە گوندی یەراغی ناوچەی لەزگێنی باشووری داغستان. نامەو نووسراوەکانی خودی یەراغی ئەوە دەردەخەن کە ئەویش بە رۆڵی خۆی ئیرشادی گەڵێ خەڵکی کردووە لە ناوچەی تابەسەران، کە دەکەوێتە رۆژئاوای دەربەندەوەو بە هەمان شێوەش لە کوموخی هەرێمی لەك لە ناوەڕاستی داغستاندا، کەوا جەمالەدینی غازی غموقیی خەلیفەی یەکەمی لێبوو.[46] ئەڵبەتە ئەوە جەمالەدین بوو کە غازی محەمەدی ئیمامی یەکەم و بە هەمان شێوەش شامیلی هێنایە ناو تەریقەتەوە (کە دواتر بوو بە ئیمامی سێیەم).

دەسنووسێکی عەرەبی کە لە لایەن قوتابییەکی نەقشبەندیی شێخ جەمالەدینەوە تۆمارکراوە باس لەوە دەکات کەوا غازی محەمەد یەکەمجار گاڵتەی بە تەریقەتی سۆفی کردووە و نەیویستووە تێکەڵی ببێت و تەنها ماوەیەکی دواتر کە بزووتنەوەکەی لەمەڕ سەپاندنی شەریعەت ئەودەمە لە ناوچەکانی ئاڤاردا پێشکەوتبوو، سەردانی شێخ جەمالەدینی کردووە لە کوموخ. غازی محەمەد تووشی کەمەندکێشییەکی رۆحیی کۆنترۆڵ نەکراو بووە (جەزبە) لە سەردەستی

شێخ و تەمەسسوکی کردووە بە تەریقەتی خالیدییەوە.[47] ئەم گێڕانەوەیە بنەمای گریمانەی ئێمەیە کەوا بزووتنەوە چالاکەکەی غازی محەمەدو شامیل بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە بلاْوبوونەوەی تەریقەتی خالیدی لە داغستاندا دەستی پێکردووەو هەردوو بزووتنەوەکە لە خاڵێکی دواتری رۆژگاردا تێکەڵبوون.

وەك ئامۆژگاری و ڕێنمایی، تەریقەتی خالیدی بە شێوەیەکی گشتی بە ئوسوولێیەکی توند وەسفدەکرێت، بەو پێیە پەیوەندیی نێوان ئەم تەریقەتەو بزووتنەوەی شەریعەت ـ جیهادی داغستان، رەنگە جێی سەرسامی نەبێت.

بەهەرحاڵ، ئەم هاوپەیمانییە هەروا پرۆسەیەکی بێ گرێ و گرفت نەبوو، چونکە شێخە خالیدییەکان بیروڕای جیاواز و دوور لەیەکیان بوو لە سەر مەسەلەی جیهاد. یەکەم ناکۆکیی سەرەکی ئەوکاتە بەرپابوو کە غازی محەمەد کەوتە ڕێکخستنی بزاڤێکی جیهادیی دژ بە بێباوەڕەکان. لێرەدا جەمالەدین کە مورشیدی راستەوخۆی بوو بەرهەڵستیی بانگەشەی جەنگی غازی محەمەدی کرد و هانیدا کەوا بە شێوەیەکی ئاشتیانە بەردەوام بێت لە سەر پەیامەکەی، لە ڕێگەی ڕێنمایی‌دادان و گفتوگۆوە.[48] غازی محەمەد لەبەر تووڕەبوون و نائومێدبوونی لە جەمالەدین، چووە پاڵ محەمەد ئەلیەراغیی شێخەکەی جەمالەدین و رابەری بێ رکابەری تەریقەتی خالیدی لە داغستانی ئەو سەردەمەدا. وادیارە ئەلیەراغی لەوکاتەدا سەرزەنشت کراوە یان لە گوندەکەی خۆی دەرکراوە لە لایەن ئەسلاْن خانی کوموخەوە، کە میرێکی دەسکەلای رووسەکان بووە و لەو سەردەمەدا بەرپرسی زۆربەی باشووری داغستان بووە. باس وایە کە غازی محەمەد لە یەراغی پرسیوە ئاخۆ ملکەچی شێخەکەیەتی، کە بەرهەڵستیی جیهاد دەکات یان وەك لە کەلامی خوادا هاتووە کە ئاشکرا ئایەتەکانی قورئان بانگەشەی بێ کۆت و بەندی جیهاد دەکەن.[49] وەك باسدەکرێت یەراغی ڕێگەی بە غازی محەمەد داوە بچێتە جەنگەوە و دواتریش جەمالەدین هەمان ڕێچکەی گرتووە.[50]

ئەم ململانێ زووە لە سەر دەسەلاْت و شەریعەت نموونە و شێوازێکی پەیوەندیی وای دروستکردووە لە نێوان سۆفی و ئیمامەکاندا کە لە تەواوی ماوەی جیهاددا پەیڕەوی بکرێت. تا رادەستبوونی شامیل لە ساڵی 1859دا بڕیارە سەربازی و سیاسییەکان لە لایەن سۆفییەکانەوە وەرنەدەگیران بەڵکو لە لایەن ئیمامەکانەوە بوو، کە ئەوانیش بە رۆڵی خۆیان پێویستیان بە دەسەلاْتی مۆراڵیی شێخە خالیدییەکان بوو بۆ مسۆگەرکردنی ملکەچبوونی خەڵك.

هەرچەندە گومان لەوەدانیە کەوا ئیمامەکان چووبوونە نێو تەریقەتی خالیدییەوە ( مأذون )، بەلاْم ئەدەبی بە عەرەبی نووسراوی ناوخۆ لەبارەی سەردەمی جیهادەوە ئیدیعای ئەوە ناکات کەوا غازی محەمەد یان شامیل لە لایەن ئەو دووشێخەوە "ئیجازە"یان پێدرابێت، یان ئیمامەکان خۆیان وەك خەلیفەی ئەوان هەڵسوکەوتیان کردبێت یان وەك شێخی سەربەخۆ[51]. بێجگە لەوەش ئیمامەکان هەمیشە پشتیان بە تەشریعکردنی چالاکییەکانیان بەستووە لە لایەن شێخ محەمەد ئەلیەراغی (کە ساڵی 1839 لە گوندی سۆگراتلی ناوچەی ئاڤار کۆچی دوایی کردووە) و شێخ جەمالەدین ئەلغازی ـ غموقی (کە لە ساڵی 1866 دا لە ئەستەمبووڵ کۆچی دوایی کردووە).

بەهەرحاڵ لە ژێرسایەی ئەم شێخانەدا ئیمامەکان دەیانتوانی بزووتنەوەیەکی بەرفراوان بپارێزن. وەك باسەکەی سەرەوە دەریدەخات، غازی محەمەد تەنانەت سەرکەوتووانە توانیوێتی ئەلیەراغی شێخی گەورەی داغستان وەك رکابەری بەهێز بکات بەگژ جەمالەدینی شێخەکەی خۆیدا کاتێ کە ئەمیان رازی نەبوو پشتیوانیی لە نەخشە و

پلانەکانی بکات. غازی محەمەد ساڵی 1832 لە شەڕێکدا کوژرا و کە شامیلش لە هەمان شەڕدا بە سەختی بریندار بوو، هەمزەت بەگ، کە جێگرێکی تری غازی محەمەد بوو جڵەوی سەرکردایەتیی بزووتنەوەکەی گرتەدەست.
بەپێچەوانەی غازی محەمەد و شامیلەوە کە خەڵکی ڕەشۆکی گوندێکی ئاڤار بوو، هەمزەت بەگ کوڕی خانەدانێك بوو لەخزمەت و ژێرسایەی میرەکانی ئاڤاردا بوو لە خونزاخ. ئەو خۆیشی وابەستەی خێزانێك بوو کە دەمیان لە میرایەتی دەکوتاو ویستی بۆ خۆی بەدەستبێنێت بە گەمارۆدانی پایتەختەکەیان لە خونزاخ. هەمزەت بەگ بە زۆر دانوستانی لەگەڵ میرەکاندا سەپاند، بەڵام ئەم کۆبوونەوانە لە کۆنترۆڵ دەرچوون و بە قەتڵوعامی تەواوی بنەماڵەی میرەکانی ئاڤار کۆتاییان پێهات و گرتنی خونزاخ لە لایەن هەمزەت بەگەوە لە ساڵی 1834 دا. هەمزەت بەگ ئێستا بە نیشتەجێبوونی لە ناوجەرگەی پایتەختی دێرینی میرنشینی ئاڤاردا ڕەنگە خۆی بە ئەمیری نوێی داغستان دانابێت. بەهەرحاڵ، فەرمانڕەواییەکەی زۆری نەخایاند، چونکە هەر ئەو ساڵە لە لایەن خزمانی خانەدانی ئاڤارەوە کوژرا. شایانی وتنە کەوا هیچ باسێك لەگۆڕێدا نیە کە هەمزەت بەگ پەیوەندییەکی بە تەریقەتی خالیدییەوە هەبووبێت.
لە پاش مردنی هەمزەت بەگ، شامیل توانی پشتگیریی جەمالەدین و سەرکردە خوێندەوارو سەربازییەکانی تر بەدەستبێنێت و وەك ئیمامی سێهەم دانی پێدابنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵانی سەرەتادا گەڵێ سەرکردەی تری سەربازی بەرەنگاری ئەم ڕابەرێتییەی بوونەوە. لە باکووری داغستان و چیچنیادا بەناوبانگترین ڕکابەری شامیل حاجی تاشاو بوو، ئەم پیاوە نەك بەتەنها هەر هەوڵی ئەوەی دەدا کە شێخەکانی تەریقەتی خالیدی وەك دەسکەلا بەکاربێنێت بۆ شەرعییەتدان بەو دەسەڵاتەی ئیددیعای دەکرد، بگرە ئیددیعای ئەوەی دەکرد کە خودی خۆیشی شێخە. ململانێ و ناکۆکیی نێوان شامیل و حاجی تاشاو لە نامەیەکی ئەمدا دەردەکەوێ بۆ جەمالەدینی ڕابەری سۆفیگەریی شامیل. لەم نامەیەدا تاشاو ئیددیعای ئەوە دەکات کەوا ئەم خۆی لە سەر دەستی محەمەد ئەلیەراغیدا تەمەسسوکی کردووە و وەك خەلیفەی تەواوی چیچنیاو باکووری ڕۆژئاوای قەوقاز تادەگاتە قەراخ دەریای ڕەش. لەم سۆنگەیەوە تاشاو مشتومڕی ئەوەی بوو کەوا جەمالەدین مافی دەستێوەردانی کاروباری ئەمی نیە و بۆیشی نیە هیچ خەلیفەیەك لە چیچنیا دامەزرێنێت. لەبەرئەوەی کە جەمالەدین ڕابەری ڕۆحیی شامیل بووە، ڕوون و ئاشکرایە کەنکووڵی کردن لە دەسەڵاتی جەمالەدین بە سەرناوچەکەی و خۆیدا، دەبێتە مایەی ئەوەش کە تاشاو دەسەڵاتی شامیل بە سەر چیچنیادا ڕەتبکاتەوە.[52] کاتێ کە پێگەی شامیل لە داغستان و چیچنیادا زیاتر بەرەو بەهێزبوون دەچوو حاجی تاشاو ناچاربوو لە ساڵی 1836 دا داواکاریی شامیل بسەلمێنێت لەمەڕ ئیمامەت و دواجاریش لە ساڵی 1841دا ناوی لەگۆڕێدا نەما.[53] لەبەرامبەر ئەم باکگراوندەدا دەردەکەوێت کە بۆچی شامیل و پێش ئەمیش غازی محەمەد، ڕەنگە بڕیاری داواکردنی شێخایەتییان نەدابێت. بۆ ئەوان مەسەلەکە زۆر لەبارتر بوو کە پشتیوانیی شێخە خالیدییە هەرە دەستباڵاکانی داغستان دابین بکەن وەك لەوەی خۆیان بخەنە مەترسیی ڕکابەری کردنیانەوە.
ڕاستیەکەی هیچ سەرچاوەیەکی عەرەبیی ئەو سەردەمەی داغستان شامیلی وەك "شێخێك" ناونەبردووە، بەڵکو ئەم نازناوە تەنها لە نووسین و کارەکانی دواتری داغستاندا لکێنراوە بە ناوەکەیەوە (وەك فەرهەنگە بایۆگرافییەکەی نەزیری دورگیلی " نزهة الأذهان " ی ساڵی 1930، بە هەمان شێوەش لای بیانییەکان و سەرچاوە عوسمانییە

بالادەستەکان کەوا نازناوی شێخ رەنگە تەنها بۆ شکۆ و رێزلێنان بووبێت.[54] ئەڵبەتە هیچ بەڵگەیەك لەبەردەستدا نیە کە شامیل وەك شێخێك رەفتاری کردبێت، یان دەرسی بە موریدە سۆفییەکان وتبێت و تەنانەت تا ئەمڕۆش هیچ "سیلسیلەیەك" لە نێو خالیدییەکانی داغستاندا نیە کە شامیلی وەك یەکێك لە ئەڵقە پەیوەندیدارەکانی ئەو سیسلسیلەیە لەخۆگرتبێت.

بەهەرحاڵ، تێرم و هێماکانی سۆفی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە لایەن شامیلەوە بەکاردەهات، بۆ نموونە واباسە کە شامیل شێوەی زیکری سۆفی (بە تایبەتی لا إله إلا الله) وەك سروود و ویردی جەنگ بەکارهێنابێت بۆ هێزەکانی لە کاتی رێکردن و هێرشکردندا.[55] ئاشکراترین تێرمی سەربازیی سۆفی ئەو گۆڕانکارییە کە بە سەر تێرمی موریددا هاتووە (کە رێك گەڕان یان وێڵی دوای خودا دەگەیەنێ لە رێبازی سۆفیگەرییدا)لە ئەدەبی نووسینی عەرەبیدا لە سەر بزووتنەوەی جیهاد زاراوەی مورید بە شێوەیەکی بەرفراوان لە واتا سۆفییەکەیەوە وەرگیراوە و هاومانای "جەنگاوەری خۆ تەرخانکردووە بۆ ئیسلام".[56] ئەم مانایە واچووەتە درك پێکردنی رووسیاوە کە سەرتاپا بزووتنەوەی دژە کۆلۆنیالیزم وەك "موریدیزم" بناسێت. خودی شامیل خۆی واباسدەکرێت کە جیاوازیی لە نێوان "موریدی تەریقەت" دا کردووە کەوا ئەوانەن هەموو کاتی خۆیان بۆ بەجێهێنانی رێ و رەسمی سۆفیگەری تەرخان کردووەو ناچار نەبوون بچنە ناو هێزەکانی ئیمامەتەوەو "موریدی نایب" بە واتای جەنگاوەرانی دەستەبژێر کە بەستراون بە جێگرەکانی یان (نایبەکانی) ئیمامەوەو بە هەمان دەستووریش خودی ئیمام خۆیەوە.[57]

بەدەر لە حاجی تاشاو بەڵگەیەك نیە کەوا هیچ شێخێکی تەریقەتی خالیدی تێکەڵی کاری سەربازی و مەشق و شەڕکردن یان سەرکردایەتی کردن بووبێت لە سەردەمی دەسەڵاتی شامیلدا. بەرچاوترین کاری شێخە خالیدییەکان شەرعییەت پێدانی حوکم و کردەوەکانی شامیل بووەو لەمڕووەوە واباسدەکرێت کەوا جەمالەدین بە شێوەیەکی بەربلاو گەشتی لە ژێر رکێفی ئیمامەتدا کردووە و بەزۆریی هاوڕێ و هاوسەفەری شامیل بووە و ملکەچی بووە لە رێنمایی و وتاربێژیدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جەمالەدین هەرگیز دەسبەرداری ئەو بیروڕا شەخسییانەی خۆی نەبووە کەوا ئاشتیی لەگەڵ رووسدا باشتر بووە لە جەنگێك کە نەیدەتوانی تێیدا براوە بێت.[58]

## پەرەسەندنەکانی پاش جیهاد

ساڵی 1859 شامیل ناچار بوو خۆبەدەستەوە بدات و لەو ساڵەدا هێزەکانی رووسیا بۆ یەکەمجار تەواوی ناوچەکانی داغستانی داگیرکرد. ساڵانی لەمەوپاش گەلێ یاخیبوون بەرپابوو، بەڵام بەرفراوانترین و مەترسیدارترینیان ئەوەی ساڵی 1877 بوو. ئەم یاخیبوونەیان لە لایەن ئیمامێکی ترەوە سەرکردایەتیی دەکرا بە ناوی حاجی محەمەدی سغووری، کەوا خۆیشی کوڕی شێخی نەقشبەندیی بەناوبانگ عەبدولڕەحمانی سغووری بوو (کە ساڵی 1882 کۆچی دوایی کردووە) و خەڵکی گوندی سۆگراتلی ئاڤار بوو. رۆڵی تەریقەتی خالیدی لەم تێهەڵچوونەوەی یاخیبووندا، کە بەشێکی گەورەی داغستان و چیچنیای گرتەوە[59] هێشتا بەرتیشکی وردەکاریی لێکۆڵینەوە نەکەوتووە. هەرچەندە سۆفییەکان رۆڵێکی سەرەکییان گێڕا لە تەشەنەکردنی یاخیبوونەکەدا، بەڵام ئیمام حاجی محەمەد خۆی شێخێکی سۆفی نەبوو. دەگونجێ هەمان ئەم پرسیارانە بکرێن کە پەیوەندیدارن بە سەرکردە موسڵمانەکانی یاخیبوونەکانی

ئەمدواییەی داغستان، چەشنی نەجمەدین گۆتسینسکی کە لە ساڵی 1925 دا لە لایەن سوپای سوورەوە ئیعدام کرا و ڕۆڵێکی زۆر گەورەی بینی لە داغستاندا لە ماوەی شەڕی ناوخۆداو شێخ ئوزوون حاجی (کە ساڵی 1920 کۆچی دوایی کردووە) و خەڵکی سەڵتە بووە پشتگیریی کردووە.

لە کاتێکدا کەوا ئەم یاخیبوونانە پەیوەندییەکی بەردەوام دەخەنەڕوو لە نێوان شێخەکانی سۆفی و ئیمامەکانی سەربازیدا، بەڵام نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمیش بڵاوبوونەوەی لقێکی تری تەریقەتی خالیدی بەخۆوە دەبینی کە بە ئاشکرا بەرهەڵستیی جیهادی کردووە. ئەم خەتە لە لایەن شێخ مەحموود ئەلعەلمالیەوە رابەریی دەکرا (کە لە ساڵی 1877 دا مردووە) و خەڵکی گوندی عەلمالی بووە کە ئەمڕۆ دەکەوێتە باکووری ئازربایجانەوە، ئەم پیاوە پەیوەندییەکی نوێی تەریقەتی خالیدیی هێنایە قەوقازەوەو قوتابی یونس اللالی الخالدی بووە کەوا ئەمیش بە ڕۆڵی خۆی لە سەردەستی عبداللە الأرزنجانی المكّي جێگری مەولانا خالید تەمەسسوکی کردووە و بە هەمان دەستووریش لە لایەن یەحیا بای ئەلداغستانییەوە کە خەلیفەی عەبدوڵای ئەزرنجانیی مەککی بووە و لە خزمەتی عەبدوڵادا کۆچی کردووە بۆ مەککە.[60]

مەحموود ئەلعەلمالی سەرکەوتوو بووە لە کێشکردنی موریددا رێك لەو سەردەمەدا کە لقە "کۆنەکەی" تەریقەتی خالیدیی داغستانی سەروەختی جیهاد، لە دەوروپشتی جەمالەدین ئەلغازی ـ غموقی و عەبدولڕەحمان ئەلسغووری تووشی پاشەکشەیەکی سەخت بووبوو بە هۆی سەرکەوتنی رووسیا بە سەر شامیلدا، ساڵی 1859. لقەکەی مەحموودیش هەر لە باشوورەوە هاتە داغستانەوە و وردەوردە ڕێگەی خۆی کردەوە بەرەوباکوور. شێخەکانی ئاڤار دەچنەوە سەر وەچەی دووەمی خەلیفەکانی مەحموود ئەلعەلمالی، وەك ئەحمەد ئەلتەلالی (ساڵی 1904 مردووە)، شوعەیب ئەلباگینی (ساڵی 1912 مردووە)، عەبدولڕەحمان ئەلعەسەوی (ساڵی 1907 مردووە)، سەیفوڵڵا ئەلنیتسوبکری (باشلارۆڤ، ساڵی 1920مردووە)، حەسەن ئەلقازی (ساڵی 1937 مردووە) و ئەمانە لقە تازەکەی تەریقەتیان لە زۆرێکی گوندەکانی ئاڤاردا بڵاوکردەوە.

سەیر لەوەدایە شێخە رابەرەکانی ئەم لقەی (مەحموودییە) ی تەریقەتی خالیدیش "ئیجازەیان" لە شێخی تر وەردەگرت بۆ ئیرشادی و فێرکردنی ڕێورەسمی ڕێبازەکانی شازلی و قادری، وەك لە نووسینەکانی باشلارۆڤ و ئەلقازیدا دەردەکەوێت، شێخەکانی لقی (مەحموودییە) پەیوەندی و هەماهەنگییەکی زۆر تایبەتیان پەرەپێداوە بۆ ئەو سێ تەریقەتەی پێشتر باسکراون بەپێی ئەم سیستمە هەموو بەهرەداران بە شێوەیەکی سەرەتایی لە کۆڕی زیکر بە دەنگی بەرز و ڕێ و رەسمی شازلی و قادریدا فێردەبن، لەکاتێکدا تەنها موریدە پێشکەوتووەکان ڕێوڕەسمی خۆیان بۆ زکری بێدەنگ و هەڵسوکەوتی تری ڕێبازی نەقشبەندی.[61] ئەم سیستمی پلەبەندییە هێشتا هەر پراکتیزە دەکرێت لە خالیدیی ـ شازلییدا لە داغستانی ئەمڕۆدا.

لە دوای کۆتایی پێهاتنی یەکێتی سۆڤیێتەوە ڕێبازی خالیدیی داغستان سەرلەنوێ پەیوەندیی کرووەتەوە بە نەقشبەندییەکانی پارچەکانی تری جیهانی ئیسلامییەوە. لە باروزروفی ئێستادا شێخەکانی خالیدی خۆیان بە شەریکێکی گرنگ دەزانن بۆ حکومەتەکانی رووسیا و داغستان لە بەگژداچوونەوەی ئیسلامی سیاسیی رادیکاڵدا (وەك وەهابیزم).[62] ئێستا خالیدییەکان، لەژێر سایەی پارێزگاریی رەسمیدا، زۆربەی پێگە و پۆستە گرنگەکانیان گرتووە

لە ئەنجومەنی عولەماو ئۆفیسی موفتیدا. بێجگە لەوەش خالیدی زۆر ئامادەیە لە رۆژنامە ئیسلامیەکانی داغستانداو چەندین بەرهەمی ئێستاو کۆنی شێخە خالیدییەکانی باکووری قەوقاز لە داغستان و لە هەمان کاتدا لە سووریاش بلاّوبوونەتەوە.(63)

## ئــــــەنـــجـــــام

رۆڵی رێبازی خالیدی لەمێژووی باکووری قەوقازدا هێشتا هەر لەپرۆسەی لێکۆڵینەوەدایە، ئەوەی ئێمە دەتوانین بیلێین ئەوە کەوا رێبازی خالیدی داغستان و چیچان هەروا بە ئاسانی ناتوانرێ وەك کۆپییەکی تەریقەتی خالیدی لە ولاّتی عوسمانیدا لەقەڵەم بدرێت.

بەلگەیەك نیە بیسەلمێنێ کە رێبازە خالیدییەکەی داغستان بە ئاگالێبوونەوە پەیرەوی ئەو یاساو رێسا سیاسیانەی کردبێت کەوا لە لایەن مەولانا خالیدو خەلیفەکانی لە شوێنی تردا شییانکردووەتەوە. تەنانەت سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا خالیدیە داغستانیەکان زانیارییەکی زۆر سنوورداریان بووە لە سەر تەریقەتی خالیدی لە خاکی عوسمانیداو (پێچەوانەکەشی راستە). بەم پێیە تێگەیشتنی من ئەوەیە کەوا سەرکردە جیهادییەکانی داغستان و چیچان بە شێوەیەکی سەرەکی رەگیان لە داب و نەریتی خۆماڵیدا داکوتاوە لەمەڕ جیهاد و گوتاری شەرعی و ئەوەش کەوا ئیمامەکان و بە هەمان شێوەش شێخەکانیان مۆدێلی تایبەتی خۆیان پەرەپێدابوو لەمەڕ ئەو رەفتار و هەڵسوکەوتە سیاسییەی لەگەڵ بارودۆخی تایبەتییاندا دەگونجا.

## پـــــــەراوێـــــــز:

(1)لەبارەی تەریقەتی نەقشبەندییەوە لە سەردەمی جیهاددا لە باکووری قەوقاز بڕوانە نیکۆلاّی ئای. پۆکرۆڤسکی"جەنگەکانی قەوقاز و ئیمامەتی شامیل" (مۆسکۆ : رۆسپن 2000). هەروەها جۆشی گەممەر "بەرهەڵستیی ئیسلامی بۆ تسار: شامیل و داگیرکردنی چیچنیاو داغستان"، (لەندەن: فرانك کاس، 1994). هەروەها کلیمێنس، پ. سیدۆرکۆ"تەریقەتی نەقشبەندی لە باکووری قەوقاز: پێداچوونەوەیەکی مێژوویی"، (گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ئاسیایی، ژمارە 51 ،ساڵی 1997، ل 627 ـ 650.

(2)حامید ئالگەر " کورتە مێژوویەکی تەریقەتی نەقشبەندی" کە بابەتێکە لە کتێبەکەی مارك گابۆری، ئەلیکساندەر پۆپۆڤیچ، تێری زەرکۆن "نەقشبەندییەکان: نزیکبوونەوەیەك لە راستیی رێبازی سۆفیگەریی ئیسلامی"، (ئەستەمبووڵ، پاریس، بلاّوکراوەکانی ئیزیس،1990، ل36.

(3)بوتروس ئەبو مەننە "سەرهەڵدان و بلاّوبونەوەی لقی تەریقەتی نەقشبەندیی خالیدی لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا"، لە ئەبو مەننە: "لێکۆڵینەوە لە سەر ئیسلام و ئیمپراتۆرێتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەیەمدا 1826 ـ 1876"، (ئەستەمبووڵ: 2001، ل22 ـ 26، هەروەها ئیسحاق وایزمان "ئەزموونی مۆدێرنیتی، سۆفیزم، سەلەفییەت و عەرەبیزم لە دیمەشقی دوادوایی سەردەمی عوسمانیدا"، (لیدن ـ بریل، 2001 )، ل42 ـ 49 ـ 55.

(4)ئەلگەر "کورتە مێژوویەك"، ل36.

(5)حامید ئالگەر "رەهەندە سیاسییەکانی مێژووی نەقشبەندیی"، لە کتێبەکەی گابۆری "نەقشبەندییەکان"، ل 144، وەرگیراوە.

---

(6)ئاننا زەلکینا "گەڕان بەدوای خوداو ئازادیدا، وەڵامدانەوەی سۆفی بۆ پێشڕەویی رووسیا لە باکووری قەوقازدا"، (لەندەن: هێرست ئەند کۆمپانی، 2000)، ل 8.

(7) ئانکە فۆن کوگلگن "بلاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لە ئاسیای ناوەڕاستدا لە سەدەکانی هەژدەیەمو نۆزدەیەمدا: لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان"، لە کتێبی ئانکەفۆن کوگلگن، میشێل کێمپەر و ئالن فرانك "فەرهەنگی ئیسلامی لە رووسیا و ئاسیای ناوەڕاستدا لە سەدەی هەژدەیەموە بۆ سەرەتای سەدەی بیست"، بەرگی 2: "پەیوەندییە فرە ئەتنیکی و ناوچەییەکان"، (بەرلین: کلاوس شوارز ڤێرلاج، 1998)، ل 101 ـ 152.

(8) بڕوانە کارەکانی بەختیار باباجانۆڤ، ئاننێت کرامەر، جۆرگن پۆڵ لە کتێبی "لیستی دەسنووسەکانی سۆفیگەریی (سەدەکانی 18 ـ 20 ) کە لە ئینستیتیوتی رۆژهەڵاتناسی هەڵگیراوە، ئەکادیمیای زانیاری، کۆماری ئۆزبەکستان، بیرونی"، *Berlin: Das Arabische Buch*، *(2000)* ).

(9) بەختیار باباجانۆڤ "دوکچی ئیشان و راپەڕین لە ئەندیژان، ساڵی 1898" کە لە گۆڤاری " فەرهەنگی ئیسلامی لە رووسیا و ئاسیای ناوەڕاستدا" بەرگی دووەم، ل 167ـ 192.

(10)میشێل کێمپەر"سۆفیگەری و رابەرە سۆفییەکان لە تەتارستان و باشکیریادا. گوتاری ئیسلامی لە ژێر دەسەڵاتی رووسیادا"، (بەرلین: خانەی بلاوکردنەوەی کلاوس شوارز، 1998)، ل 90 ـ 97.

(11)دانیاڵ عەزمەتۆڤ، (موفتییەکانی ئەنجومەنی رۆحانیی ئۆرێنبورگ لەسەدەکانی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا : ململانێی دەسەڵات لە دامودەزگا ئیسلامییەکانی رووسیادا)، لەگۆڤاری " فەرهەنگی ئیسلامی لەرووسیا و ئاسیای ناوەڕاستدا" بەرگی دووەم، 355 ـ 384.

(12)کێمپەر"سۆفییەکان و زاناکان"، ل172ـ210، 272 ـ307.

(13)حەمید ئەلگەر "شێخ زەینوڵڵای رەسولۆڤ ـ دوا گەورە شێخی نەقشبەندی لە هەرێمی ڤۆڵگا ـ ئوورالدا"، لە بلاوکراوەکانی جۆ ـ ئان گرۆس "موسوڵمانان لە ئاسیای ناوەندا، گوزارشی ناسنامە و گۆڕان"، (دورهام، لەندەن، زانکۆی دوك، 1992)، ل112 ـ 133.

(14)میشێل کێمپەر، دلیارا عوسمانۆڤا: "بزووتنەوەی ڤایسۆڤ لە ئاوێنەی لەخۆبووردن و هۆنراوەدا"، گەسیرلەر ئاوازی / سەدای سەدەکان (کازان، تاتارستان)، ژمارە 3 ـ 4 (دیسەمبەر 2001)، ل 83 ـ 128.

(15)"فەرهەنگی ئیسلامی لە رووسیا و ئاسیای ناوەڕاستدا"، بەرگی 4 و"رێنماییە ئیسلامییەکان لە داغستاندا لەو سەرچاوانەوە کە بە عەرەبی نووسراون". نظیر الدورگلیس (1935) "نزهة الأذهان في تراجم علماء داغستان"، بلاوکردنەوە و وەرگێڕان و لێدوان لە سەری میشێل کێمپەر و عەمری شێخ سەیدۆڤ، (بەرلین: خانەی بلاوکردنەوەی کلاوس شوارز، 2004)، لێرە بەدواوە دورگیلی "نزهة الأذهان".

(16)ئەلیکساندەر بێنیگسن (لەگەڵ پێرتێڤ بۆراتۆڤ): "بزووتنەوەی میللیی لە قەوقازی سەدەی هەژدەیەمدا ـ جەنگی پیرۆزی شێخ مەنسوور ـ لاپەڕەیەکی نادیاری پەیوەندییە ناکۆکەکانی رووسیا و تورکیا"، ...... ( 1964)، ل 159 ـ 205. بێجگە لەوەش گالینا م. یێمیلیانۆڤا مەنسوور دەخاتە پاڵ تەریقەتی نەقشبەندی لە کتێبی "رووسیا و ئیسلام، رووپێوییەکی مێژوویی"، (هۆندمیلس ـ پالگرێڤ، 2002)، ل 48.

(17)میشێل کێمپەر"دەسەڵات و یاساو ئیسلام لە داغستاندا. لە خانەکان و یەکگرتووی هەرێمەکانەوە تا دەوڵەتی یەکگرتوو"، (ڤیسبادن: رایخێرت، 2005)، ل 174 ـ 185.

(18)ئەولیا چەلەبی لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەدا کە باسی لە خانەڤاکانی نەقشبەندی دەکات لە باکووری داغستاندا، ئەو باس و گێڕانەوەیە جێی متمانە نیە. باسوخواسی گەشت و گەڕانی ئەولیا چەلەبی لە سەرتاپای داغستاندا هێندە ئاڵۆزە کە دەکرێ لە نێو ئەو دەقانەدا بژمێردرێت کەوا لەخۆیەوە هۆنیوێتیەوە. ئەولیا چەلەبی "سیاحەتنامە"، (ئەستەمبووڵ: 1928، بەرگی 7، ل781ـ 800. هەروەها کێمپەر:"دەسەڵات و یاسا و ئیسلام لە داغستاندا"، ل 117.

(19)بۆ نموونە بڕوانە دورگیلی: "نزهة الأذهان"، ل101 ـ 103.

(20)هەمان سەرچاوە، ل129.

[21]هەمان سەرچاوە، ل143.

[22]شعيب إدريس الباگينى: " طبقات الخوجگان النقشبندية و سادات المشايخ الخالدية المحمودية "، لە بلاّوكراوەى عبدالجليل العطا ، (دمشق: دار النعمان للعلوم، 1996)،ل393.

[23]موشێ گەممەر: "سەرەتاكانى تەريقەتى نەقشبەندى لە داغستان و داگيركردنى رووسيا بۆ قەوقاز لە گۆڤارى جيهانى ئيسلام *Die Welt des Islam* ژمارە 34 لە (1994)، ل204ـ217، بلاّوبووەتەوە. هەروەها زەلكينا "گەڕان بەدواى خودادا"، ل 92ـ 99، 100ـ107.

[24] "سەرنج و تێبينى لە گەشتنامەيەكى كاپتن پروشانۆڤسكى، بارەگاى گشتى، لە ساڵى 1823 بۆ 1843"، لە "كۆكراوەكانى قەوقازدا"، ......

[25]زەلكينا لە "گەڕان بەدواى خودادا"، ل 99، ل100ـ 107. يێميلیانۆڤا "رووسيا و ئيسلام" ل 50. بۆ رەخنەگرتن لە بۆدينشتێت بڕوانە كلێمنس، پ. سيدۆركۆ "گەڕيدە ئەڵمانەكانى سەدەى نۆزدەيەم وەك سەرچاوە لە سەر مێژووى داغستان و چيچنيا"، (گۆڤارى رووپێويى ئاسياى ناوەڕاست، 2002)، 21 (3)، ل285 ـ 287.

[26] خانيكۆڤ "لەبارەى سۆفيگەرى و موريديزمەوە"، (لە كۆكراوەكانى رۆژنامەكانى قەوقازدا، ژمارە 1، 1874)، ل 136 ــ 156.

[27]نامەكە لە لايەن محمد إبن سليمان البغدادى يەوە باسكراوە لە ( الحديقة الندية في آداب الطريقة النقشبندية و البهجة الخالدية)،كە لە پەراوێزى كتێبەكەى ئەلوائيليدا چاپكراوە بە ناوى " أصفى الموارد "، (القاهرة: المطبعة العلمية 1895/1313)، ل79ـ 80. هەروەها بڕوانە محمد بن عبدالله الخانى (ساڵى 1862 مردووە) "البهجة السنية"، (القاهرە: 1885 ـ 1886)، ل44ـ45، كە ئەميش ناوى ئەو كەسە ناهێنێت كەوا بۆى نێردراوە، بەلاّم ئاڕاستەكردنى نامەكە بۆ ئيسماعيلى كوردەميرى لە لايەن عەبدولەجيد ئەلخانيى كوڕەزايەوە باسكراوە (كە لە ساڵى 1900دا مردووە)، لە كتێبى " الحديقة الوردية في حقائق الجلة النقشبندية "، (دمشق 1888، القاهرە: دار الطباعة، 1890، ل259). هەروەها ئەم نامەيە لە لايەن أسعد صاحبەوە باسكراوە لە كتێبى " بغية الواجد في مكتوبات حضرة مولانا خالد"، (دمشق: 1915 ـ 1916) و بەشێكى لێ تەرجەمە كراوە لە لايەن بوتروس ئەبومەننەوە لە "خەلۆوەت و رابيتە لە تەريقەتى خاليديدا"، لە كتێبى "نەقشبەندييەكاندا"، ل302. بەلاّم إبراهيم فصيح أفندى الحيدرى كە بەكورتى باسى لە ئيسماعيل دەكات ئاماژە بە ناكۆكيى ناكات لە كتێبى "المجد التالد في مناقب الشيخ خالد"دا، (ئەستەمبووڵ، دار الطباعة العامرة، 1875)، ل59ــ 60.

[28] ئەبومەننە "خەلۆوەت و رابيتە"، ل 296 ــ 297. فريتز مێيێر "دوو لێكۆڵينەوە لە سەر نەقشبەندى"، (ئەستەمبووڵ: فرانز شتێنەر، 1994)، ل 171 ــ 174.

[29] محمد الخانى "البهجة"، ل59، عبدالمجيد الخانى "الحدائق..."، ل259.

[30] م. كەنارد "شاميل و عەبدولقادر"، (ساڵانەى لێكۆڵينەوەى ئينستيتيوتى رۆژهەلاّتناسى)، ئەلجەزاير، ژمارە ( 14)، 1956، ل 231 ـ 256.

[31]ئەلبەغدادى "ئەلحەديقە..."، ل79 ـ 80. هەمان بڕگەش لە سەر ئيسماعيل لە كتێبەكەى محەمەد ئەسعەد ساحێبزادەدا هەيە "بغية الواجد..." ، 174 ـ 175 (كە لە دوادوايى ساڵانى 1880 كاندا يان 1990 كاندا نووسراوە و لە 1915ـ 1916 دا بلاّوكراوەتەوە).

[32]مێيێر"دوو لێكۆڵينەوە لە سەر نەقشبەندى"، ل21. وايزمان "تاقيكردنەوەى مۆدێرنە"، ل29.

[33]شێوازى "قازى ــ مەلا" ى رووسى رەنگدانەوەى لێتێكچوونى نازناوى قازى و ناوى غازى (محەمەد) ە وەك شەخس، سەرچاوە داغستانيەكان ئەوە پيشاندەدەن كەوا "غازى" نازناوێكى رێزلێنان نەبووە بۆ يەكەم ئيمام لە پاش هەوڵ و كۆششەكەى، بەڵكو هەروا بە سادەيى بەشێك بووە لە ناوێكى شەخسيى باو لەو ولاّتەدا.

تێهەڵکێشکردنەکەی ئەسعەد ئەلساحێب بۆ "الحديقه" ی بەغدادی و بەکارهێنانی پیتی قاف لە شوێنی نەگونجاودا وایکردووە ناوەکە بشێوێت و دەشکرێت (فوزی ـ مەلا) لەجیاتی (قوزی ـ مەلا) بخوێنرێتەوە کە مانایەك نابەخشێت. لە دووبارە بەکارهێنانەوەی ئەلبەغدادیدا بۆ بڕگەکە لە سەر ئیسماعیل لە "بغية" کەی ئەسعەددا ناوەکە گوایە راستکراوەتەوە بۆ (غازی ـ مەلا)، (الباگینی "طبقات"،ل350).

[34] بوتروس ئەبومەننە "نەقشبەندیی موجەددیدی و خالیدی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا"، لە کتێەکەی ئەبومەننەدا "لێکۆڵینەوە لە سەر ئیسلام"، ل41ـ57. هەروەها وایزمان "تاقیکردنەوەی مۆدێرنە"، ل56، 75 ـ 80.

[35] الباگینی "طبقات"، ل 350 (لە کتێبی "بغية"ی ئەسعەد ئەلساحیب وەرگیراوە).

[36] میشێڵ کێمپەر، "عەمری شێخ سەعیدۆف، ناتالیا تاگیرۆڤا "کۆکراوەی شامیل"ی کتێبخانەی زانکۆی پرینستۆن"، (کرۆنکیڵی، کتێبخانەی زانکۆی پرینستۆن)، ژمارە (1)، پایزی 2002، ل121ــ140، بەرگی *LXV1*.

[37] دورگیلی "نزهة الأذهان"، ل102.

[38] بۆ نموونە بڕوانە (سیلسیلەکان) لە محەمەد ئەلیەراغی " آثار اليراغي "، (تەمین خان شورا : المطبعة الأسلامية، 1910) ، 1910، ل183. هەروەها جمال الدين الغازی ـ غموقی " الآداب المردية " (پێترۆڤسك: لیتۆتۆپۆگرافی، ئە.م میخایلۆڤا، 1905)، ل80. هەروەها دورگیلی"نزهة الأذهان"، ل140ـ141.

[39] ڤلادیلن ج. گادژێیف "داگیرکردنی داغستان لە لایەن نادرشاوە"، (مەحەج قەلآ: 1996).

[40] بڕوانە ڤلادیمیر ئۆ. بۆبرۆڤنیکۆڤ "رێککەوتنەکانی (ئیتتیفاق) لە داغستانی سەدەکانی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا"، لە گۆڤاری *Manuscript Oriental* (سانت پترسبورگ)، 8:4، دیسەمبەری 2002، ل 21 ـ 27. هەروەها میشێڵ کێمپەر "رێککەوتنەکانی کۆمیونیتی (ئیتیفاقات) و کتێبەکانی "عادات" ی گوند و کۆنفیدراسیۆنەکانی داغستان لە سەدەکانی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا"، گۆڤاری ئیسلام، ژمارە 2004،81، ل150 ــ 151.

[41] بڕوانە دەقی رێککەوتننامەیەکی لەم چەشنە کە لە کتێبی تیمور م. ئایتبێرۆڤ "ئەڵقەیەك لە مێژووی یاساو حکومەت لە داغستانی سەدەکانی 18 و 19 دا"، (زانکۆی حکومەتی داغستان، 1999)، ل 115 ــ 151.

[42] غازی محمد الگمراوی " باهر البرهان لارتداد عرفاء داغستان ، تألیف غازی محمد الگمراوی بن إسماعیل"، (ئینستیتیوتی مێژوو، ئارکیۆلۆجی و ئیتنۆگرافیی سەنتەری ئەکادیمیی داغستانی سەر بە ئەکادیمیی زانیاریی رووسی ، فایلی1، ژمارەی تۆمار 2296، کەیسی ژمارە 388 .

[43] بۆ ئەم نامە و نامەکارییانە بڕوانە خەلآتا عومەرۆف "سەد نامە لە شامیلییەوە"، (مەحەج قەلآ: سەنتەری ئەکادیمیی داغستانی سەر بە ئەکادیمیی زانیاریی رووسی، 1997). هەروەها روقییە شەرەفوددینۆڤا "بەڵگەنامەکانی سەردەمی شامیل کە بە عەرەبی نووسراون"، (مۆسکۆ: بەشی ئادابی رۆژهەلآتی سەر بە ئەکادیمیای زانیاریی رووسی، 2001). هەروەها خەلآتا عومەرۆڤ "نموونەی ئەو نامانەی بە بە عەرەبی نووسراون لە داغستانی سەدەی نۆزدەیەمدا (کۆرسێك بۆ خوێندنەوەو وەرگێڕان و کۆمێنت)"، (مەحەج قەلآ: نۆڤیا دێن ـ رۆژی نوێ، 2002).

[44] بۆ وردەکاریی زیاتری ئەم مشتومڕە بڕوانە میشێڵ کێمپەر "گوتاری شەرعیی داغستان لە سەر ئیمامەت"، گۆڤاری رووپێویی ئاسیای ناوەڕاست، ژمارە 3:21، ساڵی 2002، ل161 ـ174، هەروەها "دەسەلآت و یاساو ئیسلام لە داغستاندا"، بەشەکانی 4 ــ 6.

[45] گەممەر "بەرگریی ئیسلامی"، ل50.

[46] بڕوانە نامەکانی ئەلیەراغی بۆ قوتابییە سۆفییەکانی لە کوموخ وەك لە "آثار اليراغي"دا بلآوکراوەتەوە، ل144ــ 180.

[47] بڕوانە باس و گێڕانەوەی دەسنووسی *IIAE*، فایلی 14، تۆماری 1، ژمارە 111، فۆڵدەری 41 ب، ل 42.

[48] عەبدوڕەحمانی کوڕی جەمالەددینی غازی ـ غموقی "یاداشتەکانی سەید عەبدوڕەحمان ـ تذکرة عبدالرحمن" ، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە م. شێخ سەیدۆڤا و خ. عومەرۆڤا، (مەحەج قەلآ: بلآوکەرەوەی کتێبی داغستان، 1997)، ل 31 ــ 32.

[49] لەبارەی ئایەتە جیاوازەکانی جیهادەوە لە قورئاندا، بڕوانە رۆدۆڵف پیتەرز"ئیسلام و کۆلۆنیالیزم، رێبازی جیهاد لە مێژووی نوێدا"، (لاهای، پاریس، نیویۆرك: موتۆن، 1979)، ل9 ــ 38.

(50) بڕوانە نامەی تۆبەکاریی جەمالەدین بۆ ئەلیەراغی، کە لە دورگیلی "نزهة الأذهان"دا، ل132ــ 139 ، بلاّوکراوەتەوە.

(51) ئەلێکساندەر کنیش "شامیل"، ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، ژمارە 2، بەرگی نۆیەم، ل 283 ــ 288، وەرگیراوە.

(52) حاجی تاشاو "أسئلته العدید من مكان البعید (هكذا! ـ المترجم)"، (دەسنووس، تۆماری 14، ژمارە 1690، فۆلّدەری 4أ ــ 6أ).

(53) ئاننا ب. زاکس "حاجی تاشاو ـ رکابەری شامیل"، (گرۆزنی: کنیگا، 1992)،ل 24. هەروەها بڕوانە نیکۆلاّی سمیرنۆڤ "موریدیزم لە قەوقازدا"، (مۆسکۆ: بلاّوکردنەوەی ئەکادیمیای زانستی سۆڤییّتی، 1963)، ل 61 ـ 63. هەروەها ن. پۆکرۆڤسکی "موریدیزم و دەسەلاّت ـ حکومەتی تیۆکراتیی شامیل"، (مێژوونووسیی مارکسی 2:36، ساڵی 1934)، ل 70.

(54) دورگیلی "نزهة الأذهان"، ل115.

(55) گازانیلاو گیمرینسکی "ئیمام غازی محەمەد" (لە لایەن بەهادوّر مەلاشیّخانۆڤەوە وەرگیّڕدراوە). لەبارەی غازی محەمەد و سەرەتای خەباتی دژە فیوداڵ ودژە کۆلۆنیالّی خەلّکی داغستان و چیچنیا. کۆنووسی دانیشتنەکانی ئەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەی لە 13 ـ 15 ی ئۆکتۆبەری 1993دا بەسترا"، (مەحەج قەلاّ: سەنتەری ئکادیمیی داغستان سەر بە ئەکادیمیای زانیاریی رووسی، 1995)، ل 179 ــ 237، 204، 226. هەروەها دورگیلی "نزهة الأذهان"، ل 115.

(56) پێناسەی لەم چەشنە بۆ زاراوەی مورید بۆ نموونە لە پەراوێز و لێکدانەوەی مێژووە بەناوبانگەکەی محەمەد تاهیر ئەلقەراخیدا هاتووە "بارقة السیوف الداغستانیة فیما بعد الغزوات الشاملیة"، ساغکردنەوەی بارانۆڤ / کراچکۆڤسکی، (مۆسکۆ ــ لینینگراد: خانەی بلاّوکردنەوەی ئەکادیمیای زانستی سۆڤییّتی، 1946)، ل6.

(57) ئا. رۆنۆڤسکی "یاساو رێساکانی شامیل"، کۆکراوەی جەنگ، بەرگی 2، ساڵی 1862، ل 362. هەروەها گەممەر "بەرگریی ئیسلامی"، ل 228.

(58) بڕوانە راپۆرتی ئوربیلیانی ئەفسەری رووس، کەوا کاتیّ دیل بووە لە ساڵی 1842 دا، لەگەڵ جەمالەدین یەکتریان بینیوە. راپۆرتەکە لە کتێبی "بزووتنەوەی میللەتە چیانشینەکانی باکووری رۆژهەلاّتی قەوقاز لە ماوەی ساڵانی بیست بۆ پەنجای سەدەی نۆزدەیەمدا. کۆکراوەیەکی بەڵگەنامەکان"، (مەحەج قەلاّ: خانەی بلاّوکردنەوەی داغستان، 1959)، ل 412 ــ 423.

(59) لەبارەی ئەم یاخیبوونەوە بڕوانە تەیمور م. ئایتبیرۆڤ، ی. دادایيف و خ. عومەرۆڤ، "راپەڕینی داغستان و چیچان لە قۆناخی دوای شامیل و ئیمامەتی ساڵی 1877 دا"، (مەحەج قەلاّ: سندووقی نێودەوڵەتیی شامیل، زانکۆی حکومەتی داغستان، سەنتەری ئەکادیمیای داغستانی سەر بە ئەکادیمیای زانستیی رووسیا.

(60) بڕوانە پاشبەند (تذییل) ی محمد مراد بن عبدالله القاضي (المنزلاوی الرمزي) کەلە پەراوێزی تەرجەمەی عەرەبیی ئەلقازانیدا چاپکراوە، لەمەڕ علی بن حسین الواعظ الهراوي "رشاحت عین الحیاة"ی فارسی، مەککە: 1889 ـ 1890" و جارێکی تر لە (دیاربەکر: المکتبة الإسلامیة ی مەحمود ئۆزدەمیر چاپکراوە،ل180 ـ 183). من سوپاسی ئەرسەر بوهلەر دەکەم کەوا کۆپییەکی ئەم کارەی دامیّ.

(61) میرخالید سەیفوڵلاّی کوڕی حوسێن باشلاری نیتسوبکریی غازی ـ غموقی نەقشبەندیی قادریی شازلیی شافیعیی داغستانی "مکتوبات خالد سیف الله إلى فقراء أهل الله"، (دمشق: دار النعمان للعلوم، 1968). هەروەها حسن حلمی بن محمد القاضی "مکتوبات القاضي المسمّى وسائل البرید في رسائل الأستاذ الفرید"، (دمشق: دار النعمان للعلوم، 1998). هەروەها کێمپەر "تۆڕی رێبازی خالیدی لە داغستان و مەسەلەی جیهاد"، (گۆڤاری جیهانی ئیسلام *Die Welt des Islam*1:42، 2002)، ل 41 ــ 71.

(62) دیمتری ڤ. ماکارۆڤ "ئیسلامی رەسمی و نارەسمی لە داغستاندا"، (مۆسکۆ: سەنتەری لێکۆڵینەوەی سیاسی و ستراتیجی، 2000). هەروەها ئەلیکساندەر کنیش "مەترسییەکی ئاشکراو روونی ئێستا: وەهابیزم لە توندڕەویدا"، گۆڤاری جیهانی ئیسلام *Die Welt des Islam, 1:44, 2004, 26* ل3،

(63) گالینا م. یێمیلیانۆڤا "ئیسلامی بان نەتەوەیی لە بەرانبەر ئیسلامی ئیتنیکدا لە ئەورووپای رۆژهەلاّتدا : رۆڵی ماسمیدیا"، (لە کتێبی سانت ئەلیڤیّ و جەی نیلسن "تۆڕە ئیسلامییەکان و کۆمەڵگە بان نیشتمانی وبان نەتەوەییەکان لە ئەورووپادا"، (لیدن ـ بۆستن: بریلّ، 2003)، ل243ــ280.

## 8

**مارتن ڤان بروونەسن**

# له پاش رۆژگاری ئەبو قوبەیس: گۆڕانکاریی تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لە ئیندۆنیسیادا

## جەبەل ئەبو قوبەیس و خاك و ولآتانی بەردەمی با:

تەریقەتی نەقشبەندیـ خالیدی لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا لە مەککەوە گەیشتووەتە ئەرخەبیلی (دوورگەکانی) ئیندۆنیسیا زووتر نەقشبەندی بە شێوەیەکی عادەتی خۆی کوتاوەتە ئەوێ، بە تێکەڵبوون لە گەڵ تەریقەتەکانی وەك (شەتتارییە، خەلوەتییە، قادرییە)، بەلآم ئەمانە هەرگیز لە بازنەی بچووك بچووك تێنەپەڕیون، کە بە زۆری خەڵکی خاوەن کارو پیشەی تایبەت بوون، یان کارامەی ئەم ئەرکە بوون بەلآم لە پاش یەك دوو پشت هەڵوەشاونەتەوەو کەرت و پەرت بوون. لەم سەروبەندەدا ڕێبازەکە تەماشای کرد وا ئاپۆرەیەك شوێن ڕێبازێکی تری میللی کەوتووە، کە قادری و نەقشبەندی بوون. لقی سێیەمی نەقشبەندیش لە مەککەوە، لە دواداوایی سەدەی نۆزدەیەمدا گەیشتە ئیندۆنیسیا و ناوی مەزهەری بوو، بەلآم ئەمەیان زۆر سادە بووەو پەیڕەوانی سنووردار بوون. تا ئەوکاتەی کە سعوودیە مەککەی داگیر کرد، ئەو تەکیێەی کە لە لایەن عەبدوڵلآی ئەرزنجانیی خەلیفەی مەولانا خالیدەوە، کە زۆرجار بە ئەلمەککیش ناودەبرا، لە سەر جەبەل ئەبو قوبەیس دروستکرابوو، بە سەنتەری بلآوبوونەوەی خێرای نەقشبەندیی خالیدیی ئیندۆنیسی مابووەوە. ژمارەیەکی زۆری خەڵکی باشووری ڕۆژهەلآتی ئاسیا لەم (زاویە) دا خەلوەتیان دەکێشاو فێری بنەما سەرەکییەکانی ڕێبازەکە دەبوون بە سەرپەرشتی و ڕابەریی شێخەکانی ئەبو قوبەیس و یاریدەدەرەکانیان کە مەلایی زمان بوون. دەیان و بگرە سەدانیش دەگەڕانەوە بۆ دوورگەکانیان بە "ئیجازەی" دەسنووسەوە بۆ ڕێنمایی و فێرکردنی تەریقەتەکە و بەلگەی سەلمێنراوی ئیجازەکانیش مۆرێك بوو بە ناوی جەبەل ئەبو قوبەیسەوە. گەلێ لەو شێخانە ناوی ئەبو قوبەیسیان بۆ بووبووە دەسەلآتی بالآ لە ژیانی ڕۆحیی تەریقەتی خالیدیدا.

ئەو خەلیفە ئیندۆنیسیانەی لە لایەن ئەبو قوبەیسەوە دادەمەزران دەکرا خەلیفەی خۆیان دابنێن و تۆڕێکی چڕوپڕ بەو دوورگانەدا بلآوبووبوونەوە چونکە هەر مامۆستایەکی تازە دوو تا چوار تا دەرزەنێك یان بگرە زیاتر جێگری ڕادەسپاردو ئەمانیش بە نۆرەی خۆیان نەوەیەکی تری جێگریان ڕادەسپارد. بە هەر حاڵ "ئیجازەی" جەبەل

قوبەیس زۆر شکۆدارتر بوو لەوەی کە لە ناوخۆدا وەردەگیراو گەلێ لە مامۆستایان کە یەکەمجار دەچوونە سەر تەریقەت و ئیجازەی ئیرشادیان لە شێخێکی ئیندۆنیسی وەردەگرت سەفەرێکی مەککەشیان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی ئیجازەیەکی تر لە سەرچاوەو بەو پێیە سیلسیلەیان کورت دەکردەوە و نزیکبوونەوەیان لە پێغەمبەر زیاتر دەبوو بە هەمان شێوەش ڕێزو شکۆیان کاتێ دەگەڕانەوە بۆ وڵات.

لە پێشترین ڕابەری تەریقەتی خالیدیی ئیندۆنیسی کە تۆمار کرابێت إسماعیل المینانکاباوی یان الباروسی بووە (ناوی نەتەوەکەی هەڵگرتووە و مینانکاباو دەکەوێتە ڕۆژئاوای سۆمەترەوە یان بۆ ناوچەی بارۆس دەگەڕێتەوە کە دەکەوێتە ڕۆخی ڕۆژئاوای سۆمەترەوە). ئەمە بە هۆی ئەوەوەیە کە 1) بابەتێك بوو بۆ لە سەر نووسینی توند یان داکۆکی لێکردن. 2) نووسینەکانی هێشتا هەر دەخوێنرێتەوە. 3) ناوی لە هەندێك سیلسیلەی ئەم دواییەدا نووسراوە.

ئیسماعیل لە ساڵانی 1820 کاندا لە مەککە چووەتە ناو تەریقەتی نەقشبەندیی خالیدییەوە و ماوەیەکی زۆر لە تەکێکەی جەبەل ئەبو قوبەیس وەك خەلیفەی چەند شێخێکی یەك لە دوای یەك ماوەتەوە. پاشان بۆ ماوەیەکی کەم لە ساڵانی 1850 کاندا لە مەککەوە گەڕاوەتەوە بۆ دوورگەکانی وڵاتەکەی و لە سەنگاپورە نیشتەجێ بووە نەك لە وڵاتەکەی کە داگیرکراوی هۆڵەندییەکان بوو. لەوێ خەلیفەو موریدەکانی لە نێو خەڵکی خۆوڵاتیی ئەریستوکرات و پاوماقووڵدا هەڵدەبژارد و چووە نێو هەراو ڕاپەڕینی دژە کۆلۆنیالییەوە. ڕەنگە بە هۆی ناکۆکی و ململانێوە بێت لە گەڵ دەسەڵاتدارانی ئاینیی ناوخۆدا کە سالم بن سومەیری زانای کاریگەری عەرەبی نیشتەجێی سینگاپوورە بە نامیلکەیەك ئیدانەیەکی توندی کرد و ڕەنگە ئەمەش بە هۆی دەسەڵاتی دنیاییەوە بووبێت کەوا حەزی بە خولیای دژە کۆلۆنیالیەکەی نەکردبێت لە ماوەیەکی کەمدا کە ئەو لەوێ مابووەوە. بەهەرحاڵ، ئیسماعیل گەڕایەوە بۆ مەککەو تا کۆتایی تەمەن لەوێ مایەوە.

ئیسماعیلی مینانکاباوی یەکەم وەسێتی گرنگ بوو لە نێوان شێخەکانی جەبەل ئەبو قوبەیس و خەلیفەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایاندا. ئەم شێخانە بە دوای یەکدا عەبدوڵڵای ئەرزنجانی (خەڵکی ئەرزنجانی تورکیای ئەمڕۆ بووە)، سلێمان القریمی (خەڵکی قرم بووە)، سلێمان زوهدی و کوڕەکەی یان زاواکەی عەلی ڕەزا. بە تایبەتی سلێمان زوهدی (کە بە سلێمان ئەفەندی ناسرابوو) و لە سەردەمی ئەمدا لە دوا بیست و پێنج ساڵی سەدەی نۆزدەیەمدا ئەبو قوبەیس گەشەکردنی بەرچاوی بەخۆوە بینی و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئیندۆنیسیای هێنایە ناو تەریقەتەکەوە و ئیجازەیەکی بێشوماریشی دا بە خەلیفەو پەیڕەوانی. بۆ گەلێ لە لقە بەردەوامەکانی نەقشبەندی، زوهدی دوا مامۆستاو ڕابەری مەککی بوو، ئەوانیتر دەگەڕێنەوە بۆ عەلی ڕەزای جێگرەوەی یان خەلیفەیەکی تری ئەبوقوبەیس، کەناوی عوسمان فەوزی بوو. لە پاش ساڵی 1924، سەردەم و ڕۆژگاری ئەبوقوبەیس بەسەرچوو . ئەڵبەتە ئەوەی کە ساغبووبێتەوە بۆ من لە پاش ئەو مێژووەوە هیچ ئیندۆنیسییەك ئیجازەی وەرنەگرتووە. هەندێك باس لەوە دەکەن گوایە مەککەی بەجێهێشتبێت بەرەو هندستان بەڵام هەندێکی تر دەڵێن کەوا پێش ساڵی 1924 کۆچی دوایی کردووە. ئەوەی کە ئێمە دەیزانین ئەوەیە کەوا پاش عەلی ڕەزا هیچ مامۆستا یان ڕابەرێکی خالیدی لە مەککە بە بەربڵاوی نەدەناسراو تەریقەتی خالیدی لە ئیندۆنیسیا سەنتەری خۆی لەدەستدابوو و کەرت و پەرت بووبوو بە سەر ژمارەیەك سەنتەری سەربەخۆی ناوخۆییدا، کە هەر یەکەی تۆڕە خەلیفەی خۆی هەبوو. بۆ ماوەیەك خەتێکی ڕکابەری شێخەکانی خالیدی لە مەککەدا پەیدابووبوو. لە ساڵانی 1870کان و 1880کاندا ململانێیەکی سەخت لە نێوان سلێمان زوهدی و شێخی خەتەکەی تردا هەبوو، کە ناوی خەلیل پاشا (خەلیل حەمدی) بوو، کەوا

سنۆك هۆرگرۆنجە باسێکی سەیری دەکات. ئەم ڕێبازی دووەمەش بە عەبدوڵڵای ئەرزنجانی دەستی پێکرد، کە یحیی الداغستانیی باوکی خەلیل حەمدی بە خەلیفەی خۆی دانابوو، بە پێچەوانەی یاسا و ڕێسای عادەتی دانەمەزراندنی خەلیفەیەك زیاتر بۆ هەمان شوێن سلێمان ئەفەندی ڕکابەرەکەی خۆی بەوە تۆمەتبار دەکرد کەوا کردەوەی هەرتەقە و کفر و لەوانە سەماکردن و جووڵاندنی توندی جەستە دێنێتە ناو خواپەرستیی نەقشبەندییەوەوە و بە نووسین و بە زارەکی کۆڕ و کۆمەڵی مەلایۆکانی ئاگادار کردەوە کەوا خەلیل پاشا پەیڕەوانی بەرەو چەواشەکاری دەبات. ئەم پیاوە نازناوی پاشای لەوەوە بۆ مابووەوە کە پێشترخزمەتی حکومەتی کردووەو هاوپەیمانییەکی سیاسیی دەسەڵاتداری ڕێکخستبوو بۆ بەزاندنی سلێمان. ئەو پشتگیریی والیی مەککەو سەرۆکی زانایانی مەککە، ئەحمەد بن زەینی دەهلانی دەستەبەر کردبوو. ئەمیان فەتوایەکی دەرکرد و سلێمانی بە هەرتەقەو خوانەناسی ناوزەدکرد چونکە بوختانی بۆ خواناسیی کردووەو سلێمانی خستە بەندیخانەوە. خەلیل پاشا نامە و فەتواکەی بۆ فەرمانڕەوایانی جۆراوجۆری مالای نارد لە سۆمەترە. بەهەرحاڵ، سلێمان ئەفەندی سوودی لە کۆنترۆڵ کردنی تەکیە شکۆمەندەکەی ئەبو قوبەیس وەرگرتبوو و لە ڕادە بەدەر ڕێز و خۆشەویستیی هەبوو لە ناو ئیندۆنیسییەکاندا. "سەرکەوتنەکەی" خەلیل پاشا لە ناکۆکی و ململانێدا بە هۆی هاوپەیمانێتیی سیاسییەوەو ئەو نامانەی کە لە مەککەوە نێردرابوون بۆ فەرمانڕەوا مالاییەکان لە ڕۆژهەڵاتی سۆمەترەدا کە تەریقەتی نەقشبەندییان دەپاراست وادیارە هیچ کاریگەرییەکی نەبوو لە سەر تۆڕەکەی سلێمان ئەفەندی لەوێ.

## پاش بچڕانی پەیوەندیی بەتین لە گەڵ ئەبو قوبەیسدا

ماوەیەکی دوورو درێژ لە دوای عەلی ڕەزا هیچ شەپۆل و شاڵاوێکی نوێی نەقشبەندی ـ خالیدی ڕووی لە ئیندۆنیسیا نەکرد. ئەڵبەتە هیچ سەنتەرێك وەك چەقی دەرەکیی شکۆدار جێگەی جەبەل ئەبو قوبەیسی نەگرتەوە. تەنها لە دوادوایی ساڵانی 1990 کاندا گوژمێکی نوێ لە دەرەوە پەیدا بوو کاتێ شێخ هیشام قەببانی ڕابەری ڕێبازی هەققانییە، کە دینامیکیترین و بەرفراوانترین لقی خالیدییە بوو، سەردانی ئیندۆنیسیای کرد و خەلیفەیەکی زۆری دامەزراند. بۆ ماوەی سێ بەشی سەدەیەك لقە ئیندۆنیسیەکانی تەریقەتی خالیدی دەبوو پشت بە خۆیان ببەستن بێ ئەگەری نوێبوونەوەیەکی ڕێکوپێك لە سەرچاوەیەکی دەرەکییەوە. هەندێ لە لقە ناوخۆییەکان کپبوونەوەو ئەوانیتر ڕەنگی ناوخۆییان لەخۆگرت و ڕێوڕەسم و ڕاهێنانەکانیان لە گەڵ بارودۆخ و پێداویستیی ناوخۆدا گونجاند. بەرچاوترین پەرەسەندنەکان لە ناوچەکانی ڕێکخستن و پەیوەندیکردندا بوون. هەندێ لە لقەکان زۆر سەرکەوتوو بوون لە خۆگونجاندنیاندا لە گەڵ گۆڕانکاریی بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا و هەواداری نوێ بۆ خۆیان بدۆزنەوە لە ڕێگەی گفتوگۆ و پەند دانانی نوێترەوە.

من لەم بابەتە نووسینەدا هەوڵ نادەم بە گشتی چاو بخشێنم بە سەر پەرەسەندنەکاندا بەڵکو تیشك بخەمە سەر سێ تۆڕی بەربڵاوی سەرکەوتوو کەوا دوورگەی سۆمەترەیان کردووەتە بنکەی خۆیان (بەڵام دوانیان لە هەموو ئەرخەبیلدا بڵاوبوونەتەوە). یەکەمیان، کە کۆنترینیانە لە سەرەتای ساڵانی 1870 کاندا دامەزراوە لە لایەن زانای مەلایۆ عەبدولوەهاب ڕۆکانەوە و بنکەکەی لە تاقە گوندی نەقشبەندییە لە وڵاتەکەدا کە ناوی بابولسەلامە لە

لانگکاتی نزیك مێدان. دووەم تۆڕ لە لایەن جەلالەدینی مامۆستای قوتابخانەوە لە ڕۆژئاوای سۆمەترە دامەزرا، کەوا زنجیرەیەك کتێبی سەرنجڕاکێشی لەسەر ڕێوڕەسم و یاسا و ڕێسای تەریقەتی نەقشبەندی نووسی و لە سالآنی 1950 کانیشدا حیزبێکی سیاسیی بنەما نەقشبەندیی دروستکرد. سێیەم تۆڕ وەك لقێك یان ڕکابەرێکی دووەم دروست بوو و لە لایەن قادرون یەحیای زاوای جەلالەدینەوە بەڕێوەدەبرا، کە مامۆستایەکی زانکۆ و خاوەن دەسەلآتێکی ڕۆحیی بەهێز بووە وەك باسدەکرێت و ئیدیعاکانی بۆ پەرەپێدانی میتافیزیك زانستی ئەقلّیی تاقیکاری گەلێ خەلّکی بۆ خۆی ڕاکێشابوو. هەروەها ئەم سێ تۆڕە پلەی جۆراوجۆری گونجاندن دەنوێنن بۆ نەریتی ڕۆحیی ئیندۆنیسی.

## شێخی بابولسەلام و جێگرەوەکانی

شێخ عبدولوەهاب رۆکان (کە سالّی 1926 کۆچی دوایی کردووە) پێدەچێت سەرکەوتووترین دەرچووانی ئیندۆنیسیی جەبەل ئەبو قوبەیس بووبێت. ئەم پیاوە لە بنەمالّەیەکی مالایی ئاینپەروەر بووە لە ناوچەی ڕۆکانی ناوەڕاستی سۆمەترە و لە گەلێ سووراوی جۆراوجۆردا لە سۆمەترەی ناوەڕاست خوێندوویەتی (حوجرە یان مەدرەسە جۆراوجۆرەکانی ئەوێ بە سووراو ناسراون). پاشان کۆچی کردووە بۆ مەککە بۆ بەردەوامی پێدانی خوێندنەکەی و لەوێ پێنج شەش سالّ ماوەتەوە لە سالآنی 1860کاندا و فیقهی لە مەسجیدی حەرام خوێندووە، لە گەلّ دەستەبژێری زانایانی ئاینیی عەرەبدا چەشنی شێخ حەسەبەللاّ و موفتیی شافیعیی سەید ئەحمەد بن زەینی دەحلان، بەلاّم بە تایبەتیش لە گەلّ زانایانی مالایی دانیشتووی مەککەدا. وەك باسدەکرێت یەك لە مامۆستا مالاییەکان بە ناوی محەمەد یونس بن عەبدولڕەحمان باتووبارا بووە کە ئامۆژگاریی کردووە بچێتە لای سلێمان زوهدی و فێری یاساو ڕێسا و ڕاهێنانی تەریقەتی نەقشبەندی ببێت. ژیاننامەی هاگیۆگرافیی عەبدولوەهاب ئەوە دەردەخات کە خواناسێکی وابووە کە ڕۆژانە چەندین کاتژمێری بەسەربردووە لە زیکردا و گەشەکردنێکی ڕۆحیی خێرای کردووە، چونکە ئیجازەیەکی وای پێبەخشراوە کەوا ڕێبازەکە لە سەرانسەری ڕۆژهەلآتی سۆمەترەدا بلاّوبکاتەوە، هەر لە ئاسێوە تا پالێمبانگ. بە پێچەوانەی زۆربەی خەلیفەکانی ترەوە،کە ئیجازەکانیان تەنها یەك مۆری پێوە بووە، ئەم ئیجازەیەکی دوو مۆریی پێدراوە و بەلگە بووە کە خەلیفەیەکی پلە بەرزە.

کاتێ گەڕایەوە بۆ سۆمەترە یەکەمجار لە کۆبۆ(ڕیاو) نیشتەجێ بوو و لەوێ دەستەبژێری خەلّکەکەی هێنایە ناو تەریقەتی نەقشبەندییەوە. چەند سالّێك دواتر چوو بەرەو باکوور بۆ هەرێمی دەوروبەری مێدان، کە بارێکی گەشەکردووی ئابووریی تێیدا لە گەشەکردندا بوو و پشتیوانیی سولّتانەکانی دێلی و لانگکاتی بۆ خۆی دەستەبەر کرد کە دەستڕۆیشتووترین دەسەلآتداری تەواوی کەناری ڕۆژهەلآت بوون. سولّتان مووسا موعەزەم سیاهی لانگکات بوو بە موریدێکی دلسۆزو پارچە زەوییەکی وەك وەقف بەخشییە شێخ عەبدولوەهاب، کە لە سالّی 1883دا مەدرەسەیەك و گوندێکی تیادا دروستکرد بە ناوی بابولسەلام (یان بە شێوە گۆکردنی مالایی، پێسیلام). گوندەکە خێرا گەورە بوو بە نیشتەجێبوونی خێزان و بنەمالّەی خۆی و پەیڕەوانی کە بڕیاریاندابوو لە گەلّ ئەمدا بمێننەوە و بە ڕابەری و سەرکردایەتیی شێخ، داری بەری و بەروبوومی تریان چاند و لە ڕووی ئابوورییەوە پشتیان بە خۆیان بەست.

لە سالّی 1889 ـ 90 دا وەك باسدەکرێت شێخ تووشی کێشەو گرفت بوو لە گەلّ دەسەلآتدارانی هۆلّەندیدا و دەبوو بابوسسەلام بەجێبێلّێت، چونکە بە ئاشکرا بە تێوەگلان لە مەسەلەی ساختەکردنی پارەدا تۆمەتبار کرا، بۆیە لە

تەنگ و دەربەندەکان پەڕییەوە بۆ پێنانگ و دواجار لە باتو پەهات لە جۆهۆر نیشتەجێ بوو و لەوێوە سەردانی چڕوپڕی دەکرد بۆ ناوچە جۆراوجۆرەکان لە سۆمەترەی ناوەڕاستدا، تا لە دواییدا بانگهێشت کرایەوە بۆ لانگکات و جارێکی تر لە بابوسسەلام نیشتەجێ بووەوەو تا مردنی لە ساڵی 1926دا لەوێ مایەوە. ئەو بۆ هەرکوێ بچوایە لە دەسەڵاتدارانی ناوخۆوە ڕێزێکی گەورەی لێدەنرا و ژنێکی خۆولاتی لە بنەماڵەیەکی ناودار مارە کردو پیاوی بەدەسەلات و کاریگەری وەك خەلیفەی خۆی دادەناو تا کۆتایی ژیانی نزیکەی 120 خەلیفەی دانا، کە هەموویان بە درێژیی ڕۆخی ڕۆژهەلات و شوێنەکانی پشتەوەی سۆمەترە بوون، لە ئاسێوە دادکشێی بەرەو باشوور، لە گەڵ تەرکیزێکی تەواو لە سەر ڕیاو و هەرێمەکانی تری ناوەڕاستی سۆمەترە و کەمێك لە ڕۆژهەلاتی سۆمەترە و هەشت کەس لە مەلایۆ. لە پاش مردنی، هەموو ئەم خەلیفانەو جێگرەوەکانیان بەردەوام بوون لەسەر دانپیانان بە دەسەلاتی بابوسسەلامدا و ڕێزگرتنی جێگرەوەکانی عەبدولوەهاب وەك گەورەو ڕابەریان.گوندی بابوسسەلام تا ئەمڕۆش بە شێوەیەکی تایبەت نیشتەجێی نەوەکانی شێخ عەبدولوەهاب و پەیڕەوانێتی. هەموو کەس نەقشبەندییەکی ڕاهێنراوە و لێرە ڕیتمی ژیان مۆرکی ڕاهێنانی ڕێکوپێکی خواپەرستیی پێوەدیارە و لەوانە خوێندنەوەی "موئەززین" ی دۆعا و پاڕانەوەیەکی دوورو درێژ کە داوای پیرۆزی و بەرەکەتی خوا دەکات لە ڕێگای پیاوچاکانی سیلسیلەی عەبدولوەهابەوەو پێش بانگی نوێژی بەیانی و شێوان. مەرکەزییەتی دەستوورو ڕاهێنانی نەقشبەندی لەم گوندەدا ئیشارەت بە بوونی دوو "ڕوماه سلوك" دەکات، لە گەڵ خانووی تایبەت دروستکراو بۆ دە، بیست، یان سی ڕۆژی خەڵوەتی نەقشبەندی کە لێرە بە "سلوك" ناودەبرێت (بێجگە لە خەڵوەتیش). ئەم "روماه سلوکە" وەك خاسیەتێکی تایبەتی ڕێوڕەسمی سۆفیگەریی ئیندۆنیسی بەکاردێت و بە تایبەتی تر لە سۆمەترەدا. هەرکەسێك تەمەسسوکی کردبێت چاوەڕێی ئەوەی لێکراوە کە لانیکەم یەك خەڵوەت بەجێبێنێت (ئەڵبەتە بارودۆخی مۆدێرنی کارکردن ئەمەی تا دەهات قورستر کردبوو بۆ زۆرێك لە پەیڕەوان). هەندێ لە مامۆستاو ڕابەران خەڵوەتیان لە قوژبنێکی مزگەوتی گونددا بە جێدەهێنا کە بە پارچە قوماشێك جیادەکرایەوە، هەندێکی تر کەپرێکیان لە تەنیشت ماڵەکانیانەوە دروست دەکرد. مامۆستاو ڕابەرە کاریگەرەکان "روما سلووك" لە کاتە دیاریکراوەکانی ساڵدا نمایش دەکرێت، لە کاتی ڕەمەزاندا و مانگێك یان دوو مانگی تری ڕۆژمێری موسڵمانان، یان لە دوای وەرزی دروێنە. لە بابوسسەلامیش بە درێژایی ساڵ خەڵوەت هەیە، بەردەوام لێشاوێکی زیارەتکەران لە سەرانسەری سۆمەترە و مالیزیادا ئەوە پیشاندەدات کە بابوسسەلام بە سەنتەرێکی ڕۆحیی سەرەکیی ماوەتەوە لە جیهانی مەلایۆ زماندا.

یەکەم جێگرەوەی عەبدولوەهاب وەك گەورەو رابەری بابوسسەلام کوڕە گەورەی یەحیا ئەفەندی بوو (کە ساڵی 1929کۆچی دوایی کرد) و زۆر لە دوای باوکی نەژیاو ئەمیش عەبدولەنافی کوڕی جێی گرتەوەو پاش ئەمیش گەورەترین خەلیفەی خۆی بە ناوی محەمەد سەعید جێی گرتەوە. دوای ئەم حاجی عبدولجەباری کوڕە بچووکی عەبدولوەهاب هاتە شوێنی کە لە کۆبوونەوەیەکی هەموو خەلیفەکانی ئامادەبوو لە بابوسسەلامدا ساڵی 1936 بە مورشید هەڵبژێردرا. ئەمە دوا جێگرتنەوە بوو کە بێ ناکۆکی و ململانێ بەڕێوەچوو. بۆ ماوەی نیو سەدەی لەوەوپاش ململانێ و ڕکابەریی ناو بنەماڵەکە شانبەشانی ململانێ و ناکۆکییە سیاسییەکان بەڕێوەدەچوو لە باکووری سۆمەترەدا، چون گرووپە جیاوازەکان هەوڵی کۆنترۆڵی بابوسسەلامیان دەدا و دەیانویست شکۆ مەزنەکەی بۆ مەبەستی سیاسی بەکاربێنن.

عەبدولجەبار ساڵی 1942 کۆچی دوایی کرد و محەمەد داودی جێگری (کە زڕبرایشی بوو) خۆی بە جێگرەوەی خاوەن هەق دەزانی. لەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییەی بە دوای شکستهێنانی ژاپۆنییەکاندا هات، داود لایەنگریی بەرەی دژە سوڵتانی دەکرد و بەو پێیە لە پاش یەکەم ئۆپەراسیۆنی سەربازیی هۆڵەندییەکان لە ساڵی 1947دا لە ئاسێ بوو بە پەنابەرو تا حکومەتی یەکگرتووی ڕۆژهەڵاتی سۆمەترە لە دەسەڵاتدا بوو ئەو هەر بە ئاوارەیی لەوێ مایەوەو تەنها لە ساڵی 1951دا توانی بگەڕێتەوە. لەو ماوەیەدا خەلیفەیەکی تر بە ناوی پاکی تەمباه (وەك مورشید و نازر یان بەڕێوەبەر) لە بابوسسەلام دامەزرابوو و لە ساڵی 1948دا زۆربەی زۆری خەلیفەکان ئەو ڕابەرییەیان لێسەلماندو بەم پێیە نەیدەویست واز لە پلەوپایەکەی بێنێ بۆ داود کاتێ کەگەڕایەوە و ئەنجام ناکۆکییەکی درێژخایەنی لێکەوتەوە و داودیش "ڕوما سلوك"ی خۆی لە مەودایەکی نزیکی ئەوی پاکی تەمباوە دامەزراند. لە گەڵ هەوڵ و تێکەوتنی خەڵك و دەزگای جۆراوجۆری ڕێکخراوی ئیسلامی و دەسەڵاتدارانی حکومەت و ئەندامانی بنەماڵەی عەبدولوەهاب بەڵام مەسەلەکە هەر یەکلانەبووەوەو تا مردنی داودو پاکی تەمباه بە دوای یەکدا لە ساڵانی 1971 و 1972دا، هەردوکیان وەك تاقە مورشیدو نازری گوندی بابوسسەلام هەڵسوکەوتیان دەکرد.

پرۆسەیەکی دوورودرێژی ڕاوێژکاری و لۆبیکردن لە ناو ئەندامانی ئەو بنەماڵەیەو خەلیفەکانی تردا ئەنجامی ئەوەی لێکەوتەوە کەوا کوڕێکی تری عەبدولوەهاب هەڵبژێرن بە مورشید کە ناوی موعین بوو. ئەم پیاوە لە ساڵی 1974 تا1981بۆ ماوەی حەوت ساڵ دەمسپیی بابوسسەلام بوو، دوای ئەمیش دوا کوڕی عەبدولوەهاب کە لە ژیاندا مابوو و ناوی مەدیەن بوو جێی گرتەوە. بە هەر حاڵ، دۆخی دووبەرەکیی هەر لە بابوسسەلامدا مایەوەو "ڕوماسلوکی" داود دانەخراو بە ڕابەریی تاجەدینی کوڕی داود هەر لەکاردا مایەوە (کە لە ساڵی 1986دا ئەندامی پەرلەمانی هەرێمایەتیی حیزبی حکومەت بوو، واتە گۆلکار).

بە مردنی مەدیەن، لە ساڵی 1986دا، ناکۆکی و ململانێ سەرلەنوێ دەستی پێکردەوە، چونکە تواناو دەسەڵاتی جێی ڕەزامەندیی گشتیی نەبوو بەو پێیە کە زانای ئاینیی نەبوو و خەلیفەکان حەزیان بەوە دەکرد کەسێك جێگر بێت کە زیاتر جێی ڕێزی ئەوان بێت. ئەڵبەتە لەو دەمە دوو کاندیدی بەهێز هەبوون و هەردوکیان کوڕەزای دامەزرێنەری بابوسسەلام بوون. فەقێ شۆفی (کە کوڕی حاجی بەکری بوو) لە گەڵ ئەنەس مودەووەری کوڕی داود. یەکەمیان لە لای زۆربەی خەلیفەکان پەسەند بوو چونکە زانایەکی ڕاستەقینەو سۆفی بوو، بەڵام ئەنەس پشتگیرییەکی سیاسیی بەهێزتری هەبوو. حاکمی (یان بوپاتی) لانگکات بۆ ئەمیان تێکەوت و کردی بە سەرۆکی بابوسسەلام. لە ئەنجامی ئەمەدا ڕۆڵی ڕابەرێتی بوو بە دوو کەرتەوە کەوا ئەنەس وەك "نازر" ڕەفتاری دەکرد بەڵام شۆفی کۆنترۆڵی "ڕوما سلوکی" کردبوو و سەرەوکاریی کۆڕی زیکری دەکرد (لە سیاقی ئیندۆنیسیدا پێیدەوترێ "تەوەججوه"، کە لێرە ڕۆژی چوار جار بەڕێوەدەچێت، لە پاش هەموو نوێژێك، نوێژی "مەغریبی" لێدەرچێت). ئەم ناکۆکییە بە ئاشکرا ئەوانەش هەستیان پێدەکرد کە بە بۆنەی زیارەتەوە دەهاتن، چونکە ئەنەس ڕازی نەدەبوو بەشداریی "تەوەججوه" بکات.

ئەم ناکۆکیانە تا ڕادەیەك بووبوونە خۆرەی دەسەڵاتی بابوسسەلام و دەسەڵاتی ڕاستەقینەی مۆراڵ، لە ناو خەلیفەو موریدەکانی تردا، پێدەچێت هی ئەو ژمارە کەمەی خەلیفەکانی نەوەی یەکەم بووبێت و بە شێوەیەکی بەرچاو شێخ

عەبدولمەنانی پادانگسیدیمپوان لە باشووری تەپەنولی و بڕیارە سەرەکییەکان بێ ڕەزامەندیی ئەم وەرناگیرێن. ئەڵبەتە دوو خەلیفەی تری عەبدولوەهاب کە لە ژیاندا ماون بە ناوەکانی شێخ حەسەنی ئایربانگیس لە ڕۆژئاوای سۆمەترەو خەلیفە جونێدی لابوهان بیلیك لە پانای، لە کەناری ڕۆژهەلأت، کە فەقێ شۆفییان وەك مورشیدی نوێ هەڵبژاردووە و ئەم هەڵبژاردنەش لە لایەن پەیڕەوانی تری ڕێبازەکەوە ڕێزی لێگیراوە، بەدەر لە هەڵوێستی حکومەتی ناوخۆییی کەوا کێی پێ پەسەندە.

یادی سالأنەی "هەولێ" یان مردنی شێخ عەبدولوەهاب گەورەترین و گرنگترین ڕووداوی ساڵە لە بابوسسەلامدا و مەودای دەسەڵاتی ڕۆحیی پیشاندەدا چونکە خەڵك دەستە دەستە لە شوێنی دوورەوە دێن بۆ زیارەت و دەربڕینی ڕێزی خۆیان. "هەولێ" 1993، کە من خۆم تێیدا بەشدار بووم، لە گەڵ سیمینارێکی ئەکادیمیدا گرێدرا کە لە لایەن ئینستیتیوتی دەوڵەت بۆ لێکۆڵینەوەی ئیسلامی لە مێدان سازدرا و هەندێك لە کاربەدەست و قسەکەرانی باڵادەستی خۆولأتی بوون لە گەڵ ئاهەنگێکی گشتیدا لە بابوسسەلام و گەلێ لە کاربەدەستانی دەوڵەت و پیاوماقوولأنی تر بانگهێشت کرابوون. لەو ماوەیەدا لێشاوێك لە پەیڕەوان زیارەتی مەرقەدی شێخ عەبدولوەهابیان دەکردو ژمارەیەکی هێجگار زۆری خەڵکی ناوچەکە هاتبوون بۆ ئەم بۆنەیە کە بە زۆری "هەولێ" تێیدا سەرنجڕاکێشترین بڕگەی بوو. بۆنە ڕەسمییەکە گرنگی و باڵادەستیی دابوو بە ئەنەس مودەوەری "نازر"، بەلأم پێیانوتم کەوا لە چەند هەفتەی پێش "هەولێ"دا نزیکەی هەشت سەد کەس "سلوك"یان ئەنجامداوە بۆ ماوەی لای کەمەکەی دە ڕۆژ و پێدەچێت بە سەرپەرشتیی فەقێ شۆفی بووبێت (بڕوانە نیگارەکانی 8،2،1).

ئەڵبەتە بە تەنها نەوەی بایۆلۆجی و ڕۆحیی شێخ عەبدولوەهاب نەهاتوون بۆ ڕێزلێنانی ئەم شوێنە بەڵکو شێخە نەقشبەندییەکانی خەت و ڕێبازەکانی تریش، لەوانە شێخ قادرون یەحیا (کە لە خوارەوە باسی دێت)و شێخ ئەمیر دەمسەر سیاریف عالەم یەکەم کەسانن کە ئەم نەریت و دەستوورە بەجێدێنن و دووەمیش *PPTI* ە کە یەکەم ڕێکخراوی ڕەسمییە لە باکووری سۆمەترەدا بۆ پەیڕەوانی تەریقەت. لەوێ سێ تۆڕی نەقشبەندیی سەربەخۆ لە باکووری سۆمەترە هەن و هەر یەکەیان لق و پۆی خۆی هەیە لە بەشەکانی تری ئەرخەبیل و لە نێوانیاندا هاوتاییەکی ورد هەیە. شێخەکان ڕێز بۆ یەکتر دەردەبڕن بەلأم ئێرەیی بە یەکتر دەبەن و هەر کەسەو دەیەوێ پارێزگاریی لە دەستەو تاقمی خۆی بکات هەر لە مێژەوەو تا ئێستاش کارێکی نائاسایی نەبووە بۆ شێخێك هەوڵ بدات پەیڕەوانی شێخێکی تر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و بۆ ئەوەی پێگەیەکی پتەو بۆ خۆی دەستەبەر بکات و لەو پێناوەدا هاوپەیمانیی سیاسی و هاندان و دەمچەورکردنی ئابووری و میدیا مۆدێرنیش بەکاردێنێت. ڕابەرێکی ئەم گەمەی دەسەڵاتە، کە ناوی حاجی جەلالەدینە، کاتی خۆی مامۆستای قوتابخانەو نووسەر بووە و ئێستا بایداوەتەوەو بووە بە شێخ.

## حاجی شێخ جەلالەدین *PPTI*

میناکگکاباو، کە ئەندامانی ئەو گرووپە ئەتنیکییەن کەوا لە ڕۆژئاوای سۆمەترەوەن، کاریگەرییان هەیە بە سەر پەرەسەندنی ئیسلامی ئیندۆنیسییەوەو هەروەها (بە سەر فەرهەنگ و سیاسەتی ئیندۆنیسییەوە بە گشتی)، کە زۆر تێپەڕی کردووە لە قەبارە و کەمیی ژمارەیان. میناکگکاباوییەکان لە هێڵی پێشەوەی هەر شەپۆلێکی چاکسازیی

ئیسلامی و بە هەمان شێوەش دژە ڕیفۆرم بوون. مشتومڕ لە نێوان ڕیفۆرمیست و ترادیسیۆنالیستەکاندا لە هیچ شوێنێك بە ئەندازەی ڕۆژئاوای سۆمەترە گەرم نەبووەو بە تایبەتی لە ناو مینانگکاباوەکاندا. یەکەم خەلیفەی خالیدی لە ئیندۆنیسیادا، وەك لە سەرەوە باسکراوە، ئیسماعیل ئەلمینانگکاباوی بوو و شێخ سولێمان زوهدی و بە هەمان شێوەش عەلی ڕەزای جێنشینی ژمارەیەکی زۆری مینانگکاباوییەکانیان وەك خەلیفەی خۆیان دادەمەزراند. لە سالأنی 1920و 1930کاندا ڕەنگە ڕۆژئاوای سۆمەترە گەورەترین ڕێژەی پەیڕەوانی نەقشبەندی لە دانیشتوانەکەیدا هەبووبێت وەك لە هەر هەرێم و ناوچەیەکی تری ئیندۆنیسیا. بە هەمان شێوەش نەیارانی نەقشبەندی یەکەمجار لە ناو مینانگکاباوەکاندا پەیدابوون و بە تایبەتی لە سەر دەستی ئەحمەد خەتیب ئەلمینانگکاباویی ڕیفۆرمیستی میانڕەوی نیشتەجێی مەککەدا، کە لە سالأنی 1906 ـ 1908دا سێ نامیلکەی هێرشی نووسی دژ بە ڕێوڕەسم و ڕاهێنانەکانی نەقشبەندیی هاوچەرخ، کەواچەندین جار چاپکرانەوە ، لە دوورگە جۆراوجۆرە کانی ئەرخەبیلەکەدا.

بۆ داکۆکی کردن لە خۆیان و بیروباوەڕ و بەجێهێنانی ڕێوڕەسمی ڕێبازەکەیان و نواندنی کاریگەریی زیاتر دژ بە پرۆپاگەندەی ڕیفۆرمیستەکان، زانا ئاینییە نەریتییەکانی سەر بە مەدرەسە (یان حوجرە ـ و) سالّی 1930 لە ڕۆژئاوای سۆمەترە ڕێکخراوێکی خۆیان دامەزراند بە ناوی پێرتی *perti* (پێرساتوان تەربییە ئیسلامییە ـ واتە کۆمەڵەی پەروەردەی ئیسلامی)، چەشنی ئەوەی نەریتییەکانی جاوا کردیان چەند سالّێك لەمەوپێش کاتێ کەوا کۆمەڵەی نەهزەتول عولەمایان دروستکرد. هەموو ئەندامە ڕابەرەکانی پێرتی زانای ئاینی بوون و سەرۆکایەتیی سووراوی خۆیانیان دەکرد (تێرمێکی ناوچەییە بۆ مەدرەسە نەریتییەکان) و ژمارەیەکی کەم لەمانەش مامۆستاو ڕابەری نەقشبەندی بوون. لەڕاستیدا زۆرینە ئەگەر نەڵێین هەموو مامۆستا نەقشبەندییەکانی مینانگکاباو ئەندامی پێرتی بوون، کە یەکەم ئەزموونی بۆ ڕەخساندن لە ڕێکخستن یان کۆمەڵەیەکی نوێدا لە هەمان کاتیشدا چالاکیی نیشتمانیی میانڕەو بنوێنن. هەر دوابەدوای جاڕدانی سەربەخۆیی ئیندۆنیسیا (لە 17 ی ئابی 1945دا) پێرتی خۆی گۆڕییە حیزبێکی سیاسی.

حاجی جەلالەدین، کە ئەندامێکی چالاکی پێرتی بوو لە سالأنی 1930 کاندا، مامۆستا و ڕابەرێکی جیاوازی نەقشبەندی بوو. ئەم بە پێچەوانەی هاوکارەکانیەوە خوێندنی مەدرەسەی تەواو نەکردبوو و زۆر بە کەمی زمانی عەرەبیشی دەزانی، بەڵام بە سیستەمی پەروەردەی هۆڵەندیدا تێپەڕیبوو و بە کۆششی خۆی بووبووە مامۆستای قوتابخانە. ئەمە زانیاریی دابوویە لە سەر دنیای مۆدێرن و تەواوکەری ئەو زانیارییە نەریتییەی ناو کتێب بێت کە هاوەڵەکانی پێرتیی فێری بووبوون. ئەم پیاوە لە ڕێگەی پەیوەستبوون بە زانا نەقشبەندییە ڕابەرەکانەوە لە پێرتی زانیارییەکی بەرچاوی بەدەستهێنا لەبارەی مێژوو، ئەدەب، ڕێباز و ڕاهێنانەکانی تەریقەتەوە و ئیدیعای ئەوەی دەکرد کەوا "ئیجازەی" لە شێخ عەلی ڕەزا وەرگرتووە لە جەبەل ئەبو قوبەیس، کاتێ کە چووە بۆ حەج. ئەم ئیدیعایە لە لایەن خەڵکی جۆراوجۆرەوە مشتومڕی لەسەرەو لەوانە زاواکەی و قادرون یەحیای ڕکابەری، بەڵام لەڕاستیدا ژمارەیەکی هێجگار زۆری نووسین پێ لەوە دەنێن کە پلەو پایەی زانیاریی بەرز بووە. لە دەوروبەری سالّی 1940دا یەکەم زنجیرەی درێژی ڕەخنەو مشتومڕی نووسی و داکۆکیی لە ڕێبازی نەقشبەندیی دەکرد دژ بەوانەی

هەوڵی شکاندن و کەمکردنەوەیان دەداو یاساو ڕاهێنانەکانی بە وردی شیکردووەتەوە. جەلالەدین بوو بە نووسەرێکی کاریگەر و قەڵەم بە بڕشت و شێوازی ڕوون و لێکدانەوەی وردی بابەتەکان لە هاوەڵەکانی جیایدەکردەوە و ئەمەش ڕەنگدانەوەی پەروەردەو پیشەیی بوو وەك مامۆستایەکی قوتابخانەو ئاماژەشە بۆ هەڵوێستێکی مۆدێرن و واقیعیانە.

گەلێ لە هاوەڵانی جەلالەدین داکۆکیکردنی ئەمیان پێخۆش نەبوو لە ڕێبازەکەیان، چونکە لە دیدی ئەوانەوە نووسینەکانی ژمارەیەك هەڵەو هەرتەقەی تێدا بوو. ئەو پێش هەموو شتێك وەك زانایەك ئەزموون و ڕاهێنانی نەبوو و هەستێکیان لا دروست بووبوو کەوا ئەو بە شێوەیەکی سەرچڵیانە دەستی لە مەسەلەیەك وەرداوە کە هی خۆی نیەو بە تایبەتی بواری ئەمانە. شێخ سلێمانی ڕەسوڵی، کە گەورەو دەمسپیی مامۆستایانی نەقشبەندی بوو لە پێرتیدا داوایکردووە کەوا جەلالەدین ئەو هەلاًنەی لە سەر فیقھ و مەزهەب کردوویەتی لە کتێبەکانیدا ڕاستی بکاتەوە بەلاًم کە پابەند نەبوو بەم داواکارییەوە لە پێرتی دەرکرا. ئەمە بە ئاشکرا لە ساڵی 1945دا ڕوویدا، ئەو ساڵەی کە خەباتی سەربەخۆیی دەستی پێکردو پێرتی وەك حیزبێکی سیاسی جاڕی لە خۆی دا. جەلالەدین بێ سڵەمینەوە ڕێکخستنی سیاسیی خۆی دروستکرد و ناوی نا PPTI (واتە پاراتای پۆلێتیك تەریقەت ئیسلام) و هێزێکی شێوە سەربازیی دروستکرد لە پەیڕەوانی نەقشبەندی و دواتر لە گەڵ هێزە نەتەوەییەکانی تردا یەکیگرت. ناکۆکی و ململانێ لە گەڵ پێرتی چارەسەر نەبوو و لە ساڵی 1954دا سلێمانی ڕەسوڵی و ژمارەیەك لە عولەماو شێخە نەقشبەندییەکانی سۆمەترەی ڕۆژئاوا فەتوایەکی هاوبەشیان دەرکردو تێیدا کتێبەکانی حاجی جلالەدینیان مەحکووم کرد بەوەی کەوا هەڵەی زەقیان تێدایە لە گەڵ چەندین بیدعەی تەریقەت کە جێی سەرزەنشتن، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە ڕێوڕەسمی هاتنە ناو تەریقەت و مەسەلەی بەیعەت لە نووسینەکانی حاجی جەلالەدیندا. هێرشی نەخشە بۆکێشراوی زانا نەقشبەندییەکانی پێرتی بۆ سەر حاجی جەلالەدین ڕەنگە بێ پەیوەندیی نەبێت لە گەڵ کەین و بەینی هەڵبژاردنی نیشتمانیی ساڵی 1955دا، کە پێرتی و PPTI دەبوو ببنە ڕکابەری یەکتر لەگەڵێ بواری تێهەڵکێشی هەڵبژاردندا. دەرەنجامی ئەم هەڵبژاردنانە ئەوەیان خستەڕوو کە هەوڵ و کۆششەکانی سولێمانی ڕەسوڵی بۆ تەمێکردن و ملکەچ کردنی حاجی جەلالەدین زۆر دوور بوو لەوەوە کە سەرکەوتن بەدەستبێنن و حاجی جەلالەدین توانیبووی پشتیوانیی بەرچاو بەدەستبێنێ و حیزبەکەی ( PPTI) لە سێ ویلایەتی سۆمەترەدا چووە هەڵبژاردنەوە، کە لە سۆمەترەی ناوەڕاست (بە ناوجەرگەی مینانگکاباوەوە) 35156دەنگی بردەوە لە کۆی 1571133 دەنگ یان 2.2٪ و لە باکووری سۆمەترە 27084 دەنگ لە کۆی 2134817 دەنگ یان 1.3٪. بە هەر حاڵ، لە هەندێ ناوچەدا هێزێکی باشتری نواند: لە سۆلۆك، کە یەکێکە لە ناوچەکانی مینانگکاباو، PPTI 11٪ ی دەنگەکانی هێناو هەمان ڕێژەشی لە ناوچەی تەبەنولیی خواروو هێنا لە باکووری سۆمەترە (کەوا گرووپی ئەتنیکی ماندەیلینگی تێدا نیشتەجێیە). ئەم خشتەیەی خوارەوە بەراوردێك لە نێوان حیزبی ڕیفۆرمیستی ئیسلامیی مەیسوومی و حیزبێکی نەریتیی تر بە ناوی نەهزەتول عولەما (کە تەنها لە ناو گرووپی ئەتنیکی ماندایلینگدا پشتگیریی هەیە).

| | سۆمەترەی ناوەڕاست | سۆلۆك | سۆمەترەی باكوور | تەپەنولیی باشوور |
|---|---|---|---|---|
| دەنگدەرانی یاسایی | 1795955 | 135384 | 2458732 | 200800 |
| تیكڕای دەنگەكان | 1571133 | 122084 | 2134817 | 175932 |
| مەسیومی | 797692 | 71000 | 789910 | 65319 |
| پێرتی | 3511768 | 24507 | 78358 | 680 |
| نو *Nu* | | | 87773 | 48108 |
| *PPTI* | 35156 | 13313 | 27084 | 19549 |
| | | | | |

ژمارەی دەنگەكان بەشی ئەوەی دەكرد لەپەرلەماندا كورسییەك بۆ حیزبی *PPTI* دابین بكات. حاجی جەلالەدین چوو بۆجاكارتاو ئەم پلاتفۆرمە نیشتمانییە دەرفەتێكی باشی بۆڕەخساند كاریگەریی خۆی وحیزبەكەی بەرفراوان بكات. ئەودڵنیابوو لەوەی كەهەمووكەسێك لەكۆڕو كۆمەڵی نەقشبەندیی سۆمەترەدا زانیویێتی كەوا *PPTI* دانپیانانێكی ڕەسمیی بەدەستهێناوە وپەیوەندیی هێزو دەسەلاتی هەیەو لە نووسینەكانیدا بەردەوام ئیشارەت بە كۆبوونەوەكانی دەكات لە گەڵ سوكارنۆ، كە لە سەرەتای ساڵی 1942دا چووبووە پۆستی سەرۆكایەتی. گەلێ لە خەلیفەكان، كە ڕەنگە بە تەواوی قەناعەتیان بە دەستبالآیی حاجی جەلالەدین نەبووبێت وەك مامۆستایەك و ڕابەرێك، بەلآم بۆیە چووبوونە حیزبەكەیەوە تاوەكو هەست بە ئەمانی سیاسی بكەن و ئەویش بە دلنیاییەوە توانی پارێزگارییان بۆ دابین بكات. ئەو خۆی وا پیشاندەدا كە پشتیوانێكی دلسۆزی سوكارنۆیە و هەر بەو جۆرەش مایەوە لە كاتێكدا گەلێ كەسی تر لە سەرۆك پەست و نیگەران بوون. ساڵی 1960 كاتێ سوكارنۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی هەڵبژێردراوی هەڵوەشاندەوەو بە پەرلەمانێكی نوێی ئەندام دەسنیشانكراو جێیگرتەوەو (گشت ڕەخنەكارانی وەدەرنا) لە گەڵ كۆنگرێسی میللیشدا و بەمە جەلالەدین بوو بە ئەندامی هەردوكیان. لە ماوەی دوا ساڵەكانی سوكارنۆدا حاجی جەلالەدین نەرمییەكی زۆری پیشاندا بۆ گونجاندنی زمانەكەی لە گەڵ كەشوهەوای سیاسەتی ڕۆژداو ئەوپەڕی ئامانجی ئاشكرا دەكرد كە دلسۆزییە بۆ تەریقەت كە ببێتە مایەی یەكگرتنی موسڵمانانی جیهان و خەباتكردن دژ بە (كۆڵۆنیالیزمی نوێ و ئیمپریالیزم). كاتێ كە سوكارنۆ جارێ لە خۆیدا كە تا مردن بە سەركۆماری دەمێنێتەوە، جەلالەدینیش وەك سەرۆكی حیزبی *PPTI* تا مردن خۆی سەپاندو ئەمە نازناوێك بوو ماوەیەك لە پاش سوكارنۆ وازی لێهێناو ناچاریش كرا كە دەست لە كار بكێشێتەوە. (بڕوانە وێنەی ژمارە (4)، سوكارنۆ و جەلالەدین).لەم دەمەدا *PPTI* چیتر بە تاقە ڕێكخراوی پەیڕەوە سۆمەترەییەكان نەمایەوە بۆ تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی. چونكە حاجی جەلالەدین توانی شێخەكان و شوێنكەوتووانی ڕێبازەكانی تریش بێنێتە ناو

ڕێکخراوەکەی خۆیەوە کە ڕێگەی دا PPTI لق دامەزرێنێت لە سەرانسەری وڵاتدا و (دەسکەوتی) گەورەی شێخە گەنجەکەی قادری و نەقشبەندی بوو بە ناوی ئەباه ئەنۆم کە خەڵکی سوریالایا بوو لە ڕۆژئاوای جاواو نوێنەرانی هەرێمەکانی تر تا ڕادەیەك نەناسراو بوون لە مالیزیا و کالیمانتان و سولاوێسی و جاکارتا و بەشی زۆری سۆمەترەدا. هەندێك لەمانە وەك مامۆستاو ڕابەری سۆفی دامەزراون پێش ئەوەی بچنە ناو حیزبی PPTI وە، بەڵام گەلێکی تریان ڕاستەوخۆ لە لایەن حاجی شێخ جەلالەدین و میتۆدە نوێکانیەوە بۆ بڵاوکردنەوەی تەریقەت کاریان پێسپێردرابوو و ئاڵوگۆڕی پەیوەندیی چاپکراو وردە وردە جێی پەیوەندیی شەخسیی گرتەوە.

ڕەنگە جەلالەدین یەکەم شێخی نەقشبەندی بووبێت کەوا ئیرشادی بنەماکانی ڕێبازەکەی بە شێوازی گۆڕینەوەی نامەو نامەکاریی کردبێت . کەرەستە سەرەتاییەکانی ئیرشادو فێرکردن پێکهاتبوو لە نووسین و لێکۆڵینەوەیەکی شەش بەرگی بە ناوی "*Rahasi amutiaraath-thariqat annaqsy bandiyah*” واتە (ڕێبازی نەقشبەندی: نهێنیی گەوهەر)، کە ڕاسپاردەی ڕوون و پڕ وردەکاری دەداتە پەیڕەوان بە شێوەیەکی زیاتر لە هەر تێکستێکی تری نەقشبەندی کە من بینیبێتم. شیکردنەوەی چۆنێتیی نمایشکردنی زیکری جۆراوجۆر هاوکات لە گەڵ وێنەی بیرخەرەوەی ئەوەی کە لە کوێی جەستەدا زیکر جێدەگرێت یان چۆن دەبێ سۆفی یان دەروێش، بە هەناسەدان لە جەستەوە ڕایکێشێت و بیباتەوە بۆ ناو دڵ. وردەکاریی ڕێوڕەسمی هاتنە ناو ڕێبازەکەوە یان تەمەسسوك کردن کەوا بەر ڕەخنەو ڕەخنەکاری دەکەوێت لە لایەن شێخە نەقشبەندییە ڕکابەرەکانەوە وەك بیدعەیەکی شیاوی سەرزەنشت دیسان بە وردی وەسفکراوە ـ کە بێ ئەم وەسفە وردە ڕەنگە زۆر زەحمەت بێت کەموکووڕی لە جەلالەدیندا بدۆزێتەوە. (بڕوانە وێنەکانی 5 ، 6 ، 7 ).

نامیلکەکان ئاگایی ئەوەت دەدەنێ کە نابێ ڕاهێنان لە سەر ناوەڕۆکیان بکەیت بێ ڕابەری و بواردانی گونجاو ـ کە لە ڕاستیدا، یەکەم بەرگ بە بڕگەیەك دەست پێدەکات کە ئامۆژگارییە چۆن ڕێبەرێکی ڕۆحیی گونجاو بدۆزیتەوە، بەڵام وادیارە شێخ جەلالەدین گەلێ لە پەیرەوانی دلگەرمی تەمەسسوك پێکردووە بێئەوەی هەرگیز چاویشی پێیان کەوتبێت. دەرچووانی کۆرسێك نازناوی دکتۆریان دەدرایە (واتە دکتۆری ڕۆحانییان) و بە خەلیفە یان کارمەندی ناوخۆیی حیزبی PPTI دادەمەزران. ئەم میتۆدی کارکردنە بەرفراوانبوونێکی بێوێنەی تەریقەتی نەقشبەندیی لێکەوتەوە لە سەرانسەری ئیندۆنیسیادا. لە ساڵی 1975دا شێخ جەلالەدین ئیدیعای ئەوەی دەکرد کەوا حیزبی PPTI لە سێ ملیۆن کەمتر ئەندام و پەیڕەوی نیە. ڕەنگە ئەمەش ئیشارەتێکی مانادار بێت بۆ حیزبی کۆمۆنیستی ئیندۆنیسی کە دە ساڵێك پێشتر ئیدیعای هەمان ژمارەی ئەندامی دەکرد. تەنانەت ئەگەر مەزەندەکەی PPTI زۆریش زیادەڕۆیی تێدابێت و دە جارانیش زیادی وتبێت، وەك من بۆی دەچم، بێگومان ئەمە خۆی لە خۆیدا مەسەلەیەکی بەرچاوە.

دوکتۆر حاجی شێخ جەلالەدین لە ساڵی 1976 دا کۆچی دوایی کرد و لە گەڵ نەمانی ئەویشدا حیزبی PPTI دینامیکیەتی خۆی لەدەستدا. هەرچەندە ئەم حیزبە سەرکەوتووانە لە گەڵ گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ساڵانی 1950کان و 1960کاندا مامەڵەی کرد، بەڵام دواجار بە شێوەیەکی ڕەسمی خۆی لە حیزبێکی سیاسییەوە گۆڕی بۆ "گرووپێکی کاروپیشە" (کە ئەڵتەرناتیڤێکی سەندیکاییە بۆ سیستەمی حیزب و لە ساڵانی شەستەکاندا سۆکارنۆ

پەیڕەویی دەکرد). هەر لەو دەمەشدا بوو بە پێکهاتەیەکی بنەڕەتیی" سکرتارێتی هاوبەشی گرووپی کار (سێکبەر گۆلکار)، کە لە سەردەمی سوهارتۆدا بوو بە ئامرازێکی سیاسیی بالادەست و حیزبی حکومەت (گۆلکار). بەم ڕەنگە لە تەواوی سالانی حوکمی سوهارتۆدا ئەم بە تاقە ئامرازی ڕەسمیی ناسراو مایەوە بۆ پەیڕەوانی تەماداری سیاسی لە تەریقەتدا. بە هەر حاڵ، دواتر هیچ سەرکردەیەك لە ئاستی پلەوپایەی جەلالەدیندا لە ناو ئەو ڕێکخراوەدا پەیدا نەبوو. ڕکابەران دوو بەرەکییان خستە ناو ڕێکخراوەکەوە و کردیانە دوو باڵی دژ بە یەك و هەر یەکەیان داوای ئەوەی دەکرد کە ئەو حیزبی *PPTI* "ڕاستەقینەیە" و بەلام هیچکامێکیان کاریگەریی بەرچاوی نەبوو و سەرکردەکانی زیاتر لەڕووی کارو وەزیفەوە پابەندی سۆفیزم بوون وەك لەوەی ڕابەری ڕۆحیی ڕاستەقینە بن.

## پرۆفیسۆر دوکتۆر سەیدی شێخ قادرون یەحیا ئەلخالیدی و سۆفیگەرییە "زانستییەکەی"

لەگەڵ سەرەوە، جێگرەوەی ڕاستەقینەی شێخ جەلالەدین وەك بالادەسترین و میلیترین پەیڕەوی نەقشبەندی لە ولاتدا، شێخ قادرون یەحیای زاوای و سۆمەترەییەکی تر بوو (کە لە باشووری تەپەنولی لەدایك بووە و بە بنەچە ماندایلینگە). ئەم زاوا و خەزوورە هەردوکیان خاڵی هاوبەشیان زۆر بوو، چونکە هەردوکیان لە قوتابخانە هۆڵەندییەکاندا خوێندبوویان نەك لە "سووراو" (واتە مەدرەسە یان حوجرە) و هەردوك وەك مامۆستای قوتابخانە لە ناوەڕاستی سالانی 1940کاندا لە شاری بیکیتینگی لە ڕۆژئاوای سۆمەترە وانەیان وتووەتەوە. پێدەچێت قادرون سەرەتای زانیارییەکانی و ناسینی ڕێبازی نەقشبەندی لە جەلالەدینی بەتەمەنتر و بەئەزموونتر وەرگرتبێت، کە دواتر لە ساڵی 1947 دا کچەکەشی خواست. بەلام ئەم لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا لە بایەخی خەزووری کەمدەکردەوەو تەنها ناوی سێ شێخی سۆمەترەی دەهێنا کە ڕابەر و مامۆستای بوون و نکوولێی لەوە دەکرد کە هیچ کاتێ خەلیفەی جەلالەدین بووبێت. ئەم دوو پیاوە هەردوکیان سەرکەوتووانە بە دوای پارێزگاریی دەسەلاتی سیاسیدا دەگەڕان و هەردوکیشیان تۆڕی سەرانسەریی ولاتیان لە پەیڕەوانی دڵسۆز دروستکردبوو، بەلام قادرون لەم ڕووانەوە لە جەلالەدین سەرکەوتووتر بوو. هەندێك خەڵکی مەدەنیی دەسەلاتدارو کەسانی سیاسیی (خانەنشینی) سەربازی بووبوونە موریدی دڵسۆزی و بە ئاشکرا پۆستی سیاسی و سەرکەوتنی ئابوورییان بە پشتیوانیی ڕۆحیی ئەو دەزانی. لە ساڵی 1992دا سەرۆك سۆهارتۆ بە ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی میللی *People's Consultative Assembly (MPR)* دامەزراند، کە یەکێك بوو لە تەنها دوو شێخ لەو دامەزراوەیەدا. لە ساڵی 1997دا ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە 347 دەستەو تاقمی شوێنکەوتووی هەیە و هەر یەکەیان خاوەنی حوجرە (سووراو) ی خۆیەتی لە سەرانسەری ولاتدا هەر لە ئاسێوە *Aceh* تا ئیریان جایا (پاپوا *Papua*).

لە کاتێکدا کە شێخ جەلالەدین هۆکاری زۆربەی سەرکەوتنەکانی کتێب و نووسینە بەبڕشتەکانی بوو بەلام سەرکەوتنەکانی شێخ قادرون لە سۆنگەی ئەو ناوبانگەیەوە بوو کە بە زیرەکی و لێهاتوویی خۆی کاری ناسروشتیی

دەكردو ئەمەی بە وریاییەوە لای خەڵك چاندبوو. گەلێ كەس كە من چاوم پێیان دەكەوت بە ڕاستی لێیدەترسان و باوەڕیان وابوو كە دەسەلاّتی بە سەر هێزی شەیتانی و ترسناكدا دەشكێت.
لە زەینی گەلێ لە پەیڕەوانیدا ئەم شێخە گەیشتووەتە پلەیەكی نزیكی ئەوتۆ لە خواوە كە دەتوانێ هێز و وزەی خواوەند بەكاربێنێ بۆ ئەنجامدانی موعجیزەی زۆر گەورە. لە كۆبوونەوەیەكی دووردرێژمدا لە گەڵی و تەنانەت لە گفتوگۆشدا لە گەڵ پەیڕەوە دڵسۆزەكانی، ئەوەی پێوتم كەوا ئەو نوێنەرێكی نموونەیی شێوازی باتینیـ جادوویی سایكرێتیستی ئیندۆنیسییە. خۆ نواندن و خۆ هەڵكێشانی لە گەڵ گێڕانەوەی دووردرێژی توانای جادوویی و هەڵسەنگاندنی بێشەرمانەی خزمەتەكانی بە پارە پێدەچوو بۆ مامۆستایەكی جادووبازی خەڵكی جاوا گونجاو بێت نەك بۆ موسڵمانێكی باوەڕداری باتینی. من چەند ساڵێكی دواتر بۆم دەركەوت و بە تایبەتی لە ناو دەستەو تاقمە باتینییە سایكرێتیستەكاندا، كە لە ئیندۆنیسیادا هێند زۆرن لە ژماردن نایەن، كەوا قادرون یەحیا بەوە ناسراوە كە تواناو دەسەلاّتی ڕۆحیی گەورەی هەیە بەلاّم لە هەمان كاتدا سۆفییەكانی تر بە هەندێك گومانەوە تێیدەڕوانن.ئەمە ڕەنگە بەو هۆیەوە بووبێت كە قادرون لە باوەڕ و ڕێنماییەكانیدا جەختی لە پەیوەستبوونی خۆی دەكرد بە جەبەل ئەبو قوبەیسەوە و خۆی لە شێخ جەلالەدین دوور دەخستەوە و خەزووری بە درۆزن و ساختەچی لە قەڵەمدەدا، چونكە ئیدیعای ئەوەی دەكرد گوایە "ئیجازەی" لە ئەبو قوبەیس وەرگرتووە لە كاتێكدا ڕاستییەكەی ئەوەبوو كە هەموو زانیارییەكانی تەنها لە كتێبەوە دەسكەوتبوو. بەو پێیە قادرون تەنها باسی پەیوەندیی تاكی خۆی لە گەڵ ئەو ڕابەرو مامۆستا شەرعییانەدا دەكات كە ئیجازەی تەواویان لە ئەبو قوبەیس وەرگرتووە. ئەم پیاوە یەكەم ئیجازەی لە شێخ عەبدولمەجیدی باتوسەنگكار وەرگرتووە (لە ڕۆژئاوای سۆمەترە)، لە ساڵی 1949دا و دووەم ئیجازەی، كە ڕێگەی پێدەدا خەلیفە بۆ خۆی دابنێ، ساڵی دواتر لە شێخ محەمەد حاسیمی بوایان وەرگرتووە (كە ئەمیش خەڵكی ڕۆژئاوای سۆمەترەیە) و ئەو شێخەیە كە یەكەمجار لە ماڵی خەزووری چاوی پێكەوت. قادرون ئیدیعای ئەوە دەكات كە محەمەد حاسیم لەپێشترین خەلیفەی ئیندۆنیسیی شێخ عەلی ڕەزا بووە لە مەككەو ئەمیش بە ڕۆڵی خۆی پەیوەست بووە بە شێخ محەمەد حاسیمەوە، كە ستایشی توانای ئەمی كردووە لە ئەنجامدانی سلووكدا. هەروەها قادرون ئیدیعای ئەوەش دەكات كە لە پاش داگیركردنی ساڵی 1924 ی وەهابی، عەلی ڕەزا مەككەی بەجێهێشتووە بۆ هندستان و محەمەد حاسیمی وەك تاقە جێگرەوەی یاسایی ئەبو قوبەیس ناوزەد كردووە لە ئیندۆنیسیادا ـ كە ئەمەش داواكارییەكی بەهێز دەداتە شێخ قادرون بۆ ئەوەی دەسەلاّتی بە سەر نەقشبەندییەكانی تردا بشكێت. ئەم ئیدیعایە بە دەستهێنانی میراتێكی گرنگی هێزو گوڕی پێدەبەخشیی، كە تاجی (مەهكۆتا)ی تەریقەتی نەقشبەندیی خالیدیی بوو. كۆنترین خەتی چوونەپاڵ جەبەل ئەبو قوبەیس لە ڕۆژئاوای سۆمەترە لقی كەمپوولانی نەقشبەندی بوو، كە دامەزرێنەرەكەی ئیبراهیم كامپولان، بووبوو بە خەلیفەی سلێمانی قرمی. لە ساڵی 1971دا، شێخێكی ئەو لقە، بە ناوی محەمەد سەعید بۆنجۆل ئەو تاجەی بە دیاریی نارد بۆ شێخ قادرون، كە مامۆستا و ڕابەرەكەی خۆی دابووی، لە گەڵ ئامۆژگاریی ئەوەدا كە بیداتە شیاوترین كەس. شێخ قادرون لە بۆنە تایبەتییەكاندا تاجەكەی لە سەر دەكرد وەك سیمبۆڵی پەیوەندیی لە گەڵ جەبەل ئەبوقوبەیسدا.

---

دوو ڕێبازی تری نەقشبەندی کە قادرون ئیدیعای دەکرد گوایە پەیوەندیی پێیانەوە هەیە ئەوەی ماندایلینگی شێخ شەهابوددینی ئایك لیبونگ بوو، کەوا کاریگەریی لە باشووری تەپەنولی هەبوو، کە قادرونی تێدا گەورە بووبوو، ئەویتری ئەوەی شێخ شەهابی بابوسسەلام بوو. ئەو خۆی بە قەرزاری خەلیفەیەکی شێخ شەهابەدین دەزانێ کە ئاشنای تەریقەتی نەقشبەندیی کردووە و چەند ساڵێك دواتر شێخ خۆی زانایی و بلیمەتیی قادرونی سەلماند وەك تێفکرین و تێڕامان و هەموو زانیارییەکی خۆیشی بۆ گواستەوە. گێڕانەوەیەکی ژیاننامەی قادرون ئیدیعای ئەوە دەکات کە دایکی خەلیفەی شێخ عەبدولوەهاب بووە و هەموو جار کە منداڵەکەی نەخۆش بووایە دەیبردە لای شێخ و ئەمیش دۆعای خێرو چاکبوونەوەی بۆ دەکرد و هەرشێخ عەبدولوەهاب بووە کە ئەم ناوەی لێناوەو ناوەکەی کە باوك و دایکی لێیانناوە فەرامۆشکراوە. من لە خوارەوە دەگەڕێمەوە سەر مانابەخشینی ئەم ناوە (چونکە قادرون ناوی خودایە (قادر) و بە ئیزافە دەبێتە عەبدولقادر، واتە کۆیلەی خودا).

بۆئەوەی گرنگییەکی ئاشکرای بدەنێ شێخ قادرون و دەستەودایەرەکەی وایان دەنواند کە شێخ میراتگری شەرعیی گەڵێ خەت و ڕێبازە کە لە جەبەل ئەبو قوبەیسەوە سەرچاوەی گرتووە و جێی سەرسوڕمانە کە نووسینەکانی و وتارە بڵاوکراوەکانی بە زەحمەت ئیشارەتی تێدایە بۆ تەریقەتی نەقشبەندی. کەچی نووسینەکانی شێخ جەلالەدین بە ڕوونی مامەڵە لە گەڵ تەریقەتی نەقشبەندیدا دەکات و یاسا و ڕاهێنانەکانی بە وردی وەسف دەکات و پۆزش دەهێنێتەوە بۆ ئەو قسانەی شێخ قادرون لە سەر قورئان و میتافیزیك و زانستی پوخت دەیکات. شێخ قادرون ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە پێکهاتەیەکی نێوان زانستی نوێ و تەکنۆلۆجی و سۆفیزمی دۆزیوەتەوەو کتێبەکانی فیزیا و ماتماتیك و قوتابخانەی ساڵانی 1930کانی وك مەجاز بەکاردەهێنا بۆ پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خودا و بە هەمان شێوەش بۆ هێزە بان سروشتەکان کە ئەو دەیزانی چۆن کۆنترۆڵیان دەکات.

چەمکی بێکۆتایی و خاسییەتە ماتماتیکییەکەی ڕێگەی بە شێخ قادرون دەدا بە لێکدانەوەی هەندێ ڕاستیی بنەڕەتی لە بارەی خوداو سۆفیزمەوە و بێکۆتایی بە پێچەوانەی هەر ژمارەیەکی ترەوەیە و پێدەچێت ڕەنگدانەوەی تاك و تەنهایی خودا بێت. خودا لە سەر "عەرشی" خۆی دانیشتووە، کە دیار و ئاشکرایە لە دوورییەکی بیکۆتاییدایە لە ئێمەوە. جا لە بەر ئەوەی کە دووریی یەکسانە بە خێرایی کەڕەتی کات (دووریی = خێرایی × کات ، $s = v.t$)، کەواتە پەیوەندی کردن بە خواوە یان پێویستی بە خێراییەکی بێکۆتاییە یان کاتی بێکۆتایی دەبات (واتە دووریی بێکۆتاییەو بەو پێیە خێرایی یان کات پێویستە بێکۆتایی بێت). پێغەمبەران کە لە پەیوەندیی ڕێکوپێکدا بوون لە گەڵ خوادا، بۆیە ئەوەیان پێکراوە چونکە ڕۆحیانەتیان تیشکدانەوەیەکی تێدابووە کە فریکانسەکەی بێکۆتایی بووە و بەو جۆرە گەیشتووەتە خوا. ئەمە بە "ڕووناکی لە سەر ڕووناکی" لەقورئاندا باسکراوە و تیشکێکە کەوا فریکانسەکەی بێکۆتاییەو وزەشی بێکۆتاییە، لە خواوە پەیدا دەبێت و دەڕژێ بە سەر پێغەمبەردا. ئەم تیشکی فریکانسی بێکۆتاییە "وەسیلەیە" (واتە ئامراز یان نێوەندە) کە ڕێگە بە پێغەمبەر دەدات و ئەوانەی پێوەی پەیوەستن بە سیلسیلەیەکی گونجاو بگەنە حوزووری خوا. زنجیرەی سی و پێنج مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندی، لەوەی کەوا قادرون یەحیا تێیاندا دوا کەس بووە، بریتییە لە "پەتێك لە لایەن خوداوە" (حبل من الله) کە لەو ڕێگەیەوە تاکەکەس دەتوانێ پەیوەندیی بە بێکۆتاییەوە بکات.

خوا وزەی بێکۆتایی ناردووەتە خوارەوە لە شێوەی وتەکانی زاتی خۆیدا و دەسەلاتی بیکۆتایی لە "کەلیماتوڵلا" ئالاوە، یان لە ئایەتەکانی قورئان کە دەتوانێ هەموو شتێکی نەگەتیف تێکبشکێنێ لە نێوان ئەرزو ئاسماندا. ئەوپەڕی ئامانجی هەر بنیادەمێك دەبێ گەیشتن بێت بەم فاکتەرە بێکۆتاییە کە تەنها بەوە دێتەدی کە پەیوەست بیت بە پێغەمبەرەوە، ڕێك وەك ئەوەی تەزوویەکی کارەبا کە چۆن دەبێ بە هۆی کێبلێکەوە لە سەرچاوەکەیەوە بگوێزرێتەوە بۆ گلۆپێك، ئەم وزە خواوەندییە بێکۆتاییە تەنها بە پەیوەندی کردن لە ڕێگەی پێغەمبەرو زنجیرەی پیاوچاکانەوەیە. ئەم وزە بێکۆتاییەی کەلیماتوڵلاً بەشداری دەکات لە خاسییەتە ماتماتیکییەکانی بێکۆتاییدا. یەك ئەگەر بە بێکۆتایی دابەش بکرێت یەکسانە بە سفر وەك هەر ژمارەیەکی تر کە بە بێکۆتایی لەم تێبینیەوە شێخ قادرون ئەم شێوازە جەبرییەی خوارەوەی، کە خۆی پێیدەڵێت ئیشارەتێکی ڕوونە بۆ "سوننەتوڵلا" (بۆ نموونە سیستەمی گەردوون) :

ئیبلیس، شەیتان، جنۆکە، نەخۆشی، شێرپەنجە، مادە هۆشبەرەکان، ئەتۆم، گەردیلە، جادوو، پەستی و تووڕەبوون، هێرش و پەلاماردان، زیندووبوونەوەی جیهان، تا دوایی و هەرشتێکی فیزیك و میتافیزیك، باش یان خراپ = سفر.

هێزی بێکۆتایی، بۆ نموونە"کەلیماتوڵلا" یان ئایەتی تایبەتی قورئان.

سەرەوکاری کردنی ئەم توانا و دەسەلاتە بێکۆتاییەی کە لە کەلیماتوڵلادایەو چڕکردنەوەی و ئاڕاستەکردنی بۆ مەبەستی جۆراوجۆر لەم جیهانەدا ئەوەیە کە تەکنۆلۆجیای میتافیزیکیی قادرون کاری لە سەر دەکات. چیرۆکەکانی لە بارەی کاری گەورەی ئەم بوارە هێجگار زۆرن و گێڕانەوەیان تام و بۆیەکی خۆی هەیە. لە ساڵی 1982 دا کاتێ کە گڕکانی گالوگانگ لە ڕۆژئاوای جاوا ڕوویدا و زیانێکی زۆر گەورەی گەیاندە ویلایەتەکە، ئەفسەرێکی سوپا هاتە لای قادرون یەحیاو داوای یارمەتیی لێکرد. شێخ بە هەلیکۆپتەرێکی سوپا برایە ڕاسەری گالوگانگ و لە ئاسمانەوە چەند مشتێك زیخ و چەوی هاوێشتە خوارەوە کە "پڕبوون" لە "کەلیماتوڵلا". بە دوای ئەوەدا هێزە زەبەلاحەکان فشاریان خستە سەر گڕکانەکەو توانییان لە کاری بخەن و کۆتایی بە چالاکییەکەی بێنن. شێخ قادرون تا ئێستاش بڕوانامەیەکی لایە کەوا حکومەتی ویلایەتەکە سوپاسی دەکەن لە سەر ئەو خزمەتەی کە بوو بە هۆی وەستانی بوومەلەرزەکە.

هەمان "هێزی زەبەلاح"، (کە ئەمە دەستەواژەیەکە هەموو جار قادرون بەکاریدەهێنا) دەیشتوانرێ جڵەو بکرێت بۆ کەمکردنەوە مەترسییەکەی. لە سەردەمی یاخیبوونی کۆمۆنیستدا لە مالیزیا، ئەفسەرێکی هێزە چەکدارەکانی مالیزیا کە بەتوانا و بلیمەتیی ناسروشتیی شێخ قادرونی دەزانی هاتبوو داوای پشتگیریی لێدەکرد بۆ لەناوبردنی دوا تاقمی کۆمۆنیستەکان کە سەنگەری خۆیان لە دارستاندا لێدابوو. هەلیکۆپتەرێکی سوپا شێخی برد بۆ ئەو دارستانەی کۆمۆنیستەکان خۆیانیان تێدا شاردبووەوە، ئەمیش یەکەمجار ئاوی "کەلیماتوڵلای" ڕشتە بازنەیەك بە چواردەوری ئەو ڕووبەرەی کەوا کۆمۆنیستەکانی تێدابوو و هەموو ئەوانەی هەوڵی دەربازبوونیان دا لەو بازنە جادوویيە کوژران و لەناوچوون. ئەوانەشیان کە لە ناو بازنەکەدا مانەوە، قادرون چەند مشتێك زیخ و چەوی کەلیماتوڵلای کرد بەسەریانداو بوون بە ئامانجی گولله ڕۆکێت و بەم ڕەنگە سەرلەبەری کۆمۆنیستەکان کوژران. هەروەها قادرون یەحیا پێیوتم کەوا

ڕۆڵێکیشیلەجەنگیئێرانــعێراقدابینیوە،چونکەباڵیۆزیعێراقلەجاکارتاشتیلەبارەیەوەبیستووەودەستبلاوانەپارەیبۆهەڵڕش

تووەبۆچەندبوتلێکئاوی "کەلیماتوڵلا" ولەئەنجامیئەمەشداهێزەکانیعێراقتوانیویانەئێرانییەکانبگێڕنەدواوە. بەلأمئەمسەرکەوتنەسەربازییانەیاننەماوەکاتێکاریئەمباڵیۆزەلەجاکارتاکۆتاییپێهاتووەوئەوکەسەیلەجێیئەمدامەزراوەب ڕوایبەشێخقادرونبووەولەئەنجامیئەوەشدائێرانییەکانجڵەویدەسپێشخەرییانگرتووەتەدەست.

بەهەماندەستووربڕوایتەواویبەخۆیبووکەمەسەلەیفەلەستینلەئەستۆبگرێتئەگەرئەوفەلەستینیانەبڕوایپێبهێننو (وەکخۆیدەیوتبەباشیخەلأتیبکەن) ئەوەدەتوانێیارمەتییانبداتکەتەواویقودسلەماوەیەکیزۆرکەمدابگێڕنەوە.

ئاوی (پڕ) لە هێز و توانای کەلیماتوڵلا بە شێوەیەکی ئاسایی لە ناو پەیڕەوانی قادروندا پێیدەوترێت ئاوی "تەوەججوھ" (پاش ئەوەی هەل و مەرجی وزەی ڕۆحیی لە ڕابەرەوە دەچێت بۆ جێگر لە نەریتی نەقشبەندیدا) یان ئاوی "کەلیماتوڵلا" بریتییە لە یادکردنەوەی ئەو ئاوە پیرۆزەی لە لایەن زۆرێك لەو پیاوە ئیندۆنیسییانەوە بەرهەم دەهێنرێت کە وزەو توانای ڕۆحییان هەیە، موسڵمان بن یان غەیرە موسڵمان. بوتڵێك ئاو کە پیرو پیاوچاکێك دۆعای بە سەردا بخوێنێ و ویردێکی لە سەر بچرپێنێ وەك دەرمانێکی کاریگەر دەبرێتە ماڵەوە کە توانای چاککردنەوەی نەخۆشی هەیە یان خێر و خۆشیی دەخاتە ئەو ماڵەوە، وەك ئاوی زەمزەم کە لە حەجی مەککەوە دەهێنرێت. زیخ و چەوە وزە بەرزەکان پێیان دەوترێت بەردی "سیججیل ـ سجیل" لە لایەن خەلیفەو موریدەکانی قادرونەوە، وەك ئەو بەردانەی کە تەیری ئەبابیل دەیانکێشا بە سەر سوپاکەی ئەبرەهەدا لە سوورەتی 105 ی قورئاندا و بە شێوەیەکی موعجیزە ئاسا هەموو فیلەکانی کوشت. هەروەها قادرون دەفرێکی بووە کە وەك ئیدیعای دەکرد توانای خواوەندی تێدا چڕبووەتەوە لە گەڵ دار عاسایەك (کە وەك خۆی دەیوت لە عاساکەی مووسا چووە). ئەو ئەم دار عاسایەی بۆ گەلێ مەبەستی تایبەتی بەکاردەهێنا، لەوانە چاککردنەوەی نەخۆشیی چەشنی شێرپەنجە و جارێکیان کەسێکی تازە مردووی زیندوو کردووەتەوە. گەلێ کەس لە پەیڕەوانی قەناعەتیان بەوە بووە کەوا قادرون دەسەلأتی بە سەر مردن و ژیاندا شکاوە ـ ئەڵبەتە قادرونی شێخ یان با بڵێین ڕۆحیانەتەکەی ـ و قادرونی مامۆستا و ڕابەر نەبووە.

بەلأم گەلێ لە ڕەخنەگران بڕوایان بە سەرچاوەی تواناو دەسەلأتەکانی نەبووە بەلأم سڵیان لێکردووەونەیانویستووەبیوروژێننوتووڕەیبکەن.

قادرونیمامۆستاوقادرونیئاسایی،لەبۆنەجیاوازەکانداباسوگێڕانەوەیجیاوازهەیەلەبارەیسەرەتاکانیخوێندنیوبڕوانامەئەکادیمیەکانیەوە. ئەمکورتەیەیخوارەوەپێدەچێتکەمتازۆرێکڕاستبێت.

ئەمپیاوەلەباکووریسۆمەترەلەدایکبووەوبۆخوێندنچووەتەجاوا،یەکەمجاربۆیۆگیاکارتاوپاشانبۆسەمارانگوحەوتساڵیخوێندنیدواناوەندیی (بەزمانیهۆڵەندی) لەساڵانی 1930 کاندالەوێتەواوکردووەولەناوبڕیدووساڵیدوایئەوەداولەساڵانی 1940 ـ 1942 داسەردانیهۆڵەندایکردووەولەوێکیمیایخوێندووە (وەکخۆیپێیوتم) یانسایکۆلۆجییخوێندووە (وەکژیاننامەڕەسمییەکەیئەمدواییەیباسیدەکات).

لەماوەیساڵانیخوێندنیقوتابخانەیدواناوەندیدا،ئەملەگەڵخێزانێکیقەشەیهۆڵەندیدادەژیا،کەبەیاریدەدەریخۆیداینابوو،ەتەناوەتەنابەناویشڕێگەیداوەلەکەنیسەکەیداوەعزوپەندبدات. پێدەچێتئەمقەشەیەبچێتەوەسەربیروبۆچوونێبازێککەواکراوەبێتبۆژیانیڕۆحییڕۆژهەلأتی،چەشنیکاسۆلیکەئازادەکان،کەنزیکبوونلەتیۆسۆفییەوە. ڕەنگەئەمەیارمەتییدابێتلەخوێندنینەخۆشییچاککردنەوەدا ("تەبیبان"،بۆنموونەڕێورەسمیڕاهێنانیتەبیبانکەسیشیفابەخش)

کەئەملەپاشقۆناخیخوێندنیدواناوەندیدەستیپێکردوقۆناخیخوێندنەکەشیلەهۆڵەنداترۆپکیئەوکارەیبوو،بەپێیژیاننامە

ڕەسمییەکەی . پاشانگەڕایەوەبۆئیندۆنیسیایەککەداگیرکراویژاپۆنییەکانبوو (1942 ـ 1945)

ولەجەنگیسەربەخۆییدا (1945 ـ 1949)

دژبەهۆڵەندییەکانبەشداریکردولەمیانەیئەوسالأنەدالەسۆمەترەیڕۆژئاوادەژیاوبەقووڵیچووەناوتەریقەتینەقشبەندی

یەوە . دواترکچەکەیشێخجەلالەدینیمارەکردوبووبەخەلیفەیجێمتمانەیچەندینشێخیتر .

لەپاشجەنگبڕوانامەیەکیلەفێرکردنیزمانیئینگلیزیداهێناولەقوتابخانەداوانەیزمانیدەوتەوە . لەساڵی

1961 دازانکۆیەکیتایبەتیلەشاریمێداندامەزراند،بەناویزانکۆیپانکابودی،کەوەکئەمئیدیعایدەکردتاقەزانکۆیەلەجیها

نداکەبەشێکیخوێندنیمیتافیزیکیتێدابێت .

ئەڵبەتەلەیەکەمڕۆژیدامەزراندنیەوەئەمسەرۆکیزانکۆکەوبێگومانپرۆفیسۆریشبوولەوێولەهەمانکاتیشدالەکۆلێجەجۆر

اوجۆرەکانیزانکۆیباکووریسۆمەترەداموحازەرەیدەوتەوە . لەساڵی

1968 دازانکۆکەیخۆیبڕوانامەیدکتۆرایدایەلەفەلسەفەیڕۆحانییەتومیتافیزیکیدا .

لەئەزموونیکاروفەرمانەکانیدا،ژیاننامەکەیباسلەوەدەکاتکەڕاوێژکارێکیتایبەتبووەبۆفەرماندەسەربازییەجۆراوجۆرەکا

نودەسەڵتدارانیسیاسیبۆکاروباری "ڕۆحی".

لایگەلێلەپەیڕەوانیشێخقادرونکارەیئەکادیمیەکانیوایکردوەکەدەستیبەسەرشیخەکانیتردابشکێتوشەرعییەتبداتەسۆ

فیزمەنوێخوازییەکەی .

بەهەرحاڵئەوەیکەزۆرگرنگبووبۆئەوانبەڵگەکانیگەورەییڕۆحانییەتیئەمبوو،کەهەندێکیانلەبایۆگرافیێکیزۆرنائاساییدا

باسدەکرێنکەوالەناوپەیڕەوانیدادەستاودەستدەکات . ئەمانەیادکردنەوەی "مەناقیبی"

گەورەپیاوچاکانیسەردەمیخۆیاننبەلأمبەشێوەیەکیتایبەتیبۆنوبەرامیناوخۆیانهەیە .

تەنانەتپێشلەدایکبوونیشێخیشگەلێبەڵگەوئاماژەئەوەیاندەگەیاندکەئەوبۆشتیگەورەدەسنیشانکراوە .

دایکیهاتبووەنێوتەریقەتینەقشبەندییەوەولەسەردەستیشێخیگەورە،شێخعەبدولوەهابیبابوسسەلامتەمەسسوکیکردو

وە.

شەوێکیانلەکاتێکداکەوائەمئافرەتەلەدوایئوێژیئێوارەخەریکیزیکرکردنبووە،ڕووناکییەکلەشێوەیمانگیچواردەهاتووەت

ەژوورەوەولێینزیکبووەتەوەولەناوچەوانیەوەچووەتەسەریەوەوئەمیشبێهۆشکەوتووە .

زۆربەسەرئەمڕووداوەداتێنەپەڕیوەوپێغەمبەرهاتووەتەخەویمێردەکەیوپێیوتووەکەمنداڵێکینێرینەیاندەبێتزۆرگەور

ەونوورانیدەبێتوپێیشیوتووەناویبنێمحەمەدئەمین،کەناویپێغەمبەرخۆیبووە .

باوکودایکەکەوایانکرد،بەلأممنداڵەکەهەمیشەنەخۆشبوووکاتێدایکیبردیەخزمەتشێخعەبدولوەهابپێشنیازیکردناوەکە

یبگۆڕنبۆقادرونیەحیاوتەنهاکاتێکەبووبەشێخخۆیناوەکەییەکەمجاریخستەسەرئەوناوەیپێیناسرابوو.

کاتێکەباوکیشکۆدارومامۆستا

(یانگمولیائایاهەندەگورو)،وەکقادرونبەردەوامبەمڕەنگەپەسنیخۆیدەدا،هێشتاقوتابیبوولەیۆگیاکارتا،تووشیشێخێکیهن

دیبووکەواموریدێکیشێخیگەورەعەبدولقادریگەیلانیوناویشێخڕۆحانیبوو،کەبانگهێشتیکردلەماڵیئەودابمێنێتەوە .

ئەمشێخەپێیوتکە "فیوز " یان "ئامرازێك " لەجەستەیدایەو (واتەجەستەیقادرونـو )
بەوەدەتوانێپەیوەندیلەگەڵخوادابگرێت . دواترهەرئەوشەوەفریشتەلەئاسمانەوەدابەزینبۆپاکژکردنەوەی
(ئەمەدووپاتکردنەوەیحیکایەتیئەوفریشتانەیەکەدڵیمحەمەدیانپاکشۆردووەپێشئەوەیسرووشیپێغەمبەرایەتیبۆبێ
ت). دواترکەقادرونبۆیەکەمجارچاویبەشێخحاسیمکەوتهاواریکرد
"ئۆ،ئەمەئەوکەسەیەکەمنچاوەڕێیدەکەم !"وڕاستەوخۆکەوتەئەنجامدانی "تەوەججوھ "
لەگەڵیدا،بێئەوەیداوابکاتکۆڕیزیکرببەستێتلەگەڵدەسنوێژهەڵگرتنوتەوبەدا .
باوکومامۆستایشکۆدارلەبەرئەوەیلەلایەنفریشتەکانەوەپاکژکرابووەوەپێویستیبەدەسنوێژیئیزافینەبوو.
لەڕوانگەیپەیڕەوانیزۆردڵسۆزیشێخقادرونەوە،نەکتەنها
"فیوز "ەکەیناوەوەیڕێگەیپەیوەندیدەدابەخواوە،بەڵکوپەیوەندییەکەزۆرگەرموگوڕەکەڕەنگەوایلێبکاتوەکبڵێیخوائە
وەدەکاتکەشێخقادروندەیخوازێت . شێخگەیشتووەتەپلەییەکبوون "وەحدەت "
(یانمێنیاتو،بوونبەیەك)،کەوایلێکدەدەنەوەگوایەچونیەکەلەگەڵئاسنێکیهێندگەرمیسپیهەڵگەڕاودالەئاگرێکداوتائاسنە
کەلەناوئاگردابێتجیاوازیینیەلەنێوانئاسنەتیشکدەرەوەکەوئاگرەکەدا،بەلاّمکاتێکەلەئاگرەکەدەردەهێنرێتوسارددەبێتەو
ە،ئەوکاتەتەنهاپارچەیەکئاسنەوهیچیتر .
قادرونیپرۆفیسۆرحەزلەپارچەیەکئاسنیسارددەکاتبەلاّمئەوشێخەیئەواندەیناسنشمشێریکیبریقەدارەلەناوئاگرداوئاگر
ەکەوشمشێرەکەچونیەکن . وادیارەهەندێلەپەیڕەوانمەسەلەییەکبوونەکەتەواودەقاودەقوەردەگرن . "پێتۆتۆیەکی "
گەنج (کەسێکەپلەیەکلەخوارخەلیفەوەیە )
بۆیباسکردمکەچەندهەوڵیداوەبۆدەرپەڕاندنیجنۆکەیەککەئافرەتێکیگەنجیبێزارکردبووبەوەیکەوالەئافرەتەکەبکاتزی
کربکاتوئەمەشجنۆکەکەیتووڕەکردووە،کەتەواویجەستەیئافرەتەکەیداگیرکردبووولەناوئەوەوەدەستیکردبووەقسەکرد
ن. "پێتۆتۆکە " خۆیدەستیکردبووبەزیکرکردنوزیاترجنۆکەکەیتووڕەوپەستکردبوو .
پاشانوێنەیەکیشێخقادرونیدەرکردبووولەجنۆکەکەیپرسیبووئاخۆدەیناسێتوئەمیشلەوەلاّمداوتبووی
"بێگومان،چونکەئەمەئەوکەسەیەکەمنیدروستکردووە!"
کەشوفشوخۆنواندنیشێخقادرونوپلەوپایەیڕۆحانییبەرزیوئەوموعجیزەجۆراوجۆرانەیدەدرێنەپاڵی،خەلیفەوپەیڕەوا
نێکیبێشوماریبۆخۆیکێشکردبوولەهەمووپیشەوچینێك . لەدیمەنوڕوخساریگشتیدابەشێوەیەکیئاسایبتاقمێکلە
"خەڵکیجوان " دەوریاندابوو،لەوانەهونەرمەندانیمێینە،ئەفسەرانیپلەناوەڕاستویەکدووکەسیخەڵکیئەکادیمی .
زۆرجارپەنجەدرێژدەکرابۆپشتیوانەبەهێزەکانیوەکئەنجومەنیوەزیرانوجەنەراڵەکانوبیروکراتەبەرزەکان،کەسوپاسگوزار
یبوونبۆئەوخزمەتانەیپێشکەشیکردبوون . ئەومورێدوپەیڕەوانەیکەمنچاومپێیانکەوتلەوچەند "سووراوەدا "
کەسەردانمکردبەگشتیپیاوانیزیاترباکگراوندهاکەزاییبوونوادیاربوونوێنەریخەڵکەلۆکاڵەکەن .
لەسۆمەترەیباکووردا،کەتۆڕیمورێدانزۆرترینچڕوپڕییهەیە،گەلێلە "سووراوەکان "
کەوتبوونەناوچەدێهاتییەکانەوەوزیاترجووتیارانودوکاندارانیانتێدەچوو،کەبۆئەوانڕێوڕەسمیتەریقەتینەقشبەندیوە
ك (زیکروتەوەججوھوسلوك ) بەسادەییبەشیکیتەواوکەریخواپەرستییئیسلامییانبوو .

لەیۆگیاکارتا،ئەوشارەیبەژمارەیزۆریزانکۆبەناوبانگە،ژمارەیکیزۆریقوتابیانوکارمەندیمەدەنیهاتوچۆی "سووراوەکانیان " دەکردوگونجاوییەکیتەواویانهەبوولەتێڕامانیمیتافیزیکیوئەزموونوکردەوەینائاساییدا .
پەیڕەوانیدێهاتنشینیڕۆژهەلاتیجاواکەمنچاومپێیانکەوتوادیاربووبەتەواویکەوتبوونەژێرکاریگەریهێزودەسەلاتیبا نسروشتیوململانیڕۆحییەکانەوەلەگەلدیسپلینەڕۆحییەکانیانڕابەرومورشیدەکانیتردا.
لەگەلئەوەهەمووخەلکەسەرسامەدابەشێخقادرونئەلبەتەکەسانێکیشهەبوونڕەخنەیانلێدەگرتوخەوشیانتێدادەدۆزییەوە .
شێخەنەقشبەندییەکانیلقەکانیترزۆرحەزیانبەوەنەبووڕەخنەیلێبگرنوتەنهاگومانیانلەوئیدیعایانەیدەردەبڕیکەجێگر ەوەیشەرعیجەبەلئەبوقوبەیسە .
بەهێزترینبەرهەلستکاریلەکۆڕوکۆمەلەڕیفۆرمیستەکانەوەبووکەبەهیچشێوەیەکبڕوایانبەسۆفیگەرینەبوو،بەلامەلەناون ەریتییەکانیشداگومانیئەوەهەبووکەئەوەیشیخقادرونەیکاتودیلێتپێشێلکردنیسنوورەکانیبیروباوەڕیسۆفیزمە .
لەمالیزیادالقەنەقشبەندییەکەیئەم بە ئاشکرا قەدەغە کرا وەك تاقمێکی لادەر لە لایەن ئۆفیسی فیدرالێی کاروباری ئاینی (کە ڕێگەی بە مەودایەکی دیاریکراوی پێناسەی باوەڕداریی دەداو گەلێ بزووتنەوەی ئاینیی قەدەغە کردبوو). لە ئیندۆنیسیاشدا ئەو شتە دووبارە بووەوە بەلاَم هەولەکان (سەری نەگرت) بۆ ئەوەی تەریقەتەکەی بە لادەر لە قەلەم بدرێت لە لایەن ئەنجومەنی عولەمای ئیندۆنیسیاوەو بەلکو لە لایەن حکومەتەوە قەدەغە کرا لە بەر هۆکاری جۆراوجۆر. وەك باس دەکرا کەوا پەیڕەوانی لە کاتی نوێژدا وێنەی شێخیان لە بەردەمی خۆیاندا دادەناو بەو جۆرە وا دەردەکەوتن کە زیاتر ئەو دەپەرستن نەك خوا. کۆڕو ئاهەنگی چوونە ناو تەریقەتەوە وا باسدەکرا ڕێوڕەسمی سەربڕینی مریشکێکی سپی لە گەلدا بووە و باوەڕ وابووە کە ئەمە نەریتێکی بتپەرستانەیە و شێخیش بەوە تۆمەتبار دەکرا کە بازرگانی لە گەلْ ڕۆحەکاندا دەکات وەك لەوەی خواپەرستی بکات و فریشتەکان بدوێنێت. سات و سەودای قادرون لە گەلْ کۆڕو کۆمەلە خاوەن دەسەلاتەکاندا ڕێگەی لە قەدەغە کردنی ڕێبازەکەی گرتبوو، بەلاَم تۆمەتبار کردنی بە بیدعەو هەرتەقە کاری خۆیان کردبوو. شێخ و خەلیفەکانی بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد فورساییان خستبووە سەر ڕێوڕەسم و ڕاهێنانی ستاندار دی تەریقەتی نەقشبەندی و وایان لێهاتبوو هەندێ لە بیروباوەڕی بنەڕەتییان دەشاردەوە.
لە سالْی 1974دا قاوداکەوت کەوا شێخ قادرون زیاد لە 195 خەلیفەی دامەزراندوەو بەو پێیە تەنانەت مەولانا خالیدیشی تێپەڕاندووە . سالْ بە سالْ ژمارەیان بەرەو زیادی دەڕۆیشت، بەلاَم شێخ گۆڕانکارییەکی لە ناوەکەدا دروستکرد کە بەو پێیە دابەزاندنی پلەوپایەی زۆربەیانی دەگەیاند. زاراوە نوێیەکە (پێتۆتۆ) بوو، کە وشەیەکی تازەی مالایی ـ جاوایی بوو و واتای (ڕێکخەر یان ڕابەر) بوو و هیچ واتایەکی خەلیفەی نەدەگەیاندو بەو پێیە ڕێگەی لەو تۆمەتانە گرت کە دژ بە شێخ جەلادین قوت دەکرانەوە کە ئەو نازناوەی دەدا بە خەلْك بێ ڕاهێنانی گونجاو. (پێتۆتۆیەك) کە بە مانای بەرپرسی سووراو دێت (ئەلبەتە لە هەندێك لەو 350 سووراوەی لەو ولاَتەدا هەبوون زیاد لە یەك پێتۆتۆیان هەبوو) ڕێگەی پێدەدرێت ڕابەریی تەوەججوهـ بکات (واتە کۆڕی بەکۆمەلْی زیکرکردن) بەلاَم تەنها کەمێکیان ڕێگەیان پێدەدرا ڕابەریی "سلوك" بکەن و ئەندامانی نوێ بهێننە ناو تەریقەتەوە. ئەو ئیمتیازە تەنها قۆرخ بوو بۆ چەند کەسێك کەوا کارو کردەوەی تایبەت ئەنجامدەدەن، لەوانە سیحرولەلیکی زاواوی قادرون لە

جاکارتا و مۆگا باریتا هاراهاپ لە ڕۆژهەڵاتی جاوا (کە هەردوکیان هاوڵاتیی سۆمەترە بوون، یەکەمیان میـنانگکاباو و دووەمیشیان ماندایلینگ بوو وەك قادرون). لە بارەی هاراهاپەوە کە شێوازی دەرکەوتنی زیاتر لە سەرکردەیەکی سەربازی دەچوو وەك لەوەی مامۆستاو ڕابەرێکی سۆفیزم بێت و وەك باسدەکرێ کەوا زۆر لە موریدو خەلیفەکانی لەپێشترە. ئەو هەمیشە نزیك بوو لە بەدیهێنانی یەکبووندناو دەیتوانی بەردی "سیججیل ـ سجیل" بەرهەم بێنیت، واتە زیخ و چەوی پڕ لە هێزی "کەلیماتوڵلا"، بەلاَم من بۆچوونێکی بەهێزم هەیە کەوا لە میانەی بیست ساڵی ڕابردوودا لقی قادرونی تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی، ئەگەر وەك دەستەو تاقمیکی ساینکرێتیستی باتینیی سیحریی مامەڵە نەکرایە، ئەوە زیاتر نزیك دەبووەوە لە یاساو دەستووری عادەتیی نەقشبەندییەوە. قادرون یەحیا لە 9 ی مایسی 2001دا کۆچی دوایی کرد و چەند ساڵێکی کەم دوای ئەوە یادی لەدایکبوونی هەشتا ساڵەی کرایەوە و ئەمە دوا ڕووداوی گەورەی تۆماری ژیانی بوو. دوای خۆی کوڕەکانی ئەسکەندەر زولقەڕنەین کە چەند ساڵێکی کەم دوای باوکی مردو عەبدولخالیق فەجدوانی جێیان گرتەوە. ئەم دوانە هیچکامیان سیفەتی کاریزمایی باوکیان و خولیای جیهانی ڕۆحییان تێدا نەبوو و هەردوکیان زیاتر بەڕێوەبەر بوون وەك لەوەی رابەری رۆحیی بن.فرەی پینەچوو سیحرولەلیکی زاوای ڕابەرێتیی تەکیێ سەرەکیی لە جاکارتادا لەئەستۆگرت و وادیار بوو گەلێ لە سەردانیکەرانی عادەتیی خۆی لەدەستدابێت.

## ئــەنــجــام: نوێکردنەوەو خۆماڵی کردن

گەلێ شێخی تری کاریگەری تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی هەبوون لە ئیندۆنیسیادا، بەلاَم ئەو سیانەی لەم بابەتە نووسینەدا باسیان هاتووە کاریگەرییەکی بەربلاَوتریان هەبووە لە هاوکارەکانی تریان. بێجگە لەوەش ئەوان بە ڕوونی دوو ئاڕاستە وێنا دەکەن کە ڕەنگە لە لقەکانی تری ڕێبازەکەشدا درکی پێبکرێت. یەکێکیان داشکاندنە بە لای ئۆرگانی ڕەسمی و بیروکراتییەوە لەگەڵ گۆڕینی شێوازی پابەندبوون لە پەیوەندییەکی تایبەت بە شێخەوە بۆ ئەندامیتی لە ڕیکخراوێکدا (کە بەڕوونی لە حاڵەتی حیزبی PPTI شێخ جەلالەدیندا دیارە). وەك هەردوو ئاڕاستەی PPTI و تۆڕەکەی شێخ قادرون دەریدەبڕن گواستنەوەیەکی تەواو لە کاریزماییەوە بۆ شەرعییەت پێدانی بیروکراتێتی دەسەڵات لە ڕێبازێکی سۆفیدا ئەگەری سەرکەوتنی دوورە. پێکهاتەی بیروکراتیی PPTI بە چاکی کاری دەکرد کاتێ شێخ جەلالەدین هێشتا لە ژیاندا بوو. بە هەمان شێوە هۆکاری پێکهاتەیی نیە کە بۆچی تۆڕی "سووراوەکان" چوونە ناو ڕێبازی نەقشبەندیی قادرونەوە دەبوو نەیانتوانیبایە لە کارو وەزیفەی خۆیاندا بەردەوام بن، بەلاَم بە ماوەیەکە کەم لە پاش مردنی ڕوون بووەوەوە کەوا سیفەتی کاریزمایی ئەو بووە نێتوۆرکەکەی پێکەوە هێشتووەتەوەو وایکردووە کۆمیونیتییە ناخۆییەکە هاتووچۆی "سووراو" بکەن. حیزبی PPTI وەك ڕێکخراوێك بەردەوام بوو (هەرچەندە بە زەحمەت گەشەی دەکرد) چونکە حکومەت وەك تاقە کاروانێك بۆ پەیڕەوانی تەریقەت پشتیوانیی لیدەکرد. جێی سەرسووڕمان دەبوو لای من ئەگەر تۆڕە "سووراوەکانی" قادرون لە کاروباری بە ڕەسمی

ناسین و سەلماندندا ماوەیەکی هێند دوورودرێژ بەردەوام بوونایە مەگەر سەرکردەیەکی کاریزمی پەیدابیێتەوە کە هەموویان بخاتە ژێر باڵی خۆیەوە.
زنجیرەی یەك لە دوای یەکی عەبدولوەهاب ـ جەلالەدین ـ قادرون دیسان نموونەیەکی ڕوونی پرۆسەی خۆماڵی کردنی تەریقەتی نەقشبەندیی خالیدییە لە کات و ساتی کۆتایی هاتنی سەنتەرەکەی جەبەل ئەبوقوبەیسەوە.
شێخەکانی بابوسسەلام لەو دەمەوە کە لە سەر دەستی شێخ عەبدولوەهاب تەمەسسوکیان کردبوو کەم تا زۆر پارێزگارییان لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکان دەکرد. شێخ جەلالەدین ڕێکخەرو بە مشتومڕ بوو، کە بە پەرۆشی و دلگەرمیی خۆی شێوازی نوێ و ئەرگومێنتی نوێی دژ بە نەیارەکان هێنابووە ئاراوە. ئەڵبەتەلە ڕێوڕەسمی وردەکایی تەمەسسوکدا کە ئەو بەتۆکمەیی لە کتێبەکانیدا باس لەوە دەکات کە ڕەخنەو ڕەخنەکاری درکی بە نوێگەرییەکی نموونەیی ئیندۆنیسی کردووە (بە مەرگ و ناشتنی نموونەیی و قۆناخی نێوانیان کە خەونی تێدا دەبینرێت، لە گەڵ سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەدا). بە بۆچوونی من شێخ قادرون نموونەی پەڕگری پرۆسەی خۆماڵیکردنی یاسا و دەستوور و ڕێوڕەسم دەنوێنێ لە تەریقەتی نەقشبەندیدا. سەرەڕای بەرپەرچدانەوەو دژوارییی، ئەو لە گەڵێ ڕووەوە زیاتر بە شێخێکی باتینی ساینکرێتستی جاوایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیست دەچوو وەك لەوەی ڕابەرێکی قاڵبووی شەریعەت بێت لە تەریقەتی نەقشبەندیدا. باتینیەت و تەسەووفی ئەو لە بارەی بەدەستهێنانی هێزو توانای بان سروشت و کۆنترۆڵ کردنی کاروباری ئەم جیهانە بووە وەك لەوەی ملکەچی خواستی خوا بووبێت. بە هەر حاڵ، ئەم هێزو توانا بان سروشتانە لەڕووی مۆراڵەوە سروشتی بوون و دەکرا جڵەو بکرێن و بوەستێنرێن. ئەمە زیاتر کوشتن بوو نەك چارەسەر لە گێڕانەوەکانی قادرون خۆیدا بۆ موعجیزەکانی تواناکانی زۆر نزیك بوون لە تێگەیشتنی جاواییەکانەوە بۆ هێز و توانا (یان کێساکتیان لە ئیندونیسیادا)، کە چەقی ئەدەبی کلاسیکیی جاوایی بوو و ڕۆڵێکی بایەخدارو بەرچاوی لەسیاسەتی نوێدا گێڕا.
زیاتر پێدەچێت کەوا گەشەکردنی کاریگەریی بیری ئیسلامیی گۆشکراو بە چەمك و باوەڕی سەلەفی و ئەو ڕێوڕەسمەی ڕێگەی لە بەردەوامیی خۆماڵی بوونی تەریقەتی نەقشبەندی دەگرت. لەوێ فشارێکی زیاد دەکرا بۆ سەرکوت کردنی ئەو بیروباوەڕ و نەریتانەی بە لادەر لەقەڵەم دەدران و لە ئەنجامدا وەك دەردەکەوێت ڕێوڕەسم و ڕاهێنانەکانی ڕێبازەکە وەك ـ زیکری هاوبەش، خەڵوەت، گەڕانەوە بۆ قورئان و حەدیس ـ بە سەر ئەو مەسەلانەدا زاڵ بوون کەوا قادرون یەحیایان کردبووە کەسایەتییەکی ئاوها فرەڕەنگ.

## کورتەیەك

## لە پاش ڕۆژگاری ئەبوقوبەیس: گۆڕانکاریی تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لە ئیندۆنیسیادا

تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی بەخێرایی بڵاوبووەوە لە دوورگەکانی ئەرخەبیلی ئیندۆنیسیدا لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا و باڵی خۆی بە سەر تەواوی وڵاتدا کێشا و کەوتە ڕکابەری کردن لە گەڵ لقە هاوچەرخەکانی ڕێبازەکەدا. ئەم بڵاوبوونەوەیە بە هۆی چالاکیی هێنانە سەر ڕێ بوو لە لایەن شێخەکانی جەبەل ئەبو قوبەیسەوە لە مەککە لە ناو ئەو ئیندونیسیانەدا کە دەچوون بۆ حەج. پاش ئەوەی سعوودیە مەککەی گرت نەقشبەندییە خالیدییەکانی ئیندۆنیسیا لە سەنتەری ئەبو قوبەیس دابڕان و سەنتەرە ناوخۆییەکان لەجیاتی ئەو برەویان پەیداکرد. ئەم بەشە لە بارەی سێ ڕابەری کاریزمایی سۆمەترەوە دەدوێ کە بە شێوەیەکی سەرسامکەر سەرکەوتن لە ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەی لقەکانی ڕیبازەکەیانداو بەدەستهێنانی کاریگەریی سیاسیدا. شێخ عەبدولوەهاب ڕۆکان و شێخ حاجی جەلالەدین و شێخ قادرون یەحیا و تۆڕی مورید و پەیڕەوانیان پلە و ئاستێکی گەورەی جیابوونەوەیان دەنوێنێ لە ئەبو قوبەیس و گونجانیان لە گەڵ باروزرووف و یاساو ڕێسای ناوخۆداو شێوازی جیاوازی پەیوەندی کردن و مۆدێلی جیاجیای ڕێکخستندا. هەروەها ئەوان نموونەیش بوون لە مێژووی ئیندۆنیسیادا، لە شێوەی گەشەکردنیان و ڕەخساندنی ڕێبازی "نوێی" سۆفیگەری کە بوو بە هۆی ڕاکێشانی خەڵکێکی زۆر.

## پـــــــــەراوێـــــــز:

[xli]مارتن ڤان بروونەسن "بنەماو پەرەسەندنی ڕێبازی نەقشبەندی لە ئیندۆنیسیادا"، گۆڤاری ئیسلام، ژمارە ( 67)، ساڵی 1990، ل 150 ــ 179. هەر هەمان کەس، "تەریقەتی نەقشبەندی لە ئیندۆنیسیادا، ڕووپێویی مێژوو، جوگرافیا و باری کۆمەڵایەتی"، (باندۆنگ: میزان، 1992)، چاپی پوختکراو 1994. وێرنەر کراوس، "چەند سەرنجێك لە سەر بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لە ئیندۆنیسیادا"، لە کتێبەکەی م. گابۆری، ئە. پۆپۆڤیچ، ت. زەرکۆن، "نەقشبەندییەکان: پەرەسەندنە مێژووییەکان و بارودۆخی ئێستای ڕێبازێکی باتینیی ئیسلامی"، (ئەستەمبووڵ و پاریس: ئیزیس، 1990 )، ل 691 ــ 706.

[xli]ئەم ڕێبازە ئاوێتەیە پێدەچێت تایبەت بێت بە ئیندۆنیسیا و لە لایەن شێخی ئیندۆنیسی ئەحمەد خەتیب ئەلسەمباسی یەوە دامەزراوە کە ماوەی پەنجا ساڵێکی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لە مەککە دانیشتووە. بڕوانە م. ڤان بروونەسن، "شێخ عەبدولقادری گەیلانی و تەریقەتی قادری لە ئیندۆنیسیادا"، گۆڤاری مێژووی سۆفیزم، ژمارە 1 ــ 2، ساڵی 2000، ل 361 ــ 395.

[xli]مەزهەرییە لقی سەرەکیی تەریقەتی نەقشبەندیی هندییە و ناوەکەی لە میرزا مەزهەر جانی جانانەوە وەرگرتووە (کە شێخی عەبدوڵڵا دەهلەوی شێخەکەی مەولانا خالید بووە). گەڕانەوە کە لێرەدا بە ئاشکرا بۆ شێخ محەمەد مەزهەر ئەلئەحمەدیی هندییە (سێ پشت دوای شێخ عەبدولای دەهلەوی)، کە لەگەڵ ئەحمەد سەعیدی باوکیدا کۆچی کردووە بۆ حیجاز و لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا لە مەدینە مردووە. حاڵی حازر تەریقەتی مەزهەری تەنها پەیڕەوانی لە دوورگەی مەدورەدا هەیە و لە نێو مەدوورەییە پەرش و بڵاوەکانی دوورگەکانی تریشدا. ڤان بروونەسن لە "تەریقەتی نەقشبەندییەدا"، (چاپە پوختکراوەکەی)، ل 69 ـ 75، 119 ـ 123 ، 185 ــ 198. لێکۆڵیاری هۆڵەندی سنۆك هۆرگرۆنجە پەیوەنییەکی گەرمی دروستکردبوو لەگەڵ محمد صالح الزواویی شێخە مەککییەکەی ڕێبازی مەزهەرییە و عەبدولای کوڕیشیدا و لە لێکۆڵینەوەیەکی مەککەیدا بەراوردی کردوون لەگەڵ شێخەکانی جەبەل ئەبو قوبەیسدا، کە پێدەچێت زیاتر مەیلیان بە لای ژمارەی خەلیفەکانیانەوە بووبێت نەك جۆریان. کریستیان سنۆك هۆرگرۆنجە، "مەککە لە دوادوایی سەدەی نۆزدەهەمدا"، (لیدن: بریڵ، 1931).

---

[xli] دوو نامە یان لێکۆڵینەوەی مالایی لە لایەن ئیسماعیلەوە نووسراون، " کفایةالغلام" کە نامیلکەیەکی سادەیە لە سەر خاڵە بنەڕەتییەکانی مەزهەب و پابەند بوونی پیرۆزیی ئاین، لەگەڵ نامیلکەی "مقارنة" دا کە کورتە باسێکە لە سەر دۆعاو نوێژ بە کورتی باسکراوە لە ك. ف. هۆوێڵ، "سەرنج لە سەر بزووتنەوەی خواپەرستیی نەقشبەندی لە ئەرخەبیلی هندیی هۆڵەندیدا"، گۆڤاری زمان و وڵات و خەڵکی ئیندۆنیسیا، ژمارە (31)، ساڵی 1886، ل 67 ـ 81.

[xli] حسين بن أحمد الدوسرى البصرى، "الرحمة الهابطة في ذكر إسم الذات والرابطة"، (بە زمانی عەرەبی و مەلایۆ )، (مەککە : 1907). ئەم دەقە یەکەمجار ساڵی 1889/1306 بڵاوکرایەوە و لە لایەن ئەبوبەکری بەسریی خەلیفەی ئەلدەوسەرییەوە ئیزافاتی بۆکراوەو وەسفی چالاکییەکانی ئیسماعیل دەکات لە سینگاپوورە .

[xli] هێرشە نامیلکەیەکی دواتر لە لایەن زانا و ڕابەری عەرەبەوە لە دوورگەکانی هندی هۆڵەندیدا، سید عثمان بن عبدالله بن عقيل بن يحيى بڵاوکرایەوە بە ناوی، "مانای تەریقەت لە توێکڵە گوێزێکیدا" (بەتاوی: 1883)، هەمان هێرش و قسە پێوتنەکانی سالم بن سومەیر بەرانبەر بە ئیسماعیل دووبارە دەکاتەوەو گەڕانەوەی بۆ مەککە بە هەڵاتن لەقەڵەم دەدا. لە بارەی سید عثمان و ڕەخنەو توانجەکانی دژ بە نەقشبەندی بڕوانە کریستیان سنۆك هۆرگرۆنجە"هاوپەیمانێکی عەرەب لەگەڵ حکومەتی دوورگە هندییەکانی هۆڵەندیدا، کورتە باسکردنی مانای تەریقەت لە پاش مالاییەکانی سەید عوسمانی کوڕی عەبدوڵلاّ ...ڕاوێژکاری بەڕێزی کاروباری عەرەب". بڵاوکردنەوەی نێردەی هۆڵەندی، ژمارە (35)، ساڵی 1892، ل 223 ـ 227.

[xli] سنۆك هۆرنجە،"مەککە"، ل 176 ـ 179 . بە پێی ئەم باسە، ڕکابەرییەکە بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندیی بە حاجییە سیاسیەکانی باشووری ڕۆژهەڵات و تورکەکانەوە بووە، کە ئەوانە وەك مورید سەرچاوەیەکی باشی داهاتیان پێکدەهێنا.

[xli] عەبدوڵلاّ ئەلئەرزنجانی بەوە نەناسراوە کە خەلیفەی زۆری دامەزراندبێت، من تەنها بە یەك خەلیفە دەزانم کە ئەویش تەرزی پاشا بوو (حەیات ئەفەندی) بە خەلیفەی دامەزرابێت لە ئەرزنجاندا، کە زێدی دایکزادی بوو. بڕوانە محەمەد تاهیر بورسەلی، "عوسمانلی موئەلیفلەری"، (ئەستەمبووڵ: میراڵ، 1، ل 212.

[xli] ئەم نامەو نامەکارییە لە کتێبی "مەککە" ی سنۆك هۆرگرۆنجەدا باسکراوە، ل 178 ـ 179 . من لە ناو نەقشبەندییەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆی ناوچەکەدا هیچ یادەوەرییەکم نەبینی و ناوی خەلیل پاشایان هەر نەبیستبوو. سنۆك هۆرگرۆنجە (لە ل 241 ، 289) ی هەمان سەرچاوەدا باس لە سێیەم شێخی نەقشبەندی دەکات لە مەککە کە چەند خەلیفەی مالای هەبووە و ناویشی خەلیل (ئەفەندی) بووە، بەڵام من هیچ شوێنەوارێکم لە کارو چالاکییەکانی بەرچاو نەکەوت.

[xli] لە ساڵانی 1980 کاندا گەلێ لە عولەما ئیندۆنوسییەکان کە سەردانی مەککەیان کردووە "ئیجازەیەکیان" لە زانای نەریتخواز محمد بن علوی المالکی وەرگرتبوو، کە مەودایەکی بەرفراوانی زانستە ئیسلامییە کلاسیکییەکانی دەوتەوەو ناوبەناویش "ئیجازەی"دەبەخشییەوە بە سەر ژمارەیەك لە تەریقەتە جیاوازەکاندا (وردەکارییەکەی لە بروونەسن "تەریقەتی نەقشبەندی" دایە ل 196 ـ 197). ئەمە کاریگەرییەکی بەرچاوی بە سەر تۆڕە نەقشبەندییەکانی ئیندۆنسیساوە نەبوو ، لەلایەکی ترەوە ، تەریقەتی هەقانییە وادیارە بڕیاری دابوو کاریگەریی خۆیی لە ئیندۆنیسیادا بڵاو بکاتەوە و لق و پۆکانی تەریقەتی نەقشبەندیی بخاتە ژێر چەتری خۆیەوە، سەردانەکانی قەببانی بۆ ئیندۆنوسیا لەم ماڵپەڕەدا تۆمار کراون *www.naqshbandi.org*.

[xli] ئەم سەرنجانەی خوارەوە پشت بەو بایۆگرافی / هاگیۆگرافیایە دەبەستن کە لە لایەن نەوەی عەبدولوەهابەوە نووسراون، ه. ئە. فۆاد سەعید، "شێخ عەبدولوەهاب. توان گورو بابولسەلام"، (مێدان: پوستاکا بابولسەلام 1983). کورتەیەکی وردی ئەم کتێبە لە د. لومبارد، "ڕێگە و هەوڵدان لە سۆمەترەدا: نموونەی شێخ عەبدولوەهاب ڕۆکان 1830 ـ 1926"، لە کتێبەکەی م. گابۆری، ئە. پۆپۆڤیچ و ت. زەرکۆن، "نەقشبەندییەکان "، ل 707 ـ 715. دیسان بڕوانە سەرنجە بەراییەکانی لۆمبارد لە سەر بابولسەلام لە، "شێخ عەبدولوەهاب. توان گورو بابولسەلام". هەروەها عەبدوڵاّ سیاه، " تەریقەتی نەقشبەندیی بابولسەلام، لانگکات" لە بابەتی، "سۆفیزم لە ئیندۆنیسیادا"، (ژمارەیەکی تایبەتی گۆڤاری دیالۆگی سەر بە بەشی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی کاروباری ئاینی)، (جاکارتا: 1978)، ل 51 ـ 68.

[xli]سەید "شێخ عەبدولوەهاب "، ل 28 ـ 36. هەردوو مۆرەکەو ماناکانیان لە لاپەڕە (33) دا باسکراوە. دەڵێن گوایە سلێمان زوهدی بە یونس باتوبارای وتووە کە چاوەڕوانی بووە عەبدولوەهاب فەرمانڕەوا ئیندۆنوسییەکان بێنێتە ناو تەریقەتەکەیەوە. باسێکی تری دوو مۆرەکە لە لایەن شێخ ئەمیر دەمسەر سیاریف عالەمی نەقشبەندییەوە لە مێدان دراوە بە من کەوا یەکەم مۆر ئیجازەی ڕابەریی کۆڕە گشتییەکانی زیکرە (تەوەججوه)، دووەم ڕوخسەتی لەپێشتر بۆڕابەری کردنی (خەڵوەت یان سلوك) . ئیجازەکەی خودی ئەمیر دەمسەر دوو مۆری ئەبو قوبەیسی پێوەیە کە بۆ مامۆستاکەی بووە.ئەو مۆری خۆی بووە بۆ ئیجازەی خەلیفەکانی خۆی. چاوپێکەوتن، مێدان ، 5 ی نۆڤەمبەری 1993.

[xli]ئەم دوو سوڵتانە دەبێ مەبەستی سەرەکیی نامەکانی خەلیل پاشا بن کە جارێ سەرکەوتنی بە سەر سلێمان ئەفەندیدا داوە (بڕوانە پەراوێزی 9 لە سەرەوە). پەیوەندیی ئەوان لەگەڵ شێخ عەبدولوەهاب ڕەنگە هۆکاری ئەوە بێت کە بۆچی نامەکان کاریگەریی بەرچاویان نەبووە.

[xli]ئەم خەلیفانە ناوچە بە ناوچە لیستکراون لە کتێبی سەیددا "شێخ عەبدولوەهاب " ل 134 ــ 139 .

[xli]ئەم "موناجاتە" لە لایەن شێخ عەبدولوەهابەوە دانراوە لە سەر شێوازی شیعری مالایی، کە شێوازێکی ئەدەبی میللییە. تێکستە تەواوەکە لە کتێبی سەید"شێخ عەبدولوەهاب" دایە ، ل 70 ــ 76 .

[xli]سەرنج لە سەر ململانێی دەسەڵات لە بابوسسەلامدا لەم کتێبانەوە سەرچاوە دەگرێت: سەید، "شێخ عەبدولوەهاب"، سیاە، "تەریقەتی نەقشبەندی"و چاوپێکەوتنی خۆم لە کاتی سەردانمدا بۆ بابوسسەلام و مێدان لە نۆڤەمبەری 1986 و نۆڤەمبەری 1993 دا .

[xli]ب. ج. و. شریکێ: "بەشداری لە بیبلیۆگرافیای دیاردە ئاینیەکانی ئێستادا لە کەناری ڕۆژئاوای سۆمەترە"، گۆڤاری زمان و وڵات و خەڵکی ئیندۆنیسیا، ژمارە (59)، ساڵی ،1921، ل 249 ــ 352. هەروەها تۆفیق عەبدوڵڵا، "قوتابخانەکان و سیاسەت: بزووتنەوەی کاوم مودە لە ڕۆژئاوای سۆمەترە (1927 ـ 1933)"، (ئیساکا، نیویۆرك: پرۆژەی کورنێل مۆدرن ئیندۆنیسیا، 1971).

[xli]ڕاپۆرتێکی نوێنەری هۆڵەندی لە ساڵی 1891دا ناوی 24 مامۆستای نەقشبەندی دەبات کە بەشیوەیەکی ستراتیجی بە سەر ویلاتەکەدا دابەشبوو بوون ( *Mailrapport, 1891, No. 760*) ، کە جارێکی تر لە کتێبەکەی بروونەسندا بلاْوکراوەتەوە، "تەریقەت نەقشبەندییە"، ل 126 –128. سولێمان ئەلقرمیی مورشیدی سولێمان زوهدی یەکەم خەلیفەی بەتوانا و کاریگەر لە ڕۆژئاوای سۆمەترە دامەزراند کە ناوی شێخ ئیبراهیم کەمپولان بوو.

[xli]لەکتێبەکەی " *bijdrage" ,Schieke* دا کورتکراوەتەوە. یەکێك لەم نامیلکەهێرشانە لە لایەن ویلیەم ج. شێلاْبیرەوە وەرگێردراوەتەسەر ئینگلیزی بەناوی "پەردەلادان لەسەر ساختەچییان"، کە لە گۆڤاری جیهانی ئیسلام، ژمارە ( 20)، ساڵی 1930، ل 359 ــ 370) دا بلاْوبووەتەوە. لە بارەی ڕەخنەو توانجەوە بە گشتی بڕوانە مارتن ڤان بروونەسن، " تێوەگلانی ڕێبازە سۆفییەکان بە دژواری و مشتومڕەوە لەئیندۆنیسیای سەدەی بیستدا "، لە کتێبەکەی ف. دی جۆنگ و ب. ڕاتکێ، "باتینییەتی ئیسلام لە ڕکابەریدا: سیانزە سەدەی مشتومڕ و ڕەخنەکاری"، (لیدن: بریڵ، 1999)، ل 705 ــ 728.

[xli]حاجی جەلالەدین، "داکۆکی لە تەریقەتی نەقشبەندی"، 5 بەرگەو بە زمانی مالایی و بە خەتی عەرەبی نووسراوە، (بوکیتینگی: 1940). تا کۆچی دوایی لە ساڵی 1976 دا تێکڕا بە سەر یەکەوە زیاد لە سەد نامیلکەو ڕەخنەی نووسیوە.

[xli]بروونەسن، "دژواری و ڕەخنەکاری"، ل 722 ـ 725. کورتە وەسفێکی ئەم ڕێوڕەسمی هاتنە ناو تەریقەتەوە وەك بە وردی لە "ڕەهاسیا موتیارا"ی جەلالەدیندا باسکراوە ، بەرگی 1، ل 724.

[xli]داتاکان لە "ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی 1955 بۆ کۆمەڵەی نوێنەرانی خەڵك" وەرگیراون (جاکارتا: سیستەمی ئابووری ـ کۆمەڵایەتیی نیشتمانی، 1971)، ل 105، 121.

[xli]یەك لەو چیرۆکانەی کە نەمتوانی بیسەلمێنم و دڵنیا بم لێی ئەوەیە کەوا ئەو خەلیفانەی خۆیان ناونووس کردبوو وەك ئەندامی *PPTI* ناسنامەیەکیان دراوەتێ کە وێنەیەکی حاجی جەلالەدینی پێوەبووە و تەخویلی کردوون کەوا هاتوچۆیان بە خۆڕایی بێت بە پاسی دەوڵەت لە سۆمەترە.

[xli] پێشەکی بۆ نامیلکەی "*Tigaserangkai*" (واتە سێ هاوڕێ لە یەکتر دانەبڕاوەکە)، (جاکارتا: 1964)، کە داکۆکییەکی ترە لە تەریقەتی نەقشبەندی دژ بە تۆمەتبار کردن بە بیدعە.

[xli] دوکتۆر شێخ حاجی جەلالەدین، "ڕێبازی نەقشبەندی: نهێنیی گەوهەر"، 6 بەرگ، بە زمانی مالایی و بە پیتی عەرەبی. ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا سالآنی 1940 کان بلآوکراوەتەوە و چەندین جار لە لایەن نووسەرەکەیەوە چاپکراوەتەوەو هەر جارەی کەمێك دەسکاری و گۆڕانکاریی تێدا کردووە.

[xli] یەك لەو مامۆستا و ڕابەرانەی نەقشبەندی، کە من چاوم پێکەوت مستەفا زەهریی خەڵکی ئوجونگ پاندانگ بوو (کە ئێستا ماکاساری پێدەڵێن) لەباشووری سولاوێسییەوە. ئەم پیاوە بووبوو بەخەلیفەو دوکتۆریش بێئەوەی بەشداریی کۆرسی ڕاهێنان بکات و پیاوێك بوو خۆی پێگەیاندبوو و پەرۆشەکی زۆر گەورەی هەبوو بۆ سۆفیزم و گەلێ کتێبی لەسەر دانابوو ویەکێکیانی ناردبوو بۆ حاجی جەلالەدین. لە وەلآمی ئەوەدا ئەمنیش "ئیجازەیەکی" بە خەلیفە بوونم بۆ ناردبوو لەگەڵ بڕوانامەیەکی دیبلۆم و نازناوی دوکتۆردا.

[xli] مێژووی *PPTI* بەهەندێ دووردرێژی لە لایەن جۆهان ئەفەندییەوە باسکراوە، "ڕێکخراوێکی تەریقەت بۆ ململانێ"، لە کتێبەکەی دەبلیو. کراوس دا، "ڕێبازی تەسەووفی ئیسلامی لە ئیندۆنیسیای ئەمڕۆدا"، (هامبورگ: ئینستیتیوتی لێکۆڵنەوەی ئاسیایی، 1990)، ل 91 ــ 100.

[xli] زۆرێك لەم بڕگانەی خوارەوە بەندە بە چاوپێکەوتنێکی درێژەوە لەگەڵ خودی قادرون یەحیا خۆیدا (لە 3ی نۆڤەمبەری 1986دا)، بێجگە لە نامەگۆڕینەوە و چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەسکەندەر زولقەرنەینی کوڕی کە وتەبێژیشی بوو (30 کانوونی دووەمی 1989 و 7ی نۆڤەمبەری 1993) و هەروەها لە سەر بابەتەکانی ژیاننامەی لە دوو نامیلکەدا کە لە لایەن پەیڕەوە زۆر نزیکەکانی شێخەوە نووسراون لە بۆنەی لەدایکبوونیدا : خ. ئەحمەد ریڤای راکب هیدایەت، "ئەهلی سیلسیلەی تەریقەتی نەقشبەندیی خالیدی"، (مێدان: پانیتیا پتێرینگاتان هاری گورو، 1974). هەروەها ر. حەمدانی هاراهاپ، "یادکردنەوەی هەشتا ساڵەی لەدایکبوونی باوکی شکۆدار پرۆفیسۆر دوکتۆر سەیدی شێخ قادرون یەحیا ئەلخالیدی"، (ساوانگان جاکارتا: بەیتولئەمین)، 1997.

[xli] شێخەکەی تر لە ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی میللیدا ئەباھ ئانۆن (شەهابولوەفا تاجولعاریفین) بوو، کە خەڵکی ڕۆژئاوای جاوا و ڕابەری "قادری و نەقشبەندی" بوو.

[xli] هارهاپ "*Memperingati Sepuluh Windu*"، ل 10. ئەمە 25 سووراو لە ئاسێ، 149 لە باکووری سۆمەترە، 34 لە شوێنەکانی تری سۆمەترە، 89 لە جاوا، 15 لە کەلیمانتان، 18 لە سولاوێسی و 2 لە ئیریان جایا دەگرێتەوە.

[xli] هارا هاپ، "*Memperingati Sepuluh Windu*" ، ل 6 ، چوار بەڵگەی لیست کردووە لە بارەی دانپیانانی شێخ حاسیم بە قادروندا وەك باشترین خەلیفەی: 1)شێخ ستایشی بلیمەتیی دەکات وەك تێڕامان 2) قادرون تاقە جێگر بووە کە نازناوی سەیدی شێخی پێبەخشراوە لە ئاهەنگێکدا لە سەر مەزاری باپیرە گەورەی ڕابەرەکەی . 3)شێخ حاسیم پێشبینیی کردووە کە دەبێتە مامۆستاو ڕابەری پیاوانی خوێندنی مۆدێرن و دەبێتە کەسێکی شیفابەخش. 4) شێخ مۆڵەتی داوە کە ڕێوڕەسمی ڕاهێنانی نەقشبەندی بگونجێنێ لەگەڵ بارودۆخی هاوچەرخدا.

[xli] کتێبی ژیاننامەی ساڵی 1974 جەخت لە سەر بایەخی ئەم ڕووداوە دەکات و دەیبەستێتەوە بە ڕوودانی بوومەلەرزەیەکەوە کاتێ کە شیخی بۆنجۆل تاجەکەی داوە بە قادرون یەحیا و بە هەمان شێوەش بوومەلەرزەیەکی تر ڕوویداوە کاتی کە سولێمان ئەلقرمی ئەم تاجەی بەخشیوەتە ئیبراهیم کەمپولان و هەمدیس جاریکیتر کاتێ کە ئەمیش داویەتی بە محەمەد سەعید بۆنجۆل. سەرچاوە: راکوب هیدایەت، "ئەهلی سیلسیلە"، ل 14.

[xli] هارا هاپ، "*Memperingati Sepuluh Windu*"، ل 5 ـ 6 .

[xli] ڕاکوب هیدایەت، "ئەهلی سیلسیلە"، ل 4 ـ 5. گۆڕینی ناوی کەسێك لە بەر زاڵبوون بە سەر ناخۆشییەکدا یان دەسنیشانکردنی گۆڕانێکیی گرنگ لە ژیاندا مەسەلەیەکی بەربلآوە لە ئیندۆنیسیادا. کاتێ کە منداڵێك لاوازە یان نەخۆشە، ئەمە بە زۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناوێکی نەشیاوی لێنراوەو ئامۆژگاریی پیاوێکی ئاقڵ یان شیخێك ڕەنگە گۆڕینی ناوەکەی لێبکەوێتەوە .

[xli] نووسینەکانی قادرون یەحیا هەروەها هاکەزایین لە ژمارەداو دووبارە و چەندبارەن لەناوەرۆکدا، کە بریتین لەمانە: "گەوهەری قورئان لەچەند بەشێکی هەڵبژێردراودا لە بارەی ئاین، میتافیزیك و زانستی پوختەوە" ، 3 بەرگ (مێدان: لێمباگا عیلمییە میتافیزیکا تەسەووف ئیسلام، 1981 ـ 1985) و "ڕوخسارە تەکنەلۆجییەکان لە قورئاندا، کۆکراوەیەکی ئەو موحازەرانەی کە لە کۆرسی 1983 – 1985 داوتراونەتەوە "، (مێدان: 1985). مەحزەری کۆبوونەوەکانی کۆنفرانسێکی جیهانی لە سەر میتافیزیك کە لە ساڵی 1986 لە زانکۆی قادرون ڕێکخراو لە "تەکنەلۆجیای قورئان لە تەسەوفی ئیسلامیدا" بلاۆکراوەتەوە، (مێدان: 1986).

[xli] ئەم پەرەگرافە ئەو مشتومرە سەرەکییە کورتدەکاتەوە لە *"capita selecta"*، بەرگی 3. "فۆرمۆلەی جەبری" تا توانراوە دەقاودەق تەرجەمە کراوە (ل 115). ئەم فۆرمۆلەیە بە جیاوازیی زاراوەسازییەوە کات دەگێڕێتەوە و لە نووسینەکانی قادرونیشدا بە ئاشکرا وای لە قەڵەم دەدا کە چەقی تیۆرییە زانستییەکەیەتی لەمەڕ سۆفیزم.

[xli] ئەمە یەکێکە لەو چیرۆکانەی قادرون بەردەوام حەز دەکات بیگێڕێتەوە بۆ خەڵکی جۆراوجۆر لە کۆبوونەوە و دەرکەوتنی گشتیدا ئەم کارەی دەدا بە گوێی ئاپۆرەی ئامادەبوواندا و هەموو جار یەکێکی دەهێنا گوایە ئەو ئەفسەرەیە کە بردوویەتی بۆ گالوگانگ.

[xli] هەموو ئەم کارو کردەوە موعجیزە ئاسایانە و گەلێ لەوە زیاتریش، شێخ قادرون خۆی بۆی گێڕاومەتەوە لە یەکەم و (دوا) گفتوگۆی چڕوپڕم لەگەڵیدا، لە ماڵی خۆیان لە مێدان و لە 3 ی نۆڤەمبەری 1986 دا. ئەڵبەتە تەماشام دەکرد چیرۆکەکان بە تەواوی ئاشنان بە دەستەو تاقمی پەیرەوان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئیندۆنیسیادا بەلاٚم حەزیان نەدەکرد لەگەڵ خەڵکی بێگانەدا باسی بکەن چونکە بە ئاشکرا دەیکێشایەوە بۆ تۆمەتبارکردنی شێخ بە ئەنجامدانی سیحرو جادووی نائیسلامی. ئەو خەلیفانەی کە دواتر ئەم چیرۆکە موعجیزە ئامێزانەم لەگەڵیان باسدەکرد لەگەڵ بیرو تێگەیشتنی قادرون لە بارەی هێزو توانای ڕۆحییەوە بە تەواوی لەگەڵ ئەوە بوون کە لێکدانەوەیەکی باوەڕدارانەی ئاسایی بۆ بکەن و پێیان لە سەر ئەوە دادەگرت کە هێزو تواناکە هی خوا بووە نەك قادرون، یان وەك یەکێکیان دەیوت قادرونی مامۆستاو ڕابەری مرۆڤێکی ئاساییەو هێزو توانای تایبەتی نیە، بەڵکو کاتێ دەبێتە قادرونی شێخ دەسەلاٚت و توانای خوا لەودا ڕەنگدەداتەوە و کار دەکات.

[xli] ئەسکەندەر زولقەرنەینی کوڕی قادرون و وتەبێژیشی دواتر قسەکەی باوکی ڕاستکردووەتەوەو باسی ئەوەی کردووە کەوا ئەو کەسە لە یەکەی چاودێریی ورد لە نەخۆشخانەی مێدان وەك مردوویەك دەرکراوە و دەرمان و تیمارکردنیان ڕاگرتووە، بەلاٚم پاش ئەوەی براوەتە ماڵی قادرون هۆشی هاتووەتەوە بەرو بووژاوەتەوە، (پەیوەندییەکی شەخسی).

[xli] لە بارەی ئەم مەسەلە ئەکلیرکییەوە قادرون لە مشتومڕێدا لە گەڵی لە 8 ی نۆڤەمبەری 1986 دا (کەوا گەلێ لە شوێنکەوتووانی ئامادە بوون) پێی وتم کە لە هیچ گێڕانەوەیەکی تری ژیانیدا باسی نەکراوە.

[xli] گەلێ لە پیاوانی ئاینی ئەم تاقمە، کە من چاوم پێیانکەوتووە یان باسیانم بیستووە، لە ڕاستیدا فەرمەسۆنیش بوون و لە کۆمەڵەی تیۆسۆفیدا چالاك بوون.

[xli] چەشنی بایۆگرافییە کورتەکەی لە هارا هاپ، *"Memperingati Sepuluh Windu"*، ل 3 ـ 7 دا هاتووە، کە دوا گێڕانەوەی ڕێگە پێدراوە. لە هەردوك یۆگیاکارتا و سەمارانگ کۆڕو کۆمەڵی تێکەڵەی هۆڵەندی و چینی و خۆولاٚتیی ئیندۆنیسی ئەندامێتییان هەبوو و پەرۆشییەکی توندوتۆڵیان هەبوو لە مەسەلە "ڕۆحییەکاندا"، وەك گێڕانەوەیەکی پێشتر لە لایەن خەلیفەیەکەوە باس دەکات کە قادرون پەیرەویی کۆرسێکی نووسراوی چاککردنەوەی جەستەیی کردووە کە لە ئەڵمانیاوە سەرچاوەی گرتووە (راکوب هیدایەت، ئەهلی سیلسیلە، ل 5) و زۆری لە بارەی ئیسۆتێریسیزم و بزووتنەوە باتینییەکانەوە خوێندووەتەوە (هەمان سەرچاوە، ل 7).

[xli] لە کتێبەکەی ڕاکوب هیدایەتدایە بە ناوی "ئەهلی سیلسیلە". پەیڕەوە نزیکەکانی شێخ قادرون ئەم نامیلکەیەیان دا بە من بەو هیوایەی کەوا باس و خواسە دزێوەکانی شێخ (ئەڵبەتە لە دیدی ئەوانەوە) ڕاست بکەمەوە کە لە یەکەم چاپی کتێبەکەمدا لە سەر تەریقەتی نەقشبەندیی ئیندۆنیسی باسم لێوەکردبوو.

[xli]واتای تەواوی ناوەکە تا ئێستاش من چەواشە دەکات، چونکە ئەمین وا نەزانراوە کە ناوی محەممەد بێت بەلاَم بۆ قادرون یەحیا وادیارە ئیحایەکە بۆ پلەوپایەی وەك ناوەندیارێك لە نیوان خودا و مرۆڤدا. تەواوی ئەو "سووراوانەی" کە قادرون و پەیڕەوانی دایانمەزراندبوو ناوی وەك: دار الأمین، قطب الأمین، سیف الأمین ..تاد یان هەیە.

[xli]قادرون لە هەموو شوێنێك دەڵێ کەوا پێغەمبەر پاکژ کراوەتەوە، بە کردنەوەی سینگی و چوار جار شۆردنی دڵی و پاش ئەوە بۆراقی دراوەتێ (ئەو گیانلەبەرە باڵدارەی بە گەشتێکی شەوانە (إسراء) هەڵێگرتووە و بەرەو ئاسمان هەڵکشاوە)، کە ئەمە شتێکی تر نیە لە وزەی بێکۆتای "وەسیلە" بترازێ. قادرون یەحیا، "تەکنۆلۆجیای قورئان"، ل 41.

[xli]گفتوگۆی هەمە لایەنە لەگەڵ هێندرۆ ساپتۆنۆی نوێنەری قادرون لە یۆگیاکارتاو لەگەڵ ئەحمەد موجیبی نوێنەری باشووری سۆمەترە، حوزێران و تەموزی 1993.

[xli]چاوپێکەوتن، 26ی تەموزی 1993.

[xli]ڕەنگە ئەم تۆمەتبارکردنە بەند بێت بە تێنەگەیشتن لە "ڕابیتە" بەلاَم بەندیشە بە تێگەیشتنی پەیڕەوە سادەو ساکارەکانەوە کەوا شێخ یەکبوونی ئەنجامداوە.

[xli]لیستێك بە ناوی ئەم خەلیفانەوە، لە گەڵ ساڵ و شوێنی "ئیجازە" وەرگرتنیاندا، لە کتێبەکەی ڕاکوب هیدایەتدایە، "ئەهلی سیلسیلە"، لاپەڕە (23 ــ 29).

[xli]من یەکەمجار لە مێدان هارهاپم بینی لە ناو حەرەمی زانکۆی قادرون لە کانوونی دووەمی ساڵی 1989دا کاتێ بە خۆشی و سوعبەتەوە چیرۆکە بان سروشتەکانی دەگێڕایەوە کە قادرون یەحیا لە میتافیزیکدا ئەنجامیداون. "پێتۆتۆیەك" کە لە 26ی تەموزی 1993 دا چاوپێکەوتنم لەگەڵ کرد لە یۆگیاکارتا باسی ناوبانگی هاراهاپی بۆکردم لە بواری ڕۆحیدا.

[xli]بێنێدیکت ئەندرسن، "ئایدیای تواناو دەسەلاَت لە فەرهەنگی جاوایدا"، کە لە کتێبەکە س. هۆ لتدایە، "فەرهەنگ وسیاسەت لە ئیندۆنیسیادا، (ئیساکا: چاپخانەی زانکۆی کۆرنێل)، 1972، ل 1 ــ 69.

# 9

## فلۆریان سۆبیرۆژ

# نهێنیی کاری خودا: نامیلکەیەکی سۆفیگەری لەسەرپلە بە پلەی چەواشە کردنی خەڵکی گوناهکار (ئیستیدراج)[١][xli]

لە نێو ئەو کەمە زانیاری و تێبینیانەی لە بواری سایکۆلۆجیی تەسەوف و باتینیدا هەن ئەوەیە کەوا ئەو خەڵکانەی توانای تایبەتیان هەیە و ئەوانەی بلیمەتی و توانا یان موعجیزەی ناسروشتی دەنوێنن خۆیان وا لەقەڵەم دەدەن کە دۆستی خودان و بەو پێیە مەودای بینینی ڕۆحییان بۆ ئاوەڵا دەبێت. سۆفییەکان ڕەنگدانەوەیەکی ئەم سەلماندنە سایکۆلۆجییەیان دۆزیوەتەوە لە بیرکردنەوەو تێڕامانیاندا لە بارەی ئەو ئایەتە قورئانیە تایبەتانەوە کە تێیاندا خوا خاسییەتی "مەکر" بە جۆرێك لەو کەسانەدا دەستنیشان دەکات کە فێڵباز و چەواشەکارن و ئیحایەکی ساختەی هەستکردن بە ئەمانیان دەداتێ (ئیستیدراج )[٢][xli]. لە گوتاری تیۆلۆجیدا لە سەر موعجیزە زاراوەی "ئیستیدراج" دەچێتە پاڵ چەمکی کارە سەرسامکەرەکانی پێغەمبەر (موعجیزە): "دیاردەیەکی نائاسایی لە کەسێکدا دەردەکەوێت کە هیچ باوەڕێکی نیە و هیچ کارێکی باشیشی ئەنجامنەداوە بە تەفرەدانی خواوەند لەقەڵەم دەدرێ و هاوشێوەی موعجیزەی پێغەمبەرێتییە".[xli] هەروەها چەمکی پشتبەستنی تەواوی پیاوچاك (وەلی) بە پێغەمبەر لە کۆڕو کۆمەڵی ئاینیی تایبەتیدا. بەم چەشنە موعجیزەی پیاوچاکان (کەرامات) بە هاوشێوەیەکی ناپێغەمبەرێتی دادەنرێت بۆ موعجیزەی پێغەمبەرێتی. بەم ڕەنگە موعجیزە تەنها لە کەسێکدا دەردەکەوێت کە لە یاساو ڕێسای ئاینیەکەی ورد دەبێتەوە. دیاردە نائاساییەکانی کە لە "هەرتەقەیەکدا" دەردەکەوێت دەکرێ بە "مەکر" یان "ئیستیدراج" لە قەڵەم بدرێت.[٣][xli]

بە پێچەوانەی پێغەمبەرەوە کە هەستی بە بڕوا و متمانە دەکرد کاتێ موعجیزەی لێدەردەکەوت، وەلی وانەبوو. تاموعجیزەی زۆرتر دەربکەوتایە زیاتر ترسی لێدەنیشت کە ڕەنگە لە بنەڕەتدا لە مەکری خواوە بن .[٤][xli] لە سیاقی

جیاوازی كردندا له‌ نێوان "كه‌رامات" و"موعجیزه‌دا"، ئه‌لماتوریدی (كه‌ ساڵی 944 مردووه‌) ده‌ڵێ پێویسته‌ بگه‌ڕێیته‌وه‌ بۆ به‌لعه‌م بن باعورا كه‌ له‌ حاڵه‌تی ئه‌نجامدانی كاری ڕۆحیی به‌رزه‌وه‌ كه‌وته‌ حاڵه‌تێكی خوانه‌ناسیی ڕه‌هاوه‌ .[xli ٥] "كه‌سێك كه‌ موعجیزه‌یه‌كی وه‌لی ئاسا بنوێنێت ناتوانێ متمانه‌ی به‌وه‌ بێت كه‌ حاڵه‌تی كه‌سێك له‌وه‌ی به‌لعه‌م نه‌چێت" .[xli ٦] هه‌روه‌ك ئه‌وه‌ی كه‌ عه‌بدولقادر بن تاهیر ئه‌لبه‌غدادی (كه‌ ساڵی 1037 مردووه‌) بانگه‌شه‌ی بۆكردووه‌ كه‌وا "ئه‌نجامده‌ری موعجیزه‌ی پیاوچاكان ناتوانێ جه‌خت له‌وه‌ ناكات كه‌ حاڵه‌ته‌كه‌ی ئه‌و ده‌كرێ بگۆڕێت (بۆ نموونه‌ به‌ره‌و خراپتر)،[xli] له‌ كاتێكدا ئه‌نجامده‌ری موعجیزه‌ به‌ وردی و ئاگاییه‌وه‌ له‌ به‌رانبه‌ر گۆڕان و بێباوه‌ڕیدا ده‌وه‌ستا .[xli ٧]

مه‌سه‌له‌یه‌كی په‌یوه‌ندیدار، كه‌ له‌ لایه‌ن هه‌ردوك تیۆلۆجی و سۆفییه‌كانه‌وه‌ باسی لێوه‌ كراوه‌ ئه‌و پرسیاره‌یه‌ كه‌ ئاخۆ "وه‌لی" پیرۆزیی خۆی ده‌سه‌لمێنێ، ئه‌لقورتوبی (كه‌ ساڵی 1272 مردووه‌) له‌ كتێبه‌كه‌یدا " الجامع في تفسير القرآن" سه‌رنج له‌ هاواری ئه‌بوبه‌كری شیلبی (كه‌ ساڵی 1945 مردووه‌) گیرده‌كات و ده‌ڵێت "من پارێزراوی ئه‌م لایه‌م (واته‌ ڕووباری دیجله‌ دژ به‌ ده‌یله‌مییه‌كان)" له‌ وه‌ڵامێكی ئه‌و پرسیاره‌دا كه‌ ئاخۆ پیاوچاك درك به‌ پیرۆزیی خۆی ده‌كات یان نه‌ (وه‌ك ئیحایه‌ك كه‌وا سۆفیی به‌ناوبانگی به‌غدا به‌ دڵنیاییه‌وه‌ ئاگایه‌كی ته‌واوی له‌ پیرۆزیی ناسروشتیی خۆی هه‌بوو). له‌ به‌ر ئه‌و ترسه‌ی كه‌ دیارده‌ی نائاسایی ده‌ركه‌وتن له‌ كه‌سێكی پیاوچاكدا به‌ هۆی مه‌كری خواوه‌نده‌وه‌ بووه‌ هه‌موو لا كۆك بوون له‌ سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌س ناتوانێ دڵنیا بێت له‌ سه‌ر پیرۆزیی هیچ كه‌سێك .[xli ٨] ئه‌لحه‌كیم ئه‌لترمزی (ساڵی 910 كۆچی كردووه‌) ئه‌و بۆچوونه‌ی هه‌بووه‌ كه‌وا "دۆستی خوا" له‌ واقیعدا به‌و دۆخه‌ی خۆی ده‌زانێ كه‌ خوا نیعمه‌تێكی وای پێبه‌خشیوه‌ .[xli ٩] به‌ پێی ئه‌م دیدو بۆچوونه‌ باوه‌ڕدار ده‌توانێ بگاته‌ حاڵه‌تێك كه‌ دڵنیا بێت له‌ پاكبوونه‌وه‌ی ته‌واوی له‌ گوناه .[xli ١٠] به‌ هه‌ر حاڵ، ئه‌لترمزی له‌" صراط الأولياء" مكه‌یدا ده‌ڵێ كه‌وا كه‌سی پیاوچاك ده‌كرێ له‌ گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ببێته‌ "موسته‌درجه‌"، كه‌ مه‌به‌ستێكی مه‌كری ئیلاهییه‌، ئه‌گه‌ر بخرێته‌ ڕیزبه‌ندییه‌كی نزیكبوونه‌وه‌ له‌ خوداوه‌، ئه‌وا ئه‌و كه‌سه‌ هه‌ندێ كرداری خزمه‌ت به‌ خوا ده‌نوێنێ به‌ هۆی ده‌ستپێشخه‌رییه‌وه‌، بۆ نموونه‌ له‌ ژێر كاریگه‌ریی ڕۆحه‌ دنیاییه‌كیدا.[xli] ئه‌لكه‌لاباذی (كه‌ ساڵی 994 كۆچی دوای كردووه‌) مشتومڕ و داكۆكیی له‌ سه‌ر ئه‌گه‌ری ئه‌وه‌ ده‌كرد كه‌ "وه‌لی" درك به‌ پیرۆزی خۆی ده‌كات و ئاماژه‌ی به‌و ده‌ كه‌سه‌ ده‌كرد كه‌ له‌ لایه‌ن پێغه‌مبه‌ره‌وه‌ مژده‌ و گه‌ره‌نتیی چوونه‌ به‌هه‌شتیان درابوویه‌ ( العشرة المبشرة ) كه‌وا ئه‌م ترسه‌ی له‌ خشته‌چوونی كه‌سێكی تێدا ده‌سڕێته‌وه‌.[xli] ئه‌لكه‌لاباذی جه‌ختی له‌ سه‌ر ئه‌وه‌ ده‌كردووه‌ كه‌ ته‌نانه‌ت موسڵمانی ئاسایی ده‌توانێ هه‌ستێكی دڵنیایی به‌ ده‌ستبێنێ كه‌وا ئه‌و به‌خششه‌ باتینییانه‌ی پێیدراوه‌ ڕاستین و له‌خشته‌بردن و ته‌فره‌دان نین.[xli]

محه‌مه‌د ئه‌مین ئه‌لعومه‌ری (كه‌ ساڵی 1789 كۆچی دوایی كردووه‌) جیاوازی ده‌كات له‌ نێوان ئه‌و موعجیزانه‌دا كه‌ هاوڕێن یان هاوڕێ نین له‌ گه‌ڵ به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌دا (ته‌حه‌ددی)، كه‌ یه‌كه‌میان له‌ ژێر پارێزگاریی ته‌واوی پێغه‌مبه‌ر یان پێغه‌مبه‌راندایه‌.[xli] موعجیزه‌كان یان شته‌ نائاساییه‌كان ـ ڕه‌نگه‌ له‌ ئه‌ولیادا وه‌ك كه‌رامات ده‌ربكه‌ون و له‌ باوه‌ڕدارانی ئاساییدا وه‌ك "مه‌غووسه‌ یان مه‌عوونه‌" ده‌ربكه‌ون (واته‌ یارمه‌تی خواوه‌ند) و له‌ خه‌ڵكی گوناهكاردا وه‌ك "ئیستیدراج" بێ به‌كارهێنانی هۆكاری ده‌ستكرد، به‌ڵام ئه‌گه‌ر به‌ هۆكاری ده‌ستكرد ده‌ركه‌ون ئه‌وه‌ ده‌بنه‌ جادوو

(سیحر) یان شتی ئالۆسکاو (شعبثة) ، ئەگەریش بە پێچەوانەی ئیدیعاکانیانەوە دەربکەون ئەوە سووکایەتی پێکردنە (ئیهانە).[xli]

ئەڵبەتە تێکەڵ و پێکەڵییەك لە ناو سۆفییەکاندا ڕوودەدات کاتێ کە جیاوازی دەکەن لە نێوان هەردوو زاراوەی لێکتر نزیکی مەکر و ئیستیدراجدا. جیاوازیی نێوان ئەم زاراوانە دەگەڕێتەوە بۆ دوو ڤێرژنی دژ بە یەك کە لە لایەن ئەلشیبلی یەوە باسی لێوەکراوە :"لە خشتەبردن/تەفرەدان پەیوەستە بەو بەخششەوە کە تەفرەدانی ئاشکرای خواوەندە، بەلأم تەفرەدانی ئیلاهی پەیوەستە بە بەخشش و نیعمەتە شاردراوەکانەوە" (المكر نعم الظاهر والإستدراج نعم الباطن).[xli] و بە پێچەوانەشەوە.[xli] جیاکاریی جۆراوجۆری ئەلشیبلی بۆ زاراوەکان کەوا مەکر تێیاندا پەیوەستە بە دیاردە ناوەکی یان شاردراوەکانەوە بە بەڵگەوە سەلماوە بە پێی قسەیەك کە دەدرێتە پاڵ أبو الحسن علي بن محمد المزيّن الصغير (کە لە نێوان ساڵانی 939 ـ 409 دا کۆچی دوایی کردووە) و دەڵێ: "هەر کەسێك خۆی بە کاروباری ئاینەکەیەوە هەڵبکێشێت تەفرەدانی خواوەندی لە سەرە" ( المعجب بعمله مستدرج) . ئەو کەسەی کە هەست بە خۆشحاڵی دەکات بەوەی بارودۆخی کەسێك بووە بە بابەتی تەفرەدان و ئەو کەسەی کە وایدادەنێت گەیشتووەتە ئامانج کەسێکی لووت بەرزە (مەغروور).[xli] بەم ڕەنگە ئەلموزەیین زاراوەیەکی سێیەم دێنێتە پێشەوە کە بۆ ئەو ڕەنگدانەوەی بوارێکی تایبەتی تەفرەدانی خواوەندە، کە غیرەیە (غرّة) واتە چەواشەبوون. لە لایەکی ترەوە السري السقطی (کە ساڵی 865 یان دواتر مردووە )، کوێربوون لە ناتەواویی ڕۆحی کەسێکدا بەوە لە قەڵەم دەدا کە یەکێکە لە هێماکانی تەفرە (مەکر) ی خواوەند.[xli]

تێرمێکی تر کە بەکاردێت بۆ دەسنیشانکردنی ئالۆزیی مەکر/ئیستیدراج "مەقتە ـ مقت" (واتە ڕقلێبوون)، بۆ نموونە ڕەنگە ڕقی خەڵك لە خوایان دوور بخاتەوە. ئەلحوسری (ساڵی 982 مردووە) زاراوەی (مقت) لە وتەیەکدا بەکاردەهێنێت کە لە شوێنی جۆراوجۆری تر هەمان بیرو بۆچوون دەردەبڕێت کە "ئیستیدراج" دەگەیەنێت.[xli]

بێگومان هەردوك ئیستیدراج و مەکر ئاماژەیە بەو لەخشتەچوونەی خەڵکێك تووشی دەبن کە نوێژ و دۆعایان گیرا دەبێت. وەلأم نەدانەوە و گیرا نەبوونی دۆعا و نوێژ دوورکەوتنەوەو دەرپەڕاندن لە گەڵ خۆی دێنێت و کێشەو ئاستەنگ بۆ تەسەوف و باتینیەت دەنێتەوە.[xli]

زاراوەی "مەکر" ئاماژەیە بۆ زیرەکی و بلیمەتییەك لە پشت بەخششی خواوە خۆی حەشارداوە. هاوەڵێکی ئەبو حەمزە (پێدەچێت ئەلبەغدادی بێت کە لە ساڵی 902 دا مردووە) گومانی لەو خێر و بەخششە بوو کە خوا دابوویە لەبری دۆعاو پاڕانەوەی، "من چەندین جار داوای بەخشینم لە خوا کردووە و چەندین جار داوای بەزەییم کردووە و پێی ڕەوا بینیوم. بە ڕاستی من ترساوم لەوە کە ئەمە تەفرەدانێکی خودایی بێت تا لە دواییدا پێیسەلماندم کە هەڵەم کردووە (حتى يأخذني بذلك كله)، کاتێ کە دەچمە لای و پێویستم پێ دەبێت".[xli]

مۆتیڤی ئەوەی لە خشتە نەچوویت بەو نیعمەتەی لە لایەن خواوە دەبەخشرێتە خەڵك لە وریاکردنەوەیەکەوە پێچراوە کە أبو حمزة محمد بن إبراهيم البغدادي داویەتیە هەندێك لە هاوەڵانی بۆ ئەوەی هەست بە ئەمان نەکەن لە بەرانبەر تەفرەدانی خودا، " ترس لە زەبروزەنگی دادپەروەری ( سطوة العدل) و ئومێدی نەرم و نیانیی

بەخشش(رقّة الفضل)و هەست بە ئەمان نەکردنی لەخشتەبردنی تەنانەت ئەگەر باخ و باخاتیشی پێبەخشێت". [xli]
وەك بەلگەی دەقی كتێبە پیرۆزەكان ئەبو حەمزە ئاماژە بە چیرۆكی ئادەم دەدا چۆن سەری لێشێواو لە فەرمانی خوا یاخی بوو پاش ئەوەی بەهەشتی درایە (قورئان، سوورەتی 7، ئایەتی 19 ـ 25، وەك سەلماندنێكی ئیزافی ئەبو حەمزە تیشك دەخاتە سەر دواندنی خوا بۆ كۆمەڵێك خەڵك لە بەهەشتدا كەوا "بخۆن و بخۆنەوە بە ئاسوودەیی، ئەمە پاداشتی كاری خۆتانە لە ڕۆژگاری خۆیدا" (قورئان 24:69).لە دیدی ئەبو حەمزەوە ئەم بارە بریتییە لە چەواشەبوون و تێكچوونێك كە خواستی خوای لە سەرە لەوەی بە حەسری تەركیز بكرێتە سەر خوا كەوا سۆفی " فلا مكر فوق هذا" دەسنیشان دەكات.[xli]
ئەبوبەكر ئەلواسیتی (پاش ساڵی 932 مردووە) ئاگاداریی بە هەڵە لێكدانەوەی بەخشش دەدات چونكە لەوانەیە لەخشتەبردنی لە پشتەوە بێت، "چۆن دەبێ كەسێك ئاوها تەماشای بەخشش بكات ئەگەر نەتوانێ پارێزراو بێت لە بەرانبەر (دەركەوتنی) لەخشتەبردندا؟" (كیف یری الفضل فضلاً من لا یأمن أن یكون ذلك مكراً). [xli] ئەبولعەباس سیاری (ساڵی 954/953 كۆچی دوایی كردووە) باس لە دوو جۆر بەخشش دەكات یەكێكیان دەركەوتنی لەخشتەبردنی خواوەندە، "دووجۆر بەخشش ( عطاء) هەیە: ئەوانی كە بەخششی كەراماتن و ئەوانەشیان كە لەخشتەبردنی خواوەندن. ئەوەی كە لە خۆتدا دەمێنێتەوە نیعمەت و بەخششە و ئەوەشی لێت جیادەبێتەوە لەخشتەبردنی خواوەندە".[xli]
"مەكر" بەلگەی موعجیزە و دەركەوتنی ئیشارەتی تەسەوف لە خەڵكدا (ئەلجونەید).[xli] هەروەها خۆی حەشاردەدا لە پشت بەخشینی ماوەیەكی دواخستنەوە بۆ كەسێكی گوناهكار، حاڵەتی ورووژانی خەڵك بە گشتی و خەڵكی لەخشتەبراو بە تایبەتی و لێدەگەڕێت بچن بە لای كاری خۆیانەوە.[xli]
دواجاریش زاراوەی "مەكر" وا لێكدەدرێتەوە كە دەسنیشانكردنی ئەو خولیا و خەیاڵە بێت لە لایەن خواوەندەوە بۆ ئەگەری پەیوەستبوونی ئەو خەڵكەی لە دۆزەخ دەردەچن بە زاتی خۆیەوە. بەڵام ئەبولقاسم ئیبراهیم بن محەمەد ئەلنەسرئابادی (ساڵی 977 ـ 978 كۆچی دوایی كردووە )،[xli] وایدەبینێ كە ڕوونترین شێوازی لە خشتە چوون " كاتێ كە زاتی خوا خۆی دەبێتە هۆی بۆ ئەوەی خەیاڵی ئەوە بكرێت كە ڕێگایەك هەیە بۆ (زاتی خۆی) یان شتێكی چاوەڕوان نەكراو دەكرێ لە گەڵ ئەبەدییەتدا یەكبگرێت لە هەركات و ساتێكدا، لە كاتێكدا (لە ڕاستیدا) خوا و سیفەتەكانی ئاشكرا و ڕوونن (والحق باطن وصفاته باطنة). ئەگەر ئەوان (خواوەندیان) لە یاد بێت ئەوە لە ڕێگەی ناخی خۆیانەوەیە و ئەگەر سوپاسگوزاری بن ئەوە بۆ خۆیانە".[xli]
وەك ئەنجامێك بۆ بڕوابوون بە ڕاستیی ڕەهای دەركەوتنی لە خشتە چوونی ئیلاهی خۆی تەفرەخواردنی خەڵكدا سۆفییەكان ستراتیجییەتێكیان گرتووەتە بەر بۆ پاراستنی خۆیان. ئەوان لە تەفرەخواردنی خوا دەترسن [xli] و لە بەرانبەریدا بە سڵی و بە ئاگاییەوە تێدەڕوانن بۆ ئەوەی دڵنیابن لێی. [xli] كەسێك كە هەمیشە وریابێت بەرانبەر تەفرەدانی خودا باوەڕ وایە یەك لە خاسییەتەكانی ڕۆحیی "عارفانە" ی تێدابێت. ئەلشیلبی ئەم هەستی نادڵنیاییەی لە بەرانبەر تەفرەدانی خوادا بە یەكێك لە پێنج خاسییەتەكانی عارفانە داناوە.[xli]

بە هەر حاڵ، خەڵك نەك هەر تەنها دەبێ خۆیان بپارێزن لە بەرانبەر لەخشتەبردنی خوادا، بەڵكو دەبێ لە بەرانبەر ڕۆحی دنیایی و ناپاكیی خۆیشیاندا بەئاگابن. ئەلشیلبی خەڵك ئاگادار دەكاتەوە كە نابێ هەست بە ئەمان بكەن لە بەرانبەر خواو بە هەمان شێوەش لە بەرانبەر نەفسی خۆیاندا. "هەست بە ئەمان مەكەن لە نەفسی خۆتان تەنانەت ئەگەر بە ناو ئاویشدا تێپەڕن تا ئەم شوێنی فێڵ و ساختەیە بە جێنەهێڵن و نەگەنە مەنزڵی هیوا (لاتمتن على نفسك حتى تخرج من دار الغرة ..إلخ). ئەگەر دڵی خۆتت بینی لە گەڵ خوادا ئاگات لە ڕۆحت بێت و ئەگەر دڵی خۆتت بینی لە گەڵ ڕۆحتدا ئاگات لە خوا بێت"[xli] سۆفییەكان هەوڵدەدەن پێوەر بدۆزنەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی ئاخۆ خەڵك لە غافڵگیریدا لە لایەن خوداوە لە خشتە دەبرێن و دەبنە قوربانیی فریودانی زاتی خۆی. ئەبوبەكر محەممەد بن حەمید ئەلترمزی دەڵێ: "كاتێ خوا دەتگوێزێتەوە بۆ ویستگەیەك و نایەڵێت پەیوەندیی بە خاوەنەكانیەوە بكەیت و تامی ئەو شوێنە بكەیت كە پێیگەیشتوویت و دەزانێ كە تۆچەواشە بوویت و تەفرە دراویت "(إذا أوصلك الله إلى مقام ومنعك حرمة أهله والإلتذاذ بما أوصلك إليه فاعلم أنك مغرور مستدرج".[xli]

لە ترسی ئەوەی ببیتە قوربانییەكی لەخشتەبردنی خودایی (قوتابخانەی) مەلامەتیی خوراسانی باسی لەوە كردووە كە یەك لە بنەماكانی بۆ شاردنەوەی "هێماكان و موعجیزەكانە" كەوا لە پەیڕەوانیاندا دەردەكەون.[xli] ئەو هۆكارانەی كە بۆچی بەئاگابوونی ڕۆحیی (أهل اليقين) لە خشتە چوونی خواوەند دەترسن لە لایەن ئەلسولەمییەوە باسكراون.[xli] وەك دەوترێت ئەلجونەید ڕەنگی تێكچووە لە ترسی تەفرەخواردنی خواوەند (تغيّر لونه).[xli] لای ئەلشیبلیش تەنها ترسی لە یەكبوون لە گەڵ خوادا قورستر بوو لە ترسی تەفرەدانەكەی، (الخوف من الوصل أشدّ من الخوف من المكر).[xli] وەك ڕاستییەك پێناسەی ئەلشیبلی بۆ ترس دەكرێ پەیوەست بێت بە چەمك و تێگەیشتنی ئەوەوە بۆ لە خشتە بردنی خواوەند. بە ئاماژە بۆ ئایەتی قورئانی (3: 54)، ئەلشیبلی وا باس لە مەكر دەكات كە خۆی لە كەسێكدا حەشار دەدات و پاشان بۆ ئارەزووەكانی بەجێیدێڵێ.[xli] ترس (خەوف) ئەوەیە كە تۆ مەترسی دەكەیت كە ئەو (واتە زاتی خوا) تۆ بەجێنەهێڵێت بۆ ناوناخت".[xli]

لە مەسەلەی ترسی سۆفییەكدا بۆ لە خشتە چوون، ئەوە سۆفی ناتوانی دڵنیا بێت لە دەربازبوونی كۆتایی و تەنانەت دڵنیا نیە لەوەی كەوا هەرگیز كارێكی باشی لە ژیانیدا كردبێت. ئەلشیبلی واباسدەكرێت قەسیدەیەكی خوێندووەتەوە كەوا تێیدا ئەم گومانەی دەربڕیوە.[xli] لە قەسیدەیەكی تردا، كە هی مەجنوونەو ئەلشیبلی خۆێندوویەتیەوە، دڵنیا نەبوون و دڵەڕاوكەی دەبڕیوە وەك ئەوەی ئاخۆ لەدواییدا كێ لای خوا شەفاعەتی بۆ دەكات.[xli] هەرچەندە ئەو هەست بەوە دەكات كە بە تەنها جێماوەو خوا تووشی گوناه و چەواشەبوونی كردووە، بەڵام هەر هیوای نەبڕیوە. ئەو ستراتیجی لەخشتەبردنی ڕۆحی خۆی داهێناوە بەو بڕوایەی كە خوا لە دواجاردا دەگەڕێتەوە بۆ لای وەك دڵنەرمێك و دۆستێكی خۆشەویست.[xli]

بێجگە لە ژمارەی بەرچاوی وتە، بۆ نموونە، ئەپۆفتێگماتا و دەقی قورئانی لە سەر بابەتە ئاڵۆزەكانی مەكر/ ئیستیدراج ، لە نووسینەكانی سۆفیگەریدا پاریزراون و باس و لێكۆڵینەوەیەك هەیە بە تەنها تیشكی خستووەتە سەر تەفرەدانی خواوەند.[xli] لە بەشی دوای ئەمەدا من وەرگێڕانێك و شیكارییەكی ڕەخنەگرانە دەخەمەڕوو.

---

## نامەی لەخشتەبردنی خواوەند: دەقەکەی

ئەم تێکستە لانی کەم لە سێ دەسنووسدا پارێزراوە، کە دوانیان هەر یەکەیان لە بەرگێکی ئالۆزدان. یەکەم دەسنووسی لە کتێبخانی حکومی لە بەرلین پارێزراوە، دووەم دەسنووسێکی مۆزەخانەی بەریتانییە، سێیەم دەسنووسێکی مۆزەخانەی مانچستەرە (مینگانا ژمارە 109). چوارەم دەسنووسێکی رامپوورە بە کۆدی 5.42 ژمارە ( 9086) (دێڕی یەکەمی هاوشێوەی تێکستەکەی بەردەستە) کە من نەمدیوە.[xli]

## باسیکی دەسنووسەکە

1. دەسنووسی *MS. L= MS*مۆزەخانەی بەریتانی، خانەی 1417، *61v* ـ*59vfo*: "... نووسینەکە بە سەر یەکەوە نووسراوە بەلاَم "نەستەعلیقێکی" خوێنراوەیە، تێیدایە کرم خواردوویەتی .... سەدەی پانزە".[xli] ئەربەری وەسفێکی زۆر کورتی تێکستەکە دەکات لە کەتەلۆکەکەیدا و پێناچێت ئاگای لە بوونی دەسنووسەکەی بەرلین یان لە هیچ دەسنووسێکی تر بێت. لە هەردوو تێکستەکەدا، نە ناونیشان نە ناوی دانەر باس نەکراوە.[xli] لەڕاستیدا *MS. L* بە خەتێکی نەستەعلیقی زۆر خراپ نووسراوەتەوە و بە کەمی خاڵی بۆ دانراوە. وەك ئەنجامێك ناخافڵیی خەتنووسەکە، ژمارەیەك دەربڕین و تەنانەت تەواوی چەند دێڕێك سڕاونەتەوە. حیکایەتێکی تەواوکەر لێرەدا هەیە، بۆ نموونە، ئەو چیرۆکەی کە پەیوەندی بە دەسەلاَتی ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەمەوە هەیە لێرەدا پەڕیوە ـ ئەگەر لە کاتی کۆپیکردنی *MS. L* دا نەپەڕیبێت و لەم دەسنووسەدا چەندین نموونەی دووبارە بوونەوە هەیەو لە گەلێ شوێندا دێڕەکان دووبارە نووسراونەتەوە سەرەڕای ئینتیباعێکی گشتی لە بارەی کەمتەرخەمییەکی گەورەی خەتنووسەکەشەوە (ناسخ) بەلاَم *L* هەر بە دەسنووسێکی زۆر بە نرخ ماوەتەوە. لە هەندێ شوێن کە دەسنووسی *B* ناخوێنرێتەوە دەکرێ تێکستەکە بنیات بنرێتەوە بە بەراورد کردنی هەردوو دەسنووسەکە (*B, L*). دەسنووسەکە گەلێ شتی جۆراوجۆرو سەیری تێدایە، کە بەڵگەیە بۆ ئەوەی خەتنووسەکانیان، هەرکەسە و لای خۆیەوە کاری کردووە بێئاگاداری ئەویتر. هەندێ لە ڕاستکردنەوەی هەڵەکان یان تەواوکردنی ئەو بڕ گەو شوێنانەی کە تێکستەکە سڕاونەتەوە لە دەسنووسی.*L* دا (*fo 60 R*) لە پەراوێزدا کراون. پیتە مورەکەبەکانی فاء ـ ها ء وەك کورتکراوەی دەربڕینی (فاهینا إذن) (یان پێموایە فهنا إذن بێت ـ و). پیتە دوا وشەی هەندێ دێڕ لە پەراوێزی لای چەپدا بە جیا نووسراون و بوون بەهۆی ئەوەی تەنانەت دێڕەکانیش پەڕیون. دەسنووسەکە لە گەڵ دانەیەکی پێش خۆیدا بەراورد کراوەو بەو پێیەی بە پیتی ص بە مانا (صحّ) ئیشارەت کراوە یان وشەی "ئەسڵ" لە شوێنی جۆراوجۆری پەراوێزەکان نووسراون. بە داخەوە سەرەتای دە دێڕی دوایی لە دەسنووسی *L.* وشەکانی پێش کۆتایی سڕاونەتەوە لە فۆتۆکۆپی دەسنووسەکەی منداو لە ڕاستیدا دڕاون وەك لە سەردانەکەی ساڵی 1999 کدا بۆ مۆزەخانەی بەریتانی بۆم دەرکەوت.

---

له دووریی نزیکەی یەك سەنتیمەتر لە دوا دێڕی دەسنووسەکەوە، خەتنووسەکە چامەیەکی سێ دێڕی بە قیاسی "بەسیت" نووسیوەتەوەو بەیتەکانی هی جەعفەری سادیقن ( کە ساڵی 765 مردووە). قەسیدەکە لە بارەی قەناعەتەوە دەدوێت لە ڕێگەی متمانە کردن بە بەزەیی و چاودێری خواوە:

لاتخضعنّ لمخلوقٍ على طمع فأنّ ذلك وهنُ منك في الدين

واستغن بالله عن دين الملوك كما استغنى الملوك بدنياهم عن الدين

واسترزق الله مما في خزائنه فأنّ ذلك بين الكاف والنون

واتە:

ملکەچ مەبە بۆ هیچ کەسێ لە بەر تەماع چونکە ئەوە لاوازیتە لە ئایندا

خودات بەسەو لە ئاینی شاهان گەڕێ وەك چۆن شاهان لەبەر دنیا پشتیان لە ئایین کرد، داوای رسقی خۆت لە گەنجینەی خودا بکە چونکە ئەوە لە نێوان کاف و نووندایە[xli]

2) دەسنووسی $B$، کە دەسنووسی کتێبخانەی حکومیی بەرلینە .. *(Ahlwardt no.8915,fo.LOV.*116*):* ـ *12RMQ*

دەسنووسەکە لە دوو توێی بەرگێکدا لەناو ژمارەیەکی زۆر گەورەی تێکستە عەرەبی و تورکییەکاندا کە هەندێکیان ناوەرۆکیان باتینی و سۆفییە.[xli] لێرەدا ژمارەیەك ڕاستکردنەوە (بۆ نموونە معلوقة، في، نعمة، الغرّة ...تاد) هەروەها وشەی پەڕیو هەن وەك (مستنصر، لە*fo,11*) لە سەرووی دێڕەکانی دەستنوویەکەوە نووسراوە، بە زۆری لەژێر یان لە سەر دێڕەکە خۆی (کە نموونەیەکی ئەو حاڵەتە *Fo.LOV,L.7*، کەوا بابەتە وشەی "فصاحة " ی تێپەڕاندووە)، کە ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ بەراورد کردن. ڕاستکردنەوە یان ئەگەری جۆراو جۆریی بە دەستی خەتنووسەکە (ناسخ) نووسراوە. شێواز بەندییەکە لە کۆڵۆفۆنی کتێبە دەسنووسەکەدا جێکراوەتەوە ، بۆ نموونە، "مەرحوم شێخ مستەفا ئەفەندی خەتتیدر" کە لە هەموو ڕوویەکەوە باس بکرێت و ئیحایەك بدرێت کە دەسنووسەکە خەتنووسێکی بێ ناو کۆپیی کردووەو بەلاّم بەرهەمهێنانەوەی (نەقلّ) لە سەر دەستی مستەفا ئەفەندیی خۆشنووسی زەمانی عوسمانی بووە کە هەر خۆیشی کۆپیکارێکی "ریسالە"[xli] بووە .خۆشنووسی کارێکی هێند ئاسان نەبوو بۆ خوێندنەوە بەتایبەتی خەتی نەستەعلیق و بۆ وەسێتکردووی نائاسایی و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1030 هیجری. ئەو کۆپییەی کە زۆر بە چڕی نووسراوە (کە لاپەڕەی لە نێوان 21 ـ 23 دێڕی تێدایە) کە هیچ شتێکی تێدا نیە بۆ دابەشکردنی واتاسازیی بڕگەکانی تێکستەکە.

3) دەسنووسی $M$ = مانجستەر (مینگانا)ژمارە (109)، ناونیشانەکەی "رسالة المكر والإستدراج". نامە یان کتێبەکە لە لایەن مینگاناوە بەم شێوەیەی خوارەوە باسکراوە:"کارێکی باتینیی کورتە لە سەر پلە بە پلەی پەرەگرتنی پیاوچاکان لە دۆستایەتی و هاوڕێیتیی خوا". سەرنجێك لە لاپەڕەی ناوەوەدایە لە دوای بەرگ باس لەوە دەکات کە نووسینەکە تەنها بەشی یەکەمی کارەکەیە: "الجزء الأول من رسالة المكر والإستدراج" و ناوی دانەر لە هیچ شوێنێکدا

ئەهاتووە. سەرەتاکەی هاوشێوەیە لە گەڵ هەردوو دەسنووسەکەی $L,B$ دا . بە هەر حاڵ دێڕی کۆتایی دۆعایەکی تێدایە کە تەنها لە دەسنووسی $L$ دایە (إلهي لاتجعلني من بابك مطروداً ..الخ ". تێکستەکە بەخەتی نەسخی هندیی نووسراوە و جوان دەخوێنرێتەوە، بەلأم مێژووی لە سەر نیەو ڕەنگە لە دوادوایی سەدەی هەژدەدا نووسرابێت (مینگانا). لە پشتی لاپەڕەی یەکەم $(Fo.IV)$ دوو تێبینی فارسی باسکراون و (لە ستایشی) زاراوەی ئیستیدراجدا باس لەوە دەکات کە ئەم نووسینە کۆپییەکی هەندێ سەرنجی پەراوێز بووە کە لە لایەن خواجە عەلی یەوە ئەنجامدراوە و ئەویش لە خواجە ئەبوبەکری وەرگرتووە(مینگانا).

دەسنووسەکە وا دیارە پەیڕەوی هەمان ئۆریجیناڵی دەسنووسی $L$ دەکات، هەندێ جار دەربڕینی خۆشی دەڕەخسێنێ کە لە کۆپییەکانی $L$و $B$دا نیە. شێوازی گۆکردن هەمیشە ڕاست نیە، بۆ نموونە، لەبری نەسخکردنی ئەو فەرمانەی لە سەر باوەڕدارە بەئاگابێت لە گەورەکەی (أن يحذر مولاه)وەك ئیحایەك بۆ شتێکی پووچ و بێکەڵك. لە پەراوێزی دەسنووسەکەدا چەند کۆمێنتێکی فارسی هەیە لە سەر هەندێ وشەی قورسی عەرەبی چەشنی "دهش" (کە بە موتەحەییر شودەن لێکیداوەتەوە). ڕێنووسی دەربڕینی "الصفاء" لە شێوەی "ئەلسەفاوەت" دا وادیارە خەتنووسەکە باکگراوندێکی فارسی هەبووە.

بەزۆری ئەو جۆراوجۆرییەی لە دەسنووسی $L$ دا بەدیدەکرێت لەوی $B$ باشترە ، بەلأم کۆپیکاری دەسنووسی $L$ زۆر کەمتەرخەمتر بووە لە هاوەڵەکە و لە بەر ئەوەشە کە $B$ وەك بنەمایەك دانراوە بۆ تێکستەکە. لە هەندێ نموونەدا $(MS.L,Fo.60R,1.3I,MSB,Fo.LOV,1.18)$، دەڕبڕینی دژوار کراوە بە پێی هەڵبژاردنی جیاوازییەکان: لە دەسنووسی $B$ دا خوا دوژمنەکەی خۆی حەشاردەدا بەوەی کە وەك یەکێك لە دۆستەکانی پیشانی دەدا، لە دەسنووسی $L$ دا هەندێ جار دۆستەکانی لە بەرگی دوژمنەکانیدا دەشارێتەوە. دەڕبڕینی"تعالی تەعالا" لە پاش وشەی ئەڵلاّ، لە ناو ئەو جیاوازیانەدا نیە لە تێکستەکەی مندا. من تێکستەکەم دەسکاری کرد بە گۆڕینی ناوی ئەبو یوسف بن الحسین (لە $L,M$دا) / ئەلحەسەن (لە $B$دا ) بۆ یوسف بن الحسین، کە ناوی سۆفییەکی ناسراو بووە لە ڕەی، چونکە لە $L$ دا نزیکترە لە خوێندنەوەی تەواوی ناوەکە.

## وەرگێڕانی نامەی لەخشتەبردنی خواوەند (ئیستیدراج)

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

سوپاس بۆ خوا کە دۆستەکانی خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی بیناسن و بە تایبەتی دەسنیشانی کردوون و هەڵیبژاردوون بۆ نزیکی خۆی و نزیکی خستوونەتەوە لە خۆی بۆ ئاشناییان لە گەڵییدا. بەم ڕەنگە بوون بە خودانی

زانیاری بەوەی کە زانیاریی پێبەخشین و بوون بە هاودەم و هاوەڵ بەوەی کە جیاکاریی پێبەخشین و خودانی نزیکبوونە کە نزیکیی پێبەخشین و خودانی ئاشنایی بە هۆی خێر و چاکەیەوە و شایەتمان دێنین کە خواوەندێکی تر نیە خوای تاك و تەنها و بێ شەریك نەبێت و شایەتمان دێنین کە محەممەد بەندەو پەیامبەرێتی، دروودی خوای لە سەربێت و لە سەر تەواوی بنەماڵە و هاوەڵانی. ئەوە بزانن کە خوای تەعالا ڕەنگە دوژمنانی بە پۆشاکی ئەولیا و هەڵبژاردەکانی بڕازێنێتەوە و بەو پێیە بە پوختیی ساتەوەخت گومڕا دەبن و خۆیان لێدەگۆڕێت و خۆیان لێدەبێت بەدۆستی خودا. ئەمەش لە خشتەبردنیانە لە لایەن خوای تەعالاوە (من الله لهم استدراج). ڕەنگە پۆشاکی توانا و دەسەڵات و ناوبانگ و سەرۆکایەتی و پەیداکردنی پلە و پایەشیان لای خەڵك بداتێ، تا وایان لێدێت بە ستایشی خەڵك گومڕا دەبن و خۆیان بە خودان چاکە و ئاوڕلێدانەوەی یەزدان دەزانین ( أهل فضله). ئەمەش دیسان لەخشتەبردنێکی خودایە بۆیان: پاشان لێناگەڕێت بەم باری توانا و دەسەڵاتەوە بمێننەوە تا دەیانگێڕێتەوە دۆخی ڕاستەقینەی خۆیان (حتی یردّهم إلی حقیقة معلومة).[xli]

هەندێ جار بە زانیاریی جۆراوجۆر و پاراویی زمان و جوانیەکانی ئەقڵ و ئاوەز دەیانڕازێنێتەوە، بۆیە گومڕا دەبن بە جوانیی زمان پاراوییان و تەوایی درك و تێگەیشتنیان و بلیمەتییان و وای لەقەڵەم دەدەن ئاگایان لە هەموو ڕاستییەکانە ئەمەش دیسان لەخشتەچوونێکە کە خوا سەپاندوویەتی بە سەریاندا (إستدراج). خوای تەعالاش وازیان لێناهێنێت تا دەیانباتەوە سەر دۆخی بنەڕەتیی خۆیان.

ڕەنگە بە پۆشاکی بەختەوەری بیانڕازێنێتەوە و نوقمی بەخشش و نیعمەتی جۆراوجۆریان بکات (أنواع النعم)، بەم ڕەنگە بە ژیان و گوزەرانی پڕ لە کامەرانییان گومڕا دەبن و خۆیان بە شت دەزانن، ئەمەش لەخشتەبردنی خواوەند تەعالایە و لێناگەڕێ بەردەوام بن لە سەری و دەیانگەڕێنێتەوە بۆ سەر ڕاستییە زانراوەکان. هەر بەو دۆخەشەوە لێیان ناگەڕێ بەڵکو دەیانگێڕێتەوە سەر ڕاستییە زانراوەکان، خوای تەعالا دەفەرمێ: " سنستدرجهم من حیث لایعلمون". (قورئان 7: 182 ، 68: 44).

لە بەر ئەوە ژیانی پەیڕەوان لە دنیادا دایە کزی و بەردەوام بوو تا ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕا و نەفسیان توایەوە و ئەقڵیان لەدەستداو دڵیان هەڵفڕی و زراویان دوولەت بوو. ئەوجا کەوتنە ناو خەلکانێکەوە کە تێکەڵیان نەدەبوون و زۆربەری خەڵکیش لەمە بێئاگا بوون. لێرەدا ئەرکی هەموو خاوەن ئەقڵێکە گەورەکەی ئاگادار بکاتەوە چەشنی خۆی "ویحذّرکم الله نفسه. فاعلموا أنّ الله یعلم ما فی أنفسکم فاحذروه". پێغەمبەر دروودی خوای لە سەر بێت دەفەرمێ: "دڵەڕاوکەی باوەڕدار نارەوێتەوە و ترس و تۆقینی ناشکێت تا بە سەر پردی دۆزەخدا نەپەڕێتەوە".[xli]

یەحیا بن مەعاز خوا لێی ڕازی بێت دەڵێ: "خوای تەعالا چەند شتێکی لە ناو شتی تردا شاردووەتەوە وەك : تەفرەدانی لە ناو بەزەیی و دڵفراوانیدا و فێڵی لە چاکەیدا و دادپەروەری لە دەستکراوەییدا و پشت تێکردنی لە نیعمەتە جۆراوجۆرەکانیدا و پەستی و تووڕەیی لە داپۆشین و حەشاردانی جوانیدا و دابڕانی لە مۆڵەتدان و چاوەڕێ کردنیدا.[xli] کەواتە پێویستە لە سەر بەندەی خۆی پشت بە کات و ساتە جوانەکانی و چاکە زۆرەکانی نەبەستێ. تۆ کەسێك دەبینی لە بەرگی پیاوچاکاندایە و لای خوای تەعالا لە ڕیزی دەرکراواندایە و هەست ناکات کەوا خوای تەعالا بەرگی پیاوچاکانی کردووەتە بەری دوژمنەکەی، بەڵام دواجار دەیگێڕێتەوە سەر ڕاستیی دۆخی خۆی، چونکە هەر

خۆیەتی ئەو کارە دەکات و دەیگێڕێتەوە، واتە سیفەتی دوژمن بە بالأی ئەولیاکانی دەبڕێ و سیفەتی ئەولیاش بە بالأی دوژمنەکانیدا و پاشانیش دەیانگێڕێتەوە دۆخی ڕاستەقینەی خۆیان.
ڕەنگە بە جوانیی عیسمەتی خۆی دوژمنەکەی برازێنێتەوە و لە حەقیقەتی زانیاریی خوای تەعالادا جێی نەفرەتی بێت، بەلأم پێشتر بۆی پۆشیوە تا لەدواییدا ئاشکرای کردووە. لە بەر ئەوەش کە بەلعامی بە نووری پاکی خۆی داپۆشیوە و لە لای خوای تەعالاش مایەی ڕق و بێزلێکردنەوەیەو قاروونی لە دەریای نیعمەتی خۆیدا نوقم کردووە و لای خوای تەعالاش جێی ڕق و تووڕەییە.[xli]
ئەی بەندەی خودا، چوار شت لە لایەن خواوەیە گومڕات نەکات: ئەوەی کە نەتدەزانی و بۆی ئاشکرا کردوویت، چاوپۆشی کردن لەوەی کە زانیوتە (واتە گوناهەکانت)، زیادکردنی ئەوەی کە سوپاست نەکردووە لە سەری و ئەوەی کە داوات نەکردووەو پێی بەخشیویت، ئەوە خوا ویستوویەتی ئاگادارت بکاتەوە و وات لێبکات هەست بە ئەمان بکەیت (فأنّما أراد الله تنبيهاً لك أو إستدراجاً عليك).
یوسفی کوڕی حەسەن دەڵێ :"هەر کەسێ کاری خوایەتیی بینی لە کاتی نواندنی بەندەیەتیدا نەفسی خۆی دادەبڕێت و پشت بە خوای خۆی دەبەستێت و کاری خۆی دەداتە دەست ئەو و ئیتر لە بەلأو مەینەتیی لەخشتەبردنی خواوەند (ئیستیدراج) بەدوور دەبێت".[xli] یەحیای کوڕی مەعاز خوای لێ ڕازی بێت دەفەرمێ: "ئەی خەڵکی بە ژێر نیعمەت و عیسمەتەوە (بێ گوناهی) بوو، پڕیی کات و سات گومڕاتان نەکات، چونکە دەردو بەلأی سەخت خۆی حەشارداوە لە بنیدا. پاك و پوختیی بەندەیەتیی گومڕاتان نەکات چونکە لە دووتوێی خۆیدا لە بیربردنەوەی خوایەتی حەشارداوە.[xli]
جارێك بە ستایشکردنی گومڕایە و جارێکیش بەو خێر و بەخششەی پێیدراوە.[xli] جارێك هەست بە ئەمان دەکات (مستدرج) بەو چاکەیەی کە لە گەڵیدا کراوە و بارێکش بە حەشاردانی تێکشکاوە (مستهلك). هەر کەس ناوەوەی لە دەرەوەی بەهێزتر نەبێت لە پابەندبوون بە خوادا ( ملازمة الحق) ئەوە خاسییەتی دڵنیایی تێدانیە. چونکە لەدەستدانی ڕووناکیی ناوەوە ئەنجامی بینینی جووڵەی دەرەوەیە و ناخافڵیی بینینی دەردەکانی لەخشتەبردنی خواوەندە (ئیستیدراج) و بە هەمان شێوەش لە بینینی سیفەتەکانی بەندایەتییە، چونکە بۆ سەرکەوتوو پشتبەستن پێویست ناکات و بۆ پشت تێکراویش نەهاتووە نائومێد بێت.[xli]
زولنوونی میسری (ساڵی 860 مردووە) ڕەحمەتی خوای لێبێت، دەفەرمێ[xli]: "بزانە کە تەفرەدانی (یان ئیستیدراجی) خەڵکی دنیایی لەوەوەیە کە دنیایان دەوێت و سوورن لە سەر ئەوەی کە پشت بکەنە خوای گەورە. بەلأم ئیستیدراجی ئەهلی زانست گەڕانە بە دوای ناوبانگ و پلەوپایەدا لە دیدی خەڵکەوە. ئیستیدراجی داواکارانی ئیجتیهادیش دڵنیایی و داواکاریی زیاتری ئەم لایەنەیە. ئیستیدراجی پەرساو پیاوچاکانیش وێڵبوونە بە دوای بەخشین و کەراماتی ئەولیاکاندا و پشت بەستنە پێیان. ئیستیدراجی زاناکانیش ئەوەیە کە بیر لەوە دەکەنەوە بە زانستیان دەتوانن چیبکەن بێ ئەوانەی کە نازانن، تا ئەوەی وایان لێدێت سنوور و ئامانج و کۆتایی بۆ دابنێن و واهەست بکەن کە ئاگایان لە هەموو شتێکە. هەر کەسێکیش پلەوپایەی بەرزتر بێت ئیستیدراجی گەورەترو وردترە".

ئیبنولموبارەك (کە ساڵی 797مردووە) ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمێ: "چەند کەسان کە هانی بیرکردنەوە دەدرێن خوای تەعالایان لەبیرکردووە و چەندیش ترسی خوایان لە دڵدایە ئازاو بوێرن لە بەرانبەر خوای تەعالادا. چەند ئەوانەش کە دوعاو پاڕانەوەیان بۆ خوایە و دووریشن لە خوای تەعالاوە. چەندین کەسانیش ئایەتەکانی قورئان دەخوێنن و کوێرن لە ئاستی ئایەتەکانیدا".[xli]

ئەبو سەعید ئەلخەڕاز دەفەرمێ: "ئەگەر تۆ دنیات وازلێهێنا و شانازیت پێوە کرد، شانازیی خۆی هەموو دنیایە، کەواتە وازت لێنەهێناوە. ئەگەر وازت لە خەوش و ناتەواویی خەڵك هێنا و سەرسام بوویت بەو وازهێنانە ئەو سەرسامبوونە گەورەترین خەوشە، کەواتە وازت نەهێناوە. ئەگەر کۆششت کرد و پەرۆشی ئەو کۆششە بوویت، ئەو پەرۆشییە گەورەترین تەفرەخواردنە (إستدراج)، کەواتە کۆششت نەکردووە. ئەگەر لە خوا ترسایت و ئەو ترسە دڵنیای کردیت ئەوە دڵنیابوون لە ترس گەورەترین ترسە، کەواتە نەترساویت. ئەگەر پشتت بە خوا بەست و پشتت لێکردەوە، ئەوە پشتت نەبەستووە. ئەگەر خواوەندی تەعالات خۆشویست و بەم خۆشەویستییە پاڵت لێدایەوە بێ ئەو کەسەی خۆشت دەوێ، ئەوە خۆشت نەویستووە. هەر کەس دەردو گرفتی ئەوانە نەزانێت کە باسمکردن ئەوە تەفرە خواردووەو بە خۆی نازانێت". پاشان دەفەرمێ: "بینینی نزیکیی لە نزیکەوە دوورترین دوورییە و بینینی ئاشنایی لە ئاشناییدا گەورەترین وەحشەت و تەنهاییە و بینینی یادکردنەوە لە یادکردنەوەدا سەختترین لەبیرچوونەوەیە و بینینی زانیاریی لە زانیاریدا گەورەترین گومڕاییە".

هەندێك ئەهلی زانیاریی دەڵێن: "هەر کاتێ هەستم کرد کە مەبەستمە واتە مەبەستم نیە، خودایە ئەگەر من وازت لێبێنم تۆ بە دوومدا دەگەڕێی، ئەگەر منیش بەدواتدا بگەڕێم تۆ پشتم تێدەکەیت، نە لە گەڵت دەتارێم و نە لە گەڵ غەیری تۆ ئاشنا دەبم. ڕزگاربوون و یڵبوونە بە دوای تۆدا و لە تۆوە بۆ تۆ".[xli] سوڵتانولعاریفین ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم (ساڵی 778 کۆچی کردووە) خوای لێ ڕازی بێت[xli] دەفەرمێ: "خودایە! ئەوەی دەتناسێت ناتناسێت، ئەی دەبێ حاڵی ئەوە چۆن بێت کە ناتناسێت؟".

یەعقووب دەفەرمێ: "بێئاگاترین کەس لە خوای تەعالا ئەو کەسەیە کەوا هەست بکات کە بە زانستی خۆی پێویستی بە مامۆستاو فێرکار نیە و ناخافڵترین کەس بە ناسینی خوای تەعالا ئەو کەسەیە کەوا هەست بکات بە زانیاریی خۆی پێویستی بە ناسراو نیە!".

یەحیای کوڕی مەعاز خوای لێ ڕازی بێت دەفەرمێ: "گوناهێك کە عەبدێك دەیکات و بە داماوی لە خوا دەپاڕێتەوە لێی خۆش بێت باشترە لە نوێژ و دۆعای کەسێك بۆ خوای تەعالا کە خۆی پێوە بابدات".

فوزەیلی کوڕی عەیاز (ساڵی 803 کۆچی کردووە) زۆر جار دەگریا و ئەم ئایەتەی دووپات دەکردەوە: "خوا بە کارەکانتان دەزانێت و تووشی کێشەو گرفتتان دەکەین بۆ ئەوەی خەڵکی موجاهید و بەپشووتان بناسین و تاقیتان بکەینەوە (قورئان 47:39)"[xli]، پاشان دەفەرمێ:"خودایە ئەگەر تاقیمان بکەیتەوە شەرمەزارمان دەکەیت و پەردەمان لە سەر هەڵدەماڵیت".[xli] هەندێکیان دەڵێن: "زانیاری سپاردنی جێگیرو کاتی هەیە، جێگیرە لە دڵی ئەولیاکانداو کاتییە لە دڵی دوژمنانداو پاشان لە کۆتایی تەمەندا لێیان وەردەگیرێتەوە".

هەروەها دەوترێت:"هەر کەسێ نوقمبووی دەریای ناخافڵی و لەبیرچوونەوە بوو وای لەقەڵەم بدات لە ناو باخ و باخاتی بینینی ئیمتیناندایە وەك ئەوە نیە کە لە ناو باخ و باخاتی ناوهێنانی ئیمتیناندایە و نازانێ کە نوقمبووی دەریای ناخافڵی و لەبیرچوونەوەیە".[xli] خەڵکی لە نێوان سەرکەوتن و نوشوستیدان، سەرکەوتوو بۆی نیە پشت بە سەرکەوتنی ببەستێ و لە تەفرەدانی دڵنیا بێت و شکستخواردووش ناکرێ نائومێد بێت لە ڕەحمەتی خوای تەعالا".[xli]

ڕەنگە کەسێك خەونێکی باش بە کەسێکی ترەوە ببینێ و ئەمەش ئیستیدراجە لە لایەن خوای تەعالاوە،[xli] وەك دەگێڕنەوە پیاوێکی خەڵکی شام هاتووەتە لای ئەبولعەلای کوڕی زیاد (ساڵی 713/712 مردووە) و وتوویەتی[xli]: خەونم پێتەوە بینیوە وەك ئەهلی بەهەشت وابووی، ئەمیش هەڵساوەتە سەر پێ و دەستی کردووە بە گریان و وتوویەتی "ڕەنگە خوای تەعالا جێبەجێکردنی کارێکی ویستبێت" (أراد أمراً).[xli]

دەوترێت: کەوا بنەمای لەخشتەبردنی خواوەند (ئیستیدراج) لەبیرچوونەوەی خوایەو پشتبەستن بە غەیری ئەوە و پەیوەست بوون بە غەیری ئەو و ئاوڕدانەوە لە غەیری ئەو. ناکرێ بۆ بەجێهێنانی زانیاری کەسێك گومڕا بێت و بە زۆریی زانست و خواپەرستی، چونکە ئیبلیس ماوەی چل هەزار ساڵ مامۆستا و فێرکاری مەلەکووت بووەو چل هەزار ساڵ جەنگاوەر بووەو چل هەزار ساڵ خواپەرستیی کردووە و لە دواییدا تەماشای خۆی و خواپەرستیی خۆی کردووە و یەکێك لە فەرمانەکانی خوای پشتگوێ خستووە . پاشان بووە بە یەکێك لە نەفرەت لێکراوان و دەرکراوان بۆ هەتا هەتایە. نەکەی بە خۆشگوزانیی زەمان و ئاسوودەیی حاڵ گومڕا بیت، چونکە بەرسیس و بەلعام خواپەرستترین خەڵکی زەمانی خۆیان و باشترین خەڵك بوون، بەڵام دواجار بە لای ڕابواردنی دنیاو ئارەزووەکانیاندا چوون و لە دنیاو قەیامەتدا ئابڕوویان چوو.

هیچ گومڕا مەبە بە هاودەمیی پیاوباشان، واتە بە خزمەتکردنیان، چونکە ئەگەر کەڵکی بۆ کەسێك بووبێت ئەوە کەڵکی بۆ ژنەکەی نووح و ژنەکەی لووت ( لوط) دەبوو (سەلامی خوایان لە سەر بێت) و گومڕابوون یەکێکە لە فۆناخەکانی تەفرەدانی خواوەند (ئیستیدراج). خوای تەعالا دەفەرمێ: " با ژیانی دنیا گومڕاتان نەکات" (قورئان 33:31 ، 5:35 ) و "ئەی بنیادەم مەنازە بە خۆتەوە و پۆز بە سەر خوای بەخشندە دا لێمەدە کە درووستی کردوویت" (قورئان 6:82 ).[xli]

ئەڵبەتە شەیتان دێت بۆ لای خواناس و دەیەوێت لە خشتەی ببات[xli] و دەڵێ :" ئەی دۆستی خواو ئەی باشترین هەڵبژاردەی خوا لە ناو خەڵکی خەلقندەیدا، ئەم هەموو شتانەی خوای خۆت نابینی لە کەرامات و بەخشش و دۆستایەتی و ئاشنایی؟ ئەی نابینی چۆن قسەو گفتاری ئەهلی زانست و زانیاریی دەکاتە ئیلهام بۆت، لە گەڵ وردەکاریی ئیرادەی جۆراوجۆردا؟[xli] ئاخۆ کاری لەم چەشنە هەر بۆ هامسەران و خۆشەویستان نیە؟ تۆ چ ئاواتێك لە خوای خۆت بخوازیت پێتدەبەخشێت، ئەی حاڵی نزیکیی خۆت لەوەوەو تەواوی نەرم و نیانیی ئەویش لە گەڵتدا، ئەگەر تۆ سوێندت بە خوای تەعالا خوارد نایەڵێت ئەو سوێندەت بکەوێت و چیت بوێت بۆت مەیسەر دەکات.

بێگومان فریشتەکان دەڕواننە هەموو هەڵسوکەوتێکت و حاڵ و باڵی باشت. کێ پایە و مەقامی لای خوا وەك تۆیە، کە لە سەر بناغەی ڕاستی و ئەمەك و خزمەتە. فەزلی تۆ زۆرە بە سەر کات و سەردەمتەوە، ئای کە خەڵك ناخافڵن لەو

دۆخەی تۆی تێدای". ئەوجا لە سەر ئەم قسانە بەردەوام دەبێت تا بە تەفرەو فێڵ لە خشتەی دەبات. بەڵام ئەگەر خوای تەعالا بە ڕەحمەت و چاکەی خۆی فریای بکەوێت و ئاگاداری بکاتەوە لە ساختە و فێڵی دوژمنەکەی و ڕۆحی هەڵکشێنێت بەرەو گوڵ و گوڵزاری دۆستایەتیی خۆی، ئەو دەمە بە سەلامەتی دەرباز دەبێت لە تەمومژو نادیاریی لەخشتەبردن.

بزانە کەوا

دڵیخۆشەویستانهێشتاهەرشەپۆلدەدابەترسیلەخشتەچوونوەکچۆندەریاکانشەپۆلاندەکەنتاهەرچییانتێدایەبەرەوخودادەبنەوەوئەوجائاشنایخودادەبنوپشتیتێناکەن . جارێکیاننەخشێکملەسەردارعاسایکەسێکبینینووسرابوو :

"هەمووگوناهێکتبەخشراوەپشتتێکردنمنەبێتوهەمووکارێکتخەوشدارەڕووکردنەمننەبێت".

نووسراوێکملەسەردارعاسایەکیتربینیدەڵێ :"ئەگەررڕوومومەرگێڕاتۆبەدەکەموجارێکیتربێگوناهدەگەڕێمەوەبۆلاییار . منبێتاوانمئەوەنەبێتکەتەماشاییارمکردووەولەسەریسزادراوم".[xli]

یەحیایکوڕیکەسیر (747/746 کۆچیدواییکردووە) خوایلێڕازیبێتدەفەرمێ:[xli] "گەیشتمەمەککەوعەتایکوڕی (ئەبو ) ڕەباحخوایلێڕازیبێتپێشوازیلێکردموسلاوێلێکردم، [xli]پاشانڕوویکردەخەڵکەکەووتی :

"لەبارەیزانیاریوزانستەوەهیچلەمنمەپرسنچونکەیەحیایکوڕیکەسیرلەناوتاندایە ! دەڵێ،چلڕۆژلەخواپاڕامەوەکەشیرینییئەمقسەیەملەدڵدەربکات،بەڵامنەگەڕامەوەسەرئاسوودەییەکەیجارانم".

دەگێڕنەوەکەواپێغەمبەردروودیخوایلەسەربێتفەرموویەتی : "عەمباریخوالەسەرزەویدڵەکانە . خۆشەویسترینعەمبارلایخواپوختترینیان (أصفی) وبەهێزترینیان (أصلب ) ونەرمونیانترینیان (أرق)" ئەمەمانایوایە : پوخترین (واتەکەمترئالوودەبووبێت ) بەگوناهولەژێرچاودێریدابێت (المراقبة ) وبەهێزترینبێتلەئاینیخواداولەلێدوانووەعزداداندا(المخاطبة)نەرمونیانترینبێت،سەبارەتبەهاولێتییلەگەڵبراکاندا"[xli]،خواسەرکەوتنمانپێببەخشێت.

## شیکردنەوەیتێکستەکە

خوادوژمنەکانیلەخشتەدەباتبەوەیکەڕواڵەتێکیدۆستایەتییخۆییانپێدەبەخشێت . ئەوانەحاڵەتێکیباتینییاندەدرێتێوەکتواناودەسەلاتوناوبانگ،زیرەکیوبلیمەتییزۆر،دەوڵەمەندی،پاکبوونەوەلەگوناه (عصمة )ولەخەونیخەڵکداوەککەسانیپیرۆزدەردەکەون . بەهەرحاڵ،پاشئەوەیئەمسیفەتانەبەدەستدێننلەکۆتاییدادەگەڕێنەوەسەرخووەبنەڕەتییەکەیخۆیان . هەروەهائەمدوژمنانەیخوا،لەژێرپەردەیدۆستایەتیخواداخۆیانحەشارداوە،بەڵامبەپێچەوانەشەوە وەکئەنجامێك،خەڵکیئاگاداردەکرێنەوەکەسڵلەخوابکەنوهەرگیزهەستبەئارامیودڵنیایینەکەن،چونکەتەفرەیخوالەژێربە

زەییوبەخشینیداخۆیحەشارداوە .

بەلعەم،قاروون،بەرسیسا،ژنەکانینووحولووتوبەهەمانشێوەشئیبلیسوەکنموونەیوریاکردنەوەباسدەکرێن .

ئیشارەتوهێماکانبۆخوێنەرباسکراونوەکیارمەتییەکبۆزانینیئاخۆلەلایەنخواوەلەخشتەبراوەیاننەوخوێنەرئاگادارکراوەکە

چۆنخۆیبپارێزێتلەبەرانبەرئەوەداکەبب‌ێتەقوربانیئیستیدراج :

کەدەبێدڵیهەرکەسێکهەمیشەلەجۆشوخورۆشیترسدابێتلەتەفرەدانیخوا .

دەبێوایدابنێییکەهاوەڵیوهاودەمیلەگەڵپیاوچاکداگەرەنتییارمەتیخودایە .

بەهەرحاڵ،نابێنائومێدبیتئەگەرهەستتبەوەکردخوارووپلیوەرگێراویتوناشبێتپشتئەستووربیتبەبەردەوامییارمەتیدان

یخواوەند . ئەڵبەتەپێتدەوترێتدڵتپاکبکەرەوەوبەهێزیبکەورقوکینەیتێدامەهێڵە .

حەدیسێکوچیرۆکێکلەبارەیەحیایکورپکەسیرەوەوەکوێناکردنێکیئەمخاڵەدەگێردرێتەوە".

تەفرەدانیخواوەندبەپێیئەوخەوشوناتەواویانەیکاریانتێدەکاتوبەپێیحاڵەتیئاینی / باتینییئەوشوێنەدەگۆڕێت .

کەسێکیپلەبەرزترتەفرەدانەکەیزیاترە .

لەخشتەبردنیسۆفییانباتینیبەشێوەیەکیزۆرباشبریتییەلەپەیوەستبوونیحاڵەتیرۆحییەکانکەلەمحاڵەتەداگۆڕانەبەرەوپێ

چەوانەکەیان.

گەورەییوبێسنووریدەسەلاتیخواکەلەمەودایەقڵیبنیادەمبەدەرەدەبێهەمیشەبهێنرێتەوەیاد .

بەپێچەوانەوەبۆدۆستانیراستەقینەیخوازانیارییلەخشتەچوونیانلەسەرلادەچێتلەکۆتاییدا .

شانازییرۆحیوەکگوناهێکیسەرەکیپێناسەدەکرێتکەبریتییەلەبیرچوونەوەیخواوناخافڵییوەکبنەمایلەخشتەچوون

(کەڕوونکردنەوەلەڕێگەیچیرۆکیئیبلیسەوە ).

فەرامۆشکردنیفەرمانێکیخواوەندوئارەزووکردنینەفسیدنیاییوەکهۆکارێکیدارووخانیرۆحییخواپەرستانە .

وەکخەڵکناتوانن لەکۆتاییدابەرگەیبەلاّومەینەتییخوابگرن،ئەواپەنادەبەنەبەرخوا "لەخواوەولەگەڵخوا".

زاراوەکانی "إستدراج " و "إستغرار " (واتەچەواشەبوون )

دەچنەناوپەیوەنیەکانیواتاسازییەوەلەگەڵیەکتر داودووەموەکقۆناخێکیوشەییەکەمکاردەکات .

ئەرکیشەیتانواپێناسەدەکرێتکەچەواشەکردنوفریودانیخواناسانە واتەتەفرەدانوناپاکییئێستادەگەڕێتەوەبۆشەیتان،نەك

بۆخوا . مەسەلەتیۆلۆجییەکانقورساییدەخەنەسەرگوتارینووسەروچەشنیئەوانەنکەلەسروشتیوەلیئالاّون .

ئاخۆکەسیپیاوچاکبەئاگایەلەوحاڵەتەیخۆیلەمەربەخششیخواوەند؟ئاخۆباوەرداردەگاتەحاڵەتێککەدڵنیابێتلەرزگاربوونیك

ۆتایی؟ئەممەسەلەتیۆلۆجییانەهەوڵیئەوەنەدراوەکەلەهیچشوێنێکیئەمنامەیەداوەلاّمبدرێنەوە.

## ریسالەبەسیاقەئەدەبییەکەیەوە

ناسنامەینووسەری "ریسالە " هێشتاهەرساغنەبووەتەوەوناکۆکیلەسەرە .

منهەوڵدەدەمتێکستەکەبخەمەبارێکەوەبەپێچەوانەیئەوبیروئایدیایەیپێشترلەسەریکۆکبوونلەو بارەیەوە،چەشنیپەراوێز

وكۆمێنتیلێكدانەوە،لەگەڵئەوكەرەستەپەیوەندیدارانەیلەكارەكانیسەدەكانی 9 بۆ 11 دابوون،بەواتائەو سەردەمەیكەپێیدەوترێتسۆفیزمی "كلاسیكی".

ئەمكارەبێجگەلەوەیكەبریتییەلەتەنهاكۆكراوەیئەو كەرەستانەیلەسەربابەتیئیستیدراجن،بەڵاممەبەستلەسەریەكئامانجی بیركردنەوەداڕێژراوەلەسەرانسەریتێكستێكداكەبەنامە "ریسالە" ناوزەدكراوە. ئەوبابەتانەیكەریسالەلەخۆیاندەگرێتدەكرێنەدووبەشەوە: وەرگرتنلەخەڵكیترولێدوانوڕوونكردنەوەلەلایەنووسەرەوە. بەهەرحاڵ،بە زۆریبڕوونیەلەكوێداوەرگرتنەكانتەواودەبنولەكوێشدادانەرلەگوتاروقسەكانیخۆیداتێهەڵدەچێتەوە. لێوەرگرتنەكانلەقورئانوئەدەبیحەدیسوزیادەڕۆییلەئەدەبیژیاننامەیسۆفیگەریداگواستراوەتەوە. لێكدانەوەباتینیوسۆفییەكانیقورئانكەهاوشێوەیئەوانیدانەرنلەخوارەوەلیستكراون. ئەڵبەتەزۆربەیدەقەهاوشێوەكانلەبایەخدارترینبەشیكتێبەكەیسولەمیوەرگیراونكە ناوی "حقائقالتفسیر"ە.

1) بەشی 85:13: دانەری "ریسالە"ئەمئایەتەیبۆیەهێناوەتەوەكەپشتگیرییلەدیدوبۆچوونیخۆیبكاتكەخواتەفرەیهەردوكدۆستودوژمنەكانیدەداتبۆئەوەیسروشتیڕاستەقینەیانبسەلمێنێت. لەكتێبی"حقائق" دا(*fo.24v*) بۆچوونی ئەبوبەكر ئەلواسیتی وەك بەڵگە هێناوەتەوە "خوای تەعالا سیفەت و خاسییەتی دۆستەكانی لە دوژمنەكانیدا دەردەخات، پاشان دەیانگێڕێتەوە سەر ڕاستی سیفەتی خۆیان". هێنانەوەی كۆمێنتێكی جەعفەری سادق پەیوەندی چەمكی ئایەتی ئیستیدراج بە ڕوونی باسدەكرێت "ئەمە وا دەگەیەنێ كە بەرگی ئەولیاكانی كردووەتە بەر دوژمنەكانی و بەم پێیە ڕەنگە ئەمە لەخشتەبردنێكی خواوەند بێت بۆ ئەوان و بەرگی دوژمنانی دەكاتە بەر دۆستەكانی، بەڵام ئەمان لە خۆیان بایی نابن و پاشان لە ساتەوەختی مردندا دەیانگێڕێتەوە سەر باری ڕاستەقینەی خۆیان".

2) بەشی 182:7 و 44:68. ئەم بڕگەیە لە "حقایق" دا تێبینی لە سەر نوسراوە شێوەیەكی ناتەواوی ناوی فەرمانی ئیستیدراج لەخۆ دەگرێت. لێرە لەخشتەبردنی خواوەند لە دوو شوێنی ریسالەدا باسكراوە، لە هەلومەرجی لەبیرچوونەوەو بێئەمەكی و سپڵەییدا "خوای تەعالا دەفەرمێ بە بەخشینی خۆمان هاوكارییان دەكەین و پێزانینی ئەو چاكەیەیان لەبیر دەبەینەوە و كاتێ دڵنیا بوون لە بەخششەكان و پشتیان لێكردەوە و لە نیعمەتبەخش دابڕان (مەرگ) یەخەی پێگرتن".[xli] ئیبن عەتا (كە لەساڵی 922 دا كۆچی كردووە) دواتر[xli] بە هەلومەرجێكی وا باس لەوە دەكات كە گوناهكارێك بێئاگایە لە گوناهەكانی هەر كە خەتاو گوناهێك بەرپا دەكەن ئێمە چاویان لێدەپۆشین و وایان لێدەكەین بیریان نەمێنێ كە داوای لێبووردن لەو هەڵەیەیان بكەن".[xli] هەمان بڕگە، لە قورئانیشدا باسكراوە (44:68) لە گەڵێ شوێنی "حەقایق" دا تێبینی لە سەر دراوە.[xli] "(أبوالحسن علي بن عبدالرحمن) القناد (كە ساڵی 941 مردووە) دەڵێ (ئێمە سزایان نادەین لە سەر سەرپێچیكردنیان، بەڵكو سەرەڕای ئەوەش مۆڵەتیان دەدەینێ و بە هێزیان دەكەین تا ئەوكاتەی یادكردنەوەیان تێدا دەسڕێتەوەو سۆزێكی ڕواڵەتیمان هەیە بۆیان تا ئەو كاتەی بە ڕاستی لە لایەن خواوەندەوە لە خشتە دەبرێن". ئەم بڕگەیەی خوارەوە بە شێوەیەكی نادیار باسدەكرێت "ئەگەر كەسێك ڕقی لە چاكە بێت و كەسێك لە سكاڵا لە بەڵاو مەینەتییەكان بكات ، ئەو كەسەیە كە لە لایەن خواوەندەوە لە خشتە براوە " .[xli] ئەلواسیتی دەڵێ " ئەگەر پەردە لە سەر خەڵك لابرێت هەموو تووشی سەرسامی دەبن.

بەهەرحاڵ ،ئەو یەکەمجار چەواشەیان دەکات و لەژێر پەردەدا حەشاریان دەداو پاشان پەردەیان لە سەر لادەداو بەو ڕەنگە بایەخی ڕاستەقینەی خۆیان دەزانن. وەك مەبەستیش بۆ ئەوەیە کەهەست بە دڵنیایی ئیستیدراجی خۆیان بکەن. أبو الحسین (یان أبو الحسن علی) بن هند (کە لە سەدەی دەیەمدا کۆچی دوایی کردووە) دەڵێ "لە خشتەبردنی خوا سەرخۆشیبوونە.[xli] کەسی سەرخۆشیش درك بە ئازاری ئەو دەردو مەینەتییە ناکات کە گرفتاری بووە ، نایەتەوە هۆشی خۆی. ئەوان کەلە حاڵەتی سەرخۆشیی بەئاگا هاتنەوە،ئێشەکەی دەگاتە دڵیان و وریایان دەکاتەوە و ئاسوودەیی نابینن. تەفرەدانی خواوەند پشتبەستنە بە خۆشنوودی و خۆشحاڵییە بە ژیانێکی ئاسوودەو لەبیرچوونەوەی دەردو بەڵاو تەفرەدانە لە سایەی ڕەحم و بەزەیی خوداوە". ئەبو سەعید ئەلخەڕاز دەڵێ "[xli] لەخشتەبردنی خواوەند لەدەستدانی متمانەیە (یقین) ، [xli]چونکە لە یەقیندا سوودەکانی ناوەوەی کەسێك دەردەکەون. کاتێ کەوا کەسێك یەقین لەدەستدەدا سوودەکانی ناخی لە دەستدەچن و کەسەکە بەمەسەلەکانی دەرەوەیەوە سەرقاڵ دەبێت و باوەڕ وایە کە ئەو جووڵەو کۆششانە لە ناخی کەسێکەوە دەردەچنە دەرەوە چونکە بێبەشە لە بەخشش".[xli]

3) لە قورئان 28:3 دا ، ئەلسولەمی ئاماژە بە ئەلواسیتی دەکات ، کە ئەمیش وەك نووسەری "ریسالە" بەوشێوەیە باسی ئیبلیس دەکات کە قوربانیەکی ئیستیدراج بێت و دەڵێ" ڕەنگە هیچ کەس هەست بە دڵنیایی نەکات لەوەی کە خوا بە دەردی ئیبلیسی نەبات. چونکە لە ڕواڵەتدا بە نووری خۆی داپۆشیبوو بەڵام لە ڕاستیدا بە نەعلەتی کردبوو و بە پێچەوانەوە دەریدەخست".[xli]

هەردوك ئیبن عەتاو ئەلواسیتی ئەوە دەستنیشان دەکەن کە ئەو ئاگادارکردنەوەی لەم ئایەتەدا هەیە ئاڕاستەی ئەو کەسانەیە کە بە پێچەوانەوە خوا دەناسن و لە گەورەو بچووکیی دەڕوانن و خوا بەم شانە ڕوویان تێدەکات و دەڵێ "ئاگاتان لەو ڕۆژە بێت کە دەگەڕێنەوە لای خوا" (قورئان 281:2)، خۆتان لە ئاگر بپارێزن (قورئان 24:2) و تا دەتوانن تەقوا بۆ خوا بکەن (قورئان 16:64).[xli] لای جەعفەری سادق ئامانجی ئاگادارکردنەوەی خواوەند هەست نەکردن بە دڵنیاییە لە نەفرەت و دەڵێ "ئاگادارتان دەکەمەوە کە وریای خوای تەعالا بن بە پیاوچاکتان دانەنێت، چونکە فەرمانی پێشوەختی لەم بارەیەوە هەیەو لە دواییدا لێتان دیاریدەدات".[xli]

4) قورئان 6:82. ئەلسولەمی ژمارەیەك لە ئاماژە سۆفییەکان دێنێتەوە کە تیایاندا خوا لە خەڵك دەپرسێ "چی لە خشتەت دەبات و تۆ خوای بەخشندەت هەیە؟" و وەڵامەکەشی بە وردی دەدرێتەوە. ئیبن عەتا واباس دەکات" باشە چی ئێوەی لە دۆستایەتیی خوا دابڕیوە؟"، جەعفەری (سادق) دەڵێ "چی ڕێگەی لێگرتوون کەوا خزمەتی خوای خۆتان بکەن ؟"، یەحیای کوڕی مەعاز دەڵێ "ئەگەر پێم بوترێت: چی لە خشتەی بردیت؟ لە وەڵامدا دەڵێم (خوایە داوای کەرەمی تۆ دەکەم)". عومەری کوڕی خەتتاب (دووەم خەلیفەی ڕاشدین) دەفەرموێ "... من دەڵێم: جەهلم بۆ تۆ لە خشتەی بردم و هیچی تر"، مەنسووری کوڕی عەمماری دەنداقانی (ساڵی 839 / 840 مردووە ) دەڵێ "... هیچ لە خشتەی نەبردم فەزڵ و بەخشندەیی تۆ نەبێت لە بەرانبەر بەندەکانی خۆتدا کە فێرت کردوون".[xli]

یەحیای کوڕی مەعاز جارێکیتر لە لایەن ئەلسولەمییەوە بە نموونە هێنراوەتەوە "من دەڵێم کەوا دڵنەرمی و چاکەت لە ئاستی مندا و بەخششەکانت لە خشتەی بردم، ئەی خودای بە خشندەو میهرەبان". [xli] دوا بەڵگەیەك کە

هێنراوەتەوەو قورئانی تێدا بەکارهێنرابێت (قورئان 6:82) تەنها وەك "ئەلشەیخ" ئیشارەتی پێداوە "ئەوەی کە
خوای ناسیبێت بۆ دڵنەرمی و بەزەیی و بەخششی، ئەوەی کە دڵی ئۆقرە ناگرێت و هەست بە ئاسوودەیی ناکات لە
گەڵ کەسانیتردا و چەواشەو گومڕا دەبێت".[xli]

ئەو تێبینی و کۆمێنتانەی لە سەر "ریسالە"دەربڕاون لە (قورئان 85:13 دا) لە نزیکەوە هەندێك لەو ئاماژانە
دەگەیەنن کە ئەلسولەمی لە سەر ئەم ئایەتە هێناویەتەوە. ئەلواسیتیش، وەك نووسەرەکە، زاراوەی "حەقایق"
بەکاردەهێنێ بۆ دیاریکردنی ئەو حاڵەتەی کەوا کەسی لەخشتەبراو لە دواجاردا دەگەڕێتەوە یان دەربڕینە
قورئانیەکە بەکاردێنێت "یعید". ئەو ئیحاو ئاماژانەی لە لایەن سولەمییەوە هینراونەتەوە لە بارەی (قورئان 7:
182) بە تەواوی، بواری زیاتر دەگرێتەوە وەك لەوەی لە نامەکەدایە. (قورئان 3: 28) کە پەیوەستە بە مەسەلەی
ئیستیدراجەوە لە هەردوك نامەکەو ئەو ئاماژە سۆفییانەوە کە لە لایەن ئەلسولەمییەوە هێنراونەتەوە. لەکاتێکدا کە
نووسەر (دانەر) وریایی دەدات کە ئاگامان لە خوا بێت وەك پابەندییەك بۆ کەسانی ژیر، دوان لە سەرچاوەکانی
ئەلسولەمی خەڵکی "گەورە" وریادەکەنەوە. (قورئان 82: 6) ئیلهامی داوە بەژمارەك سۆفی کەتێبینی لە سەر
ئەوئایەتە دەربڕین. هەرچەندە ئایەتەکە بەئاشکرا ئاماژە بەتێگەیشتنی خەڵك دەدا لەدڵفراوانی و بەخشندەیی خوا،
بەڵام ئاماژەکان بەڕوونی ئایەتەکە نابەستنە مۆتیفی ئیستیدراجەوە. بەپێچەوانەوە، دانەر تێرمی " استغرار" ی
پێوە دەبەستێ و لە ئایەتەکەدا یەکەم شێوەی فەرمانی " ماغرّك " لە گەڵ تیچرمی ئیستیدراجدا بەکاردێنێ وەك
بەشێکی یەکێك لە قۆناخە دواینەکان. لە هەندێك لە ئاماژەکانی ئەلسولەمیدا ئەو پرسیارەی کە خوا لە قورئاندا لە
خەڵکی دەکات "چی لەخشتەی بردیت؟"، هەموو جار بە شێوەی جیاجیا دووبارە دەبێتەوە. بە هەر حاڵ، لەوانیتردا
پرسیارەکە بێ وەڵام لە قورئاندا ماوەتەوە و کاردانەوەکەی بەم جۆرە بووە "جەهلم بە تۆ"، "دڵفراوانی و بەزەییت
لە ئاستی مندا (برّك بی)"، ... تاد. بە هەر حاڵ، قووڵترین و قورسترین وەڵام ـ کە بێ سەرنجێکی پڕناسۆری نیە ـ
وەڵامی "بەخشندەیی تۆ (کرمك) (لە خشتەی بردم)"، چونکە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە خوا خۆی بە خواوەندی
بەخشندە (ربّك الکریم) وەسف دەکات و بەم جۆرە دەدوێ: بێجگە لەوەی کەوا خەڵك پشت بە نیعمەت و بەخششی
بێشوماری خوا دەبەستن بەڵام خوا ئەو کەسە لە خشتە دەبات کە بێباك و خافڵە لە خۆفی.

لە نێو ئەو سەرچاوانەدا کە ناویان لە نامەکەدا هاتووە کەسایەتییەکانی قورئان، محەمەد، پیرو چاکان (سەلەفی
ساڵح) و سۆفییەکان. ژمارەیەك سەرچاوەی نادیار هەندێ ناوی لە قورئان وەرگرتووە *(p2,1.12)*شان بە شانی
بەلعەمی ( کوڕی باعورا) و *(p.3,1.11,p.4,1.21)*[xli] و ئەلترمزی ناوی وەك بەلعەمییەکان و (حوتامییەکانی) لەو
کەسانە ناوە کە وازیان لە ڕێبازی باتینی هێناوە پاش ئەوەی ئیشارەتیان لە خوا وەرگرتووە.[xli] بەلعەم لە ئاخرو
ئۆخری تێکستەکەدا *p.4,1.21*" بە هاوڕێیەتیی بەرسیسا دەردەکەوێت.[xli] بەلعەم و بەرسیسا نموونەی کەوتن و لە
ئاین وەرگەڕانی پەرساو خواناسانن، قاروونیش، "کە نوقمی دەریایەکی فەیزی خواوەند بوو" بەڵام بەرجەستەی
کەسێکی دەکرد کە خوا ڕەقی لێبێت بە پێچەوانەی ڕووکەش و ڕواڵەتیەوە. ژنەکانی نووح و لووت *p.4.1.24*ـ *p.*
*5,1.1*وریاکردنەوەی ئەوبارەن کەهاودەمیی کردنی پیاوچاك (لێرەداخێزان و هاوسەر بوون) مەرج نیە یارمەتی و
پشتیوانیی خوامسۆگەر بکات. هەروەها لەلاپەڕە جیاجیاکاندا محەممەد لە گەڵ دوو نەریتی

پێغەمبەریتیدا 2,p.6,1.2-p.2,1.1 ـ 4 باسی هاتووە. لە نێو کەسە پەرساکانی بەراییدا کەناویان هاتووە عەلابن زیاد، ئەبونەسرئەلعەدەوی ئەلبەسری لەحیکایەتێکدا. [xli] عەتای کوڕی (ئەبی) ڕەباح [xli] و یەحیای کوڕی کەسیری نەقلکەر[xli] (p.5,1.18). عەلای کوڕی زیاد ناوی لە چیرۆکێکدا هاتووە کە نموونەی تەفرەدانی خواوەندە لە ڕێگەی خەونەوە. ئەم چیرۆکە بە شێوەی جۆراوجۆر لای قوشەیریش هەیە.[xli]

نوێنەرانی وەچەی دواتر، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی دوو کۆچیدا برەویان پەیداکرد ئیبراهیم بن ئەدهەم [xli]، ئەلفوزەیل بن ئەیادو ئیبن موبارەك بوون. ئیبن ئەدهەم لە گەڵ دۆعایەکدا ناوی دێت ( p.3,1.23) کە قورسایی دەخاتە سەر "تێڕامانی ناسینی خوا"، وشەگەلێك لە سەرچەواشەبوون ( إغترار) ، لە سەر بەرپرسیارێتیی، لە ئەبو نوعەیم "حلیة" 8(p.18,1.20)، فوزەیل بن ئەیاد (ساڵی 803 مردووە) (لە لاپەڕە 4 , 1 , 3 – 6)ی چیرۆکێکدا کەسەرنج لە قورئان (39 : 47) و (47: 31) دەدات، کەوا کام چیرۆکە هاوشێوەیە و پێش "ئیسنادێك" دەکەوێت و لای ئەبو نوعەیم دەردەکەوێ.[xli] هەروەها لەم نموونەیەدا دەقەکەی نووسەر پێناچێت پشتی بە هیچکام لە قوشەیری و ئەبو نوعەیم بەستبێت. ئیبن موبارەك[xli] لە گەڵ باسێکدا هێنراوەتەوە کەوا خەڵکی ئاینپەروەری پۆلێن کردووە (p.3,1.9 ـ 11) و لە گەڵ باس و خواسی "مەکر" و " ئیستیدراج" دا لە زەهەبیدا هاتوون. [xli] لە سۆفییە سەرەکییەکان، کە لە تێکستەکەدا ناویان هاتووە، ذوالنون ( p.3,1.3)، أبو سعید الخرّاز، یحیی بن معاذ الشبلی (کە بە شێوەیەکی نادیار لە( p.3,1.2021 داهێنراوەتەوە). [xli] لە دوو چیرۆکدا ناوی شەیتان هاتووە ( p.4,1.17 بە ئیبلیس)و (p.5,1.4 بە شەیتان).

ئەو قسانەی کە ڕاستەوخۆ دەدرێنە پاڵ ذوالنون لە"حلیة" ی ئەبو نوعەیمدا تۆمار کراون ( p.361). ئەبو سەعید ئەلخەڕاز (کە ساڵی 890 ـ 891 مردووە)[xli] لە گەڵ دوو وتندا هێنراوەتەوە (p3,1.12–17,1018 ـ 19) یەحیای کوڕی مەعازیش کە (872 مردووە) لە گەڵ سێ گوتندا[xli] (p.2,1.3ff.19ff.p. 4,1.).[xli]

لە هەموو ئەو سەرچاوانەی کە لە "ریسالەدا" هاتوون یەحیای کوڕی مەعاز شوێنێکی دیار داگیر دەکات لە سێ گواستنەوەی دەقدا و ئەمە بە شێوەی سەرنجڕاکێش بۆ یەحیا باش نەبووە کە داکۆکیی لە شتێك کردووە کە پێچەوانەی پەیامی بنەڕەتیی ئەم تێکستەی بەردەست بووە، واتە لە وریایی کەسێك لە بەرانبەر تەفرەدانی خوادا.[xli] گێڕانەوەی ئەو ڕاستییە گشتییانە بۆ یەحیا جێی باوەڕە.[xli]

## مەسەلەی کتێبە دەسنووسەکە

نە نووسەری نامەکە "ریسالە" و نە ناونیشانێك باس نەکراوە لەهەرسێ دەسنووسەکەدا. ئەهلوارت Ahlwardt تیتڵی "رسالة تحقیق الإستدراج"دەداتە نامەکە. ئەهلوارت بەوەی کە تایتڵەکەی خستووەتە نێو کەوانی چوارگۆشەوە کەواتە ئاماژەیە بە سروشتی ساختەی ئەو تایتڵەو بە مانای ئەوە دێت کە تایتڵەکە نەنووسراوە یان نەخراوەتە پشتی نامەکەوە. بەهەرحاڵ، هەردوو تایتڵێك و ناوی نووسەرەکە بە دەستی خەتنووسەکە (ناسخ) نووسراون لە

---

دەسنووسەکەی بەرلیندا. لە پەراوێزی دەسنووسی *(fo.32r)* دا تێکستی حەدیسی "المؤمن لایسکن .. إلخ" نووسراوە. بە ئەنجامگیرییەکی ئەو لێکدانەوەو کۆمێنتانەی لە پەراوێزدان خەتنووسی ئەم "ریسالەیە" دەگێڕێتەوە بۆ ئەلغەزالی.[xli]

کارڵ برۆکلمان " رسالةالإستدراج" لە ناو ئەو کارانەدا لیست دەکات کە هی ئەبو حامید محەمەدی غەزالین و دەیباتەوە بۆ دەسنووسێکی ئاسەف.[xli] بە هەمان شێوەش دەسنووسەکەی ڕامپور ، 4، ل 42 ـ 43، ژمارە ( 2925) ناونیشانی "رسالة الإستدراج"کە هاوشێوەی ئەم دەسنووسەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەلغەزالی ("... نامەیەکی بچووك لە سەر ئیستیدراج کەلە لایەن خواوە بەخشراوە بەکەسێکی گوناهکار").[xli]

بۆیگس *Bouyges* لە لێکۆڵینەوەیدا لە سەر کرۆنۆلۆجیای کارەکانی غەزالی، باس لە کارێك دەکات بە ناونیشانی "رسالة الإستدراج" لە نێو ئەو نووسینانەدا کە دەبرێنەوە سەر ئەلغەزالی و تەواو دڵنیا نین لە بارەیەوە.[xli] لە نامیلکەی "الدرّة الفاخرة في كشف علوم الآخرة"، کە نامیلکەیەکە لە سەر باوەڕهێنان بەو دنیا یان ڕۆژی قەیامەت *eschatology* و بە هەمان شێوە کارێکیش لە سەر گومانی ڕاستی و ڕەسەنایەتی کە دەدرێتە پاڵ ئەلغەزالی[xli]، ئاماژە بە کتێبێك دەکرێ بە ناوی "کتاب‌الإستدراج"ەوە لە لایەن هەمان نووسەرەوە کەوا باسدەکرێت باسوخواسی مەسەلەکانی ئەودنیای تێدایە[xli]. ئیشارەتدانی نووسەر بۆ ئەو کارەی کە بە ناوی " الإستدراج "ە دەخرێتە سیاقی وەسفکردنی حاڵەتی چینە جۆراوجۆرەکانی باوەڕدارانەوە وەك (نێردراوان، پێغەمبەران، سیددیقین، موحسینون، شەهیدان ..تاد)، کەوا گونجاون بۆ گواستنەوە لە ڕۆژی حەشرەوە بۆ بەهەشت. نووسەری "الدرّة الفاخرة" باس لەوە دەکات کە ئەم "قۆناخانە" ئاشکرا دەبن لە کتێبەکەیئەودا، واتە "کتاب الإستدراج".[▯▯▯] گۆتە، کە وەرگێڕ و بلاّوکەرەوەی "الدرّة" یە پێمان دەڵێ کەوا ئەم سەرنجە تاقە ئیشارەتدانە بۆ هەر نووسینێك کە لە "الدرّة"دا هەیە و پێ لەوەش دەنێ کە هیچ زانیارییەکی لە سەر ئەم کارە پەیدا نەکردووە.[xli]

بۆیگس ئێسێبە نموونە دێنێتەوە کە نامیلکەی " الإستدراج " بە "بەرچاوترین کاری غەزالیی دەزانێ بەزمانی عەرەبی".[xli] بە هەر حاڵ، ئێسێ تەنها دەگەڕێتەوە بۆ کتێبی "ا لدرة "ی گۆتێ و بۆ هیچ دەسنووسێك دەست ڕاناکێشێت لەمەڕ "الإستدراج".[xli] بەم ڕەنگە گێڕانەوەی "رسالة الإستدراج" لە لیستەکەی ڕامپور وبەهەمان شێوەش لە دەسنووسەکەی ئاسەفدا بۆ غەزالی، ڕەنگە بە تەواوی پشتی بەوەی ئێسێ بەستبێت.[xli] ئەگەرچی ناوەرۆکی"الإستدراج" کە لە "الدرّة" دا ئیشارەتی بۆ دەکرێت وا باسە کە لەو دنیا دەدوێ، لە کاتێکدا ئەم تێکستەی بەردەست، بە پێچەوانەوە، زیاتر لە تەسەوف و باتینیەت دەدوێ وەك لە ڕۆژی قیامەت و پاساو هێنانەوە بۆ پێناسەکردنی هەردوو تێکستەکە بە تەواوی لاوازە. لازارۆس یافێ، لە نموونە هێنانەوەی بۆیگس و برۆکلّماندا، ئەو بۆ گەڕانەوەیە ڕەتدەکاتەوە.[xli] کتێبێك بە ناوی "کتاب الإستدراج " (هەروەها " رسالة الإستدراج " یشی پێدەوترێت) دەدرێتە پاڵ ئەلغەزالی. بە هەر حاڵ، مەسەلەکە گومانی زۆر لەخۆ دەگرێت کە هەرگیز ئەو ئەم کتێبەی نووسیبێت، چونکە ئەم کارە لە هیچ لیستێکی بیبلیۆگرافیدا باسی نەهاتووە".[xli]

تۆ بڵێی ئەم دەقەی ئێستا لەبەردەستدایە ئەوەی محمد بن خفیف الشیرازی نەبێت (کە ساڵی 928 مردووە)،[xli] بە ناونیشانی "الإستدراج والإندراج".  مشتومڕ لە سەر ئەم بۆچوونە بەم شێوەیەیە:

1) ئەم نامیلکەیەی بەردەست بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە مامەڵە لە گەڵ تەفرەدانی خەڵك دەکات لە لایەن خواوە بەوەی هەستێکی درۆینەی ئەمانیان دەداتێ (إستدراج). هەردوو بیبلیۆگرافیانووسی ئیبن خەفیف لە لیستەکانیاندا باسی ئەوەمان بۆ دەگێڕنەوە کەوا ئەمیان کورتەیەکی (موختەسەری) ئەم بابەتەی نووسیوە.[xli]

2) هەموو ئەو کەسایەتییە ناودارانەی لەم تێکستەدا ناویان هاتووە، بەو پێناسانەیان کە لەبەردەستدان، لە پێش ساڵی 982 دا مردوون، واتە ساڵی مردنی ئیبن خەفیف. دوا گێڕانەوە ناوی ئەبو سەعید ئەلخەڕازە کە لە ساڵی 890 /891 دا مردووە. ئەگەر ئەو قسەیەی دەسنووسی *(B, fo.11r ,u- 11v ,101)* ڕاست بێت ئەوە دوا قۆناخی نووسینی تێکستەکە ساڵی مردنی ئەبو بەکری شبلی یە(945).

3) ئەو کەسانەی کە لە تێکستەکەدا وەك سەرچاوە ناویان هاتووە نەك هەر سۆفیی ڕاستەقینەو ڕەسەنن بەڵکو خەڵکی پەرساو خواناس و عادەتی و موسڵمانی دیکەی خوناسی یەکەم دوو سەدەن و کەسایەتیی نموونەی ئیبن خەفیفن کە پەیڕەوانی ڕاسپاردووە کەوا شیاوی ڕکابەرییە.[xli]

4) تێکستەکە، بە پێی ناوەرۆکی، پێچەوانەی دیدو بۆچوونی نووسینێکی درەنگوەختە، واتە سەدەی حەڤدەیەم، ئەو مێژووەی کە لە مۆری کۆتایی دەسنووسەکەدا هاتووە. پێدەچێت مەسەلەکە وردە وردە ئەو تام و بۆیەی لەدەستدابێت لە لای نووسەرە سۆفییەکانی پاش چەرخی کلاسیك.[xli] دەربڕینی "في حقائق علم الله" (لە دەسنووسی..*fo.11v,* دوایی دێڕی کۆتایی) شتێکی کلاسیکییە.[xli]

5) ئەو کورتە دەستەواژەو بڕگانەی لە نامیلکەکە وەرگیراون پێناچێت لە نامیلکە سۆفییەکاندا هەبێت وەك ئەوەی سولەمی و سەڕاج و ئەبو نوعەیم و قوشەیری، کە بە شێوەیەکی گشتی لە لایەن نووسەرە سۆفییە پۆست ـ کلاسیکەکانەوە وەرگیراون. دانەر یان نووسەری ئەم نامیلکەیە پێدەچێت ڕاستەوخۆ دەستی گەیشتبێتە کەرەستەی بنەڕەتیی ئەدەبی سۆفیگەرییـ بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەو دانەرو کۆکەرەوانەی لە سەرەوە ناویان هاتووە.

دیسانەوە ڕەنگە ئەمە سەلماندنی بۆچوونی نووسینێکی پێشتر بووبێت، ئەگەر لە حاڵەتێکدا ئەوەی ئیبن خەفیفیش نەبووبێت. کەرەستەکە ڕەنگدانەوەی هاوشێوەیی ئەدەبی سۆفی و دیدو بۆچوونەکانی نووسەرە.[xli] بەڵام ئەم ڕەنگدانەوانە بە تەواویی دوورن لەوەی بە مەحاڵی دابنێین کەوا نووسەرەکە ڕاستەوخۆ قەرزاری هیچکام لەم کارە هاوشێوانەیە.

ئەو مێژووەی لەدوا دێڕەکانی دەسنووسەکەی بەرلیندان یەکەمجار واپێدەچێت وەك بەڵگەو پاساوێك بەکارهێنرابێت بەرانبەر بە دانراوەکەی ئیبن خەفیف یان تەنانەت غەزالیش. ئەو دەربڕینەی کە بەمجۆرەیە " تم الکتاب في(.....)، واتە "کتێبەکە لە ساڵی 1030 کۆچیدا تەواو کراوە". بە هەر حاڵ، وشەی "کیتاب" تەمومژە چونکە وا بەخەیاڵدا دێت کە ئاماژەبێت (بۆ دانانی) کتێبێك، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مانای "کتابة"دەگەیەنێت، بە واتا کاری خەتنووسی (یان نەسخ) .[xli] بەکارهێنانی وشەی "کیتاب" لەبری زاراوەی "کتابة" کە ڕاستتر و باوترە ڕەنگە پابەند بوون بێت

بەسەرواوە لە دوا دێڕدا وەك "كتاب/وهاب/مآب"). ئەهلوارتیش بە شێوەیەكی لابەلا، بێ باسكردنی هیچ هۆكارێك تێگەیشتووە كە مێژووەكە دەگەڕێتەوە بۆ كۆپیكردنی دەسنووسەكە.

ئەگەر ئەو مێژووەی دەسنووسەكەی ئۆفیسی هندستان، كەوا ئەربەری باسی لێوە دەكات (كە سەدەی پانزەیە) ڕاست بێت، ئەوە سەلماندنێكە كەوا ئەو مێژووەی لە كۆلۆفۆنی (مۆری كۆتایی ـ و) دەسنووسەكەی بەرلیندا هاتووە (1620/1030 ـ 1621) دەگەڕێتەوە بۆ كۆپیكردنەكەی نەك مێژووی دانانی "ریسالەكە".

مشتومڕو بەڵگەی سەرەكی لە بەرانبەر دانراوەكەی ئیبن خەفیفدا سروشتێكی فیلۆلۆجی هەیە (واتە فیقهی زمان). زمانی ئەم تێكستەی بەردەست زۆر نەرم و ڕازاوەترە لەوەی لە قەڵەمی نووسەرێكی فارسەوە سەرچاوەی گرتبێت. لە نامیلكەكەی ئیبن خەفیفدا لە بارەی سەرەتاكانی "كتاب الإقتصاد"ەوە ، یەك لە خاسییەتەكانی زمانە عەرەبییەكەی دانەر ڕستەی زۆر دوورو درێژە.

ئەڵبەتە ناتوانرێت حوكمی ئەوە بدرێت كەوا نووسەری " رسالة الإستدراج" ، غەزالی بووبێت یان هەركەسێكی تر، كەرەستەكانی لە تێكستە ونبووەكەی ئیبن خەفیفەوە كۆنەكردبێتەوە یان بە گیان و ڕۆحییەتی ئەوەوە نەینووسیبێت.[xli] پێدەچێت تێكستەكەی ئیبن خەفیف ڕۆڵی دەقێكی بنەڕەتی بینیبێت كەوا دانەری سەدەی یانزە یان حەڤدە كورتەیەك یان دەقێكی چاوپێداخشێنراوی لێ بەرهەمهێنابێتەوە. هەرچەندە دانراوەكەی ئیبن خەفیف ئەوە ناسەلمێنێ كە نادرێتە دواوە بەڵام بنەمایەكی وای داڕشتووە كە تێكستەكە لە نێو بازنەیەكی سۆفییەوە سەرچاوەی گرتووە كە بە قووڵی ڕەگیان داكوتابوو لە نەریتی كلاسیكدا كەوا یەك لە ڕواڵەتەكانی ئاگایی بووە لە ڕاستیی بەرپابوونی ئیستیدراجی خواوەند لە هەر كات و ساتێكدا.

# بـيـبـلـۆگـرافـــی


1. أبو نعيم الأصفهاني "حلية الأولياء وطبقات الأصفياء" ، 1 ـ 10، بيروت دار الكتابة العربية، 1967.
2. ئەهلوارت ڤيلهێلم "فەرهەنگی دەسنووسە عەرەبییەکان لە کتێبخانەی شاهانەی بەرلیندا"، 1 ـ 10، بەرلین: ئاشەر، 1887 ـ 1899.
3. عمّار البدليسي "بهجة الطائفة"، لە کتێبەکەی ئیدوارد بادین دا"دوو نووسینی سۆفییانەی عەممار ئەلبەدلیسی"، شتوگارت: شتینەر، 1999، بەشی عەرەبی 1/ 13 ـ 146.
4. الآلوسی، أبو الفضل شهاب الدين محمود البغدادي "روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني"، ساغکردنەوەی علي عبدالباري عطية، 1 ـ 15. بيروت دار الفكر، 1994.
5. عمار البدليسي "صوم القلب"، لە کتێبەکەی ئیدوارد بادیندا "دوو نووسینی سۆفییانەی عەممار ئەلبەدلیسی"، شتوگارت: شتینەر، بەشی عەرەبی2 / 5 ـ 59
6. ئارشی، ئیمتیاز عەلی "پێڕستی دەسنووسە عەرەبییەکان لە کتێبخانەی ڕەزا لە ڕامپور". لە لایەن شارەزای کتێبخانە ئیمتیاز عەلی ئارشی یەوە ڕێکخراوە ، 1 – 5 ، ڕامپور: کتێبخانەی ڕەزا. ترەست 1963 ـ 1975.
7. عطار، فريد الدين "تذكرة الأولياء"، ساغکردنەوەی راینۆلد نیکۆلسن، 1 ـ 2، لەندەن: لوزاك، 1905 ـ 1907.
8. البقلي، روزبيهان "عرائس البيان وحقائق القرآن"، دەسنووسی مۆزەخانەی بەریتانی *or.89* .
9. بەیانی، مەنیجە (ساغکردنەوەی ئانتا کۆنتادینی و تیم ستانلی)، "وشەی جوان و ڕازاوە. قورئانەکانی سەدەکانی 17 ـ بۆ 19 "، لەندەن: دەزگای نوور، 1999.
10. بۆیگس مۆریس "لە بارەی کۆنۆلۆجیای نار و نووسینەکانی ئەلغەزالییەوە"، ساغکردنەوەو لێکۆڵینەوەی میشێل ئەلاّرد. (بەیرووت: .*Impr* کاسۆلیك، 1959)،ل 85.
11. برۆکلمان، کارڵ "مێژووی ئەدەبی عەرەبی"، 2 بەرگ. لەندەن: لوزاك، 1905 ــ 1907.
12. برونسچڤیگ، ڕۆبەرت "لە بارەی تەفرەدانی ئاسوودەییەوە ـ مكرالله والأستدراج"، لە کتێبەکەی عەبدولەجید تورکی "لێکۆڵینەوە لە ئیسلامی کلاسیکی و باکووری ئەفریقیا"، لەندەن: 1986، ل 6 ـ 31.
13. دێرۆچێ، فرانسوا "نامیلکەیەك لە سەر پۆلێن کردنی ئەو دەسنووسانەی بە خەتی عەرەبی نووسراون"، پاریس: کتێبخانەی نیشتمانیی فەرەنسی، 2000.
14. الذهبي، شمس الدين أبو عبدالله محمد بن أحمد "سيد أعلام النبلاء"، 1 ـ 23. بیروت: مؤسسة الرسالة، 1981 ــ 1985.
15. ڤان ئێس، جۆزێف "تیۆلۆجی و کۆمەڵگە لە سەدەکانی دووەم وسێیەمی هیجریدا، مێژووی بیری ئاینی لە سەرەتای ئیسلامدا"، 1 ـ 5، بەرلین و نیویۆرك: دی گرۆیتەر، 1993.
16. ئێسێ، هێرمان "پێڕستی دەسنووسە فارسییەکان لە کتێبخانەی ئۆفیسی هندستان"، 1 ــ 2. ئۆکسفۆرد، 1903 ــ 1937.

17. گۆتێ، لوسیان "گەوهەری گرانبەها". ئەمستردام :چاپخانەی رۆژهەڵاتناسی، 1974، لە سەر دەقەکەی 1878 چاپکراوەتەوە.
18. گراملیخ، ریچارد "نامەیەکی دەسنووسی قوشەیری لە سەر سۆفیزم"، پێشەکی و وەرگێڕان و لە سەر نووسینی ریچارد گراملیخ. ڤیسبادن: شتێنەر، 1989.
19. گراملیخ، ریچارد "دەروێشە ئاینییەکانی شیعە لە وڵاتی فارسدا"، ڤیسبادن: شتێنەر، 1976.
20. گراملیخ، ریچارد "موعجیزەی دۆستەکانی خودا: تیۆلۆجی و دەرکەوتنی موعجیزەی پیاوچاکانی ئیسلام"، ڤیسبادن: شتێنەر، 1987.
21. حاجی خەلیفە، مستەفا کاتب چەلەبی "کشف الظنون"، 1 ـ 2، إسصنبول: وکالة المعارف 1941 ، 1943.
22. إبن عساكر، أبو القاسم علي بن الحسن بن هبة الله "تأريخ دمشق"، نسخة طبق الأصل. عمان: دار البشير للنشر والتوزيع، بدون سنة طبع (حوالي 1988).
23 . إبن جهدم ، علي بن عبدالله بن الحسن الهمذاني الجبلي أبو حسن "بهجة الأسرار"، مخطوطة الظاهرية، مجلد 4/66 ، الجزء السادس
*.91v ـ fo . 66r*
24. إبن الجوزي ، أبو الفرج ابن الجوزي "صفات الصفوة" ، 1 ـ 4 . حيدر آباد: مطبعة مجلس دائرة المعارف العثمانية، 1355 ـ 1356.
25. إبن الجوزي "تلبيس إبليس"، ساغكردنەوەی محمد الصباح، بيروت: حياة، 1989.
26. إبن خفيف، محمد "كتاب الأقتصاد"، ساغكردنەوەی فلۆریان سۆبیرۆی "ئیبن خەفیف ئەلشیرازی و نامەکانی لە سەر بنەماکانی پەروەردەو فێرکردن"، لێکۆڵینەوەیەکی بایۆگرافی. شتوتگارت: شتێنەر، 1998.
27. إبن خميس، أبو عبدالله الحسين بن نصر بن خميس الموصلي "مناقب الأبرار ومحاسن الأخيار" ، 1) دەسنووسی بەرلین ژمارە (9980) (کتێبخانەی بەرلینی حوکوومی ـ فەرهەنگی پرووسی، بەشی رۆژهەڵات). 2) دەسنووسی لایپزیگ: کتێبخانەی زانکۆی لایپزیگ.
28. إبن الملقن، أبو حفص سراج الدين عمر "طبقات الأولياء"، تحقيق: مصطفى عبدالقادر عطا. بيروت: دار الكتب العلمية، 1998.
29. ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی، ئەستەمبوول:*Milli Egitim Basimevi,1939*
30. إسماعيل باشا البغدادي "هداية العارفين، أسماء المؤلفين وآثار المصتفين"، ئەستەمبوول: *1951*ـ 1955 *Milli Egitim Basimevi.*
31. جامی، نور الدين عبدالرحمن "نفحات الأنس من حدرات القدس"، ساغکردنەوەی: تەوحیدی پور، تاران: مەحمودی، 1957.
32. الكلاباذي، أبوبكر محمد "التعرّف لمذهب أهل التصوّف"، بيروت: دار الكتب العلمية، 1980. وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی ئە. ج. ئەربەری بە ناوی "ڕێبازی سۆفییەکان"، کامبریج، چاپخانەی زانکۆی کامبریج، 1977 .

33. الكركوشي ، أبو سعيد عبدالملك بن عثمان الواعظ "تهذيب الأسرا ر"، دەسنووسی بەرلین *spr.832* (کتێبخانەی بەرلینی حوکوومی ـ فەرهەنگی پرووسی).

34. الخطيب، أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت البغدادي "تأريخ بغداد"، 1 ـ 14، القاهرة: مطبعة السعادة، 1931.

35. لازارۆس ـ یافێ، هاڤا "لێکۆڵینەوە لە سەر غەزالی"، ئۆرشەلیم: ماگنس، 1975.

36. محمود بن عثمان "فردوس المرشدية في أسرار السرمدي، ژیانی شێخ ئەبو ئیسحاقی کازەرونی"، ساغکردنەوەی فریتز مایەر. کتێبخانەی ئیسلامی 14، لایپزیگ: برۆکهاوس، 1948.

37. مایر، فریتز "ئەبو سەعید ئەبولخەیر"، تاران ـ کتێبخانەی پەهلەوەی. هەروەها لەیدن: بریڵ، 1976.

38. مایر، فریتز "فوائح الجمال وفواتح الجلال"، ساغکردنەوەو پێشەکی بۆ نووسینی: فریتز مایەر. ڤیسبادن: شتتێنەر، 1957.

39. المحاسبي، الحارث بن أسد "كتاب الخلوة والتنقل في العبادة و درجات العابدين"، ساغکردنەوەی عبدو خليفة اليسوعي لە "گۆڤاری مەشریق"، ژمارە ( 48) دا، ساڵی 1954، ل 182 ـ 199 و ژمارە ( 49) ی ساڵی ( 1955) ، ل 43 ـ 54 و 451 ـ 486.

40. نیکۆڵسن، ڕاینۆڵد "كشف المحجوب، کۆنترین نامیلکەی فارسی لە سەر سۆفیزم"، وەرگێڕانی ر.أ .نیکۆڵسن. لەندەن، لۆزاك، 1976.

41. نایبێرگ، هێندریك سمۆئیل "حاشیە وردەکانی ئیبنولعەرەبی لە دەسنووسەکانی ئۆپسالا و بەرلیندا بۆ یەکەم جار"، ساغکردنەوەو کۆمێنت و پێشەکی بۆ نووسینی لە لایەن نایبێرگەوە.

42. القرطبي، أبو عبدالله محمد بن أحمد "الجامع لأحكام القرآن"، 1 ـ 20، بيروت: دار الفكر، 1987.

43. القشيري، أبو القاسم عبدالكريم "الرسالة"، مصر: مصطفى البابي الحلبي، 1940.

44. ڕاتکە، بێرند، "سێ نامەی تیۆسۆفیی ترمزی" ، شتوگارت: شتینەر، 1996.

45. ڕاتکە بێرند و جۆن ئۆکێن "چەمکی پیاوچاکان لە باتینیەتی سەرەتای ئیسلامدا: دوو دانراو لە لایەن ئەلحەکیمی ترمزییەوە"، ڕیچمۆند: چاپخانەی کێرزن، 1996.

46. سهل بن عبدالله التستري، أبو محمد "تفسير القرآن العظيم"، القاهرة: دار الكتب العربية الكبرى، 1911.

47. السراج ، أبو محمد جعفر القارىء "مصارع العشاق"، القاهرة: مطبعة التقدم، 1907.

48. السراج ، أبو نصر "اللمع في التصوف"، ساغکردنەوەی ر. نیکۆڵسن ، لەیدن:بریڵ، 1914 .

49. سەڕاج ، ئەبونەسر چەند لاپەڕەیەك لە کیتابی لومعی ئەبو نەسری سەڕاج"، ساغکردنەوەی ئە. جەی. ئەربەری. لەندەن: لوزاك، 1974.

50. سیزگین، فوات "مێژووی ئەدەبی عەرەبی"، لەیدن:بریڵ، 1967.

51. شیرازی، معين الدين جنيد "شدّ الأزار في حط الأوزار عن زوار المزار"، ساغکردنەوەی محەمەد قەزوینی، تاران: چاپخانەی مەجلیس، 1939.

52. شیرازی، رکن الدین یحیی بن جنید "صراط الشیخ الکبیر أبو عبدالله إبن خفیف الشیرازي"، ساغکردنەوەی ئەننێماری شمێلی ـ تاری. ئەنکەرە: *Turk Tarih Kurumu Basimevi*، *1955*.
53. سوهەروایدە، حەننا "دەسنووسە تورکییەکان و هەندێ دەسنووسی تری عەرەبی و فارسی"، ڤیسبادن: بلاۆکەرەوەی فرانز شتێنەر، 1974.
54. السلمی، أبو عبدالرحمن "حقائق التفسیر" ، دەسنووسی مۆزەخانەی بەریتانی، بەشی رۆژهەلاتناسی، ژمارە (9433).
55. السلمی، أبو عبدالرحمن "رسالة الملامتية والصوفية وأهل الفتوة"، تحقيق: أبو العلاء العفيفي. القاهرة: دار إحياء الكتب العربية، 1945.
56. السلمی، أبو عبدالرحمن "طبقات الصوفية"، تحقيق: نورالدين شريبة. مصر دار الكتاب العربي، 1953.
57. الثعلبي، أبو إسحق أحمد بن محمد النيسابوري "قصص الأنبياء المسمى عرائس المجالس"، مصر: مصطفى البابي الحلبي، 1954.
58. "ئینسکلۆپیدیای ئیسلام". ئەستەمبووڵ ـ ئەنکەرە: دەزگای وەقفی ئاینیی تورکی، 1988.
59. زەرکوبی شیرازی، "شیرازنامە"، ساغکردنەوەی ئیسماعیل واعیزی جەوادی. تاران: ئینتیشاراتی بونیادی فەرهەنگی ئیسلامیی ئێران، مەنابیعی تاریخ و جوغرافییەی ئێران، 41، 1971.

## کورتەیەك

## نهێنیی کاری خودا: نامیلکەیەکی سۆفیگەری لە سەر پلە بە پلەی چەواشە کردنی خەڵکی گوناهکار (ئیستیدراج)

ئەم بابەتەی بەردەست تیشك دەخاتە سەر مەسەلەی ڕۆحیی "لەخشتەبردن" (واتە مەکر بە عەرەبی)، کە سۆفییە بەراییەکان دەیانگێڕایەوە بۆ خودا بە پێی بنەمای لێکدانەوەی چەند ئایەتێکی قورئان. هەروەها سۆفییەکان چەمکێکیان پەرەپێدابوو لە بارەی تەفرەدانی خواوەندەوە بۆ خەڵکی گوناهکار بەوەی کە هەستێکی درۆینەی ئەمانیان دەدرێتێ (إستدراج) و پاشان بەرەو تێکشکانی ڕۆحییان دەبات. گوتاری سۆڤی لە بارەی مەسەلەی مەکر/ ئیستیدراجەوە بە شوێنکەوتنی لە لایەنی خراپەو شەیتانییەوە بە پێشکەشکردن و ناساندنی تەنها بابەتێکی ناسراوی ئەم بوارە، واتە "رسالة الإستدراج" ، کە دەگەڕێنرێتەوە بۆ هەردوکأبو حامد الغزالی و أبوحفص السهروردی. ئەم نامەیە لە سەر بنەمای سێ دەسنووس بلاۆکراوەتەوە و بە وەرگێڕانێك و شیکارییەکی ورد تەواوکراوە. "ریسالە" بە شێوەیەکی متمانە پێکراو راسپاردە و ڕێنمایی باتینی و ئیسلامیی کلاسیك دەگەیەنێت. بەلاّم ئەم بوارە تا ئێستا گرنگی و بایەخێکی کەمی پێدراوە.

پـــــــەراوێـــــز:

[xli]مەسەلەی مەکر/ ئیستیدراج لە لێکۆڵینەوەیەکی بەربلاّو دا لە لایەن ڕۆبەرت برونسچڤیگەوە باسکراوە "لە بارەی تەفرەدانەوە ـ مکر الله والإستدراج، لێکۆڵینەوە لە سەر ئیسلامی کلاسیکی و باکووری ئەفریقیا". بە هەر حاڵ، بێجگە لەو سەرچاوانەی کە لە لایەن برونسچڤیگەوە پێداچوونەوەی بۆ نەکراوە، هۆکاری نووسینی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆتەرکیزکردنی لە سەر ئەو مۆنۆگرافەی لەمەڕ ئەم بابەتە. ئەم تێکستە بۆ یەکەمجار ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت. برونستچڤیگ بە سەر دەسنووسێکدا چووەوە لە حەیدەر ئاباد کە ناونیشانی "رسالة الأستدراج" ی هەڵگرتبوو و گەرەکی بوو چەند کۆپییەکی لە بەر بگرێتەوە بەڵام لەم هەوڵەیدا سەرکەوتوو نەبووە"لە بارەی تەفرەدانەوە ـمکر الله والإستدراج"، لە بەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە 1) بوونی سێ مسیۆنێری ئەورووپی ئەم گرنگی پێدانەی لێ تێکداوە. برونسچڤیگ لە نووسینەکەیدا کەوتووەوتە تاوتوێ کردنی ئاڵۆزیی مەکر/ ئیستیدراج لە بەر تیشکی مەسەلەی پاساو هێنانەوەی ئاشکرا بۆ جەورو ستەمی خەڵك و بەو وەڵامانەدا دەچووەوە کە لە لایەن لاهووتییەکانی ئیسلام و باوەڕەکانی ترەوە دراونەتەوە. بە پێچەوانەی برونستچڤیگەوە گوتاری مەکر/ ئیستیدراج وەك لە لایەن سۆفییەکانی سەردەمی کلاسیکەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرا لەم بابەتە نووسینەدا لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکرێت بەشداریی لاهووتییە ئیسلامەکان، لەلایەکی ترەوە، تەنها بە کورتی لە پێشەکیدا ئیشارەتی پێ دەکرێت.

[xli]وەرگێڕانی ئەو ئایەتانەی قورئان کە لە خوارەوە دێت پشت بە دەقەکانی ریچارد بێڵ، مارمادوك پیکتاڵ و ئارسەر جەی. ئاربێری دەبەستێت. زاراوەی "ئیستیدراج" لە لایەن رینۆڵد نیکڵسۆنەوە وەك "تەفرەی خواوەند" تەرجەمە کراوە، " کشف المحجوب ، کۆنترین نامەی فارسی لە سەر سۆفیزم"، *RAN* (لەندەن: لوزاك، 1976). هەروەها ریچارد گراملیخ، "کاری خواوەند" وەك"لە ئەماندا هێشتنەوە یان پارستن" گوزارشی لێوە کراوە لە "موعجیزەی دۆستەکانی خودا: تیۆلۆجی و دەرکەوتنی موعجیزەی پیاوچاکانی ئیسلام"، ڤیسبادن: شتێنەر، 1987. هەر هەمان نووسەر، "دەروێشە ئاینییەکانی شیعە لە وڵاتی فارسدا"، بەشی دووەم: باوەڕ و رێنمایی. لە بارەی ئەو دۆعاو پاڕانەوە کە دەدرێتە پاڵ زوننوونی میسری زاراوەی "مەکر" بە "فێڵ و تەفرەدان" تەرجەمە کراوە لەلایەن بێرنارد راتکە و جۆن ئۆ کەینەوە لە کتێبی "چەمکی پیاوچاکی لە باتینییەتی سەرەتای ئیسلامدا: دوو بابەت لە لایەن ئەلحەکیم ئەلترمزییەوە"، ( ریچمۆند: چاپی کێرزن، 1996)، (لێرە بەدواوە راتکە ـ ئۆ کەین: پیاوچاکی).

[xli]ساغکردنەوەی مسعود بن عمر التفتا زانی (ساڵی 1390 مردووە)، کارڵ بروٚکلمان "موعجیزەی دۆستەکانی خودا: تیۆلۆجی و دەرکەوتنی موعجیزەی پیاوچاکانی ئیسلام" .(لەیدن: بریلّ ،1943 ـ 49). هەروەها "شرح عقائد النسافي وكرامات الأولياء حق"، لة کتێبی "موعجیزەی دۆستەکانی خودا" ی گراملیخدا بلاّوبووەتەوە، ل 42.

[xli]ساغکردنەوەی عمر السهروردي (ساڵی 1234 مردووە)، لە لایەن گراملیخەوە وەرگیراوە "موعجیزەی دۆستەکانی خودا"، ل 54.

[xli]أبو نصر السرَاج "اللمع في التصوف"لە کتێبی نیکۆڵسن (لەیدن: بریل، 1914)، ل320، وەرگێڕانی گراملیخ "موعجیزەی دۆستەکانی خودا"، ل 57، (لێرە بەدواوە سەڕاج: لومەع).

[xli]هەروەها بەلعەمیش لەم "ریسالەیەدا" دەریدەخات وەك نموونەی پیاوێك کە ببێتە قوربانیی"ئیستیدراج"ی خوا. عەلی ئەکبەر خیتایی کە لە ساڵی 1516 دا "خیتایی نامەکەی" نووسی بەراوردێك دەکات لە نێوان بەلعەم و بووزی یان پەرسادا و راهیبەکانی چیندا کەوا کارە یان سروشتەکانیانی نووسیوەو بە لای چەواشەکارییەکی ساویلکانەدا بردوویەتی. ساغکردنەوەی "خیتایی نامە"، ئێرەج ئەفشار، (تەهران: مەرکەزی ئەسنادی فەرهەنگی ئاسیا،1993)، ل 155.

[xli]گراملیخ، "موعجیزەی دۆستەکانی خودا"ل 57، ئەلشەعرانی بە نموونە هێناوەتەوە (کە لە ساڵی 1565 دا مردووە).

[xli]لە بارەی مەسەلەی گۆڕان لە حاڵەتی وەلی و پیاوچاکاندا بەرەو خراپتر، ساغکردنەوەی أبو القاسم عبدالكريم القشيري "الرسالة"، (مصر: مصطفى البابي الحلبي، 1940 (لێرە بە دواوە قوشێری، ریساله) ، ل 176. ریچارد گراملیخ "نامەیەکی دەسنووسی قوشەیری لە سەر سۆفیزم"، پێشەکی و وەرگێڕان و لە سەر نووسینی. (ڤیسبادن: شتێنەر، 1989) .

[xli]گراملیخ، "موعجیزەی دۆستەکانی خودا"، ل 57، ئەلبەغدادی بە نموونە هێناوەتەوە لە "أصول الدين"دا.

---

xli E l2, 2, p. 512 ـ513. أبو عبدالله محمد إبن أحمد القرطاجي، "الجامع لأحكام القرآن"، (1 ـ 20 ، بيروت: دارالفكر، 1987).

xli گراملیخ، "موعجیزەی دۆستەکانی خودا"، ل 63.

xli برونسچیڤگ "لە بارەی تەفرەدانەوە ـ مكر الله والإستدراج، لێکۆڵینەوە لە سەر ئیسلامی کلاسیکی و باکووری ئەفریقیا"، ل 20 .

xli لەم سیاقەدا الترمزی گوزارشی " الطمأنینة" ی بەکارهێناوە، ساغکردنەوەی بێرند ڕاتکە، "سێ نووسینی تیۆسۆفیی ترمزی"، (شتوتگارت: شتێنەر، 1996)، ل 91.

xli ڕاتکە، ل 37.

xli ساغکردنەوەی برونسچڤیگ "لە بارەی تەفرەدانەوە ـ مكر الله والإستدراج، لێکۆڵینەوە لە سەر ئیسلامی کلاسیکی و باکووری ئەفریقیا"، ل 21.

گراملیخ " موعجیزەی دۆستەکانی خودا"، ل 67 ـ 69 .

xli گراملیخ "موعجیزەی دۆستەکانی خودا"، ل 69 . أبو بكر محمد الكلاباذي، "التعرف لمذهب أهل التصوف"، (بیروت: دار الكتب االعلمیة، 1400 (لێرە بەدواوە الكلاباذي: التعرَف) ، ل 79، وەرگێڕانی ئەی. جەی. ئەربەری "تەریقەتەکانی سۆفیی"، چاپی دووەم (کامبریج: بلاّوکردنەوە زانکۆی کامبریج، 1977)، ل 66.

xli Gal , p.491

xli ساغکردنەوە گراملیخ "موعجیزەی دۆستەکانی خودا"، ل 128، لەگەڵ وەرگێڕانی بڕگەو لێوەرگیراوەکانی لە ئەلعومەری،"مەنهەل ئەلئەولیا".

xli أبو عبد الرحمن السلمی، "حقائق التفسیر"، (لێرە بە دواوە سولەمی: حەقایق) وەك لە ئایەتە قورئانییەکەدا هاتووە ( ومكروا مكراً ومكرنا....تاد).

xli وەك لە ئایەتە قورئانییەکەدا هاتووە (والله خیر الماكرین) : "لە خشتەبردن (مكر) پەیوەستە بەو نیعمەتانەوە کە شاراوەن تاد"، (سولەمی: حقایق).

xli أبو عبد الرحمن السلمی "طبقات الصوفیة"، ساغکردنەوەی نورالدین شریبة (مصر: دار الكتاب العربي، 1953) (لەمەودوا سولەمی: طبقات)، ل 385، ژمارە (14).

xli سولەمی،"طبقات"،ل 54 ، ژمارە (28) .

xli" لە خشتە مەچن لە ساتە وەختێکدا (لایغرنکم) چونکە دەردو بەلاّ (ئافات) یان لە بندەستدایەو تەفرە مەخۆن بە بەخششەکان (عطاء)، چونکە بەخششەکان ـ لە دیدێکی پاکەوە ـ ڤێزەونن (مەڤت)". أبو بكر أحمد إبن علي إبن ثابت البغدادي الخطیب، "تأریخ بغداد"، (القاهرة: مطبعة السعادة ، 1931 (لێرە بەدواوە خطیب، تأریخ) 11، ل 340. جیاوازییەکان لە ئیبن مولەقین دا دەردەکەون لە کتێبی "طبقات الأولیاء"،ساغکردنەوەی مصطفی عبد القادر عطا (بیروت: دار الكتب العلمیة ، 1998 (لێرە بەدواوە إبن ملقَن: طبقات) ، ل 169. بۆ باس و خواسی (مەڤت) بڕوانە سولەمی، حەقایق (لێرەدا سهل التستری وەرگیراوە کە لە ساڵی 896 دا مردووە ). أبو إسحق أحمد إبن محمد النیسابوري الثعلبي "قصص الأنبیاء المسمی عرائس المجالس" (مصر: مصطفی البابی الحلبي، 1954 (لێرە بە دواوە الثعلبي، قصص )، ل 394 .

xli سولەمی ، حەقایق ....

xli أبو محمد جعفر القاري السراج "مصارع العشاق" (القاهرة : مطبعة التقدم 1907 (لێرە بەدواوە سەڕاج: مصارع )، ل 246.

xli أبو عبد ألله حسین إبن نصر إبن خمیس الموصلي "مناقب الأبرار ومحاسن الأخیار"،(لێرە بە دواوە إبن خمیس: مناقب)، (1) دەستنووسی بەرلین ژمارە (9980) (کتێبخانەی بەرلینی حوکوومی ــ فەرهەنگی پرووسی، بەشی ڕۆژهەلاّت)، أبو النعیم الأسفهاني "حلیة الأولیاء وطبقات الأصفیاء"، (بیروت دار الكتابة العربیة، 1967) ، (لێرە بە دواوە أبو النعیم، حلیة )، ل 322 .

[xli]أبو الفرج إبن الجوزي "صفات الصفوة" (حيدر ئاباد: مطبعة مجلس دائرة المعارف العثمانية 1355 ــ 56 (لێره به دواوه إبن الجوزي ، صفات"، ل 453 باسێکی کورتی ئەم چیرۆکە دەکات و رەخنە لە ئەبو حەمزە دەگرێت بۆ لێکدانەوەی تێکەڵ و پێکەڵی و لە هەمان کاتیشدا بۆ خراپ تێگەیشتن لە سروشتی راستی مەکری خوا.

[xli]السلمی، طبقات ، ل 303 ذمارة (6) .

[xli]"هەرچی بەرتو بەدارەد کەرامات بوەد وە هەرچی ئەز تو زایل شەوەد إستدراج "، فرید الدین عطار "تذکره الأولیاء"، ساغکردنەوەی رەینۆڵد نیکۆڵسن (لەندەن: لوزك ، 1905 ــ 1907 (لێرە بەدواوە عطار: تذکرة).

[xli]السلمی: حقائق.

[xli]سەڕاج، لومەع.

[xli]خطیب: تأریخ بغداد، ل 169 .

[xli]روزبیهان البقلي "عرائس البیان وحقائق القرآن"، (مۆزەخانەی بەریتانی رۆژهەڵاتناسی )، 89 (لێرە بە دواوە بقلی: عرائس).

[xli]قوشەیری "ریساله" ، ل 175

[xli]لە بارەی چەمکی " الأمن من مكر الله" لە تیۆلۆجیدا بە گوناهێکی زۆر گەورە دادەنرێت، ساغکردنەوەی برونسچڤیگ "لە بارەی تەفرەدانەوە ــ مکر الله والإستدراج" ، ل 14 ــ 15. سەهل ئیبن عەبدولاّ ئەلتوستەری لە باس و کۆمێنتی لە سەر(قورئان 99:7) ئامۆژگاریی خەڵك دەکات هەست بە ئەمان نەکەن لە تەفرەدانی خودا چەشنی "هەستکردن بە ئەمان لە بەرانبەر مەکردا" فەرمانی قەزاو قەدەری خوا ناخاتە لاوەو هیچ کەسیش لە تواناو دەسەڵاتی رەهای خواوەند دوور ناخاتەوە تاد.( أمن المكر لايدفع القدر ولايخرج أحداً عن قدرة الله) ،"تقسیر القرآن العظیم" ،(القاهرة: دار الکتب العربیة الکبری، 1911)، ل 39.

[xli]محمود إبن عثمان "فردوس المرشدیة في أسرار الصمدیة"، ( ژیانی شێخ ئەبو ئیسحاقی کازەرونی )، ساغکردنەوەی فریتزمایر،" *Bibliotheca Islamica*" ، 14 (لایزگ: برۆکهاوس، 1948) ، ساغکردنەوەی ئیرەج ئەفشار(تاران: کیتابخانەی دانش، 1358 (لێرەبە دواوە فیردەوس)، ل 275. چوار خاسییەتەکەی تر وەك ئەوانەن کەلە (فیردەوس) دا باسکراون ، بۆ نموونە "ژیانی" ی ئەبو ئیسحاقی کازەرونی (کە ساڵی 1035مردووە)، پەرۆشی ناسینی خوا بووە و هۆگری تاك و تەنهایی خوا بووە و ئەزموونی خۆشنوودیی لە خزمەتی خواو ترسی جیابوونەوە و دوورکەوتنەوە لە خوا.

[xli]ئیبنولجەوزی: "سیفات"، 2، ل 259.

[xli]ئیبن خەمیس، "مەناقیب"، دەسنووسی بەرلین. سولەمی: تەبەقات، ل 283.

[xli]أبوعبدالرحمن السلمی،"رسالة الملامتیة والصوفیة و أهل الفتوة"، ساغکردنەوەی ابو العلاء العفیفي (القاهیرة: دار إحیاء الکتب العربیة ، 1364(لێرەبەدواوە جامی، نفحات)، ل 156. گراملیخ "وندەر"، ل 46.

[xli]سولەمی ، حقایق *Fo.74r, 1.2*

[xli]هەمان سەرچاوە *Fo.74r, 1.5*

[xli]أبو سعید عبدالملك بن عثمان الواعظ الخرکوشی "تهذیب الأسرار"، دەسنووسیبەرلین 832.

[xli]سەڕاج ، لوما ، ل 298.

[xli]ئەبو نوعەیم :"حلیة" 10، ل 374

[xli]سولەمی: تەبەقات ، ل 341، ژمارە (11).

[xli]هەمان سەرچاوە ، ل 342، ژمارە (18).

[xli]سولەمی: "تەبەقات"، ل 345، ژمارە (38). دواجاریش ئیبنولعەرەبی (ساڵی 1240 مردووە)، لە سیاقی راهێنانی پەرساکاندا، کاری بنەمای وانە وتنەوە دەگێڕێتەوە بۆ جۆر و خاسییەتی لەخشتەبردن، وەك لە لایەن شێخەوە نمایش دەکرێت. بڕوانە هێندریك سامۆیل

نایبێرگ، "حاشیه وردەکانی ئیبنولعەرەبی لە دەسنووسەکانی ئۆپسالا و بەرلیندا بۆ یەکەم جار"، ساغکردنەوەو کۆمێنت و پێشەکی بۆ نووسینی"، (لەیدن: بریڵ، 1919)، ل 226 .

[xli]علی إبن سلطان محمد القاری الهراوی (ساڵی 1605مردووە) لە (*GAL, S , 2 , p.539*) بابەتێکی کورتی نووسیوە لەپێنج لاپەڕەی دەسنووسدا لەبارەی تەفرەدانی خواوەندەوە لە شێوەی کۆمێنتێکدا لە سەر قورئان ( 7: 99) بە ناونیشانی " رسالة في قوله أفأمنوا مكرالله"، ساغکەرەوەی تێکستەکە یوسف زێدانە، "فهرس مخطوطات بلدية الأسكندرية، الجزء الثانى (التصوف وملحقاته)" (الأسكندرية : بدون إسم الناشر، 1994)، ژمارە (601).

[xli]بەڵگە "کەتەلۆکی دەسنووسە عەرەبییەکانە لە کتێبخانەی ڕەزا لەڕامپوور" کە لە لایەن ئیمتیازعەلی ئارشی پسپۆری کتێبخانەوە ئامادەکراوە ، 1 ـ 5 (ڕامپوور: کتێبخانەی ڕەزا. ترەست، 1963 ــ 1975(لێرەبەدواوە ڕامپوور). دەسنووسێکی تری تێکستە کە بە ماوەیەکی کەم پێش ئەم نووسینە دەستم کەوت و لە لایەن حاجی مەحموود ئەفەندییەوە نووسراوەتەوە بەژمارە ( 6293 / 13) (کتێبخانەی سولیمانییە) ، ل 155 ـ 158. لە بارەی بەڵگەی مێژووەکانەوە لە کۆلۆفۆنی هەندی تێکستی تردا هەن وادەردەکەوێت کە "رسالة الأستدراج"لە دەوروبەری ساڵی 1717دا کۆپی کراوە. (کۆلۆفۆن: ئەو مۆرو نووسینانەن کە لە کۆتایی دەسنووسەکاندا چەسپ کراون وەك مێژوو، ناوی خەتنووسی .. تاد ـ و).

[xli]ئارسەر جەی. ئەربەری و چارڵس ئە. ستۆری، "پێرشستی دەسنووسە عەرەبییەکان لە کتێبخانەی ئۆفیسی هندستاندا، 1930)، ل 194 ـ 195 ژمارە (1417). ئەو دەسنووسەی کە ئێستا لە کۆکراوەکەی دەلهیی ئۆفیسی هندستاندا پارێزراوە لەبنەڕەتدا هەر لەوێ بووە. "فەلەك و خشتەکانی"، (دکتۆر کۆلن ف. بەیکەر، سەرۆکی بەشی عەرەبیی کتێبخانەی بەریتانی، لە نامەیەکیدا کە بۆی ناردووم لە ڕۆژی 18 ی شوباتی 1999). زانیاریی زیاتر لە سەر سەرچاوەکەی کتێبخانەی دەلهی لە نامیلکەیەکدایە کە بەشی سەرچاوەکانی کتێبخانەی بەریتانی دەریکردووە:"کۆکراوەکانی دەلهی ئەوانەیان پاراستووە کە لە ساڵی 1858 دوە لە کتێبخانەی شاهانەی مەغۆلەکاندا بووە. ساڵی 1859 حکومەتی هندستان دەسنووسەکانی ئەو کتێبخانەیەی کڕی. پاش ئەوەی نزیکەی 1120 بەرگی لێفرۆشرا، ئەوی کە مایەوە گوێزرایەوە بۆ "ئۆفیسی هندستان لە ساڵی 1876دا" . هاف گودەیکەر، "کتێبخانەی بەریتانی ـ بەشی سەرچاوەکان. بابەتەکانی زمانی عەرەبی لە کتێبخانەی بەریتانیدا"، (لەندەن:)، ل 11.

[xli]نامیلکەیەکی سۆفیگەری. نەکرا ئەم نامیلکەیە دەستنیشانبکرێت و لە گەڵ هیچ نووسینێکی ناسراودا پێناسە ناکرێت "(سەرچاوە ئەربەری).

[xli]لێرەدا مەبەستی "کن"ە کە لە فەرمانی "کن فیکون" ی خوداوە هاتووە.

[xli]بەشێکە لە "وصية" کەی عمر السهروردی (*Ahlwardt no.3992*) ، کەلە "أيها الولد" ی غەزالی وەرگیراوە (*Ahlwardt no. 3976*)، بەشەکان تاڕادەیەك نادیار و بێ ناونیشانن (*Ahlwardt, no. 3502(2), no.3502 (3), 3502 (4)*

[xli]"ڕاهێنانی (نەقڵ) کە بەرهەمهێنانەوەی دەستنووسێکە یان دانراوی ڕابەری کەسێکە یان لە لایەن خۆشنووسێکی ناوداری جارانەوە نەریتێکی شکۆمەندی دێر زەمانە و پێدەچێت بە تایبەتی لە سەدەی 17 دا بایەخدار بووبێت". بەڵگە تیم ستانلی "ئەستەمبووڵ و دیاسپۆرا کتێب نووسەکانی، خۆشنووسەکانی موستەقیم زادە"، لە کتێبێکی مونجیی بەیانیدا (ئە. کۆنتادینی و ت. ستانلی) ، "وشەی ڕازاوە. قورئانی سەدەکانی 17 ـ 19"، (لەندەن: دەزگای نوور، 1999) ، ل 68 .

[xli]بەڵگە قسەیەکی ئەبوسەعید ئەلخەڕازە (ساڵی 891/890 مردووە) ، لە بارەی هەشت بواری وریاییەوە (حذر) بە دەوری ئەو چەمکە دادەسووڕێتەوە کەخوا بە قۆناغ خەڵك تووشی سزا دەکات (مستدرجاً) و ئەمە لە لایەن سولەمییەوە پاساوی بۆهێنراوەتەوە لە کتێبی "حقائق" دا ( *fo.55V,1.14*) .

[xli]دەقی حەدیسەکە دووبارە نووسراوەتەوە، بە دەست وخەتی ناسیخەکە ، لە پەراوێزی دەسنووسەکەی بەرلیندا (*fo.32r*).

xli سالّی 872 مردووه ، (قوشەیرییە، ریسالە / "نامەیەکی دەسنووسی قوشەیری لە سەر سۆفیزم"*1.14*. ئەبو نوعەیم، "حلية" 10، ل 51 ــ 70. سولەمی ، "طبقات"، ل 107 ـ 114)

xli ژمارەی لاپەڕەکانی دەسنووسەکەلەوەرگێرانەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە دەسنووسەکەی بەرلینە.

xli هەڵەی نادروستی ڕێنووسی ناوەکە لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ سۆفیی بە ناوبانگ یوسف إبن الحسين الرازي( کە سالّی 916 کۆچی دوایی کردووە). جیاوازی کردن لە نێوان دوو جۆری ئیستیدراجدا دەگەڕێتەوە بۆ یوسف بن الحسين کە لە کتێبەکەی علي بن عبدالله بن جهدم الهمذاني الجبلي "بهجة الأسرار"دا باسی هاتووە (دەسنووسی زاهیرییە) (لێرە بەدواوە إبن جهدم ـ بهجة) دەستنووسی *fo.75r.* ئیبن خەمیس "مناقب" ، لابرگ ،*fo. 23r.* وتەیەك لە سەر ئیستیدراج دەگێرێتەوە بۆ "ئەبو سەعید" لەگەڵ کەمێك جیاوازیدا، دەگەڕێنرێتەوە بۆ أبو سعيد الخراز لە هەردووك "حەقایق" ی سولەمی و"عەرائیس" ی ئەلبەقلیدا. بە هەر حاڵ، یەکەم بڕگە، کە لە "رسالة الأستدراج" دایە دەدرێتە پاڵ یەحیای کوڕی مەعاز وەك بەشێك لە باسێکی درێژتر، کە بەشی ناوەڕاستی لە نامیلکەیەکی ئەبو یوسفدا دۆزراوەتەوە وەك لە سەرەوە باسکرا. تەواوی وتەکە هێشتا دەقێکی چاپنەکراوە لە دەستنووسەکەی ئیبن خەمیسدا وەك لە خوارەوە دێت: "1) لاتعترّوا بصفاء العبودية فأن فيه نسيان الربوبية، 2) ومن شهد صنع الربوبية في إقامة العبودية انقطع عن نفسه وسكن إلى ربه عز وجل فهنا إذن يسلم من الأستدراج، 3) والأستدراج فقدان اليقين لأن باليقين تستبين فوائد باطنه فأذا فقده اشتغل بظاهره واستكثر من نفسه حركاته وسعيه لغيوبته عن المنة.

xli وتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەلحوسەری ، کە لە سەرەوە وەرگیراوە (ل 4 خەتیب، "تأريخ" ، 11 ، ل 340). قسەکان لە بارەی دەردو بەلاّوە لە ژێر پوختەی کات وساتدا شاراوەتەوە و لە (عطار: تذكرة) ل 142 وەرگیراوە، بە فارسی (مەغروور ما گەردانەد تورا سەفای ئەوقات ..تاد)، وەك ئاگادار کردنەوەیەکی ئەلشیبلی لە لایەن ئیبلیسەوە. تەعقیبێك لە سەر ئەم قسەیەو لە لایەن کەسێکی نادیارەوە لە (محاسن المجالس) دا هەیە کە أحمد بن محمد بن موسی إبن العارف دایناوە (پاریس ، 1933 )، ل 106 .

xli بەردەوامیی تێکستەکە بەتەواویی نزیکەلەو وتنەوەکەوە رگراوە و ڕەنگە هێشتا بەشێك بێت لەقسەکانی یەحیا، مەگەر لەو حاڵەتەدا کە کۆمێنتێکی نووسەر پێکبێنێت.

xli بۆ تێرمەکان " خذلان و توفيق" بڕوانە قوشەیرییە، ریسالە/ *Sendschreiben 52:8*. بۆ چەمکی " خذلان " یش بڕوانە ئەوبابەتەی لە *El 2,5,p.3* ـ دایە.

xli سولەمی، "طبقات"، 15 ـ 26، ژمارە (2) شمس الدين محمد بن احمد الذهبی "سيرأعلام النبلاء"، 1 ـ 23 (بيروت : مؤسسة الرسالة ، 1981 ـ 1985)، لێرە بەدواوە ذهبی، سیر، 11، 532 ــ 536.

xli ڕەنگە نووسەرە نادیارەکە أبوبكر الشبلی بێت.

xli جیاوازیی ئەم دۆعایە، کە دەدرێتە پاڵ ئەلشیبلی ، لە "مناقب" ی ئیبن خەمیسدا دەردەکەوێت و لە دەسنووسەکەی بەرلیندا (*fo.81v*) هەیە (ڕەنگە پەیڕەویی "بەهجە"ی ئیبن جەهدەمی کردبێت) لەگەڵ أبو الفضل شهاب الدين محمود البغدادی الآلوسی، "روح المعانی في تفسير القرآن العظيم و السبع المثانی "، ساغکردنەوەو بلاّوکردنەوەی علی عبدالباری عطية ، 1 ـ 15 (بيروت: دار الفكر، 1994 (لێرە بەدواوە ئالووسی، روح المعانی)، 3، ل 35.

xli نازناوی سوڵتانولعاریفین تەنها نازناوە لە پاڵ ناوی دانەرانی و نووسەراندا لەم باسەدا. تایتڵەکە پێناچێت بە تەواوی گونجاو بێت لەگەڵ ستایلّی تێکستەکەدا و ڕەنگە کەسێکی خەتنووس (ناسخ) ئەم تێهەڵکێشەی کردبێت.

xli سولەمی "طبقات" ، ل6 ــ 14 .

xli لە جیاوازی ئەبو نوعەیمدا " حلية" 8، ل111 ، تەنها دوو ئایەتی قورئانی لە لایەن ئەلفوزەیلەوە دەگێڕدرێنەوە .دۆعاکار لەم تراکتەدا بە (یا ئیلاهی) دەست پێدەکات و لە "حلية" دا پاڕانەوەیەکی تێدا نییەو دووەم ڕستەی شەرتیی ئیزافە دەکات وەك ئەمەی خوارەوە :"إنك بلوت أخيارنا أهلكتنا وعذبتنا".

[xli]بۆ"ئەو نەیدەزانی کە دەخنکێت" ، دەستنووسی *B* دەڵێ "ئەو جێ پێی خۆی نەگرتبوو".

[xli]ئەم بۆچوونە، کەبەشێکە لە کۆمێنتەکانی دانەر، کۆمەڵێك قسەی جیاوازە کە لە سەرەوە باسکراون (تێکستە عەرەبییەکەی ل 3) لە سیاقی قسەکانی یەحیای کوڕی مەعازدا. لەم وریاکردنەوەدا بۆ ئەوکەسەی سەرکەوتووە لە کارەکانیدا تێرمە بنەڕەتییەکەی مەکر (تەفرەدان یان لەخشتە بردن) لەم تێکستەدا باسکراوە، خەڵك ئاگادار کراونەتەوە کە هەست بە ئەمان نەکەن لە تەفرەدانی خوا کەلەم کاری ڕێکخستنی دژوارییەکاندا بە هاوتا ڕاگرتنێکی خاسییەتی بەزەیی هەیە.

[xli]بەم دەستەواژەیە نووسەر لێوەرگرتنەکانی دەپچڕێت و هەوڵی دەستپێدەکاتەوە بۆ لێکدانەوەی جۆرەکانی لە خشتەبردنی خواوەندو باس لە پێوەری ئیزاڤ دەکات بۆ ئەو کەسانەی کە لەوانەی تووشی لەخشتەبردنی خواوەند بوون ( إستدراج من الله) لە سەر گێڕانەوەی ئەوەی لە خەونی خەڵکی تردا بینراون کە بە ئەهلی بەهەشت هاتوونە خەویان.

[xli]ئەبولعەلا ئیبن زیاد، ئەبو نەسر ئەلعەدەوی ئەلبەسری.

[xli]لە دوو جیاوازی سەربەخۆدا ئەم چیرۆکە لە لایەن ئەبو نوعەیم و ئەلقوشەیرییەوە تۆمارکراوە کە ئەوە شەیتان بووە کە هەوڵی بۆ ئەبولعەلا داوە. کۆمێنتەکانی دوایی بۆ ئەو نووسراون لە لایەن ئەو کەسەی خەڵکی شامەوە بەم شێوەیە :" لعلَ الشيطان أراد أمراً (قوشیری، ریسالە ، ل 196) یان بە پێی دەقەکەی ئەبو نوعەیم: أما وجد الشيطان يخسر به غيري وغيرك (حلية، 2 ، ل 245 ). بە شێوەیەکی بەرچاو، نووسەری ئەم تراکتە گوزارشی شەیتانی بە ئەڵلاٚ گۆڕیوە.

[xli]هەردوو ئایەتە قورئانییەکە بۆیە هێنراونەتەوە بۆ وێناکردنی تێگەیشتنی چەواشە بوون، لەوانە ئەو شتانەش کە یەکەم فۆرمی ڕەگی (غرّة) پێکدێنن. بۆ تێرمی (إستغرار) یش بڕوانە وتەی ئەلموزەیین ، کەلە سەرەوە وەرگیراوە، ل 256.

[xli]لێرەدا نووسەر شەیتانی هێناوەتە ناو ناوانەوە کە ئەرکی ئەوە بووە خواناس لە خشتە ببات.

[xli]بۆ ئیرادە دەسنووسی *MS. L* واینووسیوە: ئەلئیشارەت (واتە هێمای ڕۆحی).

[xli]تێکستی عەرەبی نەخشی دووەم ڕەنگە خراپ بووبێت.

[xli]یحیی بن کثیر (يحيى إبن أبی کثیر الطائي، أبونصر (؟) ساڵی 129 /746 مردووە). ذهبي: سیر، 9، ل 539. جۆزێف ڤان ئێس، "تیۆلۆجی و کۆمەڵگە لە سەدەی دووەم وسێچیەمی هیجریدا، مێژووی بیری ئاینی لە سەرەتی ئیسلامدا"، 1 ـ 5 (بەرلین ـ نیویۆرك: دی گرۆیتەر).

[xli]عطا بن (أبي) رباح (السلمی: طبقات، ل 338،218. ذهبي، سیر، 5 ل 178).

[xli]جۆراوجۆرییەکی نەریت لە هەردوو تراکتەکەی عمار البدليسي :"بهجة الطائف"، لە کتێبەکەی ئیدوارد بادین "دوو نووسینی تەسەسوف لە لایەن عەممار ئەلبەدلیسییەوە"، شتوتگارت: شتێنەر، 1999) و "صوم القلب" لە هەمان سەرچاوەکەی بادیندا (بەشە عەرەبییەکەی 2 ، ل 5 ـ 59) ل 33 . تەعقیبکارییەك لە لایەن عەممارەوە لە "بهجة الطائف"دا، ل 22 دا چەسپکراوە.

[xli]حقائق *fo. 80 v , 1.4*، لە خوارەوە.

[xli]هەمان سەرچاوە، پێش دوا دێڕ.

[xli]دیسان هەمان گواستنەوە لە حەقایقەوە *fo.349 v* ، ئاماژە بۆ (قورئان 44:68).

[xli]*fo. 349 r.v.*

[xli]حەقایق *fo. 349 r* .

[xli]بۆ ژیاننامەکەی بڕوانە زەرکووبیی شیرازی "شیرازنامە"، ساغکردنەوەی ئیسماعیلی واعیزی جەوادی (تاران: ئینتیشاراتی بونیادی فەرهەنگی ئێران: مەنابیعی تاريخ و جوغرافییەی ئێران ، 41، 1971) ، ل 143 . لە " صراط الأولياء" مەکەی ترمزی دا جۆری ئەو وەلییەی دیاری کراوە "وەلی حەقق ئەڵلاَه" وەك کەسێك کە لە سەرخۆشیی بە ئاگا هاتبێتەوە و گەڕابێتەوە بۆ خوا (تەوبە) ، لە راتکە، "سێ نامەی تیۆسۆفیی ترمزی"*Radtke "drei Schiften , Sirat , 4* وەرگیراوە.

---

[xli] حەقایق *fo. 349 r, 1.3*. بەرانبەرەکەی کەسی چەواشە (مەفتوون /مەغروور) لە زاراوەسازیی ئەلترمزیدا پێیدەوترێت "کەییس" (بەلگە ناونیشانی یەکێك لە کارەکانی "كتاب الأكياس والمغترين" *Ratke, Drie Shriften , p.23*. هەمان سەرچاوە ، ل 7 ، 101.

[xli] لەلای ترمزی "یقین" حاڵەتی ناسینی ڕەهای خوایە.

[xli] سولەمی: "حەقایق" *fo. 349 v.1.6* ـ 9 . بەقلی "عەرایس" *fo . 537 r.* ، بۆ تاقیکردنەوەیەکی ئەم ڕایە بڕوانە ل 59.

[xli] حەقایق *fo. 24 v.* .

[xli] هەمان سەرچاوە .

[xli] هەمان سەرچاوە.

[xli] حەقایق ، *fo. 362 v – 363 r* . سەرنجدەرێك لە سەر شیعرێکی سۆفیی سەردەمی عوسمانی کە هی عەدنی (مەحموود پاشا) ئەفەندی بووە (ساڵی 1474 مردووە، بە پێی ئینسکلۆپیدیای ئیسلام ، ژمارە ( 7) ،(ئەستەمبووڵ: 1939) ، ل 183 ـ 188) بەشێك لە قسە جۆراوجۆرەکانی سەرەوەی مەنسووری کوڕی عەمماری هێناوەتەوە، کە لە "شەرحی مەسنەوی" دەریهێناوە :"ئەگەر خوا ئەمەی لێبپرسیم، من لە وەڵامدا پێی دەڵێم :"کەرەمی تۆ لەخشتەی بردم" ،(قورئانی دەسنووسی ڤایمار *Q 662 , fo. 16 r*). ئەو سەرنجەی لە پەراوێزی دەسنووسی ناوبراودا نووسراوە ئاماژە بەم بەیتەی عەدنی ئەفەندی دەکات: غورە ئۆڵمە عەمەل و عیلمی کی ئافاتە ساکن ئەمرایی ئیبلیس ئیللی ویرمەر می شیفا باعورە. واتە (بە کار و زانست لە خشتە مەچۆو ئاگات لە دەردوبەلا بێت خۆ باعورە بە فەرمانی ئیبلیس شیفای بۆ نەهات). لە بەیتێکی تردا عەدنی ئەفەندی خوێنەر ئاگادار دەکاتەوە لە تەفرەدان (مەکر) ی خوا.

[xli] سولەمی، "حەقایق" *fo. 363 r.*.

[xli] هەمان سەرچاوە ، *fo. 362 v* ـ *363 r.* .

[xli] بڕوانە سەرەوە *El 2, s.n,cf also El 2, s.n*.: "فوائح الجمال وفواتح الجلال"، لە لایەن نەجمەدین ئەلکوبراوە نووسراوەو فریتزمایەر ساغیکردووەتەوە و پێشەکیی بۆ نووسیوە. (ڤیسبادن: شتێنەر، 1957).

*Radtke Drei Schriften* [xli] ل 87.

[xli] *El 2,1,1055, s.n Barsisa*

[xli] ساڵی 712 ـ 713 مردووە (بە پێی الذهبی: سیر ،4 ، ل 202 ـ 206)

[xli] بە پێی الذهبی: سیر ،5، ل 178. ئەلسولەمی "طبقات" ، ل 218 ـ 338.

[xli] أبو نصر یحیی بن ابی کثیر الطائی (؟) (ساڵی 746 ـ 747 مردووە )

[xli] *Risala,196 / Sends chreiben 53:13*. ئەبو نوعەیم "حلیة"، 8، ل 62.

[xli] ................

[xli] "حلیة" 9، ل 111.

[xli] بە پێی لذهبی: "سیر" 8، ل 387 ئەبو نوعەیم: "حلیة" ، 8، ل 162.

[xli] سیر ، 8، ل 406.

[xli] سەرچاوەی نادیاری ترهێنراوەتەوە ، *8, p.4, 1.9, p.4, 1.16 ـ p. 4, 1.7*

[xli] بەلگە ئەبو نوعەیم "حلیة" 10، ل 246. أبو القاسم علی بن الحسن هبة الله إبن عساكر "تاریخ دمشق"، (عمان دار النشر والتوزیع ، بدون تاریخ الطبع) ( لێرە بەدواوە إبن عساكر ، تاریخ دمشق ) ، 2، ل 61.

[xli] قوشەیری (*Risala, Sends chreiben, 1.14*).ئەبو نوعەیم، "حلیة"، 10،ل 51 ـ 70. سولەمی، "طبقات" ، ل 107 ـ 114.

[xli]لە ئەبو نەسر ئەلسەڕاجدا، جیاوازیی قسەکانی خوارەوەی لە سەر تەفزیل کردنی گوناه ، کە لە دووەمی سێ لێوەرگرتنەکەدا هاتووە بەم شێوەیە تۆمارکراوە:"ذنب أتذلل به بين يديه أهب إلى من الطاعة أول بها عليه" (كتاب اللمع لأبي نصر السراج ) وەرگیراوە(لەندەن: لوزاك ، 1947 (لێرە بەدواوە سەڕاج ، لاپەڕەکان) ل 3 (11010). سیاقی بەڵگە هێنانەوە باسێکی (قورسە) کە دەدرێتە پاڵ ئەلواسیتی:"من ذكر إفترى ومن شكر إنبرى" .لە وەرگێڕانێکی فارسیدا قسەکانی یەحیا لە" عطار: تذکرە" 1، ل 303" دایە . فریتز مایەر "ئەبوسەعیدی ئەبولخەیر" *(Liege bibliotheque, Leiden: Brill,1976 , Acta Iranica ll) ـ Tehran* (لێرە بەدواوە مایەر: ئەبو سەعید) ، ل 177 .

[xli]سولەمی ،"تەبەقات "، ل 107. لە بارەی ئامۆژگاریی یەحیا لەمەڕ هیوا بڕوانە مایەر: "ئەبوسەعید، ناوەندیاری"، ل 84 ـ 148 .

[xli]من دەتوانم هاوشێوەکانی یەك لەو سێ وتانە بێنمەوە. هاوتا ڕاگرتنی جەختکردنەوەی یەحیا لە سەر ترس، نووسەر ئامۆژگاریی خوێنەر دەکات کە نە نائومێد بێت و نە پەرگیری و زیادەڕۆییش بکات لە هیوادا. ئەو نموونە هێنانەوانەی دەدرێنە پاڵ سەرچاوەکانی تر تا ئەو ئاستە بڕوا پێکراون.

[xli]لە دەسنووسەکەی حاجی مەحموود ئەفەندیدا 6293 / 13 (کتێبخانەی سولێمانییە) تێکستەکە دەبرێتەوە بۆ ئیمامی غەزالی. هەروەها نووسەری بابەتی "غەزالی" لە ئینسلۆپیدیای ئیسلامیدا (ئەستەمولّ ـ ئەنکەرە: وەقفی ئاینیی تورکیا، 1988)، بەرگی 13، ل 489 ـ 534 نووسینێك بە ناونیشانی "*el - Istidrac*" دەگەڕێنێتەوە بۆ غەزالی (13، ل 524).

[xli]*GAL, si, p.725*

[xli]حاجی خەلیفە، مستەفاکاتب چەلەبی هیچ نووسینێك لەخۆناگرێت بەناوی ئیستیدراجەوە یان بەهەمان شێوە لەفەرهەنگە بیبلۆگرافییە گەورەکەیدا بەناوی "كشف الظنون"ەوە ، بەرگی 1 ـ 2 (ئەستەمولّ: وكالة المعارف، 1941، 1943 ).

[xli]مۆریس بۆیگس "لە بارەی کۆنۆلۆجیای نار و نووسینەکانی ئەلغەزالییەوە"، ساغکردنەوەو لێکۆڵینەوەی میشێل ئەلأرد. (بەیرووت: *Impr.* کاسۆلیك، 1959)، ل 85.

[xli]*Cf. GAL, I, p.538, si, p.79 ـ Bouges, Essai p.79*

[xli]*Cf. ed. Cairo: 1885 ـ 1886,p.36,1.12. Bouyges, Essai, p.79*

[xli]ساغکردنەوەی لوسیان گۆتیێ، "گەوهەری گرانبەها"، (ئەمستردام: چاپخانەی ڕۆژهەلأتناسی، 1974، کە لە دەقەکەی 1878چاپکراوەتەوە (لەمەودوا گۆتیێ: گەوهەری)، دەقە عەرەبییەکەی ل 82، وەرگێڕانە فەرەنسییەکەی ل 70).

[xli]گۆتیێ، گەوهەری، پێشەکی ، ل 10.

[xli]هێرمان ئێسێ، "پێرستی دەسنووسە فارسییەکان لە کتێبخانەی ئۆفیسی هندستاندا"، 1 ـ 2 (ئۆکسفۆرد: 1903 ـ 1937، (لێرە بەدواوە ئێسێ: پێڕست) ،1، ل 979.

[xli]ئێسێ: پێڕست، 1، ل 979، ژمارە (1792).

[xli]لێرەدا ڕەنگە پێداچوونەوەی دەسنووسەکەی هندستان بەسوود بێت بۆ تەئکید کردن لەوەی کە پێڕستەکەی ڕامپوور پشت بە بەڵگەی ناوخۆیی دەبەستێ، واتە ئاماژە پێدانی خەتنووسێك یان بەکارهێنەرێك.

[xli]*Bouyges , Essai, p.85 .GAL , s1, p.752*.

[xli]هاڤا لازارۆس یاڤ، "لێکۆڵینەوە لە سەر غەزالی"، (ئورشەلیم: ماگنس، 1975)، ل 235.

[xli]*Gal, s1 , p.663 ـ 664* .

[xli]پەیوەندی لە نێوان زاراوەکانی ئیستیدراج و ئیندراجدا ڕەنگە هاوشێوەی کەسب و ئیکتیساب بێت (پەیوەندیی زارەکی لەگەڵ پرۆفیسۆر گراملیخدا)، واتە ئێمە مامەڵە لەگەڵ هاوشێوەکاندا دەکەین. بێجگە لە لیستە بیبلیۆگرافیەکەی ئیسماعیل پاشای بەغدادی،

"هداية العارفين، أسماء المؤلّفين وآثار المصتفين"، (لێره به دواوه ئیسماعیل پاشا:" هداية" ) ، 2، ل 49، ناونیشانی نامەکەی ئیبن خەفیف "کتاب الأستدراج" ه.

[xli] ركن الدين يحيى ابن جنيد شيرازي، "صراط الشيخ الكبير أبو عدالة ابن خفيف الشيرازي"، ( وەرگێڕانی فارسی له دەقه عەرەبییەکەی دەیلەمییەوە)

معين الدين جنيد شيرازي، "شدّ الأزار في حطّ الأوزار عن زوّار المزار"، ساغکردنەوەی قەزوینی، (تاران: چاپخانەی مەجلیس، 1939)، ل 43 ، 2 و1. هەروەها ئیسماعیل پاشا "هداية"2 ، ل 49.

[xli] بەڵگە محمد إبن خفيف، "کتاب الأقتصاد"، ساغکردنەوەی فلۆریان سۆبیرۆی، "ئیبن خەفیف ئەلشیرازی و نامەکانی له سەر بنەماکانی پەروەردەو فێرکردن"، لێکۆڵینەوەیەکی بایۆگرافی. شتوتگارت: شتێنەر، 1998. به پێچەوانەوە سۆفییەکان بەوە دەناسران کە گیانێکی پڕ له پەرۆشییان تێدا بووە، چەشنی شبلی و لای ئیبن خەفیف زۆر باو نەبووە (بەڵگە دەیلەمی، سیره، ل 37 (فەسلی 15) ، ل 39 (فەسل 16) ، زۆر به زەقی له تێکستەکە دەرناکەوێت، یان ناوەکانی تر ژێر لێو خراون.

[xli] بەڵگە گرامليخ "دەروێشە ئاینییەکانی شیعه له ولاّتی فارسدا"، ل 271. ڕەنگە ئەم بۆچوونە بە تەواوی ڕاست نەبێت. نووسەری عوسمانی عەبدولباقی لەعلیزاده (کەساڵی 1748 مردووه) وحەننا سوهەروایده، حەننا "دەسنووسە تورکییەکان و هەندێ دەسنووسی تری عەرەبی و فارسی"، (ڤیسبادن: بلاّوکەرەوەی فرانز شتێنەر، 1974). بۆ نموونە بەشێکی تەرخان کردووە بە ناوی " مطلب المكر والأستدراج" بۆ بابەتی "لەخشتەبردنی خواوەند و فریودان" لە کتێبەکەیدا بە ناوی "غذاء الروح" ، *code.arab.1134,fo.10r* ـ *.MS.BSB (Munich, 11v.*

[xli] زانیاری زارەکی له لایەن پرۆفیسۆر گرامليخەوە .

[xli] وادیاره کەمێك هاوشێوەیی هەیه لەنێوان سروشتی "ئیستیدراج" له أبو عبدالله الحارث إبن أسد المحاسبي"كتاب الخلوة والتنقل في العبادة ودرجات العابدين" ( له کتێبەکەی عبدو خەلیفه السیوعی له "مەشریق" دا ل 49 ـ "باب الأستدراج" و هەندێ بیروڕا له نامیلکەکەی بەردەستدا. ئەلموحاسەبیش وەك دانەرێکی نەناسراو باس له چینی جۆر به جۆری خەڵك دەکات ، وەك پیاوانی دەربارو بازرگان و ڕەشە خەڵکەکە و خوێندەوارو زاناو خواناس وەك نموونه هێنانەوەی کاری له خشتەبردنی خواوەند. ئیبن خەفیف ئەلموحاسەبی به یەکێك له مۆدێلەکانی (المقتدون) دادەنێت له ژیانی ڕۆحیدا (دەیلەمی: سیره ، ل 37 ، فەسڵی 15).

[xli] له پێشەکی بەرگی دووەمی "پێرستی دەسنووسە عەرەبییەکان له کتێبخانەی ئینستیتیوتی ئیسماعیلیدا بۆ لێکۆڵینەوە "، بەرگی 1 - 2 (لەندەن: 1984 ـ 1985)، ل *11*، ئادەم گاچێك باس له وشەی " کتابة " دەکات کە له دەسنووسەکەیدا هاتووە، له نێو زاراوە جۆراوجۆرەکانی تردا وەك (تسوید، تنمیق، نسخ،إنتساخ) وەك هەڵگری مانای "کۆپیکردن".هەروەها فرانسوا دێرۆچی، "......

[xli] له بەدواداچوونی بەشێکدا له سەر سۆفیزم له پێڕستەکەی دەسنووسی بەرلیندا ، له دیسەمبەری 2006 دا و له ژێر ژمارەی(3168) دا، کۆپییەکی تری تێکستەکەم دۆزییەوە کە ئێستا ناونراوە "في غرور الخلق واستدراجهم" و دەگەڕێتەوە بۆ دانراوی شهاب الدين عمر السهروردی ( 632 / 1234 مردووه ). برۆکلمان له *(GAL,1, p 570)* دا تێکستەکە بە یەکێك له نووسینەکانی سوهرەوەردی دادەنێت.

# 10

**ئیسحاق وایزمان**

# دەستێکی شاراوە:

# هەماهەنگیی نێوان خالیدی و باوەڕدارە ئوسوولێیەکانلە حەڵەبدا

**لە میانەی دوو سەدەی پەیدابوونیدا، لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئێستا لقی خالیدیی تەریقەتی نەقشبەندیـموجەددیدی وەك کاریگەرترین و بەربڵاوترین ڕێکخراو خۆی راگرتووەلەئیمپراتۆریای عوسمانی ودەوڵەتە نەتەوەییەکانی دوای ئەویش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. سەرکەوتنی سەرەکیی ئەم ڕێکخراوە بە هۆی دوو خاسییەتی چاکسازییەوەیە کەوا دامەزرێنەرەکەی کە شێخ خالیدی شارەزوورییە ( 1776 ـ 1827) لە بۆچوون و رێنمایی موجەددیدییەوە کە لە هندستان فێری بووبوو هەڵیهێنجاوەو بایەخی پێداوە. یەك لەوانە پابەندبوونی رەها بە ئوسووڵی ئاینەوە، کەوا رەگی لە زانیارییەکی بەربڵاوی نائاساییدا داکوتابوو لە بواری زانستیی شەرعی و تیۆلۆجیدا، ئەویتری پەیوەندیدارە بە ئارەزووکردنی نەقشبەندی لە رێبازی ئەکتیڤیزم (واتە بەکارهێنانی هێز بۆ بەدیهێنانی مەبەست) و خالید کاری بۆ بەهێزکردنی تەریقەتەکەی دەکرد لە ڕێگەی موتربە کردنی بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ـ ئاینیی سێنترالْ و تۆکمەوە. بزووتنەوەی خالیدی بە ئیلهام و رابەریی خۆی کەوتە یاریدەدان و پشتگیریی سوڵتانەکان: مەحمودی دووەم ( 1808 – 1839) و عەبدولمەجید ( 1839 ـ 1861) لە هەوڵ و تەقەلایاندا بۆ ئەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی بخەنە سەر رەوتی نوێبوونەوەو پاشەکشێ سەرشۆڕانەکانی رابگرن لە بەرانبەر هێزە ئەوروپاییەکاندا([]) . چوونە پێشەوەی بەمۆدێرنکردن وەرچەرخایە سەر گواستنەوەی لە سنوور بەدەری ئایدیاو دامەزراوە رۆژئاواییەکان(واتە بە رۆژئاواییکردن) لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم بەملاوە جێگرەوەکانی خالیدی رووبەڕووی تەنگژەیەکی توند و سەخت کردبووەوە. لە کاتێکدا ئەو بۆچوونە ئوسووڵییەی ئەو لە سەری بوو پابەندیی بوو بە نەریتی ئیسلامییەوە، بەڵام کولتوورە ئەکتیڤیزمەکەی وای پێویست دەکرد کە خۆ بگونجێنن لەگەڵ کەشوهەوای نوێدا. من لەگەڵێ بۆنەی پێشتردا ئەوەم پیشانداوە کەوا ڕێکخراوی خالیدی بەو پێیە لە نێوان دوو جەمسەری دژ بەیەکدا ئەمسەرو ئەوسەری کردووە، یەکێکیان موحافزەکارو ئەویتریان ئوسووڵی (واتە کۆنسێرڤاتیزم و فەندەمێنتالێزم). لە سەدەو نیوی رابوردوودا، رابەرەکانی خالیدی بە گشتی لە خانەی ئیسلامی نەریتیدا مابوونەوە. لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵدانیان بۆ داکۆکیکردن لە نەریت ناچاری کردن ببنە بەشێك لەو پرۆسەیەی کە باڵادەستیی رۆژئاوای تێدا بەرچاوبوو، هاوکاریی حکومەتەکان بکەن. لەلایەکی ترەوە، هەندێك لە پەیڕەوانی تەریقەتەکە، کە بەزۆریی سەر بەچینی ناوەڕاست بوون، ئیسلامیان لە بەر رۆشنایی بیرو مۆدێلی مۆدێرندا وێناکردەوە. ئەوان بە ئەفسانەیەکی نوێ پاکانەیان بۆ خۆیان دەکرد، کەوا پێشینانی ئیماندار (السلف**

الصالح) مشتومڕی ئەقڵانی و ڕەخنەگرانەیان ئاڕاستە دەکەن بەرەو هەردوو بواری نەگونجاوی نەریت و دەوڵەتی سەرکوتکەر. لەحاڵەتی شامدا، بانگراوندی خالیدیی باو بەعادەت ئەنجامی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان هەردوو ڕێبازی نەریتی و فەندەمێنتاڵیست بوو(□□□).

لەم نووسینەدا من بە لای پەرەسەندنی تەریقەتی خالیدیدا شکاندوومەتەوە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا کە بەسەریهاتووە لە شاری حەڵەبدا. تەریقەتی خالیدی بە پێچەوانەی ئەستەمبووڵ، دیمەشق یان بەغداوە نەیتوانی ڕەگی خۆی لە پایتەختی باکووری سووریادا داکوتێ و بەو مانایەش دێت کە هەرگیز بە شێوەیەکی راستەقینە لەوێ نەبوو، وەك سەرچاوە ناتەواو و بچڕبچڕەکانمان ئاماژەی پێدەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا شوێنەواری خالیدی ناوبەناو باسی دێت لە هەردوو پێکهاتەی بەرەی نەریتی و بزووتنەوە فەندەمێنتاڵەکانی حەڵەبدا. ئەمەی دواییان ڕێبازی بەرایی سەلەفی لەخۆدەگرێت بە عەبدولڕەحمان الكواكبیی نوێنەری دەمڕاستیانەوەو کۆمەڵگەی تەریقەت و ڕێکخراوەکانی موسڵمانەوە. دواجار، ئەم نووسینە بەدوای دۆزینەوەی کاریگەریی شاراوەی تەریقەتی خالیدیدا دەگەڕێ لە سەر هەردوو ئاڕاستەی نەریتی و ئوسوولی لە حەڵەبدا، هەروەها باسی زیاتریش لەوە دەکەم کەوا پەردەپۆش کردنی لەم چەشنە لەڕاستیدا هانی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان زانایان و ئیسلامیستەکانی داوە کە بووبووە مۆرك و ڕوخساری ئاینیی ئەو شارە لە دوادوایی سەدەی نۆزدەیەم و سەدەی بیستەمدا بە گشتی و ڕاپەڕینی ئیسلامیی دژ بە ڕژێمی بەعس لە ساڵی 1976ەوە بۆ ساڵی 1982 بە شێوەیەکی تایبەتی.

## پاشخانی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی

بە درێژایی سەردەمی عوسمانی حەڵەب گەورەترین سەنتەری شارستانی بوو لە نێوان ئەستەمبووڵ و قاهیرەداو ڕۆڵی پایتەختێکی ئیداریی ویلایەتێکی جیاکاری دەبینی کە باکووری ئەمڕۆی سووریاو باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیای گرتبووەوە. لە نزیکەی سەد هەزار کەسی دانیشتووانی لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەمدا هەشتا لە سەدیان موسڵمان بوون و ئەوەوداشی کەمینەی مەسیحی و جوولەکەیان پێکدەهێنا (□□□). شارەکە سەنتەرێکی گەشەکردووی مانیفاکتۆرەو چەقی ڕێگای بازرگانیی باکووری ئەورووپا بوو بۆ هندستان (□□□). لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندیی عوسمانی پاش ساڵی 1760 هاوکات بوو لەگەڵ سەردەمێکی ئاژاوەو پشێوی لە حەڵەبدا، کاتێ دوو تاقمی چەکداری ناوخۆ، کە ئەشراف و یەنگیچەری بوون، ڕکابەریی یەکتریان دەکرد بۆ دەسەڵاتی سیاسی. بارودۆخەکە بە هۆی بوومەلەرزەیەکی وێرانکەرەوە ساڵی 1822 هێندەی تر تێکچوو، بێجگە لە بڵاوبوونەوەی چەند جاری درم و پەتا بەشێکی بنەڕەتیی دانیشتوانی لەناوبرد(□□□). لەلایەکی ترەوە، ئەم ماوەیە دوو هێزی کۆمەڵایەتی نوێ یەکیان گرت کە بریتیبوون لە: بنەماڵە موسڵمانە ناودارەکان (أعيان) کە سەرچاوەی سامان و دەسکەوتیان دێهات بوو (□□□) لەگەڵ کەمینەی بازرگانەکاندا کەوا پەیوەندییان بە کارگەکانی ئەورووپاوە هەبوو و تۆڕی بازرگانییان بەڕێوەدەبرد(□□□).

دوابەدوای کۆتایی هاتنی داگیرکردنی میسر لە ساڵانی 1830کاندا، حەڵەب بە یەکێك لەو شارانە هەڵبژێردرا بۆ جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی ڕیفۆرمی دەوڵەتی عوسمانی کە بە تەنزیمات ناسرابوو ( 1839 ـ 1876). باج

سەندن و بە سەربازگرتنی زۆرەملێ، شانبەشانی ئالۆزی و تێکچوونی باری کۆمەلایەتی و ئابووریی کە تێکەڵبوون لەگەڵ بازاڕی جیهانیی ژێر دەسەڵاتی رۆژئاوادا هێنایە ئاراوە، لە ساڵی 1850دا ئاژاوەو پشێویی تایەفیی بەرپاکرد. بەدوای ئەمەدا دەستەو تاقمە کۆنەکان هەڵوەشانەوە و کۆنترۆڵی عوسمانی گەڕایەوە و ئەعیانەکان و کەمینەی بازرگانەکان لەگەڵ ئیدارەی ناوخۆ و ویلایەتەکەدا تێکەڵ بوون و گەلێ لەمانە چوونە گەڕەکی نوێی دەرەوەی شار. بەهەرحاڵ، لە پاش ساڵانی 1870کان دووبەرەکییەکی تر پەیدابوو لە ناو پیاوماقووڵانی حەڵەلدا و ئەمە کاری کردە سەر لایەنگرانی ریفۆرمی تەنزیماتی ئەم دواییە (1854 ـ 1876) کە باوەشیان کردبوو بە بیروبۆچوونی رۆژئاواییدا لەمەڕ هاووڵاتیبوون و نیشتمانیبوون و برەویان پێدەدا، دژ بە ڕکابەرە کۆنسێرڤاتەکانیان، کە خوازیاری گەڕانەوەی دەسەڵاتی سوڵتان و دەستبالایی موسڵمانان بوون لە ئیمپراتۆریاکەدا. گرووپی دووەم کە لە سەردەمی حوکمڕانیی عەبدولحەمیدی دووەمدا (1876 ـ 1909) بە تەواوی دەستیان دەڕۆیشت، پاش هەندێك پشێوی لە سەردەمی تورکە لاوەکاندا (1908 ـ 1918) دیسان گەڕانەوە هەمان دۆخ.

ئەو دۆخە دژوارو نالەبارەی کە لە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمدا ئیمپراتۆریای عوسمانیی تێکەوتبوو بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بوو بە کۆسپ بۆ پایە و شوێنی حەڵەب وەك سەنتەرێکی بازرگانی و پەیوەندیی بڕی بە ناوچەی دووردەستی ئەنادۆڵەوە. هاوکات شارەکە ئەو بایەخەی جارانی نەما و دیمەشق جێی گرتەوە لە سەردەمی حکومەتی عەرەبیی فەیسەڵدا (1918 ـ 1920) و دوای ئەوە لە سەردەمی دەسەڵاتی ماندێتی فەرەنساشدا، کە لە ساڵی 1924دا دیمەشقی بە پایتەختی فیدراڵیی سوریا دانا. دواجار لە ئاخرو ئۆخری جەنگی جیهانیی یەکەمدا ڕێگەی سروشتیی حەڵەب بۆ سەر دەریای ناوەڕاستیش داخرا کاتێ کە قەزای ئەسکەندەروونە رادەستی تورکیا کرا. لەو سیاسەتی هەڵبژاردنەدا کە لە ئەنجامی شۆڕشی گەورەی سوریادا هاتە کایەوە (1825 ـ 1927)، ناوبانگی کۆنی حەڵەب وەك شارێکی دەرکەوتووی ئاست ناوەنجی زیرەکانە پەراوێز خرا. لە پاش کشانەوەی فەرەنسا لە ساڵی 1946دا هەمان خەڵکانی ناوداری شار پارتی گەلیان دروستکرد بۆ ململانێ کردنی هاوشێوە دیمەشقییەکانیان لە پارتی نەتەوەییدا لە سەر تێکشکانی حکومەت، سیستمی کۆنی پیاوماقووڵان بەردەوام لە لایەن سوپاوە بەرەنگاریی دەکرا و لەساڵی 1963دا لە لایەن حیزبی بەعسی (ئێستاوە) رامالرا، کەنوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی دێهات و خەڵکی ناموسڵمانیشی دەکرد، لەکاتێکدا کە رژێمی بەعس پاش ساڵی 1970 لە لایەن حافز ئەسەدی ئەفسەری عەلەوییەوە خۆی گرت و بەهێز بوو، بەڵام شاری حەڵەب، کە بە درێژایی رۆژگار لە بارێکی راوەستاودا بوو، وەك مەڵبەندێکی سەرەکیی بەرهەڵستکاری لە ژێر ئالای ئیسلامیدا خۆی هێشتەوە.

## روخساری ئاینی

حەڵەب، سەرەڕای قەبارەو دانیشتووانی و ئەوڤاقی دەوڵەمەندی کە لە سەردەمانی پێشووەوە بۆی مابووەوە، کەچی نەیتوانی جێگەی شیاوی خۆی بگرێت وەك مەڵبەندێکی سەرەکیی خوێندن و فێرکردن لە سەدەکانی نۆزدە

و بیستدا. ژیانی ئاینیی شار له چەرخی نوێدا له ژێر رکێفی مەعنەویی مەڵبەندە شارستانییە گەشەکردووەکانی قاهیرە و دیمەشقدا بەڕێوەدەچوو. لە حەڵەبیشدا، وەك لە شارەکانی تری سوریای دوادوایی عوسمانیدا، پۆستە ئاینییە رەسمی و سەرەکییەکان، چەشنی نەقیبی ئەشراف و موفتیی حەنەفی، هەر قۆرخی ژمارەیەك بنەماڵەی ناودار بوون. لە دەسپێکی ریفۆرمەکانی تەنزیماتیشدا ئەم پۆستانە کەوتە ژێردەستی ئەو بنەماڵە ئەعیانانەی دەسەڵاتی خۆیان خستە خزمەتی سیاسەتی نامەرکەزییەوە لە ماوەی نێوان سەدەکانی دوادوایی هەژدەیەم و سەرەتای نۆزدەیەمدا. بنەماڵە دەرکەوتووەکانی ناو ئەوانەش بریتیبوون لە: جابریەکان، کەواکیبیەکان، رەفاعیەکان، کەییالیەکان، قودسیەکان و مودەڕیسیەکان. بنەماڵەکانی لەوان خوارتر بە شێوەیەکی سەرەکی مامۆستایانی ئاینیی خاوەن پایە و مەقامیان بۆ شار دابین دەکرد، چەشنی بنەماڵەکانی تیرمانینی کە پۆستی موفتیی شافیعی بە زۆریی بۆ ئەوان بوو، حەججارەکان و زووەیتینیەکان.

لە ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا و بە تایبەتی لە سەردەمی حوکمڕانیی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا بنەماڵە ئەعیانەکان تا رادەیەك لە لایەن پیاوانی ئاینیی تازە پیاکەوتووەوە رکابەریی دەکران، لەوانەی زیاتر ملکەچی ویست و خواستی حکومەتی مەرکەزی دەبوون. لە ساڵی 1876دا پۆستی موفتیی حەنەفیی شاری حەڵەب لە جابرییەکانەوە گوێزرایەوە بۆ بەکری ئەلزوباری، کە پێشتر عەترسازێك بوو، دواتر لە میسر بووبوو بە زانای ئاینی، لە هەمان کاتیشدا نیقابەتی ئەشراف، کە بە زۆری تەرخان بوو بۆ کەواکیبیەکان، بڕایە بەر ئەبولهودای سەییادی، کە هەوادارێکی رەفاعیی خەڵکی شارۆچکەیەکی نزیك حەما بوو. دەبوو ئەبولهودا بە پەلە بچێت بۆ ئەستەمبوڵ و ببێتە راوێژکارێکی نزیکی سوڵتان، بەڵام بێئەوەی دەسبەرداری پۆستەکەی خۆی بێت لە حەڵەب. بێجگە لەوەش لە ساڵی 1898دا پۆستی موفتیی حەنەفیی شاری بۆ محەممەد ئەلعبوسی دابینکرد کە هەوادارێکی خۆی و خەڵکی حەما بوو. ئەلعەبوسی توانی پارێزگاریی لە جێگەکەی خۆی بکات لە شۆڕشی ساڵی 1908ی تورکە لاوەکاندا و تا کۆچی دوایی لە ساڵی 1922دا لەو شوێنەدا مایەوە.

لەڕووی پراکتیکەوە هەموو ئەو زانایانەی لە سەرەوە باسکراون پەیوەندیدار بوون بە کایە سۆفی و باتینیەکانی ئەو دوا سەردەمەی ترادیسیۆنی موسڵمانان لەو رۆژگارەدا. بەرفراوانترین و کاریگەرترین رێکخراوی سۆفیگەری لە حەڵەبی کۆتایی سەردەمی عوسمانیدا تەریقەتی قادری ـ خەڵوەتی بوو. ئەم تەریقەتە لە دەوروبەری کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا و لە سەر دەستی ئیبراهیم ئەلهیلالی ( 1742 ـ 1822) لێرە دامەزرا، کە توانی پابەندێتی بنەماڵەکەی بە تەریقەتی قادری و رێبازی ریفۆرمیستی خەڵوەتی پێکەوە گرێبدات، کە لە سەردەمی خوێندندا لە ئەزهەر تەمەسسوکی پێوە کردبوو. لە جوغزی میسردا، ریفۆرمیزمی خەڵوەتی لە زانیاریی بەرفراوانی رابەرانیدا رەنگیدابووەوە و بە هەمان شێوەش لەو رۆڵە کۆمەڵایەتییەدا کەوا گرتبوویانە بەر بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی خەڵك دژ بە ستەمکاریی دەستەبژێری مەملووکەمان. بارەگای هیلالیی لە تەکێی بنەماڵەکەیان بوو لە گەڕەکی جەللومدا. پێگەی ئەم رێبازە لە ساڵانی 1870کاندا زیاتر خۆی گرت، کاتێ کە مستەفا ئەلهیلالی ( 1851 ـ 1919) بوو بە رابەری تەکێکە، چونکە رەوتی سۆفیگەری و ئیرشادی ئاینیی لێکدا و ژمارەیەکی زۆر وەچەی نوێخوازی ئاینی لە حەڵەبدا چوونە پاڵی.

دوای ڕێبازی هیلالی تەریقەتی ریفاعی دەهات، کە شێخەکانی سەر بە بنەماڵەکانی ریفاعی و کەییالی بوون.
بناغەی هێز و دەسەڵاتی ئەم خێزان و بنەماڵانە لە دوادوایی سەدەی هەژدەیەمدا لە لایەن ئەبولوەفای ریفاعی (1765 ــ 1848) و ئیسماعیلی کەییالی ( 1816 کۆچی دوایی کردووە)، داڕێژرابوو. ئەڵبەتە بەهادینی کوڕی ئەبولوەفای ریفاعی (ساڵی 1873دا کۆچی دوایی کردووە) بووە کە ئەبولهودای سەییادیی هێناوەتە ناو ئەو تەریقەتەوە. ئەنجام ئەبولهودا تەکیێەکی زۆر گەورەی لە گەڕەکی ئەوغاڵبەك دروستکردو سپاردیە محەمەد ئەلعبوسی و پاشان بوو بە مەڵبەندێکی گرنگی بەرەی کۆنسێرڤاتیڤ. کۆمەڵە یان ڕێبازێکی تر کە هەر لەو کاتەدا هاتە حەڵەبەوە، ناوی یەشرووتی بوو، بریتی بوو لە لقێکی شازلی و بە زۆریش بازرگانی بچووك و جووتیارەکان بە لای ئەم ڕێبازەدا دایاندەتاشی، ئەوانەی کە بەزۆری لەژێر کاریگەریی ئەوەدا بوون کە سوریا بچێتە ناو بازاڕی جیهانەوەو هەواداری و مەیلی دژ بە یەکی لێکەوتەوە.
لە حەڵەبی ئاخرو ئۆخری سەردەمی عوسمانیدا، تاقمێك خوێندەواری ئەقڵ ریفۆرمیست پەیدابوون دژ بەزانا رەسمییەکان و سۆفییە باوەکان، ئەمانە هەڵگری بیرو بەهای رۆژئاوا بوون و دەیانویست ئیسلام لەگەڵ فەرهەنگی نوێباودا بگونجێنن و ڕێبازی سەلەفیی نوێخوازیان لە حەڵەبدا دامەزراند، کە لە نەوەی بنەماڵە ئەعیانەکان پێکدەهات و پشتگیریی چاکسازییەکانی تەنزیماتی دەکرد، شانبەشانی خوێندەوارو مونەووەرانی چینی ناوەڕاستی نوێی شار. لە نێو ئەعیانەکاندا عبدالرحمن الکواکبی (1849 ـ 1092) و عبدالحمید الجابری (1864 ـ 1951) دەبینین. لە نێو مونەووەر و خوێندەوارانیشدا کامل الغزّی ( 1852 ـ 1933) و بشیر الغزّی( 1857 ـ 1921) و محمد راغب الطبّاخ (1877 ـ 1951) دەبینین. ئەم کەسایەتیانە لە چوارچێوەی پابەندبوونی نەریتیی ئاین دابڕان و بوێرانە چوونە نێو ئەو بوارە تازانەوە کە لە ناوەندی میللیدا پەیدا بووبوون وەك رۆژنامەگەری و بانگەشەی لیبراڵییەت و خوێندن و فێرکردنی نوێ.
تەواوی دەزگاو دامەزراوە ئاینییەکان لە حەڵەبدا لە ساڵانی 1880کان بەملاوە بوون بە جێی سەرنج و مشتومڕی قوتابخانە حکومییەکان لە شاردا. ئەمانە هەستیان دەکرد کەوا قوتابخانە رەسمییەکان مۆنۆپۆڵکردنی خوێندن و فێرکردنیان تێکدەشکێنن و هەڕەشەن لە سەر بەهای ئیسلامیی گەنجەکان. سەرەنجام ئەمانیش ناچار بوون دامودەزگا نەریتییەکانی خۆیان باش بکەن و بەو پێیە کەوتنە بەرجەستەکردنی دیسپلین و میتۆدی نوێ و لەم هەوڵ و کۆششەدا هێزی پاڵنەر و کارا سەلەفییە نوێخوازەکان بوون. کە هەر لە سەرەتای ساڵانی 1890کانەوە کەوتنە بووژاندنەوەی حوجرە و مەدرەسەکان. ساڵی 1921، واتە ساڵێك دوای ماندێتی فەرەنسا، پیاوانی ئاینیی حەڵەب هێزو توانایان یەکخست بۆ دامەزراندنی کۆلێجی شەریعەی خوسرەوییە. پۆستی شکۆمەندی مامۆستای ئاین و عەرەبی لەم دامەزراوە نوێیەدا درا بە ئەلتەبباخی ریفۆرمیست، کە لە ساڵی 1937دا بۆ پۆستی بەڕێوەبەر هەڵبژێردرا. خوێندن لەم کۆلێجەدا قورسایی خۆی خستە سەر فیقھ و ئیشتیقاقەکانی، بەڵام بەپێی قۆلەکان و بەرنامەڕێژییەکی مۆدێرن. لە ساڵی 1929دا دەستەو تاقمەکانی سەلەفییە نوێخوازەکان لە حەڵەب دوو رۆژنامەی ئیسلامییان دامەزراند: "الإعتصام" (واتە پابەندبوون بە خوداوە)، کە ماوەی پێنج ساڵی خایاند و لەگەڵ

مەسەلە ئاینی و ئەخلاقییەکاندا مامەڵەی دەکرد، لەگەڵ "الجماعة الإسلامية " (واتە یەکبوونی ئیسلامی)، کە بەردەوام بوو لە سەر دەرچوون تا سەرەتای ساڵانی1960کان و لە هەمان کاتدا لەگەڵ سیاسەتدا تێکەڵ بوو . بلاّوبوونەوە خوێندن و خوێندەواری زۆرترین ئێشی گەیاندە دۆخی سۆفیگەری لە حەڵەبدا و ئەندامانی هەندێك لە بنەماڵە ئەعیانەکانی سۆفیگەری وەك ریفاعییەکان و کەییالییەکان پیشەی نوێیان دەستکەوت و چوونە نێو ململانێ سیاسییەکانەوەو بە تەواوی دەسبەرداری ئەو دەسەلاّتە نەریتییە بوون کە لە تەکێکانیانەوە بۆیان دەستەبەر بووبوو . بەلاّم بە پێچەوانەوە ڕێبازی هیلالی کە خۆی بەستبوو بە کەسانی چینی ناوەنجیی شار لە سەلەفییە نوێخوازەکان، لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەمەوە لادانیکی هەستپێکراوی بەخۆوە بینی، چونکە ئەو کەسانە بەردەوام هەنگاو بە هەنگاو لە سۆفیگەری دوور دەکەوتنەوە. بە درێژایی ماوەی ماندێت (ئینتیداب) سۆفیگەری شەعبییەتی خۆی هەبوو لە حەڵەبدا، هەروەها لە سەرانسەری سوریاشدا، بەلاّم وایلێهات کە زیاتر کەسانی نەریتیی ناو بازاڕو ئاستە نزمەکانی کۆمەڵ بە دەمیەوە بچن و پراکتیزەی ڕێ وڕەسمی بکەن .

لەولاشەوە، ساڵانی 1930کان دەرکەوتن و پەیدابوونی کۆمەڵەو ڕێکخراوی ئاینیی میللیی بەخۆوە بینی کە ئایدیای ڕۆشنبیران و سۆفی و ریفۆرمخوازی ئاوێتە دەکرد لە شێوەی ڕێکخراودا. دەرکەوتووەکانی ناو ئەوانە کۆمەڵەی چاکە و ڕەوشت (جمعيّة البرّ والأخلاق)، کە سەرۆکەکەی محەممەد ئەلحەکیم (1904 ـ 1980)، مامۆستا بوو لە کۆلێجی خوسرەوییە و وتارخوێنی مزگەوتی ئەمەوی و لە هەمان کاتیشدا پارێزەر بوو. کۆمەڵەکە پارەی کۆدەکردەوە بۆ یارمەتیدانی هەژاران و لە ساڵی 1937 یشدا بۆ بنیاتنانی کۆلێجێکی ئیسلامیی نوێ بۆ گواستنەوەی بابەتی مۆدێرن شان بە شانی ئەو بنەما ئاینییانەی کە لە لایەن قوتابخانە ڕەسمییەکانەوە پشتگۆی خرابوون. کۆلێجەکە ساڵی 1943 دەستکرا بە دروستکردنی لە ژێرسەرپەرشتی بازرگانێکی دەوڵەمەندا. سێ ساڵ دواتر ئەلحەکیم بە سەرۆکی رابیتەی زانایانی حەڵەب هەڵبژێردرا (رابطةالعلماء) . نەوەی نوێی ئاین پەروەرانی خەڵکی حەڵەب ساڵی 1936 کۆمەڵەی (دار الأرقم) یان دامەزراند، کە یەکێك بوو لە کۆمەڵەکانی ئەو دەمەی سووریا و بە ناوی (شەباب محەممەد) ەوە ناونرابوون. بە شێوەیەکی سەرەکی یانەیەکی ڕۆشنبیری و وەرزش دامەزراو بەرە بەرە کەوتە سیاسەت کردن لە ساڵانی جەنگدا و لە ساڵی 1946 دا چووە پاڵ کۆمەڵەی ئیخوان موسلیمینی سەرانسەری سوریا بە سەرکردایەتیی مصطفى السباعي.

سەرکردە ئاینییەکانی حەڵەب چوونە ناو ئەزموونە کورتخایەنەکەی دیموکراتییەوە لە پاش سەربەخۆیی، بەلاّم خۆیان کردە پێشەنگی ئۆپۆزیسیۆن کاتێ کە ڕژێمە میلیتارییەکان دەسەلاّتیان گرتەدەست. بەرکولێکی ئەوەی کە لێی بەنیاز بوون لە سەر دەستی کۆلۆنێل ئەدیب ئەلشیشکلی دا بەرجەستە بوو (لە ساڵی 1949 ــ 1954حوکمی کرد)، کە ئیخوان موسلیمینی هەڵوەشاندەوە و ئەو دام و دەزگا ئاینییانەی نەهێشت کە ئەوقاف یارمەتی دەدان و تەکێ و خانەقاکانی داخست، بە تایبەتی هی ڕێباز و ڕێکخراوەکانی ڕەفاعی . زۆربەی ئەمانە هەرگیز جارێکی تر نەکرانەوە و عەلەوی جێی گرتنەوە کە لقی ڕێبازی شازلی ـ دەرقاوی بوو. دەسەلاّتی رابەری ئەم ڕێبازە لە حەڵەب، عەبدولقادر عیسا (ساڵی 1993 کۆچی دوایی کردووە) پێدەچێت لە ڕێگەی نووسین و دانانی کتێبەوە بووبێت وەك لەوەی شەخسی بێت، چونکە زۆرترینی کات وا ناوی دێت کە دانەری کتێبێکە لە سەر زانیاریی سۆفیگەری کەوا بە

شێوەیەکی بەرفراوان دەخوێنرێتەوە . بەدوای هاتنە سەرحوکمی حیزبی بەعسدا لقی حەڵەبی ئیخوان موسلیمین تێکەڵی بزووتنەوەیەکی بەرهەڵستکاری رادیکاڵی بوو بە رابەریی زانایانی چالاکی وەك أحمد عزالدین البیانونی (ساڵ 1974کۆچی دوایی کردووە) و عبدالفتاح أبو غدة (1917 ــ 1997). جێگرەوەکانی دوای ئەمان بەشێك بوون لە سەرکردایەتیەکی هاوبەش کە لە ساڵی 1980دا پێکهات بۆ رێکخستن و بەڕێوەبردنی خەباتی هەڵگشاو، کە ترۆپکەکەی ڕاپەرینی حەما بوو لە ساڵی 1982دا . لە نێو ئەو حەڵەبییانەدا کە لە وڵات هەڵاتن کە ئەنجامی داپڵۆسین و سەرکوتکردنی دلڕەقانەدا سەرکردەکانی ئیخوان موسلیمین و زانایان و سۆفییەکان بوون.

## فاکتەری خالیدی: بیروباوەڕی چەسپاو و مەزهەبی ئەکتیڤیزم

یەکەم کەسایەتیی کاراو بلیمەتی سەر بە تەریقەتی خالیدی کەوا کاریگەرییەك لە حەڵەبدا بەرپا بکات موریدێکی خودی شێخ خالید خۆی بوو بە ناوی ئەحمەد ئەلحەججار ( 1776 ـ 1861)، کە زانایەکی بەناوبانگی زەمانی خۆی بووە و گەلێك باسی پایە و ژیاننامەی دەکرێت. ئەم پیاوە سەر بە خێزانێکی هەژاری حەڵەب بووە و لە تەمەنی منداڵی و لاوێتییەوە شەیدای خوێندنی ئاینیی و هەواداری ڕەوتی سۆفیگەری بووە بە رابەریی ئیبراهیم ئەلهیلالیی دامەزرێنەری رێبازی قادری ــ خەڵوەتی. لە دەوروبەری ساڵی 1810دا ڕابەرەکەی ئەلحەججار روخسەتی پێدا بچێتە دیمەشق و لەوێ درێژەی بە خوێندنەکەی دا لە سەردەستی زانایانی ئەو شارە. بە گەیشتی خالید بۆ دیمەشق لە ساڵی 1822دا ئەلحەججار بوو بە قوتابیی ئەو و لە هەمان کاتیشدا بوو بە موریدی خەتی نەقشبەندی و پێدەچێت بە خەلیفەش دانرابێت.

لە سەرەتاکانی ساڵی 1830دا ئەحمەد ئەلحەججار گەڕایەوە بۆ دیمەشق لە سەر داواکاری و پێداگرتنی هاوشاربیەکانی و پاش ئەوە پەتایەکی سەخت زۆرێك لە خوێندەوار و زانایانی شارەکەی کوشت. لێرە لەگەڵ ئەحمەد ئەلترمانینی کەوتنە یەك، کەوا پێشتریش لەگەڵ باوکیدا دەستی کردبوو بە خوێندن و هەردوو زانا کەوتنە هەوڵی بووژاندنەوەی خویندن و فێرکردنی ئاینی لە شاری حەڵەبدا. ئەلترمانینی ( 1793 ـ 1876) موریدی ئەحمەد ئەلساویی رابەری خەڵوەتییەی میسر بوو، لەو دەمەدا کە لە ئەزهەر دەیخوێند. بە هەر حاڵ ، ئەم لە حەڵەب قورسایی خۆی خستە سەر زانستە ئاینییەکان و پاش ماوەیەك کرا بە موفتیی شافیعیی شارو مامۆستا لە مزگەوتی ئەمەویدا. ئەلترمانینی خۆی بە دوور دەگرت لە هاوڕێیەتی فەرمانڕەوا و کاربەدەستانی، هەرچەندە ئەوان بەدوای دۆعا و تەبەڕوکی ئەمەوە بوون، وەك ژیاننامەکەی دەرەیدەخات. لەبری ئەوە و هاوشان لەگەڵ نەریتی خەڵوەتیدا لە مینبەری وەعزەوە سەرزەنشتی ئەوانەی دەکرد کە لە دەسەڵاتدان بە هۆی ستەمکردنیانەوە لە خەڵك هەمان شێوە زاناو بازرگان و هەژارانیش بە هۆی کەمتەرخەمی و دەستبڕین و تەمەڵییانەوە.

ئەحمەد ئەلحەججار، کە لە مزگەوتی ئەمەویدا وانەبێژیشی دەکرد، زۆر سەرقاڵی مەسەلەی چاککردن و نوێکردنەوەی مزگەوت و مەدرەسە وێرانەکان بوو. یەکێك لەمانە لە گەڕەکی فەرافیرەی دەسترۆیشتووەکان، ناوی ئەمی هەڵگرتبوو. کاتێ قونسوڵێکی بێگانە مزگەوتێکی کۆنی ڕووخاند و شوێنەکەی کردە تەویلەی بەرزەوڵاخ حەججار خۆپیشاندانێکی رێکخست و والیی ناچار کرد بەڵێنی دروستکردنی مزگەوتێکی نوێ بدات لە شوێنەکەیدا.

ئەم کارو چالاکیانە ڕێز و پایەی حەججاری لای فەرمانڕەوایان و لای خەڵکی ئاسایی وەك یەك بەرزکردەوە. ئەو لە پێناوی خەڵکی ستەملێکیراودا بە زمانی زبر و بە ڕەقی لەگەڵ دەسەڵاتداران قسەی دەکرد و ئەوانیش لێی دەترسان. لە ساڵی 1845دا حەججار لەگەڵ گەورە پیاوانی ئاینیی سەرتاپا ئیمپراتۆریای عوسمانیدا بانگهێشتی ئەستەمبووڵ کرا بۆ ئامادەبوون لە ئاهەنگی خەتەنەکردنی کوڕانی سوڵتان عەبدولمەجیددا. سێ ساڵ دواترو لە میانەی ئاژاوەو پشێویی ساڵی 1850 دا، تێکەوتنی ئەم ژیانی تەقیەدین ئەلمودەڕیسی موفتیی حەنەفیی پاراست و لە کوشتن رزگاری کرد لە لایەن ئاژاوەگێڕانەوە.

ئەحمەد ئەلترمانینی و ئەحمەد ئەلحەججار بەوە دەناسران کە زانیانی بەرفراوانی ئاینی و خواناسیی لە سەر ڕێبازی سۆفیگەری ئاوێتەی یەکتر دەکەن. لە بەرانبەر هەڵوەشاندنی ترسناکی خوێندن و فێرکردندا لەو سەردەمەی حەلەبدا، هەردوکیان قورسایی خۆیان خستبووە سەر ئەوەی کە مامۆستای عیلم بن لە سەر حیسابی ئەرك و پەیامی هاوشێوەیان وەك ڕابەرانی تەسەوف. بۆیە بە یەکخستنی کۆششیان توانییان نەوەیەکی تەواوی خوێندەوار و زانا پێبگەیەنن لە حەلەبی سەردەمی تەنزیماتدا، نەك موریدی سۆفیگەری. بەڵام سەرچاوەی پابەندبوونی سۆفیگەری بوو بە مۆرکی جیابوونەوەی ئەو دوانە، چونکە میتۆدی ڕاستەوخۆی ئەلحەججار لە نەریتی نەقشبەندی ـ خالیدییەوە سەرچاوەی گرتبوو کەچی باکگراوندی خەڵوەتی بووبووە مۆرك و خاسییەتی ناڕاستەوخۆی ترمانینی. حەججار وەك دڵسۆزییەك بۆ میراتی نەقشبەندی دەیویست کار بکاتە سەر فەرمانڕەوایان لە هەوڵدانیدا بۆ بووژاندنەوەی مزگەوت و مەدرەسەکان، نەوەك سەرقاڵ بوونی تەواو بە وەعز و وانە وتنەوە. جیاوازییەکە لەو باسەدا کورتبووەتەوە کە ئەم گلەیی لە ترمانینی دەکات چونکە خۆی دابڕیوە و ئەوەی لەبیرچووەتەوە کە لە ڕۆژی قیامەتدا خودا پرسیار لە هەموو پیاوێکی ئاین دەکات کەوا چی کردووە لە پێناوی بەرز ڕاگرتنی شکۆی عیلمدا.

## لە ریفۆرمخوازییەوە بۆ سەلەفییەت

کاریگەریی تەریقەتی خالیدی لە حەلەبدا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا بە گەیشتنی زانای ریفۆرمخواز حوسەین ئەلبەعلی ( 1819 ـ 1855) خەڵکی غەززە، هێزو گوڕی تێگەڕا. بەداخەوە تەنها کورتەیەکی ژیاننامەی ئەم پیاوەمان لەبەردەستدایە، کە بەشیکی بایۆگرافیی ئینسکلۆپیدیای حەڵەبەو لە لایەن کامیل ئەلغەززیی کوڕیەوە ڕێکخراوە و پێدەچێت لەناوچووبێت. بەعلیی نەوەی خێزانێکی ناوداری غەززە لەگەڵ زانایانی ڕابەری تردا لە شارەکەی خۆی خوێندوویەتی و پاشانیش لە ئەزهەر. لە ماوەی مانەوەیدا لە میسر پێدەچێت ئایدیا سەرەتاییەکانی نوێخوازیی وەرگرتبێت کە بوو بە تەوژمێك لە سەردەمی حوکمی محەمەد عەلیدا و لە گەڕانەوەیدا بۆ غەززە کینەو دژایەتی بەرپاکرد دەرهەق بە دامەزراوە ئاینییە ناوخۆییەکان، بەڵام دواجار ناچار کرا بڕوات بۆ تەرابلوس و لەوێشەوە ساڵی 1849 بانگهێشتی نیشتەجێبوونی حەڵەب کرا.

چوونی حوسەین ئەلغەززی، کە دواتر بە ئەلبەعلی ناسرا، بۆ حەڵەب بە هۆی بۆ تێکەوتنی پیاوێکی ئاینی ترەوە بوو کە ناسنامەی لەوێ هەندێك لێڵیی تێدابوو. تەبباخ دەنووسێت لە شوێنێك کە محەمەد ئەلمەغریبیی بەناوبانگ

و موریدی ڕێبازی نەقشبەندی کە بە تەرابلوسدا تێپەڕیوە بەرەو حەڵەب و بەڵێنی داوە بە ئەلغەززی پێشوازیی گەرمی لێبکرێت و پۆستێکی گونجاوی بدرێتێ. لە شوێنێکی تر بە محەمەد ا ئەلغەززی و پاشان بە ئەلمیسری ناوی هێنراوە، کەموریدێکی خودی شێخ خالید خۆی بووە و بەینێك لە حەڵەب ژیاوە. لە دواییدا و لە ڕاگەیاندنی کۆچی دوایی کامیل ئەلغەززیدا باس لەوە کراوە کە تەنتاویی بەناوبانگی شێخەکەی باوکی کەوا حکومەتی ڕووسیا بانگهێشتی کردووە دەرسی عەرەبی بە ڕۆژهەلاّتناسەکانی بلێتەوە. بە کۆکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتانە پێکەوە وادەگەیەنن کە ئاماژە بێت بۆ محمّد الطنطاویی، گەورە مورید و شێخی ڕابەری خالیدی لە شاری دیمەشقی ئەو دەمەدا و کەوا لە گەنجیدا نیشتەجێی حەڵەب بووە و پاش بەسەربردنی چەندین ساڵ لە ئەزهەردا گەڕاوەتەوە بۆ سوریاو پێدەچێت بە گەیشتنیان بۆ حەڵەب ئەلغەززی کە لەگەڵ ئەم ڕابەرەدا خوێندبووی چووبێتە سەر ڕێبازی نەقشبەندی.

حوسەین ئەلغەززی هەر کە گەیشتووەتە حەڵەب کۆمەڵێك بازرگانی ناوخۆ باوەشیان بۆ کردووەتەوە، لەوانەی لە گەشەکردنی ئابوورییاندا خۆیان بە قەرزاری ریفۆرمەکانی تەنزیمات دەزانی. لە نێو ئەوانەدا سەرۆکی دەستەی بازرگانیی ناوخۆ خانوویەکی بەخشیووەتە ئەلغەززی و لە هەمان کاتیشدا کوڕەکەی مزگەوتی ئەشقەتمار (ئەلسەکاکینی)ی بۆ نوێکردبووە و پێداویستیی خۆی و قوتابییەکانی دابینکردبوو. پۆلەکانی ئەلغەززی شەعبیەتێکی گەورەیان هەبوو نەك لە بەر بواردنی قوتابیانی ئاینی لە ئەرك و کاری دزێوی بێگاری، بەڵکو دەیشیتوانی تاقمێك خوێندەواری گەنجی بابەتە ئاینییەکان ڕابکێشێت، کە لە ژێر کاریگەریی زانیارییەکانیدا بوون لە سەر ئەدەب بە فراوانترین مانای وشەکە. ئەم تاقمە، کە بە زۆری لە بیستەکانی تەمەنیاندا بوون، سەر بە بنەماڵە ئەعیانەکانی جابری و کەواکیبی و زوەتینی بوون. پێ بە پێ لەگەڵ گیانی نوێی ریفۆرمەکانی ئەم دواییەی تەنزیماتدا، ئەلغەززی هەڵوێستی نەرم و قوبووڵکردنی وەرگرتبوو لە ئاست غەیرە موسڵمانەکاندا. لە ماوەی ئاژاوەو پشێوییەکانی ساڵی 1850دا، کاتێ کەوا تاقمێك یاخیبوو چووبوونە مزگەوتەکەی و داوایان لێکردبوو بداتە پاڵیان و پێکەوە بچنە سەر گەڕەکی مەسیحییەکان، ئەمیش وای بە چاك زانیبوو لە ژوورەوە دەرگا لە سەر خۆی دابخات تا ئەو دۆخە چارەسەر کرا. پاشان ئەلغەززی بە توندی پشتگیریی عوسمانییەکانی دەکرد لە جەنگی قرمدا (کریمیا) و هانی خەڵکی دەدا بە خۆبەخشی بچنە ڕیزی سوپاوە.

حوسەین ئەلغەززی تەنها شەش ساڵی لە حەڵەبدا گوزەراند، تا مەرگی ناوادەی لە ساڵی 1855دا . بە هەر حاڵ، موریدەکانی لە دوو دەیەی دواتردا خۆیان جیاکردەوە وەك پشتیوانی دوا ریفۆرمەکانی تەنزیمات و بەپەرۆشەوە لە دیسپلین و مەسەلە نوێیەکاندا کاریان دەکردە و هەروەها پلە و پایەی شکۆداریان لە شاردا گرتەدەست و لەوانە سعد الدین الجابری (1832 ـ 1885) کە خووی دابووە سۆفیگەری و مێژوو، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی ناوچەکە بوو و ساڵی 1871دا بە فەرمانڕەوای حەڵەب هەڵبژێردرا. أحمد الكواكبی ( 1829 ـ 1882) ، کە سەرپەرشتیاری مزگەوت و تەکیّی کۆنی بنەماڵەکە بوو، لە هەمان کاتیشدا مامۆستای مزگەوتی ئەمەوی و قازیی حەڵەب بوو، دواتریش کرا بە ئەندامی ئەنجومەنی ویلایەت و تەرخان کرا بۆ نووسینی بەڵگەنامە یاساییەکان، لە بەر ئەوەی تورکیی خوێندبوو. أحمد الزویتینی ( 1831 ـ 1898) کە باکگراوندێکی رەشۆکیی هەبوو،

سەرپەرشتیاری مەدرەسەی شەعبانییە بوو و لە ساڵی 1864ەوەو پەرەی پێدا و کردیە یەکێك لە میللیترین قوتابخانەی ئاینی لەحەڵەبدا.[58] کەواکیبی و پێدەچێت ئەندامانی تری گرووپەکەش، پەیوەندیی نزیکی خۆیان لەگەڵ تەکێی هیلالیدا هێشتبێتەوە، کەوا کۆنترین سەنتەری ریفۆرمیزم بوو لە شارەکەدا.

شوێنکەوتووانی ئەم پیاوانەی کە رابەری ئەقڵییەتی ریفۆرمی ئاینی بوون، لە نێو پێشەنگای رێبازی سەلەفیی نوێخوازدا بوون لە حەڵەبدا. کامیلی کوڕی حوسەین ئەلغەززی و بەشیری زڕبراشی لەو نوێخوازانە بوون کەوا خوێندن و فێرکردنیان بە شێوەیەکی زیندوو تێکەڵی ئەدەب و زانست کردبوو و ئازادانە پەیوەندییان بە خەڵکی مەسیحی و قونسوڵە بێگانەکانەوە دەکرد لە پێناوی خوێندن و خوێندەواریدا. کامیل ئەلغەززیی مێژوونووسی شارەکە گەڵ پلەو پایەی لە بواری پەروەردەو ئابووریدا بەدەستهێنا لەوێ و لە سەردەمی ماندێتی فەرنساشدا بە ئەندامی ئەکادیمیای زانیاریی عەرەبی هەڵبژێردراو سەرپەرشتیی کۆمەڵەی ئارکیۆلۆجیی حەڵەبیشی دەکرد.[59] کتێبە بایەخدار و ناودارەکەی "نهر الذهب فی تاریخ حلب" گەنجینەیەکی تەواوی زانیاریی بوو لە سەر تۆپۆگرافی و مێژووی شارەکە و دەوروپشتی.[60] بەشیر ئەلغەززی کارامەیی خۆی لە فەلسەفەو زانستەکانی ڕۆژئاوادا نواند و بە هەمان شێوەش لە زمانی عەرەبیدا. هەروەها وەك موفتیی یاریدەدەری محەمەد ئەلعابسیش کاری کردووە و بە هیچ کلۆجێ قایل نەبووە جێگەی بگرێتەوە لە پاش شۆڕشی تورکە لاوەکان. لە لایەکی ترەوە، سەرۆکی لقی حەڵەبی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی و ئەندامی پەرلەمانی عوسمانی بووە (مەجلیسی مەبعووسان ـ و). بەشیر بە ماوەیەکی کەم پاش ئەوەی حوکمڕانە فەرەنسییە تازەکان کردیان بە سەرۆکی قازییەکانی حەڵەب، کۆچی دوایی کرد.[61]

هەندێك لە جێگرەوەکانی حوسەین ئەلغەززی، لەوانەی کە خولیای سیاسەتیان هەبوو لەو بوارە فەرهەنگیانە ئەولاتر رۆیشتن و هەڵوێستێکی نەیارانەیان لە بەرانبەر حوکمی ئۆتۆکراتیی عەبدولحەمیدی دووەمدا نواندو هاوزەمان کۆمەڵێك زاناو سۆفیی رەخنەگری موحافزەکاریان گەلاڵە کردو دژ بە سیاسەتی سوڵتان کاریان دەکرد. ئەم ریفۆرمخوازانە بەشێك بوون لە ڕێبازی بەرفراوانتری سەلەفییە نوێخوازەکان، کە لەو کاتەدا لە بەغداو دیمەشق و شارە عەرەبییەکانی تری ئیمپراتۆریای عوسمانیدا دروستبووبوون. لە حەڵەبدا، وەك هەر شوێنێکی تر، سەلەفییەکان ئەمسەرو ئەوسەریان بوو لە نێوان قوبووڵ کردنی پۆستە ڕەسمییەکاندا بۆ دابینکردنی ژیان و گوزەرانیان و گەڕان بە دوای کاری تردا بۆ ئەوەی لە ڕژێم خۆ بە دوور بگرن.[62] هەڵوێستێکی نەیارانە لە ژیاننامەی ئەحمەد ئەلزوەیتینیی موریدی راستەوخۆی حوسەین ئەلغەززیی دەردەکەوێت، کە لە ساڵی 1886دا و بە ئاشکرا لە سۆنگەی زانیاری و پلەوپایەی بەرزیەوە بەموفتی حەنەفی دانرا لە حەڵەبدا. بەڵام زوەتینی سوور بوو لە سەر ئەوەی نەچێتە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی ویلایەتەوە کەوا بە حوکمی پۆستەکەی ئەندام بوو تێیدا و ئەو دۆکیومێنتانەی پێویست بوو ئیمزای ئەمیان لە سەر بێت بۆیان دەنارده ئۆفیسەکەی خۆی. لە نەوەی دواتردا، عەبدولحەمید ئەلجابری بە نێو نووسینە زۆر و زەوەندەکانی ئەم پیاوەدا دەگەڕا بۆ سەلماندنی تەواو گونجانی شەریعەت لەگەڵ شارستانێتی نوێدا و لە هەمان کاتیشدا داکۆکیی لە حکومەتێکی بەرپرسیارو مونەووەر دەکرد.[63]

ناودارترین کەسایەتی لە نێو سەلەفییە بەراییەکانی حەڵەبدا عەبدوڕەحمان ئەلکەواکیبی بوو.[64] ئەم کەسایەتییە کوڕی ئەحمەد ئەلکەواکیبی بوو کە لە مزگەوتی بنەماڵەکەی خۆیاندا خوێندبووی. لە هەمان کاتیشدا خۆی لە قوتابخانەیەکی ڕەسمیدا ناونووس کردبوو و تورکی و فارسیشی لای مامۆستای تایبەت دەخوێند. بە پاڵپشتی ئەمانەو خوێندنەوەی فراوانی بۆ سیاسەت و زانست دیوەخانێکی دانابوو و بەردەوام گرفت و کێشەکانی وڵاتی تێدا باس دەکرا. کەواکیبی بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ئەلفورات)ی ڕەسمی دانرا، بەڵام دواتر چەند ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی دامەزراند وەك "الشهباء" (کە ناوی حەڵەبە) و " الإعتدال" (واتە میانڕەوی)، کەوا هێرشی توندیان دەکردە سەر کاربەدەستەگەندەڵەکان تائەوکاتەی داخران .[65] ئەم شێوازە لەساڵانی دواتر داخۆی دووپات دەکردەوە . کەواکیبی بەرپرسی بۆردی خوێندن و فێرکردن بوو، کاربەدەستێکی وەزارەتی ئەشغالی گشتی بوو، سەرۆکی شارەوانی بوو و سەرۆکی یەکێتیی بازرگانی حەڵەب بوو. بەڵام ئەمە بەردەوام دەگۆڕاو هەراسان کردن سەری هەڵدەدایەوە. کەواکبیی دوو جار گیرا، جارێکیان ساڵی 1885 بە بیانووی دەستدرێژی کردنە سەر ژیانی والی و جارێکیشیان بە هۆی پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی نهێنی دژە حکومەت. لە هەردوو حاڵەتەکەدا کەواکیبی بێبەری بووە لە هەموو تۆمەتێك ئەم پیاوە لەبەر ئەوەی شکستی هێنا لەدامەزراندنی بەحاکمی شاری ڕاشیای باشووری لوبنان دواجار هەڵات بۆ میسرو لەوێ بە پێچەوانەی ئامۆژگاریی کامیل ئەلغەززیی دۆستی نزیکی هەردوو کتێبە بەناوبانگە ڕەخنەییەکەی دژە حەمیدیی بڵاوکردەوە بە ناوی "أمّ القرى" (واتە مەککە) و "طبائع الإستبداد" (واتە سروشتی ملهوڕی).

عەبدوڕەحمانی کەواکیبی بە تەواوی ئاگادار بوو لە بنەماکانی ڕێبازی نەقشبەندی و داواکاریی ئەوەی کەوا خەتی سۆفیگەری تا پەڕی ئەوپەڕ وابەستەی شەریعەتە. لەڕاستیدا یەك لە بەشدارانی کۆنفرانسی خەیاڵیی ئیسلامی لە ئومولقورادا ڕابەرێکی نەقشبەندیی بوو بە ناوی شێخی سندیی، کەوا ڕێبازەکەی لە هندستان و کەشمیر و قازان و سیبریادا بڵاو دەکردەوە، کە ئەمانە هەموو سەنتەری گرنگی ئەو تەریقەتە بوون. بە هەر حاڵ، ئەو کە گوێبیستی ڕەخنەی بەشدارانی تر بوو لەمەڕ بەجێهێنانی ڕێوڕەسمی سۆفیگەری، پەیمانی بە خودی خۆی دا کە دەسبەرداری تەریقەتەکەی خۆی بێت. جەختکردنی شێخ بوو بە ڕێخۆشکەرێك بۆ مشتومڕی کەواکیبی لە سەر سۆفیزم بە شێوەیەکی گشتی. ئەو پێ لەوە دەنێت کەوا سۆفییە بەراییەکان نیاز و مەبەستی باشیان هەبووەو هەندێك لەمانەدواترو بە شێوەیەکی زۆر تایبەت سنووسییەکان، گیانی ڕەسەنایەتییان هێشتبووەوە.[66] بە هەر حاڵ، نەقشبەندییەکان نەدەچوونەوە سەر ئەم تاقمە چونکە زۆرێکیان پەیڕەویی ئەبولهودای سەییادییان دەکرد لە خۆتێکەڵکردنیان بە حوکمی ملهوڕیی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، کەواکیبی و هاوکارە سەلەفییەکانی ڕوانییان کەوا جیاوازیی نیە لە نێوان ئەمان و تەمەسسوك کردن بە تەریقەتەکانی ترەوە. کەواکیبی لە ڕەتکردنەوەیدا بۆ پەرستن و شەفاعەت کردنی چاك و پیران سەر بە باوەڕی نەجدییە، کە سووکە مۆرکێکی شاراوەی پێوەیە: لەناویاندا (بە دەر لە موسڵمانانی نیمچە دوورگەی عەرەب) خەڵکانێك هەن کە وێنە و تابلۆیان بە دیواری ماڵەکانیان و تەنانەت بە دیواری مزگەوتەکانیشەوە هەڵواسیوەو ناوی کەسە شەفاعەتخوازەکانیانە لە سەر شێوەی تابلۆ و وێنەی کریستیان و بتپەرستان. ئەوان لێیان دەپاڕێنەوە کە دۆعای خێریان بۆ بکەن و لە ڕێگەی ئەوانەوە

هاوار دەکەنە چاك و پیران وەك "یاعەلی، یا شازلی، یا دەسووقی، یارفاعی، یا بەهائەدینی نەقشی، یا جەلالەدینی روومی، یا بەکتاش وەلی". [67] لە دوا رەنگرێژی کۆڕی کۆنفرانسە خەیاڵییەکەیدا کەواکیبی پێشنیاری سەپاندنی ئەرکێکی تایبەت دەکات بە سەر هەر کام لە تەریقەتەکاندا لە بواری خزمەتگوزاریی چاودێریی نیشتمانی بۆ هەتیوان و یارمەتیدانی هەژاران و داواکردن لە خەڵك بۆ ئەنجامدانی نوێژو پاڕانەوەو هاندانی بێزکردنەوە لە خواردنەوەی مەستکەر وەك قەرەبوویەك بۆ وازهێنان لە هەندێ ڕێوڕەسمیان. [68]

## موحافزەکاری و هاتنە سەر ڕێی چاکە

هاوکات لەگەڵ پەیدابوونی ڕێبازی سەلەفیدا سێیەم کەسایەتیی خالیدی لە حەڵەبدا دەرکەوت. ئەحمەد ئەلسددیق بازرگانیکی دەوڵەمەند بوو و لە گەڵ ئەوروپاو وڵاتانی تری ئیسلامیدا بازرگانیی دەکرد. ئێمە ژیاننامەیەکی تاڕادەیەك باشمان لە سەر ئەم پیاوە دەستکەوتووە لە کورتە باسەکەی ئەلتەبباخەوە کە بە شانازییەوە باسی دەست و دڵ فراوانیی دەکات و لە هەمان کاتیشدا هەواداریی ئاینیی پەردەپۆش دەکات. [69] ئەلسددیق ( 1844 ـ 1924)، کە بە هەتیوی گەورە بووبوو، لە نیوەی دووەمی ساڵانی 1860کاندا بەردەوام دەچووە دەرسی ئەحمەد ئەلتڕمانینی یەوە و پاشانیش لە دیمەشق و مەدینە درێژەی بە خوێندنی ئاینی دا. لە مەدینە خۆی تەرخان کرد بۆ بواری حەدیس و لە سەر دەستی عەبدولجەبار بەسری، کە بە بنەچە خەڵکی نەجد بوو و سەر بە قوتابخانەی حەنبەلی بوو، چووە سەر ڕێبازی نەقشبەندی ـ خالیدی. [70] دواتر ئەلسددیق ڕۆیشت بۆ بەسرە و لەوێ لە خێزانێکی دەوڵەمەندی ئەو شارە ژنی هێناو دەستی کردە بازرگانیی ئاورێشم لەگەڵ هندستان و حیجازدا. ئێمە تەنها بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەزانین کەوا لەو ماوەیەدا بووە بە هەواخوای خویندنی حەدیس و ڕێبازی سۆفیگەریی داود ئیبن جەرجیسی هاوەڵی بەناوبانگ و دەرکەوتووی ئەلبەسری، کە شێخێکی ڕابەری خالیدیی بەغدا و رکابەری سەرەکیی سەلەفییەتی عێراق بوو. [71]

ساڵی 1874 ئەحمەد ئەلسددیق گەڕایەوە بۆ حەڵەب و خانوویەکی لە گەڕەکی بانکوسەی پۆشتەو پەرداخدا دروستکرد. لە پاش دە ساڵی تری پڕکاریی سەفەر و موعامەلە، دواجار جێگیر بوو و دەستی کردە وانە وتنەوە لە مزگەوتی ئەحمەدیی نزیك ماڵەکەیدا، کە پێشتر وەقفێکی باشی بۆ تەرخان کردبوو. ئەلسددیق مزگەوتەکەی فراوانکردو لە تەنیشتیەوە تەکێیەکی دوونهۆمیی دروست کرد، کە یەکەمیانی خستە خزمەتی پەیڕەوانی خەلۆەتییەوە و دووەمیش بۆ (ختم الخواجەکان)، کە ویردو دۆعایەك بوو بۆ سیلسیلەی ڕابەرانی نەقشبەندی دەخوێنرا. ئەم بینایە بە رۆژدا وەك حوجرە بەکاردەهات و کتێبخانەیەکی بەنرخی تێدابوو. ئەلسددیقیش وەك ئەوانی پێش خۆی دانەنرا بەشێخ وجێگرەوەی نەبوو، هەرچەندە سەرچاوەیەکی دوور ئیدیعای ئەوە دەکات کەوا کەسێکی سەر بە حەمەوییە خەلیفەی بووە. [72] لە لایەکی ترەوە، هەندێ کتێبی لە سەر قوتابخانەی حەنبەلی داناوە لە گەڵ گەشتنامەیەك و نامیلکەیەکی شیعری لە سەر قوتابخانەی حەنبەلی بۆ یاسا، کەوا سەر بە ڕابەرە نەقشبەندییەکەی بووە و دواتر وابەستەی سەلەفییەت بوو.

لێکدان وتێکەڵبوونێکی جۆراوجۆری موحافزەکاری و برەوی ئاینی لە بایۆگرافییەکەی عەبدوڕەحمان ئەلحەججاردا (1853 – 1918) ڕەنگدەداتەوە، کەوا کوڕی یەکەم شێخ و رابەری خالیدی بوو لە حەڵەبدا. هەرچەندە لە تەمەنی هەشت ساڵیدا باوکی کۆچی دوایی کرد بەلاّم ڕێگەی عەبدوڕەحمان بەرەو پایەو مەقامی ئاینی بێ قۆرت بوو. ئەم لەگەڵ هاوەڵ و هاوتەمەنەکەی باوکی، کە أحمد الترمانینی بوو و بە هەمان شێوەش لەگەڵ موریدانی حوسێن ئەلغەززیدا: أحمد الزويتيني و أحمد الكواكبي. لە سەرەتای ساڵانی 1880کاندا ئەلحەججار لە ئەزهەردا درێژەی بە خوێندنەکەی دا. محمد العابسي لە ناو هاوخوێندنەکانیدا بوو کە سەر بە تەکێی ئەبولهودای سەییادی بوو لە ئەستەمبووڵ. حەججار کە چووە سەر تەریقەتی ریفاعی ناردیان بۆ بلاّوکردنەوەی ئەو تەریقەتە لە ولاّتی هندستان بەلاّم سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بە دەست نەهێنا، لە بەر ئەوە بە نائومێدی گەڕایەوە بۆ حەڵەب و جێگەی باوکی گرتەوە لە مزگەوتی ئەمەوی و مزگەوتەکانی تردا و هاوزەمان تەدریسی زانیاریی ئاینیشی دەکرد لە تەکێی هیلالیدا. ساڵی 1892 حەججار کرا بە موفتی ڕەققە لە ناوچەی جزیرەی باکووری ڕۆئاوای سوریا و لەوێ پاشماوەی ژیانی بە وانە وتنەوە و فێرکردنی خەڵکەوە بەسەربرد لە بارەی ئاینەوەو هانیدەدان منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە.[73]

## لە میللییەتەوە (پۆپۆلیزم) بۆ ئیخوان موسلیمین

دوایین هەوڵدان و بە ئاشکراش سەرکەوتووترینیان بۆ چاندنی تەریقەتی نەقشبەندی خالیدی لە حەڵەبدا لە ماوەی ماندێتی فەرەنسیدا بوو. ئەمەش بە هۆی کاری محەمەد عەبدولناسر خەلفەوە بوو ( 1875 ـ 1949)، کە ڕابەری تەریقەتەکە بوو لە حمس. بەم ڕەنگە و بە پێی بیرو بۆچوونی ئاینیانەی کۆنسێرڤاتیڤی، خەلەف لە ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆی دوورکەوتەوە و بەردەوام لە گوندو شارەکانی باکووری سوریادا بە دوای موریددا دەگەڕا. ئەم ستراتیجە میللییە گەلێ شوێنکەوتووی بۆ پەیدا کرد لەم ناوچانەدا و لە نێو زانایان و خەڵکی ئاساییدا.[74] خەلەف لە سەردانی بەردەوامیدا بۆ حەڵەب کۆڕی گەورەی زیکری دەبەست کەوا لە ناو خەڵکێکی فرەو فرەواندا مامۆستایان و قوتابیانی کۆلێجی شەریعەی خوسرەویشی بۆ لای خۆی کێش دەکرد. ئەم پیاوە تەکێیەکی نەقشبەندیی لە مزگەوتی عوسمانییەدا دامەزراند کە لە لایەن عەبدولباسیتی کوڕیەوە بەڕێوەدەبراو تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش سەنتەری سەرەکیی تەریقەتەکەیە لەم شارەدا[75]. ڕابەرێکی تری نەقشبەندیی میللی لە حەڵەبدا، لە سەردەمی ماندێت و پاش سەربەخۆییدا محەمەد ئەلنەبهانی بوو (کە لە ساڵی 1956دا کۆچی دوایی کرد). ئێستا کوڕەکەی ئیمامی مزگەوتێکە لە گەڕەکی بەییادەدا بە ناوی ئەمەوەو خزمەت و ڕێنمایی لایەنی موحافزەکاری ئەم تەریقەتە دەکات.[76] دەرکەوتووترین خەلیفەی ئەبولنەسرخەلەف لە حەڵەبدا عیسای بیانوونی بوو، کە هیچ بایۆگرافییەکی گونجاو لای خۆیەوە لە بەردەستدا نیەو وردەکارییەکی ژیانی بە شێوەیەکی بەرچاو لە سەرچاوە فەرەنسییەکانەوە دەستکەوتووە. بەیانوونی ( 1873 ـ 1943) خۆی تەرخان کردبوو بۆ ئەدەب و یاساو دەستووری ئاین و بە

شێوەیەکی سەرەکی خەلیفەی مصطفی الهلالیی سەر بە تەریقەتی قادری خەڵوەتی بوو. [77] لە گەرماوگەرمی دوای هەڵوەشانەوەی خیلافەتدا، ساڵی 1924 لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی تورکییەوە، ئەو پشتگیریی لە کاندیدکردنی شەریف حوسەین دەکرد بۆ ئەو پۆستە.[78] دواتر پێدەچێت چووبێتە دەستەی مامۆستایانی کۆلێجی خوسرەوییەوەو[79] پاشان کرا بە واعیز لە کۆلێجی عوسمانییەدا و ئەگەری ئەوەش هەیە خەڵەف داینابێت. لە ساڵی 1931دا بەیانوونی دەستی لەگەڵ "جمعیة البرّ والأخلاق" ی تازە دامەزراودا تێکەڵ کرد پاشانیش لەگەڵ ڕابەری ئیخوان موسلیمین معروف الدوالیبی لە ڕێکخستنی پرۆتێستدا دژ بە داگیرکردنی لیبیا لە لایەن ئیتاڵیاوە.[80] هەشت ساڵ دواتر ناوی لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری لیژنەی عولەمای حەڵەبدا هاتووە. [81] بەیانوونی لە دوادواییەکانی تەمەنیدا یاساو دەستووری مەزهەبی حەنەفیی دەوتەوە لە مزگەوتی بانقووسەداو یەکەم زانا بوو لە حەڵەبدا کەوا کۆرسێکی تایبەتی بۆ ئافرەتان کردەوە.[82]

زانیاری لە سەر ئینتیمای نەقشبەندیی عیسی البیانونی لە دوو کاری بڵاوکراوەیدا دەردەکەوێت، یەکەمیان لە ئاخرو ئۆخری ساڵی 1922دا نووسراوەو قەسیدەیەکی چاپی بەردینە لە سەر ئاهەنگی لەدایکبوونی پێغەمبەر محەمەدە، کەوا بە شێوازێکی نەریتی پەسن و ستایشی دەکات وەك سەرچاوەی هەموو خێرو چاکەیەك و بە ناوی "الحلبی" یەوە ئیمزای کردووە. [83] دووەم کار، کورتەی کتێبێکی پێشترە لە سەر بنەماو شێوازەکانی تەریقەتی نەقشبەندی، کە ساڵێك پاش ئەویتر تەواوی کردووە لە 1926 دا. لێرەدا بەیانوونی ئەم نازناوەی خستووەتە سەر ناوەکەی خۆی "خزمەتکاری رابەری گەورەو مورشیدی بەناوبانگ شێخ محەمەد ئەبولنەسر خەلەف". لە سەرەتای کتێبەکەیدا زیاتر روونیدەکاتەوە کەوا بڕیاری دەستپێکردنی ئەم کتێبەی داوە پاش ئەوەی دەسنیشانکراوە بۆ ئەوەی خەریکی کاروباری موریدەکانی رابەرەکەی بێت لە حەڵەب و دەوروبەریدا. کاتێ بەیانونی ئەنجامی هەوڵ و کۆششەکانی خستووەتە بەردەمی خەڵەف شێخ ئامۆژگاریی کردووە کەوا کارەکە کورت بکاتەوە بۆ ئەوەی ئاسانتر بێت بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی، کە ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ هەواخوایی پۆپیولاریزمی.[84]

دەسپێکی کتێبەکەی عیسی البیانونی لە سەر تەریقەتی نەقشبەندی پێناسەکردنی "ئەدەب"ە بە دانانی شتەکان لە شوێنی راستی خۆیانداو ئەوەی باش بێت بکرێت و جەختی لە سەر ئەوە دەکرد کە ئەمەیان باشترینی هەموو راهێنانەکانی سۆفییە. پاشان کەوتووەتە ژماردنی پێویستییەکانی رێبازی نەقشبەندی لەگەڵ تەئکید کردن لە سەر کاریگەریی رابیتە ـ کە دڵبەندییە لەگەڵ رابەردا تەنانەت کاتێ لە حوزووریشیدا نابیت ـ کە لە رۆژگاری شێخ خالیدەوە مشتومڕێکی زۆری بەرپاکردووە.[85] لە هەمان کاتدا سەرنجی ئەوە دەدا کەوا خەڵەف ئەو کۆت و بەندەی خالیدی خاوکردووەتەوە بەرامبەر بە ئامادەبوونی خەڵکی نامۆ لە کات و ساتی خەتمولخواجەگاندا بەو پێیەی کەوا بەشداربوونیان رەنگە ببێتە ئەوەی تەمەسسوك بە تەریقەتەکەوە بکەن. [86]بەیانونی لە بەشەکانی دواتری کتێبەکەیدا جەخت لە سەر ئەرکی سۆفی دەکاتەوە کە پابەندی شەریعەت بێت و فەرمان بە خۆشەویستیی ئالی بەیت و سۆفییە پایەبەرزەکان دەکات و بەرگریی لە سەماعی باتین (واتە تێڕامان ـ و) و سەردانی مەزاری پیاوچاکان دەکات، لەولاشەوە، وەك هەوادارێکی چالاکی تەریقەتی نەقشبەندی، ئەوە روونەدەکاتەوە کە رابەری

راستەقینە پێویستە بە پێی هەلومەرجی زەمانی خۆی گەشەو مامەڵە بکات و رەخنە لە کاراکتەری سەرنجڕاکێشی کۆڕی بە دەبدەبەی سۆفی دەگرێت لەو ڕۆژگارەی خۆیدا.[87]

ئەڵبەتە عیسی البیانونی هەرگیز نەکراوە بە خەلیفەو هەرگیز جێگری نەبووەو شوێنکەوتووانی وزەو توانای خۆیان زیاتر لە بەدەستهێنانی عیلمدا بەکارهێناوە. لە پێشی ئەمانەوە أحمد عزالدین البیانونی کوڕی عیسا بوو، کە بوو بە ئەندامی "رابیطة العلماء" لە حەڵەب و عبدالفتاح أبو غدة کە نزیکترین موریدی کوڕەکەی بوو و کرا بە گەورە مامۆستای فیقھ و خوێندنی ئیسلامی لە قوتابخانەکانی شاردا، ئەبو غودد ە لە یادەوەرییەکەیدا دەڵێ کەوا عیسا لە ناو مامۆستاکانی پێشوویدا باس لەوە دەکات کە زۆر کتێبی لە گەڵ خوێندووەتەوە، بە تایبەتی لە سەر ئەخلاق و سۆفیزم، هەندێ جار بە حوزووری شێخەکەی ، کە ئەبولنەسر خەڵەفە.[88] ئەبوغوددە لە کاتێکدا کە سەرقاڵی تەواوکردنی خوێندنەکەی بوو لە ئەزهەر بوو بە خەلیفەی شێخ محمد زاهد الکوثری، کە شێخێکی خالیدیی تورکیی ئاوارە بوو.[89] لە هەمان کاتدا چووە پاڵ کۆمەڵەی ئیخوان موسلیمین لەو شارەدا. دە ساڵ دواترو پاش جیابوونەوەی سوریا لە یەکگرتن لەگەڵ میسردا، ئەبوغوددە بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرا.[90]

لە پاش هاتنە سەر دەسەلاتی بەعس، أحمد البیانونی و عبدالفتاح أبو غدة وەك دوو سەرکردەی ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامی لە حەڵەبدا خۆیان جیاکردەوە. لە هەمان کاتیشدا بەرەنگاری سەرکردایەتیی عصام العطار بوونەوە کە جێگرەوەی السباعی بوو وەك سەرۆکی ئیخوان موسلیمینەکانی سوریا لە هەردو باری میانرەوی و زیادەڕەوێتیی داشکاندن بە لای سەلەفییەتی پەڕگردا. لە ماوەی نیوەی دووەمی ساڵانی 1960 کاندا بەیانوونی کۆمەڵەی سەربازیی ئیسلامیی ئەبو زەڕی دامەزراندو سەرکردایەتیی دەکرد.[91] لە هەمان کاتیشدا کتێبێکی دەرکرد و تێیدا هێرش دەکاتە سەر پەیڕەویکردنی ئیجتیهادی بێسنوور. محەمەد ئەلحامید لە نێو کەسانی بەشداردا بوو، کە خەلیفەی دەرکەوتووی ئەبولنەسر خەڵەف بوو لە شاری حەما.[92] ئەبو غوددە لە ساڵی 1966 دا بۆ ماوەی ساڵێك بەندکرا و پاشان ناچار کرا وڵات بەجێبێڵێ و بە گەیشتنی بۆ عەرەبستانی سعوودی لە ساڵی 1970دا کەوتە بەرەنگاریی سەرکردایەتیی العطار، کە ئەویش هەر ئاوارە بوو لەوێ و بانگەشەی خۆسازدانی بۆ جیهاد دەکرد.[93]

لەو کاتەدا ئەبو غوددە پرۆژەیەکی رۆشنبیریی بەرفراوانی گەڵاڵە کردبوو بۆ پاراستن و داکۆکی کردن لە "عیلمی" نەریتی.[94] لە حەڵەب، أحمد البیانونی لە ساڵی 1974دا، محەمەد ئەبولنەسری کوڕی (کە ساڵی 1944 لەدایك بووە) لە جێگەی خۆی دانا و خۆیشی وەك لێکۆڵەرێك لە بواری یاسای ئیسلامیدا لە هەردوو رابیتەی عولەما و کۆمەڵەی ئەبوزەڕدا مایەوە. کاتێ خەبات و تێکۆشان لە دژی بەعس پەرەیسەند، ئەو بوو بە سکرتێری گشتیی بەرەی ئیسلامی کە لە کۆتایی ساڵی 1980دا پەیدابوو وەك هەوڵێك بۆ یەکخستنی لایەنە ئیسلامییە جیاوازەکانی وەك زانایان و چالاککاران و سۆفییە ڕاستەقینەکان لە بزووتنەوەیەکی بەرهەڵستیی کاریگەردا.[95] راگەیاندن و بەرنامەی شۆڕشی ئیسلامی، کە ئەودەمە بەرە بلاّویکردنەوە، لە لایەن کوڕەزایەکی تری عیساوە ئیمزا کرابوو، بە ناوی علی صدرالدین البیانونی، بە یەکەوە لەگەڵ عدنان سعدالدین، کە دواتر بوو بە سەرپەرشتیاری گشتیی ئیخوان موسلیمینەکانی سوریا و سەعید حەووای ئایدیۆلۆجیستی بەناوبانگی ئیخوان، کەوا خۆیشی سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی بوو.[96] بە دوای سەرکوتکردنە خوێناوییەکەی راپەڕینی ئیسلامی لە حەما دا ساڵی 1982، بەیانوونی و ئەبوغوددە هەردوکیان قەناعەتیان بەوە هێنا کە لەگەڵ رژێمدا لێکتری تێبگەن و پەیوەندییان باش بێت.[97] لە ساڵی 1995 دا ئەبو غوددەی بەساڵداچوو رێگەی پێدرا بگەڕێتەوە بۆ سوریا و تا کۆتایی ژیانی لەوێ مایەوە.[98] علی

البیانونی ، کە ئەمڕۆ سەرۆکی دانپێدانراوی ئیخوانەکانی سوریایە، بەردەوامە لە سەر بانگەشەی ئاشتەوایی نیشتمانی و سارێژ کردنی برینەکان.[99]

## ئـــــەنـــــجـــــام

ئامادەگیی تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لە حەڵەبدا لە ماوەی دوو سەدەی ئەو پەیدابوونەدا جێگیر نەبوو. لەو ماوەیەدا چوار جۆری سەرەکیی لە پەیڕەوانی تەریقەتەکە لەو شارەدا کاریان دەکرد، بەڵام هەر یەکەو بە ڕۆڵی خۆی بە گەرمی دەیویست بایەخ بە مەیلداریی سۆفیگەرانەی خۆی بدات. لە دووەم چارەکی سەدەی نۆزدەیەمدا ئەحمەد ئەلحەججارهێز و توانای خۆی تەرخان کرد بۆ بووژاندنەوەی دام و دەزگا ئاینییەکان و لە ناوەڕاستی سەدەدا حوسەین ئەلغەززی کەوتە هەوڵدان بۆ نوێکردنەوەی چاکسازییەکانی تەنزیمات و بەرەو کۆتایی ئەو سەدەیە ئەحمەد ئەلسددیق ئەوپەڕی تێدەکۆشا بۆ هێنانە سەر ڕێی چینی ناوەڕاست کە لە ژێر کاریگەری ڕۆژئاوادا بووە.لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا عیسی البیانونی کۆششی خۆی خستە پاڵ ئەو هەوڵانەی کە بۆ پاراستنی شان و شکۆی زانایان و دینداریی جەماوەریی موسڵمانان دەدرا. بەڵام سەرباری ئەم شکستی ڕێکخراوەییە بنەمای بیروباوەڕ و چالاکی تەریقەتی خالیدی خۆیان خزاندبووە نێو ژیانی ئاینی حەڵەبەوە، هەروەها کاریگەری خۆیان دانابوو لە سەر هەردوو بەرەی موحافزەکار، کە هەوڵی جیددی دەدا بۆ پاراستنی زانیاریی ترادیسیۆناڵ و سۆفینیزم، هەروەها بەرەی ریفۆرمیستەکانیش، چەشنی عبدالرحمن الکواکبی سەلەفی و ئیخوان موسلیمینەکانی چەشنی عبدالفتاح أبو غدە و علی البیانونی ، کە هەوڵ و تەقەلای ئەوەیان بوو ئیسلام لەگەڵ مۆدێرنیتەدا بگونجێنن. بنەما هاوبەشەکانی خالیدی پشتگیریی هاوکاری و هەماهەنگیی بەرچاوی زانایان و سۆفییەکان و ئیسلامیستەکانی دەکرد لە حەڵەب و شوێنانی تری سوریادا. ئەمەش بووبوو بە مۆرك و خاسییەتی قۆناخەکانی ئەم دواییەی خەباتی نیشتمانیی دژ بە فەرەنسییەکان و یاخیبوون و ڕاپەڕینی ئیسلامییش دژ بە بەعس.

## پـــــــــەراوێـــــــز:

[xli] بوتروس ئەبو مەننە، "لێکۆڵینەوە لە سەر ئیسلام و ئیمپراتۆریای عوسمانی لە سەدەی نۆزدەیەمدا ( 1826 ـ 1876"، (ئەستەمبووڵ، چاپی ئیزیس، 2001)، بەشەکانی 1 ـ 6.

[xli] بە تایبەتی بڕوانە ئیسحاق وایزمان، "تاقیکردنەوەی مردێرینتە: سۆفیزم و سەلەفییەت و عەرەبیزم لەدیمەشقی کۆتایی سەردەمی عوسمانیدا"، (لیدن: بریڵ، 2001). هەروەها "شێخی لەیادچوو: عیسای کوردی و تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لە شامی سەدەی بیستەمدا"، گۆڤاری جیهانی ئیسلام، ژمارە *(43)*، ساڵی 2003، ل 273 ـ 293، *Die Welt des Islam* . هەروەها، "سیاسەتەکانی ئاینی نەریتی: سۆفییەکان و سەلەفییەکان و تەریقەت و ڕێکخراوی موسڵمانەکان لە شاری حەمای سەدەی بیستەمدا"، گۆڤاری نێودەوڵەتیی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژمارە 37، ساڵی 2005، ل 39 ـ 58.
*International Journal of Middle East studies*

[xli]ئەندرێ رەیمۆند "حەڵەب لە سەردەمی عوسمانییەکاندا (سەدەکانی 16 و 17)": (پێداچوونەوەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر جیهانی ئیسلام و ناوچەی دەریای ناوەڕاست کراوە- بەتایبەتی حەڵەب و باکووری سووریا) 1991 ــ 1994)، ل93 ــ 109. ئەبراهام مارکۆس "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لێواری مۆدێرنیتەدا: حەڵەب لە سەدەی هەژدەیەمدا)، (نیویۆرك: چاپی زانکۆی کۆڵۆمبیا، 1989)، ل13 ــ 48.

[xli]هاینز گۆب و یوجین ویرس "حەڵەب: بەشداریی مێژوویی و جوگرافی بۆ پێکهاتەو ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و جموجووڵی ئابووریی لە کاروباری بازرگانیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا"، (ڤیسبادن: رایخێرت، 1984). هەروەها بروس ماستەرس "بنەماکانی باڵادەستیی ئابووریی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا: گیانی بازرگانیی (مێرکانتەلی)و ئابووریی ئیسلامی لە حەڵەبدا، ( 1600 ـ 1750"، (نیویۆرك: چاپی زانکۆی نیویۆرك، 1988).

[xli]هێربەرت ل. بۆدمان، "دەستە و تاقمە سیاسییەکان لە حەڵەبدا، 1760 ـ 1826"، (چاپڵ هیڵ: چاپی زانکۆی باکووری کالیفۆرنیا، 1963). مارگرێت ل. مێریوێزەر، "خێزان و کۆمەڵگە لە حەڵەبی سەردەمی عوسمانیدا ( 1770 ــ 1840"، (ئۆستن: چاپی زانکۆی تەکساس، 1999، ل 18 ــ 29.

[xli]مارگرێت ل. مێرویزەر، "پیاوماقووڵانی شار و سەرچاوەکانی گوند لە حەڵەبدا، 1770 ـ 1830"، گۆڤاری لێکۆڵنەوەی تورکی، ژمارە (4)، ساڵی 1987، ل 55 ــ 73.

[xli]بروس ماستەرس، "دەسەڵات و کۆمەڵگە لە حەڵەبدا لە سەدەکانی 18 و 19دا"، لە (پێداچوونەوەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە سەر جیهانی ئیسلام و ناوچەی دەریای ناوەڕاست کراوە، بە تایبەتی حەڵەب و باکووری سوریا، لە 1991 ـ 1994)، ل 155 ــ 156.

[xli]موشێ ماعوز، "ریفۆرمی عوسمانی لە سوریا و فەلەستیندا، 1840 ـ 1861"، (ئۆکسفۆرد: کلارێندۆن پرێس، 1968)، ل 101 ـ 107. هەروەها بروس ماستەرس، "ڕووداوەکانی 1850ساڵی لە حەڵەبدا و ئاوێتە بوونی سوریا لەگەڵ سیستەمی جیهانیی سەرمایەداریدا"، گۆڤاری نێودەوڵەتیی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ( *International Journal of Middle East Studies*) ، ژمارە (22)، ساڵی 1990، ل 3 ـ 20.

[xli]بوتروس ئەبو مەننە، "سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و شێخ ئەبولهودای سەییادی"، گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژمارە (15)، ساڵی 1979، ل 134 ـ 136.

[xli]فیلیپ خوری، "سوریا و ماندێتی فەرەنسا: سیاسەت و ناسیۆنالیزمی عەرەبی، 1920 ــ 1945"، (پرینستۆن: چاپی زانکۆی پرینستۆن، 1987)، ل 17 ـ 18، 102 ــ 155، 127 ـ 128، 512.

[xli]کەیت دێڤید واتەنپاف، "مۆدێرنیتی بۆرجوازی، یادەوەریی مێژوویی و ئیمپریالیزم: پەیدابوونی چینێکی ناوەڕاستی شارستانی لە حەڵەبی کۆتایی سەردەمی عوسمانی و جەنگی چەند لایەنەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، 1908 ــ 1939"، (تێزی دکتۆرا، زانکۆی کالیفۆرنیا، لۆس ئەنجلس، 1999).

